الدار العربية للعلوم ناشرون
Arab Scientific Publishers, Inc.

بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین

نەوشیروان مستەفا ئەمین

کتێبی یەکەم

نەوشیروان مستەفا ئەمین

بە دەم ڕێگاوە
گوڵچنین

نەوشیروان مستەفا ئەمین

بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین

کتێبی یەکەم



الدار العربية للعلوم ناشرون ش.م.ل
Arab Scientific Publishers, Inc. S.A.L

چاپی یەکەم

٢٠١٢ زاینی

ISBN: 978-614-01-0519-5

بە بێ پرسی نوسەر لە چاپدانەوە و کۆپیکردن و لە بەرگرتنەوەی قەدەغەیە

الدار العربية للعلوم ناشرون
Arab Scientific Publishers, Inc.

الدار العربية للعلوم – ناشرون
بناية الريم، شارع ساقية الجنزير، عين التينة، ص ب 5574–13
بيروت–لبنان
تەلەفون: 785107–785108–786233–860138–(9611+)
فاکس: 786230 (9611+)
پۆستی ئەلەکترۆنی: asp@asp.com.lb

نوسەر: نەوشیروان مستەفا ئەمین
دیزاینی هونەری: کاروان مەحمود
بەرگ: علي محمد القهوجي

بەشی یەکەم: گەڕانەوە بۆ دواوە 11-56

بەشی دووەم: چەردەیەک لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا 61-222

بەشی سێیەم: سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی 229-480

رونکردنەوەیەکی پێویست

هەر کەس لە ژیان دا رێگەیەکی گرتوە و، کارێکی کردۆتە پیشەی سەرەکی خۆی، لە پاڵ ئەو کارەدا رەنگە هەندێ کاری لاوەکی تر بکا، یا هەندێ سەرگەرمی تری هەبێ کاتە بۆشەکانی ژیانی تێدا بە سەر بەرێ. یەکێ حەزی لە وەرزشە، یەکێکی تر لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ، یەکێ حەزی لە سواریە و یەکێکی تر لە راو، یەکێ حەزی لە سینەمایە و یەکێکی تر لە کۆڕی شەوان...

بەندە، رێبواری رێگەی کاری سیاسی بوم، بە هەمو لایەنە جیاوازەکانیەوە: کاری رێکخراوەیی، پێشمەرگەیی، میدیایی... رێگایەک کە خۆم هەڵم بژارد، رێگایەک بو دژوار و سەخت، پڕ لە روداوی خۆش و ناخۆش، پڕ لە گلان و سەرکەوتن، رێگای هات و نەهات، چونی هەبو گەڕانەوەی نەبو، بەڵام بە دەم بڕینی ئەو رێگایەوە، ئەوەندەی بوارم بوبێ و، کاری سەرەکی ماوەی دا بم، خەریکی جێبەجێکردنی سەرگەرمیەکانی خۆم بوم، کە بەشێکی گوڵچنین بوە لە گوڵزاری ئەدەبی کوردی.

رەنگە کەسێ کە لە دورەوە من بناسێ بە لایەوە سەیر بێ، من و بابەتی لەم چەشنە "کوجا مەرحەبا؟"، بەو هیوایەی بەم رونکردنەوەیە توانییێتم ئەو "گومان" ە بڕەوێنمەوە، بەڵێ ئەمە: چەپکێکە لەو گوڵچنینە!

بەشی یەکەم: گەڕانەوە بۆ دواوە

- سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی 11
- نیگایەکی تر لە بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور 17
- خوێندنەوەیەکی تری ئاناباسیس 27
- کورد لە "معجم البلدان" ی یاقوتی حەمەوی دا 31
- کورد و جەنگی 20 ساڵەی ڕۆم و عەجەم 47

سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی

ئەو سەرزەمینەی ئێستا ناوی کوردستانە، لایەکی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و لایەکی میزۆپۆتامیا بوە، یەکێکە لە مەڵبەندە هەرە کۆنەکانی ژیان و نیشتەجێ بونی مرۆڤ. بەردەوام شوێنەواری چەرخە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤایەتی تیا ئەدۆزرێتەوە. لە هەر یەکێ لەم چەرخانەدا شارستانێتی گەورەی تیا خولّقاوە. لەوانە شارستانێتیەکانی سۆمەری، بابلی، ئەکەدی، ئاشوری، ئیلامی، حیتی، میدی، ئەشکانی، هەخامەنشی، ساسانی، ئیسلامی. لە ناوچەکەدا، لە ناو جەرگەی ناوچەکەش دا، روداوی گەورەی وەرچەرخێنەری تیا قەوماوە.

کوردستان یەکێکە لە مەڵبەندە کۆنەکانی نیشتەجێ بونی مرۆڤ.

کوردستان چەندین ناوەندی گرنگی شوێنەواری دێرینەی تێدایە کە هەزاران خشتی نوسراوی تێدا دۆزراوەتەوە.

ئەبێ شوێنەوارەکانی کوردستان پاشماوەی کێ بن؟ پاشماوەی گەلانێکن لە ناوچون و کورد هاتۆتە جێگایان یاخود کوردی ئەمڕۆ نەوەی ئەو گەلانەن کە ئەو شارستانێتیانەیان بەرهەم هێناوە؟

ئەگەرچی نەتەوە دەسەلاّتدارەکانی ئێستا خۆیان ئەکەن بە خاوەنی شارستانێتی ناوچەکە:

عەرەب لە عیراق دا خۆیان بە میراتگری سۆمەری و ئەکەدی و بابلی دائەنێن.

فارس لە ئێران دا خۆیان بە میراتگری هەخامەنشی، ئەشکانی و ساسانی دائەنێن.

تورک لە ئەنەدۆڵ دا خۆیان بە میراتگری حیتی و تورکمان دائەنێن.

کورد کە لە ناو جەرگەی ناوچەکەدا ژیاوە، ئەبێ جێگەی لەم شارستانێتیانەدا کوێ بوبێ؟ پشکی لە دروستکردن و شوێنەواری ئەمانەدا چی بوبێ؟ لە دەرەوەیدا بوە یان ئەویش نەوەی ئەم گەلانە و میراتگری ئەو شارستانێتی و فەرهەنگانەیە؟

گەلانی تر دەولّەتیان هەبوە، لە بەر ئەوە توانیویانە مێژوی خۆیان بنوسنەوە.

کورد لە بەر ئەوەی دەولّەتی نەبوە، نەک نەیتوانیوە مێژوی خۆی بنوسێتەوە، بەڵکو مێژوەکەی شێوێنراوە ئەگینا:

کورد و عەرەب کامیان نزیکترن لە شارستانێتی میزۆپۆتامیا؟

کورد و فارس کامیان نزیکترن لە شارستانیتی ساسانی؟

شارستانێتی میزۆپۆتامیا بەرهەمی گەلانی دانیشتوی ناوچەکە بوە، بەر لەوەی شەپۆلی ئاری لە قافقاس و شەپۆلی سامی لە جزیرەی عەرەبیەوە بەرەو ناوچەکە بکشێن، بەرهەم هاتوە. باووباپیری کوردیش، کە بە ناوی جیا جیاوە، یەکێ بوە لە گەلە نیشتەجێکانی ناوچەکە بەشی هەبوە لە بەرهەمهێنانی ئەو شارستانێتیەدا.
مخابنە تا ئێستا شوێنەوارناس و مێژونوس و زمانەوانی کورد، بە شێوەیەکی زانستیی و سیستەماتیک، خەریکی لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان کورد و گەلانی زاگرۆس و گەلانی میزۆپۆتامیا و گەلانی ئێران نەبون، زۆرتر خەریک بون بە دوبارە وتنەوەی تیۆری هەندێ رۆژهەلاتناسی ئەوروپایی سەبارەت بە رێچەلەکی میدیایی کورد و، هاتنی شەپۆل بە دوای شەپۆلی تیرە ئاریەکان، بۆ ناوچەکە.
لە کوردستانی عیراق، لە بەرامبەر سالّی زاینی دا ئێستا بە شانازیەوە سالێک ئەنوسن، لە سالّی هیچ میللەتێکی ئەم دنیایە ناچێ، گوایە ئەوە سالّی کوردیە، لە کاتێک دا ئەگەر یەکێ بە وردی بچێتە بنجوبناوانی مێژوی ئەو سالّە نەک ناهێنێ ئەوە بکرێتە سالّی لە دایکبونی کورد، بگرە ئەبو مێژونوسانی کورد خۆیان نە کردایە بە خاوەنی چونکە ئەوە سالێکە وەکو مێژوی ناوچەکە ئەیگێڕێتەوە، لەو سالّەدا چەند تیرە و هۆزی دڕندە و دواکەوتوی ناوچە شاخاویەکان هێرشیان کردۆتە سەر نەینەوای پایتەختی ئیمپراتۆری ئاشوری و، یەکێ لە پێشکەوتوترین شارستانێتیەکانی ئەو سەردەمەیان بە جۆرێ وێران کردوە کە ئیتر هەڵنەساوەتەوە.
سەیر ئەوەیە کورد خۆی بکا بە خاوەنی کارەساتێکی لەو بابەتە و بیکا بە سالّی لە دایکبونی خۆی کەچی خۆی بە بێگانە بزانێ لە شارستانێتیە گەورەکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێران، خۆی بە بێگانە بزانێ لە شارستانێتی سومەری، بابلی، ئاکەدی و خوری و گوتی و لولوبی... لە کاتێک دا، تەنیا لە کوردستانی عیراق دا، هەزاران خشتی نوسراو دۆزراونەتەوە و، سەدان شوێنەواری گرنگ لە هەولێر و کەرکوک و دهۆک و سلێمانی، لە هەورامان، شمشارە، بێتواتە، دەربەندی گاور، بەمۆ، پەیکولّی، پیرەمەگرون، حەوزی حەمرین، کێلەشین، زاخۆ... دۆزراونەتەوە و هەزارانیش لە ژێر خاک دا ماون هێشتا کنە و پشکنینی زانستیان تێدا نە کراوە، ئەگەر دەسکردی خەلّکی ناوچەکە نەبوبێ، داگیرکەر هەرگیز نەیتوانیوە تاشەبەردی ئەو شاخانە هەلّکۆلّێ، پەیکەری لە سەر بنەخشێنێ و نوسینی لە سەر تۆمار بکا.
(بۆ ئاگاداری زیاتر لە سەر شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستانی عیراق بڕوانە:
مديرية الاثار العامة: المواقع الاثرية في العراق، بغداد 1970.
مديرية الاثار العامة: اطلس المواقع الاثرية في العراق، بغداد 1976.

چاخی ساسانی

پێش هاتنی ئیسلام زۆری سەرزەمینی کوردستان بەشێ بوە لە شاهانشاهێتی ساسانی و، بەشێکی کەمی سەروی رۆژئاوای لە قەلەمڕەوی بیزەنتی دا بوە.
لە ژێر دەسەلاتی ساسانی دا، ئەگەرچی بەلّگەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە، کە کورد یەکەیەکی رەگەزیی یا بەڕێوەبەرێتی کارگێڕی (ساتراپ) ی جیاوازی هەبوبێ، بەلّام پایتەختی دەولّەتەکە لە شوێنانی نزیکی ژیانی ئەم دا بوە و هەندێ لە رێگە و وێستگە سەرەکیەکانی ولّاتەکە لە ناو سەرزەمینی ئەم دا بە جێ ماوە. هەمو نیشانەکان وای پیشان ئەدەن کورد بەشێ بوە لە گەلی ساسانی و، بەشێ بوە لە داوودەزگای حوکمڕانی و، بەشێ بوە لە سپای ساسانی. زمانی پەهلەوی زمانی کاروباری حوکمڕانی و، زمانی سروده دینیەکانی زەردەشتی و، زمانی نوسینی بابەتی ئەدەبی و بازرگانی و قانونی بوە.

بۆ یەکێ بیەوێ لە سەر رووداوەکانی ئەم چاخە و زمانی پەهلەوی و ئەدەبی پەهلەوی و، گۆڕان و پوکانەوەی زمانی پەهلەوی ساسانی، بە تایبەتی لقی خۆر ئاوایی کە کوردیشی گرتۆتەوە ئەتوانێ لەم سەرچاوانەدا بگەڕێ:
محمد تقی بهار: سبک شناسی، تاریخ تطور نثر فارسی، 3 جلد
.....: سبک شناسی، تاریخ تطور شعر فارسی، 3 جلد
دکتر جلیل دوستخواه: اڤیستا کهن ترین سرودها و متنهای ایرانی (جلد اول و جلد دوم)، چاپ پانزدهم، 1389. انتشارات مروارید.

چاخی سەدری ئیسلام

ئیسلام لە زنجیرەیەک شەڕدا کۆتایی بە حوکمی ساسانی هێنا و، تەواوی ناوچەکەی داگیر کرد. داوودەزگای حوکمڕانی ئیسلامی سەرەڕای لایەنی کارگێڕی و سیاسی، رەنگی دینیی بە هەمو دامەزراوەکانی پاشماوەی سەردەمی پێشو و، بە دامەزراوە تازەکانی سەردەمی نوێ بەخشی.
ئیسلام هەروەک کەوتە گرتنەوەی جێگەی دینی رەسمیی جارانی زەردەشتی، زمانی عەرەبی زمانی قورئان، کتێبی پیرۆزی خوایی، کەوتە هەوڵی جێگرتنەوەی زمانی پەهلەوی و سڕینەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو زمانە و، ئەلفبای عەرەبیش کە ئاسانتر بو لە ئەلفبای پەهلەوی جێگەی پێ چۆڵ کرد.
ناوی "کورد" و "الأکراد" وەکو گەلێکی جیاواز لە گەلانی تر، جیاواز لە عەرەب و فارس، لە رووداوەکانی ئەم چاخەدا ئیتر ئەنوسرێ و دوبارە ئەبێتەوە.

چاخی ئەمەوی (661–750 ز)

عەرەب، بەر لە فەتحی ئیسلامی، خاوەنی شارستانی بون، بەڵام شارستانێتی عەرەبی لە دواوەی شارستانێتیەکانی ساسانی، بیزەنتی، قیبتی بو. زەمانێکی ویست تا بتوانێ ئەم شارستانێتیە گەورانە هەڵ لوشێ. بۆیە بە درێژایی ماوەی فتوحات و، تەنانەت دوای جێگیربونی دەسەڵاتی عەرەبی– ئیسلامی، سەردەمی ئەمەوی، کە بە معاویەی کوڕی سوفیان دەس پێ ئەکا (661-680 ز) لە هەمو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا نەیانتوانی، دەس لە بەکارهێنانی زمانەکانی گەلانی ناوچەکە هەڵبگرن:
لە عیراق و ئێران زمانی پەهلەوییان لە دیوانەکانیان دا بە کار هێناوە.
لە شام زمانی یۆنانییان بە کار هێناوە.
لە میسر و سەروی ئەفەریقا زمانی قیبتیان بە کار هێناوە.
بۆ یەکەم جار لە سەردەمی عەبدولمەلیک کوڕی مەروان بڕیاری گۆڕینی زمانی رەسمیی دیوانەکان درا و تەعریب کرا.

تەعریبی زمان

عەبدولمەلیک کوڕی مەروان (65-86 ک) دیوانەکانی تەعریب کرد و، تا ئەوسا بە دینار و درهەمی رۆمی و ئێرانی سەودا و مامەڵە کرا، مەروان ئەمەشی گۆڕی و، ئیتر سکەش بە زمانی عەرەبی لێ درا و، دراو بە زمانی عەرەبی ئایەت و ناوی خەلیفە و شوێنی دارشتنی لێ ئەنوسرا.
ساڵی 81 ک لە شام و ساڵی 82 و 83 ک لە عیراق، حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی (41-95 ک) دیوانەکانی تەعریب کرد.

ساڵی 142 ک لە خوراسان زمانی دیوانەکان تەعریب کرا. پرۆسەی تەعریب لەوێ دواکەوت بو چونکە دورەدەست بو.
هەروەک دیوانەکانیان تەعریب کرد، ئەلفباکەشیان گۆڕی. ئەلفبای پەهلەوی ژمارەکانی زۆرتر و فێربون و نوسینی گرانتر بو، ئەلفبای عەرەبی کە ئاسانتر و حەرفەکانی بە ژمارە کەمتر بو، جێگەی گرتەوە و ئەویان لە بواری بە کار هێنان دا نەما و، لە بیر چوەوە، ئەمیان خرایە بواری بە کارهێنانەوە، ساڵ لە دوای ساڵ زیادتر گەشەی کرد و پێشکەوت. ئیتر زمانی عەرەبی بو بە زمانی رەسمی، زمانی دەسەڵاتی "فاتیح". کارمەندانی دەزگای حوکمڕانی و، خوێندەوار و رۆشنبیرەکان هەوڵیان ئەدا فێری بن و، پێی بنوسن و، بەو هۆیەوە خۆیان لە دەسەڵاتدارانی سەردەم نزیک بخەنەوە.

شعوبیە

فتوحاتی ئیسلامی ناوچەیەکی زۆر فراوانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. نەتەوەی جیاواز و دینی جیاواز و کۆمەڵی جۆراوجۆری کەوتە ژێر دەست.
لە ژێر سایەی خەلافەتی ئەمەوی دا چەند جۆر خەڵک هەبون:
قەبیلەکانی عەرەب، کە موسوڵمان بون و، ئیسلامەتییان بڵاو ئەکردەوە، خۆیان بە خاوەنی دین و دەوڵەت ئەزانی و، گەورە کاربەدەستان لەمان بون.
مەوالی، ئەو رەگەزانە بون عەرەب نەبون، ئیسلامەتیان بە زۆر یان بە خۆشی قبوڵ کرد بو. ئەمانە چ وەکو تاک یان بە کۆمەڵ وەکو عەشیرەت ئەبو وەلائی خۆیان بۆ عەرەب دەربڕن و، ناوی یەکێ لەو قەبیلە یا بنەماڵە عەرەبانەیان هەڵ ئەگرت.
ئەهلی زیمە، پێڕەوانی دینی یەهودی، مەسیحی و هەندێ جار سابیئەی مەندایی و مەجوس. ئەمانە "جزیە" یان لێ ئەسەندن، کە باجی سەر بو، بەرامبەر بەوەی لە دار ئەل ئیسلام دا بە سەلامەتی ئەژین.
ئەگەرچی ئەمەویەکان بە بێ کارمەندانی ئێرانی کاروباری وڵاتەکەیان بۆ بەڕێوە نەچو، بەڵام بە چاوی سوک لە موسوڵمانانی ناعەرەبییان ئەڕوانی و، لە پلەی دوەمی هاوڵاتی دا بون. تەنانەت دوای ئەوەی موسوڵمان بوبون جزیە لە سەر ئەمان نەبو. جزیە تەنیا لەوانە وەرئەگیرا کە لە سەر دینەکانی خۆیان مابونەوە. بەڵام لە سەردەمی ئەمان دا لەگەڵ زیادبونی مەسرەفی خێزان و بنەماڵە و دەربار و داوودەزگای حوکمڕانی ئەمەوی، پێویستیان بە داهاتی زۆرتر بو، لە بەر ئەوە سەرانەیان خستە سەر هەمو مەوالی، کە بریتی بون لە هەمو ئەو قەبیلە و قەومانەی عەرەب نەبون و ئیسلام بوبون. ناکۆکی نێوان هەستی خۆبەزلزانی عەرەب لە لایەک و خوازیارانی یەکسانی موسوڵمان، عەرەب و ناعەرەب لە لایەکی ترەوە کە پشتیان ئەبەست بە " انا خلقناکم شعوبا و قبائل" و "لا فرق بين عربي و عجمي الا بالتقوى" و "ان اکرمکم عندالله اتقاکم." قوڵایی سیاسی، ئابوری و لایەنی ئایدیۆلۆجی گرتەوە و زەمینەی فیکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی چەندین جوڵانەوەی خولقاند، لە بابەتی بزوتنەوەی شعوبیە، کە بزوتنەوەیەکی فکری بو بە بەرگی سیاسیەوە.
هەمو موسوڵمانێ، عەرەب بوبێ یا لە رەگەزێکی ناعەرەب، ئەبو پیرۆزی و گەورەیی زمانی عەرەبی، کە "زمانی قورئان و گفتوگۆی مەلائیکەتەکان و ئەهلی بەهەشتە"، بسەلمێنێ. "انا انزلناکم قرآنا عربیا". هەمو موسوڵمانێ ئەبو شایەتمان، کە یەکەمین مەرجی باوەڕهێنانە و نوێژکردن، کە هەمو رۆژێ پێنج جار دوبارە ئەبێتەوە و هەندێ دوعای زەروری بە زمانی عەرەبی لە بەر بکا و فێربێ.
تەنیا جێگەی کە خەڵک ئەیتوانی تیا بخوێنێ، مزگەوت و مەدرەسە دینیەکان بو، ئەویش بە عەرەبی تیا ئەخوێنرا. هەر بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کەم دا زمانی عەرەبی، کە بو بە زمانی دین و دەسەڵات، بڵاو بوەوە و،

گەشەی کرد، لە سەر زانستەکانی زمان و دین سەدان کتێبی گرنگ نوسران. هەزاران وشەی عەرەبی تێکەڵاوی زمانی رۆژانەی گەلە ناعەرەبەکان بو.
لە چاخی دەوڵەتی ئەمەوی دا هیچ تێکستێکی ئەدەبی کوردی لە بەر دەس دا نیە. فارسیش جگە لە هەندێ بەشی ئاوێستا کە ئەوەی سالانێکی دواتر نوسراونەتەوە، شتێکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە.
ئیبن ئەل موقەففەع (106-142 ک) کە سەرەتا ناوی روزبەی کوڕی دادوێ بو، دوای ئەوەی موسوڵمان بو، ناوی خۆی گۆڕی بۆ عەبدولا. موقەففەع واتە دەست گیڕ، چونکە حەجاج دەستی باوکی شکاند بو. ئیبن ئەل موقەففەع چەندین کتێبی لە زمانی پەهلەویەوە کردوە بە عەرەبی لەوانە: کلیلە و دمنە، تاجنامەی نەوشیروان، ئایین نامە، سوخەنوەری بزورگ (الادب الکبیر)، سوخەنوەری خورد (الادب الصغیر).
لەم سەردەمەدا چەندین کتێب بە عەرەبی نوسراون، باسی شەڕوشۆڕی کورد و ئەمیر و سەرداڕە جەنگیەکانی ئەکا. بەڵام ئاماژەی بۆ ئەدیب و ئەدەبی نوسراوی کوردی، چ شیعر بێ یان پەخشان، تێدا نیە. بەڵام لە ناو ئەو سەدان کتێبەدا کە لەو سەردەمەدا و دواتر بە عەرەبی نوسراون، هەندێکیان کورد نوسیونی، بەڵام بە زمانی عەرەبی. لەوانە:

ابو حنيفة الدينوري (828 - 896 ز/ 288 ک)
ابن قتيبة الدينوري (828 - 889 ز/ 213 - 276 ک)
ابن الاثير الجزري (1160- 1233 ز/ 555 - 630 ک)
ابن الصلاح الشهرزوري (577 - 643 ک)
ابن خلكان (1211- 1282 ز/ 608 - 681 ک)

چاخی عەباسی (750 – 1258 ز)

بە هاتنی مەغۆل و کوشتنی خەلیفە کۆتایی دێ (656 ک/ 1258 ز)
لە سەردەمی عەباسی دا، کە ئیمپراتۆرەکە لە بەر فراوانی لە کەنارەکانی دا هەندێ بنەماڵەی بومی بوژانەوە و دەسەڵاتی خۆجێیی دروستبون. لەم ناوچانەدا زمانی فارسی کەوتە بوژانەوە.
خەلافەتی عەباسی بە جۆرێ فراوان بوبو لە باکوری ئەفەریقاوە تا سنوری چینی گرتبوەوە. خوراسان کە ناوچەیەکی دورەدەستی دەسەڵاتی بەغداد بو لە لایەن خەلیفەکانی عەباسیەوە سپێردرا بو بە بنەماڵەی سامانی.
ئەمارەتی سامانی (279 - 389 ک/ 892 - 999 ز) کە لە خوراسان دا دامەزرا، زیاتر لە سەدەیەک مایەوە. لە سەردەمی ئەم بنەماڵەیەدا ئەدەبی ئێرانی سەرلەنوێ هەستایەوە. لە دەرباری ئەم ئەمیرانەدا ژمارەیەک شاعیر و نوسەر کۆبونەوە سەروەریەکانی رابوردوی ئێرانیان زیندو کردەوە. رودەکی (329 ک/ 941 ز مردوە) کە بە باوکی شیعری فارسی دائەنرێ لێرەوە سەری هەڵدا. کلیلە و دمنەی لە پەهلەویەوە بە شیعری دوبەیتی مەسنەوی وەرگێڕاوە بۆ سەر فارسیی دەری، هەروەها سندبادنامەشی هەر وەرگێڕاوە. جگە لە شیعری ستایشی ئەمیرەکانی سامانی.
لە چاخی ساسانی دا پەهلەوی زمانی ڕەسمی، لە هەمان کات دا، زمانی شیعر و ئەدەب بو. بەڵام لە چاخی سامانی دا زمانی پەهلەوی و ئەلفبای پەهلەوی باوی نەما بو. زمانی "فارسیی دەری" کە زمانی دانیشتوانی ناوچەکە و یەکێ لە لقەکانی زمانی پەهلەوی بو، بە ئەلفبای عەرەبی، بو بە سەرەتای دەس پێ کردنی ئەدەبی فارسی دوای دەسەڵاتی عەرەبی - ئیسلامی لە خوراسان دا و، زۆری نەخایاند سەرانسەری ئێرانی گرتەوە.

بۆ یەکێ بیەوێ لە سەر مێژوی ئەدەبی فارسی ئاگاداری وەربگرێ ئەتوانێ لەم سەرچاوانەدا بگەڕێ:
ادوارد براون، تاریخ ادبیات ایران، ئەم مێژوە چوار (جلد) ە:
جلد اول، از قدیمترین ایام تا عصر فردوسی، ترجمه علی پاشا صالح، انتشارات مروارید.
جلد دوم، از فردوسی تا سعدی، ترجمه و حواشی بقلم فتح الله مجتبائی، انتشارات مروارید.
جلد دوم، از فردوسی تا سعدی، نیمه دوم، ترجمه غلامحسین صدری افشاری، انتشارات مروارید.
ئەم مێژوە چەند جارێ تەرجومە کراوە و چەندین جار چاپ کراوە.

هەروەها

ذبیح الله صفا، تاریخ ادبیات ایران، جلد 1 و 2.

بۆ یەکێ بیەوێ لە سەر مێژوی ئەدەبی عەرەبی ئاگاداری وەربگرێ ئەتوانێ لەم سەرچاوانەدا بگەڕێ:
جرجي زيدان، تاريخ اداب اللغة العربية، اربع مجلدات.
حنا الفاخوري، تاريخ الادب العربي.
حنا الفاخوري. الجامع في تاريخ الادب العربي، الادب القديم. منشورات ذوي القربى.
حنا الفاخوري. الجامع في تاريخ الادب العربي، الادب الحديث. منشورات ذوي القربى.

نیگایەکی تر لە
بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور

لە چەند جێگەی سەختی کوردستانی عیراق لە سەر تاشەبەردی شاخەکانی نیگاری جۆراوجۆر نەخشێنراوە. هەندێ لەمانە کەموزۆر بابەتیان لە سەر نوسراوە. بەڵام تا ئێستا شوێنەوارناسی شارەزای کورد لێکۆڵینەوەی زانستی نەکردوە و، هەلومەرجی نائارامی سەدەی بیستەم زەمینەیەکی لە بار نەبوە بۆ کاری پشکنین و گەڕانی ئارکیۆلۆجی. بۆیە زۆری ئەو بابەتانە ئەوی دیارن و دۆزراونەوە هەندێکیان هێشتا وەکو مەتەڵی هەڵنەهێنراو ماونەتەوە، چ جای ئەوانەی هێشتا لە ژێر گڵ دان، یا بە نەناسراوی فەرامۆش کراون.

لە ناو بەردە نیگارینەکان دا، ئەوەی لێرەدا قسەی لە سەر ئەکرێ نەخشەکەی "دەربەندی گاور" ی ناو شاخەکانی قەرەداخە کە بە ناوی "نارام سین" ەوە ناوی دەرکردوە.

نارام سین نەوەی سەرجۆنی ئاکەدی بوە. لە سەدەی بیست و سێیەمی پێش زاین دا شای وڵاتی ئاکەد بوە. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەم دا لە چەندین ناوچەی وڵاتەکەی دا یاخیبون و هەڵگەڕانەوە و شۆڕش روی داوە. چەند جارێ هێرشی کراوەتە سەر. ئەویش زنجیرەیەک لەشکرکێشی کردوە بۆ سەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا و، باشور و باکوری وڵاتەکەی لەوانە بۆ سەر مەڵبەندی ژیانی گەلی لولوبی. لە شەڕێک دا لە گەڵ گوتیەکان سەری تێ دا چوە (2201 – 2202 پ ز)[1]

نارام سین گۆیا لولوبیەکانی لە شەڕێک دا شکاندوە کە شاکەیان، ساتونی، سەرکردایەتی کردون. سەرکردەکانی بە دیل گرتون و وڵاتەکەی داگیر کردون، بە پێی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسەکان، بۆ یادەوەری پیرۆزیی ئەم رووداوە گەورەیە "کێلی سەرکەوتنی" لە بەرد داتاشیوە و لە پایتەختەکەی دا چەقاندویەتی. لەو کێلەدا خۆی وەکو قارەمانێکی خاوەن زۆر و توانا هەنگاو ئەنێ و لولوبیەکانیش بە شکاوی لە بەر پێی دا کەوتون.

کێلەکە نزیکەی دو مەتر بەرزە. لە بەرد داتاشراوە. نارام سین خۆی کەوایەکی کورتی لە بەردایە، سنگی روتە، تیر و کەوان و تێڵای پێیە. کڵاوێکی لە سەردایە کە دو شاخی پێوەیە، ئەوەش بە پێی لێکدانەوەی شوێنەوارناسەکان نیشانەی "خوایاندن: تألیه" ی نارام سین بوە.

لە هێرشێک دا کە ئیلامیەکان کردویانە بۆ سەر "سیپار" و ئاکەدیەکانیان شکاندوە و شار و ئاواییەکانیان تاڵان کردون، یەکێ لە دەسکەوتەکانی ئەو تاڵانیە ئەم کێلە بوە کە لەگەڵ خۆیان بردویانەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. تیمێکی ئارکیۆلۆجی فەرەنسی بە سەرپەرشتی دومۆرگان ساڵی 1901 لە "سوسە" دۆزیویانەتەوە و بردویانەتەوە بۆ فەرەنسا لە "مۆزەی لوڤەر" دایان ناوە.[2]
(بڕوانە نیگاری ژمارە 1: کێلی سەرکەوتنی نارام سین)

لولوبیەکان کێ بون؟

زنجیرەی چیاکانی زاگرۆس و بنارەکانی و داوێنەکانی چەندین گەل و خێڵی تێدا ژیاوە. یەکێ لەو گەلانە لولوبیەکان بوە. مەڵبەندی ژیانی لولوبیەکان شارەزور بوە. لولوبیەکان هاوزەمانی سومەری و ئاکەدی و بابلیەکان بون. ئەوەی ساغ بۆتەوە لولوبیەکان لە رەگەزی "سامی" نین.
مێژونوس و شوێنەوارناسەکانی عەرەب، بە تایبەتی ئەوانەی عیراق، هەروەها ئەوانەی کە جولەکەن، هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی شارستانێتی میزۆپۆتامیا، بە تایبەتی ئاکەدی و بابلی و ئاشوری، بکەن بە شارستانێتیەکی "سامی". تا ئێستا نەیانتوانیوە رەگەزی سۆمەری بەنەوە سەر گەلانی سامی و نەیانتوانیوە رەگەزی گەلانی زاگرۆس دیاری بکەن. کە باسی گەلانی زاگرۆس ئەگێڕنەوە بە شەڕاوی و دواکەوتوی دور لە شارستانێتی باسیان ئەکەن. زۆر لەو مێژونوسانەش کە باسی لولوبیەکان ئەکەن بە گەلێکی شەڕانی و دواکەوتوی دانەنێن کە سەرومڕ لە کێشە و ناکۆکی دا بون لە گەڵ شارستانێتی میزۆپۆتامیا و، بە یەکێ لە هۆکانی هەرەس و کۆتایی ئەو شارستانێتیەیان دا ئەنێن.
هەواڵی لولوبیەکان، چەند جارێ، لە لاوژە و داستان و بەڵگەکانی ئەو سەردەمەدا هاتوە: لە کێلی سەرکەوتنی نارام سین دا، لە هەندێ لە خشتە نوسراوەکانی شمشارەدا، لە مۆنۆمێنتی ئانو بانینی سەرپولی زەهاودا، لە بەردە نوسراوەکانی بێتواتە و هەڵەدنی دا، هەروەها لە لاوژەی لوگالباندا و مەلی ئانزود و، لە لاوژەی نارام سین دا، ناوی لولوبی باس کراوە.
دانەری "لاوژەی نارام سین" روخساری لولوبیەکانی بە قەلەڕەش و بیچمیانی بە داڵ شوبهاندوە. گوایە شاکەیان و باوکیان ناوی "ئانو بانینی" و شاژنەکەیان و دایکیان ناوی "مالیلی" بوە. حەوت برا سەرکردایەتی لەشکرەکەیان کردون. لە چیاکانەوە هاتونەتە خوارەوە هێرشیان هێناوە. باسی چەند شەڕێ ئەکا کە لولوبیەکان بە جۆرێکی ئەوەندە سەخت لەشکرەکەی نارام سینیان شکاندوە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی لولوبیەکان مرۆڤ نەبن و شەیتان بن. ئەفسەرەکانی راسپاردوە چەند کەسێکیان لێ بە دیل بگرن تاقیکردنەوەیان لە سەر بکەن. بە تیر کەللەسەریان کون بکەن بزانن خوێنیان لێ دێ یا نا. ئەگەر خوێنیان لێ بێ ئەوا دیارە ئەوانیش مرۆڤن و ئەتوانرێ بشکێنرێن و لە ناو ببرێن، ئەگەر خوێنیان لێ نەیەت ئەوا ئەوان دێو و درنج و شەیتانن، چار ناکرێن و ئەبێ لە دەستیان را بکەن. لە بەر ئەوەی کە سەری دیلەکانیان بریندار کردوە و خوێنیان لێ هاتوە بۆیان دەرکەوتوە ئەوانیش وەکو ئەمان مرۆڤی ئاسایین ئەوسا پەلاماریان داون و شکاندویانن.[3]
تا ئێستا، ئەوەندەی بەندە ئاگاداری بێ، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی تێروتەسەل تایبەت بە گەلی لولوبی نەکراوە. زانیاریەکانی هەن کەم و ناتەواون. ئەوانەش کە لە سەریان نوسیون هەمان زانیاریەکانی پێش خۆیان دوبارە کردۆتەوە. رەنگە لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و فیلۆلۆجی لە پاشەرۆژدا بتوانێ هەندێ لایەنی تاریکی مێژوی گەلی لولوبی زاگرۆسی رون بکاتەوە.
لولوبیەکان، یەکێکن لەو گەلانەی نەتەوەی کوردی ئێستایان پێک هێناوە.

ناو، بە تایبەتی ناوی کۆن، بۆ لێکۆڵینەوەی مێژویی گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ساخکردنەوەی و چونە بنجوبناوانی رەنگە هەندێ جار یارمەتیدەر بێ بۆ روناک کردنەوەی هەندێ لایەنی تاریکی قۆناغەکانی رابردو.

ناوچەی قەرەداخ، وەکو زۆر ناوچەی تری کوردستان، کە بە درێژایی زەمان، مەڵبەندی ژیانی مرۆڤ بوە، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە بواری ناوی کۆن دا، ناوی شاخ و لوتکە و بەشەکانی، ناوی کانی و چەم و روبار و کارێز و ئەستێڵ و بیرەکانی، ناوی گوند و زەویەکانی و ئاوایی و کاولەکانی... تۆمارکردن و ساخکردنەوە و لێکدانەوەیان، دۆزینەوەی رەگ و بنجەکانیان بە یارمەتی فەرهەنگی زمانە زیندوەکان و، بە یارمەتی فەرهەنگی زمانە مردوەکان... ئەشێ هەندێ مەتەڵی هەڵنەهێنراو بۆ توێژەرەکان رون بکەنەوە.

زنجیرەی شاخەکانی قەرەداخ کە سەرێکی دەربەندی بازیانە و سەرێکی تری دەربەندی خانە، چەندین دەربەندی تێدایە، لەوانە: دەربەندی باسەڕە، دەربەندی سەگرمە، دەربەندی ئەستێڵ، دەربەندی گۆشان، دەربەندی گاور...

باسەڕە: وەکو (فرهنگ فارسی، دکتر محمد معین) لێکی داوەتەوە، وشەیەکی پەهلەویە واتە: "زەویەک کە بۆ کشتوکاڵ ئامادە کرابێ. کشت زار". جگە لەم دەربەندە گوندێکیش لە بناری کۆسرەت ناوی باسەڕەیە. ئێستا ئەم وشەیە لە زمانی گفتوگۆی جوتیارانی کورد دا لە بیرچۆتەوە و، بە کار ناهێنرێ، بەڵام لەم دو ناوەدا ماوە.

سەگرمە: وەکو (فرهنگ فارسی، دکتر محمد معین) لێکی داوەتەوە، وشەیەکی کۆنە، واتە: "ناوچەوان، تەوێڵ، جەبهە، هەروەها خەتی ناوچەوان". ئێستا ئەو وشەیە لە زمانی گفتوگۆی کوردی دا لە بیر چۆتەوە، بە کار ناهێنرێ. بەڵام لەم ناوەدا ماوە.

گاور: ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ وشەی "گبر" ی زەردەشتی یا هەر مەبەستێکی تر، کورد لە بەکارهێنانی وشەی "گاور" مەبەستی "کافر" بوە، ئێستاش هەروایە. بە زۆری بە شوێنەوارە دێرینەکانی پێش ئیسلام وتراوە: "گاورکرد" واتە دەسکردی کافرەکان. بەم تێگەیشتنە کە زۆرایەتی گەلی کورد موسوڵمان بون تێکدان و خراپکردنی شوێنەوارە کۆنەکانیان بە کارێکی ئاسایی زانیوە.

ئەو دەربەندەی قەرەداخیش ناو نراوە "دەربەندی گاور" چونکە لە سەر روی لایەکی شاخەکەی ناو دەربەندەکە نەخشی کەسێ کێشراوە کە بە پێی تێگەیشتنی دانیشتوانی ناوچەکە کافر بوە. زۆر لەوانەی لەوێوە تێ پەڕیون ئەگەر بۆیان کرابێ زەرەرێکیان پێ گەیاندوە، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە تفەنگ پەیدا بوە. یەکەم کەسی کە بایەخی بە نەخشەکەی دەربەندی گاور دابێ ئەدمۆنس بوە. ئەدمۆنس زانای شوێنەوارناسی نەبوە. ئەدمۆنس لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا بۆ راونانی شێخ مەحمود ئەفسەری سیاسی هێزەکانی بەریتانیا بوە لە ناوچەی سلێمانی و، دواتریش راوێژکاری سیاسی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عیراق بوە. ئەدمۆنس خۆی لە کتێبەکەی دا بە ئینگلیزی: "کورد و تورک و عەرەب" چیرۆکی سەردانی بۆ ئەم نەخشە ئەگێڕێتەوە.

ئاغایەکی جافەرانی سەیرانێکی بۆ ئەدمۆنس ساز کردوە. لە سەر خوانێکی رازاوە میوانداریی ئەو و کۆمەڵێ کەسایەتی ناوچەکەی کردوە. ئەدمۆنس لە پەراوێزی ئەم سەیرانەدا داوای لێ کردون بیبەن بۆ سەیری بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور. لە بەر ئەوەی رێگەی ئۆتۆمۆبیلی نەبوە بە سواری بە ڕی کەوتون و بەشێکی رێگەکەشیان بە پێ بڕیوە تا گەیشتونەتە شوێنی مەبەست. ئەو کاتە هێشتا تفەنگ و چەکی ئاگردار لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا زۆر نەبوە و، هاتوچۆی رێبواریش بە ناو دەربەندەکەدا کەم بوە، لە بەر ئەوە گەیاندنی زەرەری مرۆیی بە نەخشەکانی بەردەکە لە چاو گەیاندنی زەرەری سروشتی دا کەمتر بوە، ئەوسا سیمای کەسەکانی نیگارەکە لە ئێستا زەقتر دیار بوە.

ئەدمونس بەرزیی باڵای قارەمانە راوەستاوەکەی ناو مۆنۆمێنتەکەی بە دە پێ خەملاندوە، هیچ نوسینێکی بە "خەتی مێخی" لە سەر نەدیوە. بە دەستی چەپ کەوانی هەڵگرتوە و دەستی راستی لە سەر شیرێکی شاهانە داناوە. پەنجەکانی موستیلەیان تێدایە و پشتێنێکی لە پشت دایە چوار قەدە. سنگی روتە و کەواکەی تا سەر ئەژنۆیە. زۆر و توانا لە لەش و بازوی دا بینراوە. قاچی چەپی بەرز کردۆتەوە وەکو بە شاخ دا سەر بکەوێ، چەند کەسێ لە بەر پێی دا کەوتون. گەورەیی لەشی کەوتوەکان چواریەکی لەشی قارەمانەکەیە.[4]

پێ ئەچێ ئەدمۆنس وێنەکانی نەخشەکەی دەربەندی گاور، کە بە دەزگای فۆتۆگراف گرتویەتی، و زانیاریەکانی لە سەر شێوەی مۆنۆمێنتەکە، دابێ بە سێر سدنی سمیس، کە ئەودەم دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری عیراق بوە، ئەویش لێی کۆڵیوەتەوە و، بە پێی لێکدانەوەی خۆی هەندێ لە یەکچونی دیوە لە نێوان ئەم نەخشە و ئەو کێلەی نارام سین کە لە سوسە دۆزراوەتەوە و لە مۆزەی لوفر لە فەرەنسا دانراوە. بە بیانوی ئەم لە یەکچونەوە سمیس وای داناوە ئەمیش پەیکەری نارام سینە بە بۆنەی شکاندنی لولوبیەکانەوە لەم دەربەندەدا نەخشاندویەتی. بە دوای ئەودا ئیتر هەرکەس، لە بێگانە و لە کورد، باسی ئەم نیگارەی کردبێ هەمان قسەی دوبارە کردۆتەوە، یەکێ لەوانە خانمێکی ئەڵمانیە، د ئیڤا شترۆمنکر، کە ساڵی 1960 بە ئاگاداری فەرمانگەی شوێنەواری عیراق سەردانی دەربەندی گاوری کردوە و وێنەی بەردەکەی گرتوە و نیگاری کێشاوە. بۆچونەکەی ئەویش نزیکە لە هەمان بۆچونەکەی سمیس بە هەمان بیانوی ئەوەی کە سەروسەکوتی قارەمانی نیگارەکەی دەربەندی گاور و قارەمانەکەی کێلی سەرکەوتنی نارام سین لە یەک ئەچن.[5]

(بڕوانە نیگاری ژمارە 2: مۆنۆمێنتی دەربەندی گاور)

نیگایەکی ورد لە نیگاری گاورەکەی قەرەداخ و بەراوردکردنی لە گەڵ هەندێ نیگاری هاوشێوەی دا سەیرکەر ئەخاتە گومانەوە، گومان لە دروستیی ئەو لێکدانەوەیەی کە نەخشەکەی دەربەندی گاور نەخشی نارام سین بێ، لە بەر ئەوەی:

یەکەم، لە سەر بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور هیچ نوسینێ، بە خەتی مێخی یا بە خەتێکی تر، نیە تا بکرێتە بەڵگەی ئەوەی بێ دودڵی بوترێ ئەم نەخشە هی نارام سینە یا هی کەسایەتیەکی ترە.

دوەم، هاوشێوەی ئەم نەخشە، کە قارەمانێ بە پێوە راوەستاوە و، چەند دیلێ لە بەر پێی دا بە کەساسی کەوتون، چەندین نەخشی تر لە تاشەبەردەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستان دا تاشراون، کە هی نارام سین نین، لەوانە:

نەخشێ لە سەرپولی زەهاوی سەر بە ئوستانی کرماشان، لە کوردستانی ئێران، کە نوسینی لە سەرە و دوای خوێندنەوەی دەرکەوتوە کە نەخشی شای لولوبی "ئانو بانینی" ە. ئەم نەخشە بە پێچەوانەی کێلی سەرکەوتنی نارام سینەوە، ئانو بانینی، شای لولوبی، دوژمنەکانی شکاندوە و لە بەر پێی دا بە کەساسی کەوتون و، پێی لە سەر سنگی یەکێکیان داناوە و، دوانیش بە دەستبەستراوی خۆیان خزاندۆتە پشتی ماخوا نینی و، شەشی تریش بە روتوقوتی لە ژێر پێیەوە ریز کراون. بە خەتی مێخی و بە زمانی ئاکەدی لە تەنیشتیەوە نوسراوە: "ئانو بانینی شای لولوبوم نیگاری خۆی و نیگاری نینی لە کێوی باتیر کێشاوە. ئەو کەسەی ئەم تەختە بسڕێتەوە گرفتاری نەفرینی ئانو، ئانونوم، بەل، بلیت، رامان، ئیشتار، سین و شاماش بێ و وەچەکانی تەفروتونا بن."[6]

(بڕوانە نیگاری ژمارە 3: مۆنۆمێنتی سەرپولی زەهاو)

نەخشێ لە دەربەندی بێلولە (هۆرین و شێخان) لە قەزای دەربەندیخانی پارێزگای سلێمانی، قارەمانەکە کە رەنگە یەکێ بێ لە سەردارەکانی ناوچەکە بە پێوە راوەستاوە دیلێکی لە بەر پێ دایە و دیلێکی تریش دەستی پاڕانەوەی بۆ بەرز کردۆتەوە. ستونێ نوسینی بە "خەتی مێخی" لە سەرە، هێشتا بە تەواوی لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە.[7]
(بڕوانە نیگاری ژمارە 4: مۆنۆمێنتی دەربەندی بێلولە)

جگە لەمانە چەندین نەخشی تر هەن کە هێشتا لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکراوە، یان لێکۆڵینەوەیان هێشتا ناتەواوە، لەوانە:
نەخشێ لە بێتواتەی قەزای رانیەی پارێزگای سلێمانی کە هەندێکی براوەتە بەغداد و هەندێکی براوەتە ئیسرائیل و، هەندێ بەردی نوسراوی بە "خەتی مێخی" و بە "زمانی ئەکەدی" لە نزیکەوە دۆزراوەتەوە. هەندێ لێکۆڵینەوە لە سەر کراوە.[8]
نەخشێ لە دەربەندی رەمکان لە قەزای رانیەی پارێزگای سلێمانی کە هێشتا لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە.
دو نەخش لە شاخی پیرەمەگرون لە قەزای دوکانی پارێزگای سلێمانی کە هێشتا لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکراوە و، بەردێکی نوسراو بە "خەتی مێخی" و بە "زمانی ئەکەدی" لە نزیکیانەوە دۆزراوەتەوە.[9]
(بڕوانە نیگاری ژمارە 5: نەخشی چیای پیرەمەگرون)
نەخشێ لە چیای هەریری قەزای سۆرانی پارێزگای هەولێر کە هێشتا لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە.[10]
(بڕوانە نیگاری ژمارە 6: نەخشی چیای هەریر)
نەخشێ لە دەربەندی باسەڕە، کە ئەویش یەکێکە لە دەربەندەکانی زنجیرەی شاخەکانی قەرەداخ، هێشتا لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە.[11]

سێیەم، نەخشی نارام سین کە لە سوسە دۆزراوەتەوە شاخدارە، ئەوەش کە بە پێی لێکدانەوەی شوێنەوارناسەکان، نیشانەی "خوایاندن" ی نارام سینە، لە کاتێک دا نەخشەکەی سەرپولی زەهاو و نەخشەکەی دەربەندی بێلولە و نەخشەکەی دەربەندی گاور، کلاوی ئاسایی‌یان لە سەردایە و شاخدار نین.

چوارەم، بۆ هەڵکۆڵینی مۆنۆمێنتێکی گەورەی لەو ئەندازەیە لە سەر بەردی رەق و، لە لاپاڵی شاخێکی ناو قوڵایی ناوچەیەکی سەختی شاخاوی، کە نیشانەی سەرکەوتنی داگیرکەری بێگانە بێ بە سەر دانیشتوانی بومیی ناوچەیەک دا، کە بە شەڕانی و شەڕکەر ناسرابن، کارێکە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر وەستا و کرێکار و پاسەوان و، پێویستی بە کەرەستە و دەسکەلا و ئامراز و کەلوپەلی تایبەتی و، پێویستی بە مانەوەی ماوەیەکی درێژی تەواوکردن هەیە، کە ئەگەر خەڵکی ناوچەکە خۆیان ئەو پێویستییانە ئامادە نەکەن، کارێکی سەختە داگیرکەر بتوانێ بە ئاسانی ئەنجامی بدا و بڕوا و بە جێی بهێڵێ و، هەزاران یا سەدان ساڵ بە بەر چاوی خەڵکی ناوچەکەوە بە ساغی بمێنێتەوە.

وشەی نائاشنا

بومیی: محلی، لە زمانی کوردی دا ئەم وشەیە لەم وشە لێکدراوانەدا بە کار ئەهێنرێ: بومەلەرزە، بومەلێڵ، مەرزوبوم،

پەیکەر: تەنێ کە لە بەرد بتاشرێ یا لە قوڕ، تەختە، مەعدەن، یا هەر کەرەستەیەکی تر دروست بکرێ بتوانرێ بە قنجی دابنرێ و هەر چوار لای بۆش بێ. ئەگەر لە بەر رێگریی دینیی نەبێ رەنگە گونجاوترین دەستەواژە بۆ ئەم جۆرە هونەرە وشەی "بت" بێ.

نیگار: نەخشی مرۆڤ یا هەر شتێکی تر کە بە دەست، نەک بە دەزگای فۆتۆگراف، لە سەر بەرد، قوڕ، تەختە، چنراو، یا هەر شتێکی تر کێشرا بێ.

وێنە: بۆ فۆتۆ گراف.

نیگارین: تابلوی نەخشێنراو. نالی ئەڵێ: "دیدەم هەمو شۆراوە بە شۆراوی سوروشکم/ لەم لەوحە نیگارینە نە عەین و نە ئەسەر ما"

کێڵ: بەردێکی ئەستونی بۆ ناسینەوەی جێیەک بە قنجی دانرا بێ، وەکو: کێلە شین، لە نێوان سنوری سیدەکان – شنۆ دا. یا لوتکەی کێوێک کە بە ئەستونی بەرز بوبێتەوە، وەکو: کێلی بابل لە چیای ئاسۆس. کێڵ کێڵ لە چیای کۆڕەک، یا گوندێ بەوەوە ناو نرابێ، وەکو: کێلێ، لە قەڵادزێ. کێلە سپی، لە قەرەداخ. ناو کێلەکان، لە چۆمان.

سەرچاوە

1. ا. م. دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران 1345. ص 104. (به فارسی)

دیاکونوف، ل 108.

طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق، بيروت 2009. ص 401 – 406. (بە عەرەبی)

د فوزي رشيد، نرام سين ملک جهات العالم الاربعة، بغداد 1990. (بە عەرەبی). پێ ئەچێ د فەوزی ئەم کتێبەی بۆ مەبەستی سیاسی نوسی بێ، چیرۆکی بلیمەتی و قارەمانێتی نارام سین بە جۆرێ ئەگێڕێتەوە، کە وەکو یەکێ بێ لە کەسایەتیە هەڵکەوتوەکانی زەمان و زەمینی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس.

2. کێڵی سەرکەوتنی نارام سین

3. طه باقر، مقدمة في ادب العراق القديم، دار الوراق، بيروت 2010. ص 174 – 175. (بە عەرەبی)

4. وەرگێڕانەکەی:

(به عەرەبی)، ادموندز، کرد وترک وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد ، ص 321 – 322.

(به فارسی)، ادموندز، کرد وترک و عرب، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، ص 391 – 392.

5. بۆ نیگاری دەربەندی گاور بڕوانە:

طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة (الرحلة الرابعة. بغداد – كركوک - السليمانية)، بغداد 1966. الشكل 6. (بە عەرەبی)

ايفا شترومنكر، المنحوتة الصخرية (دربندي كاور في قرداخ)، ترجمتها عن الالمانية شاري كاظم السماوي، (گۆڤار) هەزارمێرد، ژمارە 15، سلێمانی، ئازاری 2001. بەشی عەرەبی، ل 22.

لەم ساڵانەی دوایی دا هەندێ لە شوێنەوارناسەکانی کورد کەوتونەتە گومان لەوەی بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور هی نارام سین بێ. بۆ نمونە بڕوانە:

کەمال نوری مەعروف، تیشکێک بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەندی گاور، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 4. سلێمانی، حوزەیرانی 1998. ل 4 – 14.

6. بۆ نیگاری سەرپولی زەهاو بڕوانە:
دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمة کریم کشاورز، ص 103.
طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة (الرحلة السادسة. بغداد - حلبچة)، بغداد 1966. الشکل 5.
(بە عەرەبی)
7. بۆ نیگاری دەربەندی بێلولە بڕوانە:
دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمه کریم کشاورز، ص 116.
طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة (الرحلة السادسة. بغداد - حلبچة)، بغداد 1966. الشکل 6.
کەمال نوری مەعروف، تیشکێک بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکانی دەربەند بێلولە، (گۆڤاری) هەزارمیرد، ژمارە 9، سلێمانی، ئەیلولی 1999. ل 5 – 17.
8. د عبدالهادی الفؤادي، نەخش و نوسینەکانی بێتواتە، (مجلة) سومر، الجزء الاول والثاني– المجلد الرابع والثلاثون، بغداد 1978. بەشی ئینگلیزی، ل 122.
9. زەردەشت، شاخی پیرەمەگرون: شوێنەوارە دێرینەکانی لە پارێزگای سلێمانی، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 1، ئابی 1997. ل 32 – 40.
رافدة عبدالله عبدالصمد و کوزاد محمد احمد، صخرة غریب هەڵەدنی.. حقائق ومعلومات وثائقیة، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 1، سلێمانی، بەشی عەرەبی، ئابی 1997، ل 115 – 123.
کوردستان کەمال، دۆزینەوەی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دیکە لە چیای پیرەمەگرون، (گۆڤاری) هەزار مێرد، ژمارە 10. سلێمانی، کانونی یەکەمی 1999. ل 142 – 148.
کمال رشید رحیم، مشروع استنساخ منحوتتي جبل بیرمکرون المقدس في موقعي (میرقولي) و (ربنه)، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 18، کانونی یەکەمی 2001. بەشی عەرەبی، ل 153 – 163.
کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دوەمی پ. ز . دا، چاپی دوەم، بنکەی ژین، سلێمانی 2008. ل 141 - 187.
"میرقولی" و "رەبەنە" کە ناوی شوێنی دو بەردی نیگارینن لە چیای پیرەمەگرون و، "تابین" کە ناوی گوند و چەم و یەکێ لە تەنگەکانی پیرەمەگرونە، هەندێ شیکردنەوەیان بۆ کراوە، ئەهێنێ قسەی زیاتریان لە سەر بکرێ. بە چاکم زانی لێرەدا، بە پێی ئاگاداری خۆم، بەشداریەک لە رونکردنەوەیان دا بکەم:
میرقولی: بەنـدەی مـیر، کۆیلەی مـیر. قول (قل) وشەیەکی تورکیە بە واتای بەندە یا کۆیلە، لە باتی وشەی (عبد) ی عەرەبی بە کار هاتوە، وەکو "محمدقلی: عبدالمحمد – کۆیلەی محەمەد"، "حسینقلی: عبدالحسین – کۆیلەی حسەین"، "رضاقلی: عبدالرضا – کۆیلەی رەزا"... بڕوانە: دهخدا، لغت نامه.
رەبەنە: رهبنة، رهبان، راهب، وشەیەکی عەرەبیە بۆ کەسێ بە کار هێنراوە کە لە ترسی خوا ژنی نەهێنابێ، دەستی لە دنیا هەڵگرتبێ، بە تەنیا لە کونجی پەرستگایەک دا خەریکی خواپەرستی بوبێ. بڕوانە: المنجد، هەروەها دهخدا، لغت نامه.
لە زمانی ئێستای کوردی دا "رەبەن" بە کەسێ ئەوترێ کە بەلەنگاز و تەنیا و گۆشەگیر بێ، یا سەڵت بێ.
تابین: سەربازێ کە پلەی نەبێ. بڕوانە: دکتر محمد معین، فرهنگ فارسی.
10.بۆ نیگاری چیای هەریر بڕوانە:
طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة (الرحلة الخامسة. بغداد - اربیل)، بغداد 1966. الشکل 4.
(بە عەرەبی)
11.کەمال نوری مەعروف، نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەندی باسەڕە، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 8، سلێمانی، حوزەیرانی 1999. ل 61 – 67.
کمال رشید رحیم، انقاذ منحوتة دربند باسرة، (گۆڤاری) هەزارمێرد، ژمارە 20، حوزەیرانی 2002. بەشی عەرەبی، ل 208 – 213.



نیگاری ژمارە 1: کێڵی سەرکەوتنی نارام سین



نیگاری ژمارە 2: مۆنۆمێنتی دەربەندی گاور



نیگاری ژمارە 3: مۆنۆمێنتی سەرپولی زەهاو



نیگاری ژمارە 4: مۆنۆمێنتی دەربەندی بێلوله



نیگاری ژمارە 5: نەخشی چیای پیرەمەگرون



نیگاری ژمارە 6: نەخشی چیای هەریر

خوێندنەوەیەکی تری ئاناباسیس

شاهانشای ئێران، ئەردەشیر، لە زنجیرەی شاهانی هەخامەنشی، کە چوە سەر تەختی شاهێتی توشی کێشە بو لە گەڵ کورشی برای. کورشی دوەم بۆ ئەوەی شایەتی لە دەس ئەردەشیری برای دەربهێنێ کەوتە کۆکردنەوەی هێز. لە ناو هێزەکەی دا لەشکرێکی یۆنانی بە کرێ گرتوە سیازدەهەزار جەنگاوەر بون. لە شەڕێک دا لە نێوان ئەردەشیر و کورش دا، لە جێگایەک دا بە ناوی "کوناکسا" لە نێوان دیجلە و فورات دا کورش کوژراوە. یۆنانیەکان لە کێشەکەوە گلاون، بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن بڕیار ئەدەن بگەڕێنەوە بۆ یۆنان. جەنەرال و ئەفسەرەکانیان، بۆ دیاریکردنی ڕێگەی گەڕانەوەی هێزەکەیان و هەڵبژاردنی سەرکردەکەیان، لە ناو خۆیان دا کەوتونەتە کۆبونەوە و پرسوڕا.

لە ناو خۆیان دا پێک هاتون زەینەفۆن هەڵبژێرن بە ڕێبەری ڕێپێوانەکەیان و بۆ گەڕانەوەیشیان چەند ڕێیەکیان لە بەر ئەبێ، پاش پرسین و کۆکردنەوەی زانیاری بڕیار ئەدەن لە روباری دیجلە بپەڕنەوە و بە ناوچە شاخاویەکانی کەناری ڕۆژهەڵاتی روباری دیجلەدا بەرەوژور بڕۆن بۆ سەر دەریای ڕەش، کە بە لای ئەوانەوە کورتترین ڕێ بوە. بەڵام پێش ئەوەی بە ڕێ بکەون شارەزاکان هوشیاریان کردونەتەوە کە ئەو ڕێگەیە پڕ مەترسیە، چونکە: دانیشتوانی ئەو ناوچەیە قەومێکن پێیان ئەڵێن کاردوخی، ئەوانە ژێردەستەی شای ئێران نین، هەروەها ملکەچی شای ئەرمەنستان نین. جارێکیان شای ئێران زیادتر لە سەد هەزار جەنگاوەری ناردۆتە سەریان کەسیان لێ نەگەڕاوەتەوە. گەلێکی شەڕاوی و شەڕکەرن. بەڵام سەرەڕای هەمو ئەو مەترسییانە یۆنانیەکان بڕیار ئەدەن بۆ گەڕانەوەیان ئەو ڕێگایە هەڵبژێرن.

لە تاریکی شەودا بە ڕێ ئەکەون بەرەو ناوچە شاخاویەکان بە روناکی ئەگەن، بەڵام دانیشتوانی دێهاتەکان، لە باتی ئەوەی پێشوازییان لێ بکەن، یان بە لەشکرێکی ڕێکوپێک بەرەنگاربیان بکەن، خانوەکانیان بە جێ ئەهێڵن، ژن و منداڵەکانیان هەڵئەگرن و ڕائەکەن بۆ چیاکان. یۆنانیەکان چەندی هاواریان لێ ئەکەن قسەیان لە گەڵ بکەن وەڵامیان نادەنەوە و، هیچ نیشانەیەکی دۆستایەتیان پیشان نادەن. زەینەفۆن و یۆنانیەکان، وەکو خۆی نوسیوێتی، ناچار ئەبن بە "شەڕ و ڕاکردن" بە ناوچەکەدا تێ بپەڕن. حەوت ڕۆژیان پێ چوە تا مەڵبەندی

کاردوخیەکانیان بە جێ هێشتوە و، گەیشتونەتە مەڵبەندی ئەرمەن. گەڕانەوەکەیان ساڵی 399 – 401 پێش زاین بوە.
لە گێڕانەوەکەی زەینەفۆن دا، چوار سەدە پێش زاین، ئەشێ چەند ئەنجامگیریەک دەربارەی بەشێ لە کۆمەڵی ئەوسای کوردستان بکرێ؛

یەکەم، لە روی شێوەی ژیانەوە، کاردوخیەکان خانوی دروستکراو و ماڵیان هەبوە، ماڵەکانیان ئاسنجاوی برۆنز و کوپەی گەورەی تێدا بوە شەراب و خواردەمەنییان تێدا هەڵگرتوە، واتە کۆچەر نەبون و نیشتەجێ بون.
تەنانەت، کاتێ چەند یۆنانیەک ئەکوژرێن و زەینەفۆن لە رێگەی موتەرجیمەوە گفتوگۆ لە گەڵ کاردوخیەکان ئەکا، داوای راگرتنی شەڕ و گێڕانەوەی لاشەی جەنگاوەرە کوژراوەکانیان ئەکا، لە بەرامبەردا کاردوخیەکان داوا ئەکەن خانوەکانیان نەسوتێنن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانە لە ئاوەدانی دا ژیاون و گوندنشین بون.

دوەم، لە روی پەیکەرەی کۆمەڵایەتیەوە، پەیوەندی خزمایەتیان بە هێز بوە و، نەریت و رێسای تایبەتی خۆیان هەبوە بۆ دروستکردنی خێزان. یۆنانیەکان دو کاردوخییان بە دیل گرتوە داوایان لێ کردون رێگەیان پیشان بدەن. داوا لە یەکێکیان ئەکەن رێگەیان پیشان بدا ئامادە نابێ چاوساغیان بکا. ئەویان بە بەرچاوی دوەمەوە ئەکوژن. لەوی تریان ئەپرسن بۆچی ئەم کابرایە رێگەکەی پیشان نەدان، ئەویش ئەڵی کچێکی تازە داوە بە شو ماڵی زاواکەی کەوتۆتە سەر ئەو رێیەی ئەبێ ئێوە لێی تێ بپەڕن، ترساوە لەوەی ئەگەر ئێوە لەوێوە رێنمایی بکا ئەوان شتێکیان لێ بە سەر بێ.

سێیەم، لە روی هونەری جەنگیەوە، کاردوخیەکان لەشکری "نیزامی" یەککرتو و پیشەییان نەبوە. گروپی پچوک بون. پێڕەوی تاکتیکی "لێدە و هەڵێ" یان کردوە. بۆسەیان ناوەتەوە، سودیان لە تۆپۆگرافی ناوچەکە وەرگرتوە. کتوپڕ پەلاماریان داون و خێرا ئاوا بون، لە کشانەوەی یۆنانیەکان دا دوایان کەوتون و دەستیان لێ وەشاندون، لێیان کوشتون و لاشە و کەلوپەلیان پێ بە جێ هێشتون.
چەکی کاردۆخیەکان بریتی بوە لە تیر و کەوان و قۆچەقانی و بەرد، بەم چەکانە شەڕیان کردوە. کەوانەکانیان ئەوەندە گەورە بوە لە کاتی هاویشتنی دا پێی چەپیان لە سەر داناوە و، تیرەکانیان ئەوەندە درێژ و کاریگەر بوە مەتاڵی یۆنانیەکانی سمیوە و لە هەر جەنگاوەرێکی دابێ کوشتویەتی.
بە قۆچەقانیەکانیشیان بەردبارانیان کردون و، لە کاتی تێپەڕین و مۆڵخواردنیان دا لە بەرزایی شاخەکانەوە بەردیان بە سەردا خل کردونەتەوە. بەمەش ئازاری دەرونی و گیانیان داون.
هەر بۆ تۆقاندنی ئەوان، شەوانە لە بەرزایی شاخەکان، لە دەوری ئەو شوێنانەی ئەوانی تێدا ماونەتەوە، ئاگریان کردۆتەوە و بە دەنگی بەرز و ترسێنەر گۆرانی شەڕیان وتوە و هاواریان کردوە.
بە پێی قسەی زەینەفۆن، ئەو حەوت رۆژەی بە مەڵبەندی ژیانی کاردوخیەکان دا رۆیشتون ئەوەندەی هەمو ئەو ماوەیەی لە قەڵەمڕەوی شای ئێران دا بە سەریان بردوە، توشی زەرەر و زیان بون.

چوارەم، لە ڕوی ڕێکخستنی دەوڵەتیەوە، کاردوخیەکان نە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ئێران دا بون و نە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەرمەن دا، خۆیشیان دەوڵەتێکی ناوەندی یا ناوچەییان نەبوە، دەسەڵاتی بە سەر هەمو ناوچەکەیان دا هەبوبێ، لە گەڵ ئەوەش دا پێ ئەچێ دانیشتوانی ناوچەکە بە شێوەیەکی ئاسایی پێکەوە ژیابن. ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەبونی جۆرێکی سەرەتایی لە سیستەمی "میرایەتی: ئەمارەت" کە ناوکەکەی خێزان و چوارچێوەکەی بنەماڵەی گەورە بوە و، لە دوای هاتنی ئیسلامیشەوە، لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و دەوڵەتی عەباسیەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە کوردستان دا چ لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی و چ لە هی ئێرانی دا بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام بوە.

تێوەردان

یەکەم،

ئاناباسیس (Anabasis)، کتێبێکە بە زمانی یۆنانی، زەینەفۆن (Xenophon) نوسیوێتی. باسی گەڕانەوەی دەهەزار جەنگاوەری بەکرێگیراوی یۆنانی ئەکا لە ئێرانەوە بۆ یۆنان. لە نزیک بابلەوە کەوتونەتە ڕێ بۆ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، لەوێوە هەڵکشاون بەرەو ئەرمەنستان ئینجا بۆ سەر دەریای ڕەش، لە دەریای ڕەشەوە بە کەشتی گەیشتونەتەوە یۆنان.

ناوی نوسەر کە "ئێکسەنەفۆن: Xenophon" ە حسەین حوزنی بە "کسەنەفۆن" و حەسەن فەهمی بە "گەزەنەفۆن" ناویان بردوە و لە ناو خەڵکی سادەی کورد دا گۆکردنی ناوەکەی بە "زەینەفۆن" ڕۆیشتوە.

"ئاناباسیس"، بە زمانی یۆنانی واتە "گەڕانەوە" یا "لەشکرکێشی".

بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی کتێبەکە بە ئینگلیزی بڕوانە:

Xenophon, The Persian Expedition, Translated by Rex Warner, Penguin Books, 1972.

بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی کتێبەکە بە عەرەبی بڕوانە:

حملة العشرة الاف – الحملة على فارس، للمؤرخ الاغريقى زينوفون، ترجمها عن الانكليزية يعقوب افرام منصور، موصل 1985.

وەرگێڕ، وەکو خۆی نوسیوێتی، لە دەقەکەی وارنەرەوە تەرجومەی کردوە.

لە وەرگێڕانەکەدا ناوی "Carduchi: کاردوخی" گۆڕیوە بۆ "کورد" و وڵاتی کاردوخیەکان بۆ "کوردستان".

بۆ خوێندنەوەی دەقی تەواوی کتێبەکە بە کوردی بڕوانە:

حسن فهمی جاف، کوردوستان شوێنی گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی لە 401 ی پێش میلاد دا، بەغداد 1961.

وەرگێڕ، وەکو خۆی نوسیوێتی، لە فارسیەوە تەرجومەی کردوە.

لە وەرگێڕانەکە دا ناوی "کاردوخی" گۆڕاوە بۆ "کورد" و "وڵاتی کاردوخیەکان" کراوە بە "کوردستان". وەرگێڕ ئاماژەی بەوە نەداوە ئەم گۆڕینە خۆی کردویەتی یا لە دەقە فارسیەکەدا بەو جۆرە تەرجومە کراوە.

دوەم،
"ئاناباسیس" پێکهاتوە لە چەند کتێبێ، کتێبی چوارەمی تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی رێپێوانی یۆنانیەکان بە ناو مەڵبەندی ژیانی کاردوخیەکان دا، کتێبەکانی تری باسی قۆناغەکانی تری هاتن و مانەوەیان لە ئێران و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەی خۆیان ئەکا، پەیوەندییان لە گەڵ کاردوخیەکان نیە.
بۆ خوێندنەوەی دەقی کوردی ئەو بەشەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، بڕوانە:
حوزنی‌ی موکریانی، شکان، وە گەڕانەوەی کسەنەفۆن لە کوردستانا، کۆواری "دەنگی گێتیی تازە"، خولی یەکەم، بەرگی یەکەم، ژمارە 5، بەغداد، شوباتی 1944. ل 18 - 23.
وەرگێڕ، وەکو خۆی نوسیوێتی، لە "جغرافیای نظامی ایران" لە فارسیەوە تەرجومەی کردوە.
لە وەرگێڕانەکەدا لە باتی ناوی "کاردوخ" ناوی "گردوک" ی بە کار هێناوە. وەرگێڕ ئاماژەی بەوە نەداوە ئەم ناوە خۆی دایڕشتوە یا لە دەقە فارسیەکەدا بەو جۆرە تەرجومە کراوە.

سێیەم،
یەکێ لە شاخە بەرزەکانی کوردستانی عیراق ناوی "کاروخ" ە. کاروخ کەوتۆتە نێوان رانیە و رەواندز و، بەشێکە لە زنجیرەیەکی درێژی چیاکانی کوردستانی عیراق. تا ئێستاش دەیان گوندی ئاوەدان لە دەوری چیای کاروخ دا هەیە. ئەبێ ئەم دو ناوە: "کاردوخ" و "کاروخ" پەیوەندییان لە گەڵ یەک هەبێ. کەچی پێش زەینەفۆن و دوای ئەویش ناوی "کاردوخ" وەکو گەلێکی ناسراو لە بەڵگەکانی ناوچەکەدا نەهاتوە. بەڵام زەینەفۆن لە ئاناباسیس دا کە باسی دانیشتوانی ناوچەکە ئەکا هەمیشە بە کاردوخی ناویان ئەبا، مێژونوسەکان، پێیان وایە، گەلی کاردوخی ئەوسەردەمە باووباپیری بەشێ لە نەتەوەی کوردی ئەم سەردەمەن.

کورد
لە "معجم البلدان" ی یاقوتی حەمەوی دا

یاقوت (574 – 626 ک/ 1178 - 1225 ز)
مطبعة: دار احياء التراث العربي، بيروت – لبنان، 1997.

یاقوت ساڵی 574 ک لە دایک بوە. بە رەگەز رۆمی بوە. بە منالّی بە دیل گیراوە، لە بەغداد فرۆشتویانە. بازرگانێکی حەمایی کڕیوێتی و لە بەغداد خستویەتیە بەر خوێندن بۆ ئەوەی فێری ژمێریاری و نوسین ببێ تا لە کاری بازرگانی دا یارمەتی بدا. کە گەورە بوە خاوەنەکەی خستویەتیە کار، ناردویەتی بۆ چەندین ناوەندی بازرگانی لەوانە عومان، کیش، شام.

ساڵی 596 ک خاوەنەکەی ئازادی کردوە و ئیتر کاری بۆ خۆی کردوە. خەریکی بازرگانی بوە، بە تایبەتی نوسینەوە و کڕین و فرۆشتنی کتێب.
لە دیمەشق لە میانەی گفتوگۆدا هێرشی کردۆتە سەر عەلی. لە سەر ئەوە ترساوە بیکوژن. رایکردوە بۆ حەلّەب، موسڵ، ئەربیل و، لەوێوە بۆ شاری مەرۆ لە خوراسان. ماوەیەک نیشتەجێی نەسا و خواڕەزم بوە.

ساڵی 616 ک لە ترسی هێرشی تەتەر بە فەلاکەت لە خوراسان دەرباز بوە. گەڕاوەتەوە موسڵ. چۆتە سنجار و رۆیشتۆتە حەلّەب.
ساڵی (626 ک/ 1225 ز) لە خانێک دا لە حەلّەب مردوە.
یاقوت لە "معجم" ەکەی دا ناوی هەزاران شار و گوند و نەتەوە و تیرەی ناوچەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و خواروی ئەوروپا ئەبا، لە ناو ئەوانەدا باسی دەیان شار و گوند و قەڵای کوردنشین و خێڵی رەوەندی کوردی کردوە کە لە پانتاییەکی فراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بون.

کورد لە دەڤەری "فارس" دا:

فارس لە سەردەمی نوسینی "معجم" دا بە دەڤەرێکی بەرفراوانی ئێستای ئێران وتراوە. لەو بارەیەوە یاقوت نوسیوێتی:

فارس 408/3:

"... وكورها المشهورة خمس فاوسعها كورة..... وبها خمسة رموم اكبرها رم جيلوية ثم رم احمد بن الليث ثم رم احمد بن الصالح ثم رم شهريار ثم رم احمد بن الحسن فالرم منزل الاكراد ومحلتهم"

پێنج رەم، وەکو یاقوت نوسیوێتی کە هی کورد بون، لە فارس دا هەبوە: رەمی جیلوێیە گەورەترینیان بوە، رەمی ئەحمەدی کوڕی لەیس، رەمی ئەحمەدی سالّح، رەمی شەهریار، رەمی ئەحمەدی کوڕی حەسەن

.....

لە جێیەکی تری هەمان بابەتدا نوسیوێتی:

"وبنواحي فارس من احياء الاكراد مايزيد على خمسمائة الف بيت شعر ينتجعون المراعي في الشتاء والصيف على مذاهب العرب.."

فارس ناوەندەکەی شیرازە. پێکهاتوە لە پێنج کورە:

کورەی ئیستەخر، ئەردەشیر، دارابجرد، سابور، قوبادخورە.

هەر یاقوت خۆی وشەی کورە و هەندێ لە وشەکانی تر رون ئەکاتەوە:

کورە و ئوستان هەردوکیان یەک شت بون،

هەمو دەڤەری فارس یەک ئوستان واتە یەک کورە بوە،

هەر کورەیەک پێکهاتوە لە چەند روستاقێ،

هەر روستاقێ پێکهاتوە لە چەند تەسوجێ،

هەر تەسوجێ پێکهاتوە لە چەند گوندێ.

رەم، لە ناو ئەم دابەشکردنەدا هاوتایەکی نیە بەڵام یاقوت لە لێکدانەوەی وشەی رەم دا نوسیوێتی: لە ناحیەکانی فارس دا "من احياء الاكراد" زیاتر لە پێنجسەد هەزار رەشماڵ، وەکو عەرەب، بە زستان و هاوین گەرمیان و کوێستان ئەکەن.

هەروەها نوسیوێتی:

رم 423/2:

"رم بفتح اوله وتشديد ثانيه وجمعه رموم وتفسير الرموم محال الاكراد ومنازلهم بلغة فارس" واتە مەحاڵی کوردان و ماڵەکانیانە بە زمانی فارسی، ئەویش شوێنە لە فارس، لەوانە:

رەمی حەسەنی کوڕی جیلوێیە پێی ئەوترێ رەمی بازنجان لە شیرازەوە چواردە فرسەخە.

رەمی ئەردام کوڕی جوانا لە شیرازەوە بیستوشەش فرسەخە.

رەمی قاسمی کوڕی شەهریار پێی ئەوترێ کوریان لە شیرازەوە پەنجا فرسەخە.

رەمی حەسەنی کوڕی سالّح پێی ئەوترێ رەمی سوران لە شیرازەوە حەوت فرسەخە.

یاقوت ئەمانەی لە زمانی "ابن الفقيه" وە گێڕاوەتەوە.

لە زمانی "بشاری" ەوە ئەڵێ:

لە فارس رەمی کوردەکانی لێیە، گوند و روباری هەیە، کەوتۆتە ناوەڕاستی چیاکانەوە، رەز و باخ و خورما و میوە و خێراتی هەیە، وتویەتی:

رەمی ئەحمەدی کوڕی سالّح کە پێی ئەوترێ زیزان.

ئەستەخری وتویەتی:
رەمەکانی فارس پێنجە، هەر یەکەیان شار و گوندی هەیە پێکەوە خەراجی هەمو ناحیەکە دابین ئەکرێ لە لایەن سەرۆکێ لە کوردەکان و ئامادەکردنی پیاو بۆ ئێشکگرتن لە گەڵ کاروانچیەکان دا و پاراستنی رێگا و روبەڕووبونەوەی کارەسات ئەگەر روی دا (رەمەکان) وەکو شانشین وان: "لنوائب السلطان اذا عرضت وهي كالممالک".

یەکەم، رەمی جیلۆیە بە رەمی زینجان ناسراوە. ناوی قەبیلەیەکی کوردە. شوێنەکەی لە ناوچەیەکدایە لە دوای ئەسبەهان. لایەکی لە کورەی ئیستەخر ئەگەڕێتەوە و لایەکی لە کورەی ئەڕەجان. سنورێکی لە بەیزا کۆتایی دێ و سنورێکی لە سنوری ئەسبەهان تەواو ئەبێ و سنورێکی لە خوزستان و سنورێکی لە ناوچەی سابور کۆتایی دێ.
هەرچی شار و دێ بکەوێتە ئەم ناوچەیەوە، سەر بەم رەمەیە. هاوسێیە لە گەڵ "عمل" ی ئەسبەهان.

دوەم، رەمی شەهریار ئەویش رەمی بازنجانە ئەویش رەمی کۆمەڵێ لە کوردەکانە "جيل من الاكراد" کە لە بازنجانن گروهی شەهریار "رهط شهريار" لەوانەی بازنجان کەسیان لە ژێر حوکمی "عمل" ی فارس نیە بەڵام لەوێ شوێن و گوندی زۆریان هەیە.

سێیەم، رەمی زیزانی حەسەنی کوڕی سالّح ئەویش لە کورەی سابوردایە. سنورێکی لە ئەردەشیرخورە ئەبڕێتەوە. بە دوای ئەودا سنورێ دێ کورە سابور بە دەورایە، هەرچی شار و گوند "فی اضعافها" هی ئەوە.

چوارەم، رەمی رەیحان هی ئەحمەد کوڕی لەیس، لە کورەی ئەردەشیر خورەدایە، سنورێکی دەریایی بە دوادا دێ و دەوری سێ سنورەکەی تری کورەی ئەردەشیر خورە و هەرچی شارو دێیەکی ئەکەوێتە ناوی.

پێنجەم، رەمی کاریان سنورێکی لە سەیفی بەنی سەفار تەواو ئەبێ و سنورێکی لە رەمی رەیحان و سنورێکی ئەبەسترێ بە سنوری کرمانەوە و لەوێشەوە بۆ ئەردەشیر خورە. هەموی لە ئەردەشیر خورەدایە.

یاقوت لە لێکدانەوەی وشەی "رم" دا ئەڵێ:
"وتفسير الرموم محال الاكراد ومنازلهم بلغة فارس"
"فالرم منزل الاكراد ومحلتهم"
بە قسەی یاقوت رەم وشەیەکی فارسیە بە "منزل و محل" ی کوردەکان ئەوترێ. ئەشێ ئەو وشەیە لەو سەردەمەدا بۆ ئەو مەبەستە بەکار هاتبێ بەڵام ئەشێ وا لێک بدرێتەوە:

یەکەم، لە باتی وشەی عەشیرەت بۆ سەرجەم هۆز و تیرە کۆچەرەکانی کورد بە کار هێنرابێ.
دوەم، بۆ خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو، بە کۆچەر و نیشتەنیەوە، کە یەکێ لە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە حوکمی کردبن.

ئەم وشەیە، ئەگەرچی بۆ مەبەستی تر بە کار ئەهێنرێ، بەڵام تا ئێستا لە زمانی کوردی دا ماوە.
رەم - رەمە: گەل، رەو. رەوە. رەوگ.
رەم رەم: گەل گەل
رەمین: رەوین. رەوینەوە. رەویان.
رەوەند - رەوەندایەتی: کۆچەر - کۆچەرایەتی.

کورد لە دەڤەری "زۆزان" دا

زۆزان کورەیەکی "حسنە" یە لە نێوان چیاکانی ئەرمینیا و ئەخلات و ئازەربیجان و دیاربەکر و موسڵ دا، خەڵکەکەی ئەرمەنن "وفيها طوائف من الاكراد". (635/1) و (157/2) قەڵای زۆری تێدایە.

یاقوت ناوی هەندێ لەو قەڵایانە ئەهێنێ، لەوانە:
ئاتیل 52/1: قەڵایەکە لە ناوچەی زۆزان لە قەڵاکانی کوردانی بوختی. لە ژێر دەستی عیزەدین دایە کە لە جزیرەیە.
باخوخە 253/1: قەڵایەکە لە قەڵەمڕەوی "ئەعمال" ی زۆزان هی فەرمانڕەوا "صاحب" ی موسڵە.
بەرخۆ 297/1: قەڵایەکە لە قەڵاکانی زۆزان هی "صاحب" ی موسڵە.
بەشیر 339/1: قەڵایەکە لە ناوچەی زۆزان لە قەڵاکانی کوردانی بشنۆیە.
جرێقیل 46/2: قەڵایەکە لە ناوچەی زۆزان، کورسی مەملەکەتی بوختیە.
خوشب 261/2: لە قەڵاکانی ناوچەی زۆزانە.
کنکەوەر 155/4: لە قەڵاکانی ناوچەی زۆزانە هی فەرمانڕەوای موسڵە.
نیروە 422/4: لە قەڵاکانی ناوچەی زۆزانە هی فەرمانڕەوای موسڵە.
کەواشی 157/4: قەڵایەکە لە چیاکانی رۆژهەڵاتی موسڵ، تەنیا یەک پیادەڕێی بۆ ئەچێ. کۆن پێی وتراوە "ئەردەمشت".
فەنەک 447/3: قەڵایەکی سەخت و عاسیی کوردانی بشنۆیە نزیک جزیرە، دو فرسەخی لێ دورە نە خەڵکی جزیرە و نە خەڵکی تر دەرەقەتیان نایەن. نزیکەی 300 ماڵە بە دەس ئەو کوردانەوەیە.
جوامێری و دەمارگیری "عصبیەت" یان تێدایە، دالّدەی ئەوانە ئەدەن پەنایان بۆ ئەبەن و رەفتاری باشیان لە گەڵ ئەکەن.
عەقر 338/3: قەڵایەکی سەختە لە چیاکانی موسڵ دا، خەڵکەکەی کوردن و کەوتۆتە رۆژهەڵاتی موسڵەوە، بە عەقری حومەیدیە ئەناسرێ، کۆمەڵێ زانای "نحوي و لغوي و فقيه"....ی لێ هەڵکەوتوە.
یەکێ لەو زانایانە دۆستی یاقوت بوە شیعری بۆ خوێندۆتەوە.
شوش 162/3: قەڵایەکی زۆر گەورەیە لە نزیک عەقری حومەیدیە سەر بە موسڵە.
لە عەقر بەرزتر و گەورەترە، بەڵام ئەوەندەی ئەو گرنگ نیە.
هەناری شوش هی ئەوێیە.
شرملة 137/3: دێیەکە لە رۆژهەڵاتی موسڵ لە ناحیەی قەڵای شوش هەناری شوش لێرەوە دێ.
الغيضة 403/3: شوێنێکە لە رۆژهەڵاتی موسڵ سەر بە عەقرەی حومەیدیە چەند گوندێکی هەیە دڕندە و باڵندە تێ ئەچن. لە دار و قامیش پێنج هەزار دینار زیاتر داهاتی هەیە.
عیمادیە 348/3: قەڵایەکی سەختە، دژوارە، گەورەیە، لە سەروی موسڵ و لە "ئەعمال" ەکانی ئەوە.

عیمادەدینی زەنگی کوڕی ئاق سنقور لە 537 ک دا ئاوەدانی کردۆتەوە. پێش ئەوە قەڵایەکی کورد بوە لە بەر گەورەیی روخاندیان. زەنگی گێڕایەوە بە ناوی خۆیەوە. ناوی پێشوی قەڵاکە "ئاشیب" بو.

هکارية 480/4: شارێک و ناوچەیەک و چەند گوندە لە سەروی موسڵ لە وڵاتی جزیرە ئیبن عومەر. کوردیان تیا نیشتەجێن، پێیان ئەوترێ هەکاریە.

هرور 476/4:

قەڵایەکی سەختە لە سەروی موسڵە و لە قەڵەمڕەو "ئەعمال" ی موسڵە و سەر بە هەکاریە.

جوزة 92/2:

گوندێکە لە چیاکانی هەکاری کوردەکان لە ناوچەکانی موسڵ.

زۆزان 488/2:

زوم 489/2:

زومی، ئەگەڕێتەوە بۆ زومان "وهي طائفة من الاكراد لهم ولاية".

جزيرة ابن عمر 57/2:

شارێکە لە سەروی موسڵ، سێ ڕۆژە ڕێیان بەینە. گەلێ گوندی بە پیت و پڕ خێڕی هەیە.

لە سێ لاوە ئاوی دیجلە دەوری داوە وەکو نیمچە هیلال. لە لایەکەی تری خەندەکیان لێ داوە، ئاشیان لە سەر هەڵبەستوە.

یاقوت باسی زاناکانیان ئەکا بەڵام باسی ڕەگەزی دانیشتوانی ناکا. باسی داگیرکردنی ئەکا لە لایەن عەرەبەوە.

سنجار 78/3:

شارێکە لە جزیرە، سێ ڕۆژە ڕێ لە موسل دورە.

باسی ڕەگەزی دانیشتوانی ناکا.

صبحة 177/3:

قەڵایەکی دیاربەکرە لە بەینی ئامەد و میافارقین دا.

وشەکانی زوم و زۆزان لە چەند جێیەک دا باس ئەکا. ئەم دو وشەیە تا ئێستاش لە زمانی کوردیدا ماون. ئەوساش وەکو ئێستا پەیوەندیان بە ڕەوەندایەتیەوە هەبوە. ئەشێ وەکو یەکەیەکی کارگێڕی بۆ ڕێکخراوەی خێڵەکی سەیری بکرێ، کە ئێستاش لە ناو هەندێ لە خێڵە ڕەوەندەکان دا ماوە، بەمجۆرە:

کۆن: بریتیە لە یەک ڕەشماڵ کە بە جۆرێکی ئاسایی یەک خیزانی تێدایە.

هۆبە: چەند ڕەشماڵێکە پێکەوە بە جۆرێکی ئاسایی هەمویان خزمی یەکن و بە زۆری لە یەک بنەماڵەن. لە کاتی جوڵان دا بەرەو کوێستان پێکەوە ئەجوڵێن و پێکەوە لە هەواریک دا هەڵ ئەدەن.

زۆم: چەند هۆبەیەک هەمویان سەر بە یەک بەرەباب یان تیرەن پێکەوە بەرەو کوێستان ئەجوڵێن و لە هەواریکی فراوانتردا بە پێی لەوەڕگاکان دابەزن و دابەش ئەبن و بار ئەخەن.

بەڵام "زۆزان" لە باتی وشەی "کوێستان" کە هەوارگەی هاوینەی ڕەوەندەکانە بە کار ئەهێنرێ. یاقوت ئەم وشەیەی وەکو ناوی شوێن بۆ هەندێ لە ناوچەکانی نزیکی موسڵ و جەزیرەی بۆتان بە کار هێناوە. کە ئەبێ ئەوسا بەو ناوە ناسرابێ.

کورد لە دەڤەری "ئەربیل"

ئەربیل: 116/1:

یاقوت ئەڵێ ئەگەر وشەکە عەرەبی بێ لە ربل هاتوە کە جۆرێکە لە درەخت...

ئەربیل قەڵایەکی سەخت و شارێکی گەورەیە لە دەشتاییەکی فراوان و سادەدایە. خەندەکێکی قوڵ لایەکی قەڵاکەی لە شارەکە دابڕیوە و شورەی شارەکەش نیوەی دابڕیوە، لە سەرگردێکی بەرزی خاکیە و سەرەکەی فراوانە بازاڕ و ماڵی رەعیەت و مزگەوتێکی تێدایە، لـە قـەڵای حەڵەب ئەچێ، بەڵام فراونتر و بەرزترە، کەوتۆتە نێوان هەردو زابەوە. لە "ئەعمال" ی موسڵە و دو رۆژە رێیان لە بەینایە.

لە بەردەمی ئەم قەڵایەدا، لە سەردەمی ئێمەدا، شارێکی گەورەی پان و دریژە موزەفەرەدینی کوکەبری بیناکانی و شورەکەی و بازاڕ و قەیسەریەکانی ئاوا کردۆتەوە، کردوویەتیە نشینگەی خۆی، هەیبەتی پێداوە، بەرگری مەلیکەکانی کردوە و بە ئازایەتی و پڕئەزمونی بەرەو رویان بۆتەوە، بەوەش دەورەکەی پاراستوە، بێگانە رویان تێکردوە و زۆریان تیا نیشتەجێ بون، تابو بە شارێکی گەورەی ناو شاران.

تەبیعەتی ئەم ئەمیرە جیاواز و ناکۆکە. زوڵم و زۆر و ستەم لە رەعیەت ئەکا، بە زۆر پارەیان لێ ئەسێنێ، کەچی لە گەڵ ئەوەش دا چاکە لە گەڵ هەژاران ئەکا، خێر بە بێگانە ئەکا، پارە ئەنێرێ دیلی دەستی کافرانی پێ ئەکڕێتەوە. شاعیر ئەڵێ: ...

لە گەڵ فراوانی ئەم شارەدا بیناکانی و سروشتەکەی زۆرتر لە گوند ئەچێ تا بە شار.

زۆری خەڵکەکەی کوردن و عەرەباوی بون. هەمو روستاقەکانی و جوتیارەکانی و ئەو شوێنانەی خراوەتە، سەری کوردن. هەندێ قەڵای لە ژێر دەستایە، لە نێوان ئەو و بەغدادا بۆ کاروان حەوت رۆژە رێگایە.

باخی لە دەور نیە و روباری پێدا ناڕوا. زۆری کشتوکاڵەکەی بە ئاوی لە ژێر ئەرز دەرهێنراو ئەدێرێن و خواردنەوەشیان لە بیرە سازگار و شیرینەکانیانە، کە لە شیرینی و سوکی دا فەرقی ئاوی ئەم و دیجلە نیە. لە شاخەکانی نزیکیەوە میوەی بۆ دێنن.

من کە چوم کەسی دانیشمەندم نەدی جگە لە ئیبن ئەل مستەوفی... پەیوەندی لە گەڵ سوڵتان هەیە، وەکو وەزیر ئەژی... چەندین کتێبی نوسیوە هەندێ لە شیعرەکانی خۆی بۆ خوێندمەوە و بە خەتی خۆی چەند پارچەیەکی بۆ نوسیمەوە.

شیعرەکانی ئەنەوشیروانی بەغدادی ناسراو بە شەیتانە کوێری بەغدادی ناوبانگی دەرکردوە. لە هەندێکی دا ستایشی ئەربیل و لە هەندێکی دا سوکایەتییان پێ ئەکا. وشەگەلی بەغدادی و ئەربیلی تێهەڵکێشی هەندێ لە شیعرەکانی کردوە... لە شیعرێکی دا کە بۆ وەرگێڕان ناشێ دژون بە دایک و خوشک و پوری ... خۆی ئەدا.

شەقڵاوە 150/3:

گوندێکی گەورەی جوانە لە بناری چیایەک دایە کە ئەڕوانێ بە سەر ئەربیل دا. رەز و باخی زۆرە. ترێکەی ئەبرێ بۆ ئەربیل بە دریژایی ساڵ بەشیان ئەکا. لە نێوان ئەربیل و شەقڵاوە دا 8 فرسەخە.

بەست 328/1:

دۆڵێکە لە ئەربیل.

خوفتیان 140/2:

دو قەڵای گەورەن لە "ئەعمال" ی ئەربیل.

یەکێکیان لە سەر ڕێی مەراغادایە پێی ئەوترێ خوفتیانی زرزاری، بە سەر شاخێکەوە روبارێکی گەورەی لە بەردەمدایە، هەروەها بازاڕ و دۆڵێکی گەورە.

ئەوی تریان خوفتیانی سورخابی کوڕی بەدرە لە سەر ڕێی شارەزورە لەوی تر گەورەتر و شکۆمەندترە، لە کتێبەکان دا بە خفتیدکان ئەنوسرێ.

شاقرد 115/3:

گوندێکە لە بەینی داقوق و ئەربیل دا قەڵایەکی پچوک "قلیعە" یەکی تێدایە. هەنجیرێکی هەیە لە شوێنی تر نیە.

کورد لە دەڤەری "ئازەربایجان"

ئازەربایجان 109/1:

پێکهاتوە لە تەورێز، خوی، سەلماس، ورمێ، ئەردەبیل و مەرەند. پێشتر مەراغە ناوەندی بوە بەڵام ئێستا تەورێز بۆتە ناوەندی.

لە سەردەمی عومەردا فەتح کراوە.

لە دوای شەڕ لە نێوان مرزبان و حوزەیفەی کوڕی یەمان دا سوڵح کراوە بەرامبەر هەشتسەد هەزار درهەم، بەو مەرجەی کەسیان لێ نەکوژرێ، کەسیان لێ بە دیل نەگیرێ، هیچ ئاتەشگایەکیان نەروخێنرێ، توخنی کوردانی بلاشجان و سەبەلان و ئاوی رودان نەکەون.

شنۆ (اشنه) 164/1:

شارێکە سەر بە ئازەربایجانە.

بەینی شنۆ و ورمێ دو رۆژە رێگایە و بەینی شنۆ و ئەربیل پێنج رۆژە رێگایە.

باخی زۆری هەیە، هەرمێکەی لە هی شوێنەکانی تر باشترە، ئەبرێ بۆ ناوچەکانی دەوروبەری.

چەندین زانای "موحەدیس" لەم شارەدا هەڵکەوتون.

....

یاقوت خۆی لەساڵی 617 ک لە رێگای گەڕانەوەی دا لە تەورێزەوە بە شنۆدا چۆتە ئەربیل.

کورد لە دەڤەری شارەزور

شهرزور 165/3:

شارەزور کەوتۆتە ئیقلیمی چوارەمەوە.

کورەیەکی فراوانە لە "جبال" لە نێوان هەولێر و هەمەدان دا. زۆری کوڕی زۆحاک دروستی کردوە. خەڵکی ئەم ناوچانە هەمو کوردن.

مسعر کوڕی موهەلهەل ئەڵێ:

شارەزور چەندین شار و گوندە. شارێکی گەورەی تێدایە ناوەندێتی. لە سەردەمی ئێمەدا پێی ئەڵێن نیم ئەز رای (نیوەی ڕێ). خەڵکەکەی یاخین لە سوڵتان، ناکۆکی و یاخێتیان کردۆتە پیشە.

شارەکە لە دەشت دایە و، خەڵکەکەی تۆندوتیژن و خاوەن زەبروزەنگن، شوێنەکەیان ئەپارێزن. ئەستوری شورەی شارەکەیان هەشت باڵە. زۆری ئەمیرەکانیان لە خۆیانن. دوپشکی کوشندەی لێیە لە هی نسێبین زیاندارترن.

"مەوالی" عومەری کوڕی عەبدولعەزیزن. کوردەکان هانیان داون بە سەر ئەمیرەکانیان دا زاڵ بن و لە خەلیفەکان هەڵبگەڕێنەوە.

وڵاتەکەیان زستانەهەواری شەست هەزار ماڵە، لە کوردانی جەلالی و باسیان و حەکەمی و سولی و لەوێدا باخی زۆریان هەیە. زۆری خۆراکیان لە دەشتەکەی خۆیان دێ.

چیایەک لەم شارەوە نزیکە بە شەعران ناسراوە و، یەکێکی تر بە زەڵم ناسراوە، گیایەکی لێیە بە کەڵکی دەرمانی جوتبون دێ نازانم لە شوێنی تر هەبێ.

لەوێوە بۆ دەیلەمستان حەوت فرسەخە.

لە شارەزور شارێکی تری لێیە کەمترە یاخیە بە شیز ناسراوە خەڵکەکەی شیعەی "صالحی زەیدی" ین لە سەر دەستی زەیدی کوڕی عەلی موسوڵمان بون. ئەم شارە پەناگای هەمو ترسێنەر و نشینگەی هەمو جەردەیەکە. ساڵی 341 خەڵکی "نیم از رای" چونە سەریان، لە سۆنگەی دەمارگیری دینیەوە بە رواڵەت شەریعەت، کوشتیانن و تاڵانیان کردن و ئاگریان تێ بەردان.

لە نێوان هەردو شارەکەدا شارێکی بچوک هەیە پێی ئەڵێن دوزران لە سەر شیز دروست کراوەتەوە، گۆماوێک لەوێوە ئەڕژێتە دەرەوەی.

بە هۆی پانی و فراوانیەوە ئەسپ بە سەر بەرزایی شورەکەیدا غار ئەدا.

عاسیە بۆ کورد و حاکم و رەعیەت "وهي ممتنعة على الاكراد والولاة والرعية".

زۆر جار سەیری سەرۆکەکەیانم ئەکرد کە پێی ئەڵێن ئەمیر، لە سەر بورجێ دائەنیشت کە لە سەر دەرگایەکی بەرز دروست کرا بو. دانیشتوی سەری ئەیڕوانی بۆ دوری چەند فرسەخ و شیرێکی روتی بە دەستەوە بو هەر کاتێ سەرنجی لە ئەسپێ بدایە لە هەندێ لاوە شیرەکەی رائەوەشان هەڵئەهاتن وڵاخەکانی خەڵکەکە و عامیلەکانی.

مزگەوتێکی تێدایە و شارێکی مەنصورە. ئەڵێن: داود و سلێمان دوعای سەرکەوتنیان بۆ شارەکە و خەڵکەکەی کردوە و هەمیشە پارێزراوە لە وانەی چاویان تێ برێوە.

ئەوترێ تالوت لەوانە و بەوان بەنی ئیسرائیلی سەر خستوە. جالوت لە رۆژهەڵاتەوە دەرهات و داود لە رۆژئاواوە خوا پشتی گرت دژی ئەو.

ئەم شارە دارای کوڕی دارا بینای کردوە، ئەسکەندەریش بۆی نەگیراوە. خەڵکەکەی نەبون بە موسوڵمان تا لێیان نائومێد بون، ژێرکەوتوەکان تا ئێستاش خۆیان بە تالوت ئەزانن و "اعمال" ەکەی بەستراوە بە "خانەقین" و "کرخ جدان" ەوە تایبەتە بە رێی سەونایا. لەوێوە بۆ خانەقین روباری تامەرا لە رێگەدایە. تەراخومە و ئاوڵەی کەمە.

قسەکانی مسعر لێرەدا تەواو ئەبێ.

ئێستا وەکو باس کرا وا نەماوە. ئەمە ئەگێڕنەوە بۆ ئەوەی گۆڕانی زەمان چی بە خەڵک ئەکا و روداوەکان بەڕێوەبردنی روداوەکان ئەگۆڕێ. ئەمڕۆ ئەم وڵاتە بە چاکترین شێوە گوێڕایەڵی موزەفەرەدینی کوکبەری کوڕی عەلی کوچک ساحێبی هەولێرن، بەڵام کوردەکان لە چیاکانی ئەو ناوچانەدا وەکو عادەتی خۆیان، لە ترساندنی رێبوار و سەندنی دارایی و دزی هیچ شتێ لەوەیان ناگێڕێتەوە. سەرزەنشت و کوشتن و بەدیلگرتن، سروشتی کوردن، زانراوە و لە ناوچەوانیان دا دیارە.

لێرەدا لە زمانی قۆشمەیەکەوە ئەگێڕێتەوە قسەکەی خوای بەو جۆرە خوێندەوە: "الأكراد أشد كفرا و نفاقا" پێیان وت ئایەتەکە ئەڵێ: "الأعراب" (توبە:98) کابرا وتی: خوای عەزە وە جەل سەفەری شارەزوری نەکردوە تا سەیری ئەوێ بکا چەند بەڵا لە کون و کەلەبەرەکانی دا شاردراونەوە.

لەم ناوچانە پیاوی گەورە، ئیمام، عالم، ئەعیانی قازی، فوقەها لە ژمارە نایەن.

دیلمستان 369/2:

گوندێکە نزیک شارەزور نۆ فرسەخیان بەینە. لە زەمانی کیسراکان دا ئەگەر بۆ هێرش دەرچون، بنکەیان تێدا داناوە، شتەکانیان لا داناون، بە ناوچەکەدا بە ونی بڵاو بونەتەوە، کە لە هێرشەکایان بونەتەوە چونەتەوە بۆ ئەوێ و، لەوێوە گەڕاونەتەوە نشینگەکەی خۆیان.

شعران 145/3:
... لە "شعر: قژ" ناو نراوە بە هۆی زۆری گژوگیاکانی بە قژی سەر شوبهێنراوە. ئەویش چیایەکە لە موسل، هەروەها وتویانە لە ناوچەکانی "نەواحی" شارەزوردایە. ئیبن ئەل سکیت وتویەتی: لە ناوچەی باجەرمەق ناونراوە چیای قەندیل و بە فارسی چیای شیروەیە، لە ئاوەدانترین چیاکانە، هەمو جۆرە میوەیەکی لێیە، چەدن جۆرە مەلی لێیە، بە زستان و بە هاوین بەفرێکی زۆری لییە. کە لە دەقەوقا دەرئەچی رویەکی دەرئەکەوێ، دوای زابی بچوک دێ، نزیکە لە روستاقی زاب لە شارەزور.
زەڵم 479/2:
.... چیایەکە لە نزیک شارەزور، دانەی زەڵمی لێ ئەڕوێ کە بۆ جوتبون باشە، لە شوێنی تر نیە...

کورد لە دەڤەری "قرمیسین"

قرمیسین 36/4:
قرمیسین تەعریبی کرمان شاهانە.
وڵاتێکی ناسراوە لە بەینی ئەو و هەمەدان دا سی فرسەخە، نزیکی دینەوەرە. لە بەینی هەمەدان و حەلەوان دایە لە سەر جادەی حاجییانە.
"ابن الفقیه" وتویەتی قوبادی کوڕی فەیروز سەیری وڵاتەکەی کرد لە نێوان مەدائین و بەڵخ دا تا پاژنەی هەمەدان شوێنێکی نەدۆزیەوە پاکتر بێ، ئاوەکەی شیرینتر بێ و هەواکەی خۆشتر بێ، لە قرمیسین. قرمیسینی دروستکرد بینایەکیشی بۆ خۆی دروست کرد بە پشتبەستن بە هەزار مێو. قەسری شیرین و ئەو تاقەی لێیە کە نیگاری شەبدێز ئەسپی پەرۆێز و شیرینی کەنیزەکی لە سەرە...
لە قرمیسین ئەو دوکانەی لێیە کە شاکانی زەوی لە سەری کۆبونەتەوە لەوانە فەغفور شای چین و، خاقانی شای تورک و، داهیری شای هیند و، قەیسەری شای رۆم لە لای کیسرا پەرۆێز. دوکانێکە چوارگۆشەی سەد گەزە وەکو ئەو بەردی نەقاریکراو بە ئاسن بزمارکوت کراوە لە نێوان بەردەکان دا دەر ناکەوێ ئەوەی ببینێ گومان ناکا یەکپارچە نەبێ.
لە زمانی شێرەوەیەوە باسی دینەوەرییەک ئەکا نازناوی کەدو بوە، باشترین حافز بوە.
شبداز 122/3:
مەنزڵێ بوە لە نێوان حەلەوان و قرمیسین دا لە بناری شاخی بێستون دا بە ناوی ئەسپەکەی کیسراوە ناو نراوە.
مسعر بن المهلهل وتویەتی نیگاری شەبدێز لە دوری فرسەخێکی شاری قرمیسین دایە. پیاوێک بە سەر ئەسپێکەوەیە لە بەرد، مەتاڵێکی پێیە کون ناکرێ وەکو لە ئاسن بێ، زەردەکەی و بزمارە پیا داکوتراوەکانی کە سەیری ئەکەی وائەزانی ئەجوڵێ.
ئەم نیگارە هی پەرۆێزە بە سواری ئەسپەکەیەوە، نیگارێکی تر لە سەر ئەرز نیە لە شەبدێز بچێ.
لەو تاقەدا کە ئەم نیگارەی تێدایە چەند نیگارێکی تری پیاو و ژن و پیادە و سوارە هەن، لە بەر دەستی دا پیاوێکی لێیە کڵاوێکی لە سەردایە، پشتێنی لە پشت دایە، بێڵێکی بە دەستەوەیە وەکو ئەرز هەڵبکەنێ ئاو لە ژێر هەردو پێیەوە دەرئەچێ.
ئەحمەد بن محەمەد هەمەدانی وتویەتی لە سەیرەکانی قرمیسین کە یەکێکە لە سەیرەکانی دنیا نیگاری شەبدێزە، لە گوندێک دایە پێی ئەڵێن خاتان، نیگارکێشەکەشی قەنتوسی کوڕی سینیمارە و، سینیمار ئەو کەسەیە لە کوفە خەوەرنەقی دروستکردوە. هۆی نیگارەکەی لەم دێیەدا ئەوە بو زیرەکترین چوارپێ و، گەورەترین ئافەرێنراو و،

و دەرکەوتوترین رەوشت و، بەرگەگرترین راکردنی درێژ، کە شای هیند بە دیاری دابوی بە شا پەرۆیز، تا زین و جڵەوی پێوەبوایە، نەی ئەپڕمان و نەی ئەگرمان و میز و تەرسی نەئەکرد. خڕی سمەکەی شەش بست بو. وا رێکەوت شەبدێز کەوتە نکاندن و نکانەکەی زیادی کرد. پەرۆیز بەمەی زانی وتی هەر کەس هەواڵی تۆپینیم بۆ بێنێ ئەیکوژم. کە شەبدێز مرد، مەیتەرەکەی ترسا خاوەنەکەی پرسیاری لێ بکا ناچار بێ پێی بڵێ تۆپیوە، ئەویش بیکوژێ. پەنای برد بۆ بهلبند (مەبەستی باربودە) گۆرانییێژەکەی پەرۆیز، کە لە سەردەمی پێش خۆی و دوای ئەویش، کەس لەو لە ژەنینی عود و گۆرانی دا لەو وریارتر نەبوە. ئەیان وت پەرۆیز سێ تایبەتمەندی هەیە پێش ئەو کەسی کە نەیبوە: ئەسپەکەی شەبدێز، دۆستەکەی شیرین، گۆرانییێژەکەی بهلبند

وتی بزانە شەبدێز تۆپیوە و زانیومە شا چ گەفێکی کردوە لەو کەسەی هەواڵی تۆپینی بداتێ، فێڵێکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەوە و ئەوەت ئەدەمێ، بەڵێنی دایە فێڵێکی بۆ بدۆزێتەوە. کە هاتە لای شا گۆرانیەکی بۆ وت، چیرۆکەکەی تێدا گێڕایەوە، تا شا پێی زانی، وتی ها شەبدێز مردوە؟ وتی شا وا ئەفەرموێ، وتی باشت کرد خۆت و ئەوانی ترت رزگار کرد. داخێکی زۆری بۆ خوارد. فەرمانی دا بە قەنتوسی کوڕی سینیمار نیگارەکەی بکێشێ ئەویش بە جوانترین شێوە نیگاری کرد پەیکەرێکی کرد جیاوازی ناکەی ئەڵێی گیان کراوە بە بەر لەشی دا.

شا هات و دی، کە سەیری کرد دەستی کردە گریان، وتی لە کاریگەری ئەم پەیکەرە لە سەر ئێمە و باسی فەسادی حاڵمان و ئەگەر بە رواڵەت شتێ لە کاروباری دنیا نیشانە بێ بۆ کاروباری ئاخیرەت بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی مردنی لەشمان و داوەشینی جەستەمان و سڕینەوەی روخسارمان و ونبونی شوێنەوارمان.....

قصر شیرین 58/4:

... شیرین ناوی دۆستەکەی کیسرا پەرۆیز بوە. جوانترین خەڵقی خوا بوە. فارس ئەڵێن: کیسرا پەرۆیز سێ شتی هەبوە هیچ شایەک نە پێش ئەو و نە پاش ئەو نەیان بوە: ئەسپەکەی شەبدێز، کەنیزەکەی شیرین، گۆرانبێژ و عودژەنەکەی بلبهند.

قەسری شیرین، شوێنێکە نزیکە لە قرمیسین لە نێوان هەمەدان و حەلەوان دا، لە سەر ڕێی بەغداد بۆ هەمەدان، بینای بڵندی گەورەی تێدایە، چاو ماندو ئەبێ لە تەماشای و بیر تەنگ ئەبێ لە روانینی. هەیوانێکی زۆری بەستراون، خەڵوەتگە، گەنجینە، کۆشک و سەرا، سەیرانگا، هۆڵ و مەیدان و راوگە و ژور بەڵگەی هێز و توانایە.

محەمەد بن ئەحمەد ئەل هەمەدانی وتی هۆی بیناکردنی قەسری شیرین، کە یەکێکە لە عەجایبەکانی دنیا، ئەوەیە، پەرۆیز شا، نشینگەکەی لە قرمیسین بوە فەرمانی داوە باخێکی بۆ دروست بکەن دو فرسەخ بە دو فرسەخ بێ لە هەمو نێچیرێکی تێدا بێ تا هەمویان زاووزێ بکەن. هەزار پیاوی بۆ ئەوە ڕاسپارد هەمو ڕۆژێ یەکی پێنج نان و دو ڕەتڵ گۆشت و شوشەیەک شەرابی بۆ بڕی بونەوە. کارەکە و کۆکردنەوەی نێچیرەکان حەوت ساڵی خایاند تا تەواویان کرد. کە تەواویان کرد چونە لای بلهبندی گۆرانییێژ شا ئاگادار بکا لەوەی ئەو فەرمانی پێ کرد بون ئەوان تەواویان کردوە. گۆرانیەکی دانا ناوی نا باخی نێچیروان شا پێی خۆش بو. فەرمانی دا پارە بە پیشەکارەکان بدەن.

کە مەست بو لە شیرینی پرسی، داوایەکی لێ بکا. وتی ئەمەوێ لەم باخەدا دو جۆگەم لە بەرد بۆ بتاشی شەرابیان پێ دا بڕوا و، لە بەینی دو جۆگەکەدا کۆشکێکم بۆ بکەی لە ولاتەکەت دا وێنەی نەبێ. رازی بو. بەڵام لە بەر مەستی ئاگای لە خۆی نەبو، لە بیری چوەوە. شیرین خۆی نەیوێرا بیری بخاتەوە داوای لە بلهبند کرد بە گۆرانی بیری بخاتەوە بەرامبەر بەوە بەڵێنی دایە هەرچی زەویوزارێکی هەیە لە ئەسفەهان بەوی ببەخشێ. گۆرانیەکەی دانا بەڵێنەکەی شا بە شیرینی دابو بە بیر هێنایەوە. شا وتی ئەوەی لە بیرم چوبو

بیرت خستمەوە. فەرمانی دا دو جۆگاکە دروست بکەن، کۆشکەکەش لە بەینیان دا، بە جوانترین شێوە دروستیان کرد...
مایدشت 202/4:
قەڵایەک و شارێکە لە "نواحی" خانەقین لە عیراق.
دینەوەر 370/2:
شارێکە لە "ئەعمالی جەبەل" نزیک قرمیسین.
لە نێوان دینەوەر و هەمەدان دا بیست و شتێ فرسەخە.
لە دینەورەوە بۆ شارەزور چوار مەرحەلەیە.
دینەوەر بە قەد سێیەکی هەمەدانە، بەروبوم و کشتوکاڵ و ئاوی زۆرە. خەڵکەکەی لە هی هەمەدان بدەترن.
ژمارەیەکی زۆر ئەهلی ئەدەب و حەدیسی تێدا هەڵکەوتوە.
سرماج 42/3:
قەڵایەکی سەختە لە نێوان هەمەدان و خوزستان دا لە "جبال" هی بەدری کوڕی حەسەنەوەی خاوەنی سابور خواستە، لە سەختترین و قایمترینیانە.
سی سەر 105/3:
شارێکە هاوسنوری هەمەدانە. ناو نراوە سی سەر، لە بەر ئەوەی لە نزماییەک دایە لە نێوان سەری سی ئاکام دا، لە نێوان هەمەدان و ئازەربایجان دایە، قەڵاکەی و شارەکەی لە سەردەمی ئەمینی کوڕی رەشیدا دروست کراوە. ئەوەندە کانی و سەرچاوەی لێیە ناژمێردرێن پێی ئەوترا سەدخانیە.
تا ئێستاش سی سەر و دەروبەری لەوڕەگای رانی کوردەکان و هی تری.
.....
خانقین 211/2:
شارێکە لە سەواد، کەوتۆتە سەر رێگەی بەغداد – هەمەدان. لە گەڵ قەسری شیرین 6 فرسەخە و لە گەڵ حەلەوان 6 فرسەخە.
کانی گەورەی نەوتی تێدایە. داهاتی زۆرە.
پردێکی گەورە لە سەر دۆڵەکەیەتی 24 تاقە و هەر تاقێکی 20 گەزە، جادەی خوراسان – بەغدادی لە سەرە.
بهستون 405/1:
گوندێکە لە نێوان هەمەدان و حەلەوان دا 4 مەرحەلە لە هەمەدان و 8 فرسەخ لە قرمیسین دورە.
شاخی بێستون ئەوەندە بەرزە کەس ناگاتە لوتکەکەی. رووکەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە وەکو هەڵکەنرابێ لوسە.
رێگای حاجییان بە بنارەکەی دا ئەڕوا.
نەخشی پەرۆیز و شیرین و ... تێدایە....
حلوان 173/2:
لە دوای سنوری سەوادی عیراق دایە، دوای ئەوە "جبال" ە.
لە دوای شکانی جەلەولا ئیسلام بە "سوڵح" گرتویەتی.
لە دوای کوفە و بەسرە و بەغداد و واسیت و سامەڕا گەورەترین شاری نزیکی عیراقە لە شاخەوە.
بەفری لێ ئەباریٰ. ئاوەکەی گۆگردیە.
هەناریٰکی هەیە لە دنیادا وێنەی نیە و هەنجیرێکی زۆر باشی هەیە لە بەر خۆشی پێی ئەڵێن شاهەنجیر.

چەند گەڕاوی لێیە بۆ تەداوی کەڵکی لێ وەرئەگرن.
جوزکان 91/2:
شاخێکە لە حەلەوان، کوردی لێ نیشتەجێیە.

کورد لە دەڤەری "خوزستان"

لوڕ 184/4:
کورەیەکی فراوانە لە نێوان ئەسفەهان و خوزستان دا. لە "عەمەل" ی خوزستان دائەنرا بەڵام خرایە سەر "جیبال" چونکە لەوێوە نزیک بو.
اللر 177/4:
کۆمەڵێکە لە کوردەکان: "وهو جیل من الاکراد" لە چیاکانی نێوان ئەسبەهان و خوزستان دایە. ئەو ناوچانە بەوە ئەناسرێن ئەوترێ وڵاتی لوڕ، وە پێی ئەوترێ لوڕستان و پێیشی ئەوترێ لوڕ.

ئەنجامگیری

زانیاریەکانی یاقوتی حەمەوی دەربارەی کۆمەڵگای کورد لە کۆتایی سەدەی یانزەهەم و سەرەتای سەدەی دوانزەهەمی زاین دا بە زانیاری دەستی یەکەم دائەنرێن و، ئەشێ ئاگاداریەکانی کە لە معجم البلدان دا تۆماری کردون بە سەرچاوەیەکی گرنگ دابنرێن بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی ئەو سەردەمەی کورد و هەڵهێنجانی هەندێ ئەنجامگیری:

یەکەم: دەربارەی ناوەکانی کورد و کوردستان

1. 1. ناوی کورد

ناوی کورد لە چاخی ئەمەوی و لە چاخی عەباسی دا وەکو کۆمەڵێ خەڵک، کۆمەڵێ تیرە، لە روی رەگەز و زمان و نەریتەوە، جیاواز لە عەرەب و فارس و تورک زۆر جار ناوی لە ناو روداوەکان دا هاتوە، تەنانەت سیاسیەکی گەورەی وەکو نیزامولمولک، کە سەد ساڵ زیاتر پێش لە دایکبونی یاقوت ژیاوە، لە سەردەمی خۆی دا باسی میرەکانی کوردی لە ریزی میری گەلە ناودارەکانی ناوچەکەدا ژماردوە، لە "سیاسەتنامە" کەی دا (کە ساڵی 484 ک نوسراوە) لە باسی دانانی بارمتەدا ئەڵێ: "ئەمیرانی عەرەب و کوردان و دەیلەمان و رۆمیان.... ل138".
هەروەها یاقوت چەندین جار ناوی کوردی لە گەڵ ناوی شار و گوند و قەڵا و لەوەڕگا و ئاواییەکانی ناوچەکەدا باس کردوە بەڵام ئەویش هەرجارەی بە پێی جیاوازی ناوچەکان و عەشیرەتەکان، ناوی بردون، لەوانە:
الاکراد البوختیة 52/1. 46/2: کوردانی بوختی.
الاکراد البشنویة 339/1: کوردانی بشنویە.
کوردانی بلاشجان و سبلان و ئاوی رودان 109/1.
من طوائف الاکراد 284/2: لە تائیفەکانی کورد.
جیل من الاکراد 177/4: کۆمەڵێک لە کوردان.

بەڵام هێشتا ناوێکی تایبەتی و دیاریکراو نەبوە بۆ "تەعریف" ی کورد، بە یەکێ لە زاراوەکانی قەوم، امة، ملة.

1. 2. ناوی کوردستان

لە چەندین جێگای "معجم" هکەی دا ناوی شوێن وەکو نیشتمانی میللەتانی جیاواز ئەبا لەوانە: دیلمستان، سجستان، سیستان، لورستان... کەچی ناوی کوردستان نابا، بەڵکو کە باسی شوێنی ژیان و نیشتەنی کورد ئەکا بە ناوی جیاواز باسی ئەکا، لەوانە:

منزل الاکراد ومحلتهم.... من احیاء الاکراد (407/3)

هەروەها بە زۆزان و هەکاریە و بوختیە ... ناوی ئەبا، بەم پێیە ئەبێ ناوی کوردستان، بۆ شوێنی ژیانی کورد، لەو سەردەمەدا هێشتا وەکو زاراوەیەکی جوگرافی، چ هی مرۆیی– بەشەری، چ هی سروشتی– تەبیعی و، چ هی سیاسی یان کارگێڕی، نەچەسپی بێ و نە بوبێ بە باو.

دوەم: هەبونی کەمینەی دینیی جیاواز

یاقوت هەندێ زانیاری لە سەر هەندێ دین و مەزهب بە دەستەوە ئەدا کە ئەودەم لە کوردستان هەبون، لەوانە:

2. 1. زەردەشتی

ناوی شوێنێکی بردوە نوسیوێتی:

بیت النار 411/1:

گوندێکی گەورەی هەولێرە 8 میل دورە لێی.

هەر بەم بۆنەیەوە یاقوت شیعرێکی نوسیوەتەوە هەولێر تۆمەتبار ئەکا بە "دارالفسق" چونکە "بیت النار" بۆتە دهلیزی هەولێر.

"بیت النار" هاوتای عەرەبی وشەی "ئاتەشگا" ی فارسی و کوردیە کە پەرستگای زەردەشتیەکان بوە. ئێستا لە دەڤەری هەولێر نە شوێنێ بەم ناوەوە ماوە و نە شوێنەواری دیار و ناسراوە.

2. 2. ئیزەدی

ناوی شوێنێکی تری بردوە نوسیوێتی:

داسن 284/2:

شاخێکی گەورەیە لە باکوری موسڵ لە لای رۆژهەڵاتی دیجلە خەڵکێکی زۆری لێیە "من طوائف الاکراد" کە پێیان ئەوترێ: داسنی.

ئێستاش هەمان چیا و ناوچە بە هەمان ناو ماوە پێڕەوانی ئۆلی ئیزەدی لێیە. هەندێ جار بە ئیزەدیەکانیان وتوە داسنی.

2. 3. مەسیحی

ناوی هەندێ شوێنی بردوە کە دێری مەسیحیەکانی لێ بوە. نوسیوێتی:

دیر الجودي 338/2:

جودی ئەو شاخەیە کەشتیەکەی نوحی لە سەر گیرساوەتەوە. دێرەکە لە سەر لوتکەی جودی دروست کراوە. ئەڵێن لە سەردەمی نوح دا دروست کراوە.
دیر الجب 337/2:
دێرێکە لە نێوان هەولێر و موسڵ دا بەناوبانگە ئەوانەی فێ یانە روی تێ ئەکەن زۆریان چاک ئەبنەوە.
دیر الکلب و دیر الکوم 358/2:
لە نزیک باعەزرایە لە موسڵ. ئەوانەی سەگ ئەیان گەزێ و هار ئەبن روی تێ ئەکەن ئەگەر زو بچن چاک ئەبنەوە.
دیر الزعفران 344/2:
لە نزیک جزیرەی ئین عومەر دایە لە ژێر قەڵای ئەردەشت. زەعفەرانی لێ ئەچێنرێ.
دیر الغادر 354/2:
لە نزیکی حەلەوانە لە سەر چیایەکە.
رەنگە هەمان ئەم دێرانە و لە هەمان ناوچەدا نەمابن، بەڵام ئێستاش مەسیحی لە کوردستان ماون.

2. 4. شیعەی زەیدی
ناوی شوێنێکی تری بردوە لە شارەزور نوسیوێتی:
شهرزور 165/3: ... لە شارەزور شارێکی تری لێیە ... بە شیز ناسراوە خەڵکەکەی شیعەی صالحی زەیدی ە لە سەر دەستی زەیدی کوڕی عەلی دا موسوڵمان بون... سالّی 341 خەڵکی نیم ئەز رای، بە روالّەت بە بیانوی شەریعەتەوە بەڵام لە سۆنگەی دەمارگیری دینیەوە، چونە سەریان، کوشتیانن و تالّانیان کردن و ئاگریان تێ بەردان.
ئێستا شیعەی زەیدی لەو ناوچەیەدا نەماوە، بەڵام لەو ناوچەیەدا کاکەیی لێیە، کە نە شیعەی زەیدیە و نە سوننەیە بەڵکو ئاینێکی جیاوازە.

سێیەم: دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کورد
بە پێی زانیاریەکانی ناو معجم ئەشێ کوردانی سەردەمی یاقوت بەمجۆرە پۆلێن بکرێن:

3. 1. دەوارنشین،
ئەوانە بون کە کۆچەر بون. ئاژەڵداریان کردوە. بە دوای لەوەڕدا گەرمیان و کوێستانیان کردوە. گۆشت و سپیایی و خوریان بەرهەم هێناوە لە بەرامبەردا پێویستیەکانی ژیانیان لە شارەکان کڕیوە.
پێ ئەچێ لەو سەردەمەدا زۆری کورد دەوارنشین بوبن، بۆ نمونە لە دەڤەری فارس باسی پەنجا هەزار خێزان و لە دەڤەری شارەزور باسی چل هەزار خێزان ئەکا، ئەمە سەرەڕای ناوچەکانی تر.
خێڵی کوردی، رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابوری، جەنگی بوە.
سەرۆکی گشتی هەبوە، لە خوار ئەویشەوە سەرۆکی تیرە و هۆز و بەرەباب هەبوە.
سەرزەمینێکی دیاریکراوی هەبوە، کە جوڵەی هاوینە و زستانەی بە دوای لەوەڕ و هەواردا لە گەرمیان و کوێستان کردوە.

ئابوری تایبەتی خۆی هەبوە کە لە سەر بناغەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی بەرهەمەکەی دامەزراوە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی دیاریکراو بوە. بەرامبەر بە فرۆشتنی بەروبومی ئاژەڵداری کڕینی پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان وەکو جلوبەرگ و ئاسنجاو.
هێزی مرۆیی خۆی هەبوە بۆ پاراستنی سەروسامانی خۆی لە دەستدرێژی خێڵەکانی دراوسێی و هێزەکانی حکومەتی ناوەندی یا خۆجێیی و، بۆ پەلامارادانی لەوەڕگا و خێڵەکانی دراوسێی.
پێویستی بە شار و ئاوەدانی جێگیر نەبوە، بەڵکو بە ڕێگری داناوە لە سەرڕێی کۆچوڕەوی دا.
خێڵی کوردی قازانجی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی بەهێزدا نەبوە.
هەندێ لێکۆڵەری مێژویی هەمو ئەو کۆچەرانەی لەو سەردەمەدا بە کورد ناوبراون، بە کورد نازانن، بەڵکو ناوبردنیان بە کورد ئەگێرنەوە بۆ هۆکاری تر. بۆ نمونە: برتولد اشپولر (ترجمه جواد فلاطوری): تاریخ ایران در قرون نخستین اسلامی، جلد اول، ص 438-439. نوسیوێتی: "لە بەر ئەوەی چادرنشین بون و زمانەکەیان لە گەڵ دانیشتوانی دەوروبەریان جیاواز بوە بە کوردیان ژماردون."

3. 2. قەڵانشین،
ئەوانە بون کە جەنگاوەر بون. کارمەندی دەزگای حوکمڕانی ئاسایشی ناوچەکە بون بۆ پاراستنی لە باندەکانی جەردە و ڕێگر و لە هێرشی دوژمن. هەروەها بۆ پاراستنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای وڵات و کۆکردنەوەی باج و سەرانەی جیاواز، موچەیان لە حاکم وەرگرتوە یان خۆیان بە زۆر لە خەڵکیان کۆ کردۆتەوە.

3. 3. گوندنشین،
ئەوانە بون کە لە دێهات دا نیشتەجێ بون. کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەیان کردوە. خۆراکی خۆیان و دانیشتوانی وڵاتیان بەرهەم هێناوە.
گوندی کوردی بە زۆری لە نزیک سەرچاوەی ئاو، بە تایبەتی کانی و کارێز، ئاوا کراوەتەوە. زۆرتر بەرهەمی کشتوکاڵی هەبوە، کەمتر بەرهەمی ئاژەڵداری.
گوند، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، ئابوری، تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ، بچوک و دابڕاو بوە لە دەوروبەری. بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیان و پەیوەندی لە گەڵ دەرەوە کوێخایان لە خۆیان هەبوە. ئابوری گوند داخراو بوە، تا ڕادەیەکی زۆر "ئیکتیفای زاتی" هەبوە. لە ناوخۆی دا ژنوژنخوازی کردوە. کەمتر پێویستی بە تێکەڵاوی هەبوە لە گەڵ دراوسێکانی. سەودای بازرگانی کەم بوە، بەروبومی کشتوکاڵی فرۆشتوە لە بەرامبەردا پێویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان بە تایبەتی ئاسنجاو و جلوبەرگی کڕیوە.
گوند پێی خۆش نەبوە هیچ لایەنێکی دەرەکی دەس وەر بداتە کاروباری ناوخۆیەوە، لە لایەکی ترەوە پێویستی بە دۆخی هێمن و ئارامی هەبوە، خۆیشی هێزی مرۆیی کەم بوە، نەیتوانیوە خۆی بپارێزی. زۆر جار بون بە ژێر دەستوپێی لەشکری هاتو، خێڵە ڕەوەندەکانەوە، توانای پێشکەوتن لە گوندا کەم بوە.

3.4. شارنشین،
ئەوانە بون کە پیشەی جۆراوجۆریان هەبوە. لە بازاڕەکانی شارەکانیان دا خۆراکیان لە دێهاتیەکان کڕیوە و بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ فرۆشتونەتەوە.

چەند تێبینیەک سەرنج رائەکێشن:

یەکەم، ژمارەی شار و گوندەکانی کوردستان لە چاو ئەو پانتاییەدا کە باسی کوردی تێدا ئەکرێ کەم بوە. یاقوت لە سەفەرەکانی دا چەند جارێ بە ناو کوردستان دا تێپەڕیوە بەڵام زۆر بە دەگمەن باسی ئاواییەکانی ئەکا لە کاتێک دا بە وردی ناوی زۆر لە گوند و ئاواییەکانی شوێنەکانی تر باس ئەکا.

دوەم، خێڵ و قەڵا و گوند و شارە کورد نشینەکان هەموی پێکەوە یان زۆری پێکەوە لە یەکەیەکی کارگێڕی یەکگرتودا نەبون و سەر بە یەک حاکم نەبون، بەڵکو پەرت و بڵاو بوە و هەر خێڵە و هەر بەشەی سەر بە حاکمێ بوە.

سێیەم، باسی هەندێ شاری کوردنشین ئەکا کە ئێستا نەماون و، باسی هەندێ شاری تر ئەکا کە وەکو ئەو ئەڵێ ئەرمەنی نشین بون، یاخود هیچ ئاماژەیەک بۆ هەبونی کورد ناکا لە ناو ئەو شارانەدا، کەچی ئێستا کوردنشینن.
بۆ نمونە ئێستا شارێ نەماوە بە ناوی شارەزورەوە، کەچی شارەکانی ئامەد و میافارقین و ئەرجیش، ئەرزنجان، کە ئەو بە کورد ناوی نەبردون ئێستا کەوتونەتە ناو جەرگەی کوردستانەوە.

چوارەم، ئەو شوێنانەی یاقوت باسیان ئەکا ئێستا هەر بەشەیان کەوتونەتە ناو یەکێ لە دەوڵەتانی ناوچەکەوە، گۆڕانی دیمۆگرافیی بنەڕەتیان بە سەردا هاتوە. ئەگەر ئەو زەمانە هەندێکیان مەڵبەندی ژیانی کورد بوبن ئێستا کوردیان تێدا نەماوە، یان ئەگەر تێکەڵاو بوبن لە کورد و رەگەزی تر ئێستا بونەتە کوردی و رەگەزی تری تێدا نەماوە.

شار بۆ ئەوەی ئاوا بکرێتەوە و گەورە ببێ، ئەبێ "مەڵامەت" ێکی هەبێ بۆ ئاوابونەوە و، درێژەپێدانی ژیانی بەردەوام تێیدا و پەرەسەندنی. ئەو مەڵامەتە هەرچی بێ، ئابوری، بازرگانی، دەریایی بێ، سەرەڕێیی هاتوچۆی کاروان بێ، ناوەندی جەنگی بێ، یا فەرهەنگی، یا هەر مەڵامەتێکی گرنگی تر کە بونی پێویست بکا.
ئەوسا شار پێویستی بە رێکخستنی پێشکەوتوتر ئەبێ لە هی گوند و قەڵا و خێڵ.
شار پێویستی ئەبێ بە هەبونی پیشەی جۆراوجۆر، پێویستی ئەبێ بە بازاڕ و بازرگانی، پێویستی ئەبێ بە تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕی بەرهەم و شارەزایی لە گەڵ دەرودراوسێ. شار پێویستی بە کەسێک ئەبێ گەورەی بێ، ئەویش پێویستی ئەبێ بە: داوودەزگای ئەمنی بۆ پاراستنی ئاسایشی شار، داوودەزگای سەربازی بۆ پاراستنی لە هێرشی بێگانە، داوودەزگای کارگێڕی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانەی خەڵک، داوودەزگای داوەری بۆ بەلاداخستنی کێشە و ناکۆکی ناو خەڵک، داوودەزگای دارایی بۆ کۆکردنەوەی باج و داهاتی ناوچەکە و، ژیاندنی فەرمانبەرانی داوودەزگاکانی.. بەمجۆرە، شار توانیوێتێ ببێتە ناوەندی دروستکردنی دەوڵەت و نەتەوە.
لە کوردستانی سەردەمی یاقوت دا شاری وەها لە کوردستان دا نەبوە.

کورد و
جەنگی 20 ساڵەی ڕۆم و عەجەم
(1533 – 1554 ز/ 940 – 962 ک)

پێکهاتنی ئاماسیە

جەنگی چاڵدێران (ئابی 1514 ز/ 920 ک) بە شکستی شا ئیسماعیلی سەفەوی (907 – 930 ک) و سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی تەواو بو. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر قزلباش و سەرکردە ناودارەکانیان کوژران و هەندێکیان بە دیل گیران لەوانە هاوسەرێکی شا. شاری تەورێزی پایتەختی ئێران گیرا. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا بەشی هەرە زۆری کوردستان و عێراقی عەرەبی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە جەنگیە گرنگە نەی توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی سەفەوی – شیعە بهێنێ، بەڵکو بو بە سەرەتای زۆرانبازیەکی خوێناوی لە نێوان ئەم دو دەوڵەتەدا کە چەند قەڕنی خایاند.

سوڵتان سەلیم بە هۆی پشێوی ناوخۆی لەشکرەکەیەوە پاش 8 ڕۆژ ناچار بو تەورێزی بەجێ هێشت و کەوتە گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ ئاماسیە. شائیسماعیل دوای تێشکانی چاڵدێران کشابوەوە دەرگەزێن. سەرلەنوێ هاتەوە پایتەختەکەی خۆی، تەورێز. لەوێوە دەستەیەکی بە نوێنەرایەتی خۆی بە دیاری و پێشکەشی زۆر و ناوازەوە ڕەوانەی لای سوڵتان سەلیم کرد بۆ وتووێژ و ڕزگارکردنی هاوسەرەکەی. ئێلچیەکانی شا 4 کەسی ناودار بون: سەید عەبدولوەهاب، قازی ئیسحاق کە بە قازی پاشا ناسراو بو، مەلاشوکروڵڵای موغانی، حەمزە خەلیفە کە لە مریدەکانی شێخ حەیدەر و جێنشینی ئەو بو. سوڵتان گوێی نەدایە تکای ئێلچیەکان بەڵکو عەبدولوهاب و ئیسحاقی لە قەڵای نوێی بۆسفۆر (بوغاز قرا دنکیز) و مەلا و حەمزە خەلیفەی لە (دیمقوقە) زیندانی کرد و، بۆ شکاندنی شەرەفی شا ئیسماعیل، لە باتی ئەوەی هاوسەرەکەی ئازاد بکا لە تاجیزادە جەعفەر چەلەبی مارە کرد. (هامر:850)

سوڵتان سەلیم ئامادە نەبو بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن لە گەڵ شا ئیسماعیل. لەو نامەیەش دا کە سەلیم لە ناوەڕاستی شەشەکانی 921 دا بۆ حەکیم ئیدریسی بدلیسی نوسیوە ئەڵێ:

"وا ئیستەش کوڕی ئەردەویلی: ئیسماعیلی گومڕا. حسێن بەگ و بارام بەگ ناوی ناردۆتە خزمەت بەختیاری مان. بە زمان و نوسینی هەمە جۆرە بەندەیی خۆی دەنوێنێ و دەپاڕێتەوە و بەزمان لوسی و ڕۆن تێ دان دەیەوێ دەگەڵی ئاشت بم و گوتویە: هەرچی من بمەوێ و ئارەزو بکەم بە بێ خۆگرتن دەیکا. بەڵام بەڵێن و دڵسۆزی جێگەی بڕوا نیە، لەبەرئەوە هەردو ڕاسپاردەم گرتن و خستمنە قەڵای دیمقوقە و پیاوەکانیشیانم هاویشتنە قەڵای کەلید ئەلبەحر. لەسەر تۆش پێویستە دەربارەی ناوبراوی بارکەوتو زۆر باش بیر بکەیەوە و هەر ئێستا بیری لێ بکەوە. بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی پایەدار و لە گەشەمان تێکۆشەر بە" (شەرەفنامە: 654 – 655)

دوژمنایەتی لە نێوان هەردو دەوڵەت دا چەسپی. هەردو لا دەستیان وەرئەدایە کاروباری یەکتریەوە. گورجستان و ئەرمەنستان و کوردستان و عەرەبستان بون بە مەیدانی شەڕ و پێکادانی خوێناوی. هەردولا بە هەمو ڕێگەیەک هەوڵیان ئەدا بۆ دەستگرتن بە سەر ئەم ناوچانەدا کە کەوتبونە نێوان هەردو دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانیەوە.

سیاسەتی شا ئیسماعیل بەرامبەر کورد، بوبو بە هۆی ڕەنجاندنی کورد و، نزیککەوتنەوەی کورد لە عوسمانی. لە دوای جەنگی چالدێران سوڵتان سەلیم پاککردنەوەی کوردستانی لە دەسەڵات و لایەنگرانی سەفەوی و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی سپارد بە حەکیم ئیدریسی بەلیسی کە سیاسیەکی کوردی بلیمەت بو. سوڵتان خۆیشی کەوتە سازدانی لەشکر بۆ داگیرکردنی سوریا و میسر و حیجاز.

تا دەوڵەتی سەفەوی دروست نەبو بو، دەوڵەتی ئاق قوینلو لە کوردستان و ئازەربایجان دا حوکمڕان بو. ئەوانە هەڕەشەیەکی کاریگەریان بۆ سەر عوسمانی دروست نەکرد بو. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی جیهاد و بڵاوکردنەوەی ئیسلامەوە خەریکی پەل هاویشتن بو لە ئەوروپا و، لە دوای فەتحی قوستەنتینە (1453 ز/ 857 ک) بو بوە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر هەمو گەلانی ئەوروپا و بۆ سەر دینی مەسیحی. ئەوروپا بە خۆشحاڵیەوە هەواڵی دروست بونی دەوڵەتی ئێران و تێزبونی ناکۆکی مەزهەبیی شیعی – سونیی لە نێوان سەفەوی و عوسمانی دا وەرگرت. هەوڵیان دا ئەم ڕوداوە نوێیە بۆ قازانجی خۆیان بەکاربهێنن. هەروەکو پێشتریش شا مەسیحیەکانی ئەوروپا لە گەڵ ئوزون حەسەنی ئاق قوینلو هەوڵیان دا بو.

دەوڵەتی تازە دامەزراوی شیعەی سەفەویش لەهەردو لایەوە هەستی بە مەترسیەکی گەورە ئەکرد؛ لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە هەمیشە لەبەر مەترسی هێرشی ئوزبەگی سوننە و، لە لای ڕۆژئاوایەوە لەبەر مەترسی هێرشی عوسمانی سوننەدا بو. ئێران بۆ ئەوەی لە نێوان ئەم دو بەرداشەدا نەهاڕدرێ هەوڵی ئەدا هاوپەیمانێتی دەوڵەتانی مەسیحی ئەوروپی بە دەس بهێنێ. شا ئیسماعیل نامە و ئێلچی نارد بۆ مەسیحیەکان و دوای ئەویش تەهماسبی کوڕی هەمان کاری دوبارە کردەوە.

لێکۆڵەرەوەیەکی هاوچەرخی ئێرانی، لەم بارەیەوە نوسیوێتی:

"وڵاتانی ئەوروپایی هەر کە پێوەندیان لە گەڵ ئێران دروست کرد، کەوتنە هاندانی دەوڵەتی ئێران بۆ جەنگ دژی عوسمانی... دەوڵەتانی ئەوروپایی لە زەمانی دامەزراندنی زنجیرەی سەفەویەوە لە ئێران تەلاشیان ئەکرد ماشێنی جەنگی گەورەی عوسمانی کە هەڕەشەی لە دڵی ئەوروپا ئەکرد، بەرەو ئێران هیدایەت بکەن و بە مەشغوڵ کردنیەوە لە جەبهەی ڕۆژهەڵات، لە گوشاری ئەو لە جەبهەی ڕۆژئاوا کەم بکەنەوە. هەروەکو سوڵتانی عوسمانی هەردەم ناچاربن نیوەی هێزە چەکدارەکانی خۆیان لە سنورەکانی ڕۆژهەڵات دا دابنێن، ئەوەش بو بە هۆی ئەوەی کە فتوحاتی ئەوان لە ئەوروپا ڕابوەستێ.

بێ هوده نیه که "بوسک" سەفیری نەمسه له دەرباری سوڵتان سلەیمانی قانونی... که سپاکەی تا بەردەم دیواری ڤیەننا پێشڕەوی کرد، وتویەتی: "له بەینی ئێمەو ئەمان دا تەنیا ئێرانیەکانی لێیە." یا جۆرج وسترن وتویەتی: "ئیمپراتۆریەتی سەفەوی لەم زەمانەدا تورکی لغاو کردوه، نەی هێشتوه زەرەری زۆرتر له دنیای مەسیحی بدا."

لەم زەمانەدا وڵاتانی ئەوروپی شوێن دو ئامانج کەوت بون، یەکێکیان سیاسی – واته یەکێتی له گەڵ دەوڵەتی ئێران له پێناوی شەڕدا دژی تورکی عوسمانی، ئەوی تر ئابوری – واته دامەزراندنی پێوەندی بازرگانی له گەڵ ئێران، بۆ ناردنی سەفیر له لایەن وڵاتانی ئەوروپاییەوه بۆ ئێران ئەویش هەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجانه بو..." (اصغر جعفر ولدانی:6)

مردنی سوڵتان سەلیم (918 – 926 ک/ 1512 – 1520 ز) و دانیشتنی سلێمانی کوڕی سەلیم (926 – 974 ک/ 1520 – 1571 ز) له سەر تەختی سەڵتەنەت له لایەک و مردنی شا ئیسماعیل (907 – 930 ک) و دانیشتنی تەهماسبی کوڕی (930 – 984 ک) له سەر تەختی شایەتی له لایەکی ترەوه، نەک کۆتایی به دوژمنایەتی و جەنگ نەهێنا، بگرە چونکه هۆکانی ناکۆکیەکان هەر ما بون، دوژمنایەتیشیان هەر ماو قوڵتر ئەبو.

له ملمانێی ئێرانی – عوسمانی دا، ئێران له سیاسەتی ناوچەیی دا، هەوڵی ئەدا کەڵک له ئایدیۆلۆجی شیعه وەربگرێ و، میر و مەزنەکانی کورد به خۆشی و خەڵات، یاخود به زۆر به لای خۆی دا ڕابکێشێ. له سیاسەتی دەرەوەشی دا، هەوڵی ئەدا بنچینەی هاوپەیمانێتی له گەڵ دەوڵەتانی مەسیحی ئەوروپا دژی عوسمانی دابمەزرێنێ.

عوسمانی یش له سیاسەتی ناوچەیی دا، هەوڵی ئەدا کەڵک له ئایدیۆلۆجی سوننه وەربگرێ، میر و مەزنەکانی کورد به خۆشی یا به زۆر به لای خۆی دا ڕابکێشێ و له سیاسەتی دەرەوەشی دا، ناچاربو دەس له فتوحات و جیهاد هەڵبگرێ، بکەوێته سازان له گەڵ دەوڵەتانی مەسیحی ئەوروپا.

سوڵتان سلێمان پاش ئەوەی له لەشکرکێشیەکی گەورەدا بۆ داگیرکردنی ڤیەننا سەر نەکەوت (936 ک/ 1529 ز) گەڕایەوه ئەستەمووڵ. دوای ئەوه ئیتر چاوی بڕی بوه فراوانخوازی ئەرزیی له لای ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیەوه، به تایبەتی که ئێران یش دەستی هەڵنەگرت بو له هەوڵدان بۆ فراوان بون له ئەرمەنستان و گورجستان و کوردستان و عەرەبستان و، هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی مەزن و میرەکانی کورد.

جەنگی 20 ساڵەی سەفەوی – عوسمانی

چوها سوڵتانی تکەلو له شوێنێکی نزیک ئەسفەهان له لایەن حسێنخانی شاملووەوه کوژرا، ئولمه تکەلو که والی تەوریز بو، داوای نیابەتی سەڵتەنەتی ئەکرد، له ئەنجامی ئەوەدا له خۆی ترسا ئەویش سزا بدرێ.

ئولمه کاتی خۆی لەوانه بو که له هەرای "شەیتانقولی" دا له خاکی عوسمانیەوه هەڵات بو پەنای بۆ شا ئیسماعیل برد بو. ئولمه گەنجینەی تەوریزی تاڵان کردو پەنای برده بەر دەوڵەتی عوسمانی. خۆی و دەستوپێوەندەکانی گەیشت بونه وان لەوێوه نامەی بەندایەتی خۆی بۆ سوڵتان سلێمان نارد. سوڵتان سلێمان فەرمانی دا به میر شەرەفی بدلیسی (940 ک/ 1533 ز) که بچێ بۆ پێشوازی و دڵنەوایی ئولمه و له وێوه ڕەوانەی ئاستانەی بکا. (شەرەفنامه: 748)

میر شەرەف، ئولمەی هێنایه بدلیس. لەوێوه به پۆشتەیی و بەڕێزەوه ڕەوانەی ئاستانەی کرد. ئولمه هەوڵی ئەدا سوڵتان سلێمان هان بدا بۆ ئەوەی هێرش بباته سەر ئێران. ئاگاداری کرد له گیروگرفتەکانی ناو ڕیزەکانی قزلباش و له هەڕەشەی ئوزبەک. ئولمه ئەوەشی به هەل زانی و زمانی له میر شەرەف دا. میر شەرەفی تاوانبار

کرد بەوەی ڕێزی لێ نەگرتوە، چونکە لە ژێرەوە دۆستایەتی لە گەڵ قزلباش هەیە. داوای لە سوڵتان کرد بدلیسی پێ بسپێرێ بۆ ئەوەی لەوێوە پەلاماری ئێران بدا.
سوڵتان سلێمان، میر شەرەفی لە میرایەتی بدلیس خست. بدلیسی بە ئولمە بەخشی. ئەم کارەی سلێمان پێچەوانەی ئەو گفت و بەڵێنە بو کە کاتی خۆی لە نێوان حەکیم ئیدریس و میرە وارثیەکانی کورد و سوڵتان سەلیم دا بو. کە ئەبو میرایەتیەکانی کوردستان لە دەس خۆیان دا بمێنێتەوە.
میر شەرەف کاتی خۆی لە لایەن شا ئیسماعیلەوە لە خۆی گیرا بو. ماوەی 3 ساڵ بە دیلی لەوێ بو. لە کاتی هێرشی ئوزبەک دا بە سەرکردایەتی شەیبەک خان ئەویش فرسەتی هێنا و هەڵات و گەڕایەوە وڵاتی خۆی.
میر شەرەف یەکێک بو لەوانەی هاودەنگ لە گەڵ چەندین میر و مەزنی تری کوردستان، حەکیم ئیدریسیان کردە دەمڕاستی خۆیان بۆ هاندانی سوڵتان سەلیم بۆ پەلاماردانی ئێران. لە هێرشەکەی سەلیم دا بۆ سەر ئێران و لە شەڕی چاڵدێران دا شەرەف و نۆکەرەکانی بەشدار بون، دوای ئەوەش یەکێک لە هاوکارە نزیکەکانی حەکیم ئیدریس بو. بۆ ڕزگارکردنی شار و قەڵاکانی کوردستان لە دەسەڵاتی قزلباش، بە تایبەتی لە شەڕەکانی ئامەد و قوچ حەسار کە دەوری کاریگەری هەبو لە ساخکردنەوەی کوردستان دا بۆ عوسمانی.

ئولمە لە ئەستەمولّ گەیشتە سوڵتان و، کرایە بێگلەربێگ. دو ملیون ئاسپەری بە موچەی سالانە بۆ بڕایەوە. بڕیار درا بدلیس و دەوروبەریشی بدرێتە ئەو. هەروەها فەرمان درا بە بێگلەربێگەکانی قەرامان، ئاماسیە، ذولقەدر، شام، دیاربەکر یارمەتی ئولمە بدەن بۆ گرتنی بدلیس. (هامر: 1068) فیل یەعقوب پاشا میری میرانی دیاربەکر سەرکردایەتی هێزەکەی ئەکرد کە نزیکەی 30 هەزار کەس بو. سەدری ئەعزەم ڕقی کۆنی لە میر شەرەف بو ئەویش بۆی تێ چاند بو. (شەرەفنامە: 751) شەرەف سەری دانەنەواند، قەڵاکانی بدلیس، ئەختەمار، موش، ئەخلات، کیفەندور، ئامورەک، کەلهوک، فەیردز، سەلم، گولخار، قاتیک، سوی، بە گەورەپیاوەکانی ڕۆژکی قایم کرد. فیل یەعقوب و ئولمە لە (938 ک/ 1532 ز) چونە سەر بدلیس و ئابلوقەیان دا، 3 مانگی خایاند. (شەرەفنامە: 752) میر شەرەف پەلاماری ئولمە و هێزەکەی دا. لەشکری عوسمانی بە شکاوی گەڕانەوە. ئەم هەواڵە لە کاتێک دا بە سوڵتان سلێمان گەیشت، کە خەریک بو ئەچوە ناو شاری سیرمیوم.
میر شەرەف هانای بۆ تەهماسب برد بو. تەهماسب بۆ ڕێزلێنانی میر شەرەف خۆی سەرکردایەتی لەشکرێکی گەورەی کرد. شەرەف لە ئەخلات میواندارێکی گەورەی بۆ شا و سەردار و دەستوپێوەندەکانی کرد و، باجێکی زۆری لە دانیشتوانی ناوچەکە کۆکردەوە بیدا بە شا. (شەرەفنامە: 753) تەهماسب لە 939 ک دا فەرمانێکی درێژی بۆ میر شەرەف نوسی، پلەی خانی پێ بەخشی و لە فەرمانەکەدا بە "میری میران و فەرمانڕەوای هەمو میرانی کوردستان" ناوی ئەبا. (شەرەفنامە: 757) نوسیویەتی: "لە سەر هەمو میر و گزیران و سەرکردانی کوردستانە کە ئەم خانە ناوداره بە میری میران بزانن و سەرکزی بەفەرمانی بن و هیچ کات و سات و زەمانێ لە فەرمانی دەرنەچن و خاوە خاویشی لێ نەکەن و گوێ بۆ جارەکانی شل کەن و هەر پێداویستێکی بوێ کە بۆ دەوڵەت بەهرەی هەبێ بۆی پرەی هەبێ بۆی پێک بێنێ." (شەرەفنامە: 758)
تەهماسب لە گەڕانەوەی دا بۆ تەورێز هەواڵی پێ گەیشت کە عوبێد خانی ئوزبەک هێرشی کردۆتە سەر خوراسان و، مەترسیەکی گەورەی بۆ سەر ناوچەکە دروست کردوە. تەهماسب خۆی سازدا بۆ دەرکردنی و، ئامۆژگاری میر شەرەفی کرد؛ تا ئەو مەسەلەی عوبێد خان بەلایەک دا نەخا، شەرەف بە هەر جۆرێ بێ خۆی لە گەڵ عوسمانی بسازێنێ و، فەرمانی دا بە هەندێ لە سەرکردەکانی قزلباش لەوانە هەلهەل سوڵتانی پازۆکی و

ئەمیر بەگی مەحمودی (ئەم دوانەیان کورد بون) و موسا سوڵتان والی ئازەربایجان، کە لە کاتی پێویست دا یارمەتی شەرەف بدەن. (شەرەفنامە: 759)

هێرشی یەکەمی سلێمان: 940 ک/ 1533ز

پەلاماردانی ئێران ماوەیەک بو لە بیری سلێمان دا بڕیاری لێ درا بو، بەڵام لە بەر هەندێ قازانجی دەوڵەتی دەر نەئەخرا، ئیتر بە تەواوی دەرکەوت و ئاشکرا بو. لە پایزی 940 ک/ 1533 ز دا سلێمان لەشکرێکی گەورەی لە ژێر سەرکردایەتی سەدری ئەعزەم ئیبراهیم پاشادا خستە ڕێ بەرەو ئازەربایجان، بە هیوای ئەوەی لە بەهاردا سوڵتان خۆیشی بە نیازی گرتنی بەغداد بکەوێتە ڕێ. (هامر: 1069) شەرەف ئامۆژگاریەکەی تەهماسبی لە گوێ نەگرت کە هەرچۆنێ بێ خۆی لە گەڵ عوسمانی بگونجێنێ تا ئەو پەژارەی عوبێد خانی ئوزبەک بە لادا ئەخا، (شەرەفنامە: 760) کەوتە تۆڵەسەندنەوە لەوانەی هاوکاری دوژمنیان کردبو. شەرەف بەوە میرە کوردەکانی ترساند، تەنانەت هەندێ لە گەورەکانی ڕۆژهەکیشی لێ ڕەنجان و دایانە پاڵ دوژمن. بەرایی هێزەکەی عوسمانی کە سەرلەنوێ ئولمە و فیل یەعقوب پاشا سەرکردەیەتیان ئەکرد نزیکەی 10 هەزار کەسێ بون، بەشێکی زۆری ئەوانە کورد بون و، هەندێکیان لە گەورەپیاوەکانی ئێلی ڕۆژهەکی بون لە ڕێگەی خیزانەوە بۆ پەلاماردانی بدلیس بەرەو تاتیک کشان. شەرەف نزیکەی 5 هەزار کەسی لە گەڵ بو لە تاتیک بەرەنگاریان بو، لە گەرمەی جەنگ دا ئەمیر بەگی مەحمودی سەرکردەی باڵی ڕاستی لەشکرەکەی شەرەف، لە شەرەف هەڵگەڕایەوە، دایە پاڵ دوژمن. لەو هێزەی لە گەڵ میر شەرەف بو 700 کەسی کوژرا، خۆیشی پێکراو کوژرا. (شەرەفنامە: 762)

هێزی گەورەی عوسمانی هێشتا نەگەیشتبوە قۆنیە. بارگەی لە چنارلو خست بو. ئولمە هەوالّی تێشکانی لەشکرەکەی بدلیسی لە گەڵ کەلەی بڕاوی شەرەفی بۆ ئۆردو نارد.

حکومەتی وراثی بدلیسی درایە شەمسەدینی کوڕی شەرەف و، قەڵاکانی دەوروپشتی کەوتنە ژێر دەستی عوسمانی. لەشکری عوسمانی لە پیرەجک لای فوراتەوە پەڕینەوە، 6 هەفتە لە ئامەد مانەوە لەشکرە پەڕاگەندەکان کۆبونەوە، لە سوارق بارەگایان خست، لەوێ کلیلی انیک و وان یان بۆ هێنان تەسلیم بون، خوسرەو پاشای حوکمڕانی شام کرایە حکومەت و سەرداری وان. ئەمیر بەگی سەرۆکی هۆزی مەحمودی کلیلی قەڵای سیارنی هێنا، ئینجا قەڵاکانی هەرەم، بیدقار، ردزنی، اونیک، بایەزید، ئیهتیمام و چەند قەڵایەکی تر تەسلیم بون. (هامر: 1701 – 1702)

یەکەم ڕۆژی سالّی 941 ک ئیبراهیم پاشا چوە ناو تەوریزی پایتەختی ئێران و بارەگای ئۆردوی لە چەمەنی سەعاباد دانا. (هامر: 1702)

زەرەری گەورە لە قزلجە طاخ لە هێزی عوسمانی کەوت. ئیبراهیم ئازەربایجانی سپارد بە ئولمە. ئەو ڕۆژەی ئیبراهیم پاشا لە ئامەد دەرچو بو، سوڵتان سلێمانیش لە ئوسکودارەوە بەرەو ئێران بە ڕێ کەوت بو. (هامر: 1072) بۆ ئەم لەشکرکێشیە هەمو گەورە و مەزنەکانی کوردیش کۆکرابونەوە و خرابونە ناو لەشکرەوە، لەوانە: شەمسەدینی کوڕی شەرەف کە لە جێگەی باوکی کوژراوی کرابوە میری بتلیس. (شەرەفنامە: 769) بەدر بەگی جزیرە. (شەرەفنامە: 290) جەمشید بەگی پالو. (شەرەفنامە: 373)

لەو چاخەدا کە میر و سەردارەکانی کوردستان لە گەڵ سلێمان دا ڕوبان کردە بەغداد سوڵتان ئەحمەدی خیزانی خزمەتی گرنگی کرد بو لە سەر ئەوە سوڵتان سلێمان نازناوی "جەناب" ی پێ بەخشی. (شەرەفنامە: 404)

تەهماسب کە هەواڵی هێرشی عوسمانی پێ گەیشت، دەستی لە ڕاونانی ئوزبەک هەڵ گرت بەرەو ڕۆژئاوای ئێران گەڕایەوە. گەیشتە سوڵتانیە. سوڵتان سلێمان و ئیبراهیم پاشا و لەشکری عوسمانی تەورێزیان گرت بو. تەهماسب نەیئەتوانی بەرەنگاری لەشکری گەورەی عوسمانی بکا، کشایەوە دەرگەزێن و هەمەدان.

لەشکری عوسمانی بە سەرکردایەتی سلێمان خۆی لە تەورێزەوە بەرەو میانە، زنجان، سوڵتانیە، ڕۆیشت. شا لە بەری هەڵات. (شەرەفنامە: 768) سلێمان بۆ بەغداد کەوتە ڕێ. لە ڕێگا بە هۆی کەمیی خۆراک و ئالیک و زۆری بەفر و تۆندی سەرماوە، بەشێکی هێزەکەی و باربەرەکانی فەوتان و بە ناچاری هەندێ لە تۆپ و بارەکانیشیان لە ڕێگە بە جێ هێشت. (هامر: 1074)، (شەرەفنامە: 768)

محەمەد بەگی تکەلو حوکمڕانی بەغداد بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی هێزەکانی عوسمانی و نائومێد بونی لە گەیشتنی هێزی یارمەتی ئێرانی بە بێ شەڕ لە بەغداد کشایەوە. لە پێش دا ئیبراهیم پاشای سەدری ئەعزەم چوە بەغدادەوە دوایی تریش سلێمان خۆی بۆ بە سەربردنی زستان چوە بەغداد (941 ک). سلێمان بە هاوکاری سەدری ئەعزەم زستانەکەی خەریکی ڕێکخستنەوەی کاروباری ئەو ناوچانە بو کە داگیری کرد بون و، دابەشی کردن بە سنجاق و تیمار و زەعامەت. هەروەها گۆڕی ئەبو حەنیفەی ئیمامی ئەعزەم و زانا سوننیەکانی تر، کە شا ئیسماعیل لە کاتی گرتنی بەغدادا تێکی دابون و ئێسک و پروسکی سوتاند بون، سەرلەنوێ ئاوا کردەوە. سلێمان بەردەوام زیارەتی ئەکردن، هەروەها چو بۆ زیارەتی نەجەف و کەربەلاش. (هامر: 1077)

هەر لە بەغداد کاروباری کوردستان، ئەوەی لە سەردەمی سوڵتان سەلیم دا دوای شەڕی چاڵدێران بە پێی ڕاوێژی حەکیم ئیدریس ڕێک خرا بون ئەم سەر لە نوێ ڕێکی خستنەوە. تێشکانی سەفەوی و زاڵ بونی دەسەڵاتی عوسمانی، هانی هەمو میرە کوردەکانی دا جگە لەوەی کە لە گەڵ لەشکردا هات بون، ئەوانی تریش بۆ دەربڕینی دڵسۆزی سەری سلێمانیان دا.

ئەم سەفەرەی سوڵتان بۆ هەندێ لە میر و سەردارەکانی کورد مایەی بەدبەختی بو. سلێمان لە بەغداد میر عیزەدینشێری میری سۆرانی کوشت (941 ک/ 1534 ز) و ناوچەی سۆرانی دا بە حسێن بەگی داسنی. (شەرەفنامە: 491) پاش ئەوەی لە ڕێگەی کوردستانەوە چوە تەورێز. (هامر: 1079) لەوێش بۆ ڕێکخستنی کاروباری ناوچەکە دو هەفتە مایەوە. لە تەورێزیش شەفەقەت بەگی کوردی لە گەڵ 5 کەس لە خزمەکانی سەربڕی بە بیانوی ئەوەی لە گەڵ ئێرانیەکان سازشی کردوە. (هامر: 1081) بە دەم ڕێگایشەوە میرە بەگی مەحمودی و چەن کەسێکی کوشت لە سەر بادانەوەیان بە لای ئێران دا. (شەرەفنامە: 562)

سەفەری سوڵتان سالێک و نیو درێژەی کێشا لە 8 ی کانونی دوەمی 1539 ز/ 945 ک گەیشتەوە ئەستەمولّی پایتەخت.

هێرشی دوەمی سوڵتان سلێمان

ئەلقاس میرزا برای شا تەهماسب حاکمی شیروان بو. بە هیوای سەربەخۆیی لە گەڵ هێزەکانی شا بو بە شەڕی. بە تێشکاوی لە دەشتی قبجاق و دەریای ڕەشەوە پەنای بۆ سوڵتان سلێمان برد. لە ئەستەمولّ پێشوازیەکی شاهانەی گەرمی لێ کرا. ئەلقاس ئەی ویست سوڵتان هان بدا بۆ پەلاماردانی ئێران کە لەو کاتەدا دوچاری گیروگرفتی ناوخۆ بو. سوڵتان یش ئەی ویست کەڵک لە ناکۆکی هەردو برا وەربگرێ بۆ لاوازکردنی ئێران (954).

ئولمە پاشا حاکمی بوسەنە کرایە پێشکاری ئەلقاس میرزا و، حکومەتی ئەرزڕۆمی پێ سپێردرا. لە پێش ئەوە دا مەوکیبی سوڵتان بکەوێتە ڕێ. ئەمان ڕەوانەی مەملەکەتی ئێران کران. (هامر: 1189)

لە بەهاری ساڵی داهاتودا سلێمان بەنیازی پەلاماردانی ئێران کەوتە ڕێ. سوڵتان لە ئاماسیەوە چو بۆ ئەرزڕۆم و عادلجەواز، لەوێوە ئولمە بێگلەربێگی ئەرزڕۆم و پیری پاشای بێگلەربێگی قارەمانی بۆ ئابلوقەدانی وان ڕەوانە کرد. (هامر: 1189) عەلی سوڵتان کوڕی خەلیل سوڵتان شای پێشوی شیروان کە تەهماسب لە دەستی دەرهێنابو، پەنای بۆ سلێمان برد بو. سلێمان، عەلی سوڵتانی لە دەریای ڕەشەوە ڕەوانەی شیروان کردەوە بۆ ئەوەی ئەوێ داگیربکا. ئەلقاس میرزا لە گەڵ سوڵتان چونە سەر تەوریز و گرتیان. هەروەها پاش چەند ڕۆژێ شاری شیروانی گرت و، لەوێشەوە کەوتە ڕێ بۆ سەر شاری وان و ئەوێشی داگیر کرد و، بە دەفتەرداری پێشوی ئەناتۆلی چەرکەس ئەسکەندەر پاشای سپارد. ئینجا سوڵتان سپاکەی بۆ قشلاق و حەسانەوە ڕێگە دا.
هاوزەمان لە گەڵ هێرشەکەی سلێمان دا، لەشکری تەهماسب کەوتبوە تاڵان و کاولکردنی عادلجەواز، موش و ئەخلات. هێزێکی عوسمانی کە ئەچون بۆ گرتنی قارس تێ شکان. سوڵتان ئەحمەد پاشای وەزیری سێیەمی لە ئامەدەوە ڕاسپارد بەرەنگاری ئەم پشێوییە بکا. ئەویش چەرکەس عوسمان پاشای بە لەشکرێکەوە نارد سەریان. ئەلقاس میرزاش ڕێگە درا بکەوێتە ڕێ بۆ تاڵانکردنی قوم، کاشان و ئەسفەهان. سوڵتان خۆیشی بۆ قشلاق چوە حەلەب. ئەسکەندەر پاشا، حاجی خانی دونبولی (کوردی) حاکمی خوی، کە سەر بە شای سەفەوی بو، کوشت و هێزەکەیشی پەرەوازە کرد. (هامر: 1191)

سوڵتان لە حەڵەبەوە کەوتە ڕێ لە فورات پەڕییەوە و، لە ئالمالو ئۆردوی خست. داوای ئامادە بونی ئەلقاس میرزای کرد. بەڵام ئەلقاس لە خۆی ترسا و هەڵات. (هامر: 1910) گەڕایەوە ناوچەی شارەزور. سورخاب بەگی حاکمی ئەردەڵان گرتی و تەسلیمی تەهماسبی برای کردەوە (956 ک) ئەویش لە قەڵای قەهقەهە دا زیندانیی کردو دوایی کوشتی.
لە مانگی سەپتەمبەردا سوڵتان لە ئەرزڕۆم ئۆردوی خست و لەوێوە ئەحمەد پاشای وەزیری دوەمی بۆ گرتنی گورجستان نارد. لە شەش هەفتەدا ئەحمەد توانی 20 قەڵا لە گورجستان بگرێ، لەوانە: تورتوم، نجاح، میرئاخور، ئاقچە قەلعە، بن کرد، ایسترتوت. چەن ڕۆژێ دوای ئەو فتوحاتە سوڵتان کەوتەوە ڕێ بۆ ئەستەمۆڵ. (هامر: 1191)

هێرشی سێیەمی سلێمان (962 ک/ 1554 ز)

لە کاتێک دا هێزەکانی عوسمانی لە مەجەرستان خەریکی فتوحات بون، لە لای ڕۆژهەڵاتەوە کەوت بوە بەر مەترسی هێرشی ئێران. تەهماسب ئەی ویست لە ئەرجیش و عادلجەواز و ئەخلات بمێنێتەوە. لە ئەرجیش ئەمیر ئیبراهیمی کوڕی کوژرا. ئەخلات بە فێڵ گیرا و کوشتاری بە کۆمەڵی تێ دا کرا. ئیسماعیل میرزا لە گەڵ چەند هەزار سوار قەڵاکەیان تەخت کرد، ڕوی کردە ئەرزڕۆم و کەوتە تاڵانی و ئەسکەندەر پاشای لە بۆسەیەک دا تێ شکاند. حاکمەکانی تەرابوزان و مەلاتیە و بوزوق قەرە حەسار لە مەیدانی جەنگ دا کوژران و، بەشێکی هێزەکەی بە دیل گیران. (هامر: 1210) سوڵتان سلێمان کەوتەوە سازدانی هێرشی ئێران، لەو کاتەدا توشی گیروگرفتی ناوخۆ بو بو لە گەڵ کوڕەکانی. وەختێ شای ئێران هەواڵی خۆ ئامادە کردنی عوسمانی بۆ پەلاماردانی ئێرانی زانی، شا محەمەد، سنجاحە بەگ و دو کەسی تری لەو ئاغایانەی لە شەڕەکەی ئەرزڕۆم دا بە دیل گیرابون، بەردا و نامەیەکی پێ دا ناردن بۆ سوڵتان تکای سوڵح و دۆستی لێ کرد. سوڵتان نەیویست دەسبەجێ خواستەکەی شا قبوڵ بکا چونکە ترسی گیروگرفتی ناوخۆ، بە تایبەتی لە گەڵ کوڕەکانی، هەبو. (هامر: 1212)

سوڵتان، مستەفای کوڕی خنکاند. زستانی لە حەڵەب بە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی و چاککردنی کاروباری باج و سەرانەوە بە سەر برد. لە نیسانی ئەو ساڵە دا بە ئۆردوەوە لە حەڵەبەوە جوڵا. لە 15ی مایس دا لە ئامەد کۆبونەوەیەکی جەنگیی کرد. سوڵتان لەم کۆبونەوەیە دا وتی: "بۆ نەهێشتنی دوژمنانی دین و دەوڵەتی ئێمە کە ئێرانیەکانن، پێویستی کردوە دەس بدەینە چەک و بە لەشکری سەرکەوتن پیشەوە بچینە ناو مەملەکەتی ئەوانەوە. ڕەئی ئێوە لەم بابەتەوە چی بە چاک ئەزانن؟" ئامادەبوانی کۆڕەکە پیر و لاو کەوتنە فرمێسکڕشتن و وتیان: "ئێمە بە پێی فەرمانی پادشا، ئەگەر حوکم بێ بۆ هیندوچین تا کێوی قاف ئەچین!"

سوڵتان لە ڕوباری موراد، کە لقێکی فوراتە، پەڕییەوە. لە ئەرزڕۆمەوە کەوتە ڕێ بەرەو توپچاری بەرەو سوشەهری. ئەحمەد پاشای سەدری ئەعزەم و، عەلی پاشای خواجە وەزیری دوەم و، محەمەد پاشای سوکولی بەگلەربەگی ڕۆم ئێلی و، شازادە سوڵتان سەلیم، لە گەڵ لەشکری ئەناتۆلی کە لە ژێر فەرمانی ئەحمەد پاشای بەگلەربەگ دا بو، قشونی قەرامانی و نولقدر و بەگەکانی تورکمان بە حەیدەر پاشا سپێردرا بون. ئەم هێزە گەورەیە بەرەو قارس کەوتە ڕێ. لەوێوە سلێمان ڕاگەیاندنی جەنگی بۆ شا تەهماسب نارد. سوڵتان لەم ڕاگەیاندنەدا نوسیبوی: "بە پێی فتوای موفتییان دەربارەی جەنگی ئەهلی بیدعەت و رافزییان، بەڵکو بۆ نەهێشتن و لە ناوبردنیان بە چەن لەشکرەوە کەوتۆتە جوڵان بە پێی فەرمانی حەزرەتی ڕەسول لە پێش بەکارهێنانی شمشێر و ڕم دا، ئیسلامەتییان ئەخەینە بەر. ئەگەر شا لە قبوڵکردنی دینی هەق سەرپێچی بکا ئەبێ وەکو بێ غیرەتەکان لە دەمی شمشێر ڕو وەرگێڕێ. ئێمەش بە پێی نەسی قورئان شمشێرمان هەڵکێشاوە تا نیشانەکانی تورەبونی خۆمان دەربېڕین" (هامر: 1218)
لە دوای ڕاگەیاندنی جەنگ، ناوچەکانی ئیرەوان، نەخچەوان، قەرەباغ، کاول کران. لە حوزەیرانی 1554 ز/ 962 ک لە چەمەنی ئارپا چای بارەگا خرا. ڕۆژی دواییتر لە کەناری ڕوباری ئاراس دا لە قەرە حەسار قشونی قەرەمانی کەوتە بۆسەی هێزی ئێرانەوە.
ئێرانیەکان لە دەوری خۆیان لە دائیرەیەک دا بە هەر لایەکی دا بۆ ماوەی 5 ڕۆژەڕێ ئاواییان نەهێشت بو. (هامر: 1218)

لە 6 ی ئاب دا سپاییەکی عوسمانی کە لای ئێرانیەکان ئەسیر بو گەیشتە قەڵای بایەزید. نامەیەکی لە تەهماسبەوە هێنا بو بۆ سلێمان، تێی دا نوسی بوی: "لە بەرامبەر ئەو کاولیە دا کە بەسەر ویلایەتەکانی ئێرانت دا هێناوە، ولات و شوێن و مەمالیکی عوسمانی کاول و وێران ئەکەم. لە بەر ئەوەی کە لە بازوی خۆت دا هیچ هێزێکی تێ دا شک نابەی، خۆت لە زۆرانبازی پاڵەوانەکان و بەکارهێنانی شیر و ڕم ئەدزیتەوە، پشت بە هاویشتنی تۆپ و خاڵیکردنەوەی تفەنگ ئەبەستی، ئازایەتی و جوامێری خۆت لە تاڵانکردنی شتی خەڵک و سوتاندنی خانوی بێ نەوایان دا ئەنوێنی، لە گەڵ هەمو ئەوانەیش دا: ئاشتی لە جەنگ و دۆستایەتی لە دوژمنایەتی باشترە." (هامر: 1219)
هاوزەمان لە گەڵ گەیشتنی ئەم نامەیەدا، هەواڵ گەیشت کە هێزەکانی عوسمانی شکستێکی سەختیان خواردوە و، بەگێکی گەورەی کوردیش گوم بوە. سەدری ئەعزەم ئەحمەد پاشا لە وەڵامی نامەکەی شادا کە ئەسیرێکی عوسمانی هێنابوی، نامەیەکی بۆ وەزیری شا نوسی: "هەمو ئەزانن کام لا لە ترسان لەرزی لێ هاتوە. ئێستا کە نێچیروان لە نێچیرگا گەڕاوەتەوە چەقەڵ وەکو شێری ئازا لە بێشەدا تەراتێن ئەکا. ولایەتەکانی مەمالیکی ئێران هێشتا لە سایەی مەنجەنیقەکانی عوسمانیەوە تیرە و تاریکە. ئەگەر ئێرانیەکان ئازان با لە دەشتەکان دا

ڕووبەڕووی عوسمانیەکان ببنەوە، ئەوانیش ئامادەن کە تۆپ و تفەنگ هەڵپەسێرن، بە شیر و نێزەوە بۆیان بچنە مەیدانەوە و، هێزی بازوی خۆیان دەربخەن." (هامر: 2: 1219)

لە وەڵامی نامەیەک دا کە وەزیری ئێرانی بۆ ئەیاس پاشای حاکمی ئەرزڕۆم نوسی بوی، وەزیری عوسمانی نامەیەکی تری بۆ وەزیری ئێرانی نوسی و، بە ئەسیرێکی ئێرانی دا ناردیەوە. ئێرانیەکان لەو نامەیەدا کە بۆ ئەیاس پاشایان نوسی بو، وایان دەرخست بو کە عوسمانی داوای ڕێککەوتنیان کردوە، لە بەرئەوە وەزیری عوسمانی نامەکەی بەم جۆرە وەڵام دایەوە: "ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی لە بەستنی ئاشتی ڕو وەرناگێڕێ، بەڵام هیچ کات تکای ئاشتی لەوەوە دەستی پێ نەکردوە."

لە وەڵامی بەشێکی تری نامەی وەزیری ئێرانی دا کە دەربارەی ئایەتی: "من قتل مؤمنا متعمدا فجزائه جهنم خالدا" بو، نوسی بوی: "ئەم ئایەتە شەریفە سەبارەت بە کوشتنی موسوڵمانان و موئمینان ئەم حوکمەی فەرموە، نەک دەربارەی ئێرانیەکان، کە لە بەرزایی مینبەرەکانی خۆیانەوە سەحابەی حەزرەتی ڕەسول و 3 خەلیفە لەعنەت ئەکەن. ئەگەر کەسانی وەها بێ دین نەبن، ئەی ئەبێ بێدینی بدرێتە پاڵ کام میللەت؟ دینی حەقیقی ئیسلام نۆ سەدو شەست ساڵە بەرقەرارە، بەڵام ئایینی ئەهلی بیدعەت و رافزیەکان پەنجا ساڵە بەرەوی پێ دراوە.

سەبارەت بە بێ ئیعتیباری دنیا و بێ دەوامی گەورەیی و سەڵتەنەت، پادشاهی ئێمە کە هەمیشە ئەوەی لە بەرچاوە، پێویستی بەوە نیە خەڵکی بیری بخەنەوە. بەڵام ئەوەی دەربارەی موساڵەحە نوسرا بو، بابیعالی هەمیشە لە ڕوی دۆست و دوژمن دا کراوەتەوە. ئەگەر ئێرانیەکان لە ڕاستی دا ئەیانەوێ سوڵح بکرێ ئەبێ ئێلچیەکی خاوەن شانی شایستە بنێرن، تا ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ. خۆ ئەگەر خەیاڵی شتێکی تریان هەیە، ئەوا عوسمانیەکان لە سەر سنور ڕاوەستاون، ئەوسا هەر زیان و غەرامەتێ لە ڕەعیەت بدرێ گوناهی ئەکەوێتە ملی حوکمڕانەکانی ئەوان." (هامر: 21: 1220)

کاتێ لە پردی چوپان پەڕینەوە لە حەسەن قەلعە ئۆردوی خست. لەوێ سوڵتان بێگلەربێگەکانی دیاربەکر و وان لە گەڵ سەرۆکەکانی کوردی بە خەڵات سەربەرزکرد. هاوزەمان لە گەڵ ئەمەدا، هێزی عوسمانی لوڕستان و شارەزوری بە قەڵاکانیەوە زەوت کرد بو، بەگەکانی کورد چونە ژێر سایەی عوسمانیەوە. (هامر: 1221)

قولیخان قورچی قاجار، سەرکردەی قەراوڵانی تایبەتی شاهی لە 962 ک/ ئەیلولی 1554 ز دا بە نامە و پەیامی تەهماسبەوە گەیشتە ئەرزڕۆم و پێشوازیەکی شاهانەی لێ کرا. ئێلچی شا تکای ڕاگرتنی جەنگی لە سوڵتان کرد. سوڵتان تکاکەی گرت و وەزیرەکان وتیان: "تا لە لایەن ئێرانیەکانەوە پەیمان نەشکێ، لە لایەن عوسمانیەوە ڕێگەی جەنگ ناگیرێ." (هامر: 1221)

4 ڕۆژی دواییتر سوڵتان کەوتە ڕێ. دوای 20 ڕۆژ گەیشتە سیواس. دوای ئەوەش بە 12 ڕۆژ گەیشتە ئاماسیە. بۆ زستان لە ئاماسیە مایەوە. فەرۆخزاد بەگ ئیشێک ئاقاسی، لە لایەن شاوە کرابوە "وەزیری موختار" بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ. نامەیەکی درێژی لە شاوە بۆ سوڵتان هێنا بو سەبارەت بە ڕێککەوتنی هەردو دەوڵەت. پێشوازی شاهانە لە ئێلیچی ئێران کرا. سوڵتان سلێمان وەڵامی شای دایەوە و بەڵێنی دایە؛ "تا ئێران پەیمانی ئاشتی نەشکێنێ، ئەوان پێڕەوی ئەکەن." (هامر: 1222)

لە سەردەمی شا ئیسماعیل و سوڵتان سەلیمەوە هیچ جۆرە ڕێککەوتن و ئاشتیەک لە نێوان ئێران و عوسمانی دا نەبوبو. ئەم چەند نامەیە بون بە بناغەی یەکەمین ڕێککەوتنی ئێرانی– عوسمانی و، بەم ڕێککەوتنە، کە لە مێژوی پێوەندیەکانی ئێرانی– عوسمانی دا بە ڕێککەوتتنامەی ئاماسیە (ڕەجەبی 963 ک/ 29 ی مایسی 1555 ز) ناسراوە، جەنگی 20 ساڵەی نێوان ڕۆم و عەجەم تەواو بو.

ئەم رێککەوتنە کە "شەرعیبون" ی دەوڵەتی شیعەی ئێرانی سەلماند، رێکەوتی ئەو ڕۆژەی ئەکرد کە سوڵتان محەمەدی فاتیح ئەستەمووڵی گرت و، بناغەی فتوحاتی عوسمانی لە ئەوروپا دانا.

پەیماننامە

عەهدنامەی سوڵحی ئاماسیە (1555 ز/ 963 ک)

ئەم رێککەوتنە بریتیە لە نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی شا و سوڵتان و وەزیرەکانی هەردولا، کە لە بەڵگەیەکی یەکخراودا نە نوسراونەتەوە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی تێکڕای نامە و گفتوگۆی هەردولادا بەندە سەرەکیەکانی بریتیە لە:

1. بە لاداخستنی کێشەی ئەرزی

بە پێی تەرازوی هێزەکانی هەردولا. ئەرمەنستان و گورجستان و کوردستان لە بەینی هەردو دەوڵەتدا دابەش کران. ناوچە عەرەبنشینەکان بونە بەشی عوسمانی. قارس بە بێلایەنی بمێنێتەوە، قەڵاکەی بە کاولی بمێنێتەوە هیچ لایەکیان ئاوەدانی نەکەنەوە و هێزی لێ دانەنێن.

کاربەدەستانی سنورەکان نەهێڵن کێشەوبەرە دروست ببێ.

2. بەلاداخستنی کێشەی مەزهبی

عوسمانی ڕێ بە زائیرانی ئێرانی بدا بچن بۆ زیارەتی شوینە پیرۆزەکان و بۆ حەجی مەکە و مەدینە و، فەرمان بدا بە کاربەدەستانی خۆی لە گەڵ شیعە ڕەفتاری باش بکەن.

سەفەویش دەسەڵبگرن لە لەعنەتکردنی سێ خەلیفەکە و عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر و ئیمامە خۆشەویستەکانی سونە.

3. بەلاداخستنی کێشەی سیاسی

داڵدەی شازادە و ئەمیرە راکردوەکانی یەکتری نەدەن، ئەگەر شازادە یا ئەمیریک لە لایەکەوە بۆ لاکەی تر هەڵات، بدرێتەوە دەست دەوڵەتەکەی خۆی.

سەرچاوەکان

هامر پورگشال، تاریخ امبراطوری عثمانی، ترجمه میرزا زکی علی آبادی

شەرەفنامەی هەژار

اصغر جعفر ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی

دکتر منوچهر پارسادوست، ریشه‌های تاریخی اختلافات عراق و ایران، چاپ سوم. شرکت سهامی انتشار، تهران 1367.

بەشی دووەم: چەردەیەک لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا

- پێشەکی 61
- دەوڵەتی شاری سومەری و دەوڵەتی وڵاتی ئاکەدی 67
- وتوویژی ئاغایەک و کۆیلەکەی 75
- لاوژەی لوگالباندا 79
- لاوژەی گلگامێش 103
- لاوژەی گلگامێش و ئاگا 161
- لاوژەی گلگامێش و ئەنکیدو و جیهانی ژێرو 167
- بالۆرەی سەرکەوتنی سەرجۆن 181
- بالۆرەی سەرکەوتنی نارام سین 183
- بالۆرەی سەرکەوتنی ئوتو خیگال 191
- شەریعەتی حامورابی 193

پێشەکی

لە ژیانی چەند ساڵەی شاخ دا چەند جارێ لە کاتی هەڵکەندنی بناغەی خانو بۆ بارەگا و سەنگەر لە هەندێ ناوچەی شاخاوی دا، کارکەرەکان چەند جارێ توشی گۆزە و خشت و ئێسکوپروسکی کۆن ئەبون، بەوپەڕی بێباکیەوە، گۆزەکانیان ئەشکان و، ئێسقانەکانیان فڕێ ئەدا. ئەگەر شتێکی بە نرخی تێدا بوایە، وەکو دراو، خشڵ، یا پەیکەر، هەڵی ئەگرت بۆ خۆی و، ئەوی تری تۆڕ ئەدا. ئەوانەی کارەکەیان ئەکرد:

کەسیان خۆیان بە خاوەنی ئەو شتانە نەئەزانی.

کەسیان ئەو ئێسقان و ئێسکوپروسکەیان بە هی باووباپیری خۆیان نەئەزانی.

کەسیان ئەو گۆزانەیان بە گۆڕ یا گەنجینەی کەلوپەلی گرانبەهای باوباپیری دانیشتوانی ناوچەکەی ئێستا نەئەزانی.

بەڵکو ئەو شوێنەوارەیان بە هی گەلێکی بێگانە ئەزانی.

لە بەر ئەوە بەرامبەر بەو شتانە کە چیرۆکی چەند ئەڵقەی گرنگی مێژوی ناوچەکە ئەگێڕنەوە بێ پەروا بون، ئەشێ کورد گەلێکی بێ رابوردو بێ؟

ئەشێ کورد لە ئاسمانەوە هاتبێ نیشتەجێی ئەم سەرزەمینەی ئێستا بوبێ؟

ئەو ئێسقانە مرۆییانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان دا دۆزراونەتەوە، کە ئەگەڕێنەوە بۆ هەزاران ساڵی پێش ئێستا، هی کێ بون؟

ئەو ئێسکانەی بەردەوام ئەدۆزرێنەوە هێ کێن و نەوە و وەچە و منالانی ئەوانە لە کوێن؟

کێ بون ئەوانەی گابەردەکانی بێستون، زینانەی هەورامان، پەیکوڵی، دەربەندی گاور، پیرەمەگرون، بێتواتە، سەرپولی زەهاو، بێلولە... یان نەخشاندوە؟

کێ بون ئەوانەی هەزاران خشتی قوڕیان لە شمشارە و نوزی نوسیوە؟

کێ بون ئەوانەی قەڵای هەولێر و قەڵای کەرکوک و، گردەکانی دەشتی شارەزور و دەشتی بیتوێن و دەشتی هەولێریان دروست کردوە؟

تۆ بڵێی هەمو ئەو کێڵ و خشت و سواڵەتە نوسراوانەی لە کوردستان دۆزراونەتەوە و لێرە بە دواوەش ئەدۆزرێنەوە، هەر کێڵی سەرکەوتنی داگیرکەران بن لە کوردستان دا چەقاندویانن و بۆ شکاندنی چاوی دانیشتوانی ناوچەکە بە جێیان هێشتون؟ وەکو هەندێ نوسەر هەمیشە ئەیڵێنەوە.
ئاخۆ کورد نەتەوەیەکی بێ رابوردوە؟
یان وەکو لە نیشتمانەکەی خۆی دا کراوە بە بێگانە، لە رابوردەکەیشی کراوە بە بێگانە؟

دەسەڵاتی داگیرکەر، کوردی توشی دەردی "لەخۆبێگانەبون" کردوە.
کوردی ئاسایی، خۆی بە خاوەنی شاخەکانی و دەشتەکانی، لێڕەوار و ئاوەکانی، سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی کوردستان نازانێ، لە نیشتمانەکەی خۆی دا خۆی بە بێگانە ئەزانێ، بۆیە گوێ ناداتە، پاکی ژینگە و، پاراستنی ژینگە و سامانە سروشتیەکەی. گوێ ناداتە شوێنەوارە دێرینەکانی.

سالاّنی درێژی ژێردەستەیی هەستی "لەخۆبێگانەبون" ی لە لای کورد، چ وەکو تاک و چ وەکو کۆمەڵ خوڵقاندوە. وای کردوە کورد لە ناو دەرونی خۆی دا، لە ناو ئەو کۆمەڵەی تێیدا ئەژی، لە ناو ئەو نیشتمانەدا کە تیا ئەژی، خۆی بە بێگانە بزانێ، ئەم هەستە بە جۆرێکی بینراو لە بوارەکانی ژیان دا هەستی پێ ئەکرێ:
بگاتە هەر مەلێکی کێوی، بۆی بکرێ ئەیکوژێ
بگاتە هەر دەعبایەکی کێوی، گۆشتی بخورێ یا نەخورێ، بتوانێ ئەیکوژێ
بگاتە هەر گوڵ و گژوگیایەکی کێوی، دەستی بیگاتێ، هەڵی ئەکەنێ
بگاتە هەر دارودەوەنێ، بۆی بکرێ، لقەکانی ئەشکێنێتەوە و دارەکە ئەبڕێتەوە
بگاتە شوێنەواری دێرین، بێ لێکدانەوە تێکی ئەدا.

ئەگەرچی هەزاران خشت و بەردی نوسراو و نەخشێنراو لە کوردستان دۆزراونەتەوە و، هەزارانیش رەنگە هێشتا لە ژێر گڵ دا بن، بەڵام تا ئێستا لە هیچ ناوەندێکی زانستی: زانکۆکان، مۆزەخانەکان، وەزارەتەکانی رۆشنبیری، خوێندنی باڵا، پەروەردە، گەشتوگوزار... گرنگیەکی ئەوتۆ بەم بوارە نەدراوە، تا ئێستا کورد چەند پسپۆڕێکی خوێندنەوەی خەتی مێخی نیە و، تا ئێستا بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە کوردستان کاری کنە و پشکنین و خوێندنەوەی شوێنەوارە نوسراو و پاشماوە نوسراوەکان نەکراوە. تا ئێستا "دێرینەوانی" نەکراوەتە بەرنامە.
شوێنەوارناسانی ئەوروپایی و ئەمەریکایی سەدان تێکستی کۆنی سۆمەری، ئاکەدی، بابلی، ئاشوریان ساخ کردۆتەوە و، لە زمانە ئەسلیە مردوەکەی خۆیەوە تەرجومەیان کردوە بۆ زمانە زیندوەکانی دنیا و، دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەیان لە سەر نوسیون، لە ناو ئەوانەدا دەیان بابەتیان پێوەندییان لە گەڵ دانیشتوانی ئەو سەردەمەی کوردستان دا هەیە. بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست سەرنجی لێکۆڵەری کوردیان رانەکێشاوە و، تا ئێستا لە ناو کوردا چەند پسپۆڕێ پەیدا نەبون شارەزای خوێندنەوەی خەتی مێخی بن و، بەشێ لە هەوڵەکانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوە و ساخکردنەوەی هیچ نەبێ بۆ ئەو نوسراوانەی لە کوردستان دۆزراونەتەوە.

کوردستان لایەکی زاگرۆسە و لایەکی میزۆپۆتامیایە، لە لایەکەوە کورد بەشدار بوە لە شارستانێتی ئەم دو دەڤەرەدا و، لە لایەکی ترەوە شارستانێتی ئەوانیش کاریان لەم کردوە، لە کاتێک دا کورد، کەم و زۆر، ئاگای لە

ئەدەبی زاگرۆس و ئێرانە، بە تایبەتی لە رێگەی زمانی فارسیەوە، کەمێکی زۆر کەم نەبێ ئاگای لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا نیە. لە کاتێک دا ئەدەبی میزۆپۆتامیا لە چاو ئەدەبی دێرینی گەلێ ناوچەی تردا دەوڵەمەن ترە، بە تایبەتی ئەم لە سەر قوڕی سورەوەکراو نوسراوەتەوە و، هۆی مانەوەی بەهێزتر بوە لە چاو گەڵا و کاغەز و چەرم و تەختە... ئەشێ ئەدەبی میزۆپۆتامیا، زۆر جار یا هەندێ جار، یاریدەر بێ بۆ ئەوانەی لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاوازەکانی بواری کۆمەڵایەتی دا ئەکەن بۆ ئەوەی بتوانن رەگی هەندێ لەو نەریت و بیروباوەڕە باوانەی لە ناو کۆمەڵی کوردا هەبون یا هەن لە ناو باوەڕەکانی ئەو سەردەمەدا بدۆزنەوە.

زاناکانی شوێنەوارناسی، بە تایبەتی زاناکانی جو، بایەخێکی زۆریان داوە بە شارستانێتی میزۆپۆتامیا و هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ گونجاندنی روداوەکان و ئەفسانەکانی ناوچەکە لە گەڵ گێڕانەوەکانی تەورات دا. رەنگە ئەمە مەڵامەتی دینیی هەبوبێ.
هاوشانی ئەوان، زاناکانی شوێنەوارناسی، بە تایبەتی زاناکانی عەرەب، بایەخێکی زۆریان داوە بە بەشی خواروی میزۆپۆتامیا و هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ سەلماندنی سامی بونی رەگەزی ئاکەدی و بابلی و ئاشوری. بەشی سەروی ناوچەکە، کە مەڵبەندی ژیانی کورد بوە، پشتگوێ خراوە. رەنگە ئەمەش مەڵامەتی سیاسیی هەبوبێ.

کوردستانی عیراق، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، کە خراوەتە سەر عیراق، هەرگیز ئارامیەکی درێژخایانی بە خۆیەوە نەدیوە، هەمیشە مەڵبەندی شۆڕشی چەکدار بوە. کاری ئارکیۆلۆجی کە پێویستی بە پشودرێژیە، بێ هەلومەرجی ئارام و بێ ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجام نادرێ. ئێستا لە کوردستان دا چەندین زانکۆ و، چەندین مۆزەخانە و، چەندین دەزگای رۆشنبیری تێ دایە، ئەتوانێ ببێتە یەکێ لە ناوەندە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە و پشکنینی شوێنەوارناسی و، سەرەتای لێکۆڵینەوەیەکی سیستەماتیک دەس پێ بکا لە سەر گەلانی زاگرۆس و گەلانی ناوچەکانی دەوروبەری سەرچاوەکانی روباری دیجلە و روباری فورات و چەمەکانیان و، شارستانێتی و دەوریان لە روداوەکانی ناوچەکە و، لە پێکهێنانی نەتەوەی کوردا. لە باتی ئەوەی مێژونوس و توێژەری کورد تیۆریەکانی زاناکانی بێگانە دوبارە بکەنەوە، خۆیان ببنە خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتی شوێنەوارناسیی کوردستانی، زاناکانی بێگانە پشت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان ببەستن.

ئەوەی لێرەدا من کردومە، وەرگێڕانی تێکستی چەند لاوژە و بالۆرەیە، هەندێکی لە عەرەبی و هەندێکی لە ئینگلیزیەوە، ئەگەر یەکێ بە لایەوە سەیر بێ و بپرسێ من مەبەستم لەم کارە چی بوە؟
ئەڵێم مەبەستم ئەوەیە: سەرنجی کورد، بە تایبەتی زانا ئاکادیمیەکانی، رابکێشم بۆ گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەو کەلەپورە زۆرەی میزۆپۆتامیا کە بەشێکی هی خۆیەتی و، بەشێکی پەیوەندی بە مێژوی رابوردی ئەوەوە هەیە. پاشماوە و شوێنەوارە دێرینەکانی لە ناوچە شاخاویە سەختەکانی کوردستان دا دۆزراونەتەوە، زیاتر لەوەی نیشانەی پەیوەندی "داگیرکەر" و "داگیرکراو" بێ، نیشانەی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نێوان گەلەکانی دانیشتوی کوردستان و گەلەکانی سومەری و ئاکەدی و بابلی و ئاشوریە.

زمانی گێڕانەوەی لاوژەکان

یەکەم،

لەم بەشەی گوڵچنینەکان دا، کە وەرگێڕانی چەردەیەکە لە ئەدەبی میزۆپۆتامیا، زمان و وشەگەلێکم بە کار هێناوە رەنگە بۆ هەندێ کەس جێگەی پرسیار بێ. هەوڵم داوە ژمارەیەک لەو وشانەی لە زمانی نوسینی ئێستادا بەکار ناهێنرێن یا کەمتر بە کار ئەهێنرێن و خەریکە لە بیر ئەچنەوە، جارێکی تر بهێنمەوە ناو کایەی نوسین، رەنگە پێشکەوتنی ژیان و گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵی کوردی و وڵاتەکەی، ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵک، پێویستی بە هەندێ لەم وشانە نەمابێ، بەڵام ئەشێ هەندێکیان بە زیندویەتی بهێڵرێنەوە و، مەعنای تازەیان پێ ببەخشرێ.

دووەم،

هەندێ وشە لێرەدا بۆ یەکەم جارە بەو مەعنایە بە کار هێنرابێ.

لە ئەدەبی گەلان بۆ هەر بابەتێ، زارەکی یا نوسراو، ناوێکی تایبەتی لێ نراوە. ملحمة، اسطورة، قصة، خرافة. هەر یەکە ناوێکی تایبەتییان هەیە. لە ئەدەبی کوردی دا ئەمە هێشتا نەچەسپیوە.

"ملحمة"، کە لە ئەدەبی گەلان دا جێگەیەکی تایبەتی هەیە و، تا ئێستاش وەکو بەشێ لە کەلەپوری شارستانی خۆیان، هەمیشە بە شێوەی جۆراوجۆر، زیندوی ئەکەنەوە، لە زمانی کوردیش دا "ملحمة" گرنگیەکی تایبەتی هەبوە، رەنگە پێش کورد خۆی رۆژهەڵاتناسەکان بایەخیان بەم بابەتە دابێ و، کۆیان کردۆتەوە، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، کۆمەڵایەتی... یان لە سەر کردوە. لەو بوارەدا: ئۆسکارمان، باسیل نیکیتین، مینورسکی... رەنجی زۆریان داوە.

لە زمانی کوردی دا بۆ ئەم بابەتە ئەدەبیە چەندین ناوی هەیە، لەوانە: لاوک، لاوژە، بەیت، حەیران...

ئۆسکارمان، لە کتێبەکەی دا: "توحفەی موزەفەریە" کە بە ئەڵمانی نوسیوێتی، چەندین بابەتی کۆکردۆتەوە. لە کۆکردنەوەی ئەم بابەتە فۆلکلۆریە ئەدەبییانەدا، کە هێمنی موکریانی هێناونیەتیەوە سەر رێنوسی تازەی کوردی، ناوی "بەیت" ی بۆ داناون. دیارە لەو سەردەمەدا لە موکریان هەر بەو ناوەوە ناسراون.

باسیل نیکیتین، لە کتێبەکەی دا: "کورد: لێکۆڵینەوەیەکی سوسیۆلۆجی و مێژویی"، کە بە فەرەنسی نوسیوێتی لە گێڕانەوەی ئەم چەشنە بابەتە دا، وشەی "لاوژە" ی بە کار هێناوە. محەمەدی قازی لە وەرگێڕانە فارسیەکەی دا هەمان وشەی "لاوژە" ی هێشتۆتەوە، بەڵام د. نوری تاڵەبانی لە تەرجومە عەرەبیەکەی دا لە باتی وشەی "لاوژە" وشەی "لاوک" ی بە کار هێناوە.

ئەشێ هەریەکەیان لە ناوچەی خۆی دا هەمان مەبەست بگەیەنێ یا مەبەستێکی نزیکی بگەیەنێ، بەڵام کاتی ئەوە هاتوە ئەم وشانە: داستان، سەرگروشتە، بەیت، بالۆرە، لاوک، حەیران، سود، ستران، ئەفسانە و لاوژە... ئیتر هەریەکەیان وەکو زاراوە تەرخان بکرێ بۆ چەشنێکی دیاریکراو لە ئەدەبی زارەکی و نوسراو، بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە گێڕانەوەی بابەت. لێرەدا بە پێی هەڵسەنگاندنێ کە بۆ دەقەکانی ئەدەبی سومەری کراوە، بە باشتر زانراوە بەرامبەر وشەی "ملحمة" وشەی "لاوژە" بە کار بهێنرێ.

لاوژە: ملحمة. گێڕانەوەی بە سەرهاتی راستەقینە و هەڵبەستراوی دڵداری و قارەمانێتی شەڕوشۆڕ و ئەفسانەی پەری و دێو و درنج و خێو بە شیعر و پەخشان. لە بەرامبەر وشەی "epic" ی ئینگلیزی و، "ملحمة" ی عەرەبی و، "حماسه" ی فارسی دا، بە کار هێنراوە.

گەڕە لاوژە، کە هەندێ جار بۆ نیشاندانی پەشێوانی کارکردن بە کار ئەهێنرێ، لە ئەسڵدا لە دیوەخانەکان دا کە لاوژە بە دەنگەوە وتراوە، هەندێ جار بەشدارانی کۆڕەکە بە سەرە یەک بە دوای یەک دا تەواویان کردوە، لاوژەکە بە ریز بە سەریان دا گەڕاوە.

هەر لەو بوارەدا هەوڵم داوە چەند وشەیەک بە مەعنای نوێ تێهەڵکێشی بابەتەکە بکەم لەوانە:

چکاوە: خلاصة.

تێوەردان: مداخلة.

تێچاندن: تعليق.

سێیەم،

لە زمانی نوسینی کوردیی ئێستادا نیشانەیەک نیە بۆ جیاکردنەوەی ناوی مێ لە نێر، رەنگە ئەمە بە پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دابنرێ بە ئاڕاستەی یەکسانی نێر و مێ، بەڵام هەندێ جار پێویستی بابەتەکە ئەم هەڵاواردنە ئەخوازێ، ئەگینا تێکەڵاوی لە تێگەیشتنی بابەتەکەدا دروست ئەبێ، بۆیە هەوڵم داوە هەندێ وشەی نوێ لە سەر بنچینەی وشە کۆنەکان دابڕێژم.

لە سەردەمی سومەری و ئاکادی و بابلی و ئاشوری دا، هەروەها لە یۆنانی کۆن دا، هێشتا دینی یەکخوایی (جو، کریستیان، ئیسلام) نەبوە، باوەڕیان بە فرەخوایی هەبوە، چەندین خوایان پەرستوە، بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی خوایەکیان داناوە، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان وێنایان کردوە و "بت" یان لێ دروست کردوە. خواکانی ئەوان هەندێکیان نێر "اله" و هەندێکیان مێ "الهة" بون، هەندێ کەس و هەندێ شاخ و هەندێ روبار و هەندێ گیانداریان "تأليه" کردوە و، پەرستویانە، لە زمانی کوردی دا، نە لە نوسین دا و نە لە گێڕانەوەی زارەکی دا، ئەم ئاڵۆزیە چارە نەکراوە لێرەدا هەوڵ دراوە چارە بکرێ:

خوا: لە بەرامبەر "اله" ی عەرەبی و "God" ی ئینگلیزی، بۆ پەرستراوی نێر.

ماخوا: لە بەرامبەر "الهة" ی عەرەبی و "Goddess" ی ئینگلیزی، بۆ پەرستراوی مێ. خوای مێیینە. بە هەمان ڕێسا: ماخێو: خێوی مێیینە، مادێو: دێوی مێینە، ماجنۆکە: جنۆکەی مێیینە... وەکو مامان، ماکەو، مامر، مامز، مانگا، ماین..

خوایاندن: لە بەرامبەر "تأليهة" ی عەرەبی و "To Deify" ی ئینگلیزی.

چوارەم،

هەمو ئەو وشانەی لەم بابەتانەدا بەکارم هێناون، ئەگەر بۆ هەندێ خوێنەر نەناسراو، یا نەبیستراو، یا نائاشنا، بوبن، لە کۆتایی بابەتەکەدا هەوڵم داوە بە ڕونی بە ناسینیان بدەم. بۆ ئەوەی بچمە بنجوبناوانی وشەکەش فەرهەنگەکانی: شێخ محەمەدی خاڵ، مەعروف قەرەداخی، گیوی موکریانی، هەژاری موکریانیم پشکنیوە و، ئەگەر لە وێ دا نەدۆزرابنەوە لە خەڵکی پەیوەندیداری ناوچەکانیم پرسیوە.

بڕوانە:

واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان: بررسی از نظر جامعەشناسی و تاریخی، ترجمة محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم زمستان 1366. ص 538 _ 569.

باسیلی نیکیتین، الکرد: دراسه سوسیولوجیه وتاریخیه، نقله من الفرنسیة وعلق علیه: الدکتور نوری طالبانی، دار الساقی، بیروت 2001. ص 398_ 432.

"دەوڵەتی شار" ی سومەری
"دەوڵەتی وڵات" ی ئاکەدی

سومەر و "دەوڵەتی شار"

لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا، بە تایبەتی لە جەبەل حەمرینەوە بەرەو خوار، رێژەی باران کەمترە لەوەی بۆ کشتوکاڵ پێویستە، هەروەها کانیی سروشتی لێ هەڵناقوڵێ تا ببێتە سەرچاوەی ئاودانی کێڵگە و رەز و باخ، تەنانەت ئاوخواردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ، بۆیە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەبو پشت بە ئاوی روبار ببەستێ و، راستیەکەشی ئەوەیە هەم زەویوزاری تەختی بەپیتی فراوانی هەبوە و هەم ئاوی سازگاری روبارەکانی مشە بوە. بەڵام بەکارهێنانی ئاوی روبار بۆ هەڵبەستنی بناوان و بەنداو و ئەستێڵ، هەڵکەندنی جۆگە و روبار و بیر، پێویستی بە کاری بە کۆمەڵ هەبوە، کە بە یەک کەس بە تەنیا و بە یەک خێزان بە تەنیا نەکراوە، بۆیە پێویستی بە کاری بە کۆمەڵی چەند کەس و چەند خێزان هەبوە، ئەمەش پێویستی بە "دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز و ستەمکار" هەبوە، کە هێزی کاری بۆ ساز بدا و نەخشەی بۆ دابنێ و رێکی بخا و جێبەجێی بکا. بەمجۆرە لە پرۆسەیەکی درێژخانی گوێزانەوە لە قۆناغی "گلێرە و راو" بۆ قۆناغی نیشتەجێبونی کاتی یا هەمیشەیی و، فێربونی چاندنی کشتوکاڵ و راهێنانی ئاژەڵ و راوەماسی، دروستکردنی نوا و ئاوایی. لادێی بچوک بۆتە دێ، دێ گەورە بوە بۆتە گوند، گوند فراوان بوە بۆتە شارەدێ، شارەدێ پەرەی سەندوە بۆتە شار و، لە ناوەڕاستی چوارەمین هەزارەی پێش زاینەوە شار بەهێز بوە بۆتە ناوەندی بەڕێوەبردن و پێکەوەبەستنی کۆمەڵێ لادێ و دێ و گوندی چوار دەوری خۆی. ئەمەش بۆتە ناوکی دامەزراندنی "دەوڵەتی شار"، کە یەکێکە لە گرنگترین نیشانەکانی شارستانێتی سومەری و، لە هەمان کات دا ژینگەی لە دایکبونی شارستانێتیەکی گەورەی مێژوی مرۆڤایەتی.

یەکێ لە گرنگترین داهێنانەکانی شارستانێتی سومەر، خەتی مێخی و مۆری لولەییە. کە بە یەکەمین هەوڵی مرۆڤ دائەنرێ بۆ وێناکردنی بیر و بۆچونەکانی بە نیگار و نوسین. نوسینەکان لە سەر خشتی قوڕ

نوسراون و لە ئاگردا سورکراونەتەوە، بەوجۆرە رادەی مانەوەیان بە زیندویەتی لە چاو نوسینی سەر چەرم و تەختە و ئێسقان و گەڵا و کاغەز زیاتر بوە، هەر بەو هۆیەوە سەدان بەرهەمی ئەدەبی و بەڵگەی کارگێڕی و دارایی و قانونی و بازرگانی و نامە تا ئەمڕۆ بە نەمری ماونەتەوە. ئەو خشت و سواڵەتە نوسراوانەی تا ئێستا دۆزراونەتەوە و، لە مۆزەخانە جیاوازەکانی دنیادا هەڵگیراون، سەدان هەزار، بگرە هەندێ شوێنەوارناس بە نزیکەی یەک ملیۆن ئەیخەملێنن، لەوە نزیکەی چوار هەزاری بابەتی ئەدەبی – ئەفسانە، چیرۆک، داستان، بالۆرە و لاوژە و لاواندنەوەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی رەنگە هێشتا هەزاران سواڵەتی تر مابێ لە ژێر گڵدا، کە لەوانەیە لە ئایندەدا بدۆزرێنەوە. (باقر، مقدمة في ادب العراق القديم، ل 49)

لەو سەردەمەدا، وەکو کنە و پشکنینی ئارکیۆلۆجی و خوێندنەوەی دەقە نوسراوە مێخیەکان دەریان خستوە، لە سەرزەمینی سومەردا چەندین "دەوڵەت شار" هەبون، لەوانە: ئور، ئوما، ئوروک، ئەریدو، کیش، لەگەش، نیپور، سیپار....
دەوڵەتی شار قەوارەیەکی سیاسی– دینیی بوە و، هەریەکەیان خۆی سەربەخۆ بوە لە شارەکانی تر. یەک پایتەختی گشتی و یەک خوای پەرستراوی گشتی یان نەبوە کە فەرمانڕەوای هەمو ولاتی سومەر بوبێ ، بەڵکو هەر دەوڵەت – شارێ فەرمانڕەوای خۆی و پایتەختی تایبەتی خۆی و، خوای تایبەتی خۆی و، پەرستگای تایبەتی خۆی هەبوە.
شاری ئەو سەردەمەی سەرزەمینی سومەر، پێکهاتوە لە سێ بەش:

بەشی یەکەم،
ناوجەرگەی شار، کە شورەی پاراستنی هەبوە، کۆشکی فەرمانڕەوای شار و پەرستگای سەرەکی و خانوی کارمەند و فەرمانبەرەکانی و، پیشەکارەکانی لە بابەتی نوسەر، پەیکەرساز، مۆرهەڵکەن، گۆزەکار، ئاسنگەر، بەلەمساز، دارتاش، جۆلای تێدا بوە. زۆری کاروباری شارەکە و ساتوسەودا لە بەر دەروازەکانی دا ئەنجام دراوە.
گەورەی دەوڵەتی شار، کە لە هەندێ شار پێی وتراوە "لو گال" و لە هەندێ شار "ئین سی"، خۆی بە شوانی هەڵبژێردراوی خوا و راسپێردراوی ئەو داناوە، لە بری ئەو فەرمانڕەوایی کردوە و، ولاتی بەڕێوە بردوە. پێشەوای دینیی پەرستگا و خاوەنی دارایی ولات و فەرماندەی کاروباری جەنگی و سەرۆکی دەزگای داوەری بوە. لە بەر ئەوە تەنیا لە بەردەم خوادا بەرپرس بوە.
کاروباری دینیی و کاروباری دەوڵەتداری: کارگێڕی، دارایی، بازرگانی، تێکەڵاو بوە. باوەڕیان وابوە کە ئەو خوایە شارەکەیان ئەپارێزێ و ئەو خوایە ئەتوانێ پشتیان بگرێ و پشتیان بەر بدا.
پەرستگا جگە لەوەی خۆی زەوی فراوانی کشتوکاڵ و لەوەڕگای هەبوە، سەرپەرشتی هەندێ پیشە و کاری دارایی و بازرگانی کردوە، هەزاران کەس لە کێڵگە و داوودەزگا پیشەییەکانی دا کاریان کردوە.

بەشی دووەم،
لادێکانی شار، کە پەرستگای تایبەت بە جەژنی سەری ساڵ و خانوی جوتیارەکان، تەویلە و گەوڕ، باخی دارخورما، کێڵگەی دانەوێڵە، لەوەڕگای تێدا بوە. دانیشتوانی شارەکە بۆ دابینکردنی خۆراک پشتی بەم ناوچەیە بەستوە.

بەشی سێیەم،

شارەکان، لە کەناری روباری دیجلە و فورات و جۆگەکانی دا بنیات نراون. لەنگەرگاکەی سەرەڕای ئەوەی بەندەری بارکردن و داگرتنی بەلەم بوە، ناوەندی ئالۆگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی، بە تایبەتی بازرگانیی دەرەکی، بوە. خان و عەمار و میوانخانەی تێدا بوە.

پانتایی شارەکان و سنوری قەڵەمڕەویان و ژمارەی دانیشتوانیان وەکو یەک نەبون، بەڵکو جیاواز بون. هەندێکیان لە هەندێکیان گەورەتر بون و، هەندێکیان لە یەک نزیک و هەندێکیان لە یەک دور بون. بۆ نمونە هەندێ شارەزا پانتایی شاری لەگەش، کە یەکێ لە شارە گەورەکان بوە، بە 3 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و دانیشتوانەکەی بە 30 – 35 هەزار کەس خەملاندوە.

شارستانێتی میزۆپۆتامیا، بە تایبەتی سومەری، لە سێ کەرەستەی بومی سودی وەرگرتوە:

لە قوڕ و لیتەی لێواری روبارەکان، دەفری جۆراوجۆری پێویستی ناوماڵ دروست کراوە، وەکو گڵێنە، گۆزە، خشت بۆ بینا، تۆماری بەڵگە و نوسینەوەی بەرهەمی بیر.

لە بەرهەمی ئاژەڵ، پێستە بۆ دەفری جۆراوجۆری مەشکە، هەمانە، هیزە، کوندە و، خوری و مو بۆ جلوبەرگ و گوریس و تۆڕ، شاخ بۆ دەسکی چەک و ئامڕازی مۆسیقا و خواردنەوەی شلە.

لە کشتوکاڵ، جگە لە خواردن، کەڵکیان لە حەسیر و قامیش و زەل و گوش و تولّی دار، وەرگرتوە، سەبەتە و رایەخ و قەفەز و چیغ و تەیمان و پەرژینیان لێ دروست کردوە.

بەڵام ئەو ناوچەیە لە روی سامانی سروشتیی بەرد و تەختە و مەعدەنەوە هەژار بوە. بۆ بەدەستهێنانی هەر یەکێ لەم کەرەستانە پێویستیان بە دامەزراندنی تۆڕێکی فراوانی بازرگانیی دەرەکی بوە. ناوچەکەش لە لای رۆژهەڵات و سەروی رۆژهەڵاتیەوە بە زنجیرەی چیاکانی زاگرۆس و لە رۆژئاوایەوە بە بیابانی شام و جەزیرەی عەرەبی و لە لای خوارویەوە بە ئاوی خەلیج دەوری گیراوە. ڕێگاکانی رۆژهەڵات و سەروی رۆژهەڵاتی کە بە ناو دەربەند و تەنگە و گەروەکانی چیاکانی زاگرۆس دا تێپەڕیون بریتی بون لە:

ڕێگەی بەدرە بەرەو سوسە لە عیلام.

ڕێگەی خانەقین بەرەو کرماشان.

ڕێگەی هەڵەبجە بەرەو هەمەدان.

ڕێگەی قەڵادزە کە گومان ئەکرێ پاشای ئاشوری سەرجۆنی دوەم (721- 705 پ ز) لە هەشتەمین لەشکرکێشی دا کە چۆتە سەر ئەرمەنستان و ئازەربایجان گرتبێتی.

ڕێگەی دەربەندی رایات بەرەو دەریاچەی ورمێ و ئازەربایجان.

ڕێگەی کێلەشین بەرەو ئازەربایجان.

ڕێگەی زاخۆ بەرەو ئەرمەنستان.

ئەم ڕێگایانە هەموی بە ناو سەرزەمینی ئێستای کوردستانی عیراق دا تێپەڕیون و بە ناو گەلانی نیشتەجێی زاگرۆس دا ڕۆیشتون کە لولوبی و گوتی و سوباری... لە گەلە بەهێزەکانی بون و، ئەشێ بە رەگەزە سەرەکیەکانی پێکهێنانی نەتەوەی کوردی ئێستا دابنرێن. بۆیە شتێکی ئاساییە پەیوەندی و تێکەڵاوی، کارلەیەککردن و، شارستانێتی هاوبەش لە بەینیان دا دروست بوبێ و، شوێنەواری دێرینە بە زمانەکانی سومەری، ئاکەدی، بابلی، ئاشوری، لە کوردستان، بە ژمارەی زۆر، هەبوبێ و بدۆزرێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەوڵەت شاری سومەری بڕوانە:
صموئيل نوح كرامر، السومريون، ترجمة الدكتور فيصل الوائلي، الكويت، . ل 101 – 146.
طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق، بيروت، 2009. ل 360 – 381.
جورج رو، العراق القديم، ترجمة وتعليق حسين علوان حسين، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، 1986. ل 181 – 198.
الدكتور خليل سعيد، معالم من حضارة وادي الرافدين، دار البيضاء، 1948. ل 63 – 64.
ئینسکلۆپیدیا بریتانیکا، ب 11. ل 969 - 971.

ئاکەد و "دەوڵەتی وڵات"

"لوگال زاگی زی" گەورەی شاری ئوما، شارەکانی تری سومەری بە شەڕ هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بنچینەی "دەوڵەتی شار" ی سومەری هەڵتەکاند و "دەوڵەتی وڵات" ی دامەزراند. وەرکای کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی. ئەم گۆڕانە سەرەتای کۆتایی بو بە قۆناغی دەوڵەتی شار و دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندیی فراوان.
لە بالۆرەیەکی بەجێماودا کە هەندێ لەم روداوانە ئەگێڕێتەوە، ئەڵێ:
"کاتێ ئینلیل، شای گشت وڵاتان، پاشایەتی وڵاتی بە لوگال زاگی زی سپارد، سەرنجی دانیشتوانی وڵاتی لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە بۆ راکێشا، خەڵک هەموی سەریان بۆ دانەواند.....
لەو رۆژگارەدا وەرکا رۆژهەکانی بە خۆشی رائەبوارد،
ئور وەکو گا سەری بۆ ئاسمان هەڵ ئەبڕی،
لارسا، شارە خۆشەویستەکەی ئوتو، هاواری شادیی ئەکرد
ئوما، شارە خۆشەویستەکەی شارا باسکی بەرز ئەکردەوە
زابلام، دیوارەکانی، وەکو مەڕێ بەرخەکەی هاتبێتەوە، ئەیبارێند
شاری دێر گەردنی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان".... (وائلي، ل 464.)

لوگال زاگی زی لە زنجیرەی شەڕەکانی دا هێرشی کردۆتە سەر شاری کیش. لوگال زاگی زی لەم لەشکرکێشیەدا ئور زبابای شکاندوە. سەرجۆن، کە پێشتر فەرمانبەر بوە لای ئور زبابا. ئەم دەرفەتەی بە هەل زانیوە، خۆی سازداوە، لە هەڵمەتێکی کتوپڕدا بۆ سەر شاری وەرکا، پایتەختی لوگال زاگی زی، داگیری کردوە، خەڵکەکەی هەڵاتون، شورەی شارەکەیانی روخاندوە.
خەڵکی راکردوی وەرکا، لایەنگرانی لوگال زاگی زی، بە یارمەتی پەنجا کەس لە میر و سەردارەکانی ناوچەکە هێرشی پێچەوانەیان کردۆتە سەر سەرجۆن. سەرجۆن ئەم هێزەشی شکاندوە و لوگال زاگی زیی بە دیل گرتوە و نیری تەختەی کردۆتە ملی، بە ریسوایی بردویەتی بۆ بەر دەروازەی "نیپور: نفر".

سەرجۆن (2370 – 2316 پ. ز) کێ بوە؟

بەر لەوەی سەرجۆن دەس بە سەر مەڵبەندی سومەردا بگرێ، وەکو ئەفسانەکانی ئەو زەمانە ئەیگێڕنەوە، لە کۆشکەکەی ئور زبابا دا، لە شاری کیش، کاسەهەڵگر، واتە مەیگێڕی تایبەتی ئەو بوە. (بڕوانە: بالۆرەی سەرجۆن)

سەرجۆن ئیتر کەوتۆتە لەشکرکێشی، پەلاماری شاری "ئور" ی داوە، ئینجا هێرشی کردۆتە سەر شاری "لەگەش" و گرتویەتی. هەڵی کوتاوەتە سەر شاری "ئوما" و گرتویەتی. درێژەی بە هێرشەکانی داوە تا گەیشتۆتە سەر دەریا، بۆ دەربڕینی سەرکەوتنەکانی لە ئاهەنگێک دا، کە بۆ ئەو بۆنەیە رێکی خستوە، چەکەکەی لە ئاوی دەریادا شۆریوە.

لە باڵۆرەیەک دا کە بۆ هەندێ لەم رووداوانە دانراوە ئەڵێ:

"سەرجۆن شای ئاکەد، مشکیم، ئینانا، شای کیش، کاهینی جودی خوا ئان، شای وڵات، ئینسی ئینلیلی مەزن، شاری وەرکای کاول کرد و شورەکانی روخاند، لە گەڵ پیاوەکانی وەرکا جەنگی و شکاندنی، لە گەڵ لوگال زاگی زی، شای وەرکا جەنگی و دیلی کرد و نیری کردە ملی و هێنایە بەر دەروازەی ئینلیل.

سەرجۆن، شای ئاکەد، لە گەڵ پیاوانی ئور جەنگی و شکاندنی، شارەکەی وێران کردن و شورەکانی روخاند.

پەلاماری ئی نینماری دا و شورەکانی روخاند، سەرزەمینەکەی لە لەگەشەوە تا سەر دەریا وێران کرد و، چەکەکەی لە دەریادا شۆرد.

لە گەڵ پیاوانی ئوما جەنگی و شکاندنی، شارەکەی وێران کردن و شورەکانی روخاند.

ئینلیل هیچ مێملێکی بۆ سەرجۆن دانەنا، ئینلیل، بە راستی، هەمو ناوچەکانی کە لە دەریای ژوروەوە بۆ دەریای ژێرو درێژ ئەبێتەوە پێ بەخشی.

ئاکەدیەکان لە هەمو جێیەک هەر لە دەریای ژێروەوە تا دەریای ژورو دەستیان گرت بە سەر ئینسیەکان دا.

پیاوانی ماری و پیاوانی ئیلام، وەکو گەورەی خۆیان خزمەتی سەرجۆن، شای وڵاتیان ئەکرد.

سەرجۆن، شای وڵات، کیشی دروست کردەوە و شارەکەی دایەوە بە خۆیان تیا دابنیشن.

هەرکەس ئەم نوسینە بسڕێتەوە، ئوتو لە بنی بهێنێ و وەچەی لێ نەکەوێتەوە."(وائلي، ل 466.)

سەرجۆن بە داگیرکردنی "ئوما" کە قەڵای لوگال زاگی زی بوە، کۆتایی بە دەسەڵاتی "دەوڵەت شار" ەکانی سومەر هێناوە. بناغەی "دەوڵەتی وڵات" ی داناوە. شاری "ئاگادە: ئاکەد" ی لە نزیک شاری "کیش" دروست کردوە و کردویەتی بە پایتەختی دەوڵەتەکەی. ئیتر کەوتۆتە پەلهاویشتن بە هەر چوارلای مەڵبەندەکەی دا. بە گوێرەی گێڕانەوە دێرینەکان، کە پڕن لە ئەفسانە و خۆهەڵکێشان و بە خۆوە نازین، لە لای خواروێوە گەیشتۆتە سەر کەناری خەلیج و لە لای رۆژئاوایەوە گەیشتۆتە جەزیرەی سوریا و کەناری دەریای سپی ناوەڕاست و لە لای خواروی رۆژهەڵاتیەوە گەیشتۆتە وڵاتی عیلام و لە لای سەرویەوە گەیشتۆتە خواروی ئەنەدۆڵ. لە چەند شوێنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا بنکەی جەنگیی داناوە. ئاکەد لە هەمو لایەکەوە دیاری و باجی بۆ هاتوە. کەشتی لە کەناری ئاوەکانی دا باری کردوە و باری داگرتوە. سەرجۆن، لە یەکێ لە باڵۆرەکانی دا، شانازی ئەکا بەوەی لە شاری ئاکەد لە بەر دەمی ئەودا 5400 جەنگاوەر رۆژانە نان ئەخۆن. لێرە بە دواوە ئیتر "ئاکەدی" بو بە ناو بۆ گەلێکی، بە رەگەز سامی، دەسەڵاتداری ئەم دەوڵەتە فراوانە و، زمانی ئاکەدی لە پاڵ زمانی سومەری دا بو بە زمانی کارپێکراوی تۆمارکردنی رووداوەکان و هۆنینەوەی لاوژە و باڵۆرە و ئەفسانە.

سەرجۆن، پەنجاوشەش سالّ حوکمی کردوە. زۆری تەمەنی بە شەڕ بە سەر بردوە. لە دوا سالّەکانی حوکمی دا توشی شەڕوشۆڕی ناوخۆ و هەڵگەڕانەوەی شارەکان بوە، بەڵام توانیویّتی سەرکوتیان بکا.

دوای سەرجۆن کوڕەکەی "ریموش" جێگەی گرتۆتەوە. دەسەڵاتەکەی ریموش توشی یاخیبونی ناوخۆ و جەنگی دەرەکی بوە. هەندێ لە ناوچەکان لێی هەڵگەڕانەتەوە، بە شەڕ هێناونیەوە ژێر فەرمانی خۆی. بەڵام

فەرمانڕەوایی ریموش زۆری درێژە نەکێشاوە. نۆ ساڵ حوکمڕانی کردوە. دەسو پێوەندەکانی خۆی کوشتویانە.

دوای ریموش براکەی "مانیشتوسو" چۆتە شوێنی. ئەمیش بە هەمان ڕێبازی جەنگی و سیاسی باوک و براکەی دا ڕۆیشتوە. پانزە ساڵ حوکمڕانی کردوە. ئەمیش لە پیلانێکی ناوخۆدا کوژراوە.

دوای مانیشتوسو کوڕەکەی نارام سین (2291 – 2255 پ. ز) جێگەی گرتۆتەوە.
نارام سین سیوحەوت ساڵ حوکمڕانی کردوە. نارام سین دەوڵەتی ئاکەدی گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی فراوانبون. زنجیرەیەک کاری جەنگی ئەنجام داوە و سەرکەوتنی گەورەی بە دەس هێناوە. یەکێ لەوانە شکاندنی لولوبیەکان بوە. (بڕوانە بالۆرەی سەرکەوتنی نارام سین)
نارام سین چەند نەریتی سیاسیی و دینیی تازەی داهێناوە:
یەکەم، ناوی لە خۆی ناوە شای چوارقورپنەی زەمین. چوار قورپنەی زەمین بە پێی تێگەیشتنی ئەو زەمانە هەمو دنیا بوە. لەوەو پێش ئەیان وت شای سومەر، شای سومەر و ئاکەد... ئەم لە پاڵ ئەو نازناوانەدا ئەو ناوە تازەیەی خستۆتە سەر نامە و نوسینەکانی.
دوەم، خۆی بردۆتە ریزی خواکان. لە نوسینەکانی دا نیشانەی خوایەتی لە گەڵ ناوی خۆی دا بەکارهێناوە. لە نەخش و پەیکەرەکانی دا کڵاوی دوشاخی کردۆتە سەری. لەوە پێش هیچ کام لە شاکانی سومەر و ئاکەد خۆیان بە خوا نەناساندوە، ئەوپەڕی خۆیان بە بریکار یا نوێنەری خوا داناوە، بە ناوی ئەوانەوە فەرمانڕەواییان کردوە، بەڵام ئەم خۆی بە خودادەند راگەیاندوە، ئەمەش جۆرێ بوە لە دەرچون لە نەریتی دینیی باوی ئەو سەردەمە و، بە کفر دانراوە و، ئەمەش بە یەکێ لە هۆکانی روخانی ئیمپراتۆریەتەکەی دانراوە.
سەرجۆن پەلاماری شاری ئیکوری داوە و، پەرستگا گەورەکەی ئینلیلی وێران کردوە. بەوەش گۆیا خوا مەردوخی تورە کردوە. سەرەنجام کە دەوڵەتی ئاکەد شکاوە، شکانەکەیان گێڕاوەتەوە بۆ ئەو رقەی خوا مەردوخ لێی هەڵگرتوە، لە سۆنگەی پەلاماردانی شارەکە و روخاندنی پەرستگاکانی. ئاکەد، پایتەختی نارام سین، کەوتۆتە بەر نەفرینی خواکان، کاول بوە. بەو بۆنەیەوە ئەفسانەیەکیان هۆنیوەتەوە تۆک لە ئاکەد ئەکا. لە بەشێکی ئەم شیوەنەدا کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە بە ناوی "نەفرەتی ئاکەد" ئەڵێ:
"ئەی شار! تۆ ئەوەی پڕکێشیت کرد هێرش بکەیتە سەر ئیکور، ئەی ئەوەی روبەڕوی ئینلیل بویتەوە.
ئەی ئاکەد! ئەی ئەوەی پڕکێشیت کرد پەلاماری ئیکور بدەی، ئەی ئەوەی روبەڕوی ئینلیل بویتەوە.
خۆزگە کێڵگەکانت خۆڵیان لە سەر کەڵەکە ئەبو
خۆزگە خشتە کاڵەکانت لە ئاودا ئەخوسان
خۆزگە خشتە کاڵەکانت خوا ئینکی نەفرەتی لێ ئەکردن
خۆزگە درەختەکانت ئەگەڕانەوە دارستانەکان
خۆزگە هاوسەرەکەت لە باتی گا سەربڕاوەکان سەر ببڕدرایە
خۆزگە منالەکانت لە باتی کاوڕە سەربڕاوەکان سەر ببڕدرانایە
هەژارەکانت خۆزگە ببرانایە منالەکانیان و خۆشەویستەکانیان نقوم بکرانایە
ئەی ئاکەد خۆزگە کۆشکەکەت کە بە دڵی خۆشەوە بنیات نراوە دەبوە کەلاوەیەک دڵتەنگی ئەهێنا
لەو شوێنانی کە ئاین و نەریتەکانی لێ بەجێ ئەهێنی خۆزگە ڕێوی لە کەلاوەکانی دا کلکی رابوەشانایە

خۆزگە شوێنی راکێشانی بەلەمەکانت جگە لە گژوگیای خراپ هیچی کەی لێ نەڕوایە
خۆزگە لە سەر ڕێی عەرەبانەکانت جگە لە گیای گریان هیچی کە نەڕوایە
سەرەڕای ئەمانەش خۆزگە بە سەر ڕێی بەلەم و شۆستەکانی دا کەس بە هۆی سخولی دڕندەوە، کرم و مار و دوپشکی شاخەوە نەڕۆیشتایە
خۆزگە دەشتەکانت کە گژوگیای دڵخۆشکەریان لێ ئەڕوا، زەلی گریانی لێ بڕوایە
ئەی ئاکەد، لە جیاتی ئاوی شیرینی ڕەوان خۆزگە ئاوی شۆڕی لێ بڕۆیشتایە
ئەوەی بڵێ ئەمەوێ لەو شارە نیشتەجێ بم جێیەکی باشی نیشتەجێبونی لێ دەس نەکەوێ
ئەوەی بڵێ لە ئاکەد ئەنوم شوێنێکی باشی نوستنی لێ دەس نەکەوێ"(وائلي، ل 85)
دەسەڵاتی نارام سین لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا، وەکو ئەفسانە و لاوژەکانی ئەو سەردەمە ئەیگێڕنەوە، چەند جارێ کەوتۆتە بەر هێرشی گەلانی دراوسێ لەوانە ئاموری، ئیلامی، گوتی. سەرەنجام لە سەردەمی شار کالی شاری کوڕ و جێگرەوەی نارام سین لە لایەن گوتیەکانەوە دەوڵەتی ئاکەد شکێنراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی هاتوە. (بڕوانە لاواندنەوەی سومەر و ئوروم)

گوتیەکان کێ بون؟

لە سێیەمین هەزارەی پێش زاینەوە کە لە میزۆپۆتامیا سومەریەکان نوسینیان لە سەر قوڕ، چ بە وێنە و چ بە خەت، داهێنا ناوی "گوتی" لە ناو ڕوداوەکانی ناوچەکەدا، لە ناو گێڕانەوەی ئەفسانە و چیرۆک و لاوانەوە و شیعری سومەری و ئاکەدی و بابلی و ئاشوری دا هاتوە.
بە پێی ئەم گێڕانەوانە:
گوتیەکان گەلێکی چیانشین، دڕندە، خوێنڕێژ، بێ بەزەیی و وێرانکەر بون و، هەندێ جار بە هەژدیها و مار و دوپشکی شاخەکان ناو براون.
گوتیەکان لە نێوان ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بناری چیاکانی زاگرۆس دا، لە نێوان زابی بچوک و سەروی ڕوباری سیروان (دیالە) دا ژیاون. مەڵبەندی سەرەکییان لە ناوچەی کەرکوکی ئێستا بوە.

گوتیەکان، کە چیانشین یا چیایی بون، لە ناکۆکی بەردەوام دا بون لە گەڵ دانیشتوانی دەشتەکان دا، ناوبەناو شاڵاویان بۆ بردون. لە ئەنجامی ستەمکاریی شا و دەسەڵاتدارەکانی ئاکەد دا، ئاکەدیەکان بەر نەفرەتی خواکانیان کەوتون، خواکان گوتیەکانیان لە شاخەکانەوە بۆ ناردون، هێرشیان کردونەتە سەر، شار و ئاواییەکانیان وێران کردون، ولاتەکەیان داگیر کردون، کارەساتێکی گەورەیان بە سەر هێناون. (بڕوانە: لاوانەوەی ئوروک)
وەکو مێژونوسەکان ئەڵێن، گوتیەکان ماوەی سەدەیەک، کەمتر یا زیاتر، حوکمی ولاتی سومەر و ئاکەدیان کردوە. سەرەنجام ئوتو خیگال پەیدا بوە، ئوتو خیگال (10 - 2116) هێزەکانی ئاکەد و سومەری کۆکردۆتەوە پەلاماری گوتیەکانی داوە شکاندونی و شاکەیانی بە دیل گرتوە. بەم بۆنەیەوە بالۆرەیەکیان بۆ ڕێکخستوە و لە سەر قوڕ بە خەتی مێخی و بە زمانی ئاکەدی نوسراوە. (بڕوانە: بالۆرەی سەرکەوتنی ئوتو خیگال)
سەرکەوتنی ئوتو خیگاڵ و شکاندنی گوتیەکان، تەخت و تاجی شاهێتی بۆ سومەر گێڕاوەتەوە. سەرەتای دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی تر دەستی پێ کردوە.

کە باسی مێژوی گوتیەکان کراوە، زۆرتر پشت بەو چیرۆکانە بەستراوە، نەک بە لێکۆڵینەوەی شوێنەوارە کۆنەکان. بۆیە ئەشی گێڕانەوەکان یەکلایەنە و "بژارەیی: انتقائی" بوبن، ئەوە باری سەرنجی دوژمنەکانیان بێ کە ئێستا کراونەتە کەرەستەی نوسینەوەی مێژوەکەیان. هێشتا کەسێکی تر بە دوای ئەوەدا نەگەڕاوە گێڕانەوەکانی گوتیەکانیش بدۆزێتەوە تا هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری بکرێ لە نێوان گێڕانەوەی جیاواز دا.

تا ئێستا، ئەوەندەی بەندە ئاگاداری بێ، لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی تێروتەسەل تایبەت بە گەلی گوتی نەکراوە. زانیاریەکانی هەن کەم و ناتەواون، ئەوانەش کە لە سەریان نوسیون هەمان زانیاریەکانی پێش خۆیان دوبارە کردۆتەوە. رەنگە لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و فیلۆلۆجی لە پاشەرۆژدا بتوانێ هەندی لایەنی تاریکی مێژوی گەلی گوتی زاگرۆسی روون بکاتەوە.
گوتیەکان، یەکێکن لەو گەلانەی نەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گوتیەکان، بڕوانە:
(بە زمانی ئینگلیزی)
ئینسکلۆپیدیا بریتانیکا، بەرگی یانزە، بابەتی "شارستانێتی میزۆپۆتامیا"، ل 974 و 978.
(بە زمانی فارسی)
دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمة کریم کشاورز، تهران، 1377. ل 103 – 118.
(بە زمانی عەرەبی)
طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، دار الوراق، بيروت، 2009. ل 407 – 414.
صموئيل نوح كريمر، السومريون، ترجمة الدكتور فيصل الوائلي، الكويت، ل 82 و 412.
(بە زمانی کوردی)
محمد امین زکی، خلاصەییکی تاریخی کورد و کوردستان، بەغداد، 1931.
علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەغداد، 1952. ل 30 – 31.
کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دا، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008. ل 45 – 55.

وشەی نائاشنا

تلیان: سەبەتەیەکی قوڵە لە شێوەی گۆزەدا لە شوڵی داری بی، یا حەسیر، زەل.. دروست کراوە.
نیر: کەڵەمە. تەوقێ بوە لە تەختە یا مەعدەن دروست کراوە خراوتە ملی گا بۆ زەوتکردنی لە کاتی جوت و گێرەدا، یا کراوەتە ملی مرۆڤ وەکو نیشانەی بەندایەتی.

وتوویژی
ئاغایەک و کۆیلەکەی

ئاغا: کۆیلە، گوێت لێم بێ!
کۆیلە: بەڵێ ئەزبەنی، ئەوەتا گوێم لێتە!
ئاغا: گالیسکەکەم بۆ بهێنە، ئامادەی بکە، گەرەکمە بچم بۆ کۆشک.
کۆیلە: بچۆ، ئەزبەنی بچۆ! هەمو داواکانت جێبەجێ ئەکا، ڕێز و چاودێری شا بە دەس ئەهێنی.
ئاغا: نا، کۆیلە ناچم بۆ کۆشک.
کۆیلە: مەچۆ ئەزبەنی، ئەگینا شا بە ئیشێ ئەتنێرێ بۆ جێیەکی نەناسراو، لە خاکی بێگانەدا بە دیل ئەگیرێی، شەو و ڕۆژ توشی کێشە ئەبی.

ئاغا: کۆیلە گوێت لێم بێ!
کۆیلە: ئەوەتا ئەزبەنی گوێم لێتە.
ئاغا: دەسبەجێ ئاوم بۆ بهێنە دەستم بشۆم گەرەکمە نان بخۆم.
کۆیلە: بیخۆ، ئەزبەنی بیخۆ! ژەمێ خواردنی باش دڵ ئەکاتەوە، بۆ ئەو خواردنەش کە بە خۆشی و بە دەستی پاک بخورێ، خوا شاماش ئامادەی ئەبێ.
ئاغا: نە کۆیلە نا، نان ناخۆم.
کۆیلە: مەیخۆ ئەزبەنی، مەیخۆ! لە پاش نانخواردن برسێتی و لە دوای خواردنەوە تینوێتی دێ.

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: بەڵێ ئەزبەنی، ئەوەتا من گوێڕایەڵتم.
ئاغا: بڕیارم داوە شۆڕش بکەم، یاخی بم.
کۆیلە: بیکە ئەزبەنی! چی بە سەر جەوهەرتا دێ و کێ ئەتداتێ سکت پڕ بکەی؟

ئاغا: نا، کۆیلە نا شۆڕش ناکەم.
کۆیلە: مەیکە ئەزبەنی مەیکە! هەر کەس شۆڕش بکا و یاخی بێ ئەشکەنجە ئەدرێ لەشی بە لێدان ئەشێوێنرێ و ئەخرێتە زیندانەوە.

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: گوێڕایەڵتم ئەزبەنی، ئەوەتا گوێڕایەڵتم.
ئاغا: ئەمەوێ دڵداری بکەم.
کۆیلە: دڵداری بکە ئەزبەنی دڵداری بکە! هەرکەس دڵداری بکا ئازار و ماندوبونی لە بیر ئەچێتەوە.
ئاغا: نا، کۆیلە دڵداری ناکەم.
کۆیلە: دڵداری مەکە ئەزبەنی دڵداری مەکە! ژن بیرە، ژن خەنجەرێکی ئاسنینە گەردنی پیاو ئەبڕێ.

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: بەڵێ ئەزبەنی، ئەوەتا گوێڕایەڵتم.
ئاغا: ئاوم بۆ بهێنە دەستم بشۆم، گەرەکمە قوربانی پێشکەش بە خوا بکەم.
کۆیلە: بیکە ئەزبەنی، بیکە! ئەوەی قوربانی پێشکەش بە خوا بکا بەختیاری بە دەس ئەهێنێ و دینی بەهێزتر ئەبێ.
ئاغا: نا کۆیلە، قوربانی ناکەم.
کۆیلە: قوربانی مەکە ئەزبەنی، قوربانی مەکە! ئەتوانی ئاگاداری خوا بکەی کاتێ پێویستی پێت ئەبێ ئایینەکانی جێبەجێ بکەی وەک سەگ بە دوات دا رابکا.

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: بەڵێ ئەزبەنی، بەڵێ!
ئاغا: ئەمەوێ خێر بکەم و سەدەقە بۆ ئەرزەکەم بکەم و خواردن پێشکەش بە ولاتەکەم بکەم.
کۆیلە: خواردن پێشکەش بکە ئەزبەنی، ئەوەی خواردن پێشکەش بکا بە ولاتەکەی، جۆکەی بە مۆڵی بۆ خۆی ئەمێنێتەوە، قازانجی زۆری دەس ئەکەوێ.
ئاغا: نا کۆیلە خواردن پێشکەش ناکەم بە ولاتەکەم.
کۆیلە: مەیکە ئەزبەنی، مەیکە! بەخشین وەکو خۆشەویستی وایە.. وەکو لە دایکبونی منالّ وایە.. نانەکەت ئەخۆن و نەفرینیشت لێ ئەکەن.

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: ئەوەتا گوێڕایەڵتم ئەزبەنی.
ئاغا: گەرەکمە یارمەتی ولاتەکەم بدەم.
کۆیلە: بیکە ئەزبەنی، ئەوەی یارمەتی ولاتەکەی بدا چاکەکانی ئەخرێتە ناو لەپی خوا مەردوخەوە.
ئاغا: نا کۆیلە، یارمەتی ولاتەکەم نادەم.
کۆیلە: مەیکە، ئەزبەنی مەیکە! سەر بکەوەرە سەر کەلاوە دێرینەکان و بە سەری دا بڕۆ سەیری کەللەسەری تێکەڵاوی رابوردوان بکە ئاخۆ کامانەیان بەد بون و کامانەیان باش بون؟

ئاغا: گوێڕایەڵم بە کۆیلە، گوێڕایەڵم بە!
کۆیلە: بەڵێ، ئەزبەنی بەڵێ!
ئاغا: ئێستا چی لەم دنیایەدا باشە! لە گەردنی تۆ و لە گەردنی خۆم بدەم، یا هەردوکمان خۆمان بهاوێژینە ناو ئاوەوە، کامیان شتی باشە.
نا کۆیلە، تۆ بە تەنیا ئەکوژم، بۆ ئەوەی تۆ پێشم بکەوی.
کۆیلە: ئاخۆ ئاغاکەم حەز ئەکا دوای من بژی تەنانەت ئەگەر بۆ سێ رۆژیش بێ!

تێچاندن

ئەم لاوژەیە، بە زمانی بابلی هۆنراوەتەوە، بە پێی هەڵسەنگاندنی شارەزایان، کە باسی ئاسن ئەکا، سەردەمی هۆنینەوەی ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاین.
چەند شتێ لەم بابەتە ئەخوێنرێتەوە:
یەکەم، هەڵوەشانی رێکخراوەی بەها دینیە باوەکانی کۆمەڵی بابلی، بە تایبەتی سوکایەتی ئاشکرا بە باوەڕی فرە – خوایی.
دوەم، داڕزانی رێکخراوەی بەها رەوشتە- کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵ، کە لەم گفتوگۆیەدا خۆی لە دوڕویی و روپامایی و چاپلوسی ... دا ئەنوێنێ.
سێیەم، ناهاوسەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەو رۆژگارەدا، کە گەورەی دەبەنگ بە بێ رەنجی زۆر و راوێژی ژیرانەی کۆیلەکانی نەیتوانیوە درێژە بە مانی خۆی بدا.

ئەم دەقە لە عەرەبی وەرگیراوە. بڕوانە:
طه باقر: مقدمة في ادب العراق القديم، دار الوراق للنشر، بغداد 2010. ص 190 – 194.
لە بەر ئەوەی لە نێوان تێکستەکەی تەها باقر و هەندێ تێکستی تردا جیاوازییەکی کەم هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
جان بوتيرو: بلاد الرافدين، الكتابة - العقل - الالهة، ترجمة الاب البير ابونا، ص 309 - 316.
الدكتور سامي سعيد الاحمد: فترة العصر الكاشي، مجلة سومر، الجزء الاول والثاني، المجلد التاسع والثلاثون، 1983. (ص 148-150).
هەروەها
الدكتور وليد الجادر: المحاورة التشاؤمية والمعجزة، مجلة الاقلام، المجلد 5، الجزء 1، 1969. (ص 47-62)

لاوژەی لوگالباندا

چکاوەی بابەت

ئینمیرکار، شای ئونوگ بڕیار ئەدا بچێتە سەر ئەراتا. ئەراتا شارێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت دایە، گوێڕایەڵی شای ئونوگ نین. شای ئونوگ داوا لە شای ئەراتا ئەکا بۆ دروستکردنی پەرستگاکانیان پیرۆزە و ئاقیق و زێڕ و زیوی بۆ بنێرن، بەردی شاخەکانی بۆ بهێنن. ئەوان گوێ بەم داوایانە نادەن.
ئینمیرکار بڕیار ئەدا بچێتە سەریان بە شەڕ مەڵبەندی یاخییان داگیر بکا و بە زۆر سەریان پێ دابنەوێنێ.
خەڵکی وڵاتەکەی ساز ئەدا، باجیان لە سەر دائەنێ و، سەربازگیری ئەکا.
بە ڕێ ئەکەون. پاش چەند ڕۆژێ لوگالباندا، یەکێ لە سەرکردە جەنگیەکانی نەخۆش ئەکەوێ، بۆ ئەوەی لەشکرکێشیەکەیان دوا نەکەوێ لە ئەشکەوتێک دا بە جێی ئەهێڵن. هەندێ خواردن و تفاقەکانی خۆی بۆ دائەنێن بە هیوای ئەوەی ئەگەر لە نەخۆشیەکەی هەستایەوە بگەڕێتەوە بۆ ئونوگ، ئەگەر مرد ئەمان دوای تەواوبونی لەشکرکێشیەکە تەرمەکەی ببەنەوە. بەمجۆرە بەجێی ئەهێڵن.
هێزەکانی کولابا و ئونوگ درێژە بە ڕێپێوان ئەدەن ئەچنە سەر ئەراتا گەمارۆی ئەدەن. پێیان ناگیرێ.
لوگالباندا بەو نەخۆشیە نامرێ. هۆشی دێتەوە بەر. بە دەم گریانەوە دەستی پارانەوە بۆ خواکان هەڵئەبڕێ:
لە ئینلیل، گەورەی خواکان، ئەپارێتەوە نەخۆشی لە کۆڵ بکاتەوە.
لە ئینانا، خوای دڵداری و جەنگ ئەپارێتەوە لە بیماری ڕزگاری بکا.
لە ئوتو، خوای ڕۆژ، ئەپارێتەوە چاکی بکاتەوە.
لە سوئین، خوای مانگ، ئەپارێتەوە هێزی تێ بگەڕێتەوە.
ئینلیل، باوکی هەمو خواکان بە ڕاوێژ لە گەڵ ئوتو، خوای ڕۆژ، "نەمامی ژیان" و "ئاوی ژیان" ئەخولّقێنێ. لوگالباندا لە نەخۆشی هەڵئەستێتەوە. هەندێ هێزی دێتەوە بەر. تۆپشوەکەی و چەکەکانی هەڵئەگرێ و لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە. لە نەمامی ژیان ئەخوا و لە ئاوی ژیان ئەخواتەوە، ئەوسا ئیتر ئەکەوێتە گەڕان و سوڕان و جموجوڵ. بەڵام بە چاوە تیژەکانی لەو دەوروبەرەدا جگە لە خۆی هیچ کەسێکی تر بەدی ناکا.

ماندو ئەبێ، شەو بە سەردا دێ، تێروپڕ مەی ئەخواتەوە تا مەست ئەبێ و لە پەلوپێ ئەکەوێ. ئینجا خەوی لێ ئەکەوێ. ئەگەرچی خۆی نەی ئەزانی ئاگر بکاتەوە. نەی ئەزانی تەنور چیە و چۆن نان ببرژێنێ. نەی ئەزانی ئاگردان چۆنە و چۆن گۆشت ببرژێنێ. نەی ئەزانی چۆن خواردن ئامادە بکا. چۆن تەڵە دابنێ و چۆن بۆسە بنێتەوە بۆ راوی گیانداری کێوی. لە خەوەکەی دا هەمو ئەوانەیان فێر کرد.

بۆ بەیانی کە بە ئاگا دێتەوە هەرچی لە خەونەکەی دا دی بوی هەموی جێبەجێ ئەکا. تەڵە ئەنێتەوە، بۆسە دائەنێ. جوانەگایەکی کێوی و دو بزن لە بۆسەکەی دا ئەگرێ. دار هەڵئەکەنێ. شوڵیان لێ دروست ئەکا. بە شوڵەکانی ئەیان بەستێتەوە. ئاگردان دروست ئەکا و ئاگر ئەکاتەوە. نان و خەپلە ئەبرژێنێ. مەی و بادە ئامادە ئەکا. جوانەگاکە و بزنەکان ئەکوژێتەوە، ئەیان برژێنێ دوکەڵەکەی ئەچێ بە ئاسمان دا هەواڵ بۆ خواکان بدا. خوێنەکەیان ئەڕژێتە چاڵێکەوە تا مارەکانی بیابان بۆنی بکەن. سفرەیەکی نایاب ئەڕازێنێتەوە بۆ میوانداری لە خواکان، بۆ خێر - قوربانی خواکان: .ئینلیل (خوای باوک و، با)، ئینکی (خوای ئاو و، ژیریی)، نینهورساگ (ماخوای دایک و، زەوی).

لوگالباندا لە ناوخواکان دا مەلی ئانزود (خوای بروسکە) هەڵئەبژێرێ کۆمەکی بکا.

بۆ ئەو مەبەستە بە هەلی ئەزانێ ئانزود لە هێلانەکەی دور ئەبێ، ئەمیش خزمەتی بەچکەکانی ئانزود ئەکا، هێلانەکەی ئەڕازێنێتەوە. خواردنیان بۆ ئامادە ئەکا. دایکە و باوکەی جوجەڵەکان لە دورەوە کە بانگ لە بەچکەکانیان ئەکەن، بەچکەکان ئەوەندە سەرمەستی خۆشی ئەبن وەڵام نادەنەوە. دایک و باوک گومان ئەکەن کارەساتێ لە هێلانەکانیان قەومابێ. بەڵام کە دێنەوە هێلانەکەیان ئەبینن خۆش کراوە و بەچکەکانیان خزمەت کراوە مەلی ئانزود ئەوەندە دڵی خۆش ئەبێ بەڵێنی گەورە ئەدا بەوەی ئەو چاکەیەی لە گەڵ کردوە ئەڵێ: تۆ ئەی ئەوەی کە ئەمەت لە گەڵ من کردوە ئەگەر خوای ئەوا ئەبم بە هاوڕێت و ئەگەر مرۆڤی چاکەت ئەدەمەوە بەوەی چارەنوست بۆ دیاری ئەکەم.

لە گەڵ لوگالباندا پێک ئەگەن. ئانزود ئەیەوێ لوگالباندا بە هەندێ دەسکەوتی بچوک رازی بکا، چەندین پێشنیاری بۆ ئەکا لەوانە:

بە دەستی پڕ بە سەربەرزی بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی

سپیایی هەمو مێگەلی سەرئەرزی پێ ببەخشێ

جلوبەرگێکی جەنگیی وەهای لە بەر بکا لە شەڕدا هەرگیز نەشکێ

لوگالباندا بە هیچ کام لەوانە رازی نابێ، ئەیەوێ چارەنوسێکی بۆ دیاری بکا بگەڕێتەوە بۆ ناو برا و هێز و شارەکەی بەڵام ببێتە کەسایەتیەکی خوایەنراوی گەورەی خاوەن پلە و پایەی بەرز. ئانـزود بەڵێنەکەی بە جـێ ئەهێنێ بەو مەرجـەی ئەم کارە بە نهێنی بمێنێتەوە، بۆ کەسی باس نەکا: هەم ئەیکا بە پاڵەوانێکی بە هێز، هەم کۆمەکی ئەکا لە دۆزینەوەی هێزەکەیان دا.

لوگالباندا ئەگەڕێتەوە بۆ لای براکانی بۆ لای هێزەکەی. هەمویان بە لایانەوە سەیر ئەبێ گومان لە گەڕانەوەکەی ئەکەن، چۆن نەمردوە، چۆن لەو شاخانە بە تەنیا، بە ناو ئەو هەمو مەترسیانەدا تێ پەڕیوە. بە پرسیار دای ئەگرنەوە. وەڵامی هەمویان ئەداتەوە باوەڕیان پێ ئەهێنێ.

ئینمیرکار ماوەی سالێ گەمارۆی شاری ئەراتا ئەدا بێ ئەوەی بتوانێ بیگرێ ئەیەوێ کەسێ بنێرێتەوە بۆ ئونوگ پەیامی چەقینی هێزەکانی لە بەردەم دیوارەکانی ئەراتادا بباتەوە بۆ، ئانانا، ماخێوی ئوروگ، گلەیی لێ بکا لە سەر ئەوەی؛ ئەو کردویەتی بە شا و، لە سەر رێنمایی ئەو هەڵی کوتاوەتە سەر ئەراتا، کەچی ئەو ئەمی فەرامۆش کردوە و کۆمەکی ناکا لەشکرکێشیەکەی بە سەرکەوتویی کۆتایی بێ. داوای لێ ئەکا کە یان

بیگێڕێتەوە بۆ کولابا یان کۆمەکی بکا. هیچ کەس لە ناو ئەو هێزەی کە لە گەڵی بون ئامادە نابن ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن و ئەو پەیامە بگەیەنن. ئەترسن لە ڕێگا ون ببن. لوگالباندا ڕاست ئەبێتەوە ئامادەیی بۆ چون دەرئەبڕێ، بەو مەرجەی خۆی بە تەنیا ڕابسپێردرێ و، کەسی تری لە گەڵ نەنێرن. هاوەڵەکانی گاڵتەی پێ ئەکەن. ئینمیرکار ئەرکەکەی پێ ئەسپێرێ.
لوگالباندا بە سەرکەوتویی ئەگاتەوە ئونوگ. پەیامی شا ئەگەیەنێ بە ئانانا. ئانانا یش لە وەڵامی پەیامەکەی ئەودا ئامۆژگاری بۆ ئەنێرێ کە چەندین جۆر ماسی لە ئاوی ڕوباری پاک دا ئەژین و لە ناو ئەوانەدا یەکێکیان خوای هەمویانە ئەگەر ڕاوی ئەو ماسیە بکەن و، بیکەن بە قوربانی و دەرخواردی خواکانی بدەن، ئەوکات توانایەکی زۆری بردنەوەی شەڕ ئەچێتە چەکەکانیان و خۆیانەوە.
ئەوسا ئەتوانن سەرچاوەی ئاوی ئەراتا، کە سەرچاوەی ژیانی ئەوانە، ببڕن و ناچار ئەبن مل بدەن بۆ فەرمانڕەوایی ئەمان.
ئەوسا هەمو ئەراتا ئەکەوێتە ژێر دەستی ئەو و ئەتوانێ وەستاکانیان، ئاسنگەر و سەنگتاش، بە کەرەستەی پێویستەوە ڕاپێچ بکا بۆ ئونوگ بۆ ئاواکردنەوەی پەرستگاکان.

لاوژەی لوگالباندا

لوگالباندا و ئەشکەوت

1 - 19: کاتێ لە ڕۆژانی دێرین دا ئاسمان لە ئەرز جیا بوەوە، کاتێ لە ڕۆژانی دێرین دا شتەکان تەواو کران. کاتێ لە زەمانی زودا جۆخێنەکان هەڵگیران... جۆ هاتە خواردن. کاتێ کەوشەن دیاری کرا و سنورەکان کێشران، کاتێ کێڵی سنورەکان چەقێنران و ناوەکانیان لە سەر نوسرا. کاتێ جۆبار و لێوارەکانی جۆماڵ کران، کاتێ بیرەکان ڕاستەوخۆ بە قوڵی هەڵکەنران. کاتێ بنی فورات، ڕوباری ڕێژەنی ئونوگ، کرایەوە. کاتێ...، کاتێ...، کاتێ ئانی پیرۆز جولا...، کاتێ بارەگاکەی ئین و شا لە ئونوگ بە خۆشناویەوە کاریان ئەنجام ئەدا. کاتێ گۆپاڵی شاهی و گورزی کولابا لە نەبەردا... نەبەرد، گەمەی ئینانا، بڵند ڕاوەشێنران. کاتێ سەرڕەشەکان، لەو ڕێگەیەدا کە بڕی بویان، بە ژیانی درێژ پیرۆز کران...، کاتێ ئەوان بزنی چیاییان بە سمی پتەوەوە و کەڵی چیاییان بە قۆچی جوانەوە پێشکەش بە ئینمیرکار ی کوڕی ئوتو کرد...

20 - 34: ئینجا، لەو کاتەدا، شا سەری گورزەکەی ئاڕاستەی شارەکە کرد، ئینمیرکار ی کوڕی ئوتو ئامادەکاری کرد .... بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر ئەراتا، کێوی دەسەڵاتی خوایەنراوی پیرۆز. بە نیازی کاولکردنی سەرزەمینی یاخییان، ئاغا کەوتە سازدانی شارەکەی. جارچی، لە سەرانسەری وڵات دا، فوی کرد بە کەڕەنای شاخی دا.
ئێستا ... جەنگاوەرانی ئونوگ، لە گەڵ شاهی ژیردا، چونە مەیدانەوە. ڕاستیەکەی ... جەنگاوەرانی کولابا شوێن ئینمیرکار کەوتن. جەنگاوەرانی ئونوگ لێشاوێ بون، جەنگاوەرانی کولابا... ئاسمانی هەوراوی بون. هەر کە ئەوان، ئەرزیان وەک تەمێکی چڕ داپۆشی، تەپوتۆزی خەستی ئەوان گەیشتە ئاسمان.
بۆ ئەوەی تەفرەیان بدا و هەرە باشەکانیان ئاشکرا بکا هاواری لە جەماوەرەکە کرد. هەریەکەیان نیشانەی خۆی دا بە هاوەڵەکەی....

35 - 46: شاکەیان لە پێشەوەی لەشکرەکەیەوە ئەرۆیشت.... ئینمیرکار لە پێشەوەیانەوە ئەڕۆیشت بۆ ... لەشکرەکەی

....

... دانەوێڵەی گو – نیدا... زۆرۆزەبەند زیاد بکا.

کاتێ راستاڵ لە گەڵ ئینلیل راوێژی کرد هەمو کولابای بەڕێ خست، وەکو مێگەل لە لێژایی چیاکان دا.... وەکو گاڕان لە بناری هەورازەکان دا رایان ئەکرد.

ئەو روانیە ... لێوارەکە... رێگەکەیان ناسی. ئەو روانی....

47 - 58: پێنج رۆژ رابورد. لە رۆژی شەشەم دا خۆیان شت... لە رۆژی حەوتەم دا چونە ناو چیاکانەوە.

کاتێ لە رێبازەکە پەڕینەوە لێشاوێکی گەورە بە پێچەوانەی تەوژمی ئاوەکەوە ئەڕژایە ناو گۆمەکەوە...

فەرمانڕەواکەیان، بە سواری گەردەلولەوە، کوڕەکەی ئوتو، گەوهەری قەشەنگی درەوشەدار، لە ئاسمانەوە دابەزی بۆ سەر ئەرزی فراوان. کەللەی پرشنگداری دەرکەوت، تیرە تیژەکانی تیشکەکەی وەکو رۆشنایی تێپەڕین..... قوبەی تەورە برونزیەکەی کە لە دروشمەکەی دا ئەبریسکایەوە و، لە تەورە رەنگینەکەی دا دەرپۆقی بو، ئەتوت سەگە بەربۆتە کەلاک.

59 - 70: لەو کاتەدا حەوت بون، ئەوان حەوت بون... خۆرتەکەیان، لە کولابا لە دایک بوبو، حەوت بون. ماخوا ئوراک حەوتی هەبو، چێڵەکی کێوی بە شیر پەروەراند بونی. پاڵەوان بون لە سومەر ئەژیان. لەهەڕەتی خۆشیی شکۆداری دا بون. هێنران لە سەر خوانی ئان نان بخۆن. ئەم حەوتە سەردەستەی ئەوانە بون کە ژێردەستەی سەردەستەکان بون، کاپتنی ئەوانە بون ژێردەستەی کاپتنەکان بون، جەنەراڵی ئەوانە بون ژێردەستەی جەنەراڵەکان بون.

سەردەستەکان سێ سەد پیاو بون، هەر یەک لەو سێ سەدە، کاپتنی شەش سەد پیاو بون، هەریەکە لەو شەش سەد پیاوە، جەنەراڵی حەوت کار، بیستوپێنج هەزار و دوسەد سەرباز بون، هەر یەکەی بیستوپێنج هەزار و دوسەد سەرباز بون.

ئەوانە هێزی هەڵبژاردە بون لە خزمەتی ئاغا دا راوەستا بون.

71 - 86: لوگالباندا. هەشتەمی ئەوان... لە ئاودا شۆرا بو.

بە بێدەنگیەکی سامناک بۆ پێشەوە چو.. لە گەڵ هێزەکان دا رۆیشت. کاتێ نیوەی رێیان بڕی، نیوەی رێیان بڕی بو، توشی نەخۆشی بو، توشی "نەخۆشی سەر" بو. وەکو ماڕێ پەت خرابێتە سەری رابکێشرێ گینگڵی ئەدا و، وەکو ئاسکێ کەوتبێتە تەپکەوە دەمی لە قوڕ چەقی بو. چیتر نەیئەتوانی دەستی هەڵبێنێتەوە و، چیتر نەیئەتوانی لاقی بەرز بکاتەوە. نە شا و نە دەسوپێوەندەکانی نەیانتوانی یارمەتی بدەن. لە چیا گەورەکان دا، ئەوان پێکەوە وەک هەوری خۆڵاوی بە سەر ئەرزەوە جمەیان ئەهات...،

وتیان: "با ئەوان بیبەنەوە بۆ ئونوگ". بەڵام نەیانزانی چۆنی ببەنەوە.

وتیان: "با ئەوان بیبەنەوە بۆ کولابا". بەڵام نەیانزانی چۆنی ببەنەوە.

دانی چۆقەچۆقی بو، لە شوێنی ساردی چیاوە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی گەرم.

87 - 122: کۆگایەک و، کەپرێکیان وەکو هێلانەی مەل بۆ هەڵبەست...
خورما، هەنجیر و جۆری جیاوازی پەنیر، شیرینی کە خواردنی بۆ نەخۆش باش بێ، بۆیان خستە ناو سەبەتەی خورماوە، ئینجا ژورێکیان بۆ رێک خست.
جۆری جیاوازی چەوریی مانگای گەورِ و، پەنیری تازەی مەڕی پشتیر، رۆن و هێلکەی سارد، هێلکەی کوڵاوی سارد، وەکو خوانێ بۆ شوێنی پیرۆز، شوێنی گرنگ، ڕازانەوە.
لە بەر دەم خوانەکەدا، بیرەیان بۆ خواردنەوە، تێکەڵاو لە گەڵ دۆشاوی خورما، بابۆڵەیان... لە گەڵ کەرە بۆ دانا.
شتەکانیان خستە ناو سەتڵی چەرم و، ئاخنییانە ناو هەمانەی چەرمینەوە.. براکانی و هاوڕێکانی، وەکو لە کاتی سەر خەرمان دا شت لە بەلەم دابگرن، شتەکانیان لە ژور سەری لە ئەشکەوتی چیادا ریز کرد.
ئەوان ... لە کوندەدا ئاو. بیرەی رەش، خواردنەوەی کهولی، بیرەی رونی جۆ، شەرابی تامخۆش بۆ خواردنەوە، لە ژور سەری، لە ئەشکەوتی چیادا، لە سەر هەرزاڵەی کوندەکەدا ریز کرد.
بوغوردی نایاب، بوغوردی بۆندار،... بوغوردی لیگیدبا، بوغوردی باشیان لە ناو بوغوردان دا لە ئەشکەوتی چیادا بە سەر سەریەوە هەڵواسی.
تەورەکەی، کە لە ئاسنی باش دروستکرا بو، لە چیاکانی زوبیەوە هێنرا بو، لە ژور سەریەوە، بۆیان دانا. نێزە ئاسنینەکەشی، کە لە چیاکانی گیگ هوە هێنرا بو، خستە سەر سنگی.
ئەسرین لە چاڵی چاوەکانی دا... سەررێژی کرد بو.. لوگالباندا ی پیرۆز چاوی بە زەقی مابوەوە... وەکو ئوتوی پیرۆز لچ و لێوی بۆ براکانی نەکردەوە. کاتێ ملیان بەرز کردەوە، هەناسەی نەئەدا، براکانی و هاوڕێکانی لە گەڵ یەک کەوتنە راوێژ.

123 – 127: ئەگەر براکەمان، وەکو ئوتو، لە جێگەکەی هەستایەوە، ئەوسا خوا کە نەخۆشی خستوە پشتیوانی ئەبێ، ئەگەر ئەم خۆراکە بخوا، ئەگەر ئەمانە بخواتەوە، لە سەر قاچ رائەوەستێ. بەشکو بتوانێ بە سەر بەرزایی چیاکان دا بگاتەوە کولابای بە خشت دروست کراو.
128 - 132: بەڵام ئەگەر ئوتو براکەمان بانگ بکا بۆ شوێنی پیرۆز، بۆ شوێنی گرنگ، چوارپەلی هێزیان تێ دا نەمێنێ. ئەوسا ئەکەوێتە سەر ئێمە، کە لە ئەراتا گەڕاینەوە، تەرمی براکەمان بەرینەوە بۆ کولابای بە خشت کراو.

133 - 140: وەکو مانگا پیرۆزەکەی نانا کە تەرە ئەبێ و، لە تەمەنی پیری دا، لە گەڵ جوانەگایەک دا کەڵ ئەگرێ و، لە پشتەوەی گەورِی چارەوی دا بە جێ ئەهێڵرێ، ئەمانیش: براکانی و هاوڕێکانی لوگالباندا ی پیرۆزیان لە ئەشکەوتی چیادا بە جێ هێشت، برا گەورەکانی بە رشتنی فرمێسکی زۆر و نااڵەنااڵ، بە شیوەن و، بە پەژارە و رۆرۆ وە، لوگالبانداییان لە چیا جێ هێڵا.

141 - 147: دو رۆژ بە سەر نەخۆشکەوتنی لوگالباندا تێپەڕی بو، دانێکی تریشی خایان. کە ئوتو، رۆشنایی خۆی بۆ سەر ماڵەکەی ئەو سوڕانەوە، گیاندارەکان رویان کردەوە لانەکانیان، رۆژ بە ئێوارەیەکی فێنک کۆتایی هات، ئەمیش لەشی وەکو بە رۆن هەنورا بێ سوک بو. بەڵام هێشتا بیماریی بەری نەدا بو.

148 - 150: کاتێ چاوی بۆ ئوتو بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، بە سەر ئەودا گریا وەکو بە سەر باوکی دا بگری. لە ئەشکەوتی چیادا دەستە پاکەکانی بۆ بەرزکردەوە:

151 - 170: "ئوتو! درودی منت لێ بێ، با ئیتر نەخۆش نەبم. کوڕی نینگال! دروت لێ ئەکەم، با ئیتر بیمار نەبم.
ئوتو! تۆ رێگەت بە من دا بە هاوڕێیەتی براکانم بێمە ناو چیاکانەوە. لەم کەورگەدا، کە سەختترین شوێنی دنیایە، با ئیتر نەخۆش نەبم! لێرە کە نە دایکمی لێیە نە باوکم، نە شارەزای لێیە، نە کەسێ کە من بیناسم، دایکم لێرە نیە بڵێ: ئای بۆ رۆڵەکەم! براکەم لێرە نیە بڵێ: ئای بۆ براکەم! دراوسێکانی دایکم، کە ئەهاتنە مااڵی ئێمە، لێرە نین، تا بۆم بلاوێننەوە. ئەگەر خواکان و ماخواکان پێکەوە بونایە خوای دراوسێیەتی ئەیوت: ئەم پیاوە نابێ بمرێ!
سەگی ونبو خوێڕیە، پیاوی ونبو داماوە. لە رێگایەکی نەزانراوی بناری چیاکان دا، ئوتو! پیاوێکی ونبو، پیاوێکە لە دۆخێک دایە هێشتا دژوارترە.
وام لێ مەکە بە مەرگی سەختی ئاو بچم.
وام لێ مەکە لە باتی جۆ بەردەخوێ بخۆم.
وام لێ مەکە وەکو کۆڵەوژێکی فرێدراو لە چۆڵەوانیەکی نەناسراودا بکەوم.
گرفتاری ناوێکم مەکە براکانم بە پێکەنینەوە لاقرتێم پێ بکەن، با ئیتر نەخۆش نەبم.
توشی گاڵتەپێکردنی هاوەڵەکانم مەکە، با ئیتر بیمار نەبم!
با لەم کێوانە وەکو کابرایەکی بودەڵە کۆتاییم نەیەت!"

171 - 172: ئوتو فرمێسکەکانی گیرا کرد. هاندانی خوایی بۆ نارده ئەشکەوتی چیا.

173 - 182: ئەو ژنە ئەوەی ئەیکا... بۆ هەژاران، یاریەکی خۆشە، سۆزانیەکە ئەچێتە دەرەوە بۆ ناو خان، ئەوەی ژوری خەوتن روناک ئەکاتەوە، ئەو خوراکی هەژارە.. ئینانا، کچی سوئین، لە بەردەمی دا لە مەڵبەندەکەدا وەکو نێونێک قوت بوەوە. تریفەکەی ئەو، وەکو ئەوەی کارا ی پیرۆز، پرشنگە ئەستێرەییەکەی ئەشکەوتەکەی بۆ روناک کردەوە.
کاتێ ئەو چاوی بەرەوژور بۆ ئینانا هەڵبڕی، بە سەر ئەودا گریا وەکو بە سەر باوکی دا بگری. لە ئەشکەوتی چیادا دەستە پاکەکانی بۆ بەرزکردەوە:

183 - 196: "ئەی ئینانا! ئەگەر هەر ئەمە مااڵی من بێ، ئەگەر هەر ئەمە شارەکەم بێ! ئەگەر هەر ئەمە کولابا بێ، ئەو شارەی کە دایکم منی تێدا بوە...! تەنانەت ئەگەر ئەمە بۆ من وەکو کەلاوەی چۆڵەوانی بێ بۆ مار! ئەگەر ئەمە بۆ من وەکو درزی ئەرز بێ بۆ دوپشک! خەڵکە بەهێزەکەم .. خانمە گەورەکانم... بۆ ئینانا
.....
بەردە پچوکەکانی ئەو، بەردە درەوشاوەکانی لە شکۆداریەکەی دا، بەردی ساجکال لە سەرەوە.... لە خوارەوە، هاوارەکەیان کە لە شاخەکانی سەرزەمینی زابو هوە دێ .. ئەکرێتەوە .. چوارپەلم لە شاخەکانی دارسەرو دا نەفەوتێ!"

197 - 200: ئینانا فرمێسکەکانی گیرا کرد. بە توانینی ژیانەوە لێی گەڕا بچێ بنوێ وەک چۆن ئوتو ئەنوێ. ئینانا دڵی ئەوی خۆش کرد وەکو جلی خوری لە بەر کرد بێ. ئەوسا، وەک ئەگەر... ئەو رۆیشت بۆ کولابای بە خشتکراو.

201 - 214: جوانەگاکەی شۆربا رەشەکەی خوارد، گۆلکی جوانەگا پیرۆزە ئەستێرەییەکە هات بۆ ئەوەی نیگاداری ئەو بکا. لە ئاسمان دا وەکو ئەستێرەی بەیانی هەڵهات، رۆشناییەکی زۆری لە تاریکی شەودا بڵاو کردەوە. سوئین، کە وەکو مانگی نوێ درودی لێ کرا، باوە نانا، ڕێڕەوی هەڵهاتنی ئوتوی دیاری کرد.
گەورەی شکۆدار، شایانی تاج، سوئین، کوڕە خۆشەویستەکەی ئینلیل، ئەو خوایەی بریقەکەی گەیشتە ...بنی ئاسمان. تریفەکەی وەکو کارا ی پیرۆز، درەوشانەوە ئەستێرەییەکەی بۆ ئەو، ئەشکەوتی چیای ڕۆشن کردەوە.
کاتێ لوگالباندا چاوی بەرەو ئاسمان بۆ سوئین هەڵبڕی بە سەر ئەودا گریا، وەکو بە سەر باوکی دا بگری، لە ئەشکەوتی چیادا دەستە پاکەکانی بۆ بەرزکردەوە:

215 - 225: "شاها! ئەی ئەوەی لە ئاسمانی دور کەس ناتوانێ بتگاتێ! سوئین، ئەی ئەوەی لە ئاسمانی دور کەس ناتوانێ بتگاتێ. شا کە حەزی لە چاکەیە و، قینی لە بەدییە! سوئین کە حەزی لە چاکەیە و، ڕقی لە بەدییە! چاکەیە کە خۆشی ئەهێنێ بۆ دڵی تۆ. لە داری عەرعەر، داردەستێکی گەورە، گۆپاڵێکی شاهانە بۆ تۆ ئەکرێ، تۆ کە پەیوەندیت لە گەڵ چاکە پچڕاوە و، پەیوەندیت لە گەڵ بەدیی نەپچڕاوە. تۆ ئەگەر بەدیی بانگ بکەیتە بەردەمی خۆت، بە زۆر کێشی بکەی... کاتێ دڵی تۆ بئێشێنێ، چۆن مار زەهر ئەڕێژێ تۆش ژار بە سەر بەدیی دا بکە!"

226 - 227: سوئین فرمێسکەکانی گیرا کرد ژیانی پێ دا، توانینی دا بە لاقەکانی لە سەر پێ ڕابوەستێ.

228 - 239: جاری دوەم، کە جوانەگا ڕۆشنەکە لە ئاسۆوە هەڵهات، جوانەگا لە ناو دارسەروەکان دا ئەسوڕایەوە، قەڵغانێ لە سەر ئەرز دانرابو، لە لایەن ئەنجومەنەوە سەیری ئەکرا، قەڵغان لە گەنجینە دەرهێنرا بو، پیاوە گەنجەکان سەیریان ئەکرد.. ئوتوی خۆرت تیشکی پیرۆزی لە ئاسمانەوە دابەزیوی بڵاو کردەوە، ... ئەوانەی بەخشی بە لوگالباندای پیرۆز لە ئەشکەوتی چیادا.
خوای پارێزگاری باشە بە سەریەوە وەستا، ماخوای پارێزگاری باشە لە پشتیەوە ڕۆیشت. ئەو خوایەش کە ئەوی نەخۆش خست بو بە تەنیشتی دا هەنگاوی نا. کە چاوی بەرەو ئاسمان بۆ ئوتو هەڵبڕی، بە سەر ئەودا گریا وەکو بە سەر باوکی دا بگری، لە ناو ئەشکەوتی چیادا دەستە پاکەکانی بۆ بەرز کردەوە:

240 - 263: "ئوتو! شوانی وڵات، باوکی سەر ڕەشەکان، کاتێ تۆ ئەچی بۆ خەوتن، خەڵک لە گەڵ تۆ ئەچن بۆ خەوتن، ئوتوی گەنج، کاتێ تۆ لە خەو هەڵئەستی، خەڵک لە گەڵ تۆ لە خەو هەڵئەستن.
ئوتو! بە بێ تۆ، لە دەرەوە هیچ تۆڕێ بۆ مەل دانانرێ، هیچ کۆیلەیەک لە دەرەوە بە دیل ناگیرێ. بۆ یەکێ کە بە تاکی تەنیا ئەڕوا، تۆ هاوڕێی برایانەی ئەوی. ئوتو تۆ سێیەمی ئەوانەی بە جوتە سەفەر ئەکەن. تۆ چرای بۆ ئەوانەی گەردانەیان لە ملدایە.
وەکو بەرگی زولومهی پیرۆز، هەڵهاتنی خۆرەکەت جل ئەکاتە بەری هەژاران و داماوان، روتوڕەجاڵ پۆشتە ئەکاتەوە، کەوایەکی ئاودامانی خوری سپیە لەشیان دائەپۆشی تەنانەت هی کۆیلەی کڕدراویش.

پیرەپیاوانی زەنگین، وەکو پیرەژنەکان بە خۆشیەوە ستایشی خۆرهەڵهاتنەکەت ئەکەن، تا دواکاتی رۆژانیان خۆرهەلاتنەکەت ئەوەندەی رۆن کاریگەرە.
گاکێویە گەورەکان رایان کرد بۆ پێشەوە.
قارەمان، کوڕی نینگال، .. بۆ تۆ
....
برای.. براکەی ئەو..... بە شیرینی ستایشی کردی، گەیشتە ئاسمان. قارەمان، کوڕی نینگال، ئەوانە ستایشت ئەکەن چۆن تۆ شایانی ئەوەی.

264 - 275: لوگالباندای پیرۆز لە ئەشکەوتی چیا هاتە دەرەوە. سەرڕاستەکە لە گەڵ ئینلیل راوێژی کرد، نەمامی رزگاری ژیان لە دایکبو. روباری رەوان، دایکی گردەکان، ئاوی رزگاری ژیانی هێنا. دوای ئەوەی گازی لە نەمامی رزگاری ژیان گرت، دوای ئەوەی قومی لە ئاوی رزگاری ژیان دا، لێرە لە شوێنەکەی خۆی لە سەر ئەرز تەڵەی نایەوە، ئەوسا لەو شوێنەوە وەکو ئەسپی شاخ. وەکو ماکەری کێویی تەنیای کاکان بە سەر چیاکان دا بە خێرایی رۆیشت. وەک کەرێکی زەبەلاحی خورت، کەرێکی لەڕ، رای کرد، بە ئارەزوی غاردانەوە، بە درێژایی رێگە هەڵبەزیەوە.

276 - 299: ئەو شەوە لە ئێوارەوە، بە هەڵەداوان بە ناو شاخەکان دا، بە چۆڵەوانی دا، لە ژێر تریفەی مانگەشەو دا کەوتە جوڵان. ئەو بە تەنیا بو، سەرەڕای چاوە تیژەکانی، یەک کەسی لێ نەبو ببینێ. تۆێشویەکی پێ بو کە لە هەمانەدا هەڵگیرا بو، خۆراکێ کە خرابوە پێستەوە.
براکانی و هاوەڵەکانی ئەیانتوانی نان ببرژێنن لە سەر ئەرز، بە هەندێ ئاوی ساردەوە. لوگالباندای پیرۆز شتەکانی کە لە ئەشکەوتی شاخەوە هەڵی گرت بو. لە تەنیشت کۆتەرەیەکەوە دانا. سەتڵەکەی پڕ کرد... لە ئاو. لە بەرچاوی ئەو ئەوەی دایناب بڵاو کردەوە. هەندێ بەردی هەڵگرت... چەند جارێ پێکەوە ریزی کردن. خەڵوزە داگیرساوەکانی لە سەر ئەرزی کراوە دانا. بەردەئەستێ جوانەکان پڕیشکیان دا. ئاگرەکەی لە دەرەوە بۆ ئەو لە ناو چۆڵەوانی دا وەکو رۆژ هەڵهات.
نەی ئەزانی چۆن نان یا خەپلە ببرژێنێ، نەی ئەزانی تەنور چۆنە، بە تەنیا حەوت خەڵوز هەویری گیزیکەتای برژاند. لە کاتێک دا نانەکە خۆی ئەبرژا، زەلی کولهی چیای هەڵکێشا، رەگەکانی و هەمو لقەکانی هەڵپاچی. هەمو خەپلەکانی وەکو تۆێشوی رۆژ هەڵگرت.
نەی ئەزانی نان یا خەپلە چۆن ئەبرژێ، نەی ئەزانی تەنور چۆنە، تەنیا بە حەوت خەڵوز هەویری گیزیکاتای برژاند. دۆشاوی شیرینی خورمای تێ هەڵسو.

300 - 313: گاکێویەکی قاوەیی، گاکێویەکی جوان، گایەک قۆچەکانی رائەوەشان، گایەک لە برسانا، ئەسوڕایەوە، لە گەڵ گاکێویە قاوەییەکانی گردەکان، ئەیبۆڕان و ئەگەڕا بۆ شوێنێکی خۆش.. لەم رێگایەدا جیمگیگی بۆنداری ئەجو وەک جۆ بێ، داری سەروی ئەهاڕی... وەکو گیای ئیسپارتو بێ... بە لوتی بۆنی گەڵای دەوەنی سینوبی ئەکرد وەک گیا بێ. ئاوی روباری رەوانی ئەخواردەوە، بە ئیلینوک، نەمامە پاکەکانی چیا، قڕقێنەی ئەدایەوە.
لە کاتێک دا گاکێویە قاوەییەکان، گاکێویەکانی شاخ، لە ناو نەمامەکان دا... ئەگەڕان، لوگالباندا ئەو یەکەیانی لە بۆسەکەی دا گرت...

دارەرعەری شاخی لە بن دا هەڵکەند، لقەکانی لێ داماڵی. لوگالباندای پیرۆز رەگەکانی، کە وەکو زەلی کێلگەکان دڕێژ بون، بە چەقۆ هەڵپاچی. بەوە گاکێویە قاوەییەکە، گاکێویەکەی شاخی، بەستەوە،

314 - 325: بزنی قاوەیی و بزنی دایکانە، بزنی کێچاوی، بزنی رشکن، پەڕێشان بون... لەم رێگایەدا جیمگیگی بۆنداریان ئەجو وەک جۆ بێ، داری سەرویان ئەهاڕی... وەکو گیای ئیسپارتو بێ... بە لوت بۆنی گەڵای دەوەنی سینوبیان ئەکرد وەک گیا بێ. ئاوی روباری رەوانیان ئەخواردەوە، بە ئیلینوک، نەمامە پاکەکانی چیا، قڕقێنەیان ئەدایەوە.
لە کاتێک دا بزنی قاوەیی و بزنی دایکانە لە ناو نەمامەکان دا ئەگەڕان، لوگالباندا هەردوکیانی لە بۆسەکەی دا گرت...
دارەرعەری شاخی لە بن دا هەڵکەند، لقەکانی لێ داماڵی. لوگالباندای پیرۆز رەگەکانی، کە وەکو زەلی کێلگەکان دڕێژ بون، بە چەقۆ هەڵپاچی. بەوە بزنە قاوەییەکە و بزنە دایکانەکە، هەردو بزنی، بەستەوە.

326 - 350: ئەو بە تەنها بو، بە چاوە تیژەکانی تەنانەت تەنیا یەک کەسی بە دی نەئەکرد.
شا لە شیرین خەودا بو... نوستن: مەڵبەندی ستەمکاری، وەک سێڵاوێ کە هەڵبستێ، وەک دەستێ کە دیواری خشت هەڵ بوەشێنێ، دەستێ بەرز بێتەوە، قاچێ بەرز بێتەوە، وەک دۆشاو لە بەردەم ئەودا، وەکو دۆشاو کە لە بەردەم ئەودا بو سەرڕێژ بکا، نە چاودێر ئەناسێ، نە کاپتان، ئەمە هێزێکی زۆرە بۆ پاڵەوان. بە هۆی کاسە دارینەکەی نینکاسی هوە سەرەنجام خەو بە سەر لوگالباندا زاڵ بو. ئیلینوک، پوشی نەرمی شاخی، وەک جاجم راخست، پۆپەشمینی زولومهی بڵاو کردەوە، لەوێ مەوجی سپی کەتانی دا بە خۆی دا. لەوێ... ژوری خۆشتنی لێ نەبو، ئەو لەو شوێنە دروستی کرد.
شا خۆی دا بو بە ئەرزا نەک بۆ خەوتن، بەڵکو پاڵکەوت بو بۆ خەوبینین... نەک بۆ گەڕانەوە لە بەردەرگای خەوبینین، نەک بۆ گەڕانەوە لە لای گرێژەنەی دەرگاکەیەوە، ئەو (خەون) درۆ بۆ درۆزن ئەکا، راستی بە راستگۆ ئەڵێ. ئەتوانێ یەکێ بەختیار بکا، ئەتوانێ یەکێکی کە بخاتە گۆرانی، بەڵام ئەمە سەبەتەی تەختەی داخراوی خواکانە. خەوتنگای قەشەنگی نینلیل ە. راوێژکاری ئینانا. زاووزێکەری مرۆڤێتی.. دەنگی یەکێکە کە زیندو نیە ... زانگارا، خوای خەونەکان، خۆی وەکو جوانەگا بۆڕانی، بۆڕانی بە سەر لوگالباندا. وەکو گۆلکی مانگا بۆڕانی:

351 - 360: "ئەوەی گاکێویی قاوەیی بۆ من سەرئەبڕێ، ئەوەی چەوریەکەی بۆ من ئەتوێنێتەوە، ئەوە ئەبێ تەورەکەی من، کە لە ئاسنی باشە ببا، ئەبێ نێزە ئاسنینەکەی من بە کار بهێنێ .وەک وەرزشکار گاکێویە قاوەییەکە بهێنێ، گاکێویە قاوەییەکەی شاخ، وەکو زۆرانگر بکاتە ژێردەستەی خۆی. بڕستی لێ ببڕێ، ئەگەر پێش هەتاوکەوتن ئامادەی بکا، سەری بزنی قاوەیی و سەری بزنی دایکانە، وەکو دەنکی جۆ سەری هەردو بزن تۆپەڵ بکا، خوێنەکەیان برژێنێتە ناو چاڵێکەوە تا بۆنەکەی بە بیابان دا بڵاو بێتەوە. مارە زیتەکانی شاخەکان لە بیابان دا بۆنی بکەن و وریا ببنەوە."

361 - 370: لوگالباندا خەبەری بوەوە.. ئەوەی دی بوی خەون بو. هەڵ لەرزی.. خەوی دی بو. چاوی خۆی هەڵ گلۆفی، ترسێکی زۆری لێ نیشت. تەورەکەی کە لە ئاسنێکی باش بو هەڵگرت، نێزە ئاسنینەکەی کە لە ئاسن بو دەر هێنا. وەک وەرزشکار گاکێویە قاوەییەکە، گاکێویەکەی شاخی، هێنا وەک زۆرانگر کردی بە

ژێردەستە. بڕستی لێ بڕی. پێش هەتاوکەوتن ئامادەی کرد. سەری بزنە قاوەیی و سەری بزنی دایکانەکە، وەک دەنکەجۆ سەرەکانی هەردو بزنی، تۆپەڵ کرد خوێنەکەیانی رژانە ناو چاڵێکەوە، بۆنەکەی بە ناو بیابان دا بڵاو بوەوە. مارە زیتەکانی شاخەکان بۆنیان کرد و وریا بونەوە.

371 – 393: کاتێ خۆر هەڵات... لوگالباندا، بە ناوی ئینلیل هوە بانگهێشتی کردن، ئان، ئینلیل، ئینکی، نینهورساگ، لە سەر خوان دانیشتن،
لە شوێنێکی شاخ کە ئەو ئامادەی کرد بو. سفرە راخرا، خواردنەوەکانی تێ کرد... بیرەی خەست، خواردنەوەی کهولی، بیرەی رون، شەرابی تامخۆش، ئاوی ساردی وەک شەراب، هەموی رشتە سەر تەختاییەکە.
چەقۆی خستە سەر گۆشتی بزنە قاوەییەکە، جگەرە رەشەکەی برژاند. دوکەڵەکەی بەرز بوەوە، وەک بوغوردی سەر ئاگر. وەک دوموزی لە گەورِی ئاژەڵەوە بۆن و بەرامەی خۆشی هێنا بێ،
ئاوا ئان، ئینلیل، ئینکی، نینهورساگ، باشترین بەشی ئەو خواردنەی کە لە لایەن لوگالباندواوە ئامادە کرا بو خوارد.
وەک شوێنی هەڵهاتنی هێزی پاک، قوربانیگای پیرۆزی سوئین... قوربانیگای ئوتو و قوربانیگای سوئین... هەردو قوربانیگای بە لاجیوەرد رازانەوە... هی ئینانا. سوئین.. ئەی ئان کار مەلەی کرد... ئەو کاتەی ئەو مەلەی کرد، هەمو خەپلەکانی بە جوانی دانا بو.
(هەندێ لەم دێڕانەی نوسینەکانی سەر سواڵەتەکان، بە هۆی شکان و سوان و روشانەوە، فەوتاون، بۆیە ساخکردنەوەی روداوەکانی ئەم بەشەی لاوژەکە، تا رونوسێکی تری تەواوی نەدۆزرێتەوە، دژوارە)

394 – 432: ئەوان ئەیکەن... ئینکی، باوکی خواکان، ئەوانن... ئەوان.. ، وەک چۆن کشتەکی رستەی هەنجیر شۆڕ بوبێتەوە... قۆڵیان هەڵواسیوە. ئەوان ئاسکی سوئین لە هەوا دا رائەکەن، ئەوان جلی لوسی نەرمی نینلیلن، ئەوان یارمەتیدەری ئیکورن، کەتانی زەردباو کۆ ئەکەنەوە، جۆ کۆ ئەکەنەوە، ئەوانە گیانداری کێوین بەلەسە بون، ئەوانە وەک گەردەلولن هەڵیان کردۆتە سەر وڵاتی یاخی کە سوئین رقی لێیانە، بەراستی ئەوانە وەک گەردەلول هاتونەتە خوارێ، بە دریژایی رۆژی دریژ پاڵ ئەکەون، بە شەوی کورت ئەچنە... ناو خانوەکانەوە؟ بە رۆژی دریژ و بە شەوی کورت، لە جێدا کەوتون. ئەیدەن... لە .. کپی شەودا گۆرانی ئەڵێن... .... هەڵلوشینی ئوتو، خانو لە دوای خانو تێ ئەچن... شەقام لە دوای شەقام رائەکەن، ئەوانە قسەکەرن... ئەوانە وەڵامدەرەوەی قسەکەرەکانن، ئەگەڕێن بۆ وشە لە گەڵ دایکێ، وەڵامی خانمی گەورە بداتەوە، ... لە لای تەختی خەودا پاڵدانەوە. توشیان ئەکەن... کاتێ رەش.. ئەدزرێن... بە جێی ئەهێڵن... دەرگا و مێزی مرۆڤ، ئەوان ئەیگۆڕن... ئەوان شیپانەی دەرگاکان بە یەکەوە ئەبەستنەوە. پاڵەوانەکە کە... ئوتو کە.. گەنجی قارەمان ئوتو ی وشەی باش...
...
دوعاکان ... هی ئوتوی گەنج، ئەوەی کە ئانونا، گەورەخواکان، نایزانن، لەو کاتەوە...

433 – 461: پیری ژیری شار....
دوعاکانی ... ئوتوی گەنج کە ئانونا، گەورە خواکان، نایزانن ....

ئەوان ئەتوانن بچنە حزوری ئوتو، هی ئینلیل، خوای ... کوڕی ریشداری نینگال.. دایان بە سوئین... بە هێزی خۆیان چارەنوسی ولاتانی بێگانەیان دیاری کرد. لە کپی شەودا بەرازی رەشی کێوییان ناسیەوە، لە نیوەرۆدا بۆ ئوتو... توانی ... دوعاکانی.

.....

چونە ژورێ بۆ بەردەم ئان، ئینلیل، ئینانا، خواکان، ئەوان زانییان،... ئەوان روانییان،... ئەوان... لە بەر پەنجەرەدا... دەرگا، شوێنی پاسەوانی..... راوەستان...

462 – 484: شوێنی کەوتن... ئینانا... ئەوەی کەوتۆتە بەر دڵی ئینانا، ئەوەی کە لە نەبەردا چەقی، ئەوانە چواردە مەشخەڵی نەبەردن... ئەوانە لە نیوەشەودا، لە کپی شەودا وەک ئاگری کێویی شوێنی کەوتن، لە دەستەیەک دا پێکەوە بروسکە ئەدەن وەک رۆشنایی، لە گەردەلولی پێویستی نەبەردا، کە نەڕەنەڕی بەرز وەک گرمەی لافاوێکی گەورە بەرز ئەبێتەوە، ئەوانەی کەوتونەتە بەر دڵی ئینانا، ئەوانەی لە نەبەردا چەقیون، ئەوانە حەوت بروسکەکەی نەبەردن... ئەوانە وا بە خۆشیەوە وەستاون وەک ئەوەی ئەو لە ژێر ئاسمانێکی ساماڵ دا تاج لە سەر بنێ، بە تەوێڵ و چاویان لە ئێوارەیەکی رون دا. گوێیان،... بەڵەم، لە گەڵ دەمیان ئەوان بەرازی کێوی بون ئەحەسانەوە لە ناو زەلی قامیشەڵان دا، وەستا بون لە گەرمەی نەبەردا، بە هێزی ژیانیانەوە

...

کێیە لە بەر دڵی ئینانا یە، ئەوەی لە نەبەردا چەقی، بە نینتودی ئاسمان ئەوانە زۆر بون، بە ژیانی ئاسمان ئەوان هەڵیان گرت... درەوشانەوەی پیرۆزی دروشمی نەبەرد.. ئەگاتە کەناری ئاسمان و ئەرز... ئەگات.

....

485 – 499: کاتێ ئوتو لە خەوتنگاکەی هاتە دەرەوە، گورزی نەبەردی پیرۆزی ئان.. کە خوا لە لای پیاوێ داینناوە خوای بەدکارین بە دڵی بەدەوە.. ئەوانە.. خوان. ئەوان، وەک نانا، وەک ئوتو، وەک ئینانای پەنجا دەسەڵاتی خوایی... لە ئاسمان و لە ئەرز... ئەوان لێکدەرەوەی قسەکانی شەڕن، جاسوسی رەوایەتین

....

ئاسمانی رون و ژمارەیەکی زۆر ئەستێرە

....

دارکاژی تازە لە چیاکانی دارسەرو دا... تۆڕی جەنگین لە ئاسۆوە تا بنی ئاسمان،

....

لاوژەی
لوگالباندا و مەلی ئانزود

1 – 27: لوگالباندا لە چیاکان، لە شوێنە دورەکان، سەرگەردان داما بو، ملی نا بۆ ناو چیاکانی زابو. نە دایکی لە گەڵ بو مۆچیاری بکا، نە باوکی لە گەڵ بو قسەی لە گەڵ بکا. نە کەسی لە گەڵ بو بیناسێ و، رێزی بگرێ، هاورازێکی لێ نەبو لە گەڵی بدوێ. لە دڵی خۆی دا لە گەڵ خۆی ئەدوا:

"ئەبێ لە گەڵ مەل رەفتارێ بکەم شایانی بێ، ئەبێ لە گەڵ ئانزود رەفتارێ بکەم شایستەی ئەو بێ. ئەبێ درودێکی خۆشەویستانە لە هاوسەرەکەی بکەم. ئەبێ هاوسەری ئانزود و منالەکانی ئانزود لە سەر خوانێ دابنیشێنم. ئان لە مالەکەیەوە لە چیا، نینگواناکا، بنێرێ بۆ لام .. ژنە پسپۆرەکە، کە متمانە بۆ دایکی

ئەگێڕێتەوە. نینکاسی پسپۆڕ، کە متمانە بۆ دایکی ئەگێڕێتەوە: کوپەی ترشاندنی لە لاجیوەردی سەوزە و، جامی بیرەکەی لە زیو و زێڕی پاڵاوتەیە، ئەگەر لە لای (کوپەی) بیرەکەوە رابوەستێ، خۆشیی ئەهێنێ، ئەگەر لە لای (گۆزەی) بیرەکەوە دابنیشێ، شادیی ئەهێنێ، مابادەوان بیرە تێکەڵاو ئەکا، لە هاتن و گەڕانەوەی ئەمسەر و ئەوسەر ماندو نابێ، نینکاسی کە گۆزەی بیرەی بە لاوەیە و، کیتەڵەیەکیش وا بە سەر کەلەکەیەوە، بەزمی بیرەنۆشینەکەم خۆش رێک ئەخا. کاتێ مەل بیرەی خواردەوە و شادمان بو، کاتێ ئانزود بیرەی خواردەوە و شادمان بو، ئەوسا ئەتوانێ رێنوێنیم بکا ئەو شوێنە بدۆزمەوە کە هێزەکانی ئوروگ بۆی چون. ئانزود ئەتوانێ بمخاتە سەر شوێنپێی براکانم."

27 – 49: ئێستا دار هەڵۆی ئینکی لە سەر لوتکەی چیای ئینانا ی ئاقیقی رەنگاورەنگ، کە لە سەر ئەرز وەکو بورج وەستاوە، گەشاوەیە و لقوپۆپەکانی وێنەی ئارو ە. سایەی سێبەرەکەی وەکو کەوا بەرزایی چیاکانی داپۆشیوە و وەکو کراسی ئاودامان بە سەری دا دراوە. رەگەکانی وەکو ماری ساجکال لە روبارەکەی ئوتو ی حەوت زار دایە.
لەو نزیکە، لەو شاخانەی کە دارسەرویان تێدا ناڕوێ، کە ماری تێدا ناخشێ، کە دوپشکی تێدا ناکشێ، لە ناوقەدی شاخەکان دا مەلی بورو ئاز هێلانەی کرد و هێلکەکانی تێدا دانا.
لەو نزیکە، مەلی ئانزود بەچکەکانی لە ناو هێلانەیەک دا جێگیر کرد، کە لە چڵوچێو دروست کرا بو، لە چڵوچێوی داری عەرعەر و دەختی زەنوێر، مەل کەپرێکی فراوانی چیلکەی دروست کرد بو.
کاتێ مەل لە بەرەبەیان دا خۆی کێشایەوە، کاتێ ئانزود چریکانی، بەو چریکەیە زەمینی چیاکانی لولوبی لەرزان. دانی نەهەنگ و چنگی هەڵۆی هەبو. لە ترسا گاکێویەکان هەڵیان تیزان بۆ گردەکان و ئاسکەکان رەوینەوە بۆ چیاکان.

50 - 89: لوگالباندا کارزانە، کارەکانی ژیرانە ئەنجام داوە. لە ئامادەکردنی خەپلەی شیرینی خوایی دا وریایی خستە سەر وریایی. هەویری لە گەڵ هەنگوین شێلا، هەنگوینی زیاتری تێ کرد. لە پێش زەڕنەقوتەکانی دا دانا، لە پێش جوچکەکانی ئانزودا، قاورمەی دایە بەچکەکان بیخۆن. پرپۆڵەی کرد بە دەنوکیان دا. جوجەڵەکانی ئانزود ی لە هێلانەکەیان دا جێگیر کرد، چاوی بە کل رشتن، گوڵاوی دارسەروی سپی بە سەر دا پژاندن، بابۆڵەی قاورمەی بۆ دانان.
خۆی لە هێلانەکەی ئانزود کشایەوە، لە چاوەڕوانی ئەودا لە شاخەکان، کە دارسەروی لێ ناڕوێ، راوەستا.
لەو کاتەدا مەل گاکێویەکانی گلێر ئەکردەوە، ئانزود گاکێویەکانی گلێر ئەکردەوە. بە چنگ گا زیندوەکەی هەڵگرتبو، مردارەکەشی هاویشت بوە سەر شانی. بە قەد دە گور ئاو زەرداوی بە سەردا رژاندن.
مەل جارێک بە دەوری دا فڕی، ئانزود جارێک بە دەوری دا فڕی. کاتێ بانگی لە هێلانەکەی کرد، کاتێ ئانزود بانگی لە هێلانەکەی کرد، جوجەڵەکانی لە هێلانەکەیەوە وەڵامیان نەدایەوە، بەچکەکانی لە هێلانەکەیانەوە وەڵامیان نەدایەوە.
پێشان، ئەگەر مەل بانگی لە هێلانەکەی بکردایە، بەچکەکانی لە هێلانەکەیانەوە وەڵامیان ئەدایەوە، بەڵام ئێستا کە مەل بانگی لە هێلانەکەی کرد، بەچکەکانی لە هێلانەکەوە وەڵامیان نەدایەوە. مەل زریکەیەکی خەمناکی دەربڕی گەیشتە ئاسمان، ژنەکەی زریکانی "وەی"، زریکەکەی گەیشتە ئابسو. مەل بەم زریکەی "وەیە" و ژنەکەی بەو زریکە خەمناکە، ئانونا، خوای شاخەکانی، وا لێ کرد وەکو مێرولە بە سکەخشکێ بچێتەوە بۆ ناو کونەکەی. مەل بە ژنەکەی ئەڵێ، ئانزود بە ژنەکەی ئەڵێ:

"روداوێکی شوم لە هێلانەکەم قەوماوە، وەکو ئەوەی بە سەر تەویلە گەورەکەی ئانانا هات. تۆقین باڵی بە سەر دا کێشاوە، ئەڵێی گاکێویەکان شەڕەقۆچیانە. کێ منداڵەکانی منی لە هێلانەکەم بردوە؟ کێ ئانزودی لە هێلانەکەی دەرهێناوە؟"

90 – 110: بەڵام بۆ مەل دەرکەوت، کاتێ روی کردەوە هێلانەکەی. بۆ ئانزود دەرکەوت، کاتێ روی کردەوە هێلانەکەی، کە وەکو نشینگەی خواکانی لێ کراوە. بە قەشەنگی رازێنراوەتەوە. بەچکەکەی لە هێلانەکەی دا جێگیر کراوە، چاوی بە کل ڕێژراوە، دڵۆپە گوڵاوی دارسەروی سپی بە سەردا کراوە، بابۆڵەی قاورمە بە ژورسەریەوە هەڵواسراوە. مەل شادمانە، ئانزود شادمانە:

"من ئەو میرەم کە چارەنوسی ڕوباری ڕەوان بڕیار ئەدەم. من دروستیی ڕێبازی بەرز و نزمی پێڕەوانی ئەنجومەنی ئینلیل ئەپارێزم. باوکم، ئینلیل، منی هێناوە بۆ ئێرە. ئەو منی لە بەر دەرگای شاخەکان دا، لە بەر دەروازەی گەورە دا، بە ڕاگر داناوە.

من ئەگەر چارەنوسێ دابنێم کێ ئەتوانێ بیگۆڕێ؟

من ئەگەر قسەیەک بکەم، کێ ئەتوانێ لێی لا دا؟

کێیە! ئەوەی هێلانەکەمی وا لێ کردوە؟

ئەگەر تۆ خوای، من لە گەڵت ئەدوێم، بە ڕاستی ئەبمە هاوڕێت!

ئەگەر تۆ پیاوی، چارەنوست دیاری ئەکەم، ناهێلم لەم شاخانەدا هیچ ملۆزمێکت هەبێ!

تۆ ئەبی بە پاڵەوانێ، ئانزود پشتیوانت ئەبێ."

111 – 131: لوگالباندا، بەشێکی لە ترس دا و بەشێکی لە خۆشی دا، بەشێ لە ترس و بەشێ لە خۆشیەکی قوڵ، پەسنی مەلی ئەدا، ستایشی ئانزودی ئەکرد:

"مەل بە چاوی پرشنگدارەوە، لەم ناوچەیەدا لە دایک بوە، ئانزود بە چاوی پرشنگدارەوە، لەم ناوچەیەدا لە دایک بوە، خۆشحاڵی وەکو لە گۆم دا مەلە بکەی. باپیرەت، میری هەمو میرایەتیەکان، ئاسمانی لە ناو لەپی دەستی تۆدا داناوە و، ئەرزی خستۆتە بەر پێت.

باڵەکانی تۆ وەکو تۆڕی مەل بە ناو هەوری ئاسمان دا بڵاوە!....

چنگەکانی تۆ لە سەر ئەرز ئەڵێی تەڵەیە بۆ گاکێوی و مانگاکێوی شاخەکان نراوەتەوە!

بڕبڕاگەت راستە وەکو ستونی نوسەر!

سنگی تۆ کە ئەفڕی وەکو نیرا ئاو دو شەق ئەکا!

پشتیشت ئەڵێی باخی زەنوێری خورمایە، دیتنی هەناسە سوار ئەکا.

دوێنێ بە سەلامەتی ڕام کرد بۆ لای تۆ، لەوساوە ئیتر متمانەم بە تۆ داوە بمپارێزی. هاوسەرەکەت ئەشێ بە دایکم بێ" (ئەو وتی)، "ئەشێ تۆ بە باوکم بی" (ئەو وتی)، "لە گەڵ بچوکەکانیشت وەکو برای خۆم ڕەفتار ئەکەم.

لە دوێنێوە، لەو شاخانەی دارسەرویان لێ ناڕوێ، لە چاوەڕوانی تۆ دام. با هاوسەرەکەت بە تەنیشت تۆوە ڕابوەستێ تا دروەم لێ وەربگرێتەوە. من دروەی خۆم پێشکەش بە تۆ ئەکەم و، تۆش جێ ئەهێڵم چارەنوسی من بڕیار بدەی."

132 - 141: مەل لە بەرامبەر ئەودا خۆی نواند، بەو خۆشحاڵ بو، ئانزود خۆی لە بەردەم ئەودا نواند، بەو خۆشحاڵ بو. ئانزود بە لوگالباندا ی پاکی وت:
" لوگالبانداکەی من! ئێستا وەرە. برۆ وەک بەلەمێکی پڕ لە مەعدەنی گرانبەها، وەک بارخانەی دانەوێڵە، وەک بەلەمێ ئەچێ بۆ گواستنەوەی سێو، وەک بەلەمێ بارە خەیاری تێدا کەڵەکە کرابێ، .... وەک بەلەمێ لە سەر خەرمان پڕ کرابێ، بە سەربەرزی بگەڕێرەوە بۆ کولابا ی بە خشتکراو!"
لوگالباندا کە حەزی لە یەکەمیە ئەمەی پەسەند نەکرد.

142 - 148: وەکو کارا، کوڕە خۆشەویستەکەی ئینانا، وەک تیشکی خۆر تیرە تیژەکەت بهاوێژیی، وەکو تریفەی مانگ تیرە قامیشیەکەت بهاوێژی، وەک ماری شاخدار تیرە تیژەکەت بگەزێ! وەک چەپەجاخ ماسی بکوژێ، ئەشێ ئەوانە بڕینی جادویی بن! ئەشێ تۆ ئەوانە بکەی بە دەستەوارەیەک هێزم، تەورئاسا بڕندە بێ..."
لوگالباندا کە حەزی لە یەکەمیە ئەمەی پەسەند نەکرد.

149 – 154: رەنگە نینورتا، کوڕەکەی ئینلیل، کڵاوشێری نەبەرد بکاتە سەرت، زرێ بکاتە بەرت، بە جۆرێ، لە کێوە گەورەکان دا لە شکاندن نەیەیت! رەنگە تۆ ... تۆڕی نەبەرد دژی دوژمن! کاتێ ئەچی بۆ شار ...!"
لوگالباندا کە حەزی لە یەکەمیە ئەمەی پەسەند نەکرد.

155 – 159: مەشکە بە بەرەکەتەکەی کەرەتاوی پیرۆزی دوموزی، کە چەوریەکەی چەوریی هەمو دنیایە، بە تۆ ببەخشرێ. شیرەکەی کە شیری هەمو دنیایە. بە تۆ ببەخشرێ."..
لوگالباندا کە حەزی لە یەکەمیە ئەمەی پەسەند نەکرد.
وەک مەلی کیب، وەک ئاوی رەوانی کیب، کە بە درێژایی گۆمەکە ئەڕوا، ئەو بە قسە وەڵامی دایەوە.

160 - 166: مەل گوێی لێ گرت. ئانزود بە لوگالباندا ی پاکی وت:
"ئێستا سەیرکە، لوگالبانداکەم، جارێکی تر بیری لێ بکەرەوە. ئەمە وەکو ئەوە وایە: گاجوتێ جەنەی کرد بێ بگەڕێنرێتەوە سەر رێ، ماکەرێ سینی کرد بێ بخرێتەوە سەر راستەرێ. هێشتا، من ئەوەت پێ ئەبەخشمەوە کە تۆ بۆ منت داناوە. من چارەنوسێ بۆ تۆ دیاری ئەکەم کە خۆت گەرەکتە."

167 – 183: لوگالباندا ی پاک بەرسڤی دایەوە:
"وا بکە لاقم دەوان بێ، مەهێڵە هەرگیز ماندو بێ! باسکم بەهێز بێ و، بە پانی بڵاوی بکەمەوە، مەهێڵە باسکم هەرگیز لاواز بێ! وەک تیشکی خۆر بجوڵێم، وەک ئینانا، وەک حەوت گەردەلولەکەی ئیکور، وەک بڵێسە قەڵەمباز بدەم، وەک رۆشنایی بدرەوشێمەوە، بچم بۆ ئەو شوێنەی بۆی ئەڕوانم، پێ دابنێم لەو شوێنەی چاوی تێ ئەبڕم، بگەم بەو شوێنەی دڵم ئارەزویەتی، کەوشەکانم لەوێ دابکەنم کە دڵم ناوی بۆ لێ ناوم! کاتێ ئوتو ئەهێڵێ بگەمەوە شارەکەم کولابا، مەهێڵە ئەوەی نەفرینی لێ کردوم لەوێ بەوە دڵی خۆش ببێ، ئەوەی حەز ئەکا لە گەڵ من تەقەلا بدا، مەهێڵە هەرگیز پێم بڵێ: "لێ بگەڕێ با بێ!" خۆم دارتاشێکم هەبێ کە پەیکەرێ بۆ تۆ دابتاشێ، ئەگەر سەیری بکەی هەناسەت سوار ببێ. ناوەکەت لێرە لە سومەر بەناوبانگ ببێ، متمانە بگەڕێتەوە بۆ پەرستگاکانی خوا مەزنەکان."

184 – 202: ئانزود بە لوگالباندای پاکی وت:
"با لاقت دەوان بێ، هەرگیز ماندو نەبێ! باسکت بەهێز بێ و، بە پانی بڵاوی بکەیتەوە، باسکت هەرگیز لاواز نەبێ! وەک تیشکی خۆر بجوڵێی، وەک ئینانا، وەک حەوت گەردەلولەکەی ئیکور، وەک بڵێسە قەڵەمباز بدەی، وەک رۆشنایی بدرەوشێیتەوە، بچی بۆ ئەو شوێنەی بۆی ئەڕوانی، پێ دابنێی لەو شوێنەی چاوی تێ ئەبڕی، بگەی بەو شوێنەی دڵت ئارەزویەتی، کەوشەکانت لەوێ دابکەنی کە دڵت ناوی بۆ لێ ناوی! کاتێ ئوتو هێشتی بگەیتەوە شارەکەت کولابا، ئەوەی نەفرینی لێ کردوی لەوێ بەوە دڵی خۆش نەبێ، ئەوەی حەز بکا لە گەڵ تۆ تەقەلا بدا، هەرگیز پێت نەڵێ: "لێ بگەڕێ با بێ!" خۆت دارتاشێکت هەبێ کە پەیکەرێ بۆ من دابتاشێ، ئەگەر سەیری بکەم هەناسەم سوار ببێ. ناوەکەم لە وێ لە سومەر بەناوبانگ ببێ، متمانە بگەڕێتەوە بۆ پەرستگاکانی خوا مەزنەکان."

203 - 219: لە دەستی دا تویشوەکەی وەکو نەخورا بێ و، چەکەکانیشی یەک بە یەک هەڵگرت. ئانزود بە بەرزی فڕی، لوگالباندا بە سەر ئەرزا ئەرۆیشت. مەل لە سەرەوە ئەیڕوانی، چاودێری هێزەکانی ئەکرد. لوگالبانداش، لە ژێرەوە ئەیڕوانی، چاودێری ئەو تەپوتۆزەی ئەکرد کە لێیان هەڵئەستا. مەل بە لوگالباندای وت:
" لوگالباندا کەی من! ئێستا وەرە، هەندێ ئامۆژگاریت ئەکەم، ئەبێ پێڕەوی ئامۆژگاریەکانم بکەی. هەندێ قسەت پێ ئەڵێم، ئەبێ لە بیرت بمێنێ. ئەوەی پێم وتی، ئەو چارەنوسەیە کە بۆم دیاری کردوی، ئەوە بە هاوڕێکانت مەڵێ، ئەوە بۆ براکانت روون مەکەرەوە: "بەختی باش هەڵە ئەشارێتەوە." ئەوە بە راستی وایە. با من بچمەوە هێلانەکەی خۆم، تۆش بچۆرەوە بۆ لای هێزەکانت."
مەلەکە بە هەڵەداوان گەڕایەوە هێلانەکەی. لوگالباندا دەرچو بۆ دەرێ بەرەو ئەو شوێنەی براکانی لێ بون.

220 – 237: وەک سەقاقوش لە جێگا حەسیرە پیرۆزەکەیەوە دەربکەوێ، وەک لاهاما ی خوایەنراو لە ئابزو سەر بکەوێ، وەک یەکێ لە ئاسمانەوە هەنگاو بنێ بۆ سەرئەرز. لوگالباندا هەنگاوی نا بەرەو ناوجەرگەی هێزی هەڵبژاردەی براکانی.
براکانی چەقەچەقیان بو، هێزەکان چەقەچەقیان بو، براکانی و هاوەڵەکانی بە پرسیار شپرزەیان کرد:
"وەرە ئێستا. لوگالبانداکەم، دیسانەوە لێرەی! هێزەکان بە جێیان هێشتی وەک یەکێ لە شەڕدا کوژرا بێ. بێگومان، تۆ کەرەتاوی باشی مێگەلت نەخواردوە! بێگومان تۆ، پەنیری تازەی پەچەی رانەکەت نەخواردوە، جا چۆنە وا تۆ لەو چیا گەورانەوە هاتویتەوە، شوێنێ کەس بە تەنیا پێی دا ناڕوا، شوێنێ کەسی لێ نەهاتۆتەوە بۆ مرۆڤێتی؟"
دیسان براکانی و هاوەڵەکانی بە پرسیار دایان گرتەوە:
"گۆلاوی روباری چیاکان، دایکی فەڕ، بە پانی هەڵساون. چۆن لەو ئاوانە پەڕیتەوە؟ .. وەک هەڵت قوڕاندبن؟"

238 – 250: لوگالباندا ی پاک بەرسڤی دانەوە:
" گۆلاوی روباری چیاکان، دایکی فەڕ، بە پانی هەڵساون. بە پێ هەنگاوم نا بە سەریان دا، هەڵم قوڕاندن وەکو لە ئاوی کونده بخۆمەوە، ئەوسا وەکو گورگ لورانم، لە مێرگەکان دا لەوەڕام، وەکو کۆترە کێوی لە ئەرزەکەدا چینەم کرد، بەڕوی چیاکانم خوارد."

براکان و هاوەڵەکانی لوگالباندا باوەڕیان بە قسەکانی کرد ئەتوت پۆڵە مەلی بچوکن لە یەک کۆ ئەبنەوە بە درێژایی رۆژ باوەشیان پێدا ئەکرد و ماچیان ئەکرد. وەکو بەچکەی گامگام بێ و لە هێلانەکەی دا هەڵنیشت بێ، خواردن و خواردنەوەیان ئەکرد بە دەمی دا. بیماریەیان لە لوگالباندا ی پاک دا دەرکرد.

251 – 283: ئەوسا پیاوانی ئونوگ وەک یەک پیاو شوێنیان کەوتن، رێگەکەیان بە ناو گردەکان دا بڕی چۆن مار بە سەر پەڵەی گەنم دا ئەکشێ. کاتێ گەیشتنە دوریی ماوەی دو سەعاتی دوبارە لە شار، لەشکری ئونوگ و کولابا بارگەیان خست و لە سەنگەر و خەندەک دا دامەزران. لە شارەکەوە ئەتوت هەورەتریشقەیە تیر ئەباری، بەردی قۆچەقانی بە زۆری وەکو لێزمەی باران بە درێژایی ساڵ لە دیوارەکانی ئەراتاوە گڤەی ئەهات.
رۆژان رابوردن، مانگ درێژەی کێشا، ساڵ بە تەواوی وەرسوڕایەوە. خەرمانی زەرد لە ژێر ئاسمان دا پێ گەیشت. بە تیلەی چاو سەیری کێڵگەکانیان ئەکرد. بە زەحمەت ئەچونە سەری. بەردێکی زۆری قۆچەقانی بە درێژایی ساڵ باری بو بە سەر رێگەکەدا. ئەوان لە داوێنی دیواری چیادا لە شەخەڵێکی دڕکاوی پڕ لە هەژدیها دا بون. کەس نەی ئەزانی چۆن بگەڕێتەوە بۆ شار، کەس پەلەی نەبو بڕواتەوە بۆ کولابا.
ئینمیرکار کوڕی ئوتو لە ناوەراستیان دا بو، ئەترسا و پەشۆکا بو، بەم دڵتەنگیە وەڕس بو. چاوی ئەگێڕا بۆ یەکێ بۆ شاری بنێرێتەوە، چاوی ئەگێڕا بۆ یەکێ بۆ کولابا ی بنێرێتەوە. کەس پێی نەئەوت: "من ئامادەم بچم بۆ شار". کەس پێی نەئەوت: "من ئامادەم بچم بۆ کولابا".
چوە ناو میوانخانەی بێگانەکان. کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ شار". کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ کولابا".
لە بەردەم هێزی هەڵبژاردەدا راوەستا. کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ شار". کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ کولابا".
بۆ جاری دوەم چوە دەرەوە بۆ میوانخانەی بێگانەکان. کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ شار". کەس پێی نەوت: "من ئەچم بۆ کولابا".
لە بەر چاوی هێزی هەڵبژاردە چوە دەرەوە.

284 – 289: لە ناو خەڵکەکەدا بە تەنیا لوگالباندا هەستا پێی وت:
"شاهم، من ئەچم بۆ شار، بەڵام نابێ کەسم لە گەڵ بێ. من بە تەنیا ئەڕۆم بۆ کولابا. نابێ کەسم لە گەڵ بێ."
"ئەگەر تۆ بچی بۆ کولابا، نابێ کەست لە گەڵ بێ، تۆ بە تەنیا بچی بۆ کولابا، نابێ کەست لە گەڵ بێ."
سوێندی دا بە ئاسمان و بە ئەرز، "سوێند بخۆ کە ناهێڵی دروشمە گەورەکەی کولابا لە دەستت بکەوێ!"

290 – 321: دوای ئەوەی لە بەردەم ئەنجومەنی بانگکراودا راوەستا، لە ناو ئەو کۆشکەدا کە لە سەر ئەرز وەکو کێوێکی گەورە دانرا بو، ئینمیرکار کوڕی ئوتو راوێژی بە ئینانا کرد:
"جارێ لە جاران خوشکی شکۆدارم، ئینانای پاک، لە شاخەکانەوە بانگی کردم بۆ ناو دڵی پیرۆزی خۆی، منی کرد بە ناو کولابای بە خشتکراودا. لە وێ لە ئونوگ، زەلکاوی لێ بو، پڕ بو لە ئاو. لەوێ ئەرزی وشکی لێ بو، چناری فوراتی لێ ڕوا بو.
ئەوێ قامیشەڵان بو، زەلی کۆن و زەلی تازەی لێ ڕوا بو.
ئینکی خوایی، کە شای ئەریدویە، قامیشە کۆنەکانی بۆ هەڵکێشام، هەمو ئاوەکەی لێ دەرهێنا.

بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بینام کرد، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بڕیارم دەرکرد. ئەوسا خەڵکی مارتو، کە کشتوکاڵ نازانن، لە سومەر و ئاکاد پەیدا بون. بەڵام دیواری ئونوگ، کە وەکو تۆڕی مەل لە دەرەوەی، درێژ بۆتەوە بە ناو بیابان دا، رای گرتن.
ئینجا ئێستا، لەم شوێنەدا، کاریگەریی من لە سەر ئەو کز بوە.
هێزەکان بەستراون بە منەوە وەکو چۆن مانگا بەستراوە بە گۆلکەکەیەوە، بەڵام وەکو کوڕێ رقی لە دایکی بێ، شارەکەی بە جێ هێشتی. خوشکی شکۆدارم ئینانا ی پاک لە من هەڵاتوە گەڕاوەتەوە بۆ کولابای لە خشتکراو. ئەگەر ئەو شارەکەی خۆی خۆش ئەوێ و رقی لە منە، بۆچی شارەکەی بەستوە بە منەوە؟ ئەگەر خۆ رقی لە شارەکەیە و هێشتا منی خۆش ئەوێ، بۆچی من ئەبەستێ بە شارەکەوە؟
ئەگەر یار خۆی لە من دور ئەخاتەوە ئەچێ بۆ خەوتنگا پیرۆزەکەی و، من وەکو بەچکەی ئانزود بە جێ ئەهێڵێ، ئەوسا ئەبێ ئەو هیچ نەبێ بمباتەوە بۆ ماڵ بۆ کولابای بە خشتکراو: ئەو رۆژە من رمەکەم ئەنێمە لاوە و، ئەویش قەڵغانەکەم وردوخاش بکا.
ئەم قسانە بکە بۆ خوشکی شکۆدارم، ئینانا ی پاک."

322 – 344:..؟ لوگالباندا ی پاک لە کۆشک هاتە دەرەوە.
ئەگەرچی براکانی و هاوەڵەکانی پێی وەڕین وەکو چۆن بە سەگێکی نامۆ کە بیەوێ بچێتە ناو سەگەلەوە ئەوەڕن، وەکو کەرەکێویەکی ئاوەکی بە شانازیەوە بیەوێ بچێتە ناو کەرگەلەوە هەنگاوی نا.
"هەندێ کەسی کە بنێرە بۆ ئونوگ بۆ لای ئاغا" ...
" من بە تەنیا ئەڕۆم بۆ کولابا بۆ لای ئینمیرکار کوڕی ئوتو. نابێ کەسم لە گەڵ بێ" ... چۆن ئەو قسەی بۆ کردن!
"بۆچی تۆ بە تەنیا ئەڕۆی ناتەوێ لەو سەفەرەدا کەس هاوڕێیەتیت بکا؟ ئەگەر گیانی خێرخوازانەی ئێمە لەوێ لە گەڵ تۆ نەوەستێ، ئەگەر خوای باشەی پارێزگاری ئێمەت لە گەڵ نەیەت بۆ ئەوێ، تۆ هەرگیز جارێکی تر لێرەدا کە لێی راوەستاوین لە گەڵ ئێمەدا راناوەستی، تۆ هەرگیز جارێکی تر لە گەڵ ئێمە نیشتەجێ نابی لەو شوێنەی ئێمەی لێ نیشتەجێین، تۆ هەرگیز جارێکی تر پێ لە سەر ئەو ئەرزە دانانێی کە پێی ئێمەی لە سەرە. تۆ لە شاخە گەورەکان نایەیتەوە، کە کەس بە تەنیا بۆی نەچوە، کەسی لێوە نەهاتۆتەوە بۆ مرۆڤێتی!"...
"کات تێ ئەپەڕێ، من ئەزانم. کەس لە ئێوە لە سەر ئەرزی فراوان لە گەڵ من نایەت."
لە کاتێک دا دڵی براکانی بە بەرزی ترپەی ئەهات، لە کاتێک دا دڵی هاوەڵەکانی داخورپا بون، لوگالباندا تویشوەکەی لە ناو دەستی دا وەکو نەخورا بێ، چەکەکانیشی یەک بە یەک هەڵگرتبو. لە بناری چیاکانەوە، بە سەر چیا بەرزەکان دا، بەرەو تەختایی ئەرز، لە دامێنی ئانکان هوە بۆ لوتکەی ئانکان، پێنج، شەش، حەوت، کێوی بڕی.

345 – 356: لە نیوەشەودا، بەڵام بەر لەوەی خوان بۆ ئینانای پاک دابنرێ، ئەو بە خۆشیەوە پێی نایە کولابای بە خشتکراو. خانمەکەی ئەو، ئینانای پاک، لە سەر دۆشەکێ دانیشت بو. ئەم لە سەر ئەرزەکە کڕنوشی برد و بە چۆک دا هات .
ئینانا بە چاو سەیری لوگالباندا ی پاکی کرد، وەکو سەیری شوانی ئاما – ئوجومگالانا بکا. ئینانا بە دەنگ قسەی بۆ لوگالباندا ی پاک کرد، وەکو قسە بۆ کوڕەکەی، ئاغا کارا، بکا:
"وەرە ئێستا، لوگالباندەکەم، چی هەواڵت لە شارەوە هێناوە؟ چۆن لە ئەراتا وە بە تەنیا هاتیتەوە بۆ ئێرە؟"

357 – 387: لوگالباندا ی پاک بەرسڤی دایەوە:

"ئەوەی ئینمیرکار کوڕی ئوتو وتی و ئەوەی ئەو وتویەتی، ئەوەی براکەت وتی و ئەوەی ئەو وتویەتی، بریتیە لەمە:
جارێ لە جاران خوشکی شکۆدارم، ئینانای پاک لە شاخەکانەوە بانگی کردم بۆ ناو دڵی پیرۆزی خۆی، منی کرد بە ناو کولابای بە خشتکراوەدا، لەوێ، لە ئونوگ، زەلکاوی لێ بو، پڕ بو لە ئاو. لەوێ ئەرزی وشکی لێ بو، چناری فوراتی لێ روا بو،
ئەوێندەرێ قامیشەڵان بو، زەلی پیر و زەلی گەنجی لێ روا بو،
ئینکی خوایی، کە شای ئەریدویە، قامیشە پیرەکانی بۆ هەڵکێشام، هەمو ئاوەکەی لێ دەرهێنا.
بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بینام کرد، بۆ ماوەی پەنجا ساڵ فەرمانم دەرکرد. ئەوسا خەڵکی مارتو، کە کشتوکاڵیان نەئەزانی، هاتن بۆ سومەر و ئاکەد. بەڵام دیواری ئونوگ، کە بە ناو بیابان دا وەکو تۆڕی مەل لە دەرەوەی، درێژ بۆتەوە رای گرتن.
ئێستاش، لێرە لەم شوێنەدا، کاریگەریی من لەسەر ئەو کز بوە.
هێزەکان بەستراونەتەوە بە منەوە وەکو چۆن مانگا بە گۆلکەکەیەوە بەستراوەتەوە، بەڵام وەک کوڕێ، کە رقی لە دایکی بێ، شارەکەی بە جێ هێشتبێ، خوشکی شکۆدارم ئینانای پاک لە من هەڵاتوە گەڕاوەتەوە بۆ کولابای بە خشتکراو. ئەگەر ئەو شارەکەی خۆی خۆش ئەوێ و رقی لە منە، بۆچی شارەکەی بەستۆتەوە بە منەوە؟ خۆ ئەگەر رقی لە شارەکەیە و منی هێشتا خۆش ئەوێ، بۆچی منی بەستۆتەوە بە شارەکەوە؟
ئەگەر یار خۆی لە من دور ئەخاتەوە ئەچێ بۆ خەوتنگا پیرۆزەکەی و، من وەکو بەچکەی ئانزود بە جێ ئەهێڵێ، ئەوسا ئەبێ هیچ نەبێ بمباتەوە بۆ ماڵ بۆ کولابای بە خشت دروستکراو، ئەو رۆژە من رمەکەم ئەنێمە لاوە و، ئەویش قەڵغانەکەم وردوخاش بکا.
ئەم قسانە بڵێ بە خوشکی شکۆدارم، ئینانا ی پاک."

388 – 398: ئینانا ی پاک ئەم وەڵامەی دایەوە:
"ئێستا، لە کۆتایی دا، لە لێوار و، زۆنگاوەکان دا، لە روباری خاوێن، روباری ئاوی رون، ئەو روبارەی کە کوندەی بریقەداری ئینانایە، ماسی سوهورماک گیای ناسک ئەخوا، ماسی کیجتور بەڕوی چیا ئەخوا، ماسی...، کە خوای ماسی سوهورماکە، بە خۆشیەوە یاری ئەکا و دێتوئەچێ. بە کلکە پولەکەدارەکەیەوە لەو شوێنە پیرۆزەدا قامیشە پیرەکان ئەگرێ. دارگەزی شوێنەکە، وەکو زۆری تر کە لەوێن، ئاو لەو گۆمە ئەخواتەوە.

399 – 409: "بە تەنیا راوەستاوە، بە تەنیا راوەستاوە! یەک دارگەز بە تەنیا لە لایەکەوە راوەستاوە. ئەگەر ئینمیرکار کوڕی ئوتو ئەو دارگەزە ببڕێ و هەڵیپاچێ و بیکا بە ماشە، قامیشە پیرەکانی لەو شوێنە پیرۆزە ریشەکێش بکا و لە دەستی خۆی دا کۆیان بکاتەوە.... ئەگەر دوی بکەوێ... ماسی...، کە خوای ماسی سوهورماکە، بگرێ و بیکوڵێنێ، بیڕازێنیتەوە و، بیهێنێ بیکا بە قوربانی لە پێناوی چەکی ئەی ئان کارا، توانای جەنگینی ئینانا دا، ئەوسا هێزەکانی سەرکەوتنی بۆ بە دەس ئەهێنن، ئەوسا ئەو کۆتایی ئەهێنێ بە ئاوەکانی ژێرزەمین، کە هێزی ژیانی بۆ ئەراتا دابین کردوە.

410 – 412: "ئەگەر ئەو لە شارەوە، کەرەستەی کار و ئاسنگەر بهێنێ، ئەگەر بەردی تاشراو و سەنگتاش بهێنێ، ئەگەر شارەکە نوێ بکاتەوە و تیا نیشتەجێ بێ، هەمو خاکی ئەراتا ئەبێتە هی ئەو."

413 – 416: ئێستا باروەکانی ئەراتا لاجیوەردی سەوز و، خشتی دیوارەکانی و قوللەکانی سوریٚکی زەق و گڵی کەرپوچەکانی لە خاکی ئەو شاخانەن کە داری سەرویان لێ ئەڕوێ.

417 ئافەرین بۆ لوگالباندا ی پاک!

تێوەردان

ئەوانەی کە لەم داستانەیان کۆڵیوەتەوە، روداوەکانیان بردۆتەوە بۆ شوێنێکی دور لە کوردستانی ئێستا. کریمەر بردویەتیەوە بۆ وڵاتی فارس (صمویل کریمر: من الواح سومر، ص 67) و بە دیاریکراوی بۆ ناوچەی دەریای قەزوین (کریمر: السومریون، ص 57) بەڵام تێکستی لاوژەکە ئاماژەیەکی دیاری تێدایە، کە پشتیوانی لەو بۆچونە ناکا. لە بەشێکی لاوژەدا وا ئەگێڕێتەوە:

"کاتێ ئانزود چریکانی، بەو چریکەیە زەمینی چیاکانی لولوبی لەرزان..."

ئەمە نیشانەیە کە ئەشکەوتەکەی لوگالباندای تێدا دانراوە لە ناوچەی ژیانی لولوبی دا بوە. ناوچەی ژیانی لولوبی، کە بە پێی پشکنینی ئارکیۆلۆجەکان و لێکۆڵینەوەی مێژونوسەکان و، بە پێی نوسینی "ئینسکلۆپیدیا بریتانیکا: چاپی 1974، بەرگی (V. IV)، ل 385" کەوتۆتە کوردستانی ئێستای عیراقەوە، بە دیاریکراوی کەوتۆتە ناوچەی شارەزوری سەر بە پارێزگای سلێمانی.

جگە لەوە، لە بەشی یەکەمی لاوژەکەدا: باسی تەورەکەی ئەکا، کە لە ئاسنێ دروست کراوە، لە چیاکانی "زوبی" یەوە هێنراوە. هەروەها باسی هاوارێ ئەکا لە چیاکانی "زابو" ەوە هاتوە.

لە بەشی دوەمی لاوژەکەدا: باسی ئەوە ئەکا کە لە نەخۆشیەکەی هەستاوەتەوە و، لە ئەشکەوتەکە هاتۆتە دەرێ ملی ناوە بۆ ناو چیاکانی "زابو".

لە کوردستان دو روباری گەورە هەن بە ناوی: "زاب" ی گەورە و "زاب" ی بچوک هەردوکیان لە چیاکانی کوردستان هەڵئەقوڵێن، رەوان و پێچاوپێچ بە ناو شاخەکانی کوردستان دا تێ ئەپەڕن تا ئەڕێنە روباری دیجلەوە.

وشەی نائاشنا

ئاوەکی: گیاندارێکی چوارپێ کە لە ران و رەوە و گاگەلەکەی خۆی بە تەنیا دائەبڕێ.

باسک: قۆڵ. نالی ئەڵێ:

"ئەلا ئەی ئاسکی ناسک، بە باسک شکاندت گەردنی سەد شێری شەرزە"

بادە: شەراب، خواردنەوەی ئەلکهول کە مرۆڤ مەست ئەکا. فایەق ئەڵێ:

"شادم لە غەمی هیجران مەیخانە کە مەئوام بێ

مەستم کە مەزەی بادە ماچی لەبی ساوام بێ."

بادەوان: مەیگێڕ. ئەو کەسەی خواردنەوەی ئەلکهولی پێشکەش بە دانیشتوانی کۆڕی مەینۆشان ئەکا.

بارو: پایەی کورت کە ناوبەناو لە سەر دیواری شورای شار یا قەڵا دروست کراون بۆ ئەوەی ئەگەر هێرشی کرایە سەر، پاسەوانەکان لە سەر دیوارەکەوە لە پەنای ئەو پایە کورتانەدا دادەکۆکی لە شارەکە بکەن دژی هێرشهێنەرانی دەرەوە.

بەردەئەستێ: بەردێکی رەقی شینە کە ئاسنی لێ بدرێ بریسکەی لێ ئەبێتەوە ئەتوانرێ ئاگری پێ بکرێتەوە. لە سەردەمی کۆن دا لە باتی شقارتە و چەرخ "بەردەئەستێ" و "پوشو" بە کارهێنراوە بۆ ئاگرکردنەوە.

بەرسف: وەڵام.

بوغورد: جەویی هەندێ درەختە دوای وشککردنەوەی ئەکرێتە ئاگرەوە ئەسوتێنرێ. جاران جادوگەر بۆ راونانی گیانە بەدەکان سوتاندویانە. ئێستا بۆ خۆشکردنی بۆنی ناوماڵ.

پۆپەشمین: تەنراوێکی تەنک و شاش و زبرە، جۆڵا، لە لۆکە یا کەتان یا ئاوریشم ئەچنێ. کەسێ بنوێ ئەشێ بۆ خۆداپۆشین بیدا بە خۆی دا.

پەچە: شوێنێکی سەر نەگیراوە، بە تەیمان بە بەرزایی مەترێ زیاتر چواردەوری گیراوە، تەرخان کراوە بۆ مۆڵدانی مەڕ و بزن، بە تایبەتی لە شەوانی بەهار و هاوین دا.

پڕپۆڵە: ئارد دوای تەڕکردنی بکرێتە کڵۆی بچوک بۆ خواردنی مەلی تازە هەڵهاتو.

توێشو: تۆشە. ئەو خۆراکەی کە رێبوار بۆ خواردن لە رێگا لە گەڵ خۆی هەڵی ئەگرێ. مەولەوی ئەڵێ:

"یا خەلیل، دەخیل! کێ عادەت کەردەن تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن؟"

تەویلە: گەوڕ: ژوورێکی سەرگیراوە تەرخان کراوە بۆ بە خێوکردنی چارەوێ، بە تایبەتی ئەسپ و ئێستر و کەر و مانگا.

جاجم: تەنراوێکی تەنک و شاش و زبرە. جۆڵا، لە دەزوی خوری ئەچنێ. کەسێ بنوێ ئەشێ بۆ خۆداپۆشین بیدا بە خۆی دا.

جۆماڵ: خاوێنکردنەوەی جۆگا لە گژوگیا و قوڕ و لیتە.

جۆبار: جۆگا. نالی ئەڵێ:

"خاکی میزاجی عەنبەر و داری رەواجی عود

بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نور."

جۆخێن: خەرمانی گەنم و جۆ و دانەوێڵەی تر.

جوانەگا: لە تەمەنی سێ ساڵی دا کە ئیتر ئەتوانرێ جوتی پێ بکرێ.

جەنە کردن: لە کاتی جوت و گێرەدا کە گا لە ئەنجامی ماندویەتی یا برسێتی دا لە شوێنی خۆی دا رائەوەستێ و مان ئەگرێ لە رۆیشتن، ئەڵێن: (جەنە) ی کردوە. ئەم وشەیە جوتیاری دۆڵی جافەتی بە کاریان هێناوە.

چۆقەچۆقی دان: هەڵەرزین و پێکادانی کاکیلەی سەر و خواروی دەم بە هۆی نەخۆشی سەخت و لەرز لێهاتن یا لە بەر سەرمای زۆر بە تین.

چەقەچەق: زۆروتنی بێ سەروبەری چەند کەسێ پێکەوە.

چێڵەک: مانگا.

چیلکە: لقی باریک و درێژی دار، کە مرۆڤ بۆ دروستکردنی کەپر و بۆ سوتاندن و، مەلی گەورە بۆ دروستکردنی هێلانە بە کاری ئەهێنن.

چڵوچێو: چیلکەی خواروخێچ. مەحوی ئەڵێ:

"دیارم دێری عەشقە، بە سوتن چم، جێ هەر لەوێ ئەگرم
کە من مشتێ چڵوچێوم بە چی بم، کەڵکی کێ ئەگرم؟"

خەپلە: جۆرێکە لە کولێرەی ئەستور لە جۆ، هەرزن، گاڵ، دروست کراوە.
خۆرت: گەنج.
خورت: بەهێز.
درود: سڵاو.
دان: نیوەی یەک رۆژ.
دۆڵچە: دەفرێکی چەرمینە، لە شێوەی سەتڵ دا لە پێستی خۆشەکراوی ئاژەڵ دروست کراوە بۆ هەڵێنجانی ئاو لە بیر و چاڵاو.
دەوان: راکردنی خێرا. نالی وتوێەتی:
"وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار
وەک ئەشکەکەم رەوان بە هەتا ئاوی شیوەسور!"
راستاڵ: کەسێکی راستگۆ و سەرڕاست.
رەوان: نەوەستاو.
رێژەن: فەڕ و بەرەکەت.
زەڕنەقوتە: بەچکەی مەل کە لە هێلکە دەردێ هێشتا پەڕی دەرنەکردوە.
زەنگین: دەوڵەمەند.
زەنوێر: گژو گیا و داری هەمیشە سەوز.
سین کردن: لە کاتی کاروان و کاردا کە وڵاخی بەرزە، بە تایبەتی ئەسپ، لە ئەنجامی برسێتی یا ماندویەتی دا لە شوێنی خۆی دا رائەوەستێ و مان ئەگرێ لە رۆیشتن، ئەڵێن: (سینی) کردوە. ئەم وشەیە سوارەی جاف بە کاریان هێناوە.
کەوش: جۆرێکە لە پێڵاو لە چەرم دروست ئەکرێ.
کەوشەن: سنوری نێوان دو زەوی.
کێڵی سنور: بەردێکی بەرز کە بۆ جیاکردنەوەی سنوری ناوچەیەک لە ناوچەیەکی تر دانراوە.
کەڕەنا: شەپور. ئامڕازێ بوە لە شاخی گا یا لە مەعدەن دروستکراوە. بۆ وریاکردنەوەی خەڵک، بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا، فوی پێ دا کراوە دەنگێکی گەورەی لێ دەرهاتوە.
کەورگ: ئەشکەوت. کونێکی گەورە یا دەلاقەیەکە لە چیادا کە مرۆڤ یا گیانداری تر ئەتوانن وەکو شوێنی ژیان بۆ حەوانەوە، بۆ خۆپاراستن لە بەفر و باران و سەرما و گەرما بە کاری بهێنن. هەروەها پێی ئەوترێ: شکەفت، مەڕ، کاچ، کەڵۆز.
کۆڵەوژ: داریکی باریکی سەختە ئاگری پێ تێک ئەدرێ. شوکری فەزلی وتوێەتی:
"حەیفە چاوێ کە جەفا کۆڵەوژی تێ ئەشکاند
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی."
کوندە: دەفرێکی چەرمینە، لە پێستی خۆشەکراوی بزن دروست کراوە، کە لاشەکەی لە ملەوە بە ساغی، بێئەوەی پێستەکەی پارچە کرابێ، دەرهێنراوە. ئاوی خواردنەوەی تێ کراوە. پێشینان وتویانە: "کەر لە کوێ کەوتوە، کوندە لە کوێ دڕاوە."

کوپە: گۆزەی گەورە. دەفرێکە لە گڵی تایبەتی دروست ئەکرێ لە ئاگردا سور ئەکرێتەوە. شێوەی لولەلیی ورگنی هەیە، بنەکەی و ملەکەی لە ناوقەدەکەی باریک ترە. ئەشێ بۆ بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی دو قوڵف یا یەکێکی هەبێ. زۆر پێویستی پێ جێبەجێ ئەکرێ، لەوانە: شلە، بە تایبەتی بادە، سرکە، ترشیات، دۆشاو، رۆن. هەروەها خۆراکی وشک، بە تایبەتی وشکەدان و دانەوێڵەی تێدا هەڵئەگیرێ. لە سەردەمی زودا پێشەی مردوی تێ کراوە و خراوەتە ژێر زەوی. نالی ئەڵێ:

"نەوالّەی تۆبە دەربێنە، هەتا تەن نەبوەتە سفرە

پیالّەی شیشە بشکێنە، هەتا وەک کوپە نەشکاوی"

کیتەڵە: دەفرێکە لە گڵ دروست کراوە، لە ئاگردا سور کراوەتەوە، لە گۆزە بچوکترە، بە زۆری ئافرەت بەکاری هێناوە بۆ گواستنەوەی ئاو و شلەی تر، بۆ ئاسانکردنی هەڵگرتنی لە کاتی گواستنەوەدا خراوەتە سەر کەلەکەی لەش.

لاجیوەرد: بەردێکی گرانبەهایە ڕەنگەکەی پیرۆزەییە.

لاقرتێ: گاڵتە پێ کردن.

گلێر کردنەوە: کۆکردنەوە، بە تایبەتی بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەل و ئاژەڵ.

گەوڕ: ژورێکی سەرگیراوە تەرخان کراوە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، بە تایبەتی مەڕ و بزن و مانگا.

گۆپاڵ: گۆچان.

گۆپاڵی شاهانە: سەولەجان.

گۆلک: گوێرەکە، بەچکەی یەکساڵەی مانگا.

گیرا کردن: قبوڵ کردن.

لێوار: قەراغ، کەنار.

ماشە: ئامڕازی ڕاوە ماسیە، لە شوڵی دار دروست ئەکرێ و، لە شێوەی سەبەتەدا لە ناو ئاوی خوڕدا جێگیر ئەکرێ، ماسی کە تێ کەوت گیر ئەکا و ئەگیرێ.

ماباەدوان: مەیگێڕی مێینە،

مۆچیاری: فێرکردن، ئامۆژگاری.

مەوج: تەنراوێکی تەنک و سفت و نەرمە. جۆلّا، لە دەزوی لۆکە یا کەتان یا ئاوریشم ئەیچنێ. کەسێ بنوێ ئەشێ بۆ خۆداپۆشین بیدا بە خۆی دا.

مەشکە: دەفرێکی چەرمینە، لە پێستی خۆشەکراوی گوێرەکە دروست کراوە، کە لاشەکەی لە ملەوە بە ساغی، بێئەوەی پێستەکەی پارچە کرابێ، دەرهێنراوە. ماستی تێدا ژەنراوە، بۆ ئەوەی کەرە لە دۆ جیا بکرێتەوە. پێشینان وتویانە: "تۆ مەشکەی من بژەنە، من مەشکەی مالّی میر."

مەل: بالّندە. پێشینان وتویانە: "لە گایە چی بدەم بە برایە؟ لە مەلێ هەر یەکی پەلێ"

مەی: خواردنەوەی ئەلکهولی کە مرۆڤ مەست ئەکا. نالی ئەڵێ:

"بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی بۆ مەی نەڕژێ، شیشە لە سەد لاوە شکاوە"

نامۆ: بێگانەیەکی نەناسراو.

نەمام: دڕەختێ کە تازە ئەڕوێنرێ یان ڕوێنراوە بەڵام لە بەر کەمی تەمەنی هێشتا بەری نەگرتوە. مەحوی ئەڵێ: "پیری نەمامی باخی جوانیمی کرد بە پوش/ تازەم دڕەختی تولی ئەمەل دەر دەکا چڕۆ."

نێون: گۆلکی دوسالّەی مێ، بەرامبەر نۆوەن: گۆلکی دو سالّەی نێر.

هێزم: داری سوتاندن. نالی وتویەتی:

"لەم خۆشیە کە هێزمی مەتبەخ سەوز بوە ماوم عەجەب لە دیدەیی سۆفی کە ناڕوێ."

هیزە: خیگە. دەفرێکی چەرمینە، لە پێستی خۆشەکراوی مەڕ دروست کراوە، کە لاشەکەی لە ملەوە بە ساغی، بێئەوەی پێستەکەی پارچە کرابێ، دەرهێنراوە. شلە بە تایبەتی ڕۆن و چەوری و دۆشاوی تێ کراوە. نالی ئەڵێ:

"بوغزت لە زەعیفان چیە قوربان، وەکو قەساب

بەو خەز و بەزی ریشوەتە، هەی هیزە، قەڵەو بە!"

هەمانە: دەفرێکی چەرمینە، لە پێستی خۆشەکراوی ئاژەڵ دروست کراوە. کەلوپەل و شتی وشکی تێ دا هەڵگیراوە. لە سەفەردا وەکو جانتا بە کار هێنراوە. پێشینان وتویانە: "مشتەی ناو هەمانەکە کوشتومی."

هەرزاڵە: کەپرێکی نزمە لە دار و گیا و پوشی بۆنخۆش دروست کراوە، کوندە و گۆزەی لە سەر دانراوە، هەندێ جار لە سەری نوستون.

سەرچاوە

لەبەر تێکستی ئینگلیزی وەرگیراوە، بۆ تێکستی ئینگلیزی بڕوانە:
The Electronic Text Corpus of Sumerian Literature- Oxford University
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم لاوژەیە بە عەرەبی بڕوانە:
صمويل كريمر: من الواح سومر، ترجمة: طه باقر، دار الوراق، بيروت 2010. (ل 394 تا 396) و (ل 396 تا 397)
صاموئيل نوح كريمر: السومريون، احوالهم - عاداتهم - تقاليدهم، ترجمة: الدكتور فيصل الوائلي، وكالة المطبوعات، الكويت، 1973. (ل 394 تا 396)
الدكتور فاضل عبدالوحد علي: سومر - اسطورة وملحمة، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد 1997. (ل 159 تا 160)

لاوژەی گلگامێش

چکاوەی بابەت

گلگامێش شای شاری ئیروکە. شایەکی زۆرداڕە. خەڵک ئەچەوسێنێتەوە، هەمو بەیانیەک بۆ کارکردن بە دەنگی تەپڵ خەبەریان ئەکاتەوە. هەرکەس ژن بهێنێ ئەم شەوی یەکەم لەگەڵ بوکەکەی بەسەر ئەبا. زۆرداری گلگامێش ئەگاتە ڕادەیەک خەڵکی ئوروک بۆ سکاڵا لە دەس ئەو پەنا ئەبەنە بەر خواکان سنوریّ بۆ بەدکارییەکانی دابنێن.

خوا، ئەنکیدو وەکو هاوتایەک ئەخولّقێنێ تا ببێتە ملّۆزمی گلگامێش و بچێ بە گژی دا.

هاوتاکەی لەگەڵ گیانداری کێویدا هەڵسوکەوت ئەکا ئەویش خوی گیانداری کێوی ئەگرێ.

ڕاوکەرێک لەسەر کانی ئەنکیدو ئەبینێ، لەسەروسەکوتی ئەترسێ ڕاوی لێ تێک ئەدا.

ئەم ڕوداوە بۆ باوکی ئەگێڕێتەوە، باوکی ئامۆژگاری ئەکا بچێ بۆ ئوروک بۆ لای گلگامێش باسەکەی بۆ بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ژنێکی لەگەڵ بنێرێ ئەنکیدوی درندە بە خۆشیی ژیان و ژن تاو بکا بیبا بۆ ئوروک بۆ ململانێ لەگەڵ گلگامێش. ژنەکە لەئەرکەکەی دا سەرکەوتو ئەبێ. ئەنکیدو واز لە ژیانی کێوی دێنێ و ئەچێ بۆ ئوروک.


لە ئوروک لەگەڵ گلگامێش ئەکەونە زۆران. بەڵام لەباتی ئەوەی یەکێکیان ئەوی تریان لە ئەرز بدا ئەبن بە دۆستی گیانی بە گیانی. گلگامێش لە شایەکی بەدکارەوە ئەبێ بە کەسێکی باش و پێکەوە زنجیرەیەک نەبەرد دەست پێ ئەکەن بۆ ئەوەی بەدیی لەسەر ڕوی ئەرز بسڕنەوە.

گلگامێش و ئەنکیدو یەکەم نەبەرد ئەچن بۆ شەڕی خومبابای دێو کە ناوەکەی ترس و تۆقانی بڵاوکردەوە. ئەیکوژن و بەسەرکەوتویی ئەگەڕێنەوە.

ئیشتار، داوا لە گلگامێش ئەکا ببێ بە مێردی. گلگامێش نەک ڕازی نابێ بەڵکو سوکایەتی پێ ئەکا. لە سەر ئەوە ئیشتار ئەبێتە دوژمنی گلگامێش و داوا لە باوکی ئەکا گای ئاسمانی بنێرێ بۆ کوشتنی گلگامێش. بەڵام گلگامێش و ئەنکیدو گای ئاسمانی ئەکوژن.

ئەنکیدو نەخۆش ئەکەوێ ئەمرێ.

مردنی ئەنکیدو ئەبێتە هۆی ترساندنی گلگامێش لە مردن. ئەترسێ ئەمیش بە دەردی هەمان چارەنوس بچێ لەبەر ئەوە ئەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی گەڕان بەدوای نەمریی دا.
بە ناو دەریای مەرگ دا رێگەی پڕ مەترسی ئەگرێ ئەچێتە لای باوکی رازی ژیانی جاویدانی پێ بڵێ، ئەویش چیرۆکی تۆفانی بۆ ئەگێڕێتەوە. لەو تۆفانەدا تەنیا ئەو و ژنەکەی دەرباز بون. ئەمیش پێداگری ئەکا لەسەر ئەوەی رازەکەی بۆ بدرکێنێ. گرەوی لەگەڵ ئەکا کە ئەگەر شەش رۆژ و حەوت شەو نەنوێ پێی بڵێ، بەڵام بەرگە ناگرێ لە بەر شەکەتی خەوی لێ ئەکەوێ گرەوەکە ناباتەوە.



گـلگامێش شەڕ لەگەڵ گامێشێکی وەحشی ئەکا

ژنی ئوتونوپشتم بەزەیی پیا دێتەوە داوا لە مێردەکەی ئەکا شتێکی بداتێ لە گەڵ خۆی، دوای ئەم سەفەرە درێژە بیباتەوە بۆ ئوروک. ئاگاداری ئەکا گیایەکی دڕکاوی لە بنی دەریادا رواوە ئەگەر بتوانێ بیگاتێ و بیهێنێ ژیانی بۆ نوێ ئەکاتەوە.
ئەچێتە بن دەریا و گیاکە بە دەست ئەهێنێ.
بە دڵی خۆش و بە هیوای ژیانی جاویدان بەرەو ئوروک ئەگەڕێتەوە.

لە رێگا ماندو ئەبێ، لە ئیستگەیەک دا لا ئەدا لە گۆمێک دا خۆی بشوا، مارێک گیاکە بۆن ئەکا بەدزیەوە دێ ئەیرفێنێ و ئەیخوا، مارەکە بەوە کاش فرێ ئەدا و ژیانی تازە ئەبێتەوە، بەڵام ئەم ئیتر گیای تازەبونەوەی ژیانی لە دەست ئەچێ و بە تەمای ژیانی جاویدان نامێنێ.
لە گەڵ هاوڕێکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئوروک.

داوا لە هاوڕێکەی ئەکا سەر بکەوێتە سەرشورەی شاری ئورک، سەیری شورە و بینا و پەرستگا و باخەکانی ئوروک بکا، کە ئەم دروستی کردون، بۆ ئەوەی پیشانی بدا نەمریی مرۆڤ لە ئەنجامدانی کاری گەورەدایە نەک لە ژیانی زۆر و تەمەنی درێژدا.

تێچاندن

لاوژەی گلگامێش لە بنەڕەت دا ئەفسانەیەکی سومەریە و، نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بە زمانی سومەری دانراوە و بە خەتی مێخی لە سەر خشتی قوڕ نوسراوەتەوە، بەڵام هەمان لاوژە، لە سەردەمی جیاواز و لە شوێنی جیاوازدا، بە زمانەکانی بابلی و ئاکەدی و ئاشوری و هتد... نوسراوەتەوە، لە چەند جێگایەکی تر هەندێ بەشی بە پچڕ پچڕی لە سەر خشت دۆزراوەتەوە. چەند بەشێکی لە مۆزەخانەی عیراقە، بەشی زۆری لە موزەخانەکانی دەرەوەی عیراقە بە تایبەتی مۆزەخانەی بەریتانی. گرنگترینی ئەم کۆمەڵە خشتە، ساڵی 1872 لە کتێبخانەکەی شای ئاشوری ئاشور ناسر بانڵ (668 – 626 پ ز) لە نەینەوا دۆزراوەتەوە. بە لێکدانی هەمو ئەو خشتانە و بە یارمەتی چەندین خشتی تری مۆزەخانە جیاوازەکان توانیویانە کۆی لاوژەکە بە یەکخراوی بگێڕنەوە.

لاوژەی گلگامێش بە خەتی مێخی لە سەر دوانزە خشتی سورەوەکراو نوسراوەتەوە. هەر خشتەی دابەش کراوە بۆ شەش ستون، هەر یەکێ لەو خشتانە بە گشتی سێ سەد دێڕی تێدا نوسراوە، تەنیا خشتی دوانزەهەم دێڕەکانی نیوەی ئەوانی تێرە. هەندێ لە ستونەکانی خشتەکان و هەندێ دێڕی ناو ستونەکان، لە بەر شکان و فەوتانی سواڵەتی خشتەکە یان لە بەر سوانی نیشانەکانی، نوسینەکەی شێواوە یا ناخوێنرێنەوە. خشتەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم تەنیا چەند سواڵەتێکی شکاوی لێ دۆزراوەتەوە لە بەر ئەوە خراونەتە سەر یەک. زۆری وەرگێڕەکان خشتی دوانزەهەمیان نەخستۆتە سەری چونکە پێیان وا بوە بەشێ نیە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی لاوژەکە.

لاوژەی گلگامێش سەردەمێ هۆنراوەتەوە هێشتا یەکتاپەرستی نەبۆتە باوەڕی باوی خەڵک، بەڵکو باوەڕیان بە فرەخواپەرستی هەبوە. بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی خوایەکیان پەرستوە، بە تایبەتی خواکانیان لە گەڵ مانگ و رۆژ و ئەستێرەکانی ئاسمان دا هاوناو بون، لەوانە: شاماش، بۆ رۆژ. سین، بۆ مانگ. ئیشتار، بۆ ئەستێرەی زوهرە. نابو، بۆ ئەستێرەی عەتارید. نیرگال، بۆ مەریخ. نینورتا، بۆ زوحەل...هتد

زمانەکانی سۆمەری و بابلی و ئاکەدی و ئاشوری مردون. لە بەر ئەوە لێکدانەوەی وشەکان و گۆکردنی دروستی ناوەکان جێگەی مشتومڕن. هەر وەرگێڕە کە بە زمانی خۆی وەری گێڕاوە گۆکردنی ناوی قارەمان و کەسەکانی لاوژەکەی بە پێی گۆکردنی زمانەکەی خۆی دەربڕیوە. تا ئێستاش لە ناو زانا شوێنەوارناسەکان دا لە سەر جۆری گۆکرنیان مشتومڕ هەیە. لە سەر یەکجۆرە گۆکردن رێک نەکەوتون. بە تایبەتی چونکە هەمو ئەو زمانانەی دەقە ئەسڵیەکانیان پێ نوسراوە بە زمانی مردو دانەنرێن لە ئێستادا گەلێک نەماوە پێیان بدوێ.
مێژونوسەکانی عەرەب و شوێنەوارناسەکانیان لە عیراق، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس دا، هەوڵیان داوە شارستانێتی میزۆپۆتامیا بکەن بە شارستانێتیەکی سامی و، بەوەش بیکەن بە کەلەپوری دێرینەی عەرەبی، ئەگەرچی هەمویان دان بەوەدا ئەنێن کە سومەریەکان سامی نەبون، بەڵام هەوڵێکی زۆریان داوە سامی بونی رێچەڵەکی بابلی و ئاکەدی و زمانەکەیان بسەلمێنن و، هەوڵیان داوە لە وەرگێڕانی دەقەکان دا، ئەگەرچی هەندێ

دەنگی وەکو "گاف" و "پێ" لە زمانەکەی ئەوان دا نیە، گۆکردنی ناوەکان و وشەکان لە گەڵ گۆکردنی عەرەبی بگونجێنن و لە وشەی عەرەبی نوێ نزیکی بخەنەوە.

لاوژەی گلگامێش دەیان جار و بە زمانی جیاوازی دنیا تەرجومەکراوە و بڵاوکراوەتەوە لەوانە بە: زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، روسی، هۆڵەندی، سویدی، دانیمارکی، نەرویجی، هەروەها بە زمانەکانی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە: عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی.... هەندێ لەو تەرجومانە، راستەوخۆ لە زمانە ئەسڵیەکەیەوە تەرجومە کراوە و، هەندێکی تری تەرجومەی تەرجومەیە. هەندێ لەم تەرجومانە کەموزۆر جیاوازن لە گەڵ یەکتری، بەڵام بیرۆکەی چیرۆکەکانی لە گشتی دا وەکو یەکن.
دو نوسەری کورد، هەر یەکە بە جیا، لاوژەی گلگامێشیان کردۆتە کوردی و هەردوکی چاپ و بڵاوکراوەتەوە:
ئەحمەدی قازی، گەل گەمێش،
جەلیل ئازادیخواز، گێل گەمێش، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005.
تەرجومەی یەکەم وەکو وەرگێڕ خۆی نوسیوێتی لە زمانی فارسیەوە وەری گێڕاوە. شاعیری ناسراوی ئێران ئەحمەدی شاملو لە زمانی فەرەنسیەوە کردویەتی بە فارسی و ئەویش لە زمانی فارسیەوە کردویەتی بە کوردی.
تەرجومەی دوەمیش وەرگێڕ خۆی نوسیوێتی کە لە فارسیەوە وەری گێڕاوە، بەڵام ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەداوە.
ئەمەی لێرەدایە سێیەم تەرجومەی کوردی گلگامێشە. جیاوازی ئەم لەگەڵ ئەوانی تردا ئەوەیە:

یەکەم، ئەمەیان لە تەرجومەی عەرەبیەوە کراوەتە کوردی. وەرگێڕی عەرەبی، تەها باقیر، زانایەکی شوێنەوارناسی عیراقی بوە، کە خۆی پسپۆڕی بواری شوێنەوارناسی بوە و، یەکسەر لە زمانی ئەسڵی و لە دەقی ئەسڵیەوە کە بە خەتی مێخی نوسراوە، وەری گێڕاوە.
بڕوانە: (طه باقر، ملحمة كلكامش، بغداد، 1961)
ئەم کتێبە سێ جار لە بەغداد چاپ کراوە، چاپی یەکەم (1961) و چاپی دوەم (1971) و چاپی سێیەم (1974). جاری دوەم و سێیەم لە لایەن "وزارة الثقافة والاعلام" ی عیراقیەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بۆ دواییین چاپی ئەم کتێبە بڕوانە: (طه باقر: ملحمة كلكامش، دار الوراق، لندن، 2009).
جگە لە تەها باقیر چەند کەسی تر "ملحمة" ی گلگامێشیان وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی لەوانە: دکتور انیس فریحة، عبد الحق فاضل، هەروەها چەند تەرجومەیەکی تری لە سەر ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

دوەم، وەرگێڕی عەرەبی، ئەگەرچی وەکو وەرگێڕی هەندێ لە زمانەکانی تر ژمارەی نەخستۆتە سەر دێرەکانی، بەڵام هەوڵی داوە دێڕ بە دێڕ و ستون بە ستون تەرجومەی بکا. تەنانەت بۆ کاری بەراوردکاری دەقی ئەسڵی بە خەتی مێخی و دەقی ئەسڵی بە پیپی لاتینی لە گەڵ بڵاو کردۆتەوە.

سێیەم، لە هەر دێرێکی ئەم وەرگێڕانەدا ریزی نوقتە دانرابێ واتە ئەو دێرە یان چەند دێرێ فەوتاوە. لە هەر جێیەکیش دێرێ بە سپێتی بە جێ هێڵرابێ، ئەوە لە بنەڕەت دا سەرەتای خشتێ یا ستونێکی نوێیە، هەندێکیشی بۆ ئاسان تێگەیشتنی بابەتەکە دانراوە، دانانی ژمارە لە سەر هەندێ پەرەگرافی بابەتەکە نیشانەی ژمارەی ئەو خشتەیە لە ریزی ئەو یانزە خشتەی لاوژەکەی لە سەر نوسراوە.

ناونامە

بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنا بێ بە ناوی هەندێ کەس و شوێنی ئەم داستانە چاک وایە پێشتر چاوێ بەم لیستەدا بگێڕێ، کە بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەی هەندێکی بڕبڕ کراوە و، بە پیتی لاتینی لە بەر دەقێکی ئینگلیزی، نوسراوەتەوە:

ئانو: (ah noo: anu) خوای ئاسمان و باوکی هەمو خواکانە.

ئانوناکی: (ah noo nah kee: anunnaki) خوای جیهانی ژێرو، بڕیاردەری چارەنوسی مردوانە.

ئاروڕو: (ah roo roo: aruru) دایکی گەورەی خواکان. خولّقێنەری ئەنکیدویە. یەکێ لە ناوەکانی تری مامیتومە (mammetum).

ئای یا: (ea: ay ah) خوای ئاو و ژیریە. پارێزەری مرۆڤایەتیە. پێشی ئەوترێ ئینکی (enki)

ئەنکیدو: (enkidu: en kee doo) کەسێکی ئاساییە بۆ هاوتایی گلگامێش خولّقێنراوە.

خومبابا: (humbaba: hoom bah bah) دێوێکە دانراوە بۆ پاراستنی جەنگەلّی دارکاژ.

ئینلیل: (enlil: en lil) خوای زەوی و باوبۆرانە.

ئیننوگی: (ennugi: en noo gee) خوایەکی پچوکە یا خێو.

گلگامێش: (gilgamesh: gil gah mesh) پالّەوانی ئەفسانەکەیە.

نینسون: (ninsun: neen soon) خواژنێکی ژیرە. دایکی گلگامێشە. هاوسەری لوگالباندایە. ناوێکی تری خاتو مانگایە.

نینورتا: (ninurta: neen oor tah) خوای شەڕ و کشتوکالّە. ئەنکیدو لە شێوەی ئەم دروست کراوە.

نیسابا: (nisaba: nee sah bah) خواژنی گەنم و دانەوێلّە. قژی ئەنکیدو وەکو لاسکەکانی ئەم بوە.

شاماش: (shamash: shah mahsh) خوای رۆژە.

سیدوری: (siduri: see door ee) ژنە مەیخانەوان.

سین: (sin: seen) خوای مانگە.

ئوباراتوتو: (ubaratutu: oo bahr ah too too) خوا و باوکی ئوتناپیشتیم.

ئورشانابی: (urshanabi: oor shah nah bee) کەشتیەوانی تایبەتی .

ئوتناپیشتیم: (utnapishtim: oot nah peesh teem) تەنیا کەسە لە گەلّ هاوسەرەکەی لە تۆفان دەرباز بوە، لە بەر ئەوە ژیانی جاویدانی پێ بڕاوە.

ئوروک: (uruk: oo rook) شارێکی سومەری بوە.

شوروپاک: (shuruppak: shoo roo pahk) شارێکی سومەری بوە لە سەروی ئوروک دا. نشینگەی پێشوی ئوتناپیشتیم بوە. خواکان لەوێوە تۆفانیان هەلّساندوە.

نیپور: (nipur: nee poor)- شاری ئینلیل بوە. پایتەختی ئایینی میزۆپۆتامیا بوە.

ئای ئانا: (eanna: ay ahn ah) نشینگەی ئانو و ئیشتار بوە لە شاری ئوروک.

ئای گال ما: (ay gahl mah: egalmah) پەرستگای نینسون بوە لە شاری ئوروک.

ئەدەد: خوای باهۆز.

سمۆگان: خوای گاوگۆتالّ.

ئولای: (ulay: oo lie) ناوی روباریّ بوە.

ماشو: (mashu: mah shoo) ناوی ئەو چیایە بوە خۆری لێ هەلّ هاتوە و خۆری لێ ئاوا بوە.

نیموش: (nimush: nee moosh) ئەو لوتکەیەی ئوتناپیشتیمی لە سەر گیرساوەتەوە، پێی ئەوترێ نیسیر (nisir).

ئیکو: ئەندازەیەک بوە بۆ پێوانەی پانتایی.

شار (سار): ئەندازەیەک بوە بۆ پێوانەی پانتایی و کێشانی قورسایی.

کر: ئەندازەیەک بوە بۆ پێوانی قەوارە.

مەن: ئەندازەیەک بوە بۆ پێوانەی قورسایی. ئەم وشەیە تا ئێستاش لە زمانی کوردی دا بۆ کێشانی قورسایی بە کار ئەهێنرێ. پێشینان وتویانە: "تۆ یەک مەنی، من دو مەنم، بێجگە لە گورز و کەمەنم."

هەمو نیگارەکانی ئەم بەشە لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: "المهندس الدكتور سوسة، أحمد، تاريخ حضارة وادي الرافدين في ضوء مشاريع الري الزراعية والمكتشفات الآثارية والمصادر التاريخية، الجزء الاول، دار الحرية للطباعة، سنة الطبع 1983، ص209- 2011"

لاوژەی گلگامێش

خشتی یەکەم

ستونی یەکەم

ئەوە ئەو بو کە هەمو شتێکی بینی، جا ولاتەکەم گۆرانی پێدا هەڵبڵێ
ئەوە ئەو بو کە هەمو شتێکی زانی و سودی لە پەندەکانی وەرگرت
ئەوە دانای ئاگاداری هەمو شت
نهێنیەکانی دی و رازە شاردراوەکانی ئاشکرا کرد
هەواڵەکانی زەمانی پێش تۆفانی بۆ هانین
ڕێگەی دوری بڕی لە نێوان شەکەتی و حەسانەوەدا گینگڵی دا
لە سەر تاشەبەردێ هەرچی دی بو نەخشاندی
شورە سەختەکانی ئوروکی دانا
پەرستگای پیرۆزی ئەی ئانا، ڕێڕەوی پیرۆز
بڕوانە دیواری دەرەوەی وەکو مس ئەبریسکێتەوە
بڕوانە دیوارەکانی ناوەوەی وێنەیان نیە
دەرگاکانی لە کۆنەوە جێگیر بون
نزیک بەرەوە لە ئەی ئانا نشینگەی ئیشتار
هیچ شایەکی تر، هیچ کەسێکی تر، لەوانەی دێن، نمونەی کاری ئەو ناهێنن
سەرکەوە سەر شورەی ئوروک، بە تێڕامانەوە بە بانی دا بڕۆ
بناغەکەی و کەرپوچەکانی بپشکنە
ئاخۆ بە خشتی سورەوەکراو دروست نەکراون؟
ئایا حەوت داناکە بنچینەکەیان دانەناوە؟
یەک سار پانتایی شارەکەیە، یەک سار بۆ لەوەڕ و یەک ساریش بۆ گڵینجان
ئەوەش ئەرزی تەرخانە بۆ پەرستگای ئیشتار
هەموی سێ سارە، هەروەها بەشێ ئەرزی چۆڵەوانیی شاری ئوروکە
بگەڕێ بۆ تەختە هەڵگیراوەکەی ناو دورجی مسینەی خشتەکان
قفڵە بڕونزیەکە بکەرەوە
دەمە نهێنیەکەی ئاشکرا بکە
تاشە بەردە لاجیوەردیەکە بهێنە و بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە
ئەوسا ئەزانی گلگامێش چەندە رەنجی داوە و چەندە ماندویەتی دیوە
هەمو شاکانی بە جێ هێشتوە، سیمایەکی جوانی شکۆداری هەیە
پاڵەوانی نەوەی ئوروک، گای شاخدار
لە پێشەوە بڕوا پێشەنگە
لە دواوەش بێ بۆ ئەوەیە برا و کەسوکارەکانی بپارێزێ
چەترێکی گەورەیە، پارێزەری ژێردەستەکانێتی


شەپۆلی تۆفانێکی بەخورە تەنانەت دیواری بەرد ئەڕوخێنێ
نەوەی لوگالباندا، ئەو گلگامێشی خورتە
کوڕی چێڵی ترسناک، رات نینسون
گلگامێشێ پڕە لە قەشەنگی و خوایی
ئەوە کە تەنگەی شاخەکانی داگیرکرد
لە بناری کێوەکان دا چاڵاوی هەڵکەند
دەریا زلەکانی بڕی بەرەو شوێنی هەڵهاتنی خۆر
هەر چوار گۆشەی جیهانی پشکنی
هەوڵی دا ژیانی جاویدان بە دەس بهێنێ
بە تەقەلای خۆی توانی بگاتە ئوتناپیشتیمی دوورەدەست
ژیانی گەڕانەوە بۆ ئەوەی تۆفان تێکی دا بو
ئاخۆ لە هیچ شوێنێکی کە شایەکی وا هەیە؟
ئایا جگە لەو کێی تر ئەتوانێ بڵێ: من شام؟
جگە لەو کێی تر لە کاتی لە دایکبونی دا ناوی نرا گلگامێش؟
دوسێیەکی خوایە و سێیەکەکەی تری مرۆڤە
بیچمی جەستەی خواژنە مەزنەکان دایان رشتوە

ستونی دوەم

دوای ئەوەی گلگامێش خولّقێنرا، خوای گەورە باشی خولّقاند
شاماشی ئاسمانی چاکە و ئەدەد پاڵەوانێتی پێ بەخشیوە
خوا گەورەکان شێوەیان دارشت
باڵای یانزە باڵ و پانی سنگی نۆ بست بو
دوسێیەکی خوا و سێیەکی مرۆڤە
بیچمی جەستەی ترسناکە وەکو گاکێوی
بڕندەیی چەکەکەی هیچ بەرگەی ناگرێ
ژێردەستەکانی بە دەنگی تەپڵ لە خەو هەڵئەسێنێ

پاڵەوانەکانی ئوروک بە خەم و سکاڵاوە لە ماڵەکانیان خزاون
گلگامێش کوڕی سەربەستی بە باوک نەهێشت بو
شەو و رۆژ زوڵم و زۆری ئەکرد
بەڵام گلگامێش شوانی ئوروک و شورەکەیەتی
ئەو شوانە بەهێزەکەمانە قۆز و ژیرە
گلگامێش نە کچی هیچ دایکێکی بە پاکیزەیی هێشۆتەوە
نە کیژی هیچ جەنگاوەرێک و نە دەزگیرانی هیچ پاڵەوانێک
سەرەنجام ماخوا کڕوزانەوە و سکاڵاکانی بیستن

خواژنی ئاسمان خێوی ئوروکی بانگ کرد و پێی وت:
"ئەی ئارورو ئەم گا درِندە خورتەی نەخولّقاند؟
ئەوەی کە هیچ چەکێ ناگاتە برِندەیی چەکەکەی
ژێردەستەکانی بە دەنگی تەپڵ لە خەو هەڵئەسێنێ
گلگامێش، ئەوەی کورِی سەربەستی بە باوک نەهێشتوە
شەوورۆژ بە زۆر و زۆرداری خەڵک ئەچەوسێنێتەوە
لە گەڵ ئەوەی ئەو شوانی ئوروک و شورەکەیەتی
هەم شوانی ئەوانە و هەم ئەیان چەوسێنێتەوە، خورت و قۆز و ژیرە
گلگامێش نە کچێکی بە پاکیزەیی بۆ خۆشەویستەکەی هێشتۆتەوە
نە کیژی جەنگاوەرێ نە دەزگیرانی پاڵەوانێ"
کە ئانوی شکۆدار گوێیستی سکاڵاکانیان بو
ئاروروی مەزنی بانگ کرد پێی وت:
"ئەی ئارورو تۆ ئەم کابرایەت خولّقاندوە
ئێستاش هاوتایەکی بۆ بخولّقێنە لە دڵ و دەرون دا مێملّی ئەو بێ
بۆ ئەوەی لە ململانێیەکی بەردەوام دا بن تا ئوروک بحەوێتەوە"



گلگامێشی پاڵەوانی ئەفسانەیی دو گامێشی وەحشی ئەبەزێنێ و قاچیان ئەگرێ

ئارورو کە ئەمەی بیست، لە دڵی خۆی دا نیگاری ئانوی هێنایە بەرچاوی
دەستەکانی شۆری، چنگێ گڵی هەڵگرت، بە هەردەکان دا وەشاندی
لە هەردەکاندا ئەنکیدوی پاڵەوانی بەهێز، لە توخمی نینورتای خولّقاند
لەشی تیسکن و قژی سەری وەکو قژی سەری ژن
تاڵی موەکانی سەری وەکو پرچەکانی نیسابا بو
نە کەسی ئەناسی و نە هیچ شوێنێ، وەکو سوموگان بەرگی ئەپۆشێ

لە گەڵ ئاسکەکاندا گیا ئەخوا
لە گەڵ گیانداری کێوی دا ئەچێتە سەر کانی
دڵی بەوە خۆش ئەبێ کە گیاندارەکان لە سەر ئاوەکە مۆڵ ئەبن
راوکەرێکی تۆڕەوان جارێکیان لە سەر کانیاوەکە ئەوی بینی
رۆژێک و دوان و سێیان لە کانیاوەکە ئەیبینیەوە
نێچیروانەکە بە بینینی ئەو حەپەسا لە ترسا پەشۆکا
خۆی و نێچیرەکانی گەڕایەوە کۆڵیتەکەی
وەها تۆقی بو، هەر چوارپەلی لە جوڵە کەوت بو
دڵی داخورپا و رەنگی هەڵبزڕکا
ترسی لێ نیشت، چڕوچاوی هەڵقرچا بو وەکو ئەوەی رێیەکی دوری بڕی بێ

ستونی سێیەم

نێچیروان هاتە لای باوکی، دەمی کردەوە، پێی وت:
"باوکە! کابرایەکی سەیرم بینی لە هەردەکانەوە هاتۆتە خوارێ
ئەو، بەهێزترینی ئەوانەیە کە لەم وڵاتەدان، خاوەن توانایەکی زۆرە
لە هێز و توانای زۆردا وەکو ئانویە
بە دەشتەکان و هەردەکان دا ئەسوڕێتەوە
لە گەڵ گیاندارانی کێوی ئەلەوەڕێ
لە گەڵ ئەوان ئاو لە سەرچاوەکە ئەخواتەوە
ترسام نەموێرا لێی نزیک ببمەوە
هەمو چاڵی تەپکەکانی هەڵم کەندبون ئەو پڕی کردونەوە
تۆڕەکانی دام نابونەوە پچڕاندونی
وای کردوە نێچیر و گیانداری کێوی لێم ئەڕەوێنەوە
لە راو بەشبڕاوی کردوم"

باوکی دەمی کردەوە بە کوڕە راوکەرەکەی وت:
"کوڕم! لە ئوروک گلگامێشی لێیە
لە هێز و توانادا بێ وێنەیە
لە زەبروزەنگ دا وەکو ئانویە
برۆ بۆ ئوروک، بچۆ بۆ لای
هەواڵی توانای زۆری ئەم زەلامە بە گلگامێش بدە
با کەنیزێکی سۆزانیت لە گەڵ بنێرێ بیبەی بۆ ئەوێ، ئینجا ئەی نێچیروان!
لێی بگەڕێ زاڵ بێ بە سەری دا و دەستەمۆی بکا
کاتێ دێ بۆ سەرچاوەکە ئاو لە گەڵ گیاندارەکان بخواتەوە
ئەم با جلەکانی دابکەنێ و شوێنە داپۆشراوەکانی لەشی دەربخا و قەشەنگی خۆی بنوێنێ
ئەگەر چاوی پێ کەوت لێی نزیک ئەبێتەوە و بۆی ئەکشێ

ئەوسا گیاندارەکانی کە لە دەشتەکان دا لە گەڵی گەورە بون لێی ئەتەکنەوە"
ئامۆژگاریەکانی باوکی لە گوێ گرت
نێچیروان چو بۆ لای گلگامێش
کەوتە ڕێ گەیشتە شاری ئوروک
لە بەر دەم گلگامێش دا راوەستا و پێی وت:
"کابرایەکی سەیر هەیە لە هەردەکانەوە هاتۆتە خوارێ
لە هەمو ئەوانەی ئەم وڵاتە بەهێزترە، توانایەکی بێئەندازەی هەیە
لە هێز و توانای زۆردا وەکو ئانویە
بە دەشتەکان دا ئەسوڕێتەوە و گیا ئەخوا
لە گەڵ گیاندارانی کێوی ئەلەوەڕێ و لە گەڵ ئەوان ئاو لە سەرچاوەکە ئەخواتەوە
ترسام، نەموێرا لێی نزیک بکەومەوە
هەمو چاڵی تەپکەکانی هەڵم کەند بون ئەو پڕی کردونەتەوە
تۆڕەکانی دام نابونەوە پچڕاندونی
وای کردوە نێچیر و گیانداری کێوی لێم ئەڕەوێنەوە
لە راوی دەشت بەشبڕاوی کردوم"

گلگامێش ئاخافت، بە نێچیروانی وت:
"هەی نێچیروان! رابە بڕۆ کەنیزێکی سۆزانی لە گەڵ خۆت ببە
کاتێ ئەو دێت بۆ سەر چاوە بۆ ئاودانی گیاندار
با ئەم جلەکانی داکەنێ و جوانیە داپۆشراوەکانی لەشی خۆی دەر بخا
ئەگەر بینی لێی نزیک ئەبێتەوە و رائەکێشرێ
ئەوسا گیاندارەکانی کە لە دەشتەکان دا لە گەڵی گەورە بون لێی ئەتەکنەوە"

راوکەرەکە کەنیزێکی سۆزانی لە گەڵ خۆی برد
جمین، کەوتنە ڕێ
ڕۆژی سێیەم گەیشتنە جێی مەبەست
نێچیروان و کەنیز لە شوێنەکەدا خۆیان مەڵاس دا و مانەوە
ڕۆژێک و دوان لە سەرچاوەکە چاوەڕێ بون
ئینجا گیانداری کێوی بۆ ئاوخواردنەوە هاتنە سەر ئاوەکە

ستونی چوارەم

گیاندارە کێویەکان هاتنە سەر ئاوەکە، شاد و دڵی خۆش بو
ئەنکیدو کە لە هەردەکان لە دایک بوبو
لە گەڵ ئاسکەکان دا گیای ئەخوارد و، لە گەڵ گیاندارەکان دا ئەهاتە سەر ئاوەکە
بەوە دڵی خۆش ئەبو لە گەڵ چوارپێکان دا لە سەر ئاوەکە بو
کەنیز چاوی پێ کەوت، کابرا درندەکەی بینی

کەنیز زەبەلاحێکی دی کە لە قوڵایی دەشتەکانەوە هاتوە
نێچیروان چرپانی بە گوێی دا:
"کەنیز! ئەمە ئەوە ئیتر مەمکەکانتی بۆ روت کە
شوێنە داپۆشراوەکانی لەشتی بۆ هەڵماڵە تا قەشەنگیەکانی ببینێ
مەسڵەمێرەوە، تێکەڵی بە، ئارەزوی تێدا بخرۆشێنە
هەر کە بینیتی لێت ئەئاڵێ
تۆش کراسەکەت فڕی بدە، با خۆی بدا بە سەرتا
کابرای درێندە فێری هونەری ژن بکە
گیاندارەکانی لە دەشتەکان دا لە گەڵی گەورە بون لێی ئەتەکنەوە
ئەگەر هۆگری تۆ ببێ و خۆشی بوێی"

کەنیز مەمکی دەرهێنا، خۆی هەڵماڵی
ئەویش خۆشیی لە قەشەنگیی لەشی ئەم وەرگرت
نەسڵەمیەوە، ئارەزوی بەتینی تێدا خرۆشان
ئەم جلەکانی داکەند، ئەویش خۆی دا بە سەری دا
کابرای درێندەی فێری هونەری ژن کرد
کەوتە داوی و هۆگری بو

ئەنکیدو شەش رۆژ و حەوت شەو لە گەڵ کەنیز رایبوارد
پاش ئەوەی لە جوانیەکانی تێری خوارد
روی وەرگێڕا بە لای ئاشنا گیاندارە کێویەکانی دا
بەڵام ئاسکەکان هەر کە ئەنکیدویان بینی یەکسەر هەڵیان تیزان
درێندەکانی دەشتەکە لە نزیکی رەوینەوە
ئەنکیدو، تاسا، بڕستی لێ بڕا
وێستی شوێنیان بکەوێ، کەچی ئەژنۆکانی لە دوی نەئەهاتن
ئەنکیدو داهێزرا بو، وەکو جاران، نەیئەتوانی را بکا
بەڵام بو بە یەکێکی ژیر، خاوەن هەست و هۆشێکی فراوان
گەڕایەوە لە بەر پێی کەنیزدا هەڵتوتا
چاوی بڕیە دەموچاوی
گوێی بۆ شل کرد چی پێ ئەڵێ، پێی وت:
"ئەنکیدو تۆ ئێستا ژیری شێوەی خودات لێ نیشتوە
ئیتر بۆچی لە دەشتەکان دا لە گەڵ گیانداران دا ئەسوڕێیتەوە؟
وەرە بتبەم بۆ ئوروکی شورەدار
بۆ یانەی پیرۆز، نشینگەی ئانو و ئیشتار
کە گلگامێشی خاوەن زۆر و توانای لێ ئەژی
وەکو گاکێوی بە سەر هەمو خەڵک دا زاڵە"

قسەکانی لێ وەرگرت، دڵی خۆش بو چونکە ئەیویست هاودەمێکی هەبێ
ئەنکیدو وەڵامی کەنیزی دایەوە پێی وت:
"دەی ژنەکە! بمبە
بۆ یانەی پاک، نشینگەی ئانو و ئیشتار
کە گلگامێشی خاوەن زۆر و توانای لێ ئەژی و
وەکو گاکێوی بە سەر هەمو خەڵک دا زاڵە
من روبەڕوی ئەبمەوە و بە قسەی ڕەق ئەیدوێنم"

ستونی پێنجەم

لە ناو جەرگەی ئوروک دا ئەنەڕێنم: "من بەهێزترم
بەڵێ! منم ئەوەی چارەنوسەکان ئەگۆڕێ
ئەوەی لە هەردەکان لە دایک بوبێ، ئەوە بەهێزترە"
(کەنیز وتی):
"دەی وەرە با بڕۆین تا ڕوخسارت ببینێ
ڕێنوێنیت ئەکەم بۆ لای گلگامێش، من ئەزانم لە کوێیە
بەڵێ! ئەی ئەنکیدو وەرە بۆ ئوروکی شورەدار
لەوێ کە خەڵک بە جوانترین خشڵ خۆیان ئەڕازێننەوە و
هەمو ڕۆژێ وەکو جەژن ئاهەنگ ئەگێڕن
لەوێ.... کوڕان...
کچانی... قەشەنگ
بۆنی عەتریان لێ دێ
مەزنەکان کێش ئەکەن بۆ ناو خەوتنگەکانیان
تۆش ئەی ئەنکیدو کە بە تەمای خۆشگوزەرانیت
گلگامێشی ئەهلی ڕابواردنت پیشان ئەدەم
ئەبێ سەیری بکەیت و لە ڕوخساری بڕوانی
ئەیبینی بە پیاوەتی و توانای خۆیەوە ئەنازێ
لەشی بە ڕابواردن و ئارەزو ڕازاوەتەوە
لە تۆ بە تواناترە، شەو و ڕۆژ ناسرەوێ
تۆش ئەی ئەنکیدو واز بێنە لە غەڕایی و خۆهەڵکێشان
شاماش ئاگای لە گلگامێشە و خۆشی ئەوێ
ئانو و ئینلیل و ئایا تێگەیشتنێکی زۆریان پێ بەخشیوە
پێش ئەوەی تۆ لە هەردەکانەوە بجمێی
گلگامێش لە ئوروک تۆ لە خەودا ئەبینێ"

بە ڕاستی گلگامێش لەو کاتەدا لە خەو بێدار بوەوە
دەستی کرد بە گێڕانەوەی خەونەکەی بۆ دایکی، وتی:

"دایکە! دوێشەو خەونێکم دیوە
بینیم من بە فیزەوە بە ناو پاڵەوانەکان دا ئەڕۆیشتم
ئەستێرەکانی ئاسمان دەرکەوتن
یەکێکیان، وەکو هەسارەی ئاسمانیی ئانو، بە سەر من دا کەوت
ویستم لە سەر خۆمی لابدەم قورس بو نەمتوانی
ویستم بیلەقێنم نەمتوانی بیجوڵێنم
خەڵکی ئوروک لێی کۆبونەوە
خەڵک تێی وروکان و پاڵیان بەیەکەوە ئەنا
پاڵەوانەکان دەوریان دا
هاورێکانم قاچیان ماچ ئەکرد
منیش خۆشم ویست و دانەویمەوە بۆی وەکو چۆن بۆ ژنێ دائەنەوم
هەڵمبڕی و هاویشتمە بەر پێت
تۆش کردت بە هاوتای من"

نینسون، دایکی گلگامێش، بینای زانا، شارەزای هەمو شت، بە گلگامێشی وت:
"بینینی ئەستێرەی ئاسمان، هاوتاکەتە
کە وەکو هەسارەی ئاسمانیی ئانو بە سەر تۆدا کەوت
ئەوەی ویستت لایبەری و قورس بو نەتتوانی
ویستت بیلەقێنی و نەتتوانی
تۆش خۆشت ویست و بۆی دانەویتەوە وەکو چۆن بۆ ژنێ دائەنەوی
ئینجا هاویشتتە بەر پێی من
من خۆم کردومە بە هاوتای تۆ
ئەوە هاوەڵێکی بەهێزە، لە تەنگانەدا دۆستێکی هاوکارە
بەهێزترینی وڵاتە و خاوەن زاتێکی پتەوە
وردی وێنەی وردی ئانویە خاوەن توانایەکی زۆرە
ئەوەش کە تۆ خۆشت ویستوە و بۆی دانەویوی وەکو چۆن بۆ ژنێ دائەنەویت
واتە لە گەڵت ئەبێ و دەستت لێ بەر نادا
ئەمەیە لێکدانەوەی خەونەکەت"

ئینجا گلگامێش خەونێکی تری بۆ دایکی گێڕایەوە:
"دایکە! خەونێکی ترم دیوە
لە ئوروکی شورەداردا تەوڕێک دانرا بو
خەڵکی ئوروک لێی کۆبونەوە و تێی وروکان
منیش حەزم لێ کرد، بۆی دانەویمەوە وەکو ژن بێ
ئینجا هاویشتمە بەر پێت تۆش کردت بە هاوتای من"

دایکی گلگامێش، دانای خۆشەویست، بە کوڕەکەی وت
نینسون، دانای بینا، بە گلگامێشی وت:
"ئەو تەورەی بینیوتە، پیاوە
ئەوەش کە خۆشت ویستوە و بۆی دانەویوی کە وەکو بۆ ژن دانەویتەوە
من ئەیکەم بە هاوتای تۆ
لێکدانەوەکەی ئەوەیە: هاوڕێیەکی بەهێز، دۆستێکی هاوکار، دێتە لات
بەهێزترینی ولّاتە و خاوەن زاتێکی پتەوە
وەرەی وێنەی وەرەی ئانویە خاوەن توانایەکی زۆرە"
گلگامێش دەمی کردەوە بە دایکی وت:
"خۆزگە ئەم نوقلّانەیە، بە ویستی ئینلیلی مەزن، ئەهاتە دی
هاوڕێیەکم ئەبو دۆستێکی ئامۆژگاریکار بوایە
منیش ئەبومە هاوڕێ و دۆستی دلّسۆزی ئەو"

خشتی دوەم

لە کاتێک دا گلگامێش لێکدانەوەی خەونی دوەمی ئەپرسی
کەنیز ئەنکیدوی ئەدوان، ئەویش لە بەردەمی دا هەلّتوتا بو
هەردوکیان خەریکی خۆشەویستی و رابواردن بون
ئەنکیدو هەردەکانی شوێنی لە دایکبونی خۆی لە بیر چوبوەوە
ئەنکیدو شەش رۆژ و حەوت شەوی بە دلّداری لە تەک کەنیز بەسەربرد
ئینجا کەنیز بە ئەنکیدوی وت:
"ئەنکیدو هەرچەند سەیرت ئەکەم، لای من لە خوا ئەچی
لە بەرچی بە دەشتەکان دا ئەسوڕێیتەوە و لە گەلّ گیانداران ئەلەوڕێی
وەرە با من دەستت بگرم بتبەم بۆ ئوروکی پڕ لە بازاڕ
بۆ یانەی پیرۆزی نشینگەی ئانو
هەستە ئەنکیدو دەستت بگرم بتبەم بۆ ئایئانا نشینگەی ئانو
ئەو جێیەی گلگامێشی توانا و بەکاری لێیە
ئەوسا تۆ چەندە خۆتت خۆش ئەوێ ئەوەندەش ئەوت خۆش ئەوێ
دەی رابە لە سەر ئەرزی مافوری شوانان"

قسەکانی بیست و لە گوێ گرت
ئامۆژگاری ژنەکە کاری کردە دلّی بە قسەی کرد
ئەویش کراسەکەی کرد بە دو کەرتەوە
نیوەی کردە بەری ئەو، خۆیشی نیوەکەی تری پۆشی
پەلی گرت وەکو چۆن پەلی منالّ ئەگیرێ
بردی بۆ کۆلّیتی شوانەکان، بۆ لای کۆزەکان
شوانەکان لێی کۆبونەوە

ستونی سێیەم

بە شیری گیاندارانی کێوی پەروەردە بووبو
کاتێ نانیان بۆ دانا سەری سوڕما و پەشۆکا
بە وردی تێی روانی
بەڵێ ئەنکیدو نازانێ چۆن نان ئەخورێ
چونکە بە مژینی شیری گیانداری کێوی راهاتبو
فێر نەکرابو بادەی بەهێز چۆن ئەخورێتەوە
کەنیز دەمی کردەوە بە ئەنکیدوی وت:
"ئەنکیدو! نانەکە بخۆ ئەمە مایەی ژیانە
بادە بەهێزەکە بخۆرەوە ئەمە نەریتی وڵاتە"

ئەنکیدو لە نانەکەی خوارد تا تێر بو
لە بادە بەهێزەکەش حەوت پەرداخی خواردەوە
گیانی کەوتە فڕین و سنگی کرایەوە، دڵی خۆش بو، ڕوی گەشایەوە
لەشە تیسکنەکەی پاک کردەوە بە ڕۆن چەوری کرد
بو بە مرۆڤ، بەرگی پۆشی وەک زاوای لێ هات
چەکەکەی هەڵگرت کەوتە ڕاونانی شێرەکان بۆ ئەوەی شوانەکان بە شەو ئاسودە بن
گورگی ڕەتاند و شێری بەزاند
شوانەکان تواناییان بە شەو بە دڵنیایی هەڵئاژێن
ئەنکیدو بو بە پاسەوان و یاریدەدەریان
ئەوە پیاوی بەهێز و یەکە پاڵەوان
.....

ستونی چوارەم

.....
ئەنکیدو دڵخۆش بو، بەزم و ئاهەنگی گێڕا
کە چاوی هەڵبڕی کابرایەکی بینی
بە کەنیزی وت: "هەی کەنیز! ئەو کابرایەم بۆ بێنە
بۆچی هاتوە بۆ ئێرە؟ ئەمەوێ ناوی بزانم"
کەنیز کابرای بانگ کرد، هاتە لای، بینی و پێی وت:
"کابرا پەلەی چیتە؟
لەبەرچی ئەم ڕێ سەختەت پێواوە؟"
کابرا دەمی کردوە بە ئەنکیدوی وت:
"هەڵی کوتاوەتە سەر یانەی کۆبونەوە کە دانراوە بۆ خەڵک و بۆ زەماوەن
نەنگی و گڵاویی لە شارەکەدا بڵاو کردۆتەوە
ڕەوشتی قێزەون و بێگاری بە سەر شارە نەگبەتەکەدا سەپاندوە
تەپڵیان تەرخان کردوە بۆ شای ئوروکی خاوەن بازاڕەکان

بۆ ئەوەی بە پێی دەنگەکەی، ئەو بوکە هەڵبژێرێ کە ئارەزوی لێیەتی
بۆ گلگامێش، شای ئوروکی خاوەن بازاڕ، تەپڵ لێ ئەدرێ تا بوک هەڵبژێرێ پێش هاوسەرەکەی
ئەو، لە پێش میردەکەی دا، ئەبێ بە زاوای یەکەم
(ئەوان ئەڵێن) خودا وای ویستوە
بڕیاری بۆ دراوە لەوەتی ناوکی بڕاوە"
کابرا کە ئەم قسانەی گێڕایەوە ئەنکیدو روی گرژ بو
.....

ستونی پێنجەم

ئەنکیدو پێش کەوت، کەنیزیش لە دوایەوە
کاتێ گەیشتە ناو ئوروکی خاوەن بازاڕی گەورە
خەڵک لێی کۆبونەوە
کاتێ لە شەقامی ئوروک، لە شوێنی بازاڕ، راوەستا خەڵک لێی گردبونەوە، ئەیان وت:
"ئەمە لە بیچم دا هاوتای گلگامێشە
بەڵام بااڵی لەو کورتترە و ئێسقانی لەو پتەوترە
بەهێزترینی ئەوانەی دەشتەکانە، خاوەن توانای زۆرە
شیری گیانداری دەشتەکانی خواردوە
ئوروک دەنگی تەقەتەقی چەکی لێ نابڕێ"
پاڵەوانەکان خۆشییان پێ کەوت و وتیان:
"پاڵەوانێکی ملۆزم بۆ پاڵەوانە قۆزەکە پەیدا بوە
بەڵێ بۆ گلگامێش، هاوشێوەی خودا، هاوتا و هاووێنەی بۆ پەیدا بوە"
کە خەوتنگەیان بۆ ئاشخارا ئامادە کرد
گلگامێش هاتە نزیکی بۆ ئەوەی شەو بچێتە پاڵ خواژن
ئەنکیدو لە سەر ڕێی دا وەستا ڕێگەی چونە ژورەوەی لە رودا داخست

ستونی شەشەم

.....
گلگامێش ئەنکیدوی خرۆشاوی بینی
کە لە هەردە لە دایک بوە و قژە درێژەکەی سامی داوە بە سەری
هەڵی کوتایە سەری و پەلاماری دا
.....
لە بازاڕی وڵات دا بە یەک گەیشتن
ئەنکیدو بە قاچ دەرگای ماڵەکەی لە گلگامێش گرتوە
ڕێی نەدا گلگامێش بچی بۆ ناو خەوتنگاکە
باوەشیان کرد بە یەکتری دا

زۆرانیان ئەگرت، وەکو دو گاکێوی ئەیانبۆڕاند
ئەستونی دەرگاکەیان شکان و دیوارەکە لەرزی
هەردوکیان یەکترییان گرت بو
گلگامێش و ئەنکیدو وەکو دو گاکێوی خۆیان راگرت بو، یەکتریان ئەهێنا و ئەبرد کاتێ گلگامێش دانەویەوە و
پێی لە زەوی گیر کرد بو (بۆ ئەوەی ئەنکیدو بەرز بکاتەوە) ئاوڕی دایەوە ویستی بەردەوام بێ
بەڵام تورەبونەکەی نیشتەوە
کە تورەبونەکەی نیشتەوە ئەنکیدوش پێی وت:
"تۆ یەکە پیاوی، دایکێ تۆی بوە، نینسون، چێڵی کێوی پیرۆزە،
ئینلیل سەری بە سەر خەڵک دا بەرز کردی
شاهێتی مرۆڤی بە تۆ بەخشی"

خشتی سێیەم
ستونی یەکەم

.....

(سەرەتاکەی شێواوە.

بۆ ئەوەی روداوەکانی پێکەوە ببەسترێنەوە لە گەڵ پاشماوەی خشتەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لێک دراون

....

وا دەرئەکەوێ گلگامێش و ئەنکیدو بون بە هاوڕێ گلگامێش لە کابرایەکی زۆردارەوە گۆڕاوە بۆ کەسێکی تر
کە ئەیەوێ بچێ بۆ جەنگەڵی دارکاژ خومبابا رەمزی بەدیی لە ناو ببا.

.....

ئەنکیدو گەرەکێتی ژیوانی بکاتەوە)

.....

لە بەر چی گەرەکتە ئەم کارە ئەنجام بدەی؟
بۆچی بڕیارت داوە بچی بۆ جەنگەڵەکە؟

.....

یەکترییان ماچ کرد و پەیمانی دۆستایەتییان بەست

.....

دایکی گلگامێشی، شارەزای هەمو شت، دەستی بۆ شاماش بەرز کردەوە

ستونی دوەم

.....

دڵی ئەنکیدو پڕ بو لە خەم، چاوەکانی پڕ بون لە فرمێسک
هەناسەی ساردی هەڵکێشا
گلگامێش دڵی دایەوە پێی وت:

"هاوڕێ! بۆچی چاوەکانت فرمێسکیان تێ زاوە
دڵت پڕ بوە لە خەم، هەناسەی سارد هەڵ ئەکێشێ؟"
ئەنکیدو دەمی کردەوە بە گلگامێشی وت:
"هاوڕێ! وا هەست ئەکەم خەریکە ئەخنکێم
هەردو باسکم داهێزراون
تینوتاوم تێدا نەماوە"

گلگامێش روی دەمی کردە ئەنکیدو وتی:
"لە جەنگەڵەکە خومبابای ترسناکی لێیە
با بچین من و تۆ بیکوژین
بۆ ئەوەی بەدیی لە سەر ئەرز بسڕینەوە"
....
ئەنکیدو دەمی کردەوە بە گلگامێشی وت:
"هاوڕێ! کاتێ لە دەشتەکان و هەردە بەرینەکان دا
لە گەڵ گیاندارەکان دا ئەسوڕامەوە، زانیم
جەنگەڵەکە لە هەر لایەکیەوە ماوەی دەهەزار سەعات درێژ ئەبێتەوە
کێ ئەوێرێ بچێتە ناو قوڵاییەکەیەوە
نەڕەی خومبابا وەکو گرمەی تۆفانە
ئاگر لە دەمی دەر دێ، هەناسەکانی کوشندەن!
لە بەرچی گەرەکتە ئەم کارە ئەنجام بدەی؟
کەس ناتوانێ پەلاماری خومبابا بدا"
گلگامێش دەمی کردەوە بە ئەنکیدوی وت:
"بڕیارم داوە بە چیاکانی دارکاژدا هەڵ زنێم
بچمە ناو جەنگەڵەکەوە، بۆ ناو نشینگەی خومبابا
لە گەڵ خۆم تەورێ ئەبەم شەڕی پێ بکەم
تۆ بۆ خۆت لێرە بە، من بە تەنیا ئەڕۆم"
.....
ئەنکیدو دەمی کردەوە بە گلگامێشی وت:
"چۆن ئەتوانین بچینە ناو جەنگەڵی دارکاژەوە،
پاسەوانەکەی، ئەی گلگامێش، جەنگاوەرێکە خەو ناچێتە چاوی؟
.....
ئینلیل دایناوە جەنگەڵی دارکاژ بپارێزێ
بیچمەکەی وا دارشتوە خەڵک بترسێنێ
نەڕەی خومبابا وەکو گرمەی تۆفانە"
گلگامێش دەمی کردەوە بە ئەنکیدوی وت:
"هاوڕێ! کێ ئەتوانێ هەڵکشێ بۆ ئاسمان

تەنیا خواکانن کە هەتا سەر لە گەڵ شاماش ئەژین
بەڵام رۆژگاری مرۆڤ دیاری کراوە
هەرچییان کردوە بە با ئەچێ
کەچی تۆ وەهات لێ هاتوە هێمان ئێمە لێرەین لە مردن ئەترسی
ئەی کوا هێزی قارەمانێتیەکەت
کەواتە من پێشت ئەکەوم با دەنگی تۆ بانگم بکا: پێشکەوە، مەترسە!
ئەگەر کوژرام ناوم نەمر ئەبێ، نەوەکانی داهاتو کە لە دایک ئەبن پێم ئەڵێن:
گلگامێش لە زۆرانی خومبابای دێودا کوژراوە"
.....
"بەم قسانەت دڵتەنگت کردوم
من دەستم درێژ ئەکەم و درەختەکانی کاژ ئەبڕم
بۆ ئەوەی ناوێکی نەمر بۆ خۆم دروست بکەم
هاوڕێ! فەرمان دەر ئەکەم بۆ چەکسازەکان، بە ئامادەبونی خۆمان چەکمان بۆ دروست بکەن"

فەرمان دەرچو بۆ چەکسازەکان، ئەوانیش کۆبونەوە و کەوتنە راوێژ
چەکی گەورەیان دروست کرد: تەوریان داڕشت هەریەکەیان سێ وەزنە بو
شمشێری گەورەیان داڕشت دەمی هەر یەکێکیان دو وەزنە و مشتۆکانیان سی مەن و، کێڵانەکانی لە زێڕ
هەریەکەیان سی مەن بو
گلگامێش و ئەنکیدو چەکدار بون بە چەکی هەر یەکەیان دە وەزنە بو

خەڵک لە شەقامەکانی ئوروک لە بەر دەرگای حەوت لاشیپانەیی دا کۆبونەوە
خەڵک گلگامێشی لە کۆڵانەکانی ئوروکی خاوەن بازاڕدا بینی
پیرەکانی ئوروک لە بەردەم گلگامێش دا هەڵتروشکان، ئەویش قسەی بۆ کردن. بەمجۆرە بۆیان دوا:
"ئەی پیرەکانی ئوروکی خاوەن بازاڕ گوێ بگرن
ئەمەوێ، من گلگامێش، ببینم ئەوەی باسی ئەکەن
ئەوەی ناوەکەی وڵاتانی لە ترس پڕ کردوە
بڕیارم داوە لە جەنگەڵی کاژدا بە سەری دا زاڵ بم
وڵات هەواڵی کوڕی ئوروک ببیستێ
دەربارەی من بڵێن: نەوەی ئوروک چەند ئازا و خورتە!
دەستم درێژ ئەکەم، دارکاژ ئەبڕم بەوەش ناوێکی نەمر بۆ خۆم تۆمار ئەکەم"

پیرەکانی ئوروکی خاوەن بازاڕ وەڵامیان دایەوە، بە گلگامێشیان وت:
"ئەی گلگامێش تۆ هێمان لاوی و
ئەنجامی ئەوەی بە تەمای بیکەی نازانی
ئێمە بیستومانە خومبابا بیچمێکی سەیر و ترسناکی هەیە
کێ بەرگەی چەکەکانی ئەگرێ؟

لێرەوارەکەش لە هەمو لایەکیەوە دەهەزار سەعاتی دوبارە درێژ ئەبێتەوە
کێ ئەتوانێ بچێتە ناویەوە
نەڕەی خومبابا وەکو گرمەی تۆفانە
ئاگر لە دەمی دەردێ و هەناسەکانی کوشندەن
لەبەرچی ئارەزوی ئەنجامدانی ئەم کارەت هەیە
کەس بەرگەی خومبابا ناگرێ"

کاتێ گلگامێش ئەم قسانەی لە ئامۆژگاریکارەکانی بیست لە دەوری خۆی روانی و روی کردە هاوڕێکەی و پێکەنی، وتی:
"هاوڕێ! چۆن وەڵامیان بدەمەوە؟
وەڵامیان بدەمەوە بڵێم من لە خومبابا ئەترسم؟
بە درێژایی ژیانم ئیتر لە ماڵ دەرناچم؟
.....
ئینجا پیرەکانی ئوروک بە گلگامێشیان وت:
"بە هیوای ئەوەی خوای پارێزەر پشتیوانت بێ
بە هیوای ئەوەی بە سەلامەتی لە رێگەی گەڕانەوەت دا بتگێڕێتەوە
بە سەلامەتی بتهێنێتەوە بۆ مینای ئوروک"

ئینجا گلگامێش کڕنوشی بۆ خوا شاماش برد و نزای کرد
"ئەی شاماش من ئەڕۆم دەستی نزا بۆ تۆ هەڵئەبڕم
بە سەلامەتی بمهێنەرەوە بۆ مینای ئوروک
بە هیوای ئەوەی گیانم چاکە و فەڕی بەر بکەوێ"
ئینجا گلگامێش هاوڕێکەی داوا کرد و بەختی لێ پرسی
.....

خشتی شەشەم

فرمێسک بە روی گلگامێش دا هاتە خوارێ
.....
چەکەکانیان بۆ هێنا و شیرە گەورەکانیان پێدا کرد
کەوان و تیریان دایە، تەورەکانی هەڵگرت
کەوانی ئەنشانی کردە شانی و شیرەکەی کرد بە قەدی دا
خەڵک هاتن بۆ لای گیل گامێش و هیوای گەڕانەوەی زویان بۆ خواست
پیرەکان دەستخۆشییان لێ کرد و ئامۆژگارییان بۆ سەفەرەکەی پێ دا
پێیان وت:
"شاها! ئێمە لە ئەنجومەنی راوێژدا گوێڕایەڵی تۆ بوین
تۆش گوێ لە ئێمە بگرە پێڕەوی ئامۆژگاریەکانمان بکە

بە تەنیا پشت بە هێزی خۆت مەبەستە
لە کارەکەت ورد بەرەوە و خۆت بپارێزە
با ئەو پێش بکەوێ تۆ بکەوەرە دوای
با ئەنکیدو لە پێشتەوە بڕوا، ئەو رێگاکە شارەزایە پێشتر پێی دا رۆیشتوە
رێگەی جەنگەڵی دارکاژ بەڵەدە، با بچێتە ناو کون و کەلێنەکانیەوە
ئەوەی لە پێشەنگ دا بێ هاوڕێکەی ئەپارێزێ
با وریا بێ و، هوشیاری پاراستنی خۆی بێ
خۆزگە شاماش ئارەزوەکانی بە دی ئەهێنای
خۆزگە چاوەکانت ئەوەی بدیایە کە بە دەم وتت
خۆزگە کوێرەڕێ داخراوەکانی بۆ ئەکردیتەوە
رێگەی رۆیشتنی بۆ خۆش ئەکردی و گەوەی شاخەکانی لە بەر پێت دا تەخت ئەکرد
خۆزگە شەو مایەی خۆشی و شادی بۆ ئەهێنای
خۆزگە لوگالباندا پشتگیری ئەکردی
وای لێ بکردیتایە ئارەزوەکانت بێنە دی
وەکو منالّ ئاواتەکانت جێبەجێ بونایە
پاش کوشتنی خومبابا، کە تۆ بۆی ئەچی، هەردو پێت بشۆرە
لە حەسانەوەی ئێوارەدا چالاّوێ هەڵکەنە
با جەوەندەکەت هەمیشە پڕ بێ لە ئاوی پاک
ئاوی سارد لە شاماش نزیک بکەرەوە
ناوی لوگالباندا سەرومڕ بڵێرەوە"

ستونی سێیەم

گلگامێش دەمی کردەوە بە ئەنکیدوی وت:
"دەی هاوڕێ با بچین بۆ پەرستگای ئەیگالما
بۆ بەردەم نینسون، شاژنی مەزن
نین سونی دانای بینای هەمو شت زان
ئامۆژگاریمان ئەکات و هەنگاوەکانمان پتەو ئەکا"

گلگامێش و ئەنکیدو بەرەو ئەیگالما چون
گلگامێش چوە بەردەم نینسون، شاژنی مەزن
گلگامێش چوە ژورەوە و لێی نزیک بوەوە، وتی:
"ئەی نینسون! بڕیارم داوە کارێکی گەورە بکەم
بە تەمای سەفەرێکی دورم بۆ نشینگەی خومبابا
ئەچم بۆ شەڕێ ئەنجامەکەی نازانم
بە تەمای پێوانی رێگایەکم تولەڕێکانی شارەزا نیم
تا ئەو رۆژەی تێی دا ئەڕۆم و ئەگەڕێمەوە

تا ئەگەمە جەنگەڵی گەورەی دارکاژ و
خومبابا ئەکوژم و
هەرچی بەدییەک لە سەر روی ئەرزە، شاماش رقی لێیەتی، ئەیسڕمەوە
لای شاماش بۆم بپارێرەوە"

ئەودەم نینسون چوە ژورەکەی خۆی
کەوایەکی پۆشی شایستەی لەش و لاری بێ
خشڵێکی رازاوەی کرد بە خۆی دا شایستەی سنگی بێ
تاجێکی نایە سەری
ئینجا سەرکەوتە سەربان و پێشکەوت بۆ لای شاماش
بوغوردی سوتان
قوربانیی پێشکەش کرد و دەستی بۆ شاماش هەڵبڕی، وتی:
"بۆچی دڵێکت داوە بە کوڕەکەم نائارامە ئۆقرە ناگرێ؟
ئێستاش هانت داوە سەفەرێکی دور بکا بۆ نشینگەی خومبابا
توشی شەڕێ ئەبێ ئەنجامەکەی نازانێ
رێگایەک ئەپێوێ رێچکەکانی شارەزا نیە
تا ئەو رۆژەی تێی دا ئەڕوا و ئەگەڕێتەوە
تا ئەگاتە جەنگەڵی دارکاژ و
خومبابا ئەکوژێ
هەرچی بەدییەکی لە سەر روی ئەرزەو تۆ رقت لێیەتی ئەسڕێتەوە
خۆزگە بوکەکەت ئای بیری ئەخستیتەوە
تا بە پاسەوانی شەو و ئەستێرە و سینی باوکتی بسپێری
کاتێ تۆ لە ئاسمان ئاوا ئەبی"

ستونی چوارەم

.....
ئینجا بغوردی کوژانەوە، کەوتە نزاکردن، رەبەنەکان و کەنیزەکە پیرۆزەکان و زێوانەکانی کۆکردەوە
ئەنکیدوی بانگ کردە لای خۆی، راسپاردەی دایە، وتی:
"ئەی ئەنکیدوی خورت، ئەگەرچی لە منداڵدانی من دا نەگوراوی
بەڵام لە ئێستاوە تۆم کرد بە کوڕی خۆم"
ئینجا ملوانکەیەکی گەوهەری کردە ملی بۆ ئەوەی لێی دڵنیا بێ
پێی وت:
"وا من ئێستا متمانەت پێ ئەکەم کوڕەکەمت پێ بسپێرم بە سەلامەت بۆم بگەڕێنەرەوە"
.....

پاش بیست سەعاتی دوبارەی سەفەر بە تۆپشوێکی کەم
پاش سی سەعاتی دوبارە راوەستان بۆ بەسەربردنی شەو
ماوەی سەفەری مانگ و نیوێکیان بە سێ رۆژ بڕی
چاڵاوێکیان هەڵکەند و لە خوا شاماش نزیک بونەوە
پاش ئەوەی ئەو ڕێ درێژەیان پێوا گەیشتنە نزیک دەراوی جەنگەڵ
دەراوێکی سەیر بو دیمەنەکەی سەری سوڕمانن، هێشتا نەگەیشتبونە جەنگەڵ
دیمەنی درەختی کاژ لە دەراوەکەی دا سەرنجی راکێشان
بەرزاییان حەفتاودو باڵ و پانیی دەراوەکەش بیست و چوار باڵ بو

دێوێکیان بینی خومبابا لەوێ دابنا بو بیپارێزێ
ئەنکیدو، گلگامێشی هاوڕێی هان دا پێش بکەوێ
بۆ ئەوەی پاسەوانەکە بگرێ بەر لەوەی چەکەکەی لێ بسێنێ
گلگامێش غیرەت گرتی، هەردو هاوڕێ بە پەلە پەلاماریان دا و کوشتیان
بەڵام کە ئەنکیدو ویستی بچێتە ناو جەنگەڵەکە
بە هۆی دەرگا ئەفسوناویەکەوە هێزی لە بەر برا، گلگامێشی گاز کرد، لە هاتن هوشیاری کردەوە
بەڵام گلگامێش هاوڕێکەی هان دا پێی وت:
"پاش ئەوەی ئەم هەمو نارەحەتیەمان دی و
ئەم ڕێگە دورەمان پێوا ئەشێ بە نائومێدی بگەڕێینەوەی بۆ ئەو جێیەی لێوەی هاتوین؟
تۆ کە شەڕ و چورتمت دیوە، غیرەت بدە بەر خۆت و لە گەڵم بە
ئازایەتیەکەتت بۆ دێتەوە، ترس و سستیت ئەڕەوێتەوە
ئاخۆ هاوڕێکەم شایانی ئەوەیە سڵ بکاتەوە و دوا بکەوێ؟
نەخێر هاوڕێ ئەبێ برۆین بۆ پێشەوە بچینە ناو جەرگەی جەنگەڵەکەوە
هەر یەکەمان ئەویتر بپارێزێ، خۆ ئەگەر لەم شەڕەدا گلاین
دوای خۆمان ناوێکی نەمر بەجێ ئەهێڵین"
.....
هەردو پاڵەوان لە دەراوی جەنگەڵ تێپەڕین گەیشتنە ناوجەرگەکەی، چیای سەوزیان بەدی کرد، لە دیمەنی جەنگەڵی دارکاژ و جوانیە ئەفسونیەکەی سەریان سوڕما، شوێنپێی دێوی جەنگەڵ خومبابایان هەڵگرت لە ناو ئەوانەی بینییان کێوی کاژی تایبەت بە ماخوایان بینی کە تەختی ماخوا ئەرنینی ئیشتار بو کە دارکاژەکان لەبەردەم ئەو کێوەدا بە بەرزیی سێبەریان کرد بو کە خۆشی و شادییان ئەهێنا

لە کاتی ئاوابونی رۆژدا گلگامێش چاڵاوێکی هەڵکەند و نزیک کەوتەوە بە شاخەکەدا هەڵزنا و ئاوی پیرۆزی رشت و تۆپشوی دەرهێنا
داوای لە کێوەکە کرد خەوێکی پێ ببینێ مزگێنی شادی بداتێ
ئینجا هەردو هاوەڵ بۆ حەسانەوە هەڵئاژیان زۆرزو خەویان لێ کەوت
گلگامێش خەونێکی دی
لە خەو هەستا خەونەکەی بۆ هاوەڵەکەی گێڕایەوە وتی:

"کێ بو بە ئاگای هێنام ئەگەر تۆ نەبویت؟
هاوڕێ خەونێکم دی، بینیم ئێمە لە بناری کێوێک دا راوەستا بوین
لە ناکاو کێوەکە هەرەسی هێنا، ئێمەش، من و تۆ، وەکو دو مێشی پچکۆلە بوین
لە خەونی دوەم دا بینیم کێوەکە هەرەسی هێنا
بە سەر من دا روخا و قاچی گرتم. ئینجا روناکیەکی بڵێسەدار دەرکەوت پرشنگی بڵاو بوەوە بە سەر ئەرزدا
منی لە ژێر کێوەکەدا دەرهێنا و ئاوی دەرخوارد دام دڵم خۆش بو"
ئەنکیدو وەڵامی گلگامێشی هاوەڵی دایەوە و خەوەکەی بۆ لێکدایەوە وتی:
"خەونەکەت، هاوڕێ، مانایەکی باشی هەیە و مژدەیەکی خۆشە
ئەو کێوەی بە سەرتا روخا خومبابایە، ئێمەش بە سەری دا زاڵ ئەبین و ئەیکوژین"
دیسان بە کێوەکەدا هەڵزنانەوە گلگامێش خەونێکی تری دی وای لێکدایەوە مژدەی سەرکەوتنیانە لە
روبەڕوبونەوەی دێو خومبابا دا

دەمی روبەروبونەوەی یەکلاکەرەوە نزیک بوەوە، کاتێ گلگامێش بە وەشاندنی تەورەکەی دەستی کرد بە
بڕینەوەی دارکاژەکان، خومبابا دەنگەکەی بیست
تورە بو، خرۆشا و نەڕاندی:
"چ بێگانەیەک هاتۆتە ناوەوە
هێمنی جەنگەڵ و نەونەمامە تازەکانی لە کێوەکەم دا تێک داوە؟
کێیە دارکاژەکان ئەبڕێتەوە؟"
خومبابا خۆی ساز دا بۆ پەلاماردانیان، هەردو هاوەڵ ترسیان لێ نیشت
لە سەرەڕۆیی خۆیان و لە هاتنیان بۆ ناو جەنگەڵی دارکاژ ژیوان بونەوە
لە خوا شاماش پاڕانەوە پشتیوانییان بێ لەم چورتمە دەربچن
خوا بە هاواریانەوە چو، پرسەکە هەڵگەڕایەوە
شاماش گێژەڵوکەیەکی توندی هەڵکرد، کردی بە گژ خومبابا دا
شپرزەی کرد، لە جوڵەی خست، خۆی دا بە دەستەوە
پاڕایەوە نەیکوژن، ببێتە نۆکەری دیلی گلگامێش و
جەنگەڵی جادوێکراو و درەختەکانی بکاتە موڵکی ئەو
گلگامێش دڵی نەرم بو خەریک بو وازی لێ بهێنێ، بەڵام ئەنکیدوی هاوڕێی هانی دا بیکوژێ، کوشتیان و
سەریان بڕی
.....

خشتی شەشەم

گلگامێش قژە درێژەکەی شۆرد و چەکەکەی تیژ کرد
پرچەکانی بە سەر شانی دا بەردایەوە
جلە چڵکنەکانی داکەند بەرگی خاوێنی پۆشی
بە خشڵی جوان خۆی رازانەوە
کاتێ تاجەکەی نایە سەری

ئیشتاری شکۆدار چاوی هەڵبڕی
لە قەشەنگیی گلگامێشی نۆڕی، گازی کرد:
"گلگامێش! وەرە ببە بە هاوسەری هەڵبژێردراوم
تۆوی خۆتم پێ ببەخشە خۆشیی لێ وەربگرم
تۆ ببە بە مێردم و منیش ئەبم بە ژنت
گالیسکەیەکت بۆ سازئەکەم لە بەردی لاجیوەرد و لە زێڕ
پێچکەکانی لە ئاڵتون و شاخەکانی لە برونز بێ
بۆ راکێشانی لە باتی ئێستری گەورە دێوی بروسکەی لێ ئەبەستین
کە هاتیتە ناو ماڵەکەوە بۆنی دارکاژی لێ هەڵبسێ
ئەگەر بچیتە ناوی لاشیپان و سەکۆکانی پێشوازی قاچەکانت بکەن
شا و سەردار و گەورەکان لە بەرامبەرت دا بچەمنەوە
لە بەروبومی دەشت و شاخ سەرانەت بدەنێ
بزنەکانت سێ سێیان ببێ و مەڕەکانت دودو و کەرەکانیشت باری قورستر لە ئێستر هەڵبگرن
ئەسپەکانی گالیسکەکەت لە پێشکەوتنا ناوبانگ دەر بکەن
گاکانت بە نیرەکانی ملیانەوە نمونەیان نەبێ"
گلگامێش دەمی کردەوە، وەڵامی ئیشتاری شکۆداری دایەوە:
"ئەبێ چیت بدەمێ ئەگەر کردمیت بە ژنی خۆم؟
ئایا رۆن و بەرگت بدەمێ بۆ لەشت؟
ئایا نان و خواردنت بدەمێ
کام خۆراک و بادەت بدەمێ شایستەی خەندەی خوایانەیە؟
.....
چ خێرێکم پێ ئەبڕێ ئەگەر تۆم هەڵبژارد بە ژنی خۆم؟
تۆ کوانویەکی لە سەرمادا ئاگرەکەی دائەمرکێتەوە
تۆ دەرگایەکی پشتەوەی باو و بۆران ناگێڕێتەوە
تۆ تەلارێکی پاڵەوانەکان لە ناوی دا ئەشکێن
تۆ قیرێکی هەرکەس هەڵت بگرێ پیسی ئەکەی
تۆ تاوێرێ مەڕمەڕی دیوارەکەی ئەڕوخێنی
تۆ بەردێکی دوژمن کێش ئەکەیت و تاوی ئەکەی
تۆ پاپوجێکی هەرکەس لە پێی بکا قاچی ئەگەزی
کام دڵدارت هەتاسەر خۆش ویست؟
کام هاودەمت توانی هەتاسەر رازیت بکا؟
وەرە با کوێرەوەریەکانی دڵدارەکانت بۆ بگێڕمەوە:

لە پێناوی تەموز دا، خۆشەویستی منااڵیت،
ساڵ لە دوای ساڵت بە گریان و نوکەنوک بە سەر برد


حەزت لە مەلی قومری کرد
کەچی لێت دا و باڵت شکاند
وا ئێستا خراوەتە باخەوە بە کڕوزانەوە ئەچریکێنێ:
ئای باڵم! وای باڵم!
حەزت لە شێری تەوانا کرد
کەچی بۆ ئەوەی بیگلێنی حەوت حەوت چاڵت بۆ هەڵکەند

حەزت لە ئەسپی رمبازێن و تەراتێن کرد
کەچی قامچی و ئاوزەنگی و هەوسارت لە گەڵ بە کار هێنا
ناچارت کرد ماوەی حەوت سەعاتی دوبارە غار بکا
نەتهێشت ئاو بخواتەوە تا لێڵی نەکرد
سلیلی دایکیت ناچار کرد سەرومڕ بگری و بلاڵێتەوە

حەزت لە شوانی مێگەلەکە کرد، کە بەردەوام دەستەواڕە نانی بۆ ئەهێنای
هەمو رۆژێ گیسکێکی بۆ ئەکوشتیتەوە و بۆی لێ ئەنای
کەچی تێت سڕەواند و کردت بە گورگ
ئێستا ناسیاوە کۆنەکانی، شوانەکانی مێگەلەکان، راوی ئەنێن
سەگەکانیان تێ بەرداوە لاقی ئەگەزن

حەزت لە، ئیشولانو، باخەوانەکەی باوکت کرد
بێ پسان بەرچنەی خورمای بۆ ئەهێنای
هەمو رۆژێ خوانەکەی بە خواردنی خۆش ئەڕازانیتەوە
کەچی چاوت خستە سەری و پێت وت:
وەرە گیانەکەم ئیشولانو، با خۆشی لە پیاوەتیت ببینم
دەستت بێنە و بیدە لە شوێنە جوانەکانی لەشم
ئیشولانو پێی وتی:
چیت لە من ئەوێ؟
بۆچی دایکم نانی نەکردوە من لێی نەخۆم
تا نانی نەنگی و سوکی بخۆم؟
زنجی نەیجە زمهەریر ئەگێڕێتەوە؟
تۆ کە گوێت لەم قسانەی ئەو بو گۆپاڵێکت تێ سڕەواند کردت بە بۆق
هاویشتتە ناوەڕاست...
نەئەتوانێ هەڵبەزێتەوە سەرێ و نەئەتوانێ دابەزێتەوە خوارێ
ئەگەر منیشت خۆش بوێ چارەنوسی منیش وەکو ئەوان لێ ئەکەی"

ئیشتار کە ئەمەی بیست
رقی هەستا و هەڵکشا بۆ ئاسمان
ئیشتار سەرکەوت و لە بەردەم ئانوی باوکی دا دایە پڕمەی گریان
لە بەردەم ئانتومی دایکی دا فرمێسکی هەڵ رشت، وتی:
"باوکە! گلگامێش قسەی پێ وتم و سوکایەتی پێ کردم
گلگامێش خەوشەکان و نەنگیەکان و ریسواییەکانی ژماردم"



گـلگامێش شەڕ لەگەڵ شێرێک و گامێشێک ئەکا

ئانو دەمی کردەوە بە ئیشتاری شکۆداری وت:
"تۆ گێچەڵت پێ کردوە ئەوەتە بەرەکەیت چنیەوە
گلگامێش ریسوایی و نەنگی و خەوشەکانی ژماردوی"
ئیشتار دەمی کردەوە و بە باوکی، ئانوی، وت:
"باوکە! گایەکی ئاسمانیم بۆ بخوڵقێنە بە سەر گلگامێش دا زاڵ بێ و بیکوژێ
ئەگەر گای ئاسمانیم نەدەیتێ
دەرگای جیهانی ژێرو ئەشکێنم
ئەیخەمە سەر گازی پشت
مردوەکان هەڵئەسێنمەوە وەکو زیندوەکان بخۆن
ئەوسا ژمارەی مردوان لە زیندوان زۆرتر ئەبێ"
ئانو دەمی کردەوە وەڵامی ئیشتاری شکۆداری دایەوە وتی:
"ئەگەر ئەوە بکەم کە تۆ لە منی ئەخوازی گای ئاسمانیت بدەمێ

حەوت سالّ لە ئەرزی ئوروک دا وشکەسالّی ئەبێ
ئایا دانەوێلّەت بەشی ئەو سیاسالّانە کۆکردۆتەوە؟
ئایا کۆگای ئالیکت بۆ چوارپێکان کەلّەکە کردوە؟"
ئیشتار دەمی کردەوە وەلّامی ئانوی باوکی دایەوە وتی:
"خەرمانی دانەوێلّەم بۆ خەلّک کۆکردۆتەوە
ئالیکم بۆ چوارپێکان عەمار کردوە
ئەگەر حەوت سالّیش لە سەر یەک وشکەسالّی بێ
ئەوەندەم کۆگای دانەوێلّە و ئالیک کەلّەکە کردوە
بەشی خەلّک و چوارپێ بکا"
کە قسەکانی بیست، مێخزنجیری پێی گای ئاسمانیی دایە دەستی، رێنوێنی کرد بچێ بۆ سەر زەوی
لە سەر ئەرزی ئوروک دایبەزاند
.....
گای ئاسمانی دابەزی ترس و تۆقاندنی بلّاو کردەوە
لە یەکەم گابۆڕدا سەد پیاو و ئینجا دوسەد و سێسەدی کوشت
لە دوەم گابۆڕدا سەد و دوسەد و سێسەدی کوشت
لە گابۆڕی سێیەم دا پەلاماری ئەنکیدوی دا
بەلّام ئەنکیدو بەرهەلّستیی کرد
ئەنکیدو هەلّبەزیەوە شاخی گا ئاسمانیەکەی گرت
گای ئاسمانی کەرە و کەفاوی گرتە دەموچاوی
بە کلکی شیاکەی تێ گرت
ئەنکیدو دەمی کردەوە، بە گلگامێشی وت:
"هاورێ! خۆمان زۆر هەلّکێشا
چۆن بەرپەرچی ئەمە بدەینەوە؟
.....
ئەبێ لە بەینی خۆمان دا کارەکە دابەش بکەین
من گاکە لە کلکەوە ئەگرم
تۆش زەبری شمشێرەکە لە نێوان شانی و قۆچەکانی بسرەوێنە"
ئەنکیدو کەوتە هەولّی گرتنی گای ئاسمانی
بە هەردو دەست توند کلکی گرت
گلگامێشیش وەکو قەسابێکی کارامە
جەزرەبەیەکی کوشندەی سرەواندە گای ئاسمانی
شمشێرەکەی لە بەینی شان و شاخەکانی دا چەقاند
ئینجا هەلّیان کوتایە سەر کەلاکەکەی دلّیان دەرهێنا
لە خوا شاماش نزیکیان خستەوە، کرنوشیان بۆ برد
دو برا دانیشتن و حەسانەوە

بەڵام ئیشتار سەرکەوتبوە سەر شورە بەرزەکانی ئوروک
بازی دایە هەیوانەکەی و بە دەنگی بەرز نەفرینی لێ کردن:
"واوەیلا بە حاڵی گلگامێش کە گڵاوی کردم و سوکایەتی پێ کردم چونکە گای ئاسمانیی کوشت"

ئەنکیدو کە ئەو قسەیەی لە ئیشتار بیست
رانێکی گای ئاسمانیی بڕی و گرتیە دەموچاوی و وتی:
"ئەگەر بمگرتیتایە وام لێ ئەکردی وەکو لەمەم کردوە
چوارپەلیشتم بە رێخۆڵەکانی ئەبەستەوە"
ئیشتار، کەنیزە سۆزانیەکانی پەرستگاکەی کۆکردەوە
شیوەن و چەمەری لە سەر رانی راستی گای ئاسمانی گێڕا

گلگامێش پیشەکارەکان، وەستاکانی چەکسازی، بانگ کرد
وەستاکان لە گەورەیی و ئەستوری شاخەکانی سەریان سوڕما
قورسایی هەر شاخێکی لە بەردی لاجیوەرد سی مەن و
ئەستوریی توێژاڵی هەریەکەیان دوپەنجە و
فراوانیی هەردوکیان جێگەی شەش کر چەوری بو
هیزەیەکیان هێنا، بەو ئەندازەیە رۆنیان تێ کرد، بردیان بۆ هەنونی خوای پشتیوان لوگالباندا لە ژورە رازاوەکەی نوستنی دا هەڵیان واسی
ئینجا دەستیان لە روباری فورات شۆرد
دەستیان کردە ملی یەکتری، کەوتنە گەڕان
بە سواریی بە کۆڵانەکانی ئوروک دا سوڕانەوە
خەڵکی ئوروک بۆ سەیرکردنیان کۆبونەوە
گلگامێش لە گەڵ ژنە گۆرانیبێژەکانی ئوروک ئەدوا و ئەیوتەوە:
"لە ناو پاڵەوانەکان دا کێ سەروەرە؟
کێ قۆزترین پیاوە؟"
ئەوانیش بۆیان ئەسەندەوە:
"گلگامێش سەروەری پاڵەوانانە
گلگامێش قۆزترینی پیاوانە"
.....
ئیشتار، ئەوەی ئێمە بە تورەییەوە رانی گای ئاسمانیمان تێ گرت
لە کۆڵانەکان دا کەسی نەدی دڵی بداتەوە و دڵی خۆش بکا
.....
.....
گلگامێش ئاهەنگی خۆشیی لە کۆشکەکەی دا گێڕا
هەردو پاڵەوان نوستن، لە تەختەکانیان دا حەسانەوە
ئەنکیدو نوست خەونێکی دی

ئەنکیدو راچەنی و خەونەکەی بۆ هاوڕێکەی گێڕایەوە، وتی:
"هاوڕێ! بۆچی خوا گەورەکان بۆ راوێژ کۆبونەوە؟"
خشتی حەوتەم

.....
هەتاو کەوت ئەنکیدو خەونەکەی بۆ گلگامێش گێڕایەوە، وتی:
"هاوڕێ! شەوی رابردو خەونێکی سەیرم بینی
بینیم ئانو و ئینلیل و ئەیا و شاماشی ئاسمانی کۆبونەوە
راوێژیان ئەکرد، ئانو بە ئینلیلی وت:
لە بەر ئەوەی گای ئاسمانییان کوشتوە و خومبابایان سەربڕیوە
ئەبێ ئەوەی دارکاژەکانی لە شاخەکان بڕییەوە بمرێ!"
بەڵام ئینلیل وەڵامی دایەوە وتی: "ئەنکیدو ئەمرێ، گلگامێش نابێ بمرێ"
ئینجا شاماشی ئاسمانی وەڵامی ئینلیلی پاڵەوانی دایەوە وتی:
"ئەی گای ئاسمانی و خومبابایان بە فەرمانی من نەکوشت!
بۆچی ئەنکیدو ئەبێ بمرێ لە کاتێک دا بێتاوانە؟"
ئینلیل ئاوڕی لە شاماشی ئاسمانی دایەوە و بە تورەییەوە وەڵامی دایەوە:
"هەر لە بەر ئەوەی هەمو رۆژێ تۆ لێیان هەڵدێیت تا وات لێهاتوە بوی بە یەکێ لەوان"

ئەنکیدو بە نەخۆشی لە بەردەم گلگامێش دا راکشا
فرمێسک لە چاوەکانی دائەبارین
گلگامێش پێی وت:
"برام لەسەرچی من جیا لە تۆ بێتاوان ئەکەن؟
دریژەی دایە وتی: "ئاخۆ گەرەکە من چاودێری گیانی مردوەکان بکەم
لە بەردەرگای تاپۆکانیان دا دانیشم؟
لە سەرم پێویست ئەکرێ هاوڕێ خۆشەویستەکەم
بە چاوی خۆم نەبینم؟"
.....
ئەنکیدو چاوی هەڵبڕی روی قسەی کردە دەروازەکە، وەکو لە گەڵ مرۆڤ بدوێ،
ئەگەرچی دەروازەکە، لە تەختەی دارستان تاشراوە، نە هیچ تێ ئەگا و نە هیچ ئەزانێ:
"تەختەکەتم لە ماوەی بیست سەعاتی دوبارەدا هەڵبژارد
بەر لەوەی درەختی کاژی رەوان ببینم
نمونەی تەختەکەتم، ئەی دەرگا، لە ولّات دا نەدی بو
بەرزیت حەفتاودو باڵ و پانیت بیستوچوار باڵە
دارتاشێکی دەسرەنگین لە نفر دروستی کردی و هێناتی بۆ ئێرە
ئەی دەرگا ئەگەر بمزانیایە وام لێ بە سەر دێ
قەشەنگیەکەت مەینەتیم بە سەر ئەهێنێ

تەورم هەڵئەگرت و ئەم شکاندی
ئەمکردی بە کەڵەکی سەرئاو
بەڵام چار چیە، ئەی دەرگا، دروستم کردی و هێنامی
رەنگە شایەکی تر لەوانەی دوای من دێن
بە کارت بهێنێ و، ناوی منی لە سەر بسڕێتەوە، ناوی خۆی لە سەر دابنێ"

گلگامێش ئاخاوتنی هاوڕێکەی بیست کەوتە رشتنی ئەسرین
گلگامێش دەمی کردەوە بە ئەنکیدوی وت:
"ئینلیل بە دڵێکی فراوانەوە خۆشی ویستی
دانایی پێ بەخشیت، کەچی تۆ قسەی هەڵەت پەڵەت ئەکەی
هاوڕێم لە بەرچی ئەم قسە سەیرانەت کرد؟
خەونەکەت سەیر بو بەڵام ترسناک بو
خەونی سەیر زۆرن
ماخوا پەژارە بە سەر زیندوان دا ئەبەشێتەوە
خەونیش پەژارە بە سەر زیندوەکانی تردا زاڵ ئەکا
من ئەنوم و لە خوا ئەپارێمەوە"
.....
نێچیروان و کەنیزی دایە بەر نەفرین، وتی:
"دارایی راوکەرەکە تاڵان بکە و خۆی بچروسێنە
خۆزگە کردەوەکانیت قبوڵ نەکردایە
خۆزگە هەر نێچیرێکی ئەو بیویستایە راوی بکا لە دەستی دەرباز بوایە
هیچ کام لە ئاواتەکانیت نەهێنایەتە دی"
ئینجا دڵی پاڵی پێوە نا نەفرین لە کەنیز بکا وتی:
"هەی سۆزانی! وەرە چارەنوست لە بەر چاو بگرم
چارەنوسێکە تا هەتایە تەواو نابێ
نەفرینێکت ئەکەم گەورە
ئێستا بەری ئەکەوی
خانویەکت پێ نەکرێ شایانی جوانیەکەت بێ
.....
خۆراکت پاشەڕۆی شارەکە بێ
سوچی کۆڵانە تاریکەکانی جێگەت بێ
لە بەر سێبەری دیوار دا هەڵتروشکێی
سەرخۆش و ساغ هەردو بەر شەپازلەت بدەن
خۆزگە حەزلێکردوەکانت دوای ئەوەی لە ئەفسونی جوانیت
تێر ئەبون ئافەرۆزیان بکردیتایە"
.....

که خوا شاماش قسەکانی بیست لە ئاسمانەوە گازی کرد، پێی وت:
"ئەنکیدو تۆ بۆچی توک لە کەنیز ئەکەی؟
ئەی ئەو نەبو فێری کردی چۆن خوایانە نان بخۆی
بادەیەکی پێ نۆشیت شایستەی شاهان بێ
جلوبەرگی نایابی لە بەر کردی
گلگامێشی قۆزی کردە هاوڕێ و هاودەمت
ئەی گلگامێش نەیکردی بە هاوڕێ و هاودەمی خۆی
لە پێخەفی خۆش دا نەینواندی
لە سەر کورسی حەسانەوەی لای راستی خۆی دای نەنای؟
وای کرد گەورەپیاوەکانی سەرئەرز قاچت ماچ بکەن
خەڵکی ئوروک وا لێ ئەکا بۆت بگرین و بۆت بلاوێننەوە
خەڵکی دڵشاد وا لێ ئەکا لێت نزیک ببنەوە و نوێژت بۆ بکەن
ئەویش لە دوای تۆ قژی بەر ئەداتەوە
کەوڵی شێر ئەپۆشێ و وێڵی بیابان ئەبێ"

کاتێ ئەنکیدو گوێی لە شاماشی پاڵەوان بو تورەبونەکەی نیشتەوە
.....
"هەی کەنیز! وەرە تا چارەنوست دیار بکەم
دەمم کە توکی لێ کردی ئێستا نزات بۆ ئەکا
شاه و سەردار و گەورەکان حەزت لێ بکەن
کەس لە شەرمی تۆ شانی هەڵنەتەکێنێ
پیر لە پێناوی تۆدا ریشی بلەقێنێ
گەنجەکان پشتێنەکانیان بۆ تۆ بکەنەوە
لاجیوەرد و ئاڵتون و عەقیقت پێشکەش بکەن
خۆزگە هەمو ئەوانەی سوکایەتیت پێ ئەکەن، بەر سزا بکەوتنایە
ماڵەکانیان چۆڵ بوایە
کاهین ڕێگەی بە تۆ بدایە بچیتە لای خوا
لە بەر تۆ مێرد ژنەکەی بە جێ بهێشتایە، ئەگەر دایکی حەوت منالّیشی بوایە"

نەخۆشیەکەی ئەنکیدو سەختتر بو لە سەر جێگەی نەخۆشی مایەوە
ئەو شەوە خەمەکانی ئەنارد بۆ دۆستەکەی و ئەنوزایەوە، وتی:
"هاوڕێ! شەوی رابردو خەونێکم دی
ئاسمان ئەیگرماند و ئەرز بۆی ئەسەندەوە
لە کاتێک دا لە نێوان هەردوکیان دا راوەستا بوم
کتوپڕ کابرایەک، بە پەشۆکاوی، لە بەردەمم دا دەرکەوت
ڕوی لە ڕوی زو، مەلی بروسکە، ئەچو

نینۆکەکانی وەکو نینۆکی چنگی باز بون
جلەکانی لە بەر داکەندم
چنگی پێدا کردم
دەستی نایە بینم تا هەناسەی لێ بڕیم
.....
بیچمم گۆڕا هەردو باسکم وەکو باڵی مەلی لێ هات
پەڕی دەرکرد
سەیری کردم، گرتمی و بردمی بۆ تاریکستان
بۆ خانەی ئیرکاللا
بۆ ئەو جێیەی هەرکەسی تێ چو نایەتەوە
بۆ ئەو رێیەی هەرچی گرتی ناگەڕێتەوە
بۆ ئەو ماڵەی دانیشتوەکانی لە روناکی بێ بەشن
خواردنیان گڵە و قوتیان قوڕە
ئەوانیش وەکو مەل پەڕ و باڵیان لێ رواوە
لە تاریکیەک دا ئەژین روناکیی تێدا نیە
لە ناو ئەو خانوە گڵەی تێی چوم
شا و فەرمانڕەوایانم بینی
تاجەکانیان لە سەریان کرا بوەوە و لە سەر ئەرز کەڵەکە کرا بو
بەڵێ!
ئەو گەورانەم بینی رۆژانێ بو تاجیان لە سەردا بو
لە رۆژگاری رابردودا حوکمی ولاتیان ئەکرد
تەنیا جێگرەکانی ئانو و ئینلیل
گۆشتی برژاویان بۆ دا ئەنان
نانیان پێشکەش ئەکردن و ئاوی ساردیان ئەدانێ
لە ناو ئەو خانوە گڵیەدا کە تێی چوم
کاهینی گەورە و
نزاگۆ و سرودبێژ و زێوانی پەرستگاکانی لێ بو
ئیتانا و سموگانی تێدا نیشتەجێ بون
ئیرش کیگا شای ئەرزی جیهانی خوارو، فەرمانڕەوای بو
کەڵە سەیری، نوسەری ئەرزی خوارو، لە بەردەمی دا لە سەر چۆک
خشتێکی بە دەستەوە بو بۆی ئەخوێندەوە
کە سەری هەڵبڕی منی بینی، وتی:
کێ ئەم کابرایەی هێناوە بۆ ئێرە؟
لە منی دور خەرەوە
.....
هاوڕێکەم خەونێکی دیوە نوقڵانەی شەڕە

کە ئەو رۆژە تێ پەڕی ئەنکیدو خەونەکەی تێدا دی بو
نەخۆشیەکەی سەختتر بو، لە سەر جێگە مایەوە، رۆژێک و دوان و سێیان
چوار و پێنج و شەش و حەوت و هەشت و دە
نەخۆشیەکە تەنگی بە ئەنکیدو هەڵچنی، رۆژانی یانزەهەم و دوانزەهەمیش رابورد ئەو هەر لە سەر جێگە کەوت
بو، گلگامێشی بانگ کردە لای خۆی، پێی وت:
"هاوڕێ من بەر نەفرین کەوتوم
بە مردنی پیاوێ نامرم کە لە مەیدانی شەڕدا گلا بێ
لە شەڕ ئەترسام (بەڵام بە کەساسی ئەمرم)
ئەوەی لە شەڕدا بگلێ هاوڕێ ئەوە پیرۆزە
.....

خشتی هەشتەم


ستونی یەکەم

کاتێ بەیانی گزنگی دا گلگامێش بە هاوڕێکەی وت:
"ئەنکیدو! تۆ دایکت ئاسکە و باوکت کەرەکێویە
بە شیری کەرەکێوی پەروەردە بوی
با ئەو رێچکانە بۆت بگرین کە لە ناو جەنگەڵی دارکاژدا پیا رۆیشتی
کاشکی شەو و رۆژ بە سەرتا بگریانایە
با پیرەمێردەکانی ئوروکی شورەدار، بۆت بلاوێننەوە
با ئەو پەنجانە بۆت بگرین کە لەدوامانەوە ئاماژەیان بۆ ئەکردین و پیرۆزباییان لێ ئەکردین
با پڕمەی گریان لە گوندەکان دا دەنگ بداتەوە
با ورچ و کەمتیار و پڵنگ و بەور و کەڵ و شێر و مەڕ و ئاسک، هەمو گیاندارانی کێوی بۆت بگرین
با روباری ئولای کە بە کەنارەکەی دا رۆیشتین بۆت بگری
با فوراتی خاوێن کە ئاومان لێ خواردەوە بۆت بگری
با جەنگاوەرانی ئوروکی شورەدار بۆت بگرین
گاکەی سەرمان بڕی... بابۆت بگری
با ئەوە بۆت بگری کە لە ئەریدۆ ناوەکەی گەورە کردی
ئەوی بە بۆنی خۆش پشتی چەور کردی و بادەی پێ نۆشیت
با ئەوەی نانی پێ دایت بۆت بگری
با براکان و خوشکان بۆت بگرین
.....

ستونی دوەم

ئەی پیرەکان گوێم لێ بگرن!
لە بەر ئەنکیدو، هاوڕێ و هاوڕەمم، ئەگریم

وەکو جەرگسوتاو ئەلاوێنمەوە
تەوری تەنیشتم و هێزی بازوم
خەنجەری بەر پشتێنەکەم و قەڵغانی پاراستنم
خۆشی و شادی و پۆشاکی جەژن
شەیتانێکی نەفرەتلێکراو پەیدا بو لێی دزیم
ئەی هاوڕی و برای بچوکم!
ئەوەی کە کەرەکێوی لە زورگەکان و پڵنگی لە بیابان دا راو ئەکرد
ئەنکیدو، ئەی هاوڕێ و برای بچوکم!
راوکەری کەرەکێوی هەردەکان و پڵنگی بیابان
پێکەوە بە سەر کۆسپەکان دا سەرکەوتین و بە لوتکەی چیاکان دا هەڵگەڕاین
گای ئاسمانیمان گرت و سەرمان برێ
خومبابای نیشتەجێی جەنگەڵی دارکاژمان شکاند
ئەم خەوە قورسە چیە گرتوتی
لە تاریکایی شەودا نوقم بوی گوێبیستی من نابی؟"



گلگامێش بە سەر شێردا سەرئەکەوێ

بەلام ئەنکیدو چاوی هەلنەبڕی
دەستی لە دڵی دا لە ترپە کەوت بو
ئەوسا هاوڕێکەی وەکو بوک داپۆشی
شێرئاسا نەڕاندی

وەکو پڵنگێ کە بەچکەکانی لێ فڕێنرابێ
لە بەر پێخەفەکەدا ئەهات و ئەچو و لێی ئەڕوانی
قژی ئەڕنیەوە و، هەڵی ئەدایە سەرئەرز
جلە جوانەکانی دڕی، وەکو شتێکی گڵاو برکی دا

لە گەڵ شەبەقی دا گلگامێش راپەڕی
.....
وەستاکانی شاری بانگ کرد نەڕاندی بە سەریان دا:
"ئەی مسگەر، زەڕەنگەر، جەوهەری
مۆر هەڵکەنی بەردی گرانبەها، پەیکەرێکم بۆ هاوڕێکەم بۆ بکەن"
پەیکەرێکی بۆ هاوڕێکەی کرد سنگی لە لاجیوەرد و لەشی لە زێڕ
تەختێکی لە تەختەی پتەو دانا
پەرداخێکی لاجیوەردی پڕ کرد لە کەرە
لە شاماشی نزیک کردەوە
کەوتە لاواندنەوەی هاوڕێکەی
.....

ستونی سێیەم

.....
"لە سەر تەختی سەروەریم دانای
لە سەر کورسی حەسانەوەم لای چەپم دانیشاندی
بۆ ئەوەی گەورەکانی سەرئەرز قاچت ماچ بکەن
خەڵکی ئوروک ئەهێنمە گریان بۆت بلاوێننەوە
خەڵکی دڵشاد وا لێ ئەکەم بۆت دڵتەنگ بن
منیش خۆم (دوای ئەوەی تۆ لە خاک دا ئەنێژرێی)
قژم بەر ئەدەمەوە، کەوڵی شێر ئەپۆشم،
وێڵ و سەرگەردان بە بیابان دا ئەسوڕێمەوە"
.....

خشتی نۆیەم

ستونی یەکەم

بۆ ئەنکیدو، هاوڕێ و هاودەمی
گلگامێش بە کوڵ گریا و وێڵی بیابان بو، لە بەر خۆیەوە ئەی لاوانەوە:
"ئەگەر منیش مردم، ئایە چارەنوسی منیش وەکو ئەنکیدو نابێ؟
خەم و پەژارە چۆتە ناخی گیانمەوە

لە مردن تۆقیوم، ئەوەتا وێڵی دەشت و دەرم
ئەچوم بۆ لای ئوتناپیشتیم کوڕی ئوبار توتو
بە هەنگاوی خێرا
لە دەمەوئێوارەدا کە گەیشتمە بناری چیاکان
شێرم بینی ترسم لێ نیشت
سەرم هەڵبڕی بۆ سین و نوێژم بۆ کرد
لە گەورەی خواکان پارامەوە پشتیوانم بێ و دڵنیام کا"
دەمەوئێوارە هەڵئاژیا خەونێکی ناخۆش هەڵی سان
شێرەکانی لە دەوری خۆی دی لە بەر تریفەی (سین) مانگ دا تەپاوتلیان ئەکرد
دەستی دایە تەورەکەی و شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا
تیرئاسا هەڵی کوتایە سەریان
تێی سرەواندن و راوی نان
ئینجا گلگامێش گەیشتە کێوێکی گەورە
.....
کێوەکە ناوی ماشو بو
پیا هەڵ زنا تا گەیشتە لوتکە
ئەو کێوەیە کە هەمو رۆژێ پاسەوانیی هەڵهاتن و ئاوابونی هەتاو ئەکا
لە سەرەوە ئەگاتە گومەزی ئاسمان و
لە ژێرەوە سنگی ئەدا لە جیهانی خوارو
پاسەوانەکانی دەرگاکەشی دوپشکەپیاون
کە ترس و دڵەراوکێ ئەنێرن و نیگاکانیان مردن
دەسەڵاتە ترسناکەکەیان بە سەر کێوەکان دا زاڵە
کە پاسەوانیی هەتاو ئەکەن لە هەڵهاتن و ئاوابونی دا
کە گلگامێش بینینی لە ترسا رەنگی روی زەرد هەڵگەڕا
بەڵام خۆی راگرت و لێیان نزیک بوەوە
یەکێ لە دوپشکەپیاوەکان ژنەکەی بانگ کرد، پێی وت:
"ئەوەی هاتۆتە لامان جەستەی لە کەرەستەی خوایە؟"
ژنی دوپشکەپیاوەکە وەڵامی مێردەکەی دایەوە وتی:
"بەڵێ دوبەشی خوایی و بەشێکی مرۆییە"

ئینجا دوپشکەپیاوەکە گلگامێشی بانگ کرد و روی دەمی بەم وتانە کردە وەچەی خوا:
"چی وای لێ کردی ئەم سەفەرە درێژە بکەی
بۆچی ئەم رێگا درێژەت بڕیوە و، دەریا دژوارەکانت تێ پەڕاندوە
مەبەستی خۆتم لەم هاتنەت پێ بڵێ!"
....

گلگامێش وەڵامی دایەوە:
"هاتوم بۆ لای باوکم، ئوتناپیشتیم، بە دوای ژیان دا ئەگەڕێم
باوکم کە چۆتە کۆمەڵگای خواکانەوە
هاتوم نهێنی ژیان و مردنی لێ بپرسم"

دوپشکەپیاو دەمی کردەوە بە گلگامێشی وت:
"کەس نیە ئەو کارەی پێ بکرێ، گلگامێش
کەس نەیتوانیوە کوێرەڕێی شاخەکانی ببڕێ
ناوەکەی دوانزە سەعاتی دوبارە درێژ ئەبێتەوە
تاریک و نوتەکە روناکیی تێ دا نیە
هەتا هەڵهاتنی خۆر
تا ئاوابونی خۆر
.....
(گلگامێش وەڵامی دایەوە:
"هەرئەچم، بڕیارم داوە
گوێ نادەم بە خەم و پەژارە، بە سەرما و گەرما، بە ئاهین و گریان،
ئێستاش دەرگای کێوەکەم بۆ بکەرەوە!"
دوپشکەپیاو دەمی کردەوە وەڵامی گلگامێشی دایەوە:
"گلگامێش! بچۆ ژورەوە، مەترسە،
رێگەم پێ دای چیای ماشو ببڕی
بەشکو چیاکە و زنجیرەکانی ببڕی
بەشکو قاچەکانت بە سەلامەتی بتهێننەوە
ئەوەتا دەرگای کێو لە روت دا کراوەتەوە"
گلگامێش کە ئەمەی بیست شوێن وتەکانی دوپشکەپیاو کەوت
رێگەی رێرەوی هەتاوی گرت
سەعاتێکی دوبارەی بڕی تاریکونوتەک، رۆشنایی نەبو
نەیتوانی ئەوانە ببینێ کە لە پێشەوەی و پاشەوەی دا بون
دو سەعاتی دوبارە رۆیشت، ئینجا چوار سەعات
هێشتا تاریکیەکی ئەموستەچاو بو رۆشنایی نەبو
پێشەوەی و پاشەوەی نەئەدی
.....
پێنج سەعاتی دوبارە رۆیشت، شەش سەعات
حەوت سەعات و هەشت سەعاتی دوبارە
هێشتا هەر تاریکیە و رۆشنایی نیە تابتوانێ پێشەوە و پاشەوەی خۆی ببینێ
دوای ئەوەی نۆ سەعاتی دوبارەی بڕی هەستی کرد بای شەماڵ لە روی ئەدا
بەڵام هێشتا تاریکونوتەکە


نەیتوانی پێشەوەی خۆی و پاشەوەی خۆی ببینێ
ئینجا سەعاتی دوبارە رۆیشت، پاش یانزە سەعات، بەیانی گزنگی دا
پاش ئەوەی دوانزە سەعاتی دوبارەی بڕی رۆشنایی بڵاو بوەوە
لە پێشەوەی دا درەختانێکی بەدی کرد موروی گرانبەهایان پێوە بو
کە دی لێیان نزیک بوەوە
درەختی عەنابی دی بەرەکەی ئاقیق بو پیا شۆڕ بوبوەوە، سەیرکەریان ئەحەپەسان
ئەو درەختانەی دی لاجیوەردیان گرت بو دیتنیان تەماشاکەریان ئەحەپەسان
دڕکەزی بینی موروی بەنرخی مروارى دەریایان گرت بو
.....

خشتی دەهەم

سیدوری ژنە مەیخانەوانی نیشتەجێی لێواری دەریا
گلگامێشی دی ئەهات و کەوڵی لە بەردا بو
چڕوچاوی مڕومۆچ وەکو ئەوەی سەفەرێکی درێژی کرد بێ، ماندویەتی و شەکەتی پێوە دیار بو
بەڵام جەستەی لە کەرەستەی خوایی بو
ژنە مەیخانەوانەکە سەیری گلگامێشی کرد لە بەر خۆیەوە وتی:
"ئەم کابرایەی لە پیاوکوژ ئەچێ ئەیەوێ بۆ کوێ بچێ"
کە دی نزیک ئەبیتەوە دەرگاکەی داخست و بە کڵۆم قایمی کرد

گلگامێش گوێی لە جیڕەی دەرگاکە بو بانگی لە مەیخانەوان کرد وتی:
"هێی مەیخانەوان! چی منت بە دڵ نەبو، وا دەرگاکەت بە روم دا داخست و بە کڵۆم قایمت کرد؟
دەرگاکەت ئەشکێنم و دێمە ژورەوە"
گلگامێش درێژەی دایە بە مەیخانەوانی وت:
"من گلگامێشم، منم ئەوەی ئەو گایەی لە ئاسمانەوە دابەزی گرت و کوشت
بە سەر پاسەوانی جەنگەڵ دا زاڵ بوم و خومبابام شکاند"
مەیخانەوان بەرسڤی گلگامێشی دایەوە وتی:
"ئەگەر بە راستی تۆ گلگامێشی کە پاسەوانی جەنگەڵی کوشت و بە سەر خومبابای نیشتەجێی جەنگەڵی دارکاژدا زاڵ بوی
شێرەکانی بناری شاخەکانی کوشتوە و گای ئاسمانی گرتوە و کوشتوە
بۆچی گۆناکانت سیس بون و خەم دایگرتوی؟
لە سەرچی دڵت گیراوە و شێوەت گۆڕاوە
بۆچی چڕوچاوت مڕومۆچە وەکو یەکێ سەفەرێکی درێژی کرد بێ
چۆن سەرما و گەرما لە روخساری داوی
بۆچی وێڵی بیابان بوی؟"

گلگامێش وەڵامی مەیخانەوانی دایەوە، پێی وت:
"چۆن گۆناکانم سیس نابێ و روم گرژ نابێ
داخ و خەم دڵم داناگرن و شێوەم ناگۆڕێ
چڕوچاوم مڕومۆچ نابێ وەکو یەکێ سەفەر شەکەتی کرد بێ



شێوازی گلگامێش بۆ شەڕکردن لەگەڵ شێردا

سەرما و گەرما روخسارم هەڵناقرچێنێ و وێڵی بیابان نابم
چارەنوسی مرۆڤ: هاوڕێکەم و برا بچوکەکەم، کە کەری کێوی و پڵنگی بیابانی راو ئەکرد و بە سەر هەمو دژواریەکان دا زاڵ بو
بە سەر خومبابای نیشتەجێی جەنگەڵی کاژدا سەرکەوت
ئەنکیدوی هاوڕێ و هاوردەمم کە زۆرم خۆش ئەویست
ئەویش وەکو هەمو مرۆڤەکانی تر کۆتایی هات
بە شەو و بە رۆژ بۆی گریام
شەش رۆژ و حەوت شەو شینم بۆ کرد
وامزانی لە سۆنگەی گریان و شیوەنی بە کوڵی منەوە هەڵئەستێتەوە
نەمهێشت بە گۆڕی بسپێرن
شەش رۆژ و حەوت شەو گلم دایەوە، کرمەڕێز بو
مردن تۆقاندومی وێڵی بیابانی کردوم
ئەو کارەساتەی بە سەر هاوڕێکەم هات ژیانی لێ تاڵ کردوم
ئاخ! ئەو هاوڕێیەی خۆشم ئەویست بو بە خاک

منیش وەکو ئەو رائەکشێم و هەرگیزاوهەرگیز هەڵناستمەوە
ئەی مەیخانەوان، من کە سەیری روت ئەکەم،
ئاخۆ لە توانام دا ئەبێ مردن کە لێی ئەترسم و ئەتۆقێم، نەبینم؟"

مەیخانەوان بەرسڤی گلگامێشی دایەوە:
"گلگامێش بۆ کوێ هەوڵ ئەدەی
ئەو ژیانەی تۆ دوای کەوتوی نایدۆزیتەوە
کاتێ خوا گەورەکان مرۆڤیان ئافراند
مردنیان کردە چارەنوسی
ژیانیان بۆ خۆیان دانا
تۆش ئەی گلگامێش با هەمیشە سکت تێر بێ
بە شەو شاد و کامەران بە
هەمو رۆژێ ئاهەنگ بگێڕە
شەو و رۆژ هەڵپەڕە، گەمە بکە
جلەکانت پاک و رازاوە بێ
سەرت بشۆ و لە ئاوا مەلە بکە
نازی ئەو زارۆکە بکێشە کە دەستت ئەگرێ
دڵی ئەو ژنە خۆش بکە کە دێتە باوەشتەوە
بەشی مرۆڤ ئەمەیە!"

گلگامێش وتەکانی بۆ مەیخانەوان دوبارە کردەوە و وتی:
"ئەی مەیخانەوان! ئەو رێگایە کوێیە ئەچێ بۆ لای ئوتناپشتیم؟
رێنوێنیم بکە چۆن بچم بۆ لای
ئەگەر بتوانم بگەمە لای ئامادەم تەنانەت لە دەریاکانیش بدەم
ئەگەر گەیشتن بەو دژوار بێ بە وێڵی لە بیابانەکان دا ئەسوڕێمەوە"

مەیخانەوان وەڵامی گلگامێشی دایەوە پێی وت:
"ئەی گلگامێش پێش تۆ کەس لە دەریای نەداوە
بەڵێ! شاماشی توانا بە راست لە دەریا ئەپەڕێتەوە
بەڵام جگە لە شاماش کێی تر ئەتوانێ لێی بپەڕێتەوە؟
پەڕینەوە لێی سەخت و دژوارە
ئاخۆ چیت پێ ئەکرێ کە ئەگەیتە ئاوی قوڵی مردن؟
بەڵام ئەی گلگامێش ئورشانابی هەیە کەشتیەوانی ئوتناپیشتیمە
سەنگی نەخشێنراوی لە لایە و ئێستا لە لێڕەوارەکەدا خەریکی رنینی گژوگیایە
خۆزگە چاوەکانت ئەیبینی
ئەگەر توانیت هاوڕێ لە گەڵ ئەو بپەڕێرەوە

ئەگینا بگەڕێرەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتوی"
گلگامێش کە ئەمەی بیست تەورەکەی هەڵگرت و خەنجەرەکەی لە بەرپشتێنەکەی دەرهێنا و روی کردە لێڕەوارەکە و بەرەو ئەو چو
وەکو تیر پەلاماری دا و بەوپەڕی توڕەییەوە بەردە نەخشاوەکانی شکاند
ئورشانابی چاوی هەڵبڕی گلگامێشی دی نەڕاندی بە سەریا:
"پێم بڵێ تۆ ناوت چیە؟ من ناوم ئورشانابیە، سەر بە ئوتناپیشتیم"

گلگامێش وەڵامی دایەوە، پێی وت:
"ناوم گلگامێشە، منم لە ئوروکەوە هاتوم، لە ئای ئاناوە دەریاکانی بڕیوە و سەفەری درێژی لە شوێنی هەڵهاتنی خۆرەوە کردوە
هاتوم بتبینم، ئەی ئورشانابی، کە روخسارتم بینی ڕێنوێنیم بکە بۆ لای ئوتناپیشتیمی دوورەدەست"

ئورشانابی وەڵامی گلگامێشی دایەوە، پێی وت:
"بەڵام بۆچی گۆناکانت سیس بون و روت هەڵقرچاوە، بۆچی دڵت پڕ بوە لە خەم و شێوەت گۆڕاوە؟
چروچاوت مڕومۆچە وەکو یەکێ شەکەتی سەفەرێکی درێژ بوبێ
سەرما و گەرما روخساریان هەڵقرچاندوی و
وێڵی بیابان بوی؟"

گلگامێش وەڵامی ئورشانابی دایەوە پێی وت:
"ئەی ئورشانابی، گۆناکانم چۆن چرچ نابن و روم مۆن نابێ
ئاخ و خەم دڵم پڕ ناکەن و شێوەم ناگۆڕێ
چڕوچاوم چۆن مڕومۆچ نابێ وەکو یەکێ ماندویەتی سەفەر شەکەتی کرد بێ
سەرما و گەرما روخسارم هەڵناقرچێنێ
وێڵی دەشتودەر نابم
هاودەمەکەم، برا بچوکەکەم،
کە کەرەکێوی لە دەشتەکان دا و پڵنگی لە بیابانەکان دا راو ئەکرد
ئەوە ئەنکیدو هاودەم و برابچوکم بو
کە بە سەر هەمو دژواریەکان دا زاڵ بو، بە بەرزایی شاخەکان دا هەڵگەڕا
گای ئاسمانی گرت و کوشتی
خومبابای نیشتەجێی جەنگەڵی بەزاند
یار و یاوەرە خۆشەویستەکەم
کە لە هەمو سەختیەکان دا هاوڕێم بو
چارەنوسی مرۆڤی پێ برا
شەش رۆژ و حەوت شەو بۆی گریام تا کرم لە لوتی هاتە دەرێ
مردن تۆقاندومی وێڵی بیابان بوم
ئەو کارەساتەی بە سەر هاوڕێکەم دا هات هێزی لێ بڕیم و پەکی خستم

چۆن هێمن ببمەوە و ئارام بگرم
هاوڕێ خۆشەویستەکەم بوە بە خاک
منیش وەکو ئەوم لێ نایە ئەگەر رابکشێم تا هەتایە ئیتر هەڵنەستمەوە؟"
گلگامێش دڕێژەی دایە بە ئورشانابی وت:
"ئێستاش ئەی ئورشانابی چ ڕێگەیەک ئەچێ بۆ لای ئوتناپیشتیم
لە کوێوە بۆی ئەچێ؟ ڕێگاکەیم پیشان بدە
ئەگەر بتوانم بیگەمێ تەنانەت دەریاکانیشی بۆ ئەپێوم
ئەگەر نەمتوانی بە ئاوات بگەم بە وێڵی بە بیابان دا ئەسوڕێمەوە"
ئورشانابی بە گلگامێشی وت:
"ئەی گلگامێش دەستەکانی خۆت بون نەیان هێشت لە دەریاکان تێ بپەڕی
چونکە بەردە نەخشاوەکانت شکان و فەوتاند
ئەگەر بەردە نەخشاوەکەت شکان توانای پەڕینەوەمان نابێ
ئێستاش ئەی گلگامێش تەورەکەت هەڵگرە و شۆڕ بەرەوە بۆ ناو لێڕەوارەکە
سەدوبیست سەوڵ ببڕە
دڕێژی هەر یەکێکیان شەست باڵ بێ
قیریان تێ هەڵسو و پەیکانێ بکە بە نوکەکانیانەوە"

گلگامێش کە ئەمەی بیست
تەورەکەی هەڵگرت و خەنجەرەکەی هەڵکێشا
شۆڕ بوەوە بۆ ناو لێڕەوارەکە و سەدوبیست سەوڵی بڕی هەریەکەی شەست باڵ دڕێژ بو
قیری تێ هەڵسون و پەیکانی کرد بە نوکەکانیانەوە
.....
گلگامێش و ئورشانابی سواری کەشتی بون
دایان بەزاندە ناو شەپۆلی ئاوەکە، هەردوکیانی تێ دا بون
لە سێیەمین ڕۆژدا ئەوەندەی مانگێک و پانزە ڕۆژی سەفەری ئاساییان بڕی
ئورشانابی گەیشتە ئاوی مەرگ
ئەودەم ئورشانابی گلگامێشی بانگ کرد و پێی وت:
"گلگامێش! پەلە بکە، سەوڵێ بگرە و بیجوڵێنە
نەکەی دەس بەری بۆ ئاوی مەرگ
گلگامێش! خێرا بکە سەوڵی دوەم و سێیەم و چوارەم داچەقێنە
گلگامێش! سەوڵی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم داچەقێنە
گلگامێش! سەوڵی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم داچەقێنە
سەوڵی یانزە و دوانزە"
بە سەدوبیست جار گلگامێش هەمو سەوڵەکانی داچەقاند
ئینجا گلگامێش جلەکانی داکەند
بە هەردو دەس وەکو چارۆکە هەڵی دان

ئوتناپیشتیم لە دورەوە کەشتیەکەی بینی
لە گەڵ دڵی خۆی دا ئەدوا و خۆی ئەلاوانەوە و ئەیوت:
"لە بەرچی بەردە نەخشێنراوە تایبەتیەکەی کەشتیەکەت شکان؟
جگە لە کەشتیەوانەکەی کەسی تری سوار نەبوبو؟
ئەوەی تر کە دێ ژێردەستەی من نیە
.....

گلگامێش بەرسڤی ئوتناپیشتیمی دایەوە پێی وت:
"ئەی ئوتناپیشتیم چۆن رومەتەکانم هەڵناقرچێن و روم مۆن نابێ، خەم دڵم داناگرێ و شێوەم ناگۆڕێ، چرۆچاوم مرۆمۆچ نابێ وەکو یەکێ سەفەرێکی درێژ شەکەتی کردبێ و روخساری بە سەرما و گەرما هەڵقرچابێ، سەرگەردانی دەر و دەشت نابم، هاوڕێ و برابچوکم کە کەرەکێوی لە دەشتەکان دا راو نا و پڵنگی لە بیابان راو کرد، ئەوە ئەنکیدو بو کە بە سەر هەمو دژواریەکان دا زاڵ بو، بە سەر هەمو بەرزایی شاخەکان دا هەڵگەڕا، گای ئاسمانی گرت و کوشتی، خومبابای نیشتەجێی جەنگەڵی کاژی بەزاند
یار و یاوەرم کە زۆرم خۆشویست
لە هەمو دژواریەکان دا هاوڕێم بو چارەنوسی مرۆڤی پێ برا
شەش رۆژ و حەوت شەو بۆی گریام و بە گۆڕم نەسپارد
تا کرم لە لوتی هاتە دەرەوە
مردن ترساندمی وێڵی بیابان بوم
ئەو کارەساتەی بە سەر هاوڕێکەم دا هات قورساییەکەی کەوتۆتە سەر سنگم
بڕستی لێ بڕیوم سەرگەردانی بیابانەکانی کردوم
جا چۆن هێمن بم و ئارام بگرم، هاوڕێ خۆشەویستەکەم بو بە خاک
ئاخۆ منیش وەکو ئەو نابم راکشێم و تا هەتایە هەڵنەستمەوە"
گلگامێش درێژەی دایە روی قسەی کردە ئوتناپیشتیم وتی:
"بۆیە ئەبینی هاتوم ئوتناپیشتیم ببینم کە پێی ئەڵێن دورەدەست، هەمو وڵاتم تەی کردوە، چیای سەختم بڕیوە، دەریاکانم پێواوە
چاوم لێک نەناوە و تامی نوستنم نەکردوە
کۆچ و رەو شەکەتی کردوم و ماندویەتی و لاوازی چۆتە لەشمەوە
هەر کە گەیشتمە خانوی مەیخانەوانەکە جلەکانم داکەند و درانم،
ورچ و کەمتیار و شێر و پلنگ و بەور و ئاسک و کەڵ و شور هەمو گیاندارانی کێوی و چوارپێکانیم کوشت گۆشتەکانیانم خوارد و کەولّەکانیانم پۆشی
.....
ئوتناپیشتیم بە گلگامێشی وت:
"مەرگ دڵڕەقە بەزەیی نازانێ
ئایە خانویەکمان دروست کردوە تا هەتایە بمێنێ؟
ئایە گرێبەستێکمان مۆر کردوە تا سەر بەردەوام بێ؟
ئایا براگەل کە کەلەپور دابەش ئەکەن تا سەر ئەمێنێ؟

ئایە رق و کینە سەرومڕ لە سەر ئەرز ئەمێنێ؟
ئایە کە روبار هەڵئەستێ هەمیشە لافاو ئەهێنێ؟
پەپولە لە قۆزاخەکەی دەرئەچێ، هەر کە هەتاوی بینی ئەمرێ
لە کۆنەوە مانەوە و نەمریی هەمیشەیی نەبوە
مردو و نوستو، چەند زۆر، لە یەک ئەچن
ئاخۆ شێوەی مردنیان تیا نابینرێ
کێ ئەتوانێ جیاوازی بکا لە نێوان کۆیلە و کۆیلەدار دا ئەگەر هەردوکیان مردن
ئانوناکی خواگەورەکان پێشوەخت کۆئەبنەوە
مامیتومی چارەنوسساز لە گەڵ ئەوان
چارەنوس بڕیار ئەدەن
ژیان و مردنیان بەش کرد
بەڵام رۆژی مردنیان ئاشکرا نەکرد"

خشتی یازدەهەم

گلگامێش بە ئوتناپیشتیمی دورەدەستی وت:
"هەرچەند سەیرت ئەکەم ئەی ئوتناپیشتیم
سەروسەکوتت جیاواز نابینم، تۆش وەکو من وایت و لە من جیاواز نیت
بەڵێ! تۆ نەگۆڕاویت بگرە تۆ لە من ئەچی
دڵی من وێنای کرد بوی وەکو پاڵەوانێکی تەواو
ئامادەی شەڕ
کەچی ئەتبینم بە لاوازی لە سەر پشت راکشاوی
جا پێم بڵێ چۆن چویتە ناو کۆڕی خواکانەوە و
ژیانی جاویدانت بە دەس هێنا؟"

ئوتناپیشتیم بەرسڤی گلگامێشی دایەوە، وتی:
ئەی گلگامێش رازێکی نهێنی شاردراوەت بۆ ئەدرکێنم
لە نهێنیەکی خواژنت ئاگادار ئەکەم:
شوروپاک، ئەو شارەی تۆ شارەزای هەیت،
سەردەمی ئەو شارە بەسەرچو و ماخوای لێ بو
ماخوا مەزنەکان ویستیان تۆفان هەڵسێ
لە ناو خۆیان دا راوێژیان کرد
باوکیان ئانویان لە گەڵ بو
ئینلیلی پاڵەوان راوێژکاریان بو
نینورتا یاریدەدەر و وەزیریان بو
ئیننوگی دەرگاوان و پەیامبەریان بو
نینئیگیکو واتە ئەیایان لە گەڵ بو

ئەم قسەکانی گەیاندن بە کۆڵیتی قامیش و پێی وت:
ئەی کۆڵیت! ئەی کۆڵیتی قامیش!
ئەی دیوار، ئەی دیوار!
ئەی کۆڵیتی قامیش گوێ بگرە و ئەی دیوار تێ بگە
ئەی پیاوی شوروپاکی، ئەی رۆڵەی ئوباراتوتو کۆڵیتەکەت هەڵوەشێنە و کەشتیەک بۆ خۆت دروست بکە
واز لە داراییەکەت بهێنە و هەوڵی رزگاری بدە
دەس لە موڵک هەڵبگرە و ژیانت قوتار بکە
لە کەشتیەکەدا تۆوی هەمو گیاندارێ سوار بکە
ئەو کەشتیەی دروستی ئەکەی ئەبێ ئەندازەکانی رابگری
پانییەکەی ئەوەندەی درێژییەکەی بێ...
کاتێ ئەمەم زانی بە خواکەمم ئایا وت:
گەورەم! قسەکانم بیستی، فەرمانەکەت جێبەجێ ئەکەم
بەڵام چی بە شارەکە بڵێم؟
بە چی وەڵامی خەڵک و پیرەکان بدەمەوە؟
ئایا دەمی کردەوە روی لە من، پێی وتم، من بەندەی ئەوم، پێیان بڵێ: "من زانیم کە ئینلیل ئەمبوغزێنێ
لێرە بەدواوە ناتوانم لە شارەکەتان دا بژیم
رو ناکەمە مەڵبەندێ ئینلیلی تێ دا نیشتەجێ بێ
بەڵکو دائەبەزم بۆ ئاپسو
لە گەڵ ئایا ئەژیم
ئێوەش فەڕ و خێرتان بە سەردا ئەبارێ
پۆلی مەل و ماسی ناوازە
وڵات پڕ ئەبێ لە دانەوێڵە و خێر
ئێوارە لەنگێزەی بارانی گەنمتان بە سەردا ئەبارێنێ"
کاتێ گزنگی بەیانی دا وڵات لە من کۆبونەوە
مەڕی بەنرخیان بۆ قوربانی بۆ هێنابوم
گاڕانی لەوڕەگای دەشتەکانیان بۆ قوربانی بۆ هێنا بوم
.....

بچوکەکان قیریان بۆ هێنام
گەورەکان پێویستیەکانی تر
لە رۆژی پێنجەم دا پەیکەرەکەیم دروست کرد
زەمینەکەی یەک ئیکو بو، بەرزایی دیوارەکانیشی سەدوبیست باڵ بو
درێژی هەریەکێ لە چوارلای زەمینەکەی سەدوبیست باڵ بو
شێوەی دەرەوەی و پەیکەرەکەیم وەها دیاری کرد:
شەش نهۆمم تیا دروست کرد
بەمەش کردم بە حەوت نهۆم



شەڕی گلگامێش و ئەنکیدۆ لەگەڵ گامێشی وەحشی

زەمینەکەیشم کردە نۆ بەش
پڕم کردن و پوازی ئاوم تیا داکوتان
سەوڵم تیا دانا و ئازوقەم بۆ دابین کرد
شەش شار قیرم لە کورەکەدا داڕشت
سێ شار قەترانم داڕشت
سەبەتەهەڵگرەکان سێ شار رۆنیان هێنا
هەروەها یەک شار چەوری بۆ پڕکردنی پوازی ئاو
دو شار چەوری کەشتیەوان هەڵی گرت
ئینجا چێڵەکەم سەربڕی و لێم نا بۆ خەڵک
هەمو رۆژێ مەڕم کوشتەوە
دۆشاوی تریێ و بادەی سور و سپی و رۆناوم ئەدا بە وەستاکان بۆ ئەوەی وەکو ئاو بیخۆنەوە
بۆ ئەوەی وەکو رۆژانی سەری ساڵ جەژن بگێڕن
دەستم بە چەوریی رۆن شۆرد
کەشتیەکە لە رۆژی حەوتەم دا تەواو بو
دابەزاندنی بۆ ناو ئاو کارێکی زەحمەت بو
ئەبوایە تەختەکانی ناخەکەی لە سەرەوە و خوارەوە بگۆڕن
تا دوسێیەکی لە ئاوەکەدا نقوم بو
هەرچیم هەبو تیایدا بارم کرد
هەرچیم هەبو لە زیو خستمە ناوی
هەرچیم هەبو لە زێڕ خستمە ناوی
هەرچی گیاندارێکی زیندوم لە لا بو سوارم کرد
هەمو خزم و کەسوکارم سوار کرد
هەمو گیاندارانی کەوی و کێویم سوار کرد
هەمو وەستاکانم سوار کرد

خوا شاماش کاتێکی دیاریکراوی بۆ دانام، بە وتەی ئەو:
"لە دەمی ئێوارەدا کە رەهێڵەی بارانی مردن دایکرد
سواری کەشتیەکە ببم و دەرگاکە دابخەم"
کاتی دیاریکراو هات
لە شەودا خوای گەردەلول رەهێڵەی مردنی داکرد
سەیری کەشتیەکەم کرد ترسناک بو
چومە ناوی دەرگاکەمم داخست
ئاژۆتنی کەشتیەکەم سپارد بە کەشتیەوان بوزور ئاموری
پەیکەرە زەبەلاحەکە هەرچیەکی تێ دا بو بەوم سپارد

ستونی سێیەم

کاتی بەیانی گزنگی دا
لە ئاسۆی دورەوە تەمێکی تاریک دەرکەوت
خودا ئەدەد لە ناوی دا بروسکەی دا
شلات و خانیش لە پێشیانەوە ئەڕۆیشتن
لە شاخەکان و لە دەشتەکان دا هۆشداریان ئەدا
خوا ئیراگال ئەستونەکانی خست
خوا نینورتا کە بە دوای دا هات بەنداوەکانی بەردایەوە
ئانوناکی مەشخەڵەکانی داگیرسان
بڵێسەی لە ئەرز هەڵسان
گرمەی خوا ئەدەد گەیشتە بنی ئاسمان
هەمو روناکیەکانی کردە تاریکی
زەوی وردوخاش بو وەکو چۆن گۆزە ئەشکێ
زەلانی خوارو بە درێژایی رۆژێکی تەواو بەردەوام بو
تەوژمەکەی توندتر بو تا چیاکانی داپۆشی
وەکو جەنگێکی سەخت خەڵکی تەفروتونا کرد
برا برای نەئەناسیەوە
خەڵکی ئاسمان ئەرزیان نەئەدی
تەنانەت خواکانیش لە لرفەی تۆفانەکە ترسان
هەڵاتن و هەڵکشان بۆ ئاسمانی ئانو
خواکان داسوکنان و لە پەنای دیوارەکەدا وەکو سەگ هەڵترۆشکان
ئیشتار وەکو ژنی ژانگرتوی کاتی منالبون قیژاندی
ماخوا کڕوزایەوە، بە دەنگە بەسۆزەکەی لاواندیەوە:
"ئاخوداخ! ئەوانەی رۆژانی کۆن بونەوە بە خاک
چونکە من لە کۆڕی خواکان دا بەییەکانی ئەوانم درکاند
بۆچی بەدگۆییم کرد و


چۆن وێرانیم بە سەر گەلەکەم دا باراند
ئەوانەی لە من بوبون
وەکو گەرای ماسی سەرئاو کەوت بون
خواکانی ئانوناکی لە گەڵی گریان
بەڵێ! خواکان بە سەرشۆڕی دانیشتبون ئەیان لاوانەوە
لێویان وشک هەڵگەڕابو
شەش رۆژ و حەوت شەو رابورد
هێمان گەردەلولی تۆفانەکە بەردەوام و وڵاتی نقوم کرد
لە رۆژی حەوتەم دا لێشاوی تۆفانەکە کەم بوەوە
وەکو لەشکرێ لە جەنگ دا بێ تەفروتونای ئەکرد
ئینجا دەریاکە هێور بوەوە و گەردەلولەکە نیشتەوە و تەوژمی تۆفان خاو بوەوە
سەیری ئاسمانم کرد، هێمنی هەمو لایەکی داگرت بو
خەڵکم بینی هەمویان بوبونەوە بە خاک
ئاوی جۆگاکان وەکو سەربان رێک لە ئاستێک دا وەستا بون
درزێکم کردە کلاوەکەمەوە روناکی کەوتە سەر روم
بە چۆک دا هاتم و دانیشتم گریام
فرمێسک لە چاوم رژا
سەیری کەناری دەریام کرد
دورگەیەکم بینی سەدوچلوچوار باڵ بەرز بو
کەشتیەکە لە سەر چیای نیسیر جێگیر بو
چیای نیسیر کەشتیەکەی راگرت نەیهێشت بڕوا
رۆژێک و دوان رابورد، چیای نیسیر کەشتیەکەی راگرت بو نەیئەهێشت بڕوا
رۆژی سێیەم و چوارەم رابورد، چیای نیسیر کەشتیەکەی راگرت بو نەیئەهێشت بڕوا
رۆژی پێنجەم و شەشەم رۆیی، چیای نیسیر کەشتیەکەی راگرت بو

ستونی چوارەم

کە رۆژی حەوتەم هات کۆترێکم دەرهێنا، بەرەڵام کرد
کۆترەکە فڕی بەڵام گەڕایەوە
گەڕایەوە چونکە شوێنێکی نەدۆزی بوەوە لێی بنیشێتەوە
پلیسرگم دەرهێنا، بەرەڵام کرد ئەویش گەڕایەوە چونکە شوێنێکی نەدۆزی بوەوە لێی بنیشێتەوە
ئینجا قەلەرەشێکم دەرهێنا، بەرەڵام کرد
قەلەڕەش فڕی، کە دی ئاوەکە نەماوە کشاوەتەوە دواوە
خواردی و خولایەوە و نیشتەوە و نەهاتەوە

ئەوسا هەرچی لە کەشتیەکەدا بو دەرم هێنا لە چوار لاوە با لێی ئەدا
قوربانیم ئامادە کرد

ئاوی پیرۆزم بە سەر لوتکەی چیاکەدا رژاند
حەفتاوحەوت مەنجەڵم بۆ قوربانیەکان دانا
قامیش و داری کاژ و ئاسم لە ژێردا کەڵەکە کرد
خواکان بۆنەکەیان هەڵمژی
بەڵێ خواکان بۆنە خۆشەکەیان کرد
خواکان وەکو مێش لە خاوەن قوربانی وروکان
کاتێ ماخوای مەزن ئیشتار هات
ملوانکە گەوهەرەکەی کە ئانو، بە ئارەزوی ئەو هۆنی بویەوە، هەڵبڕی و وتی:
"ئێوە ئەی خودایانی ئامادەبو، هەروەکو من گەردانەی لاجیوەردم لە بیر ناچێتەوە کە بە گەردنمەوەیە
هەروەها هەمو دەمێ هەست بەم رۆژانە ئەکەم و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە
با خواکان بێن بۆ سەر قوربانیەکان
بەڵام ئینلیل نابێ لە قوربانی نزیک بکەوێتەوە
چونکە بێ ئەوەی رابمێنێ لێشاوی تۆفانی خوڵقان
خەڵکەکەی منی بە فەوتان دا"



گلگامێشی پاڵەوانی ئەفسانەیی شێری خستۆتە سەر شانی

کاتێ ئینلیل هات کەشتیەکەی دی تورە بو
خرۆشا بەرامبەر خوا ئیگیگی، وتی:
"سەیرە چۆن کەسێک بە ساغی رزگاری بوە
ئەبو هیچ کەسێ لە فەوتان دەرباز نەبێ؟"

خوا نینورتا دەمی کردەوە و روی قسەی لە پاڵەوان ئینلیل وتی:
"جگە لە ئەیا کێی تر ئەتوانێ ئەم کارە بکا؟
بەڵێ ئەیا رازە شاردراوەکان ئەزانێ"
ئەوسا ئەیا دەمی کردەوە رو بە ئینلیلی پاڵەوان وتی:
"ئەی پاڵەوان! تۆ ژیرترینی خواکانی

چۆن بە بێ ئەوەی رابمێنی لێشاوی تۆفانت خوڵقان
هەڵەکار ئۆبالّی هەڵەکەی هەڵگرت
دەستدرێژیکەر تاوانی دەسدرێژیەکەی هەڵگرت
بەڵام دڵنەرم بە لە سزادا بۆ ئەوەی نەفەوتێ
توند مەبە لە بەدی دا
ئەگەر تۆ لە باتی ئەوەی تۆفان بخوڵقێنی
شێرت بەردایەتە خەڵک ژمارەت کەم ئەکردنەوە
گورگت تێ بەردانایە ژمارەی خەڵکت کەم ئەکردەوە
لە باتی تۆفان قاتوقڕیت بخستایەتە وڵاتەوە
لە باتی تۆفان ئەگەر ئیرا خەڵکی بفەوتانایە
بەڵام من نهێنی خوا مەزنەکانم ئاشکرا نەکرد
بەڵکو ئەترا حاسیسم وا لێ کرد خەو ببینێ
پەی بە نهێنی خواکان ببا
ئێستا ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و چارەنوسی بڕیار دا
ئینجا ئینلیل سەرکەوتە سەر کەشتیەکە
دەستی گرتم و لە گەڵ خۆی سواری کەشتیەکەی کردم
ژنەکەشمی لە گەڵ من سوار کرد بە تەنیشت خۆمەوە کڕنوشی پێ برد
لە نێوانی هەردوکمان دا راوەستا، دەستی هێنا بە تەوێڵمان دا و پیرۆزبایی لێ کردین وتی:
پێش ئێستا ئوتناپیشتیم مرۆڤێ بو
بەڵام لە ئێستاوە ئوتناپیشتیم و هاوسەرەکەی هاوشێوەی ئێمەی خوا ئەبن
ئوتناپیشتیم لە دور، لە دەمی روباردا ئەژی
ئینجا دوریان خستمەوە و لە دەمی روباردا نیشتەجێیان کردم
ئێستا ئەی گلگامێش کێ خواکان لە پێناوی تۆدا کۆ ئەکاتەوە
بۆ ئەوەی ئەو ژیانە بە دەس بهێنی کە ئەتەوێ
وەرە تاقیت بکەمەوە شەش رۆژ و حەوت شەو مەنو"

بەڵام ئەو هێشتا کفت و خەواڵوە ئەڵێی تەم دایگرتوە
ئوتناپیشتیم ئاورِی لە ژنەکەی دایەوە و پێی وت:
"بڕوانە! ئەم پیاوە پاڵەوانە داوای ژیان ئەکا
کەچی خەو بردویەتیەوە ئەڵێی تەم دایگرتوە"
هاوسەرەکەی ئوتناپیشتیم وەڵامی مێردەکەی دایەوە وتی:
"ئەم پیاوە راوەشێنم بۆ ئەوەی بە ئاگا بێ
تا لەو رێگەیەوە کە لێوەی هاتوە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە
لەو دەرگایەوە لێوەی دەرچوە بچێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی"
ئوتناپیشتیم وەڵامی ژنەکەی دایەوە پێی وت:
"تەفرەدان لە سروشتی مرۆڤ دایە، هەڵت ئەفریوێنێ

دەی کولێرەی نانی بۆ ببرژێنە و لە ژور سەری دایبنێ
ئەو رۆژانەش تیا نوستوە لە سەر دیوارەکە نیشان بکە"

خەپلەی بۆ برژاند و لە ژور سەری دایبنا
لە سەر دیوارەکەش رۆژانی نوستنەکەی نیشان کرد
خەپلەی یەکەم وشک بو و خەپلەی دوەم هەڵکڕوزا
سێیەم هێشتا تەڕ بو
خەپلەی چوارەم کەڕوی هەڵهێنا
پێنجەم هێشتا تازە بو کە شەشەم ئامادە کرا
لە کاتێک دا حەوتەم لە سەر پشکۆ بو تێوەی ژەند بە ئاگا هات
کە گلگامێش لە خەو هەستا بە ئوتناپیشتیمی دوری وت:
"هێشتا خەو نەیبردبومەوە تێتەوە ژەندم و خەبەرت کردمەوە"
ئوتناپیشتیم وەڵامی گلگامێشی دایەوە پێی وت:
"ئەی گلگامێش کولێرەکان بژمێرە
نیشانەکانی سەر دیوارەکە ژمارەی ئەو رۆژانەت پێ ئەڵێن کە خەوت بوی
کولێرەی یەکەم وشک بوە، دوەم بە کەڵک نەماوە
سێیەم هێشتا تەڕە، چوارەم کەڕوی هەڵهێناوە، پێنجەم هێمان تازەیە و شەشەم ئێستا برژێنراوە، حەوتەم ئیتر خەبەرت بۆتەوە"
گلگامێش بە ئوتناپیشتیمی دوری وت:
"ئەی ئوتناپیشتیم! من ئەبێ چی بکەم و رو لە کوێ بکەم؟
هەستێکی تۆقێنەر دڵ و دەرونی داگرتوم
بەڵێ! لە هەر جێیەک رائەکشێم مەرگی لێیە
لە هەر جێیەک پێ دائەنێم مەرگ چاوەڕێمە"

ئینجا ئوتناپیشتیم بە ئورشانابی کەشتیەوانی وت:
"ئەی ئورشانابی! هیوادارم لەنگەرگا پێشوازیت لێ نەکا
رێگەی پەڕینەوەت نەبێ
لە کەنارەکە بە دەرکراوی برۆی
ئەو پیاوەی بۆ ئێرەت هێناوە
چڵکنە، کرێشی پێوەیە
پێستی گیاندار جوانیەکانی لەشی شاردۆتەوە
ئورشانابی بیبە بۆ سەرشۆرک
بۆ ئەوەی لە ئاوەکەدا چڵکەکەی بشۆرێ وەکو بەفر پاک بێتەوە
بۆ ئەوەی جوانی لەشی دەربکەوێ کەوڵی گیاندارانی لە بەر داکەنی و تورِی بدەیتە دەریاوە
تەپلەکەی سەری نوێ بکاتەوە
جلێ لە بەر بکا روتیەکانی بشارێتەوە

تا ئەگاتەوە شارەکەی خۆی و
رێگای سەفەرەکەی کۆتایی دێ
مەهێڵە نیشانەی کۆنیی بە جلەکانیەوە دیار بێ
بەڵکو تازەییەکەی بپارێزە"

ئورشانابی بردی بۆ سەرشۆرک
چڵکەکانی شت تا وەکو بەفر پاک بوەوە
جلە چەرمینەکانی لە بەر داکەند و دای بە دەم دەریاوە
تا جوانی لەشی دەرکەوت
تەپلەکەی سەری نوێ کردەوە
جلێکی کردە بەری روتیەکانی شاردەوە
تا ئەگاتەوە شارەکەی خۆی و کۆتایی بە رێگاکەی ئەهێنێ
جلەکانی هەمیشە تازە بێ
گلگامێش و ئورشانابی سواری کەشتی بون
کەشتیەکەیان دابەزاندە ناو شەپۆلەکان و ئامادە بون بۆ جمین
ئەودەم ژنەکەی ئوتناپیشتیم بە مێردەکەی وت:
"گلگامێش روی لە ئێرە کردوە ماندو بوە و رەنجی زۆری داوە
لە کاتێک دا کە ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەبێ چی بدەیتێ؟"
لەو کاتەدا گلگامێش سەوڵێکی بەرز کرد بوەوە بۆ ئەوەی کەشتیەکە لە کەنار نزیک بکاتەوە
ئوتناپیشتیم گەیشتێ پێی وت:
"گلگامێش روت لە ئێرە کردوە و رەنجی زۆرت داوە
ئەشێ چیت بدەمێ وا کە ئەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت؟
ئەی گلگامێش، نهێنیەکی شاردراوەت بۆ ئەدرکێنم
بەڵێ! یەکێ لە نهێنیەکانی خواکانت بۆ ئاشکرا ئەکەم
گیایەک هەیە درکاویە لە ناو ئاودا ئەڕوێ
چقڵەکەی بە دەست دا ئەچەقێ
ئەگەر ئەم گیایە بە دەس بهێنی ژیانت نوێ ئەبێتەوە"

هەر کە گلگامێش گوێی لەم قسانە بو
ئاوەڕێی گرتە بەر کە بەرەو ئاوە قوڵەکان ئەچو
بەردی قورسی بە قاچیەوە بەست
رۆچو بۆ ناخی ئاوەکە لەوێ گیاکەی بینی
گیاکەی کە درکەکانی بە دەستی دا ئەچو هەڵکەند
بەردە قورسەکانی لە قاچی کردەوە
لە ناخی دەریاوە سەری دەرهێنا بۆ کەنارەکەی

گلگامێش بە ئورشانابی کەشتیەوانی وت:
"ئورشانابی ئەم گیایە سەیرە
مرۆڤ ئەتوانێ تینوتاوی ژیانی پێ بهێنێتەوە
لە گەڵ خۆم ئەیبەمەوە بۆ ئوروکی شورەدار
لە خواردنی دا خەڵک بەشدار ئەکەم
ناوەکەی ئەبێتە: پیر ئەگەڕێتەوە بۆ هەڕەتی گەنجی
منیش لە دوارۆژەکانی ژیانم دا ئەیخۆم تا گەنجێتیم بۆ بگەڕێتەوە"
ئینجا کەوتنە ڕێ پاش ئەوەی بیست سەعاتی دوبارەیان بڕی لە تونێشوەکەیان خوارد
پاش سی سەعاتی دوبارە ڕاوەستان بۆ ئەوەی شەو لەوێ بە سەر بەرن
گلگامێش گۆماوێکی ساردی دی
دابەزی خۆی لە ئاوەکەی دا بشوا
مار بۆنی گیاکەی کرد
بە دزییەوە بۆی خشی و گیاکەی ڕفاند و خواردی
بەوەش لەشی کاژێکی فڕێ دا
ئەوسا گلگامێش دانیشت دایە پڕمەی گریان. ئاو بە ڕومەتەکانی دا هاتە خوارەوە
بە ئورشانابی کەشتیەوانی وت:
"لە پێناوی کێ دا دەستەکانم شل بون؟
لە پێناوی کێ دا خوێنی دڵم ڕژا؟
هیچ دەسکەوتێکم بۆ خۆم نەبو
بەڵێ! دەسکەوتم بۆ شێری خاک بە دەس هێنا
پاش بیست سەعاتی دوبارە
ئەم ئافەریدەیە دێت گیاکەم لێ ئەڕفێنێ؟
پێشتر کە چومە ئاوڕێی ئاوەکە
هۆشداریەکم دی. بۆ ئەوەی لەم خواستە دەس هەڵ بگرم و
کەشتیەکە لە کەناردا جێ بهێڵم"

پاش بیست سەعاتی دوبارە ڕێپێوان لە تونێشوەکەیان خوارد
پاش سی سەعاتی دوبارە ڕاوەستان بۆ ئەوەی شەو لەوێ بە سەر بەرن
ئینجا گەیشتنە ئوروکی شورەدار
گلگامێش بە ئورشانابی کەشتیەوانی وت:
"ئورشانابی! سەربکە. بە بان شورەی ئوروک دا بڕۆ
بڕوانە بناغەکەی. سەیری کەرپوچەکانی بکە
ئاخۆ لە خشتی سورەوەکراو دروست نەکراون؟
ئایا حەوت داناکە بنچینەکەیان دانەناوە؟
یەک شار دانراوە بۆ نیشتەجێ بون
یەک شار بۆ باخی دارخورما

یەک شار بۆ دەشتی ئاودێری، جگە لە گەڕەکی پەرستگای ئیشتار
ئوروک سێ شار و یەک گەڕەکە"

تێۆەردان

لە گێڕانەوەی ئەم لاوژەیە دا ئەشێ لە ئاستی هەندێ ناودا ئیستێ بکرێ:
گل – گامێش، خۆی "گا" بوە، لە دایکەوە کوڕی "خاتو مانگایە"، یەکێ لە نەبەردە گەورەکانی لەگەڵ "گا" ی ئاسمانی بوە، لە چەندین شوێن باسی "گاکێوی" کراوە.
لە زمانی کوردی دا تا ئێستاش وشەگەلی گا، جوانەگا، گاجوت، گامێش، مانگا، بۆ جۆرێ لە گیاندار و، وشەی گا بۆ نیشانەیەک لە گەورەیی، وەکو: گاکۆتر – کۆتری گەورە، گابەرد – بەردی گەورە، گاتو – توی گەورە، بەکار دێ.
لە گێڕانەوەی چیرۆکی تۆفان دا، کە بەشێکی سەرەکی داستانەکەیە، کەشتی دەرباز بونی مرۆڤ لە سەر کێوی "نیسیر" گیرساوەتەوە. بە وتەی هەندێ زانا لەوانە تەها باقیر کێوی "نیسیر" شاخی "پیرەمەگرون" ە. پیرەمەگرون یەکێ لە چیاکانی قەزای دوکانی پارێزگای سلێمانیە.(طه باقر: مقدمة في ادب العراق القديم، دار الوراق، 2010. ص (150هامش))
لە زمانی کوردی دا تا ئێستاش وشەگەلی "نسێ" و "نسار" و "نزار" بۆ شوێنی فێنکی شاخ کە خۆر نایگرێتەوە بەکار دێ.

وشەی نائاشنا

برک دان: فڕێدان بە قێزوبێزەوە.
بڕست: هێز و توانا.
بیچم: شێوەی لەش.
پلیسرگ: مەلی پەڕەسێلکە.
پەیکان: پارچەیەک ئاسن یا پەڕی ئەستور، یا دارێکی تیژە، ئەکرێ بە نوکی تیرەوە.
تاپۆ: تارمایی گیانی مردو.
تەپکە: چاڵێکە راوکەر هەڵی ئەکەنێ لە سەر ڕێی نێچیردا بۆ ئەوەی تەفرەی بدا، سەری بە پوش، یا بە دار، یا بە بەرد، ئەگرێ بۆ ئەوەی لە کاتی ڕۆیشتن دا نێچیرەکەی تێ بکەوێ.
تەپلە: جۆرێکە لە کڵاو.
تۆڕ: چەند رایەڵێکی تان و پۆیە لە بەن یا دەزو تێهەڵکێش ئەکرێ راوکەر بڵاوی ئەکاتەوە بۆ ئەوەی مەل یا گیانداری چوارپێی تێ بکەوێ.
تۆڕ دان: فڕێدان بە قێزوبێزەوە.
توک: دوعای شەڕ.
تۆیشو: خواردنێ کە ڕێبوار لە گەڵ خۆی هەڵی ئەگرێ بۆ ئەوەی لە کاتی برسێتی دا لە ڕێگا بیخوا.
خورت: بە هێز.
داهێزران: خاڵیبونەوەی لەش لە هێزی کار و توانای ئیشکردن.

دورج: سندوق. سالم ئەڵێ:

"لە دورجی سینەما تا گەوهەری یادی روخی تۆ بێ

لە بەر شوعلەی ئەوا شەو تا سەحەر مەیلی چرا ناکەم."

زنج: ژوورێکی هەژارانەیە لە زەل و پوش و گەڵا، جوتیار لە ناو باخەکەی دا بۆ حەوانەوەی خۆی دروستی ئەکا.

زێوان: خزمەتکاری گۆڕ، مزگەوت یا پەرستگا.

سەوڵ: داریکی درێژە، کەڵەکەوان، بەلەمەوان، کەشتیەوان، لە کاتی لێخوڕین دا سەرەکەی بە دەس ئەگرێ و نوکەکەی لە گڵی بنی چەم، روبار، دەریاکە گیر ئەکا بۆ ئەوەی تەکانی رۆیشتن بە کەشتیەکەی بدا.

شیپان: لایەک لە چوارچێوەی دەرگا.

کاژ: کاج. جۆرێکە لە داری سنەوبەر. هەروەها: پێستێکی سپی تەنکە مار لە خۆی دائەماڵێ.

کڵۆم: قفڵی لە دار دروستکراوی دەرگای پێ داخراوە.

کەنیز: ئافرەت، کچ یا ژن، کرا بێ بە کۆیلە.

کۆز: شوێنێکی سەر نەگیراوە، بە تەیمان بە بەرزایی مەترێ زیاتر چواردەوری گیراوە، تەرخان کراوە بۆ مۆڵدانی بەرخ و کار، لە بەهار و هاوین دا، بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە هێشتا شیری دایکیان مژیوە. پێشینان وتویانە: "کۆزی کارگەل ببینە ئینجا قەپوچک دابگرە!"

کۆڵیت: ژوورێکی هەژارانەیە لە قوڕ و بەرد یان پوش و گەڵا جوتیار لە ناو باخەکەی دا بۆ حەوانەوەی خۆی دروستی ئەکا.

کوانو: ئاگردان.

کوشتنەوە: سەربڕینی گیاندار بە چەقۆ.

ملۆزم: نەیار.

میملۆ: نەیار.

نزا: دوعای خێر.

نەیجە: قامیشێکی باریکە ناوەکەی پتەوە.

هەڵ تیزان: رەوینەوە و راکردنی خێرای گیانداری چوارپێ.

هەڵ توتان: جۆرێکە لە دانیشتن.

هەڵ تروشکان: جۆرێکە لە دانیشتن.

هەڵ زنین: هەڵگەڕان بە دیواری بەرز و شورە و چیادا.

هەڵ ئاژیان: راکشان لە سەر پشت یا لە سەر لا.

هەنون: چەورکردنی پێستی مرۆڤ بۆ شێلان و بۆنخۆشکردنی.

لاوژەی
گلگامێش و ئاگا ی کیش

چکاوەی بابەت

"کیش" و "ئونوگ" دو شار بون. دو "دەوڵەتی شار" بون هەریەکەیان شای خۆی هەبوە.
شای کیش ئاگا بوە و، شای ئونوگ گلگامێش.
شای ئونوگ نوێنەری ناردوە بۆ لای شای ئونوگ داوای لێ کردوە بۆ کاری بێگاری، بۆ هەڵکەندنی بیر و چاڵاو، کۆمەڵێ کەسی بۆ بنێرێ، هەڕەشەی کردوە کە ئەگەر داواکەی جێبەجێ نەکرێ ئەچێتە سەریان و، بە زۆر ملیان پێ کەچ ئەکا.
گلگامێش، شای ئونوگ، ئەنجومەنی پیرانی شارەکەی کۆ کردۆتەوە راوێژی پێ کردون ئاخۆ لە نرخی ئاشتی دا ملکەچ بکەن بۆ داواکەی شای کیش یان خۆیان بۆ روبەڕوبونەوەی چەکدار ئامادە بکەن.
"ئەنجومەنی پیران" ئاشتی و خۆبەدەستەوەدان هەڵئەبژێرن.
گلگامێش ئەم بڕیارەی بە دڵ نابێ.
ئینجا ئەنجومەنی پیاوانی کارامەی شارەکەی کۆ کردۆتەوە راوێژی پێ کردون ئاخۆ لە نرخی ئاشتی دا ملکەچ بکەن بۆ داواکەی شای کیش یان خۆیان بۆ روبەڕوبونەوەی چەکدار ئامادە بکەن.
"ئەنجومەنی پیاوانی کارامە" جەنگ و روبەڕوبونەوە هەڵئەبژێرن.
گلگامێش ئەم بڕیارەی بە دڵ ئەبێ.
لەم کەینوبەینەدا بون ئاگا هێزێکی گەورەی هێناوەتە سەر ئونوگ و گەمارۆی داوە.
گلگامێش یەکێ لە پاڵەوانەکانی بە نوێنەرایەتی خۆی ڕەوانەی لای ئاگا ی فەرماندەی هێزی گەمارۆدەر ئەکا، بەڵام ئەوان لە باتی گفتوگۆ بە تێهەڵدان پێشوازی ئەکەن. لەو کاتەدا یەکێ لە ئەفسەرەکانی لەشکرەکەی گلگامێش سەرئەکەوێتە سەر شورەی ئونوگ، لە پاڵەوانە گیراوەکە ئەپرسن ئاخۆ ئەوە شاکەیانە یا کەسێکی تر ە ئەو نکولی ئەکا ئەوە شاکەیان بێ زۆرتری تێ هەڵ ئەدەن، ئەوسا ئەنکیدو لە دەرگای شورەی ئونوگ ەوە بۆیان دەرئەپەڕێ و، گلگامێش خۆی سەرئەکەوێتە سەر شورەی شار. هێزەکەی ئاگا بە دیتنی ئەو دیمەنە

شڵەژانی تێ ئەکەوێ و، پەرەوازە ئەبن. لەشکرکێشیەکە لە باتی شەڕ بە دۆستایەتی گلگامێش و ئاگا کۆتایی دێ. گلگامێش ستایشی ئاگا ئەکا و ئاگا یش واز لە شەڕ ئەهێنێ.

لاوژەی
گلگامێش و ئاگا

1- 8: نێردراوەکانی ئاگای کوڕی ئین می باراجە سی
لە کیشەوە هاتن بۆ ئونوگ بۆ لای گلگامێش،
گلگامێش داواکەیانی خستە بەردەم پیرانی شارەکەی، وشەکانی بە وریایی هەڵبژارد:
"زۆر بیر هەن ئەبێ تەواو بکرێن
هێشتا زۆر لە بیرەکانی وڵات هەن ئەبێ تەواو بکرێن
چاڵاوی تەنک لە وڵات دا هەن ئەبێ تەواو بکرێن
گەڵێ بیر هەن ئەبێ قوڵ بکرێن و گوریسی هەڵگۆزینیان لە سەر ببەسترێ.

ئایە ئەشێ ئێمە ملکەچ بکەین بۆ بنەماڵەی کیش! ئەشێ بە چەک لێیان نەدەین؟"

9 - 14: لە کۆبونەوەی ئەنجومەن دا، پیرانی شار، وەڵامی گلگامێشیان دایەوە:
"لە راستی دا زۆر بیر هەن ئەبێ تەواو بکرێن
هێشتا زۆر لە بیرەکانی وڵات هەن ئەبێ تەواو بکرێن
چاڵاوی تەنک لە وڵات دا هەن ئەبێ تەواو بکرێن
گەڵێ بیر هەن ئەبێ قوڵ بکرێن و گوریسی هەڵگۆزینیان لە سەر ببەسترێ.
بۆیە ئەبێ ئێمە ملکەچ بکەین بۆ بنەماڵەی کیش! نابێ بە چەک لێیان بدەین؟"

15 - 23: گلگامێش، مەزنی کولابا،
متمانەی بە ئینانا هەبو
ئامۆژگاری پیرانی شارەکەی بە هەند وەرنەگرت
گلگامێش، ئەمجارەیان پرسەکەی خستەوە بەردەم پیاوە کارامەکانی شارەکەی، وشەکانی بە وریایی هەڵبژارد:
"زۆر بیر هەن ئەبێ تەواو بکرێن
هێشتا زۆر لە بیرەکانی وڵات هەن ئەبێ تەواو بکرێن
هێشتا چاڵاوی تەنک لە وڵات دا هەن ئەبێ تەواو بکرێن
گەڵێ بیر هەن ئەبێ قوڵ بکرێن و گوریسی هەڵگۆزینیان لە سەر ببەسترێ.

لەمەوبەر، هەرگیز، ئێوە ملکەچ نەبون بۆ بنەماڵەی کیش! ئاخۆ نابێ بە چەک لێیان بدەین؟"

24 - 29: لە کۆبونەوەی ئەنجومەن دا پیاوانی کارامەی شارەکەی بەرسڤی گلگامێشیان دایەوە:
"لە ناو ئەوانەدا کە راوەستاون و، لە ناو ئەوانەدا کە دانیشتون

لە ناو ئەوانەدا کە هاودەمی کوڕانی شا بون
لە ناو ئەوانەدا کە سەرومڕ ڕەشمەی کەریان بە دەستەوەیە... کێ ئەوەندە هەناسەی دڕێژە؟" وەک ئەڵێن.
"ئێوە ئەی پیرەپیاوان ناشێ ملکەچ بکەن بۆ بنەماڵەی کیش! ئەشێ ئێمەی گەنجان بە چەک لێیان نەدەین؟"

30 - 39: "خوا گەورەکان پەیکەرەی ئونوگیان خوڵقاندوە، دەستکردی خودایان، خانوەکەی ئی ئانا لە بەهەشتەوە دابەزیوە،
بڕوانە شورە بڵندەکەی، کە ئان دروستی کردوە، نشینگەی شاهانە کە ئان دروستی کردوە،
تۆ شاهی، جەنگاوەری، کەسێکی روخۆشی، میری خۆشەویستی ئانی
کاتێ ئاگا دێت، ئەبێ چۆن بتۆقێ!
سپاکەی پچوکە، هێزەکانی پشتەوەی دودڵییان تێ کەوتوە، پیاوەکانی ناتوانن روبەڕوی ئێمە ببنەوە"

40 - 47: گلگامێش، مەزنی کولابا،
بە ئامۆژگاری پیاوانی کارامەی شارەکەی شادمان بو، وڕەی بەرز بوەوە
بە ئەنکیدوی نۆکەری وت:
"بەم پێیە با چەک و تفاقی شەڕ ئامادە بکرێ، با کوتەک لە بەردەستی خۆت دا بێ
ڕەنگە ئەوە ترس و تۆقاندنێکی زۆر بخوڵقێنێ
کاتێ کە ئەو هات ترسی گەورەی منی لێ ئەنیشێ و، ئەبەزێ
بەهانەکانی پوچ ئەبێتەوە و، حسابەکانی تێک ئەچێ"

48 - 54: نە پێنج و، نە دە ڕۆژ تێ نەپەڕی
ئاگای کوڕی ئین می باراجە سی لە گەڵ پیاوەکانی گەمارۆی ئونوگی دا
بڕیاری ئونوگ پوچ بوەوە
گلگامێش، مەزنی کولابا، بە جەنگاوەرەکانی خۆی وت:
"ئەی جەنگاوەران! کێتان خۆبەخش و ئازایە، بە خۆی دا ڕائەپەڕموێ، بچێ بۆ لای ئاگا؟"

55 - 58: بیرهور- تورا، پاسەوانی شاهانە، بە شانازیەوە بە شاکەی وت:
"من ئەڕۆم بۆ لای ئاگا
ئەوسا بەهانەکانی پوچ ئەبێتەوە و حسابەکانی تێک ئەچێ"

59 - 69: بیرهور- تورا لە دەروازەی شار دەرچو
هەر کە بیرهور- تورا لە دەروازەی شار چوە دەرەوە
لە بەردەم دەرگاکەدا گرتیان و
تێڕوپڕیان تێ هەڵدا.

هاتە بەردەم ئاگا و قسەی بۆ کرد.
پێش ئەوەی قسەکانی تەواو بکا، ئەفسەرێکی ئونوگ سەرکەوتە سەر شورەکە و لە بان شورەکەوە دەرکەوت.

ئاگا ئەوی بینی و بە بیرهور- تورای وت:
"کۆیلە! ئەو کابرایە شاکەی تۆیە؟"

70 - 81: "ئەو کابرایە شاکەی من نیە!
ئەو کابرایە ئەگەر شاکەی من بوایە:
ناوچەوانی گرژ ئەبو، چاوەکانی لە هی گا ئەچون، ردێنی پیرۆزەیی ئەبو، پەنجەکانی جوان ئەبون،
ئاخۆ نەیئەتوانی جەماوەرەکە بخرۆشێنێ، جەماوەرەکە بڕەتێنێ، جەماوەرەکە لە تەپوتۆزدا بگەوزێنێ، هەمو
خەڵک بحەپەسێنێ، سەرچاوەی ئاوەکانی وڵات پڕ بکا لە لیتە، قەپۆزی کەشتیەکانی بشکێنێ.
ئاگا، شای کیش، لە ناوەڕاستی لەشکرەکەی خۆی دا بە دیل بگرێ؟"

82 - 89: کەوتنەوە تێ هەڵدانی، شپرزەیان کرد
تا توانییان بیرهور- تورا یان کوتا
گلگامێش، لە دوای ئەفسەرەکەی ئونوگ، خۆی سەرکەوتە سەر شورەکە
ترس لە گەنج و پیری کولابا نیشت
لە بەردەم دەروازەی شاردا کۆبونەوە
پیاوە کارامەکانی ئونوگی بە گورزی شەڕ چەکدار کرد و لە سەر ڕێی دەروازەی شاردا مۆڵی دان
تەنیا ئەنکیدو لە دەروازەی شار چوە دەرەوە
گلگامێش لە سەر شوراکەوە دەرکەوت، بۆ خوارەوەی روانی،
ئاگا چاوی پێی کەوت:
"ئەی کۆیلە! ئەم پیاوە شاکەی تۆیە؟"

92 - 99: "ئەو پیاوە بە راستی شاکەی منە"
هەر کە ئەوەی لە دەم دەرچو،
گلگامێش، جەماوەرەکەی خرۆشان، جەماوەرەکەی ڕەتان، جەماوەرەکەی لە تەپوتۆزدا گەوزان، خەڵک هەموی
حەپەسان، سەرچاوەی ئاوەکانی وڵات پڕ بون لە لیتە، قەپۆزی کەشتیەکان شکان.
ئەو، ئاگای شای کیشی، لە ناوەڕاستی لەشکرەکەی خۆی دا گرت.

100 - 106: گلگامێش، مەزنی کولابا، بە ئاگای وت:
"ئاگای سەرکارم ، ئاگای جەنەرالم
ئاگا ئەی فەرماندەی لەشکرەکەم!
ئاگا هەناسەی پێ بەخشیم، ئاگا ژیانی پێ دام
ئاگا دالّدەی لێقەوماوانی دا
ئاگا، مەلی باڵداری لە گەنم تێر کرد"

107 - 113: (پیاوە کارامەکانی بە گلگامێشیان وت:)
"تۆ چاودێری ئونوگ ی، دەستکردی خواکانی!

شورە بڵندەکەی، کە ئان دروستی کردوە!
نشینگە شاهانەکەی کە ئان دای مەزراندوە!
تۆ شا و پاڵەوانی ئەوێی، تۆ کەسێکی روخۆشی، میری خۆشەویستی ئانی!"

گلگامێش رو لە ئاگا وتی:
"پێش ئوتو، لێرە پاداشتی چاکەکەت ئەدرێتەوە
من چاودێر بوم لە ئونوگ، دەستکردی خواکان،
شورە بڵندەکانی کە سەریان لە هەور ئەسون
نشینگەی شاهانە کە ئان دروستی کردوە
شار پاداشتی ئەو چاکەیەت ئەداتەوە کە بەرامبەر منت نواند
بەر لە ئوتو، لێرە پاداشتی چاکەکەت ئەدرێتەوە!"

ئاگای ئازاد کرد بگەڕێتەوە بۆ کیش.

114 - 115: ئەی گلگامێش، مەزنی کولابا، ستایشی تۆ چەند خۆشە!

تێبینی

هەندێ لەو شوێنەوارناسانەی کە لاوژەی "ئاگا" یان ساغ کردۆتەوە و خوێندۆتەوە، لەوانە شوێنەوارناسی ناسراو کریمەر، بە گرنگیەکی تایبەتیەوە باسیان لێ کردوە، چونکە:
یەکەم، بە پێی لێکدانەوەی ئەوان "کیش" و "ئونوگ" دو "دەوڵەتی شار" بون. دەوڵەتی شار لە سەردەمی سومەریەکان و دواتریش لە سەردەمی ئاکادی و بابلی دا لە هەندێ لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا مۆدێلی سیستەمی بەڕێوەبردن بوە. سیستەمی "دەوڵەتی شار" دواتر لە یۆنانی کۆن دا بوە بە باو.
دوەم، گوایە ئەم گێڕانەوەیە نیشانەیە بۆ جۆرێ لە ژیانی دیمۆکراسی سەرەتایی، لە سێیەم هەزارەی پێش زایـن دا بۆ یەکـەم جـار لە مـێژوی مرۆڤـایەتی دا ئـونـوگ پـارلەمـانـی "دو ژوری" ی هەبوە، ژورێکی "ئەنجومەنی پیران" و ژورێکی "ئەنجومەنی پیاوانی کارامە"، لە پرسێکی چارەنوسسازی وەکو جەنگ و ئاشتی دا گەورەی وڵات پرسی پێ کردون.

سەرچاوە

لە بەر تێکستی ئینگلیزی وەرگیراوە و لە گەڵ تێکستی عەرەبی بەراورد کراوە،
بۆ تێکستی ئینگلیزی بڕوانە:
The Electronic Text Corpus of Sumerian Literature- Oxford University
بۆ تیکستی عەرەبی بڕوانە: (صاموئیل نوح کریمر، السومریون: تاریخهم وحضارتهم وخصائصهم، ترجمة الدکتور فیصل الوائلي، الناشر وکالة المطبوعات، الکویت) ص(258-264)
بۆ کورتەی عەرەبی بڕوانە: الدکتور فاضل عبدالواحد حق: سومر: اسطورة وملحمة، 1977 بغداد. (ص 160 – 161)

لاوژەی
گلگامێش و ئەنکیدو و، جیهانی ژێرو

چکاوەی بابەت

لە کەناری روباری فورات دا درەختێ هەبوە. کە ئەشێ داری "بی" بوبێ، بایەکی توند هەڵی ئەکێشێ و ئاوی فورات ئەیبا بۆ دور.

ئینانا لە کەناری فورات لە سەر داوای ئان و ئینلیل، کە دوان لە بەهێزترینی خواکان بون، پیاسەی کردوە. دارە هەڵکەنراوەکەی بینیوە، لە ئاو دەری هێناوە و هەڵی گرتۆتەوە لە ناو باخەکەی خۆی دا بیرۆژنێ بۆ ئەوەی کە ئەستور بو لە دارەکەی کورسی و تەختی نوستن دروست بکا.

هەژدیهایەک رەگەکەی و، ماخێوێک ناوقەدەکەی و، مەلێک چلّەپۆپەکەی داگیر ئەکەن، نایەڵن دارەکە نەشونما بکا و، گاڵتە بە ئینانا ئەکەن. ئینانا ناتوانێ چاریان بکا.

ئینانا پەنا ئەبا بۆ ئوتو ی برای یارمەتی بدا دارەکەی بۆ وەربگرێتەوە. ئوتو ئامادە نابێ یارمەتی بدا ئینانا، ئینجا، پەنا ئەبا بۆ گلگامێشی برای. گلگامێش ئامادەیی دەرئەبڕێ بۆ یارمەتی دانی.

گلگامێش خۆی بە تفاقی شەڕ چەکدار ئەکا. ئەچێتە وێزەی دارەکە. هەژدیهاکە ئەکوژێ. ماخێوەکە لە ترسا هەڵدێ و مەلەکەش بەچکەکانی بەرەو چیاکان ئەفڕێنێ. گلگامێش دارەکە ئەبڕێتەوە و، پێشکەشی ئینانا ی ئەکا، کورسی و تەختی بۆ خۆی لێ دروست بکا و، خۆیشی لە رەگەکەی و لە چلّەپۆپەکەی دو ئامڕازی موسیقی دروست ئەکا.

بە دەنگی ئەم دو ئامڕازە، لە مەیدانە گشتیەکان دا، خەڵک داوا ئەکا بۆ شەڕ.

دایک و هاوسەری گەنج و بێوەژنانی، قوربانیانی شەڕەکان، توکی لێ ئەکەن. ئامڕازەکانی وەکو سزا بەرئەبنەوە بۆ ناو جیهانی خوارو.

گلگامێش خۆی بە دەست و قاچ هەوڵ ئەدا دەریان بهێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ، بە کەساسی لە بەر دەرگای جیهانی خوارودا دائەنیشێ و دەس ئەکا بە گریان و نوزانەوە. ئەنکیدو، هاوڕێ و نۆکەری، هەستی بەزەیی ئەبزوێ، ئامادەیی دەرئەبڕێ بچێ بۆ جیهانی ژێرو ئامڕازەکانی بۆ بهێنێتەوە.

گلگامێش بۆ ئەوەی ئەنکیدو بە سەلامەتی بچێ و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە کۆمەڵێ ڕێنمایی ئەکا. بەڵام ئەنکیدو لە گەشتەکەی دا گوێ ناداتە ڕێنماییەکانی گلگامێش، لە بەر ئەوە جیهانی ژێرو ڕێگەی نادا بگەڕێتەوە سەر ئەرز، بە یەکجاری گلی ئەداتەوە.
گلگامێش پەنا ئەبا بۆ ئینلیل ئەنکیدوی بۆ بهێنێتەوە. ئینلیل ئامادە نابێ یارمەتی بدا.
گلگامێش ئینجا پەنا ئەبا بۆ ئینکی ئەنکیدوی بۆ بهێنێتەوە، ئینکی تەنیا ئەوەندەی لە دەس دێ دەلاقەیەک بکاتە جیهانی ژێرو تاپۆی گیانی ئەنکیدو سەری لێ دەربهێنێ لە گەڵ گلگامێش گفتوگۆیەک بکا.
تاپۆی ئەنکیدو و گلگامێش بە یەک ئەگەن. گلگامێش هەواڵی جیهانی ژێرو و، چارەنوسی کەسانی جیاوازی لێ ئەپرسێ، ئەنکیدو وەڵامی پرسیارەکانی ئەداتەوە.

لاوژەی
گلگامێش و ئەنکیدو و، جیهانی ژێرو

1 - 26: لەو ڕۆژانەدا، لەو ڕۆژە دورانەدا،
لەو شەوانەدا، لەو شەوە دورانەدا،
لەو ساڵانەدا، لەو ساڵە دورانەدا
لە ڕۆژانی کۆن دا، کە شتانی پێویست هێنرانە بونی ئاشکرا،
لە ڕۆژانی کۆن دا، کە بۆ یەکەمین جار شتانی پێویست مشوری خورا،
کاتێ بۆ یەکەمین جار لە بەر دەرگای وڵات دا نان تام کرا
کاتێ تەنور لە وڵات دا دروست کرا و خرایە کار
کاتێ ئاسمان لە ئەرز جیا کرایەوە
کاتێ ئەرز لە ئاسمان جیا کرایەوە
کاتێ مرۆڤ ناو نرا
کاتێ ئان ئاسمانی بۆ خۆی وەرگرت
کاتێ ئینلیل ئەرزی بۆ خۆی وەرگرت

کاتێ جیهانی ژێرو بە خەڵات درایە ئیریشکیگال و،
کاتێ ئەو بایەوانی بەلەمەکەی کردەوە، کاتێ بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ باوک بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ ئینکی بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
دژی شا، گەردەلولی گلێرە هەڵی کرد،
دژی ئینکی، گەردەلولی تەرزە هەڵی کرد
بچوکەکانیان وەکو چەکوشی سوک بون و
زلەکانیان وەکو خڕەبەردەکانی مەنجەنیق (کاتاپولتس) بون
بەلەمە بچوکەکەی ئینکی ئەلەرزی وەکو گەلە کیسەڵ خۆیانی پێدا بماڵن
شەپۆلەکان لە نیرگەی بەلەمەکەیان ئەدا بۆ ئەوەی وەکو گورگ شا هەڵ بلوشن و
شەپۆلەکان لە قەپۆزی بەلەمەکەیان ئەدا بۆ ئەوەی وەکو شێر ئینکی بشکێنن

27 – 35: لەو سەردەمەدا درەختێکی تەنیا هەبو
تەنیا درەختی هالبو، درەختێ بە تەنیا، لە کەناری فوراتی پاک دا روا، بە ئاوی فورات ئاو ئەدرا
تەوژمی زەلانی خوارو لە رەگی دەرهێنا
لقەکانی شکاند،
فورات بردی هەڵی گرت بۆ دور
ئافرەتێ، بۆ رێزنان لە قسەی ئان لەو ناوەدا ئەسوڕایەوە
ئافرەتێ، بۆ رێزنان لە قسەی ئینلیل لەو ناوەدا پیاسەی ئەکرد،
درەختەکەی گرتەوە و بردی بۆ ئونوگ،
بۆ ناو باخە رازاوەکەی ئینانا

36 – 46: ئافرەتەکە درەختەکەی بە قاچ نەک بە دەست روان،
ئافرەتەکە بە قاچ نەک بە دەست ئاوی دا
وتی: "کەی ئەمە ببێ بە کورسیەکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری دابنیشم؟
وتی:"کەی ئەمە ببێ بە تەختێکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری رابکشێم؟
پێنج ساڵ، دە ساڵ تێپەڕی، درەختەکە گەورە بو، بەڵام لقوپۆپی دەرنەکرد
لە سەر رەگەکەی ماریێکی بێ ئامان کولانەی کرد بو
لە سەر چڵەپۆپەکەشی مەلی ئانزود بەچکەکانی دانا بو
لە ناوقەدەکەشی دا ماخێوێک جێگەی خۆی تێدا ساز کرد بو
کچۆڵەیەک بو بە دڵێکی خۆشەوە پێ ئەکەنی،
لە کاتێک دا ئینانای پیرۆز ئەگریا

47 – 69: کاتێ شەبەقی دا، کاتێ ئاسۆ رۆشن بوەوە
کاتێ مەلە بچوکەکان، لە دەمەوبەیانی دا، کەوتنە جریواندن
کاتێ ئوتو خەوتنگاکەی جێ هێشت
خوشکەکەی ئینانای پیرۆز

بە پاڵەوانی لاو ئوتو ی وت:
"برام! لەو رۆژانەدا کاتێ کە چارەنوس دیاری کرا
کاتێ فەرمانی تێراو کرد
کاتێ ئان ئاسمانی بۆ خۆی وەرگرت
کاتێ ئینلیل ئەرزی بۆ خۆی وەرگرت
کاتێ ئیریشکیگال جیهانی خواروی بە خەڵات درایە و
کاتێ ئەو بایەوانی بەلەمەکەی کردەوە، کاتێ بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ باوک بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ ئینکی بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
دژی شا، گەردەلولی گلێرە هەڵی کرد،

دژی ئینکی، گەردەلولی تەرزە هەڵی کرد،
بچوکەکانیان وەکو چەکوشی سوک بون و
زلەکانیان وەکو خڕەبەردەکانی مەنجەنیق (کاتاپولتس) بون
بەلەمە بچوکەکەی ئینکی ئەلەرزی وەکو گەلە کیسەل خۆیانی پێدا بماڵن
شەپۆلەکان لە نیرگەی بەلەمەکەیان ئەدا بۆ ئەوەی وەکو گورگ شا هەڵ بلوشن و
شەپۆلەکان لە قەپۆزی بەلەمەکەیان ئەدا وەکو شێر پەلاماری ئینکی یان ئەدا

70 – 78: لەو سەردەمەدا، درەختێکی تەنیا هەبو
تەنیا درەختی هالبو، درەختێ بە تەنیا
لە کەناری فوراتی پاک دا روا
بە ئاوی فورات ئاو ئەدرا
تەوژمی زەلانی خوارو لە رەگی دەرهێنا
لقەکانی شکاند،
فورات بردی هەڵی گرت بۆ دور
من ئافرەتێ، کە بۆ رێزنان لە قسەی ئان لەو ناوەدا ئەسوڕامەوە
من ئافرەتێ، کە بۆ رێزنان لە قسەی ئینلیل لەو ناوەدا پیاسەم ئەکرد،
درەختەکەم گرتەوە و هێنام بۆ ئونوگ،
بۆ ناو باخە رازاوەکەی ئینانای پیرۆز

70 – 90: من، ئافرەتێ، درەختەکەم روان بە قاچم نەک بە دەستم
من، ئینانا ئاوم دا، قاچم بە کار هێنا نەک دەستم
ئەو وتی: "کەی ئەمە ببێ بە کورسیەکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری دابنیشم؟
ئەو وتی:"کەی ئەمە ببێ بە تەختێکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری رابکشێم؟
پێنج ساڵ، دە ساڵ تێپەڕی، درەختەکە گەورە بو، بەڵام لقوپۆپی دەرنەکرد
لە سەر رەگەکەی ماریێکی بێ ئامان کولانەی کرد بو
لە سەر چڵەپۆپەکەشی مەلی ئانزود بەچکەکانی دانا بو
لە ناوقەدەکەشی دا ماخێوێک جێگەی خۆی تێدا ساز کرد بو
کچۆڵەیەک بو بە دڵێکی خۆشەوە پێ ئەکەنی،
لە کاتێک دا ئینانای پیرۆز ئەگریا!"

براکەی، پاڵەوانی لاو ئوتو، لەم کێشەیەدا لایەنی نەگرت

91 – 113: کاتێ شەبەقی دا، کاتێ ئاسۆ رۆشن بوەوە
کاتێ مەلە بچوکەکان، لە دەمەوبەیانی دا، کەوتنە جریواندن
کاتێ ئوتو خەوتنگاکەی جێ هێشت
خوشکەکەی، ئینانای پیرۆز،

بە پاڵەوان گلگامێش ی وت:
"برام! لەو رۆژانەدا کاتێ کە چارەنوس دیاری کرا
کاتێ فەرمانی تێراو کرد
کاتێ ئان ئاسمانی بۆ خۆی وەرگرت
کاتێ ئینلیل ئەرزی بۆ خۆی وەرگرت
کاتێ ئیریشکیگال جیهانی خواروی بە خەڵات درایە و
کاتێ ئەو بایەوانی بەلەمەکەی کردەوە، کاتێ بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ باوک بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
کاتێ ئینکی بەرەو جیهانی ژێرو بایەوانەکەی کردەوە
دژی شا، گەردەلولی گلێرە هەڵی کرد،
دژی ئینکی، گەردەلولی تەرزە هەڵی کرد
بچوکەکانیان وەکو چەکوشی سوک بون و
زلەکانیان وەکو خڕەبەردەکانی مەنجەنیق (کاتاپولتس) بون
بەلەمە بچوکەکەی ئینکی ئەلەرزی وەکو پۆلە کیسەل خۆیانی پیا بکێشن
شەپۆلەکان لە نیرگەی بەلەمەکەیان ئەدا بۆ ئەوەی وەکو گورگ شا هەڵ بلوشن و
شەپۆلەکان لە قەپۆزی بەلەمەکەیان ئەدا وەکو شێر پەلاماری ئینکی یان ئەدا

114 – 122: لەو سەردەمەدا درەختێکی تەنیا هەبو
تەنیا درەختی هالبو، درەختێ بە تەنیا
لە کەناری فوراتی پاک دا روا
بە ئاوی فورات ئاو ئەدرا
تەوژمی زەلانی خوارو لە رەگی دەرهێنا
لقەکانی شکاند،
فورات بردی هەڵی گرت بۆ دور
من ئافرەتێ، کە بۆ رێزنان لە قسەی ئان لەو ناوەدا ئەسوڕامەوە
من ئافرەتێ، کە بۆ رێزنان لە قسەی ئینلیل لەو ناوەدا پیاسەم ئەکرد،
درەختەکەم گرتەوە و هێنام بۆ ئونوگ،
بۆ ناو باخە رازاوەکەی ئینانای پیرۆز

123 – 135: ئافرەتەکە درەختەکەی بە قاچ نەک بە دەست روان،
ئافرەتەکە ئاوی دا بە قاچ نەک بە دەست
وتی: "کەی ئەمە ببێ بە کورسیەکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری دابنیشم؟
وتی:"کەی ئەمە ببێ بە تەختێکی قەشەنگ کە بتوانم لە سەری رابکشێم؟
پێنج ساڵ، دە ساڵ تێپەڕی، درەختەکە گەورە بو، بەڵام لقوپۆپی دەرنەکرد
لە سەر رەگەکەی ماریێکی بێ ئامان کولانەی کرد بو
لە سەر چڵەپۆپەکەشی مەلی ئانزود بەچکەکانی دانا بو

لە ناوقەدەکەشی دا خێوێک جێگەی خۆی تێدا ساز کرد بو
کچۆڵەیەک بو بە دڵێکی خۆشەوە پێ ئەکەنی،
لە کاتێک دا ئینانای پیرۆز ئەگریا
لەو کێشەیەدا کە خوشکەکەی بۆی باس کرد، براکەی، پاڵەوان گلگامێش، لایەنی گرت

136 – 150: پشتێنێکی پۆشی پەنجا مەن قورس و پەستەکەکەی پەنجا مەن بو، ئەتوت سی شیقلی هەڵگرتوە
دەستی دایە تەورە برۆنزیەکەی کە بۆ گەڕان بە کاری ئەهێنا
کە حەوت تالینت و حەوت مەن کێشی بو

مارە بێ ئامانەکەی کوشت کە لە سەر رەگەکەی ئەژیا
مەلی ئانزود کە لە سەر چڵەپۆپەکەی ئەژیا بەچکەکانی هەڵگرت و فڕی بۆ شاخەکان
خێوە کچەکە کە لە قەدەکەی دا ئەژیا هەڵات پەنای برد بۆ چۆڵەوانی
دڕەختەکەی لە رەگەوە هەڵکەند، سەرچڵەکەی قرتان
کوڕانی شارەکەی کە لە گەڵی چو بون لقوپۆپەکانیان هەڵپاچی
پێشکەشی کرد بە خوشکەکەی، بە ئینانای پیرۆز، بیکا بە کورسی
دایە بیکا بە تەخت بۆ خۆی

بۆ خۆیشی، لە رەگەکانی، ئیلاگ ی دروست کرد و، لە لقەکانیشی ئیکیدما

151 – 165: ئیلاگ ی لە مەیدانی پان دا ئەژەن، نەی ئەویست هەرگیز لە ژەنینی بوەستێ،
لە مەیدانی پان دا ستایشی خۆی ئەکرد، نەی ئەویست هەرگیز لە ستایشی خۆی بوەستێ
بۆ ئەو (؟) کە منالّی بێوەژنەکانی... "ئای ملم! ئۆف کلۆکم!"
بۆ ئەوانەی دایکیان هەبو، دایک نانی بۆ کوڕەکەی ئەهێنا
بۆ ئەوانەی کە خوشکیان هەبو، خوشک ئاوی بۆ براکەی ئەهێنا
کە ئێوارە هات، شوێنی دانانی ئیلاگ ی نیشانە کرد، لەوێوە ئیلاگ هکەی خۆی هێنایە لای خۆی لە مالّ دانا
بەڵام بەیانی زو کە ئەو... شوێنەکەی نیشانە کرد بو،
لە سۆنگەی سکالاّی بێوەژن و دادوبێدادی کچە گەنجەکانەوە ئیلاگ هکەی و ئیکیدما کەی بەربونەوە ناو بنی جیهانی ژێرو
هەولّی دا بە دەست، دەریان بهێنێتەوە، نەیتوانی بیانگاتێ
هەولّی دا بە قاچ، دەریان بهێنێتەوە، نەیتوانی بیانگاتێ

166 – 175: لە زاری دەروازەی گانزەر دا، لە بەردەم جیهانی ژێرودا هەڵتوتا
گلگامێش کەوتە شینوزاری، بە کولّ گریا:
"ئای ئیلاگ ی من، وای بۆ ئیکیدما ی من! ئای ئیلاگ هکەی من، من هێشتا لە خۆشیەکانی تێر نەبوم، یاری پێ کردنی بۆ من هێشتا تەواو نەبوە!

ئاخ ئەگەر ئیلاگ هکەی من هەر لە مالّی دارتاش چاوەڕوانی من بوایە، من لە گەڵ ژنی دارتاشەکە دا وەکو دایکی خۆم رەفتارم ئەکرد... ئەگەر هەر لەوێ چاوەڕوانی من بوایە، من لە گەڵ منالّەکانی دارتاشەکە وەکو خوشکە بچوکەکەم رەفتارم ئەکرد... ئەگەر ئەو هەر لەوێ چاوەڕوانی من بوایە!
ئیلاگە کەی من کەوتۆتە خواریّ بۆ جیهانی ژێرو.. کێ بۆم ئەهێنێتەوە؟
ئیکیدما کەی من کەوتۆتە خواریّ بۆ گانزەر... کێ بۆم ئەهێنێتەوە؟"

176 – 183: ئەنکیدوی نۆکەری وەلّامی دایەوە:
"گەورەم! بۆچی ئەگریت؟ بۆچی خەم دلّی داگرتوی؟
ئەمرۆ من ئیلاگ هکەی تۆ لە جیهانی ژێرو ئەهێنمەوە، من ئیکیدما کەت لە گانزەر هوە بۆ ئەهێنمەوە"
گلگامێش بەرسڤی ئەنکیدوی دایەوە:
"ئەگەر ئەمرۆ بچی دابەزی بۆ جیهانی ژێرو، با ئامۆژگاریت بکەم! ئەبێ رێنماییەکانم جێبەجێ بکەی.
با قسەت بۆ بکەم! گوێ لە وتەکانم بگرە:

184 – 198: نابێ جلوبەرگی خاوێن لە بەر بکەی: ئەگینا دەسبەجێ ئەتناسنەوە کە تۆ نامۆی
نابێ لەشی خۆت بە رۆنی خۆشبۆی شوشەکە بهەنوی: ئەگینا بە بۆنەکەی تێت ئەوروکێن
نابێ گۆپاڵ لە جیهانی ژێرودا بهاوێژی: ئەگینا ئەوانەی گۆپاڵەکەیان بەر ئەکەوێ تێت ئەئاڵێن
نابێ گۆچان بە دەستەوە بگری: ئەگینا تاپۆکان هەست ئەکەن تۆ سوکایەتییان پێ ئەکەی
نابێ پاپوچ لە پێ بکەی
نابێ لە جیهانی ژێرودا بنەڕێنی
نابێ ژنە خۆشەویستەکەت ماچ بکەی
نابێ لە ژنەکەت بدەی تەنانەت ئەگەر هەراسانیشی کردی
نابێ منالّە خۆشەویستەکانت ماچ بکەی
نابێ لە کوڕەکەت بدەی تەنانەت ئەگەر بێزاریشی کرد
دەنگەدەنگ بکەی لە جیهانی ژێرودا گل ئەدرێیتەوە

199 – 204: ئەو ژنەی کە لەوێ راکشاوە، ئەو ژنەی کە لەوێ راکشاوە
دایکی نینازو کە لەوێ هەلّئاژیاوە
شانی روتی بە جل دانەپۆشراوە، هیچ پۆشاکێ بە سەر سنگە روتەکەیەوە نیە
پەنجەکانی وەکو تەورداس وان و پرچی کە ئەڕێتەوە ئەلّێی زەرون."

205 – 220: ئەنکیدو گوێی نەدایە وتەکانی گەورەکەی
جلوبەرگی خاوێنی پۆشی، ئەوان ناسییانەوە کە نامۆیە
لەشی بە رۆنی خۆشبۆ هەنو، بە بۆنەکەی لە دەوری وروکان
گۆچانی نیشانەی لە جیهانی ژێرودا وەشان، ئەوانەی گۆچانەکەیان بەرکەوت تێی ئالّان
گۆچانەکەی بە دەستەوە گرت
تاپۆی مردوەکان هەستیان کرد سوکایەتییان پێ کراوە

پاپوچی کردە پێ،
بوە هۆی دەنگە دەنگ لە جیهانی ژێرودا
ژنە خۆشەویستەکەی ماچ کرد و لەو ژنەیشی دا کە هەراسانی کرد بو
فرزەندە خۆشەویستەکەی ماچ کرد و، لەو کوڕەیشی دا کە لێی بێزار بو
نەڕەیەکی گەورەی کرد،
ئیتر لە جیهانی ژێرودا گل درایەوە

221 – 229: پاڵەوان گلگامێش، کوڕی نینسومون،
بە تەنیا رێگەی ئیکوری گرت، بۆ پەرستگای ئینلیل
لە بەردەم ئینلیل دا گریا:
"بابە ئینلیل! ئیلاگ هەکەم کەوتە خوارێ بۆ جیهانی ژێرو،
ئیکیدما کەم کەوتە خوارێ بۆ ناو گانزەر.
ئەنکیدو دابەزی بیانهێنێتەوە بەڵام جیهانی ژێرو ئەوی گل داوەتەوە
ناماتار نەیگرتوە، ئاساگ نەیگرتوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی
ئودوگ، دێوی نیرگال، کە بەزەیی بە کەس دا نایەتەوە، نەیگرتوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی
ئەو لە مەیدانی شەڕێکی پیاوانەدا نەگلاوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی."

باوە ئینلیل لەم کێشەیەدا لایەنی نەگرت، لە بەر ئەوە چو بۆ ئەریدوگ

237 – 230: لە ئەریدوگ بە تەنیا رێگەی گرت، بۆ پەرستگای ئینکی
لە بەردەم ئینکی دا گریا:
"بابە ئینکی! ئیلاگ هەکەم کەوتە خوارێ بۆ جیهانی ژێرو،
ئیکیدما کەم کەوتە خوارێ بۆ ناو گانزەر.
ئەنکیدو دابەزی بیانهێنێتەوە بەڵام جیهانی ژێرو گرتویەتی
ناماتار نەیگرتوە، ئاساگ نەیگرتوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی
ئودوگ، دێوی نیرگال، کە بەزەیی بە کەس دا نایەتەوە، نەیگرتوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی
ئەو لە مەیدانی شەڕێکی پیاوانەدا نەگلاوە، بەڵکو جیهانی ژێرو گرتویەتی."

باوە ئینکی لەم کێشەیەدا لایەنی گرت،

238 – 242: بە پاڵەوانی لاو ئوتو ی، کوڕی نینگال ی وت:
"دەسبەجێ دەلاقەیەک لە جیهانی ژێرو دا بکەرەوە، ئینجا
نۆکەرەکەی ئەو لە جیهانی ژێرو بهێنەرەوە"

ئەو دەلاقەیەکی کردە جیهانی ژێرو
نۆکەرەکەی بە ئاسانی لە جیهانی ژێرو دەرهێنا

243 – 253: باوەشیان کرد بە یەکتردا و یەکترییان ماچ کرد
بە پرسیار دای گرتەوە:
"ڕێکخستنی جیهانی ژێروت بینی؟
هاوڕێ! ئەگەر تۆ بۆم باس بکەیت، ئەگەر بۆم بگێڕیتەوە"

"ئەگەر باسی ڕێکخستنی جیهانی ژێروت بۆ بگێڕمەوە، ئەبێ دابنیشی و بگریت!"
"من دائەنیشم و ئەگریم"
..... کە دڵت حەز بکا بیگرێ..
(من کرم تێی داوم؟) .... وەکو ئەسپێ بداتە پەڵاسە کۆن
دەلاقەیەک، پڕ بێ لە تۆز
وتی "ئۆف" و لە ناو تۆزەکەدا دانیشت

254 – 267: "ئەوەت بینی کە یەک کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم!"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
لە سەر ئەو کۆتەرەیەی کە لە بن دیوارەکەدایە بە کوڵ ئەگری"

"ئەوەت بینی کە دو کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"لە سەر چەند خشتێ دانیشتوە نان ئەخوا"

"ئەوەت بینی کە سێ کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"ئاو لە کوندەی سەر هەرزاڵە ئەخواتەوە"

"ئەوەت بینی کە چوار کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"دڵی خۆشە وەکو پیاوێ چوار ولّاخی نیر لە ملی هەبێ"

"ئەوەت بینی کە پێنج کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"وەکو میرزایەکی ماندونەبو بە ئاسانی هاتوچۆی کۆشک ئەکا"

"ئەوەت بینی کە شەش کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"شادمانە وەکو زەویەکەی کێڵرا بێ"

"ئەوەت بینی کە حەوت کوڕی هەیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"وەکو هاوڕەمی خواکان، لە سەر تەخت دانیشتوە، گوێ لە بڕیارەکان ئەگرێ"

268 – 285: "خەساوی ناو کۆشکت بینی؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"وەکو داری ئالالا ی بێ کەڵک لە قوژبنێک دا هەڵپەسێردراوە"

"ئەو ژنەت بینی کە هەرگیز نەزاوە ؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"وەکو... ئینجانە، بە توندی فڕێ دراوەتە لاوە، خۆشیی بە هیچ پیاوێ نابەخشێ"

"ئەو گەنجەت بینی کە هەرگیز ژنەکەی روت نەکردۆتەوە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"تۆ گوریسەکە تەواو ئەکەی، ئەو هێشتا لە سەر گوریسەکە ئەگری"

"ئەو ژنەت بینی کە هەرگیز مێردەکەی روت نەکردۆتەوە ؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"تۆ چنینی چیفەکە تەواو ئەکەی، ئەو هێشتا بە سەر چیفەکەدا ئەگری"

"ئەوەت بینی کە جێگری نیە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
وەکو ئەو .... خشت ؟ نان ئەخوا.....
.....

286 – 303: "بینیت...؟
"خواردنەکەی بە جیا دائەنێن، ئاوەکەی بە جیا دائەنێن، ئەو خواردنە ئەخوا کە بۆ ئەوی دائەنێن، ئەو ئاوە ئەخواتەوە کە بۆ ئەوی دائەنێن"
.....
"کابرای گولت بینی؟"
.....
"هەڵبەز و دابەز ئەکا وەکو گایەک کرم تێی دابێ"

"ئەوەت بینی لە نەبەردا گلاوە"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"باوک و دایکی لەوێ نەبون کەللەسەری هەڵبگرن، ژنەکەی ئەگری"

"گیانی ئەوەت بینی کە پرسەی بۆ نەگیراوە؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"بەرماوەی ئێسک و نان و ... ئەو شتانە ئەخوا لە کۆڵان فڕێ ئەدرێن"

"ئەوەت بینی کەشتیەوان لێی دا..."
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"ئاخ، دایە! پیاوەکە گریا بۆ ژنەکە، کە کەشتیەکەی راکێشایە دەرەوە"
.....

"منالّە بچوکەکانی منت بینی کە هەرگیز لە دایک نەبون؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّیان چۆنە؟"
"لە سەر تەختێکی ئالّتون و زیو. پڕ لە هەنگوین و کەرە. گەمە ئەکەن"

"ئەوەت بینی کە مرد..؟"
"بەڵێ بینیم"
"ئەحوالّی چۆنە؟"
"لە سەر تەختی خواکان راکشاوە"

"ئەوەت دی لە سەر ئاگر دانرا بو؟"
ئەوەم نەبینی. گیانی لەوێ نەبو. دوکەڵەکەی بە ئاسمان دا چو."

تێوەردان

یەکەم،
ئەم لاوژەیە: "گلگامێش و ئەنکیدو و، جیهانی ژێرو"، خشتی دوانزەهەمی لاوژەی گلگامێشە، بەڵام لە بەر ئەوەی، بە پێی لێکۆڵینەوەی هەندێ لە شوێنەوارناسەکان، روداوەکانی پەیوەندییان بە روداوەکانی لاوژەی گلگامێشەوە نیە، بە جیا لەوان، وەکو لاوژەیەکی سەربەخۆ، دانراوە.

دووەم،
بەشێ لە ئەفسانە و چیرۆک و داستان و گێڕانەوەکانی سومەری، بابلی، ئاکەدی، ئاشوری بە جۆری دروستبونی گەردون دەس پێ ئەکا و، لەوێوە ئەچێتە سەر گێڕانەوەی ئەسڵی داستانەکە. لاوژەی "گلگامێش و ئەنکیدو و، جیهانی ژێرو" ش بە هەمان شێوە دەستی پێ کردوە.

سێیەم،
جیهانی ژێرو، بە پێی تێگەیشتنی سومەری، جیهانی دوای مردن بوە، جیهانێ بوە چونی هەبوە گەڕانەوەی نەبوە. هەر بۆیە پێیان وتوە: "ئەرزی نەگەڕانەوە".

چوارەم،
چەند بەشێکی پرسیارەکانی گلگامێش و وەڵامەکانی ئەنکیدو، لە کۆتایی لاوژەکەدا، بە هۆی شکان و سوانەوە فەوتاون و نەخوێنراونەتەوە لە بەر ئەوە هەمو گفتوگۆکەیان بە تەواوی ساغ نەکراوەتە. دێرە فەوتاوەکان بە ریزی نوقتە ئاماژەیان بۆ کراوە.

پێنجەم،
چەند رونوسی لاوژەکە لە چەند جێگای جیاواز دۆزراوەتەوە و، پارچەکانی لە چەند شوێنی جیاوازە و، زاناکانی شوێنەوارناسی بە جۆری جیاواز خوێندویانەتەوە. بۆ نمونە: لەم رێنوسەدا ناوی ئامڕازە موسیقیەکان بە "ئیلاگ" و "ئیکیدما" خوێنراونەتەوە کەچی لە رونوسی تردا بە "پوکو" و "میکو" خوێنراونەتەوە و، هەندێکیان ئەم دو ئامڕازەیان بە تەپڵ و داری تەپڵ لێدان داناوە و هەندێکی تر بە دەزگایەکی نەزانراو.

وشەی نائاشنا

ئینجانە: دەفرێکە لە قوڕ دروست ئەکرێ، لە گۆزە پچوکترە، دەمەکەی پەلە، لە ئاگردا سور ئەکرێتەوە. لە ناو ماڵ دا دائەنرێ گوڵی جوانیی تێدا بڕوێنرێ.
بایەوان: چارۆکەیەکی ئەستوری پان و گەورە بوە لە ناو کەشتی یا بەلەم دا بە ئەستونێکی بەرزدا هەڵواسراوە. کەشتیەوان بە هێزی با بەو بایەوانە کەشتی یا بەلەمەکەی لێ خوڕیوە.
پاپوچ: جۆرێکە لە پێڵاو.تایەر بەگی جاف ئەڵێ:
"زو برۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم نازی پاپوچت ئەکێشم من بە تۆز و گەردەوە."
پەڵاس: جلی کۆن و شڕ و پیس.
تاپۆ: تارمایی گیانی مردو.

تەورداس: ئامرازێکە لە ئاسن دروست ئەکرێ، دەمەکەی کەوانەیی تیژە، سەردەمی زو بۆ شەڕ و بۆ هەڵپاچینی لقوپۆپی دار بە کار هێنراوە.
زەلان: رەشەبای بەهێز.
زەرو: کرمێکی بچوکە لە ناو قوڕ و لیتەی کانیاوادا ئەژی کە بە پێستی مرۆڤ دا ئەنوسێ چەند جار لە ئەندازەی گەورەیی خۆی زیاتر خوێن ئەمژێ.
گلێرە: تەرزە.
قەپۆز: چەناگەی دەرپەڕیوی مرۆڤ و چوارپێ.
نیر: تەوقێکە کراوەتە ملی گا بۆ ئەوەی لە گەڵ گایەکی تردا پێکەوە ببەسترێنەوە و هاوشانی یەکتری جوت یا گێرەیان پێ بکرێ.
نیرگە: داریکی ئەستوری درێژە رائەهێڵرێ بۆ ئەوەی دارەڕای لە سەر بکرێ.

سەرچاوە

لە بەر تێکستی ئینگلیزی وەرگیراوە و لە گەڵ تێکستی عەرەبی بەراورد کراوە،
بۆ تێکستی ئینگلیزی بڕوانە: (The Electronic Text Corpus of Sumerian Literature- Oxford University).
بۆ بەشێ لە تیکستی عەرەبی بڕوانە: (صاموئیل نوح کریمر، السومریون: تاریخهم وحضارتهم وخصائصهم، ترجمة الدکتور فیصل الوائلي، الناشر وکالة المطبوعات، الکویت) (ص 280 – 291)
هەروەها بۆ کورتەی ئەم لاوژەیە بڕوانە:
طه باقر: ملحمة کلکامش، الناشر دار الوراق، لندن، (ص 199 – 205)
فاضل عبدالواحد حق: سومر: اسطورة و ملحمة، 1977 بغداد. (ص 162 - 166)

بالۆرەی
سەرکەوتنی سەرجۆن

"منم، سەرجۆن، شای بەهێزی ئاگادە،
دایکم ژنێکی سادە بوە، باوکم ناناسم.
براکانی باوکم لە شاخەکان ژیاون
شارەکەم ئازوپیرانویە، کە لە سەر کەناری فوراتە.
دایکە سادەکەم بە من ئاوس بوە، بە نهێنی منی بوە،
لە تلیان دا شاردمیەوە سەری گرت و بە قیر سواخی دا،
هاویشتمیە ناو ئاو، ئاوەکە نوقمی نەکردم.
ئاوەکە هەڵی گرتم بۆ لای ئاودێر ئاکی.
ئاکی، ئاودێر، بە دڵێکی پاکەوە لە ئاوەکە دەری هێنام.
ئاکی، ئاودێر، وەکو کوڕی خۆی بە خێوی کردم.
ئاکی، ئاودێر، لە لای خۆی کردمی بە باخەوان.
کاتێ باخەوانیم ئەکرد ماخوا ئیشتار حەزی لێ کردم،
بە دریژایی (چل و) چوار ساڵ پاشایەتیم کرد
من فەرمانڕەوایی خەڵکە سەرڕەشەکەم کرد
چیا سەختەکانم بە تەوری برۆنزین روخاند
سەرکەوتمە سەر شاخە نزمەکان
کێوە نەویەکانم بڕی
ولاتی دەریام سێ جار گەمارۆ دا
دیلمون م گرت
چوم بۆ دور-یلوی گەورە... من

قوربانیم کرد
هەر شایەک لە دوای من بێ
.....
با فەرمانڕەوایی بکا، با حوکمی سەرڕەشەکان بکا،
با شاخە سەختەکان بە تەوری برۆنزین بڕوخێنێ
با سەر بکەوێتە سەر چیا نزمەکان
با کێوە نەویەکان ببڕێ
با سێ جار وڵاتی دەریا گەمارۆ بدا
با دیلمون بگرێ
با بچێ بۆ دور-ئیلوی گەورە
.....
...بەشەکەی تری بالۆرەکە فەوتاوە"

بۆ تێکستی ئینگلیزی، بڕوانە:
(The Electronic Text Corpus of Sumerian Literature).
بۆ تێکستی عەرەبی، بڕوانە:
الدكتور فاضل عبدالواحد علي، سومر اسطورة وملحمة، ل 244 – 245.
بۆ بەشێکی تێکستەکە: باقر، ل 79.

بالۆرەی
سەرکەوتنی نارام سین

چکاوەی بابەت

نارام سین نەوەی سەرجۆنی ئاکەدی کەوتۆتە بەر هێرشی گەورەی خێڵ و هۆزە چیاییەکان. لە شاخەکانەوە هێزێکی بە ژمارە زۆر، بە سەرکردایەتی ئانوبانینی و حەوت کوڕەکەی، کە بە چڕوچاو لە قەڵەڕەش و، بە لە ش لە باڵدار چون، درێندە و شەڕانی بون، بەرەو خوار شۆڕ بونەتەوە. هەر هێزێ چو بێتە سەر رێییان، بەرهەڵستییان بکا، شکاندویانە. ولاتەکانی ئەنەدۆڵ، سوبارتو (ولاتی ئاشور)، ولاتی گوتیەکان (کوردستانی خوارو)، ئیلام (خوزستان) تا ئەگەنە خەلیج، داگیر و تالان و کاول ئەکەن.

نارام سین، پرسی بە خواکان کردوە، قوربانی پێشکەش کردون، لە نوقڵانەبێژەکانی پرسیوە، هەواڵی دڵخۆشکەریان پێ نەداوە. سێ ساڵ لە سەر یەک هێزی گەورەی ناردۆتە سەریان بەڵام هەمو جار تەفروتونا بون. سەرەڕای ئەوەش نەخۆشی کوشندەی تاعون و زەحیری... بڵاو بۆتەوە، کەمبونەوەی بەروبوم و قاتوقڕی و برسێتی ولاتەکەی داگرتون.

نارام سین، یەکێ لە سەرکردەکانی راسپاردوە هێزی جەنگاوەرانی دوژمن تاقی بکاتەوە بزانێ، ئەمانەی کەوا لە شکان نایەن، هۆی چیە، مرۆڤن یان بەچکەی شەیتانن؟ سەرکردەکەی چەکەکانی لە بریندارکردنی هەندێک لە دیلەکان دا تاقی کردۆتەوە، بینیوێتی ئەوانیش وەکو ئەمان خوێن لە برینەکانیان ئەچۆڕێ، ئەوسا دڵنیا بون کە ئەوانیش مرۆڤن.

نارام سین لە ساڵی چوارەم دا، هێرشی پێچەوانەی کردۆتە سەریان ئەمجارە دوژمنە چیاییەکانی شکاندوە و، هەندێکی لێ بە دیل گرتون. دیلەکان بۆ ئەوەی ببن بە پەندی زەمانە ئەهێڵێتەوە و نایانکوژێ.

نارام سین و راوێژکارەکانی، لە ئەنجامی هێرش و بەرگری و شەڕەکان دا، گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی بۆ ئەوەی بتوانرێ بە دڵنیایی و بە ئاسودەیی ژیان بە سەر ببرێ، چاکتر وایە شار بە شورەی بەرز بپارێزرێ و، بە خەندەقی ئاو دەوری بگیرێ.

دەقی بالۆرەکە:

(تۆ ئەوەی کە دێی) ئەمەت بۆ ئەخوێنمەوە کە لەم کێلەدایە
(من نارامس) کە دوای کوڕی سەرجۆن هاتوە
(ئەمەم نوسی و بە جێم هێشت) بۆ سەردەمی داهاتو

ئینمیرکار، شای دێرین، کە بە یەکجاری دیار نەما
ئینمیرکار، شای ئوروک، کە تا هەتایە دیار نەماوە
ئەوەی ئەوسا شوانی وڵات بو
ئێستاش پاش رابوردنی سەد ساڵ
پاش ئەوەی سەد ساڵ تێپەڕیوە
ئیشتار بیری خۆی سەبارەت بە وڵات گۆڕیوە
ئومان ماندا دەرئەکەون و وڵات ئەگرن

ئەو کاتە ئینمیرکار لە گەورەخواکانی پرسی،
نوقڵانەبێژەکانی بانگ کرد و فەرمانی پێ دان،
سەرو کاوڕی بۆ هەر یەکێ لە حەوت گەورەخواکان سەربڕی،
سفرەی خوانی پیرۆزی رازاندەوە،
نوقڵانەبێژەکان لە گەڵی دوان:
بڕیارێ بدە لێی دڵنیا بی
خواکان ویستی خۆیانت پێ ئەڵێن

شا ئینمیرکار توشی بڕیاری سەخت بو
شاماش کە ژیریی و دانایی دابویە
سزای سێبەرەکەی و سێبەری ژێردەستەکانی و
سێبەری پێشینە و پێشینەی پێشینەکانی دا

شاماش (قارەمان) گەورەی سەرو و خوارو، گەورەی ئانوناکی
ئەوانەی ئاوی پیس ئەخۆنەوە و ئاوی پاک ناخۆنەوە
بەڵام ئینمیرکاریان بە بیر و بە چەکەکەی
بەستەوە، ئەو هێزەیان روخان
ئەو کێلێکی نەنوسی و بە جێی نەهێشت ،

30: لە جێیەک دا، کە من خۆم لە مەترسی رزگارم نەبو، دەسخۆشیم لێ کرد
وەکو بالّدار ئەجەنگان، زەلام بون بە روخساری قەلەڕەشەوە
تلمون شیری داونەتێ

35: پاش ئەوەی بیلی ئیل بیچمەکەی داڕشتون
لە باوەشی چیاکان دا پێگەیشتون
گەورە بون و لەوێ نیشتەجێ بون
حەوت برا بون و شا بون
جەماوەرەکەیان سێسەدوشەست هەزار کەس بو
باوکیان شا ئانوبانینی و،

40: دایکیان شاژن ناوی مالیلیە
لە ناو براکان دا گەورەکەیان سەردار مەناندایە، برای دوەمیان میدودویە، برای سێیەمیان کوکوپیشە، برای چوارەمیان تاردادایە، برای پێنجەمیان بالداهدایە، برای شەشەمیان ئاهوداندیە، برای حەوتەمیان هارشاکیدویە
ئەو کاتەی لە چیاکان ئەسوڕانەوە
یەکێ لە سەرکردەکانم گرتنی (؟) کێشایان بە رانی خۆیان دا (؟)

لە پەلاماری یەکەمیان دا گەیشتنە بوروش هاندرا، سەرانسەری خاکی بوروش هاندرا تالآن کرا
شاری بوهلو چەپاو کرا. ئینجا شاری .. بە تاراج برا.
... سنور بەزێنرا، بڕیار بو شوبا ئینلیل

55: دابەزینە ناو جەرگەی سوبارتو
دوای تالآنکردنی گوتیوم چونە ئیلامەوە
دوای چەپاوکردنی ئیلام گەیشتنە بناری دنیا
لە ڕێگەکەیان دا توشی هەرکەس بون شکاندیان

60: گەیشتنە تلمون، شوێنی ملوخا و، هەر زەویەکی لە ناو دەریادا بو
حەقدە شا لە گەڵ نەوەد هەزار پیاو لە تیپەکانیان، دایانە پاڵیان و هاوکاری زۆریان کردن
سەرکردەکەم بانگ کرد و فەرمانم پێ دا:
"بەرامبەریان تیر بە کار بهێنە

65: تیریان تێ بگرە و کەللەسەریان بپێکە
ئەگەر خوێنیان لێ هات ئەوانیش وەکو ئێمە زەلامن
ئەگەر خوێنیان لێ نەڕژا ئەوا لە توخمی شەیتان و فریشتەی مەرگن
تاپۆن، شەیتانی بەدکاریین، ئینلیل ئەفراندونی."
سەرکردەکە گەڕایەوە هەواڵی هێنا:

70: "تیرم تێ گرتن
سەرم ئەنگاوتن و خوێنیان لێ هات."
نوقڵانەبێژەکانم بانگ کرد فەرمانم پێ دان

سەرو کاوڕم بۆ هەریەکێ لە حەوت خواکە کوشتەوە
سفرەی پیرۆزم رازاندەوە
لە گەورەخواکان: ئیشتار، ئیلبابا، زامبابا، ئونو نیت، هانیش، شاماشی قارەمان و
فیتو م، پرسی، بۆ دەرچون لە فەوتان
بەڵام لە دڵی خۆم دا وتم

80: پرس بە کام شێر بکەم
کام گورگ ؟ نوقڵانەبێژ پرسی.
ئەمەوێ وەکو جەردە بڕۆم بۆ جێبەجێکردنی ویستەکانم
پشت بە خوا ؟ بمگێڕەرەوە بۆ خۆم
کاتێ گەیشتمە سااڵی یەکەم،

85: 120 سەدوبیست هەزار سەربازم نارد سەریان، کەسیان لێ نەگەڕایەوە
کاتێ گەیشتمە سااڵی دوەم، هەمان شت لە نەوەد هەزار جەنگاوەر قەوما
کاتێ گەیشتمە سااڵی سێیەم، هەمان شت لە شەست هەزار و حەوت سەد سەرباز قەوما
ئەوسا پەشۆکام و خەم دایگرتم، لە دڵی خۆم دا وتم:
"چی بۆ جێنشینەکانم بە جێ ئەهێڵم؟
من شایەکم، ناتوانێ وڵاتەکەی رزگار بکا،
شوانێکە ناتوانێ گەلەکەی بپارێزێ
چی بکەم بۆ ئەوەی خۆم دەرباز بکەم لە،
ترسی پیاوان، مەرگی تاعون، زەحیری

95: ترسان، ونبون، قاتوقڕی،
برسێتی، خەوزڕان، هەمو نەخۆشیەکانی کە داکەوتون
هەروەها لە سەروی شار دا تۆفان هەڵساوە
لە خوارەوەش لە پێدەشتەکان دا تۆفانە
ئایا گەورەی ئاو بە گەورەخواکانی (براکانی) وت:

100: "ئەی گەورەخوایان! چیتان کرد؟
چونکە وەکو پێتان وتم، تۆفان هەستاوە
وەها..."
کاتێ سااڵی نوێ هات، سااڵی چوارەم
لە ئایا ی راوێژکاری خواگەورەکانەوە
قوربانیم پێشکەش کرد بە سااڵی تازەی پیرۆز
راوێژم کرد بە سروشی پیرۆز
نوقڵانەبێژم بانگ کرد فەرمانم پێ دا

سەرو کاوڕم بۆ هەر یەکێ لە حەوت خواکە کرد بە قوربانی
سفرەی خوانی پیرۆزم رازاندەوە
لە گەورەخواکانم پرسی، نوقڵانەبێژەکان پێیان وتم:
"تەورەکان خوێنیان لێ ئەچۆڕێ!"

120: لە ناو ئەوانەدا دوانزە جەنگاوەریان هەڵاتن، لە دەس من دەرباز بون
بە خێرایی دویان کەوتم
توانیم ئەو جەنگاوەرانە بگرمەوە
جەنگاوەرەکانم بە گیراوی هێنایەوە
ئەوسا لە دڵی خۆم دا وتم:

125: بێ راوێژی پیر ناتوانم سزایان بدەم
لەو پێناوەدا کاوڕێکم سەربڕی
کۆڕی گەورەخواکان فەرمانیان پێ کردم رێگەیان بدەم
لە بنی ئاسمان دا لە لایەن ڤینۆسی پرشنگدارەوە ئاگادار کرام
تۆ نارامس، کوڕی سەرجۆن، رێنماییت ئەکەم

130: وازیان لێ بێنە، ئەم رەگەزە چەموشە لە ناو مەبە
ئینلیل لە دوارۆژدا خۆی ئەیان داتە بەر نەفرین
ئینلیل پڕ بە دڵ رقی لێیانە
هەمو لە شارەکەی ئەوان دا ئەکوژرێن
ئەیان سوتێنین، لە بنکەکانیان دا تەنگیان پێ هەڵئەچنن
خوێنیان لە شارەکەدا ئەڕژێ
ئەرز بەروبومی کەم بۆتەوە، دارخورماش بەرەکەی

136: هەموان لە شاری ئەو جەنگاوەرانەدا مردن
دەستدرێژی تەنیوەتەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و، لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر. لە باوکەوە بۆ کوڕ، لە براوە بۆ برا، لە پیاوێکەوە بۆ پیاوێکی تر و، لە دۆستێکەوە بۆ دۆستێک
کەس قسەیەکی باش ناکا
خەڵک فێری هیچ نابێ جگە لە قسە، هیچ بڵاو ناکەنەوە جگە لە گەوجی
ئەم شارە بوە بە دوژمنی خۆی
ئەم شارە شارێکی تر دەستی بە سەردا گرتوە
بە نەختێ پارە کە کەمێ جۆ نەبێ هیچیتر ناهێنێ
خۆزگە: شایەکی بەهێز لە وڵات دا هەڵئەکەوت
بە جێم هێشتون بۆ خوا گەورەکان ریشەکێشیان بکا
دەستم نەخستۆتە سەریان چونکە هەڵاتون

تۆ میری فەرمانڕەوا بی یا هەر شتێکی تر
بە ڕەزامەندی خوا دانراوی ڕێبەریی شاهێتی بکەی
لە پێناوی تۆدا تەختەی عاجم دروست کرد، لە سەر ئەم کێلەم نوسی
بۆ کوشی لە پەرستگای ئای میشلام
لە پەرستگای نیرگال دا بۆم بە جێهێشتی
ئەم کێلە بدوێنە
کەواتە: نە پەشێوان و نە ترسان
هەرگیز مەترسە و مەلەرزێ
ئەگەر بتەوێ بناوانەکەت پتەو بێ و،
لە سەر سنگی ژنەکەت دڵخوازی بکەی
دڵنیا بە لە شورەکانت
خەندەقەکان پڕ بکە لە ئاو
دورجەکانت، دانەوێڵەکەت، پارەکانت، کەلوپەلەکانت
ببەرە ناو شارە قایمکراوەکە
چەکەکەت بپارێزە، بە شاردراوەیی هەڵی بگرە
وریابە، سەلامەتیت دەستەبەر بکە!
...
170: بەرپەرچی هێرشەکەیان بە دیاری و گۆڕینەوە بدەرەوە
لە بەردەم ئەوان دا سەرەڕۆیی مەکە
نوسەرەوە ئاگادارەکان کێلە تایبەتیەکەت ئەنوسنەوە
تۆ کە سودت لە کێلەکەم وەرگرتوە هەول بدە رزگار بی
تۆ لە گەڵ من روخۆش بی دوارۆژ یەکێکی تریش لە گەڵ تۆ روخۆش ئەبێ.

تێوەردان

نارام سین سەرکەوتنەکەی خۆی بە سەر لولوبیەکان دا لە سەر کێلی بەرد نەخشاندوە و، شاعیرەکانی ئەو سەردەمەش کردویانەتە بالۆرەیەکی ئەفسانەیی.
چکاوەی ئەم بالۆرەیە لە لایەن "طه باقر" ەوە لە ژێر سەرناوی "اسطورة نرام سين" دا لە لاپەڕەکانی (174 - 175) ی کتێبەکەی دا بڵاو کراوەتەوە، بڕوانە:
طه باقر، مقدمة في ادب العراق القديم، دار الوراق، بيروت، 2010.
دەقی ئەم بالۆرەیە لە لایەن شوێنەوارناسێکی عیراقی ترەوە، لە لایەن "د خەلیل سەعید" ەوە لە ژێر سەرناوی "نص نارامس" دا لە لاپەڕەکانی (238 - 245) ی کتێبەکەی دا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە:
"الدكتور خليل سعيد، معالم من حضارة وادي الرافدين، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية بالدار البيضاء، 1984."
سەرچاوەی وەرگرتنی هەردوکیان بریتی بوە لە:
Gurney,"Anatolian Studies, 5, 1955.

پێ ئەچێ د. خەلیل سەعید لە گێڕانەوەکەی دا توشی هەندێ هەڵەی مێژویی بووبێ:

یەکەم،

لە سەرەتای بابەتەکەدا باسی ئەوەی کردوە کە ئەم بالۆرەیە لە سەر بەردە نیگارینەکەی دەربەندی گاور نوسراوە لە کاتێک دا ئەو بەردە تەنیا نیگاری لە سەرە و، هیچ نوسینێکی بە هیچ خەتێ لە سەر نەنوسراوە و، نیگارەکەش لە بەر ئەوەی لە سەر تاشەبەردێکی شاخەکە هەڵکەنراوە، بە ئاسانی قابیلی گواستنەوە نیە.

بۆیە ئەم نوسینە هیچ پەیوەندیەکی لە گەڵ دەربەندی گاوردا نیە.

دوەم.

طە باقر، کە شوێنەوارناسێکی شارەزای عیراقە و، چەند جارێ لە سەر مۆنۆمێنتەکەی دەربەندی گاوری نوسیوە، باسی هیچ نوسینێکی نەکردوە، بەڵکو ئەو کە بابەتەکەی خۆی لە هەمان سەرچاوە وەرگرتوە کە د. خەلیل وەری گرتوە. ئەڵێ: "هەندێ بەشی ئەم بالۆرەیە لە سوالّەتەکانی کتێبخانەکەی ئاشوربانیپال لە نەینەوا و هەندێکی تری لە سولّتان تەپە لە تورکیا دۆزراوەتەوە."

سێیەم،

ئەم دەقەی ئێرە لە دەقە عەرەبیەکەی د. خەلیلەوە کراوە بە کوردی. بەڵام لە وەرگێڕانەکەی ئەودا هەڵەی چاپ و، شپرزەیی لە هەندێ لە ناوەکان و لە هەندێ لە دێرەکانی دا هەیە، ئەوەش تا ئەندازەیەک هەندێ لە ناوەرۆکی بابەتەکەی شێواندوە. بۆ بەراورد و راستکردنەوە دەقێکی تر لە بەر دەس دا نەبو.

وشەی نائاشنا

ئەفراندن: خولّقاندن. دروستکردن.

ئەنگاوتن: پێکان، لە نیشانەدان.

تاراج: تالّان. زەوتکردنی زۆردارەکی مالّ و دارایی تایبەتی و گشتی. مەحوی ئەڵێ:

"بە شۆخی دین و دلّمی دا بە تاراج ئیستە وەک سۆفی

بە سوبحەی ئەشکەوە هاتۆتە سەر تەرکی نەزەر چاوم"

چەپاو: تالّان.

چەموش: گیانداری کە ئامادەی راهێنران و کەویکردن نەبێ. ئەشێ بە مرۆڤی بزێو و سەرکێش و سەرەڕۆش بوترێ.

سروش: هاتف. وحی.

سوالّەت: پارچەی گۆزە و گڵێنە و خشتی شکاو.

کاوڕ: بەرخی مەڕ کە سالّی دوەمی تەمەنی دەس پێ ئەکا.

نوقڵانەبێژ: العراف. کەسێ پێشبینی قەومانی روداوێ بکا بە چاک یان بە خراپ.

بالۆرەی سەرکەوتنی ئوتو خیگال

ئوتو خیگال، هەژدیهاکانی گوتیوم – دوژمنەکانی خوا ئەشکێنێ

ئینلیل. شای گشت وڵاتان، دەسەڵاتی دا بە ئوتو خیگال، پیاوی مەزن، شای ئونوگ، شای چوارقوڕنەی زەمین، ئەو شایەی کە فەرمانەکانی سەرپێچی لێ ناکرێ، بۆ سڕینەوەی ناوی گوتوم، ماری شاخەکان، کە دژی خواکان بەدکارییان کردوە. پاشایەتی سومەرییان گواستۆتەوە وڵاتی بێگانە، سومەریان پڕ کردوە لە دوژمنایەتی، هاوسەریان لە مێردەکەی دابڕیوە، منانڵیان لە دایک و باوکی دور خستۆتەوە، دوژمنایەتی و تووندوتیژییان بڵاوکردۆتەوە.

ئەو (ئوتو خیگال) چو بۆ لای خانمەکەی، ئینانا. لێی پاڕایەوە. "خانمەکەم! شێری مەیدان، تۆ پەلاماری وڵاتی بێگانە ئەدەی، ئینلیل رای سپاردوم کە پاشایەتی بۆ سومەر بگەڕێنمەوە، ئەشێ تۆ کۆمەکم بکەی!"

هێزەکانی دوژمن لە هەمو جێیەک خۆیان ساز داوە. تیریگان، شای گوتیوم... ..بناوانی جۆگەکانی گرتۆتەوە. کەس لە شارەکەی دەرناچێ روبەڕوی ببێتەوە، هەردو بەری دیجلەی داگیر کردوە. لە باشور، لە سومەر، ئاوی لە کێڵگەکان بڕیوە، لە باکوریش رێگاکانی گرتوە. شەخەڵ لە شارێکانی مەڵبەندەکەدا رواوە.

بەڵام شا، کە لە لایەن ئینلیلەوە هێزی پێ بەخشراوە، لە لایەن دڵی ئیناناوە خۆشەویستی دراوەتێ... ئوتو خیگال، پیاوی مەزن، بۆ ئەوەی روبەڕوی ببێتەوە لە ئونوگ دەرپەڕی، لە پەرستگای ئیکور بارەگای دانا. قسەی بۆ هاوولاتیانی شارەکەی کرد: "ئینلیل، گوتومی داوە بە من، خانمەکەیشم، ئینانا، یارمەتیدەر ئەبێ! دومو زید - ئاما ئەجومگال ئانا - رایگەیاند گلگامێش، کوڕی نین سین، هاوکار ئەبێ". هاوولاتیانی ئونوگ و کولابا بەوە شادمان بون، هەمو پێکەوە دوای کەوتن. هێزە هەڵبژاردەکانی ریز کرد.

پاش ئەوەی لە پەرستگای ئیکور دەرچو، رۆژی چوارەم بارەگای لە ناگ سو لە سەر جۆگەی سورونگال دانا، رۆژی پێنجەم بارەگای لە دەروازەی ئیلی تاببو دانا. ئور نین ئازو و نابی ئینلیل، کە جەنەرالی نێردراوی تیریگان بون بۆ سەر سومەر، گرت و، کۆتوپێوەندی کردن. پاش دەرچون لە دەروازەی ئیلی تاببو، لە رۆژی شەشەم دا بارەگای لە کارکارا دانا. چو بۆ ئیکور و لێی پاڕایەوە: "ئەی ئیکور! ئینلیل چەکداری کردوم، ئەشێ

تۆش یارمەتیدەرم بی!" لە نیوەشەودا... کەوتە ڕێ بە سەر ئادابا دا ڕۆیشت بۆ لای ئوتو، لێی پاڕایەوە: "ئەی ئوتو! ئینلیل گوتومی داوە بە من، ئەشێ تۆش یارمەتیدەرم بی!"

تەڵەیەکی لە دواوە بۆ گوتیەکان نایەوە. ئوتو خیگال، پیاوی مەزن، جەنەڕالەکانی شکاندن.

تیریگان، شای گوتوم، بە تەنیا بە پێ هەڵات. وایزانی لە دابروم، کە بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی ڕوی تێ کرد بو، ئەحەوێتەوە، بەڵام هەرکە خەڵکی دابروم زانییان ئوتو خیگال شایەکە لە لایەن ئینلیلەوە دەسەڵاتی پێ دراوە، نەیان هێشت تیریگان بڕوا، نێردراوی ئوتو خیگال لە دابروم تیریگانی لە گەڵ ژنەکەی و منااڵەکانی گرت. کۆتوپێوەندی کردن. لە بەردەم ئوتودا، ئوتو خیگال وای لێکرد بە سەر قاچی دا بکەوێ و پێی نایە سەر ملی. گوتیوم، ماری شاخەکانی وا لێ کرد، بڕۆنەوە قوڕاوی کونەکانیان بخۆنەوە... دەری کردن. پاشایەتی هێنایەوە بۆ سومەر.

تێوەردان

بۆ دەقی ئیگلیزی بڕوانە:

The Electronic Text Corpus of Sumerian Literature- Oxford University

بۆ دەقی عەرەبی بڕوانە:

صموئيل نوح كرومر، السومريون، ترجمة الدكتور فيصل الوائلي، ص 468 - 470.

الدكتور فاضل عبدالواحد علي، اقدم حرب للتحرير عرفها التاريخ، مجلة سومر، الجزء الاول والثاني – المجلد الثلاثون، بغداد 1974. ص 47 – 57.

هەندێ جیاوازی لە تەرجومەکان دا هەیە.

ئەم وتارەی د. فاضل 10 لاپەڕەیە. باسی قارەمانێتی ئوتو خیگال ئەکا. ئەمە کارێکی ئاساییە، بەڵام گێڕانەوەی وەکو "یەکەمین جەنگی ڕزگاری لە مێژودا" و، ئوتو خیگال وەکو "قارەمانی نەتەوەیی" زیاتر لەوەی تۆێژینەوەی زانستی بێ، خرۆشانی سۆزی نەتەوەپەرستیی عەرەبیە. د. فازیل، لە بەغداد کاری کردوە، لە سەردەمێک دا کە سەدام حسێن بڕیاری بۆ هەمو ئاکادیمیەکانی عیراق دەرکرد بو، سەرلەنوێ تاریخی عیراق، بە پێی ئایدیۆلۆجی و بەرژەوەندی حیزبی بەعس، بنوسنەوە. لە بەر ئەوە د. فازیل یش، بەم گیانە بابەتەکانی نوسیوە. د. فازیل، شوێنەوارناسێکی عیراقیە چەندین وتار و کتێبی لە سەر لاوژە و ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا نوسیوە، لەوانە:

الدكتور فاضل عبدالواحد علي-

عشتار ومأساة تموز، بغداد، 1986.

من الواح سومر الى التوراة، بغداد، 1989.

سومر، اسطورة وملحمة، بغداد، 1997.

شەریعەتی حامورابی

شارستانێتی میزۆپۆتامیا چەند کۆمەڵە قانونی بەرهەم هێناوە کە لە مێژوی مرۆڤایەتی دا جێگەی تایبەتیان هەیە، لەوانە قانونەکانی ئور نمو، لیبت ئیشتار، ئەشنونا، حامورابی. هەندێ بەشی ئەو کۆمەڵە قانونانە بە ناتەواوی و پچڕ پچڕی دۆزراونەتەوە، ئەو کۆمەڵە قانونەی تا رادەیەکی باش بە ڕێکوپێکی و بە هەندێ ناتەواویەوە دۆزراوەتەوە "کۆمەڵە قانونەکانی حامورابی"ە.

حامورابی (1792 - 1750 پ. ز.) شەشەمین پاشای زنجیرەی بابلی بوە. لە زنجیرەیەک شەڕدا توانی "دەوڵەت – شار" ە کانی میزۆپۆتامیا بهێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و لە "دەوڵەت – وڵات" ی بابلی دا یەکیان بخات. لە سیهەم ساڵی فەرمانڕەوایی خۆی دا کۆمەڵێ قانونی دارشت و، لە سەر کێلێکی دیار نەخشاندی و بە خەڵکی راگەیاند.

کێلەکە بەردە، بە شێوەیەکی لولەیی داتاشراوە، گێپەڕەکەی 60 سمە بەرزاییەکەی 225 سمە نوسینەکەی لە 44 خانەدا جێگەی کراوەتەوە و، سەرجەم مادەکانی قانونەکە بە 300 مادە خەملێنراوە، هەرچەندە هەندێکی روشێنراوە یا کرێنراوە، بەڵام هێشتا 282 مادەی ماوە.

لە بەشی سەرەوەی کێلەکەدا پەیکەری شاماش، خوای ڕۆژ، بە دانیشتویی لە سەر تەخت هەڵکەنراوە و، بە دەستی راستی قانونەکانی بە حامورابی ئەسپێرێ و حامورابیش لە بەردەمی دا بە گوێڕایەڵی راوەستاوە قانونەکانی لێ وەرئەگرێ.

ئەم کۆمەڵە قانونە، بە زمانی بابلی، بە خەتی مێخی، بە هەڵکۆڵین لە سەر کێلی بەردی رەشی بازلت نوسراوە و، لە ناوجەرگەی شاری بابل دا چەقێنراوە، بۆ ئەوەی هەمو کەس بتوانێ ببینێ و بیخوێنێتەوە و، ماف و ئەرکەکانی خۆی بزانێ.

ئیلامیەکان لە سەردەمی شا "شتروک ناخونتی" دا هێرشیان کردۆتە سەر بابل (1171 پ. ز.) یەکێ لەو شتانەی لەم هێرشەدا بە تاڵان بردویانەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، ئەم کێلە بوە. هەندێ مادەیان لێ کوژاندۆتەوە، بەڵام دەسکاری ئەوی تریان نەکردوە، رەنگە لە ترسی ئەو نەفرین و توکە بێ کە لە کۆتایی قانونەکەدا نوسراوە.

کێڵەکە ساڵانی (1901- 1902) لە لایەن تیمێکی فەرەنسیەوە لە شوش لە ئێران دۆزراوەتەوە، هەر ئەوسا براوە بۆ فەرەنسا. ئێستا کێڵەکە لە مۆزەخانەی لوفر لە پاریس دانراوە، کۆپیەکی بە گەچ دروستکراوی لە مۆزەخانەی بەغدادە.

"شەریعەتی حامورابی" بۆ دەیان زمانی ناسراوی جیهان تەرجومە کراوە. لەوانە بۆ زمانی عەرەبی. ناسراوترینیان ئەمانەن:
عبدالمسيح وزير، ترجمة قوانين حمورابي، مجلة اليقين، 1923 – 1925.
عبدة حسن الزيات، ترجمة قوانين حمورابي، مجلة القضاء، 1935 – 1936.
الدكتور عبدالرحمن الكيالي، شريعة حمورابي اقدم الشرائع العالمية، حلب 1958.
الدكتور محمود الامين، قوانين حمورابي والقوانين البابلية الاخيرة، مجلة كلية الاداب، العدد الثالث، بغداد 1961.
مجموعة من المؤلفين، شريعة حمورابي وأصل التشريع في الشرق القديم، ترجمة: اسامة سراس، دار علاءالدين، دمشق 1993.

ئەمەی لێرەدایە لەم سەرچاوە عەرەبیەوە کراوەتە کوردی:
د. فوزي رشيد، الشرائع العراقية القديمة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 1978.
گرنگی ئەم تەرجومەیە ئەوەیە: د. فەوزی رەشید، کە شوێنەوارناسێکی عیراقیە، راستەوخۆ لە زمانی بابلیەوە کردویەتی بە عەرەبی و، لە گەڵ قانون و شەریعەتەکانی تری میزۆپۆتامیا بە تایبەتی کۆمەڵە قانونەکانی "ئور نمو"، "لیبیت ئیشتار"، "ئەشنونا"، بەراوردی کردوە.

بۆ کەسێ بیەوێ ئاگاداری زۆرتر وەربگرێ لە سەر هەندێ لایەنی شەریعەتەکە و بابەتەکانی، ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە:
رضا جواد الهاشمي، نظام العائلة في العهد البابلي القديم، بغداد 1971.
الدكتور ابراهيم عبدالكريم الغازي، تاريخ القانون في وادى الرافدين والدولة الرومانية، بغداد 1973.
الدكتور عامر سليمان، القانون في العراق القديم، جامعة الموصل 1977.
د. هورست كلنغل، حمورابي ملک بابل وعصره، ترجمة: د. غازي شريف. مراجعة: د. علي يحيى منصور، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 1987.
شعيب احمد الحمداني، قانون حمورابي، المكتبة القانونية ببغداد، 1989.

شەریعەتی حامورابی

پێشەکی

کاتێ خوا ئانوی مەزن، شای ئانوناکی و،
خوا ئینلیل گەورەی ئاسمان و ئەرز،
چارەنوسی وڵاتیان دیاری کرد و،
بڕیاریان دا مەردوخ کوڕی نۆبەرەی خوا ئینکی
پیرۆزیی خوا ئینلیلی بە سەر مرۆڤ دا هەبێ
لە ناو ئیکیکی دا گەورەیان کرد
بابلیان بە ناوە گەورەکەی خۆیەوە ناو نا و،
کردیانە سەرمەشقی دنیا و،
پاشایەتیەکی هەمیشەییان لە ناو جەرگەی دا دامەزراند
بنچینەکەیان وەکو ئاسمان و ئەرز پتەو کرد
ئەوسا ئانو و ئینلیل ناویان لە من نا: حامورابی، ئەو میرەی کە خواپەرستەو ترسی لە خواکانی هەیە
بۆ ئەوەی داد لە سەر ئەرز بسەپێنم
بۆ ئەوەی بەدی و خراپە لە ناو بەرم
بۆ ئەوەی نەهێڵم زۆردار لاواز بکاتە کۆیلە
بۆ ئەوەی داد وەکو خۆر، بە ژور سەری سەرڕەشەکانەوە، وڵات رۆشن بکاتەوە
لە پێناوی چاکەی مرۆڤ دا
منم، حامورابی شوانی ناونراو لە لایەن خوا ئینلیلەوە
ئەوەی بە لێشاو چاکە ئەکا
هەمو شتی بۆ نیپور دور ئینکی دابین کردوە
چاککەرەوەی پەرستگای ئیکورە
شای لێوەشاوە، بنیاتنەرەوەی ئەریدویە
پاککەرەوەی پەرستگای ئابسوە
ئەوەی دەستی بە سەر هەر چوار قوڕنەی جیهان دا ئەڕوا
سەروەریی بۆ بابل هێناوە
دڵی مەردوخ، خواکەی، خۆش کردوە
کاتی خۆی تەرخان کردوە بۆ خزمەتی پەرستگای ئیساکلا،
نەوەی شاهانە، کە لە خوا سین بوە
کە شاری ئوری گەشاندۆتەوە
خواپەرستە، پاڕاوەیە، کە خێری هێنا بۆ پەرستگای ئیکش نوکال
ئەو شا راماوەیە گوێڕایەڵی خوای گەورە شاماشە
پتەوکەری بنچینەی شاری سیپارە
نوێژگاکانی خوا ئایای رازاندۆتەوە

نەخشەدانەری پەرستگا ئیبارە کە لە نشینگەیەکی ئاسمانی ئەچێ
پاڵەوانە، پارێزەری شاری لارسایە
بینای پەرستگای ئیباری بۆ خوا شاماش نوێکردۆتەوە
ئەو گەورەیەیە کە شاری ئوروکی بوژاندۆتەوە
لێشاوی ئاوی بۆ دابین کردون
لوتکەی پەرستگای ئای ئانای بەرز کردۆتەوە
ئەوەی سامانی بە سەر خواکان ئانو و ئیشتار دا رژاندوە
پارێزگاری وڵاتە، خەڵکی ئاوارەی ئایسن ی سەرلەنوێ کۆ کردۆتەوە
پەرستگای ئیکال ماخی پڕ کردوە لە سامان
شای شایان، برای خۆشەویستی خوا زبابا
ئەوەی کە خانوەکانی شاری کیشی بنیاتنایەوە
ئەوەی کە دەوری پەرستگای ئیمیتی ئورساک ی بە ئاوەدانی گرتوە
ئەوەی شارەزا بو لە بیناکردنی پەرستگا گەورەکانی ئیشتاردا
پارێزگاری پەرستگای خرساک کلامایە
راوکەری دوژمنانە
ئەوەی خوا ئارا ی کردە هاورێی ئارەزوەکانی جێبەجێ بکا
ئەوەی کە شاری کوثای بەهێز کردوە
ئەوەی هەمو شتێکی پێشکەش بە پەرستگای میس لام کردوە
گای چەموشە، شکێنەری دوژمنانە
خۆشەویستی خوا توتو، خۆشکەری شاری بارسیپایە
خواپەرستە، ئەوەی کۆسپ نەبوە لە بەردەم پەرستگای ئیزیدا
ئەوەی مەزنی شاکانە و، ژیرە
ئەوەی ئەرزی کشتوکاڵی شاری دیلباتی فراوان کردوە
دانەوێڵەی بۆ ماخوا ئوراشی بەهێز عەمار کردوە
ئەوە کە گۆچانی شاهی و تاجی هەیە
بە پێی ئارەزوی ماخوا ماما
کە نەخشەی بۆ شاری کیش دانا
کە سفرەی نایابی بۆ ماخوا نینتو رازانەوە
سەنگینی تەواوە،
کە لەوەڕگا و شوێنی خواردنەوەی بۆ شارەکانی لەکش و کرسو ئامادە کردوە
ئەوەی بە سەخاوەت قوربانی پێشکەش ئەکا بە پەرستگای ئینینو
ئەوەی دوژمنان ئەگرێ، ئەوە خۆشەویستی تیلیتیم ە،
ئەوەی رێنماییەکانی شاری زبالام بە وردی جێبەجێ ئەکا
کە دڵی ماخوا خۆش ئەکا
میری هەڵکەوتو، کە خوا ئەدەد نزاکانی گیرا ئەکا
کە دڵی خوا ئەدەد ئارام ئەکا، ئەو جەنگاوەرەیە لە ماڵی کارکارا ئینکی دا نیشتەجێیە

ئەوەی پەرستگای ئای ئودکال ئەنەخشێنێ
ئەوەی ژیان ئەبەخشێ بە شاری ماشکان شابر
خواردنەوە ئەدا بە پەرستگای میسلام
ژیر و، کارسازە
کانگای زانایی لە لایە
رزگارکەری خەڵکی شاری مالقومە
ئەوەی کە ئاوایی زۆری بنیات ناوە
رەزامەندی خوا ئینکی و ماخوا دم کال نونا
فراوانکەری قەڵەمڕەوەکەی
ئەوەی هەمیشە قوربانی پاک پێشکەش ئەکا
یەکەمینە لە ناو شاهەکان دا
دەسەڵاتداری ناوچەکانی روباری فورات
بە فەرمانی خواکەی داکان
ئەوەی چاکەی لە گەڵ دانیشتوانی شاری میرا و شاری توتول کردوە
میری خواپەرست کە روی خوا تشباک روشن ئەکاتەوە
کە میواندارای گەورە بۆ خوا نین ئازو ئەکا
رزگارکەری گەلەکەی لە کوێرەوەری
ئەوەی جێگەپێیان بە برایەتی لە ناو جەرگەی شاری بابل دا پتەو ئەکا
شوانی خەڵکی، ئەوەی کردارەکانی بۆ رەزامەندی ماخوا ئیشتارە
ئەوەی ماخوا ئیشتار لە پەرستگای ئای ئاول ماش لە ناوەڕاستی ئاکەدا دائەنێ
ئەوەی کۆمەکی کرد هەق دەربکەوێ، ئەوەی گەل رابەری ئەکا بۆ ڕێگەی راست
ئەوەی فریشتە پاکە دڵنەرمەکەی گێڕایەوە بۆ ئاشور
بە سەر ئاژاوەچیەکان دا سەرکەوت
ئەو شایەی نازناوەکانی ماخوا ئیشتاری لە نەینەوا و لە پەرستگای ئای میس میس کرد بە باو
ئەو سەنگینەی کە بە ترسەوە نوێژ بۆ خوا گەورەکان ئەکا
ئەو جێگرەوەی سمولا ئایل
کوڕی خورت، میراتگری سین
ئەو وەچەی وەجاخزادەی شاهانەی، شای خورت، خۆری شاری بابل،
کە روناکی بە سەر وڵاتی سومەر و ئاکەدا بڵاو ئەکاتەوە
ئەو شایەی کە هەر چوارلای جیهانی هێناوەتە ژێردەستی
ئەوە منم، حامورابی، خۆشەویستی ماخوا ئیشتار
کاتێ خوا مەردوخ ناردمی بۆ رابەریی دانیشتوانی وڵات بە ڕێگای راست دا و
بۆ بەڕێوەبردنی وڵات
قانون و دادم بە زمانی وڵات دانا
بۆ ئەنجامدانی چاکە بۆ خەڵک
لەو کاتەدا ئەمەم دەرکرد؛

مادەی 1: ئەگەر پیاوێ تۆمەتی کوشتن بداتە پاڵ پیاوێکی تر، بەڵام نەیتوانی بیسەلمێنێ، تۆمەت بە پاڵ دەر ئەکوژرێ.

مادەی 2: ئەگەر پیاوێ تۆمەتی جادوگەریی دایە پاڵ پیاوێکی تر، بەڵام نەیتوانی بیسەلمێنێ، پێویستە ئەوەی تۆمەتی جادوگەریی دراوەتە پاڵ بچێتە سەر روبار، خۆی بهاوێژێتە ناو روبارەکەوە، ئەگەر روبارەکە نوقمی کرد، ئەوەی تۆمەتی داوەتە پاڵی ئەبێ دەس بە سەر دارایەکەی دا بگرێ. ئەگەر روبارەکە سەلماندی کە ئەم پیاوە پاکە و بە ساغی لێی هاتە دەرەوە، ئەوەی تاوانی جادوگەریی بە پاڵ داوە ئەکوژرێ، ئەوەی لە روبارەکە بە ساغی هاتۆتە دەرەوە، ئەبێ دەس بگرێ بە سەر دارایی ئەوەی تۆمەتی بە پاڵ داوە.

مادەی 3: ئەگەر پیاوێ سکاڵایەکی کرد و شایەتیەکی درۆی دا، راستی قسەکەی بۆ نەسەلمێنرا، ئەگەر سکاڵاکە سکاڵای ژیان بێ، ئەو پیاوە ئەکوژرێ.

مادەی 4: ئەگەر بۆ شایەتی (لە سکاڵایەکی درۆی تایبەت بە) دانەوێڵە یان زیو، ئەبێ ئۆباڵی سزای ئەو سکاڵایە هەڵ بگرێ.

مادەی 5: ئەگەر داوەر سەیری پرسێکی قانونی کرد و بڕیارێکی دەربارەی دەرکرد، بڕیارەکە لە سەر خشتێکی مۆرکراو چەسپێنرا، ئەگەر سەلمێنرا ئەو دادوەرە بڕیارەکەی خۆی کە لەو پرسەدا دەری کردوە گۆڕی، ئەبێ ئۆباڵی سزای ئەو سکاڵایە هەڵبگرێ و دوانزە جار ئەوەندەی ئەو بدا. سەرەڕای ئەوەش ئەبێ لە ئەنجومەنی دادوەران و لە سەر کورسیەکەی بە جۆرێ دەربکرێ گەڕانەوەی نەبێ و مافی ئەوەی نەبێ لە گەڵ دادوەران بۆ سەیرکردنی هیچ سکاڵایەک دابنیشێ.

مادەی 6: ئەگەر پیاوێ شتێ بدزێ هی خوا یا هی کۆشک بێ، ئەو پیاوە ئەکوژرێ هەروەها ئەوەش ئەکوژرێ کە شتە دزراوەکەی بە دەستەوە بگیرێ.

مادەی 7: ئەگەر پیاوێ زیو یا زێڕ یا کۆیلە یا کەنیزەک یا گا یا مەڕ یا کەر یا هەر شتێکی تر بکڕێ یا بە ئەمانەت پێی بسپێردرێ بە دەستی کوڕی پیاوێ یا کۆیلەی پیاوێ بە بێ شایەت و گرێبەست، ئەو پیاوە دزە ئەبێ بکوژرێ.

مادەی 8: ئەگەر پیاوێ گا یا مەڕ یا کەر یا بەراز یا بەلەم بدزێ، ئەگەر شتە دزراوەکە هی خوا یا کۆشک بێ، ئەبێ سی قات غەرامە بدا، ئەگەر هی وڵاتیی بێ، ئەبێ دە قات بدا، ئەگەر دزەکە نەیبێ بیدا، ئەکوژرێ.

مادەی 9: ئەگەر پیاوێ شتێکی ون کرد، شتە دزراوەکەی بە دەست پیاوێکی ترەوە گیرا، ئەگەر پیاوەکەی شتە ونکراوەکەی بە دەستەوە گیراوە وتی: "فرۆشیارێ بە منی فرۆشتوە و لە بەردەم شایەت دا کڕیومە" و خاوەنی شتە ونبوەکەش وتی: "شایەت ئەهێنم بۆ پشتگیری شتە ونبوەکەم" ئەگەر کڕیارەکە (ئەو پیاوەی شتە ونبوەکەی بە دەستەوە گیراوە) فرۆشیارەکەی شتەکانی پێ فرۆشتوە و ئەو شایەتانەی بە ئامادەبونی ئەوان شتەکەی کڕیوە، بهێنێ و، خاوەن شتە ونبوەکە شایەت بۆ پشتگیری شتە ونبوەکەی بهێنێ، لە سەر دادوەر پێویستە گوێ لە قسەکانیان بگرێ، ئەبێ شایەتەکانی کە بە ئامادەیی ئەوان (شتەکە) کڕدراوە و هەروەها شایەتەکانی کە پشتگیری شتە ونبوەکە ئەکەن، لە بەردەم خوا دا سوێند (لە سەر راستی قسەکانیان) بخۆن، (ئەگەر ئەوە کرا) فرۆشیارەکە دزەکەیە و ئەبێ بکوژرێ. خاوەن شتە

ونبوەکە شتەکانی وەرئەگرێتەوە و کرێیارەکەش (ئەو پیاوەی شتە دزراوەکەی بە دەستەوە گیراوە) ئەو پارەیە لە دارایی فرۆشیارەکە وەرئەگرێتەوە.

مادەی 10: ئەگەر کرێیارەکە ئەو فرۆشیارە نەهێنێ کە شتەکەی پێ فرۆشتوە (شتە ونبوەکەی بە دەستیەوە گیراوە) و شایەتەکانی نەهێنا کە بە ئامادەیی ئەوان شتەکەی کڕیوە، لە کاتێک دا خاوەن شتە ونبوەکە شایەتی هێنا پشتیوانی لە شتە ونبوەکەی بکەن، کرێیارەکە دزەکەیە و ئەبێ بکوژرێ و خاوەنی شتە ونبوەکە شتەکەی وەر ئەگرێتەوە.

مادەی 11: ئەگەر خاوەنی شتە ونبوەکە شایەتی نەهێنا پشتیوانی لە شتە ونبوەکەی بکەن ئەوە درۆزنە و بە ناڕەوا داوا ئەکا، ئەبێ بکوژرێ.

مادەی 12: ئەگەر فرۆشیارەکە مرد، کرێیارەکە (کە شتە ونبوەکەی بە دەستەوە گیراوە) لە دارایی فرۆشیارەکە پێنج قاتی نرخی شتە ونبوەکەی (کە بە هۆیەوە سکاڵا کراوە) وەربگرێ.

مادەی 13: ئەگەر شایەتەکانی ئەم پیاوە (کە شتە ونبوەکەی بە دەستەوە گیراوە) نەکەوتە بەردەست (کاتی سکاڵاکە)، ئەبێ دادوەر کاتەکەی بۆ ماوەی شەش مانگ درێژ بکاتەوە، ئەگەر لە ماوەی شەش مانگ دا شایەتی نەهێنا، ئەو پیاوە درۆزنە، ئەبێ ئۆباڵی سزای ئەو سکاڵایە هەڵ بگرێ.

مادەی 14: ئەگەر پیاوێ، منداڵی بچوکی پیاوێکی (تری) دزی، ئەبێ بکوژرێ.

مادەی 15: ئەگەر پیاوێ، بۆ راکردن لە دەروازەی شارەوە، یارمەتی کۆیلەیەکی کۆشک یا کەنیزەکێکی کۆشک یا کۆیلەی ئاغایەک یا کەنیزەکی ئاغایەکی دا، ئەبێ بکوژرێ.

مادەی 16: ئەگەر پیاوێ، کۆیلەیەکی راکردو یا کەنیزەکێکی راکردوی کۆشک یا هی ئاغەیەک لە ماڵەکەی خۆی دا بشارێتەوە و گوێی نەدایە دەنگی جارچی، ئەم خاوەن ماڵە ئەکوژرێ.

مادەی 17: ئەگەر پیاوێ کۆیلەیەکی راکردو یا کەنیزەکێکی راکردوی گرت لە زەویەکی کشتوکاڵی دا و گێڕایەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەبێ خاوەنی کۆیلەکە دو شیقل زیوی بداتێ.

مادەی 18: ئەگەر کۆیلەکە ناوی ئاغاکەی نەوت، ئەبێ (ئەوەی گرتویەتی) بیبا بۆ کۆشک، لە ناسنامەکەی بپشکنێ (لە ناو کۆشک دا) و بیگێڕێتەوە بۆ ئاغاکەی.

مادەی 19: ئەگەر ئەو کۆیلەیەی لە ماڵەکەی خۆی دا گل دایەوە و، دوای ئەوە کۆیلەکە لە لای ئەو دۆزرایەوە، ئەو پیاوە ئەکوژرێ.

مادەی 20: ئەگەر کۆیلەکە رای کرد لە دەست ئەوەی دەستگیری کردوە، ئەو پیاوە ئەبێ سوێند بخوا بە خوا بۆ خاوەن کۆیلەکە، ئەوسا رێ ئەدرێ بڕوا بە لای کاری خۆیەوە.

مادەی 21: ئەگەر پیاوێ دەلاقەیەکی کردە ماڵێکەوە (بۆ دزی) ئەبێ لە شوێنی ئەو دەلاقەیەدا بکوژرێ و دیواری لە سەر بکەن (لە دیوارەکەدا بینێژن).

مادەی 22: ئەگەر پیاوێ دزی کرد، لەو کاتەدا گیرا (لە کاتی دزیەکەدا) ئەکوژرێ.

مادەی 23: ئەگەر دزەکە نەگیرا، ئەبێ پیاوە دزی لێ کراوەکە، شتە دزراوەکانی لە بەردەم خوادا باس بکا، ئەبێ شار و فەرماندار کە دزی لە ئەرزەکەی ئەو دا و لە ناوچەکەی ئەو دا روی داوە، قەرەبوی شتە دزراوەکەی بۆ بکەن.

مادە 24: ئەگەر گیانێ (لە کاتی دزیەکەدا) فەوتا، ئەبێ شارەکە و فەرماندار یەک مەن (ئەندازەیەکی کێشانی قورسایی بوە) زیو بدەن بە کەسەکانی.

مادەی 25: ئەگەر پیاوێ ئاگر لەماڵەکەی بەر بو، پیاوێکی تر چو بۆ کوژاندنەوەی، چاوی بە شتێکی ماڵەکە کەوت هی خاوەن ماڵەکە بو، ئەو شتەی برد کە هی خاوەن ماڵەکەیە، ئەم پیاوە ئەخرێتە ناو ئەو ئاگرەوە.

مادەی 26: ئەگەر سەربازێ یا سەردەستەیەک (کە لە سپادا کار ئەکا) بۆ لەشکرکێشی شا داوا کرا، خۆی نەچو لە بری خۆی یەکێکی تری بە کرێ گرت و لە باتی خۆی ناردی، ئەو سەربازە یا ئەو سەردەستەیە ئەکوژرێ. بەڵام نێردراوەکەی (ئەوەی لە لایەن ئەوەوە بە کرێ گیراوە)، بۆی هەیە ماڵەکەی ببا (واتە ماڵی سەرباز یا سەردەستە)

مادەی 27: ئەگەر سەربازێ یا سەردەستەیەک لە ماوەی خزمەتی چەکداری شا دا بە دیل بگیرێ. دوای ئەوە (کاتی بزربونی ئەو) کێڵگەکەی و باخەکەی درابو بە پیاوێکی تر، ئەویش (پیاوەکەی تر) هەمو مەرجگەلی دەرەبەگی بە جێ هێنا بو. ئەگەر (سەرباز یا سەردەستەکە) گەڕایەوە و گەیشتەوە شارەکەی، ئەبێ کێڵگەکەی و باخەکەی بۆ بگێڕنەوە، ئەبێ مافە دەرەبەگیەکانی خۆی بە کار بهێنێ.

مادەی 28: ئەگەر سەربازێ یا سەردەستەیەک لە ماوەی خزمەتی چەکداری شادا بە دیل بگیرێ، کوڕەکەی توانای بەجێهێنانی مەرجگەلی دەرەبەگیی هەبێ، ئەبێ کێڵگە و باخەکە بەو بدرێ، ئەویش ئەبێ مافە دەرەبەگیەکانی باوکی جێبەجێ بکا.

مادەی 29: ئەگەر کوڕەکەی پچوک بێ و توانای بەجێهێنانی مەرجگەلی دەرەبەگیی باوکی نەبێ، سێیەکی کێڵگە و باخەکە ئەدرێتە دایکی و دایکی بە خێوی ئەکا.

مادەی 30: ئەگەر سەربازێ یا سەردەستەیەک بە هۆی ئەرکەکانیەوە (سەربازی) دەستی لە کێڵگەکەی و باخەکەی و ماڵەکەی هەڵگرت، دوای ئەوە یەکێکی تر دەستی بە سەر کێڵگە و باخ و خانوەکەی دا گرت و، ماوەی سێ ساڵ مەرجگەلی دەرەبەگیی بە جێهێنا، ئەگەر گەڕایەوە و داوای کێڵگە و باخ و ماڵەکەی کردەوە، نابێ بیدەنەوە، ئەوەی دەستی بە سەردا گرتوە و ئەرکە دەرەبەگیەکانی بە جێهێناوە، لە بەڕێوەبردنی دا بەردەوام ئەبێ.

مادەی 31: ئەگەر تەنیا یەک ساڵ بزر بوبێ و گەڕایەوە، ئەبێ کێڵگەکە و باخەکە و ماڵەکەی بۆ بگەڕێتەوە و ئەویش مافە دەرەبەگیەکانی خۆی بە کار بهێنێ.

مادەی 32: ئەگەر سەربازێ یا سەردەستەیەک لە کاتی لەشکرکێشی شادا بە دیل گیرا، بازرگانێ ئازادی کرد و گەیاندیەوە شارەکەی، ئەگەر لە ماڵەکەی دا (دارایی) بایی ئازاد کردنی (خۆی) هەبێ، ئەبێ خۆی ئازاد بکا، ئەگەر لە ماڵەکەی دا بایی ئازادکردنی خۆی نەبو، لە لایەن ماڵی خوای شارەکەیەوە ئازاد ئەکرێ، ئەگەر لە ماڵی خوای شارەکەی دا بایی ئازاد کردنی نەبو، ئەبێ کۆشک ئازادی بکا، نابێ کێڵگەکەی و باخەکەی لە بەرامبەر ئازادکردنی دا بدرێ.

مادەی 33: ئەگەر سەرگەورەیەک یا عەریفێ، بۆ پۆشینی دواکەوتنی سەربازێ لە لەشکرکێشی شادا، بەکرێگیراوێکی قبوڵ کرد و، لە جێی ئەو ناردی بۆ لەشکرکێشیەکەی شا، ئەو سەرگەورەیە یا عەریفە ئەکوژرێ.

مادەی 34: ئەگەر سەرگەورەیەک یا عەریفێ شتی لە سەرباز وەرگرت یا شتی سەربازی زەوت کرد یا سەربازێکی وەکو بەکرێگیراو نارد، یا سەربازێکی بە هۆی کەسێکی بەهێزەوە دا بە دادگا، ئەم سەرۆکە یا عەریفە ئەکوژرێ.

مادەی 35: ئەگەر پیاوێ مانگا یا مەڕی لە سەربازێ کڕی، کە شا دابونی بە سەربازەکە، پارەکانی ئەدۆڕێنێ.

مادەی 36: سەرباز و سەردەستە و جوتیار (واتە ئەوەی باج ئەدا) نابێ بە پارە کێڵگەکە و باخەکە و خانوەکەی بفرۆشێ.

مادەی 37: ئەگەر پیاوێ کێڵگە یا باخ یا خانوی سەربازێ یا سەردەستەیە یا جوتیارێ بکڕێ، ئەبێ سواڵەتی گرێبەستەکەی بشکێنرێ و پارەکەیشی بدۆڕێنێ. کێڵگە و باخ و خانوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

مادەی 38: سەرباز یا سەردەستە یا جوتیار ناتوانێ بەشێ لە کێڵگە و باخ و خانوەکەی کە بۆ خۆی دابڕاوە، دابڕێ بۆ ژنەکەی و کچەکەی، یا لە بەرامبەر ئەو مەرجگەلەی لە سەرێتی بیداتەوە.

مادەی 39: (سەرباز یا سەردەستە یا جوتیار) ئەتوانێ بەشێ لە کێڵگە یا باخ یا خانوەکەی کە کڕیوێتی و دەستی کەوتوە دابڕێ و، ئەتوانێ لە بەرامبەر ئەو مەرجگەلەی لە سەرێتی بیداتەوە.

مادەی 40: ئەگەر کاهینەیەک لە پلەی بەرز یا بازرگانێ یا غەریبێ کێڵگەکەی و باخەکەی و خانوەکەی بەرامبەر بە زیو فرۆشت، کڕیارەکە بۆی هەیە مافە دەرەبەگیەکانی بە کار بهێنێ لەو کێڵگە و باخ و خانوەدا کە کڕیوێتی.

مادەی 41: ئەگەر پیاوێ بە گۆڕینەوە کێڵگەیەک یا باخێک یا خانویەک هی سەرباز یا سەردەستە یا جوتیاری (بەرامبەر ئەرزێکی تر) دەس بکەوێ و بۆ تەواوکردنی نرخەکەی (نرخی کێڵگە یا باخ یا خانوەکە) چەردەیەک پارەی بداتێ، سەرباز یا سەردەستە یا جوتیار ئەبێ کێڵگەکەی و باخەکەی و خانوەکەی وەربگرێتەوە و، ئەتوانێ ئەو پارە تەواوکراوەش کە دراوێتێ بۆ خۆی هەڵبگرێ.

مادەی 42: ئەگەر پیاوێ ئامادەیی دەربڕی بۆ (بەرهەمهێنانی) کێڵگەیەک، بەڵام کێڵگەکەی نەکرد بە دانەوێڵە، ئەگەر سەلمێنرا کە کێڵگەکەی نەکێڵاوە، ئەبێ ئەوەندەی کێڵگەی دراوسێکەی (بەرهەمی هێناوە) دانەوێڵە بدا بە خاوەنی کێڵگەکە.

مادەی 43: ئەگەر کێڵگەکە بە بێ کێڵان جێ هێڵرا (نەکرا بە کشتوکاڵ) ئەبێ ئەوەندەی کێڵگەی دراوسێکەی (بەرهەمی هێناوە) دانەوێڵە بدا بە خاوەنی کێڵگە و، ئەبێ هێڵەکانی کێڵگەکە ڕێک بخاتەوە و بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

مادەی 44: ئەگەر پیاوێ بۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا بکا زەویەکی بەیاری بۆ ماوەی سێ ساڵ بە کرێ گرت، بەڵام کەمتەرخەمی کرد و زەویەکەی نەکردە کشتوکاڵ، لە ساڵی چوارەم دا ئەبێ هێڵەکانی کێڵگەکە ڕێک بخا و بیکێڵێ و بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنی زەویەکە و، ئەبێ بۆ هەر بور یێ (ئەندازەیەکی پێوانی زەوی بوە) دە کور ی (ئەندازەیەکی کێشانی قورسایی بوە) بداتێ (بە خاوەن کێڵگە).

مادەی 45: ئەگەر پیاوێ کێڵگەکەی دا بە جوتیارێ بەرامبەر چەردەیەک دانەوێڵە و (خاوەن کێڵگە) بەشەکەی خۆی وەرگرت، دوای ئەوە خوای گەردەلول ئادەد کێڵگەکەی وێران کرد یا لافاو تێکی دا، زیانەکە ئەکەوێتە سەر جوتیارەکە (بە تەنیا).

مادەی 46: ئەگەر (خاوەن کێڵگە) بەشەکەی خۆی لە کێڵگەکەی خۆی وەرنەگرت بو، بەڵام بە نیوەیی یا بە سێیەک بە کرێ دابویە، ئەبێ جوتیار و خاوەن کێڵگە بە پێی بەرهەمەکەی دابەشی بکەن.

مادەی 47: ئەگەر جوتیارەکە تێچوی کشتوکاڵەکەی ساڵی رابوردوی دەس نەکەوت و داوای کرد سەرلەنوێ کشتوکاڵ بکاتەوە، ئەبێ خاوەن کێڵگە (داواکەی) رەت نەکاتەوە، جوتیارەکە کێڵگەکەی بەرهەم ئەهێنێ و ئەویش (خاوەن کێڵگە) بۆی هەیە لە کاتی هەڵگرتنی بەروبوم دا بە پێی رێککەوتنی (لە گەڵ جوتیارەکەدا) دانەوێڵە وەربگرێ.

مادەی 48: ئەگەر پیاوێ قەرزی لە سەر بێ و خوای گەردەلول ئادەد کێڵگەکەی تێک بدا یا لافاو وێرانی بکا یا بە هۆی کەمئاوییەوە دانەوێڵە لە کێڵگەکەی دا نەڕوا، لەم ساڵەدا دانەوێڵەکەی (قەرز کراوە) ناگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنی قەرزەکە و گرێبەستەکەیان هەڵئەوەشێنرێتەوە و، بۆ ئەو ساڵە فایزی لێ نادرێ.

مادەی 49: ئەگەر پیاوێ پارەی لە بازرگانێ قەرز کرد و کێڵگەیەکی ئامادەی بەرهەمهێنانی جۆ و کونجی دایە و پێی وت کێڵگەکە بچێنە و درووێنەی بکە و جۆ یا کونجیە بەرهەمهێنراوەکە ببە، ئەگەر جوتیارەکە (کە بازرگانەکە بۆ چاندنی کێڵگەکە بە کرێی گرتوە) جۆ یا کونجی بەرهەم هێنا، لە کاتی هەڵگرتن دا خاوەن کێڵگەکە جۆ یا کونجی بەرهەمهێنراو وەرئەگرێ، پێویستە دانەوێڵە لە بەرامبەر ئەو پارەیەی لێی وەرگرتوە (کە قەرزی کردوە)، هەروەها پێویستە تێچوی چاندنەکەی بداتێ (تێچوی چاندنی کێڵگەکە).

مادەی 50: ئەگەر پیاوێ کێڵگەیەکی چێنراوی (جۆ) یا کێڵگەیەکی بە کونجی چێنراوی (رەهن) کرد، خاوەنی کێڵگەکە جۆکە یا کونجیەکەی لە کێڵگەکەدا بەرهەم هاتوە وەرئەگرێ، بەڵام پێویستە پارەکە (قەرزکراوەکە) لە گەڵ فایزەکەی بداتەوە.

مادەی 51: ئەگەر پارەی نەبو (واتە ئەو پیاوەی کێڵگەکەی خستۆتە رەهنەوە) بیداتەوە، ئەبێ (جۆ یا) کونجی بدا بە بازرگانەکە بە قەدەر نرخە باوەکەی (لە بازاڕ) بەو نرخەی شا بڕیوێتی لە باتی ئەو پارەیەی کە لە بازرگانەکە قەرزی کرد بو لە گەڵ فایزەکەی.

مادەی 52: ئەگەر جوتیارەکە (کرێگرتەکە) جۆ یا کونجی لە کێڵگەکەدا بەرهەم نەهێنا، بۆی نیە گرێبەستەکە بگۆڕێ.

مادەی 53: ئەگەر پیاوێ سستی کرد لە بەهێزکردنی بناوانی کێڵگەکەی و بناوانەکەی بەهێز نەکرد، شکانێ لە بناوانەکەدا روی دا، ئاو زەویە چێنراوەکەی (دراوسێکەی) خراپ کرد، پێویستە ئەو پیاوەی شکانەکە لە بناوانەکەی دا روی داوە قەرەبوی ئەو دانەوێڵەیە بکاتەوە کە بۆتە هۆی فەوتانی (لە کێڵگەی دراوسێکەی دا).

مادەی 54: ئەگەر توانای قەرەبوی دانەوێڵەکەی نەبو، ئەبێ... داراییەکەی بفرۆشن و، ئەبێ کرێگرتەکان (جوتیارەکان) کە دانەوێڵەکەیان فەوتاوە (نرخەکەی) لە ناو خۆیان دا دابەش بکەن.

مادەی 55: ئەگەر پیاوێ سستی کرد لە کاتی کردنەوەی جۆگا تایبەتیەکەی خۆی بۆ ئاودان، لێگەڕا ئاو کێڵگەی دراوسێکەی نقوم بکا، ئەبێ دانەوێڵە بدا (بە خاوەنی کێڵگەی زیان لێکەوتو) بە قەدەر (بەرهەمی کێڵگەی) دراوسێکەی.

مادەی 56: ئەگەر پیاوێ ئاوەکەی کردەوە و کارەکانی کێڵگەی دراوسێکەی خراپ کرد، ئەبێ بەرامبەر بە هەر بوریٚ دە کور دانەوێڵە بدا بە دراوسێکەی.

مادەی 57: ئەگەر شوانێ لە گەڵ خاوەنی کێڵگەدا رێک نەکەوێ لە سەر لەوەڕاندنی مەڕەکانی لە پوشەکەی ئەودا، بەڵام رانەکەی بەردا لە کێڵگەکەدا بلەوەڕێ بە (بێ رەزامەندی) خاوەنی کێڵگە، کاتێ خاوەنی کێڵگە بەروبومی کێڵگەکەی هەڵئەگرێتەوە، پێویستە ئەو شوانەی رانەکەی بەرداوەتە

کێڵکەگەکە (بە بێ ڕەزامەندی) خاوەنەکەی بڵەوەڕێ، زیاد لەوەی خاوەن کێڵگە بەروبومەکەی هەڵگرتۆتەوە بۆ هەر بوورێ دە کور دانەوێڵەی بداتێ.

مادەی 58: دوای ئەوەی ڕانەمەڕەکە لە لەوەڕگاکە کشایەوە و (شوێنی ئاوخواردنەوەی بە جێ هێشت گەڕانەوە دەروازەی شار) ئەو کاتە شوانەکە ڕانەکەی لە کێڵگەکەدا بەردا و بوە هۆی ئەوەی لە کێڵگەکەدا بڵەوەڕێ، شوانەکە دائەنرێ بۆ پاسەوانی ئەو کێڵگەیەی کە تیا لەوەڕاوە، لە کاتی هەڵگرتنی بەروبوم دا ئەبێ بۆ هەر بوورێ شەست کور دانەوێڵە بدا.

مادەی 59: ئەگەر پیاوێ داری باخی پیاوێکی تری بڕی بە بێ ڕەزامەندی خاوەنی باخەکە، ئەبێ نیو مەن زیوی بداتێ.

مادەی 60: ئەگەر پیاوێ کێڵگەیەکی دا بە باخەوانێ بیکا بە باخ، باخەوانەکە باخەکەی ڕوان، ئەبێ ماوەی چوار ساڵ باخەکە بە خێو بکا، لە ساڵی پێنجەم دا خاوەنی باخەکە بەروبومی باخەکە بە یەکسانی دابەش ئەکا، خاوەنی باخەکە بۆی هەیە خۆی بەشەکەی خۆی هەڵبگرێ.

مادەی 61: ئەگەر باخەوانەکە هەمو باخەکەی نەڕواند و بەشێکی بە بەیاری هێشتەوە، ئەبێ پارچە بەیارەکە لە بەشەکەی ئەو ببڕێردرێ.

مادەی 62: ئەگەر ئەو کێڵگەیەی دراوێتێ نەکردە باخ و فەرامۆشی کرد، باخەوانەکە ئەبێ ئەوەندە بدا بە خاوەن کێڵگەکە بەرامبەر بەو ساڵانەی کە فەرامۆشی کردوە بە قەدەر ئەوەی کێڵگەی دراوسێکەی بەرهەمی هێناوە، ئەبێ کارەکانی کێڵکەگە تەواو بکا و کێڵگەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

مادەی 63: ئەگەر کێڵگەکە بەیار بێ، ئەبێ کاری پێویست لە کێڵگەکەدا ئەنجام بدا و بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و بەرامبەر بە هەر بوورێ بۆ ماوەی یەک ساڵ دە کوری بداتێ.

مادەی 64: ئەگەر پیاوێ باخەکەی دا بە باخەوانێ موتوربەی بکا، ئەبێ باخەوانەکە، مادەم کێڵگەکەی بە دەستەوەیە، دوسێیەکی بەرهەمی باخەکە بدا بە خاوەنی باخەکە و خۆی سێیەک ببا.

مادەی 65: ئەگەر باخەوانەکە باخەکەی موتوربە نەکرد و بوە هۆی کەمی بەرهەم، ئەبێ باخەوانەکە بەرهەمی باخەکە بدا بە خاوەن باخەکە بە قەدەر ئەوەی باخی دراوسێکەی بەرهەم ئەهێنێ.

مادەی 66: ئەگەر پیاوێ پارەی لە بازرگانێ قەرز کرد، بازرگانەکە داوای پارەکەی لێ کردەوە، نەیبو بیداتەوە، ئەگەر باخەکەی دوای موتوربەکردنی دا بە بازرگانەکە و وتی: "لە باتی پارەکەت هەمو بەرهەمی باخەکە لە خورما بۆ خۆت ببە"، ئەبێ ئەو بازرگانە لە سەر ئەم داوایە رازی نەبێ، خاوەنی باخەکە ئەبێ ئەو خورمایەی لە باخەکەدا بەرهەم هاتوە هەڵبگرێ و بیفرۆشێ بە نرخی خورماکە، پارەی بازرگانەکە بە فائیزەکەیەوە، بە پێی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بداتەوە، خاوەنی باخەکەش پاشماوەی ئەو خورمایەی لە باخەکەی دا بەرهەم هاتوە بۆ خۆی ببا.

.....

لە مادەی 67 تا 100 فەوتاوە

.....

مادەی 101: ئەگەر بۆ هەر کوێیەک چو قازانجی دەس نەکەوت، ئەبێ فرۆشیارە گەڕۆکەکە ئەو پارەیەی وەری گرتوە دوقات بگێڕێتەوە بۆ ئەو بازرگانەی کە لێی وەرگرتوە.

مادەی 102: ئەگەر بازرگانێ پارەی بە قەرز دا بە فرۆشیارێکی گەڕۆک بۆ ئەوەی ئیشی پێوە بکا، بەڵام بۆ هەر کوێیەک چو زەرەری کرد، ئەبێ ئەو سەرمایەی (کە قەرزی کردوە) بگێڕێتەوە بۆ بازرگانەکە.

مادەی 103: ئەگەر لە رێگەی گەشتە بازرگانیەکەی دا، جەردە روتی کردەوە لەوەی پێیەتی، فرۆشیارە گەڕۆکەکە ئەبێ سوێند بە خوا بخوا ئەوسا وازی لێ ئەهێنرێ.

مادەی 104: ئەگەر بازرگانێ خوری یا رۆن یا هەر کاڵایەکی تری، بۆ کڕین و فرۆشتن، بە قەرز دا بە فرۆشیارێکی گەڕۆک ، پێویستە لە سەر فرۆشیارە گەڕۆکەکە لە پێشەوە نرخەکەی تۆمار بکا و بیدا بە بازرگانەکە و فرۆشیارە گەڕۆکەکە وەسڵێکی مۆرکراوی ئەو پارەیەی لێ وەربگرێ کە داوێتیەوە بە بازرگانەکە.

مادەی 105: ئەگەر فرۆشیارە گەڕۆکەکە کەمتەرخەم بێ و وەسڵی مۆرکراوی ئەو پارەیەی داوێتی بە بازرگانەکە وەرنەگرتبێ، پارەی دراو بە بێ وەسڵی مۆرکراو لە حسابەکە داناشکێنرێ.

مادەی 106: ئەگەر فرۆشیارێکی گەڕۆک پارەی لە بازرگانێ قەرز کرد، دوای ئەوە نکولی کرد کە قەرزی لە بازرگانەکە کردبێ، لە سەر بازرگانەکە پێویستە لە بەردەم خوا و بە ئامادەبونی شایەتەکان بیسەلمێنێ کە فرۆشیاری گەڕۆک پارەکەی لێ قەرز کردوە، ئەوسا لە سەر فرۆشیاری گەڕۆک پێویستە سێ قاتی ئەو چەردە پارەیە بداتەوە بە بازرگانەکە کە قەرزی لێ کردوە.

مادەی 107: ئەگەر بازرگانێ پێشینەی دا بە فرۆشیاری گەڕۆک، فرۆشیارە گەڕۆکەکە پێشینەکەی بۆ بازرگانەکە گێڕایەوە، ئەگەر بازرگانەکە نکولی کرد لەوەی کە فرۆشیاری گەڕۆک داوێتیەوە، لە سەر فرۆشیاری گەڕۆک پێویستە دانەوەکەی لە بەردەم خوا و شایەتەکان دا بسەلمێنێ، بازرگانەکە پێویستە، بە هۆی نکولی کردنەکەیەوە، لەوەی کە فرۆشیارە گەڕۆکەکە داوێتیەوە، شەش قاتی ئەو پێشینەیەی کە داوێتی بە فرۆشیارە گەڕۆکەکە بداتەوە.

مادەی 108: ئەگەر ژنە مەیفرۆشەکە لە نرخی مەی دا دانەوێڵەی وەرگرت لە باتی پارە بە کێشی قورس، بەوەش نرخی مەی لە بەرامبەر دانەوێڵەدا دابەزاند، ئەبێ ئەم فێڵەی مەیفرۆشەکە بسەلمێنن، ئەوسا بیهاوێژنە ناو روبارەوە.

مادەی 109: ئەگەر دەسبڕەکان (تاوانباران) لە ماڵی ژنە مەیفرۆشەکە کۆ بونەوە و، ئەو دەسبڕانەی دەسگیر نەکرد و، نەیدانە دەست کۆشک، ئەم ژنە مەیفرۆشە ئەکوژرێ.

مادەی 110: ئەگەر کاهینەی نادیتوم (پلەیەکی ئاینیی ژنانی ناو پەرستگاکان بوە) و ئینتوم (پلەیەکی ئاینیی ژنانی ناو پەرستگاکان بوە) لە دێرەکەدا نیشتەجێ نەبێ و مەیخانەیەکی کردەوە یا چوە ناو مەیخانەیەکەوە بۆ خواردنەوەی شەراب یا بیرە، ئەبێ ئەو ژنە بسوتێنن.

مادەی 111: ئەگەر ژنە مەیفرۆشەکە شەرابی بیخمی بە قەرز دا، ئەبێ لە کاتی بەرهەمهەڵگرتن دا پەنجا سوت (ئەندازەیەکی کێشانی بوە) دانەوێڵە وەربگرێتەوە.

مادەی 112: ئەگەر پیاوێ گەشتێکی بازرگانی کرد و زیو یا زێڕ یا بەردی گرانبەها یا هەرشتێکی تری ئەم پیاوە هەیبێ بیدا بە یەکێکی تر بۆی بگوێزێتەوە، ئەگەر ئەم پیاوە ئەوەی پێی سپێردراوە نەیگوێزایەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆی بگوێزێتەوە و دەستی بە سەردا گرت، خاوەنی ئەو شتانەی ئەبو بگوازرێتەوە، ئیسپاتی بکا کە شتەکانی نەگواستۆتەوە بۆ شوێنی ویستراو، ئەوسا ئەو پیاوە ئەبێ پێنج قاتی ئەوەی دراوێتێ بداتەوە بە خاوەنی شتەکان.

مادەی 113: ئەگەر پیاوێ دانەوێڵە یا زیوی لە سەر پیاوێکی تر هەبێ، ئەگەر دانەوێڵەی لە عەمارەکە یا لە خەرمانەکە بە بێ رەزامەندی خاوەنەکەی برد، ئەبێ بیسەلمێنن کە ئەو پیاوە بێ رەزامەندی خاوەنەکەی دانەوێڵەکەی لە عەمار یا لە خەرمانەکە بردوە، ئەبێ ئەوەندەی لە دانەوێڵەکە بردویەتی بگێڕێتەوە و هەمو ئەو پێشینەیەی کە دابویە لە دەس ئەچێ.

مادەی 114: ئەگەر پیاوێ دانەوێڵە یا زیوی لە سەر یەکێکی تر نەبێ، ئەگەر کابرایەکی بە کەفیل گل دایەوە، ئەبێ وەکو قەرەبو سێیەکی مەنێ زیو بدا بە هەر یەکێ لە گلدراوەکان.

مادەی 115: ئەگەر پیاوێ دانەوێڵە یا زیوی لە سەر پیاوێکی تر هەبو، یەکێکی بە کەفیل لای خۆی گل دایەوە، ئەگەر کەفیلەکە بە مردنێکی ئاسایی مرد لە ماڵی گلدەرەوەکەی دا، ئەم پرسە پێویستی بەوە نیە سکاڵای لە سەر تۆمار بکرێ.

مادەی 116: ئەگەر کەفیل لە ماڵی گلدەرەوەکەی بە لێدان یا بە بەدرەفتاری مرد، خاوەنی کەفیل ئەبێ ئەوە لە سەر بازرگانەکە ئیسپات بکا، ئەگەر کەفیل کوڕی پیاوێ بێ ئەبێ کوڕەکەی بکوژن، ئەگەر کۆیلەی پیاوێ بێ ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو بدا و هەمو ئەوەشی کە بە پێشینە داوێتی ئەفەوتێ.

مادەی 117: ئەگەر پیاوێ لە سۆنگەی هاتنی کاتی دانەوەی قەرزەوە هەڵپێچرا و لە ئەنجامی ئەوەدا ژنەکەی یا کوڕەکەی یا کچەکەی بە پارە فرۆشت یا خستنیە ژێر کۆیلەیەتی خاوەن قەرزەکەی، ئەبێ سێ ساڵ لە ماڵێ کرێیارەکە یا لە ماڵی ئەوەی کۆیلەی کردون کار بکەن، لە ساڵی چوارەم دا ئازادبیان بۆ ئەگەڕێتەوە.

مادەی 118: ئەگەر کۆیلەیەک یا کەنیزەکێ درایە خاوەن قەرزی ئاغاکەی، ئەبێ بازرگانەکە چاوەڕێ بکا تا کاتی دانەوەی قەرزەکە بە سەر ئەچێ و، بۆی هەیە بیفرۆشێ بەرامبەر پارە، کۆیلەکە و کەنیزەکەکە مافیان نیە دژی کارەکەی بازرگانەکە سکاڵا بکەن.

مادەی 119: ئەگەر پیاوێ لە سۆنگەی هاتنی کاتی دانەوەی قەرزەوە هەڵپێچرا، کەنیزەک ەکەی خۆی کە منداڵی لێی بوە دا بە پارە، ئەتوانێ پارەکە بداتەوە بە بازرگانەکەی پارەکەی دابویە و کەنیزەکەکەی ئازاد بکا.

مادەی 120: ئەگەر پیاوێ دانەوێڵەکەی لە گەنجینەی پیاوێکی تردا هەڵگرت، عەمارەکە زەرەری لێ کەوت، یا خاوەن ماڵەکە گەنجینەکەی کردەوە و دانەوێڵەکەی برد، یا نکولی کرد لە هەمو ئەو دانەوێڵەیەی کە لە ماڵەکەی ئەودا هەڵگیرا بو، ئەبێ خاوەنی دانەوێڵەکە لە بەردەم خوادا مافەکەی بسەلمێنێ، ئەوسا خاوەن ماڵەکە ئەبێ دوقاتی دانەوێڵەکەی بردویەتی بگێڕێتەوە بۆ خاوەنی دانەوێڵەکە.

مادەی 121: ئەگەر پیاوێ دانەوێڵەی لە ماڵی پیاوێکی تردا هەڵگرت، ئەبێ لە ساڵێک دا پێنج قا (ئەندازەیەک بوە لە دانەوێڵە) لە هەر کوریکی دانەوێڵەکە لە باتی کرێی هەڵگرتن بداتێ.

مادەی 122: ئەگەر پیاوێ زیو یا زێڕ یا هەر شتێکی تری دا بە پیاوێکی تر بۆ ئەوەی بۆی بپارێزێ، ئەبێ چەند شایەتێ شایەتی بدەن لە سەر ئەوەی ئەیداتێ، وە ئەبێ گرێبەستێ بنوسن بۆ ئەو شتەی کە داوێتێ بپپارێزێ.

مادەی 123: ئەگەر شتەکانی بە بێ شایەت و بە بێ گرێبەستی نوسراو دابو بپارێزرێ، دوای ئەوە ئەو شوێنەی لێی دانرا بو نکولییان لێ کرد، ئەم پرسە کە نکولی لێ کراوە پێویست بە تۆماری سکاڵا ناکا.

مادەی 124: ئەگەر پیاوێ زیو یا زێڕ یا هەر شتێکی تری، لە بەردەم شایەت دا، دا بە پیاوێکی تر بیپارێزێ، دوای ئەوە ئەو پیاوە نکولی لێ کرد، ئەبێ نکولیەکەی ئەم پیاوە بسەلمێنن، ئەوسا ئەبێ دوقاتی ئەوە بدا.

مادەی 125: ئەگەر پیاوێ شتێکی دا بۆی بپارێزن، ئەو شتەی دای نابو لە گەڵ شتی خاوەن ماڵەکە گوم بو بە هۆی برینی دیوار یا هەڵگەڕان بە ماڵەکەدا و ئەوەش بە هۆی کەمتەرخەمی خاوەن ماڵەکەوە بو، ئەبێ ئەوەی دراوێتێ و لێی دزراوە قەرەبوی بکاتەوە، خاوەن ماڵەکەش ئەبێ بەردەوام بۆ شتە دزراوەکەی بگەڕێ و لە دزەکەی بسێنێتەوە.

مادەی 126: ئەگەر پیاوێ شتی خۆی لێ نەدزرا، بەڵام وتی شتەکانم دزراوە و بەوەش ئەنجومەنی شارەکەی تەفرە دا، ئەبێ ئەنجومەنی شارەکەی لە بەردەم خوادا بیسەلمێنێ کە هیچی لێ نەدزراوە، ئەوسا ئەبێ دوقاتی ئەوەی سکاڵای بۆ کردوە بدا بە ئەنجومەنی شارەکەی.

مادەی 127: ئەگەر پیاوێ بو بە هۆی ئەوەی پەنجە بۆ کاهینە ئینتوم یا ژنی پیاوێ رابکێشرێ، بەڵام تۆمەتەکەی نەسەلماند، ئەبێ ئەم پیاوە لە بەردەم دادوەرەکان دا دارکاری بکرێ و نیوەی قژی سەری بتاشرێ.

مادەی 128: ئەگەر پیاوێ ژنێکی هێنا و گرێبەستی تۆمار نەکرد، ئەم ژنە هاوسەری شەرعی نیە.

مادەی 129: ئەگەر ژنی پیاوێ بە راکشاوی لە گەڵ پیاوێکی تر دا، گیرا، ئەبێ هەردوکیان پێکەوە ببەسترێنەوە و بهاوێژرێنە ناو ئاوەوە، ئەگەر پیاوەکە ویستی ژیانی ژنەکەی بهێڵێتەوە، شاهیش ژیانی نۆکەرەکەی ئەهێڵێتەوە.

مادەی 130: ئەگەر پیاوێ کتوپڕ ژنی پیاوێکی تری، کە هێشتا پیاوەکەی نەناسی بێ و، هێشتا لە ماڵی باوکی دا بژی، لە باوەشی دا بینی و لەو کاتەدا گیرا، ئەم پیاوە ئەکوژرێ و ژنەکە بەر ئەدرێ.

مادەی 131: ئەگەر ژنی پیاوێ لە لایەن پیاوەکەیەوە تۆمەتبار کرا، بەڵام هیچ پیاوێکی بە سەرەوە نەگیرا بو، ئەبێ سوێند بە ژیانی خوا بخوا (سەبارەت بە پاکی خۆی) ئەوسا بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی.

مادەی 132: ئەگەر پەنجە راکێشرا بۆ ژنی پیاوێ بە هۆی پیاوێکی ترەوە، بەڵام ئەو پیاوەی بە سەرەوە نەگیرا بو، ئەبێ خۆی بهاوێژێتەوە ناو روبارەوە (بۆ سەلماندنی پاکی خۆی) بەرامبەر بە مێردەکەی.

مادەی 133. أ: ئەگەر پیاوێ بە دیل گیرا و خواردنی تەواو لە ماڵەکەی دا هەبو، ئەبێ ژنەکەی پاکی خۆی لە ماوەی بزربونی مێردەکەی دا بپارێزێ، مافی ئەوەی نیە بچێتە ماڵی پیاوێکی تر.

مادەی 133. ب: ئەگەر ئەو ژنە پاکێتی خۆی رانەگرت و چوە ماڵی پیاوێکی تر، ئەبێ ئەمە بە سەر ژنەکەدا ئیسپات بکەن و بیهاوێژنە روبارەوە.

مادەی 134: ئەگەر پیاوێ بە دیل گیرا و خواردنی تەواو لە ماڵەکەی دا نەبو، ژنەکەی چوە ماڵی پیاوێکی ترەوە، ئەم ژنە گوناهی نیە.

مادەی 135: ئەگەر پیاوێ بە دیل گیرا و خواردنی کافی لە ماڵەکەی دا نەبو، ژنەکەی پێش ئەوەی ئەم بگەڕێتەوە چوە ماڵی پیاوێکی تر و، منالّی لێی بو، دوای ئەوە مێردەکەی گەڕایەوە و گەیشتەوە شارەکەی، ئەبێ بچێتەوە بۆ لای مێردەکەی، منالّەکان هەریەکەیان ئەچێتەوە لای باوکی خۆی.

مادەی 136: ئەگەر پیاوێ شارەکەی ئافەرۆز کرد و هەڵات، ئینجا ژنەکەی چوە مااڵی پیاوێکی تر، ئەگەر ئەم پیاوە گەڕایەوە و ژنەکەی لە مااڵی پیاوێکی تردا گرت، ژنی هەڵاتوەکە نابرێتەوە لای میردەکەی لە سۆنگەی بوغزاندنی شارەکەی و هەڵاتنی لێی.

مادەی 137: ئەگەر پیاوێ بڕیاری دا شوگیتومێ کە منااڵی لێی بوە تەاڵق بدا، یان نادیتوم تەاڵق بدا کە منااڵی بۆ بردوە، ئەبێ جیازییەکانی بدەنەوە و نیوەی بەروبومی کێڵگەکە و باخەکە و نیوەی دارایی گوێزراوەی بدەنێ، ئەبێ ئەویش منااڵکان پەروەردە بکا، پاش پەروەردەکردنی منااڵکانی، ئەبێ میراتی یەککەسسی لە هەمو شتەکانی دراوە بە منااڵکان بدرێتێ و، بۆی هەیە ئەو مێردە هەڵبژێرێ کە حەزی لێیەتی.

مادەی 138: ئەگەر پیاوێ ویستی ژنەکەی کە منااڵی نابێ تەاڵق بدا، ئەبێ بە قەدەر ماڵییەکەی پارەی بداتێ و، ئەو جیازییانەی لە مااڵی باوکیەوە هێناوێتی بدرێتەوە، ئینجا تەاڵقی بدا.

مادەی 139: ئەگەر مارەیی نەبێ، لە بەرامبەر تەاڵقەکەی دا، ئەبێ یەک مەن زیوی بداتێ.

مادەی 140: ئەگەر پیاوەکە ئاغا بو، ئەبێ سێیەکی مەنێ زیوی بداتێ ئەوسا تەاڵقی بدا.

مادەی 141: ئەگەر ژنی پیاوێ بڕیاری دا لە مااڵی مێردەکەی بڕوا و، کارێکی کرد ماڵەکەی تێک بدا و، لە پایەی مێردەکەی دابەزێنێ، ئەبێ ئەوەی لە سەر بسەلمێنرێ، ئەگەر مێردەکەی ویستی تەاڵقی بدا، ئەتوانێ تەاڵقی بدا و پارەی تەاڵقەکەی نەداتێ، وە ئەگەر مێردەکەی وتی تەاڵقی نادا، مێردەکەی ئەتوانێ ژنێکی تر بهێنێ و، ژنەکەی ترى وەکو کەنیزەک لە مااڵی مێردەکەی دا بژی.

مادەی 142: ئەگەر ژنێ رقی لە مێردەکەی بو، پێی وت: "توخنم مەکەوە"، لە بەڕێوەبەرایەتی شارەکەدا رەفتاری هەڵئەسەنگێنرێ، ئەگەر سەاڵر بو و هیچ چەوتیەکی نەکرد بو، لە کاتێک دا مێردەکەی زۆر لە ماڵ دەربچێ و لە پایەی ئەم کەم بکاتەوە، ئەو ژنە گوناهی نیە و، ئەتوانێ جیازییەکانی کە لە مااڵی باوکیەوە لە گەڵ خۆی هێناوێتی بباتەوە و بڕواتەوە بۆ مااڵی باوکی.

مادەی 143: ئەگەر سەاڵر نەبێ و زۆر دەربچێ و بەوە ماڵەکەی تێک بدا و لە پایەی مێردەکەی دابەزێنێ، ئەبێ ژنەکە بهاوێژنە ناو ئاوی روبارەکەوە.

مادەی 144: ئەگەر پیاوێ کاهێنەی نادیتومی کردە هاوسەری و ئەم نادیتومە کەنیزەکێکی دا بە مێردەکەی و، ئەوەش بو بە هۆی ئەوەی ببێتە خاوەن منااڵ، ئەگەر پیاوەکە ویستی شوگیتوم بە هاوسەر بگرێ، رێی پێ نادرێ و نابێ شوگیتوم بهێنێ.

مادەی 145: ئەگەر پیاوێ کاهینەی نادیتومی هێنا، بەاڵم منااڵی بۆ نەهێنا، ویستی شوگیتوم بە هاوسەر بگرێ، ئەتوانێ شوگیتوم بهێنێ و بیباتە ماڵەکەی خۆی، نابێ ئەم شوگیتومە خۆی لە گەڵ کاهینەی نادیتوم بە یەکسان دابنێ.

مادەی 146: ئەگەر پیاوێ کاهینەی نادیتومی کردە هاوسەری و نادیتوم کەنیزەکێکی بە مێردەکەی بەخشی، منااڵی لێی بو، ئەوسا کەنیزەکەکە خۆی بە یەکسان دانا لە گەڵ ئاغاژنەکەدا، بە هۆی منااڵبونیەوە ئاغاژنەکەی بۆی نیە بە پارە بیفرۆشێ، بەاڵم بۆی هەیە نیشانەی کۆیلەیەتی لە سەر دابنێ و بە کەنیزەکی بژمێرێ.

مادەی 147: ئەگەر کەنیزەکەکە منااڵی نەبو، ئاغاژنەکەی مافی هەیە بە پارە بیفرۆشێ.

مادەی 148: ئەگەر پیاوێ ژنێکی هێنا و نەخۆشیەکی سەختی گرت، ئەگەر ویستی ژنی دووەم بهێنێ، ئەتوانێ بیهێنێ بەڵام نابێ ژنەکەی کە گرفتاری نەخۆشی سەخت بوە تەڵاق بدا، بۆی هەیە لەو ماڵەدا نیشتەجێ بێ کە دروستی کردوە، تا زیندو بێ ئەبێ مێردەکە ئەرکی هەڵبگرێ.

مادەی 149: ئەگەر ئەو ژنە ئارەزوی نەکرد لە ماڵی مێردەکەی دا بژی (پاش ئەوەی ژنێکی تری هێناوە) ئەبێ ئەو جیازییانەی بدرێتەوە کە لە ماڵی باوکیەوە هێناوێتی و ئەتوانێ بڕوا.

مادەی 150: ئەگەر پیاوێ کێڵگەیەک یا باخێک یا داراییەکی گوێزراوەی بە دیاری دا بە ژنەکەی و لە سواڵەتێکی مۆرکراودا تۆماری کرد، پاش مردنی مێردەکەی منااڵەکانی مافی داواکردنیان نیە (ئەوەی مێردەکەی بە دیاری داوێتێ) ، دایکەکە دوای ئەوە ئەتوانێ (داراییەکەی) بدا بە کوڕە خۆشەویستەکەی و نابێ بیداتە کەسێکی بێگانە.

مادەی 151: ئەگەر ژنێ لە ماڵی پیاوێک دا بژی (وەکو هاوسەر) و لە گەڵ مێردەکەی ڕێکەوت و گرێبەستێکی لە گەڵ تۆمار کرد کە خاوەن قەرزی مێردەکەی مافی ئەوەی نیە ئەم ببا (بە کەفیل یا بە بارمتە)، ئەگەر قەرزێ لە سەر ئەم پیاوە بوبێ پێش ئەوەی ئەم ژنە بە هاوسەر بگرێ، خاوەن قەرز هەرگیز بۆی نیە ژنەکەی ببا، یان ئەگەر قەرزێ لە سەر ئەو ژنە بوبێ پێش ئەوەی بچێتە ماڵی پیاوەکەی (مێردەکەی)، خاوەن قەرزەکە هەرگیز مافی نیە مێردەکە (بە بارمتە) بگرێ.

مادەی 152: ئەگەر قەرزێ کەوتە سەر هەردوکیان (مێرد و ژنەکە) پاش چونی ژنەکە (هاوسەر) بۆ ماڵی پیاوەکە (مێرد)، پێویستە هەردوکیان پێکەوە قەرزەکە بدەنەوە.

مادەی 153: ئەگەر هاوسەری پیاوێ، لە پێناوی پیاوێکی تردا، بو بە هۆی مردنی مێردەکەی، ئەبێ ئەم ژنە بخرێتە سەر قازوخ.

مادەی 154: ئەگەر پیاوێ لاقەی کچەکەی خۆی کرد، ئەبێ ئەم پیاوە شاربەدەر بکرێ.

مادەی 155: ئەگەر پیاوێ بوکی بۆ کوڕەکەی هەڵبژارد، کوڕەکەی لە گەڵی جوت بو، دوای ئەوە پیاوەکەیان (باوکی مێردەکەی) گرت لە باوەشی کچەکەدا نوست بو، ئەبێ ئەم پیاوە ببەستنەوە و بیهاوێژنە ناو ئاوەوە.

مادەی 156: ئەگەر پیاوێ بوکی بۆ کوڕەکەی هەڵبژارد، بەڵام کوڕەکەی لە گەڵی جوت نەبوبو، ئەم لە باوەشی دا نوست، ئەبێ نیو مەن زیوی بداتێ و هەرچیەکی لە ماڵی باوکیەوە هێنابێ بۆی بگێڕێتەوە، مافی هەیە ئەو مێردە هەڵبژێرێ کە خۆی حەزی لێیەتی.

مادەی 157: ئەگەر پیاوێ پاش مردنی باوکی لە باوەشی دایکی دا نوست، ئەبێ هەردوکیان بسوتێنن.

مادەی 158: ئەگەر پیاوێ پاش مردنی باوکی لە باوەشی باوەژنەکەی دا گیرا، ئەبێ ئەم پیاوە لە ماڵی باوکی دەربکرێ.

مادەی 159: ئەگەر پیاوێ دیاریی خوازبێنی هێنا بۆ ماڵی خەزوری و مارەییەکەی دا، دوای ئەوە سەیری ژنێکی تری کرد و بە خەزوری وت: : "کچەکەی تۆ ناهێنم"، باوکی کچەکە بۆی هەیە هەمو ئەو شتانە ببا کە زاوا لە گەڵ خۆی هێنا بونی.

مادەی 160: ئەگەر پیاوێ دیاریی خوازبێنی هێنا بۆ ماڵی خەزوری و مارەییەکەی دا، ئینجا باوکی کچەکە وتی: "کچەکەی خۆمت نادەمێ"، ئەبێ خەزوری دو قاتی هەمو ئەو شتانەی بۆ زاوا بگێڕێتەوە کە لە گەڵ خۆی هێنابونی.

مادەی 161: ئەگەر پیاوێ دیاریی خوازبێنی هێنا بۆ مالّی خەزوری و مارەییەکەی دا، دوای ئەوە هاوەڵەکەی داوێنپیسی لە گەڵ کرد، ئەگەر خەزوری بە مێردی ژنەکەی (زاواکەی) وت: "کچەکەم ناکەم بە هاوسەرت"، ئەبێ خەزوری دوقاتی هەمو ئەو شتانەی بداتێ کە لە گەڵ خۆی هێنابوونی، بۆ هاوەڵەکەشی نیە ژنەکەی بهێنێ.

مادەی 162: ئەگەر پیاوێ هاوسەری گرت و منالّی لێی بو، ئینجا ئەم ژنە مرد، باوکی مافی ئەوەی نیە داوای ئەو جیازییە بکا (کە لە مالّی باوکیەوە هێنا بونی)، چونکە جیازییەکە ئەگەڕێتەوە بۆ منالّەکانی.

مادەی 163: ئەگەر پیاوێ هاوسەری گرت و منالّی لێی نەبو، ئینجا ئەم ژنە مرد، ئەگەر خەزوری مارەییەکەی هێنا بوەوە بۆ مالّی خۆی، مێردەکەی مافی ئەوەی نیە داوای جیازییەکانی ئەم ژنە بکا (کە لە مالّی باوکی هێنا بونی) چونکە جیازییەکانی هی مالّی باوکێتی.

مادەی 164: ئەگەر خەزوری مارەییەکەی بۆ نەگێڕایەوە، ئەتوانێ بە قەدەر چەردەی مارەییەکە لە جیازییەکە هەڵبگرێ و پاشماوەی جیازییەکە بگێڕێتەوە بۆ مالّی باوکی (ژنە مردوەکە).

مادەی 165: ئەگەر پیاوێ کێڵگەیەک یا باخێک یا خانویەکی بەخشی بە کوڕە خۆشەویستەکەی، ئەمەی لە سەر سواڵەتێکی مۆرکراو نوسی، کاتێ براکان، دوای مردنی باوکیان، (کەلەپورەکەی) دابەش ئەکەن، ئەبێ ئەو دیاریە هەڵبگرێ کە باوکی داوێتێ، سەرەڕای ئەوەش ئەبێ دارایی مالّی باوک بە یەکسانی دابەش بکەن.

مادەی 166: ئەگەر پیاوێ ژنی بۆ کوڕەکانی هێنا، بەڵام ژنی بۆ کوڕە بچوکەکەی نەهێنا بو، کاتێ براکان (کەلەپورەکە) دوای مردنی باوکیان دابەش ئەکەن، پێویستە لە سەریان پارەی مارەیی هاوسەرگیری بۆ برا بچوکەکەیان کە پێشتر ژنی نەهێناوە لێ دەربهێنن و بیدەنێ، سەرەڕای بەشەکەی خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێ هاوسەرگیری بکا.

مادەی 167: ئەگەر پیاوێ ژنی هێنا و منالّی لێی بو، ئینجا ئەو ژنە مرد، دوای ئەو ژنێکی تری هێنا و منالّی لێی بو، ئەوسا باوکەکە مرد، کوڕەکان لە سەر بنچینەی دایکەکان (کەلەپورەکە) دابەش ناکەن، ئەبێ جیازیی دایکیان (کوڕانی هەر دایکێ بە جیا) هەڵبگرن، ئەوسا دارایی مالّی باوکیان بە یەکسانی دابەش بکەن.

مادەی 168: ئەگەر پیاوێ بڕیاری دا کوڕەکەی لە میرات بێبەش بکا و، بە دادوەرەکانی وت: "ئەمەوێ کوڕەکەم لە میرات بێبەش بکەم"، ئەبێ دادوەرەکان رەفتاری هەڵبسەنگێنن، ئەگەر کوڕەکەی گوناهێکی گەورەی وای نەکردبێ شایانی بێبەشکردن بێ، باوکەکە بۆی نیە کوڕەکەی لە میراتەکەی بەشبڕاو بکا.

مادەی 169: ئەگەر کوڕەکە گوناهێکی گەورەی کرد شایانی بێبەشکردنی بێ لە کەلەپور، ئەبێ جاری یەکەم لێی ببورن، ئەگەر بۆ جاری دوەم گوناهێکی گەورەی کرد، باوک بۆی هەیە کوڕەکەی لە میراتەکەی بەشبڕاو بکا.

مادەی 170: ئەگەر پیاوێ لە هاوسەرە (ئەسڵیەکەی) منالّی بو، هەروەها لە کەنیزەکەکەی منالّی بو، ئەگەر باوکەکە لە ژیانی خۆی دا بەو منالّانەی کە لە کەنیزەکەکە بویەتی وتی: "ڕۆڵەکانم" و، لە گەڵ منالّەکانی هاوسەرە ئەسڵیەکەی ژماردن، پاش مردنی باوک، منالّانی هاوسەرە ئەسڵیەکە و منالّانی کەنیزەکەکە دارایی مالّی باوک بە یەکسانی دابەش ئەکەن و، جێگرەوەکەی، کوڕی هاوسەرە ئەسڵیەکە، بەشی خۆی هەڵئەبژێرێ و ئەبا.

مادەی 171: ئەگەر باوک لە ژیانی خۆی دا بەو منالانەی کە لە کەنیزەکەکەی بوە نەوتبێ: "رۆڵەکانم"، پاش مردنی باوکەکە، منالانی کەنیزەکەکە لە گەڵ منالانی هاوسەرە ئەسڵیەکە دارایی مالّی باوکیان دابەش ناکەن. ئەبێ ئازادی ببەخشرێ بە کەنیزەکەکە و منالّەکانی، منالانی هاوسەرە ئەسڵیەکە مافی ئەوەیان نیە منالانی کەنیزەکەکە بە کۆیلە دابنێن، هاوسەرەکە (ئەسڵیەکە) جیازییەکەی (کە لە مالّی باوکیەوە هێناوێتی) وەرئەگرێتەوە و، ئەو دیارییەی کە مێردەکەی پێی بەخشیوە و سوالّەتێکی مۆرکراوی بۆ نوسیوە، مافی ئەوەی هەیە لە مالّی مێردەکەی دا بژی و، ئەتوانێ تا لە ژیان دا بمێنێ کەڵکی لێ وەربگرێ، بەڵام مافی نیە بیفرۆشێ چونکە دوای ئەو ئەگەڕێتەوە بۆ کوڕەکانی.

مادەی 172: ئەگەر مێردەکەی (لە ژیانی خۆی دا) دیاریی هاوسەرگیری نەدابویە، ئەبێ بەو جیازییە قەرەبوی بکەنەوە (کە لە مالّی باوکیەوە هێناوێتی)، بۆی هەیە وەکو یەکێ لە وەرەسە پشکێ لە دارایی مالّی مێردەکەی وەربگرێ، ئەگەر کوڕەکانی بەدرەفتارییان لە گەڵ کرد بۆ ئەوەی لە مالّەکە دەری بکەن، ئەبێ دادوەرەکان لە پرسەکەی بپێچنەوە و بڕیاری سزادانی کوڕەکان بدەن، ئەم ژنە لە مالّی مێردەکەی دەرناکرێ، بەڵام ئەگەر ئەو ژنە بڕیاری دەرچونی دا (لە مالّی مێردەکەی)، ئەبێ ئەو دیارییەی مێردەکەی داوێتێ بۆ کوڕەکانی بەجێ بهێڵێ، بۆی هەیە جیازییەکەی مالّی باوکی بباتەوە، ئەوسا ئەتوانێ ئەو مێردە هەڵبژێرێ کە خۆی ئارەزوی لێیەتی.

مادەی 173: ئەگەر ئەو ژنە لەو مالّەدا کە بۆی چوە منالّی لە دوامێردی بو، دوای مردنی ئەو ژنە منالانی پێشوی و منالانی دوایی جیازییەکەی دابەش ئەکەن.

مادەی 174: ئەگەر لە دوامێردی منالّی نەبو، منالانی مێردی پێشو دیاریەکەی ئەبەن.

مادەی 175: ئەگەر کۆیلەی کۆشک یا کۆیلەی ئاغا کچی پیاوێکی (ئازاد) ی هێنا و، ژنەکە منالّی بو، خاوەنی کۆیلە بۆی نیە داوا بکا منالانی کچی پیاوە ئازادەکە ببنە کۆیلەی.

مادەی 176. أ: ئەگەر کۆیلەی کۆشک یا کۆیلەی ئاغا کچی پیاوێکی ئازادی هێنا، لە سەردەمی هاوسەرگیری دا، بە جیازییەکانی مالّی باوکیەوە چوە مالّی کۆیلەی کۆشک یا کۆیلەی ئاغا، پاش ئەوەی پێکەوە ژیان و پێکەوە خانویان کرد و کەلوپەلیان ساز کرد، پاش ئەوە کۆیلەی کۆشک یا کۆیلەی ئاغا مرد، کچی پیاوە ئازادەکە ئەتوانێ جیازییەکەی وەربگرێتەوە. ئەوەش کە بەیەکەوە ژنەکە و مێردەکەی پێکیانەوە ناوە لەو کاتەوە پێکەوە ژیاون بکەن بە دو بەشەوە، خاوەن کۆیلە نیوەی ئەبا و کچی پیاوە ئازادەکەش نیوەکەی تری بۆ منالّەکانی ئەبا.

مادەی 176.ب: ئەگەر کچی پیاوە ئازادەکە جیازیی نەبوبێ، ئەبێ هەمو ئەو شتانەی ئەو و مێردەکەی لەو کاتەوە پێکەوە ژیاون پێکیانەوە ناوە بکەن بە دو بەشەوە، خاوەن کۆیلە نیوەی ئەبا و کچی پیاوە ئازادەکەش نیوەکەی تری بۆ منالّەکانی ئەبا.

مادەی 177: ئەگەر بێوەژنێ کە هێشتا منالّەکانی وردن، بچێتە مالّەمێردی دوەم، مافی ئەوەی نیە بێ ئاگاداری دادوەر. کاتێ ئەچێتە مالّی مێردی دوەم، دادوەرەکان ئەبێ لە هەلومەرجی مالّی مێردی پێشوی بکۆڵنەوە و، بەرپرسیارێتی مالّی مێردی پێشوی بەو ژنە و بە مێردەکەی ئێستای بسپێرن و داوایان لێ بکەن لە سوالّەتێک دا بەڵێن بدەن کە پارێزگاری مالّەکە و

پەروەردەی منالّەکە بکەن، بۆیان نیە کەلوپەلی مالّەکە بە پارە بفرۆشن. ئەو کرپیارەی کەلوپەلی منالّانی بێوەژنەکە بکرێ پارەکەی ئەدۆرێنێ و کەلوپەلەکان ئەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

مادەی 178: ئەگەر کاهینەی ئینتوم یا نادیتوم یا یەکێ لە حەریمەکانی کۆشک، باوکی دیاریەکی دابویە و لە سەر سوالّەتێ بۆی تۆمار کرد بو، بەلّام لەو سوالّەتە نوسراوەدا مافی ئەوەی پێ نەدابو بەرپرسیارێتی دیاریەکە بدا بەوەی خۆی ئەیەوێ و ئازادی بەکارهێنانی نەدابویە، پاش مردنی باوکی، براکانی کێلّگەکەی و باخەکەی وەرئەگرن و خواردن و رۆن و جلوبەرگی بە قەدەر بەشەکەی ئەدەنێ و رازی ئەکەن، ئەگەر براکانی خواردن و رۆن و جلوبەرگی بە قەدەر بەشەکەی خۆی نەدەنێ و رازییان نەکرد، بۆی هەیە کێلّگە و باخەکەی بسپێرێ بەو جوتکارەی خۆی بە دلّیەتی، ئەو جوتکارەش ئەبێ بیژێنێ، بە درێژایی ژیانی بۆی هەیە کەلّک وەربگرێ لە کێلّگە و باخ و هەر شتێکی تری کە باوکی دابێتێ، بەلّام بۆی نیە بە پارە بیانفرۆشێ، یا لە باتی بژاردنی قەرزی یەکێکی تر بە کاریان بهێنێ، دوای ئەو میراتەکە ئەبێ بە هی براکانی.

مادەی 179: ئەگەر کاهینەی ئینتوم یا نادیتوم یا یەکێ لە حەریمەکانی کۆشک، کە باوکی دیاریەکی دابویە و لە سەر سوالّەتێ بۆی تۆمار کرد بو، بەلّام لەو سوالّەتە نوسراوەدا مافی ئەوەی پێ دابو بەرپرسیارێتی دیاریەکە بدا بەوەی خۆی ئەیەوێ و ئازادی بەکارهێنانی دابویە، پاش مردنی باوکی، مافی ئەوەی هەیە بەرپرسیارێتی میراتەکەی بەو کەسە بسپێرێ کە خۆی بە دلّیەتی و، براکانی بۆیان نیە بەرهەلّستی ئەوە بکەن.

مادەی 180: ئەگەر باوک دیاری نەبەخشی بە کچەکەی، کە نادیتومی نیشتەجێی دێر یا یەکێ لە حەریمەکانی کۆشکە، پاش مردنی باوک، مافی هەیە وەکو یەکێ لە وەرەسە لە کاتی دابەشکردنی دارایی مالّی باوکی دا بەشی خۆی وەربگرێ و بۆی هەیە بە درێژایی ژیانی کەلّکی لێ وەر بگرێ، دوای ئەوە میراتەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ براکانی.

مادەی 181: ئەگەر باوکێ کچەکەی وەکو نادیتوم یا کادیشتوم (پلەیەکی ئاینیی ژنانی ناو پەرستگاکان بوە) یا کولماشیتوم (پلەیەکی ئاینیی ژنانی ناو پەرستگاکان بوە) پێشکەشی خوا بکا، بەلّام دیاری نەدانێ، پاش مردنی باوک، مافی هەیە سێیەکی میراتەکەی لە دارایی مالّی باوکی ببا و بە درێژایی ژیانی کەلّکی لێ وەربگرێ، دوای مردنی ئەمیش میراتەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ براکانی.

مادەی 182: ئەگەر باوکێ دیاری نەدا بە کچەکەی کە نادیتومی خوا مەردوخ، خوای شاری بابل، بێ، سوالّەتێکی مۆرکراوی بۆ نەنوسی، پاش مردنی باوکی، مافی هەیە لە کاتی دابەشکردنی دارایی مالّی باوکی دا لە گەلّ براکانی دا سێیەکی میراتەکەی ببا بۆ خۆی، بەرامبەر بەوەش هیچ خزمەتێ پێشکەش ناکا، نادیتومی خوا مەردوخ مافی ئەوەی هەیە بەرپرسیارێتی میراتەکەی بەو کەسە بسپێرێ کە خۆی ئەیەوێ.

مادەی 183: ئەگەر باوکێ دیاری بەخشی بە کچەکەی کە شوگیتوم (پلەیەکی ئاینیی ژنانی ناو پەرستگاکان بوە) بێ و، دای بە شو، بەوەش سوالّەتی مۆرکراوی بۆ نوسی، پاش مردنی باوک، دارایی مالّی باوکی لە گەلّ براکانی دابەش ناکا.

مادەی 184: ئەگەر باوکێ دیاری بە کچەکەی کە شوگیتوم بێ نەبەخشی و نەیدا بە شو، پاش مردنی باوک، پێویستە براکانی ئەوەندەی دارایی ماڵی باوکی رێ ئەدا دیاری بدەنێ و، بیدەن بە شو.

مادەی 185: ئەگەر پیاوێ منانێکی هەڵگرتەوە تا بە ناوی خۆیەوە ناوی بنێ و پەروەردەی کرد، ئەو منانە هەڵگیراوەیە داوا ناکرێتەوە.

مادەی 186: ئەگەر پیاوێ منانێکی هەڵگرتەوە و کاتێ بردیەوە ماڵەکەی خۆی، منانە هەڵگیراوەکە بە دوای دایک و باوکی دا گەڕا، ئەبێ ئەو هەڵگیراوەیە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی.

مادەی 187: کوڕی کەسێکی سەر بە کۆشک کە نیشتەجێی کۆشک بێ (هەڵگیراوە) هەروەها کوڕی حەریمی کۆشک (هەڵگیراوە) داوای گێڕانەوەی ناکرێ.

مادەی 188: ئەگەر پیشەکارێ منانێکی هەڵگرتەوە تا پەروەردەی بکا و فێری ئیشی دەستیی خۆی کرد، داوای ناکرێتەوە.

مادەی 189: ئەگەر پیشەکار ئیشە دەستیەکەی خۆی فێر نەکرد، ئەو منانە هەڵگیراوەیە، مافی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی.

مادەی 190: ئەگەر پیاوێ ئەو منانەی کە هەڵی گرتۆتەوە کە لە گەڵ منانەکانی خۆی پەروەردەی کردوە بەڵام بە یەکێ لەوانی دانەنا، ئەو هەڵگیراوەیە مافی هەیە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی.

مادەی 191: ئەگەر پیاوێ منانێکی هەڵگرتەوە و پەروەردەی کرد و خانوبەرەکی بۆ دروست کرد و بو بە خاوەنی منانْ، ئەوسا پیاوەکە بڕیاری دا واز لە منانە هەڵگیراوەکە بهێنێ، ئەو منانە بە دەستی خاڵی ناڕوا، ئەبێ ئەو باوکەی پەروەردەی کردوە سێیەکی میراتەکەی لە دارایی بداتێ ئینجا بڕوا، هیچ بەشێکی لە کێڵگە و باخ و ماڵ نادات.

مادەی 192: ئەگەر منانی کەسێکی سەر بە کۆشک یا کوڕی حەریمی کۆشک (هەڵگیراوە) بە باوکی وت کە بە خێوی کردوە یا بە دایکی وت کە بە خێوی کردوە: "تۆ باوکم نیت"، یا "تۆ دایکم نیت" ئەبێ زمانی ببڕن.

مادەی 193: ئەگەر کوڕی کەسێکی سەر بە کۆشک یا کوڕی حەریمی کۆشک ماڵی باوکی ئەسڵی خۆی دۆزیەوە و، رقی لەو باوکەی بو کە بەخێوی کردوە و لەو دایکەی کە بەخێوی کردوە و، گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی ئەسڵی، ئەبێ چاوی دەربهێنن.

مادەی 194: ئەگەر پیاوێ کوڕی دا بە دایەنێ و، ئەم کوڕە بە دەستی دایەنەکە مرد. دایەنەکە بێ ئاگاداری دایک و باوکی ئەم شیری دابو بە منانێکی تر، ئەگەر ئەوە بسەلمێنن، کە بەڵێنی داوە بێ ئاگاداری دایک و باوکی (منانە مردوەکە) شیر بدا بە منانێکی تر، ئەبێ مەمکی ببڕن.

مادەی 195: ئەگەر کوڕێ لە باوکی دا ئەبێ دەستی ببڕن.

مادەی 196: ئەگەر پیاوێ چاوی پیاوێکی تری کوێر کرد ئەبێ چاوی کوێر بکەنەوە.

مادەی 197: ئەگەر پیاوێ ئێسکی پیاوێکی تری شکاند ئەبێ ئێسقانی بشکێننەوە.

مادەی 198: ئەگەر پیاوێ چاوی ئاغای کوێر کرد یان ئێسقانی ئاغای شکاند ئەبێ یەک مەن زیو بدا.

مادەی 199: ئەگەر پیاوێ چاوی کۆیلەی پیاوێکی دەرهێنا یا ئێسقانی کۆیلەی پیاوێکی شکاند، ئەبێ نیوەی نرخەکەی بدا.

مادەی 200: ئەگەر پیاوێ دانی پیاوێکی لە چینەکەی خۆی دەرهێنا ئەبێ دانی دەربهێننەوە.

مادەی 201: ئەگەر پیاوی دانی ئاغایەکی دەرهێنا ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو بدا.

مادەی 202: ئەگەر پیاوێ زللە لە رومەتی پیاوێکی لە خۆی بەرزتر بدا، ئەبێ بە ئاشکرا شەست جەلدەی بە قامچی کلکی گا لێ بدرێ.

مادەی 203: ئەگەر پیاوێ زللەی لە پیاوێکی تردا هاوتای خۆی بێ، ئەبێ یەک مەن زیو بدا.

مادەی 204: ئەگەر ئاغایەک زللەی لە ئاغایەکی تر دا ئەبێ دە شیقلی بداتێ.

مادەی 205: ئەگەر کۆیلەی پیاوێک زللەی لە رومەتی یەکێ دا، گوێی ئەبڕدرێ.

مادەی 206: ئەگەر پیاوێ لە پیاوێکی تری دا لە شەڕدا بو بە هۆی بریندار بونی، ئەبێ پیاوەکە سوێند بخوا: "بە ئەنقەست لێم نەداوە" و، ئەبێ پارەی چارەسەرەکەی بدا بە پزیشک.

مادەی 207: ئەگەر پیاوەکە بە لێدانەکەی مرد، ئەبێ سوێند بخوا کە لێدانەکەی بە ئەنقەست نەبوە، ئەگەر کوڕی پیاوێکی ئازاد بێ ئەبێ نیو مەن بدا.

مادەی 208: ئەگەر پیاوەکە کوڕی ئاغا بێ ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو بدا.

مادەی 209: ئەگەر پیاوێ لە کچی پیاوێکی تری دا بو بە هۆی بەر فڕێ دانی ئەبێ دە شیقل زیو بدا بە هۆی بەراویتە کردنەکەوە.

مادەی 210: ئەگەر ئەو ژنە مرد (کچی پیاوەکە) ئەبێ کچەکەی بکوژرێتەوە.

مادەی 211: ئەگەر کچی ئاغا بە هۆی لێدانەوە بەراویتە بو پێویستە ئەوەی لێی داوە پێنج شیقلی زیو بدا.

مادەی 212: ئەگەر ئەو ژنە مرد، ئەبێ نیو مەن زیو بدا.

مادەی 213: ئەگەر پیاوێ لە کەنیزەکێکی دا و، بو بە هۆی بەراویتەبونی ئەبێ دو شیقل زیو بدا.

مادەی 214: ئەگەر ئەو کەنیزەکە مرد. ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو بدا.

مادەی 215: ئەگەر پزیشکێ بە چەقۆ نەشتەرکاری بۆ پیاوێ کرد و ژیانی پیاوەکەی رزگار کرد، یا کالانەی چاوی پیاوێکی بە نەشتەر کردەوە و چاوی پیاوەکەی رزگار کرد، ئەبێ دە شیقل زیو بە پزیشکەکە بدرێ.

مادەی 216: ئەگەر پیاوەکە ئاغا بو، ئەبێ پێنج شیقل زیوی بداتێ.

مادەی 217: ئەگەر کۆیلەی پیاوێ بێ، ئەبێ خاوەنی کۆیلەکە، دو شیقل زیو بدا بە پزیشکەکە.

مادەی 218: ئەگەر پزیشکێ بە چەقۆ نەشتەرکاری بۆ پیاوێ کرد، بو بە هۆی مردنی پیاوەکە، یا کالانەی چاوی کردەوە و چاوی کوێر کرد، ئەبێ دەستی ببڕدرێ.

مادەی 219: ئەگەر پزیشکێ بە چەقۆ نەشتەرکاری بۆ کۆیلەی ئاغایەک کرد و بو بە هۆی مردنی، ئەبێ کۆیلەیەک بە کۆیلەیەک ببژێردرێ.

مادەی 220: ئەگەر پزیشکێ کالانەی چاوی بە نەشتەر کردەوە (هی کۆیلە) و چاوی کوێر کرد. ئەبێ نیوەی نرخەکەی بە زیو بدا.

مادەی 221: ئەگەر پزیشکێ ئێسکی شکاوی پیاوێکی گرتەوە، یا ماسولکەیەکی بریندارى چاک کردەوە، بریندارەکە ئەبێ پێنج شیقلی زیو بدا بە پزیشکەکە.

مادەی 222: ئەگەر بەرکەوتو ئاغا بو ئەبێ سێ شیقلی زیو بدا.

مادەی 223: ئەگەر بریندارەکە کۆیلەی پیاوێ بێ ئەبێ خاوەنی کۆیلەکە دە شیقلی زیو بدا بە پزیشکەکە.

مادەی 224: ئەگەر پزیشکێ گا یا کەرێکی تیمار کرد بریندێکی گەورەی گا یا کەرێکی چاک کردەوە، خاوەن گا یا کەر ئەبێ شەشیەکی زیو هەقدەستەکەی بداتێ.

مادەی 225: ئەگەر پزیشکێ بریندی گەورەی گا یا کەرێکی تیمار کرد و بو بە هۆی مردنی ئەبێ پێنجیەکی نرخەکەی بدا بە خاوەنی گا یا کەرەکە.

مادەی 226: ئەگەر سەرتاشێ سەری کۆیلەیەکی، بێ ئاگاداری خاوەنەکەی، بە جۆرێ تاشی زەحمەت بێ بناسرێتەوە، ئەبێ هەردو دەستی سەرتاشەکە ببڕن.

مادەی 227: ئەگەر پیاوێ سەرتاشێکی ناچار کرد یا هەڵخەڵەتان سەری کۆیلەکە بگۆڕێ بە جۆرێ کە نەناسرێتەوە ئەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ و لە بەر دەرگای ماڵەکەی دا هەڵبواسرێ. ئەبێ سەرتاشەکەش سوێند بخوا کە بە ئەنقەست سەری نەتاشیوە، ئەوسا رێگە بدرێ.

مادەی 228: ئەگەر بەنایەک خانوی بۆ پیاوێ دروست کرد و تەواوی کرد، ئەبێ خاوەن ماڵ دو شیقلی زیو پاداش بە هەر سارێ (ئەندازەیەکی پێوان بوە) لە پانتایی خانوەکە بدا بە بەناکە.

مادەی 229: ئەگەر بەنایەک خانویەکی بۆ پیاوێ دروست کرد، کارەکەی باش نەبو، خانوەکە روخا و، بوە هۆی کوشتنی خاوەن ماڵ، ئەبێ ئەو بەنایە بکوژرێ.

مادەی 230: ئەگەر بو بە هۆی کوشتنی کوڕی خاوەن ماڵ ئەبێ کوڕی بەناکە بکوژرێتەوە.

مادەی 231: ئەگەر بو بە هۆی کوشتنی کۆیلەی خاوەن ماڵ ئەبێ کۆیلەیەک وەکو کۆیلە کوژراوەکە بدا بە خاوەن ماڵ.

مادەی 232: ئەگەر کەلوپەلی خاوەن ماڵ فەوتا ئەبێ شتە فەوتاوەکان ببژێردرێ. لە سۆنگەی روخانی ئەو خانوەی دروستی کردوە و بەرگەی نەگرتوە، ئەبێ بە دارایی تایبەتی خۆی خانوە روخاوەکە دروست بکاتەوە.

مادەی 233: ئەگەر بەنایەک خانویەکی بۆ پیاوێ دروست کرد، کارەکەی بە پێی مەرجەکان نەبو، دیوارەکە درزی برد، ئەبێ بەناکە بە دارایی تایبەتی خۆی دیوارەکە چاک بکاتەوە.

مادەی 234: ئەگەر بەلەمەوانێ کونوکەلەبەری بەلەمی پیاوێکی گرت کە قەوارەکەی شەست کور بێ، خاوەن بەلەم ئەبێ دە شیقلی زیو پاداشتی بداتێ.

مادەی 235: ئەگەر بەلەمەوانێ کونوکەلەبەری بەلەمی پیاوێکی گرت، بەڵام کارەکەی رێکوپێک نەبو، هەمان سالّ بەلەمەکە درزی تێ بو، ئەوەش زیانی لێ کەوتەوە، بەلەمەوان ئەبێ بەلەمەکە بە دارایی تایبەتی خۆی چاک بکاتەوە، بەلەمە چاککراوەکە بگێڕێتەوە بۆ خاوەن بەلەم.

مادەی 236: ئەگەر پیاوێ بەلەمێکی بە کرێ دا بە بەلەمەوانێ بەڵام بەلەمەوانەکە کەمتەرخەم بو نقوم بو یا بەلەمەکە فەوتا، ئەبێ بەلەمەوانەکە بەلەمێ بۆ خاوەن بەلەم ببژێرێ.

مادەی 237: ئەگەر پیاوێ بەلەمەوان و بەلەمێکی بە کرێ گرت و جۆ و خوری و رۆن و خورما یا هەر کەلوپەلێکی تری لێ بار کرد، بەلەمەوانەکە کەمتەرخەم بو بەلەمەکە نقوم بو، بو بە هۆی فەوتانی بارەکە، بەلەمەوانەکە ئەبێ ئەو بەلەمە کە نوقمی کردوە و ئەو شتانەی کە لە ناوی دا بوە و بۆتە هۆی فەوتانی ببژێرێ.

مادەی 238: ئەگەر بەلەمەوانێ بەلەمی پیاوێکی نوقم کرد، ئینجا دەری هێنایەوە (لە ئاوەکە) ئەبێ نیوەی نرخەکەی بە زیو بدا.

مادەی 239: ئەگەر پیاوێ بەلەمەوانێکی بە کرێ گرت، ئەبێ شەش کور دانەوێڵەی لە سالێک دا بداتێ.

مادەی 240: ئەگەر بەلەمێ کە بە سەوڵ ئەڕوا بەر بەلەمێ کەوت کە بە تەوژمی ئاو ئەڕوا، بەلەمەکەی کە بە تەوژمی ئاو ئەڕوا نقوم بو، لە سەر خاوەنی بەلەمەکە، کە بەلەمەکەی نقوم بوە، ئەو شتانەی کە لە ناو بەلەمەکەدا بون و فەوتاون، لە بەردەم خوادا دەربخا وە لە سەر ئەو بەلەمەوانە پێویستە کە بەلەمەکەی بە سەوڵ ئەڕوا و بەلەمی ئەو بەلەمەوانەی نقوم کردوە کە بە تەوژمی ئاو ئەڕوا، ئەبێ بەلەمەکەی و کەلوپەلەکانی ناوی ببژێرێ.

مادەی 241: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە بارمتە گرت، ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو بە قەرەبو بدا.
مادەی 242: ئەگەر پیاوێ گایەکی بۆ ماوەی سالێ بە کرێ گرت، کرێی گاکە لە کۆتایی ساڵەکەدا چوار کور دانەوێڵە ئەبێ.
مادەی 243: ئەبێ پێشەکی بۆ ماوەی سالێ سێ کور دانەوێڵە کرێی گاکە بدا بە خاوەنەکەی.
مادەی 244: ئەگەر پیاوێ گایەک یا کەرێکی بە کرێ گرت و شێرێ لە کێڵگەکەدا کوشتی زەرەرەکە بۆ خاوەنەکەی ئەگەڕێتەوە.
مادەی 245: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە کرێ گرت بە هۆی کەمتەرخەمی یا لێدانەوە کوشتی ئەبێ گایەکی هاوشێوەی گاکە بداتەوە بە خاوەنەکەی کە گاکەی لێ بە کرێ گرت بو.
مادەی 246: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە کرێ گرت و لاقی شکاند یا دەماری ملی بڕی، ئەبێ گایەکی هاوشێوەی گا زەرەدیدەکە بداتەوە بە خاوەنی گاکە.
مادەی 247: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە کرێ گرت و چاوی کوێر کرد، ئەبێ نیوەی نرخەکەی بە زیو بدا بە خاوەن گاکە.
مادەی 248: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە کرێ گرت و شاخی شکاند یا کلکی بڕی یا پێستی پشتی گوری ئەبێ پێنجیەکی نرخەکەی بە زیو بدا.
مادەی 249: ئەگەر پیاوێ گایەکی بە کرێ گرت و خوا لێی دا و مردار بوەوە، ئەبێ ئەو پیاوەی گاکەی بە کرێ گرتوە سوێند بە خوا بخوا، کە هیچ سوچێکی لە مرداربونەوەی گاکەدا نیە، ئەوسا بەر ئەدرێ.
مادەی 250: ئەگەر گایەک لە کاتی رۆیشتنی دا بە بازاڕدا قۆچی لە پیاوێ دا و کوشتی، ئەم پرسە پێویستی بە سکالا نیە.
مادەی 251: ئەگەر پیاوێ گایەکی قۆچوەشێنی هەبو، وە بەڕێوەبەرایەتی شارەکەی ئاگاداریان کرد کە گاکەی قۆچوەشێنە بەڵام قۆچەکەی نەبڕیەوە یا چاودێری گاکەی نەکرد، ئەگەر ئەم گایە قۆچی لە کوڕی پیاوێ دا و بو بە هۆی مردنی، خاوەنی گاکە ئەبێ وەکو قەرەبو نیو مەن زیو بدا.
مادەی 252: ئەگەر مردوەکە کۆیلەی پیاوێ بێ، ئەبێ سێیەکی مەنێ زیو قەرەبوی بکا.
مادەی 253: ئەگەر پیاوێ پیاوێکی بە کرێ گرت و لە سەر کێڵگەکەی داینا و چەردەیەک دانەوێڵەی دایە و چاودێری مانگای پێ سپارد و بۆ چاندنی کێڵگەکەی لە گەڵی رێککەوت، ئەگەر ئەم پیاوە تۆوەکە یا خۆراکی دزی و بە دەستیەوە گیرا، ئەبێ دەستی ببڕن.
مادەی 254: ئەگەر دانەوێڵەکەی بۆ خۆی برد و مانگاکەی برسی کرد، ئەبێ بە دو ئەوەندە دانەوێڵە قەرەبوی بکاتەوە.
مادەی 255: ئەگەر مانگای پیاوێ درا بە کرێگرتەیەک یا تۆوەکەی دزی و لە کێڵگەدا هیچی نەچاند، ئەوکاتەی ئەوەی لە سەر ساغ بوەوە، ئەبێ لە وەرزی هەڵگرتنی خەرمان دا شەست کور دانەوێڵە بۆ هەر بورێ بدا.
مادەی 256: ئەگەر نەیتوانی ئەوەی لەسەرێتی بیدا، ئەبێ بە مانگاکە لە ناو کێڵگەکەدا رابکێشێرێ.
مادەی 257: ئەگەر پیاوێ جوتیارێکی بەکرێ گرت، ئەبێ سالی هەشت کور دانەوێڵەی بداتێ.
مادەی 258: ئەگەر پیاوێ گاوانێکی بە کرێ گرت ئەبێ سالی شەش کور دانەوێڵەی بداتێ.
مادەی 259: ئەگەر پیاوێ گاسنێکی لە کێڵگەدا دزی، ئەبێ پێنج شیقلی زیو قەرەبو بە خاوەن گاسنەکە بدا.
مادەی 260: ئەگەر شەنێ یا خاکەنازێکی دزی ئەبێ سێ شیقلی زیو قەرەبوی بداتێ.

مادەی 261: ئەگەر پیاوێ گاوانێکی بۆ مانگا و مەڕ بەکرێ گرت ئەبێ ساڵی هەشت کور دانەوێڵەی بداتێ.
مادەی 262: ئەگەر .... پیاوێ .... مانگا یا مەڕی ...
مادەی 263: ئەگەر مانگا یا مەڕی کە درابویە فەوتان، ئەبێ خاوەنەکەی بە مانگای هاوشێوەی مانگاکەی و مەڕی هاوشێوەی مەڕەکەی قەرەبو بکاتەوە.
مادەی 264: ئەگەر مانگا یا مەڕ درا بە شوانێ بیانلەوەڕێنێ، کرێی خۆی بە تەواوی وەرگرت و رازی بو، ئەگەر ژمارەی مانگاکان کەمی کرد یا ژمارەی مەڕکان کەمی کرد، ئەوەش بوە هۆی کەمبونەوەی زاووزێ، ئەبێ ئەو کەمبونەوەیەی زاووزێ قەرەبو بکاتەوە و باج بە پێی مەرجەکانی گرێبەستەکە بدا.
مادەی 265: ئەگەر مانگا یا مەڕ درا بە شوان بۆ لەوەڕاندنی، بەڵام گزی کرد و نیشانەی ئاژەڵەکانی گۆڕی و بە زیو فرۆشتنی، کاتێ ئەوەی لە سەر ساغ بوەوە، ئەبێ دەقاتی ئەوەی لە مانگا و مەڕ دزیوێتی قەرەبوی خاوەنەکەی بکات.
مادەی 266: ئەگەر پەتای خوا کەوتە تەویلەکەوە، یا شێر ئاژەڵەکانی کوشت، ئەبێ شوانەکە لە بەردەم خوادا ئۆباڵ لە گەردنی خۆی هەڵبگرێ، ئەو زەرەرەی لە تەویلەکەدا روی داوە ئەکەوێتە سەر خاوەن تەویلەکە.
مادەی 267: ئەگەر شوانەکە کەمتەرخەم بێ و نەخۆشی لە تەویلەکەدا بڵاو بوەوە، ئەبێ شوانەکە ئەو زەرەرە بگرێتە ئەستۆ کە نەخۆشیەکە لە تەویلەکەدا خستویەتی، ئەبێ ئەو مانگاو مەڕە قەرەبو بکاتەوە و بیداتەوە بە خاوەنەکەی.
مادەی 268: ئەگەر پیاوێ گایەکی بۆ گێرە بە کرێ گرت، کرێکەی بیست قا (ئەندازەیەکی کێشان بوە) دانەوێڵەیە.
مادەی 269: ئەگەر پیاوێ کەرێکی بۆ گێرە بەکرێ گرت، کرێکەی دە قا دانەوێڵەیە.
مادەی 270: ئەگەر پیاوێ بزنێکی بۆ گێرە بەکرێ گرت، کرێکەی یەک قا دانەوێڵەیە.
مادەی 271: ئەگەر پیاوێ مانگایەک و عەرەبانەکەی و شوفێرەکەی بەکرێ گرت، ئەبێ رۆژی سەدوهەشتا قا دانەوێڵە کرێ بدا.
مادەی 272: ئەگەر پیاوێ تەنیا عەرەبانەکەی بەکرێ گرت، ئەبێ رۆژی چل قا دانەوێڵە بدا.
مادەی 273: ئەگەر پیاوێ کرێکارێکی بە کرێ گرت، ئەبێ لە سەری ساڵەوە تا کۆتایی مانگی پێنج رۆژی شەش دەنک زیوی بداتێ، وە لە سەرەتای مانگی شەشەوە تا کۆتایی ساڵ رۆژی پێنج دەنک زیوی بداتێ.
مادەی 274: ئەگەر پیاوێ ویستی وەستایەک بەکرێ بگرێ، ئەبێ رۆژی پێنج دەنک زیو کرێی بداتێ ... وە پێنج دەنک زیو کرێ بۆ ...، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ بەرگدرو، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ سەنگتاش، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ زەڕەنگەر، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ ئاسنگەر، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ دارتاش، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ دەباخ، پێنج دەنک زیو کرێ بۆ جۆڵای حەسیر و پێنج دەنک زیو کرێ بۆ بەنا.
مادەی 275: ئەگەر پیاوێ بەلەمێکی بەکرێ گرت، کرێی رۆژانەی بەلەمەکە سێ دەنک زیوە.
مادەی 276: ئەگەر پیاوێ بەلەمێکی بە کرێ گرت بە هێزی سەوڵ بڕوا، ئەبێ رۆژانە دو دەنکونیو زیو کرێ بدا.

مادەی 277: ئەگەر پیاوێ بەلەمێکی بە قەوارەی شەست کور بە کرێ گرت، ئەبێ رۆژانە شەشیەکی شیقلێکی زیو کرێی بداتێ.

مادەی 278: ئەگەر پیاوێ کۆیلەیەک یا کەنیزەکێکی کڕی پێش ئەوەی مانگێ تەواو بکا نەخۆش کەوت، ئەبێ کڕیارەکە بیگێڕێتەوە بۆ فرۆشیارەکەی، کڕیارەکە پارەکەی وەرئەگرێتەوە.

مادەی 279: ئەگەر پیاوێ کۆیلەیەک یا کەنیزەکێکی کڕی سکاڵایان لە سەر بێ ئەبێ فرۆشیارەکە ئۆباڵی ئەنجامی سکاڵاکە هەڵبگرێ.

مادەی 280: ئەگەر پیاوێ کۆیلەی پیاوێ یا کەنیزەکی پیاوێکی لە وڵاتێکی بێگانە کڕی و. کاتێ گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی، خاوەنی کۆیلەکە یا کەنیزەکەکە، کۆیلەکە یا کەنیزەکەکەی خۆی ناسیەوە، ئەگەر کۆیلە و کەنیزەک خەڵکی وڵات بون بە بێ پارە بەر ئەدرێن.

مادەی 281: ئەگەر خەڵکی وڵاتێکی تر بون، ئەبێ فرۆشیارەکە لە بەردەم خوادا ئەو پارەیەی داوێتی رون بکاتەوە، لە سەر خاوەن کۆیلە یا کەنیزەک پێویستە ئەو زیوە بە بازرگان (فرۆشیارەکە) بداتەوە کە داوێتی و کۆیلەکە یا کەنیزەکەکە ببات.

مادەی 282: ئەگەر کۆیلەیەک بە خاوەنەکەی وت تۆ گەورەی من نیت و سەلمێنرا کۆیلەی ئەوە، گەورەکەی ئەتوانێ گوێی ببڕێ.

پاشەکی

ئەمە قانونەکانی دادپەروەرین کە حامورابی، شای لێوەشاوە، چەسپاندونی، کە بەهۆیانەوە وڵات توانیوێتی سەرکردایەتی ژیر و فەرمانڕەوایی باشی هەبێت.

من حامورابیم، شای تەواو،

نە کەمتەرخەم بوم و نە هەراسانکەر بۆ سەرۆشەکانی کە خوا ئینلیل پێشکەشی کردوم و

خوا مەردوخ ئەرکی فەرمانڕەواییانی پێ سپاردوم و

لە پێناوی ئەوان دا، بۆ شوێنی ئارام گەڕاوم

یارمەتیم داون کێشە دژوارەکانیان چارەسەر بکەن

وام کردوە ڕوناکیان لێ هەڵ بێت

بەو چەکە کوشندەیەی کە خوا زبابا و ماخوا ئیشتار پێیان بەخشیوم و،

بەو بۆچونەی کە خوا ئینکی فێری کردوم و،

بەو توانایەی کە خوا مەردوخ پێی داوم،

ڕیشەی دوژمنم لە باشور و باکور هەڵکێشاوە و،

شەڕوشۆڕم بڕاندۆتەوە و وڵاتم حەواندۆتەوە

دانیشتوانی شارەکانم خستۆتە خۆشی وئاسودەییەوە

نەم هێشتوە کەس بیان ترسێنێ

خوا گەورەکان بانگیان لێ کردم

بوم بەو شوانە چاکەکەرەی کە گۆچانەکەی دادپەروەریە

سێبەری چڕی خۆمم بەسەر شاردا بڵاوکردەوە

باوەشم بۆ گەلی وڵاتی سومەر و ئاکەد کردەوە

لە پەنای من دا حەسانەوە و
بە ئاشتی ڕام هێنان و بەژیریی خۆم پارێزگاریم کردن
بۆ ئەوەی بەهێز نەتوانێ ستەم لە لاواز بکا
بۆ ئەوەی دادپەروەری مشوری هەتیو و بێوەژن بخوا
وتە ناوازەکانی خۆمم لە سەر کێلەکەم نوسی
لە بەردەم پەیکەرەکەم دا شای دادپەروەریم جێگیر کرد
لە بابل دا، لەو شارەی کە خواکان ئانو و ئینیلیل سەریان بەرزکردۆتەوە
لە ئیساکیلا، ئەو پەرستگایەی کە بنچینەکەی وەکو ئاسمان و ئەرز پتەوە.
بۆ ئەوەی بە دادپەروەری فەرمانڕەوایی وڵات بکەم و هێمنی لەوڵات دا بچەسپێنم
بۆ ئەوەی داد بە ستەملێکراو ببەخشم
من پاشای هەڵکەوتوی ناو پاشاکان
وتەکانم هەڵبژێردراون و توانام وێنەی نیە
بە وێستی خوا شاماش دادوەری گەورەی ئاسمان وئەرز
بەشکو دادپەروەریم وڵات بگرێتەوە و،
بەوێستی خوا مەردۆخی گەورەم
بەشکو هەمیشە ناوم بە باشی لە پەرستگای ئیساکیلا بهێنرێ
با هەمو کەسێکی ستەملێکراو، کە سکاڵای هەبێ، لە بەردەم پەیکەرەکەم دا، کە پێی ئەوترێ شای دادپەروەری ڕابوەستێ،
ئەوسا کێلە نوسراوەکەم بخوێنێتەوە
وتە بەنرخەکانم تاووتوێ بکا،
بەڵکو کێلەکەم سکاڵاکەی بۆ ڕون بکاتەوە
بەڵکو لەسکاڵاکەی تێ بگا
بەڵکو ویژدانی ئاسودە ببێ و (بڵێ):
حامورابی، گەورە، کە وەکو باوکی ڕاستەقینەی گەل وایە،
کە بۆ ڕێزنان لە فەرمانی خوا مەردۆخ، خوای خۆی، ئەچەمێتەوە
سەرکەوتنی خوا مەردۆخ لە باکور و باشور بەدەست ئەهێنێ
بەوەش خوای خۆی، مەردۆخ، شاد ئەکا
سەرکەوتنی هەمیشەیی بۆ خەڵک دابین ئەکا
دادپەروەری بە وڵات ئەبەخشێ
با ئەمە ڕابگەیەنێ وبا نوێژم بۆ بکا
بە هەمو دڵیەوە لە بەردەم خواکەم دا، خوا مەردۆخ و ماخواکەم، ماخوا زاربانیتوم،
بەڵکو فریشتەی پارێزگاری و گیانە ئیشکگرەکان
ئەو ماخوایەی ئەچێتە پەرستگای ئیساکیلا و لیبتوم، ماخوای ئیساکیلا
ڕۆژانە بۆچونی باشم بۆ بەردەم خواکەم، خوا مەردوخ، و بۆ بەردەم ماخواکەم زاربانیتوم بۆ بهێنێ.
بۆ هەمیشەو هەتاهەتایە.

خۆزگە ئەو پاشایەی کە دوای من لە ولّات دا دەرئەکەوێ پارێزگاری وتەکانی دادپەروەری بکا کە من لەسەر کێلەکەمم نوسیون،
خۆزگە ئەو قانونانەی کە من دام ناون و ئەو ڕێسایانەی کە من دام رشتون نەیئەگۆڕین
خۆزگە قانونەکانی منی نەئەفەوتان
ئەگەر ئەو کەسە دەسەلاّتی هەبێ و بتوانێ دادپەروەری بە ولّات ببەخشێ
با ئەو وشانە جێبەجێ بکا کە من لە سەر کێلەکەی خۆمم نوسیون
بەشکو ئەم کێلە ڕەفتاری باش و دەسەلاتی چاکی پێ نیشان بدا و،
قانونەکانی ولات کە من دامناون و ڕێساکانی ولّات کە من دامڕشتون،
توانای بداتێ دادپەروەی بە خەڵکەکەی، سەرڕەشەکان، ببەخشێ و،
قانونەکانیان بۆ جێبەجێ بکا و، ئاسایشیان بۆ دابین بکا
بەشکو ڕەگی چەپەڵی و بەدیی لە ولّاتەکەی دەربهێنێ و گەلەکەی سەربخا

من حامورابی، پاشای داد
کە خوا شاماش قانونەکانی بە دیاری داومەتێ
وتەکانم هەڵبژاردەن و کردەوەکانم وێنەیان نیە
بە لای گەوجەوە پڕوپوچن و بە لای زیرەکەوە مایەی سەرسوڕمانن
ئەگەر ئەو کەسە وتەکانمی کە لە سەر کێلەکەم نوسیومن جێبەجێ کرد و سوکایەتی بەقانونەکانی من نەکرد و بڕیارەکانمی هەڵنەوەشاندەوە و ڕێساکانمی نەگۆڕی
بەشکو خوا شاماش قەڵەمڕەوەکەی ئەویش وەکو ئەوەی من فراوان بکا و،
بیکا بە پاشای داد
بەشکو بە دادپەروەری گەلەکەی بەڕێوە ببا،
خۆ ئەگەر ئەوکەسە ئەو وتانەی منی کە لە سەر کێلەکەی خۆمم نوسیون جێبەجێ نەکرد
نەفرینەکانی منی پشتگوێ خست و لە نەفرینەکانی خواکانیش نەترسا،
ئەو قانونانەی سڕیەوە کە من دامناون
بڕیارەکانمی هەڵوەشاندەوە و ڕێساکانمی گۆڕی
ناوی نوسراوی منی سڕیەوە و ناوی خۆی لە جێی نوسی
یان لە ترسی ئەم نەفرینانە، فەرمانی دا بە کەسێکی تر، ناوەکەم بسڕێتەوە
بەشکو خوا ئینلیل، باوکی خواکان، کە فەرمانڕەوایی پێ سپاردوم، ئەو کەسە ئەگەر پاشا یا میر یا کاربەدەست بێ لە کار بخا، یان هەر کەسێکی تر کە نازناوێکی شاهانەی هەبێ گۆچانی شاهانەی بشکێنێ و بەدبەختی بکا.
بەشکو خوا ئینلیل، خودان و بڕیاردەری چارەنوس، کە فەرمانەکانی نافەرمانیی لێ ناکرێ، فراوانکەری قەڵەمڕەوەکەم، شۆرشی لە کوژانەوە نەهاتوی بۆ هەڵ بگیرسێنێ و، لە ناو ماڵەکەی خۆی دا بە نائومێدی سەربنێتەوە.
بەشکو بڕیاری وەیل ببێتە بەشی، رۆژەکانی کەم بێ و ساڵەکانی قات وقڕی و، هەموی تاریک ونوتەک و مەرگی کتوپر بێ،

بەشکو بەفەرمانی پیرۆزی ئەو شارەکەی وێران و گەلەکەی پەرتەوازە و وڵاتەکەی کاول بێ، ناو و یادەوەری لەوڵات دا کوێر بێتەوە
بەشکو ماخوا ئینلیل، دایکی مەزن، کەفەرمانەکانی لەپەرستگای ئیکور دا ڕەوایە، ئەو ئەو خانمەی کەبیری باشم بۆ ئەهێنێ، لەبەردەم خوا ئینلیل لە ڕۆژی پرسینەوە و بڕیاردا قسەکانی ببزرکێنێ ویستی دەربچێ بەوێرانکردنی وڵاتەکەی و تێکشکاندنی گەلەکەی و دەرکردنی گیانی وەکو ئاوی ڕەوان
بەشکو خوا ئینکی، میری مەزن، کەویستی ئەو لەسەرو ویستەکانی تردەوەیە، پتەوترین خواکان کەهەموشت ئەزانێ، کە ڕۆژانی ژیانم درێژ ئەکاتەوە، لەزانایی و تێگەیشتنی قوڵ بێبەشی بکاو سەری لێ بشێوێنی،
بەشکو ڕوبارەکانی و سەرچاوەی ئاوەکانی پڕ بکاتەوە،
بەشکو دانەوێلەی نانەکەی و ژیانی خەڵک لەخاکی ئەوا نەڕوێ،
بەشکو خوا شاماشی مەزن، دادوەری ئاسمان و ئەرز، کە بە ڕاستی داد ئەبەخشێ بە هەمو زیندەوەرێ، ئەو خوایەی باوەڕم پێیەتی، پایەکانی وڵاتەکەی بڕوخێنێ، بۆچونەکانی بە هەند وەرنەگرێ و، ڕێگەی لێ ون بکا و هێزی لەشکرەکەی ببەزێنێ، خوێندنەوەی نوقلانەبێژەکان بەدبەختی بۆ بهێنێ، بۆ ئەوەی نوقلانەی ڕوخانی پایەکانی شانشینەکەی و وێرانی وڵاتەکەی بۆ لێ بدەن،
بەشکو قسەی کوشندەی خوا شاماش بە زویی بیگاتێ و لە ناو زیندوان دا هەڵی بکێشێ بۆ لای ژورو و، تارمایی تینوێتی ئاوی لە لای خواروا پیشان بدا،
بەشکو خوا سین، خودانی ئاسمان، دروستکەری من کەهیلالەکەی لەناو خواکان دا دیارە لە تاج و تەختی پاشایەتی بێبەشی بکا،
بەشکو گوناهێکی قورسی بدا بەسەردا وەکو سزایەکی گەورە هەرگیز لە لەشی نەبێتەوە،
بەشکو ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی فەرمانڕەواییەکەی بە کوێرەوەری و پەرێشانی کۆتایی بێ.
بەشکو تورەیی و ئازار ڕوبەڕوی فەرمانڕەواییەکەی ببێتەوە،
بەشکو بەختەکەی وای لێ بێ ژیانی لە مردن بچێ،
بەشکو خوا ئەدەد، خوای بەرەکەت، ڕێکخەری ئاوی ئاسمان (باران) و ئەرز، پاڵپشتم، بێبێبەشی بکا لە ئاوی ئاسمان و ئاوی کانیەکان،
بەشکو وڵاتەکەی بە قاتوقڕی و برسێتی کاول بکا، بەشکو بەتورەیی بگرمێنێ دژی شارەکەی بەلافاو وڵاتەکەی وێران بکا،
بەشکو خوا زبابا، جەنگاوەری مەزن، کوڕەگەورەکەی ئیکۆر (واتەخوا ئینلیل)، کە لە لای ڕاستمەوە ئەڕوا، لە شەڕدا چەکەکانی بشکێنێ، ڕۆژی بکا بەشەو و، دوژمنەکەی پێی لێ بنێ،
بەشکو ماخوا ئیشتار، خانمی گەورەی نەبەرد و جەنگ کە چەکەکانی منی ساز کردوە، پارێزەری بەڕێزم، کە شانازە بەفەرمانڕەواییەکەی منەوە، بەتورەبونی گەورەی دڵە ڕەقەکەی نەفرەت لەوڵاتەکەی بکا،
بەشکو سەرکەوتنە گەورەکەی بکا بەسەرکەوتنێکی پروپوچ
بەشکو چەکەکانی لە مەیدانی شەڕ و جەنگ دا لە کار بخا،
بەشکو پشێوی بۆ دروست بکا و شۆرش لە دژی بوروژێنێ،
بەشکو جەنگاوەرەکانی بشکێنێ و زەوی خوێناویان بخواتەوە،
بەشکو لەشکرەکەی بکاتە لاشەی کەڵەکەبوی ناو پوشوپەڵاش،
بەشکو جەنگاوەرەکانی بەزەییەکانی ئەو نەبینێ،
بەشکو بیداتە دەست نەیارەکانی و، بە زنجیر کراوی بیبەن بۆ وڵاتێکی دوژمن،

بەشکو خوا نیرکاڵ، خورت لە ناو خواکان دا، ئەو پاڵەوانەی هاوتای نیە کە ئارەزوەکانی هێناومە دی، بەهێزە مەزنەکەی، وەکو چۆن ئاگر لە پوش بەر ئەبێ، گەلەکەی تەفروتونا بکا،
بەشکو بەچەکە بە هێزەکەی دونیمەی بکا و، چوارپەلی وەکو بتێکی قوڕ وەردوخاش بکا،
بەشکو ما خوا نینتو، خانمی گەورەی ولّاتە بەرزەکان، ئەو دایکەی منی لێ بوم، لە جێگرەوە بێبەشی بکا،
بەشکو بەبێ ناو بەجێی بهێڵێ،
بەشکو تۆوی ژیان لە ناو گەلەکەی دا نەڕوێ،
بەشکو نین کراک، کچی خوا ئانو، تکاکارەکەم لە پەرستگای ئیکور، چوار پەلی توشی دەردێکی سەخت و پەتایەکی پیس بکا، برینەکەی سارێژ نەبێ، هیچ پزیشکێ دەرمانەکەی نەزانێ، هەتوان و پەڕۆ ژیانی بۆ نەهێنێتەوە، وەکو کەڵبەیەکی کوشندە بێ لە دەرهێنان نەیە،
بەشکو گلەیی لە ژیانی بکا تا ژیانی تەواو ئەبێ، بەشکو خوا گەورەکانی ئاسمان و ئەرز هەمو خواکانی ئانوناکی گیانەکانی پارێزگاری پەرستگا ئەکەن و ماخوا لبیتوم (خوای خشت)، ماخوای پەرستگای ئیبابار نەفرینی لێ بکاو نەفرینی کوشندە بکا لە نەوە و لە جەنگاوەرەکانی و لە خەڵکەکەی و لەشکرەکەی،
بەشکو خوا ئینلیل بەو قسانەی کە لە گۆڕین نایەن لەعنەتی بێ گومانی لێ بکا تا دەستبەجێ لە ناوی ئەبا
.

بەشی سێیەم: سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی

- **سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی** 227
- مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران 237
- ئایا لەهجەی گۆران زمانی رەسمی بوە؟ 240
- داستانی هۆنراوە 245
- گەشتێ لە گەڵ خانای قوبادی 259
- چەند دیاردەیەکی باو لە مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران 269
- **هۆنراوەی ویجدانی**
- گەشتێ لە گەڵ بێسارانی 297
- گەشتێ لە گەڵ وەلی دێوانە 331
- گەشتێ لە گەڵ تالعی 373
- **داستانی دڵداری**
- مەنیجە و بێژەن وەک نمونە 387
- **داستانی جەنگی**
- نادرنامە وەک نمونە 401
- **هۆنراوەی فێرکاری**
- گەشتێ لە گەڵ رواری 429
- **مەدرەسەی ئەدەبیی بابان**
- گەشتێ لە گەڵ سالم 443

سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی: سەرەتایەکی وەهمی

ئەدەبی نوسراو بە زمانی کوردی لە کەیەوە دەستی پێکردوە؟
مەبەست لە ئەدەبی کوردی چیە؟
بۆ ئەوەی وەڵامیکی دروستی ئەم پرسیارە بدرێتەوە ئەبێ بزانین لەو سەردەمەدا ئەدەبی کوردی تا ئێستا، جگە لە شیعر، هیچ دەقێکی پەخشانی نوسراو، دەربارەی هیچ بابەتێکی مێژویی، دینی، زانستی... هتد لە بەر دەس دا نیە.

ئەوانەی خەریکی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی بون لەم بارەیەوە هەندێ بۆچونی جیاوازیان هەیە:

یەکەم، هەندێکیان سەرەتایەکی وەهمیی بۆ دروست ئەکەن
سەرەتای شیعری کورد ئەگێڕنەوە بۆ هێرشی عەرەبی – ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بە هەڵبەستی "هورمزگان رمان، ئاتران کوژان" دەس پێ ئەکەن و، بە درێژایی سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و ... کۆمەڵێ شیعری هەڵبەستراو ئەدەنە پاڵ کۆمەڵێ ناوی دروستکراو.

سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی: لەهجەی گۆران

هەندێ لەوانەی خەریکی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردین پێیان وایە ئەدەبی کوردی بە لەهجەی گۆران پێش ئەدەبی کوردی بە لەهجەکانی تر دەستی پێ کردوە ئەمەش لە بەر دو هۆ:
یەکەمیان، باباتاهیر بە کورد و روباعیەکانی بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دائەنێن.
دوەمیان، کەلامە دینیەکانی ئەهلی هەق بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە.

دەربارەی باباتاهیر

دکتۆر مارف خەزنەدار، لە بەرگی یەکەمی "مێژووی ئەدەبی کوردی"، ل 159-160دا، ئەڵێ:
"لە چییەوە ئەدەبی کوردی دەست پێ دەکا؟
تێکستی باوەڕ پێ کراوی شیعر بە زمانی کوردی سەرەتا و سەردەمی شیعری کوردیمان بۆ دیار دەکا. لێرەدا لە بەر گەلێ هۆی تایبەتی کە لە سەرانسەری ئەم کارەدا روون کراوەتەوە، ئەدەبی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی پەیدا بووە. راستە دەبێ سەرەتاییکمان هەبێ بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتی، بەڵام دیارە ئەدەبی دیالێکتیکیش سەرەتای خۆی هەیە.
دوو بەیتەکانی باباتاهیر بە سەرەتای شیعری کوردی دادەنرێن بە شێوەیێکی گشتی، بلیمەتی باباتاهیر لە گەڵ بیروباوەڕی ئایینی یارسان و سۆفیزمی کۆزمۆسی و گۆرانی میللی ناوچەیی دوو بەیتەکانیان دروست کردوە."
لاپەڕەکانی 184 – 223 مێژوەکەی وەکو یەکەم شاعیری کورد بۆ باباتاهیر تەرخان کردوە.

عەلادین سجادی لە "مێژوی ئەدەبی کوردی"، ل 171 دا، ئەڵێ:
"بابە تاهر شاعرێکی کوردی سەدەی سێهەمی هیجری بوە."
جارێکی تریش ئەڵێ: "بابە تاهر شاعیرێکی کورد و لە بنەماڵەی لوررە" ل 172.
سجادی لە مێژوەکەی دا وەکو یەکەم شاعیری کورد لاپەڕەکانی 170 – 178 ی بۆ باباتاهیر تەرخان کردوە.
بۆ سەلماندنی بۆچونەکەی خۆی لە لێکدانەوەی روباعیەکی دا زیاتر ئەڕوا ئەڵێ: "تەماشا ئەکەی لێرەدا (نەوا: فارسی. تە، تو: بۆتانی. زونو: پشتکۆیی. بورە: لە بەوە ئەیرە، لوڕی. بۆ تە: کرمانجی) ئەمانەی هەموی لەم دو شیعرەدا کۆکردۆتەوە. لەمەوە بۆ ئێمە دەرئەکەوێ کە نەفسیەتی باباتاهیر ویستویەتی لە ناو هەمو هۆز و تیرەیەکی کوردا پەل بڵاوبکاتەوە..." یەکێ باباتاهیر نەناسێ کە ئەمە بخوێنێتەوە وا ئەزانێ نەک هەر شاعیرێکی کورد بوە بەڵکو سەرۆکی کۆڕی یەکخستنی زمانی کوردی بوە.

هەندێ لەوانەی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی دا خەریک بون هەوڵێکی زۆریان داوە کوردبونی باباتاهیر و روباعیەکانی بسەلمێنن.
وشەکانی باباتاهیر لە روباعیەکانی دا بەکاریهێناون زۆری لە کوردی ناچن. ئەوانەیشی کە لە کوردی ئەچن یا نزیکن لە کوردیەوە ئەوانەن کە هاوبەشن لە گەڵ زمانی فارسی. جگە لەمانە گۆڕینی سەرچاوەکانی وشە بۆ کردار، لە گەڵ رێزمانی هیچ کام لە لەهجەکانی کوردی ناگونجێن.
تەنانەت ئەگەر باباتاهیر ساخ بوەوە کورد و چوارینەکانیشی هەموی کوردی بن هێشتا گرنگیەکی ئەوتۆی بۆ ئەدەبی کوردی نیە چونکە:

یەکەم، دابڕانێکی درێژ و قوڵ لە نێوان ئەو و شاعیرانی کوردی دوای ئەودا هەیە و،
دوەم، هیچ کاریگەریەکی باباتاهیر لە سەردەمی خۆی و لە سەردەمی دوای ئەویش دا لە ئەدەبی ئایینی یارسان و لە ئەدەبی گۆران دا بەدی ناکرێ، بە تایبەتی، لە روی:
لاساییکردنەوەی قاڵبی شیعرەکانی کە روباعیە و لە بەحرەکانی عروزە.
لاساییکردنەوەی زمانی هۆنینەوەی شیعرەکانی کە بە لەهجەی گۆران نیە.
پێ ناچێ هیچ کام لە شاعیرانی هەورامان باباتاهیریان خوێندبێتەوە یا بیستبێ، لە کاتێک دا کاریگەری شاهنامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی گەنجەوی، مەسنەوی مەعنەوی مەولانای رۆمی، دیوانەکانی حافزی شیرازی و سەعدی و ...هتد، لە ئەدەبی گۆران دا دیار و بەرچاوە.

هەروەکو زمانی روباعیەکانی باباتاهیر جیاوازە لە زمانی شیعرەکانی مەدرەسەی گۆران هەروەها قاڵبی شیعری شاعیرانی مەدرەسەی گۆرانیش جیاوازە لە قاڵبی شیعرەکانی باباتاهیر.
تەلاری هۆنراوەیی باباتاهیر "روباعی" یە هەروەها پێشی ئەوترێ "دوبەیت".
روباعی بریتیە لە چوار نیوە دێڕ. میسراعی یەکەم و دوەم و چوارەم هاوقافیەن و، میسراعی سێیەم، کە سەدری بەیتی دوەمە قافیەکەی ئازادە و، هاوئاوازی قافیەکانی تر نیە. سەرەتای غەزەل و قەسیدە لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی دا بەم شێوەیە دەس پێ ئەکا، کە ئەچێتە چوارچێوەی قاڵبەکانی "عروز" ەوە:
نمونە 1:

بەگورستان گوذەر کەردم کەم و بیش
بدیدەم حال دەولەتمەند و دەرویش
نە دەرویشێ بە خاکی بی کەفەن ماند
نە دەولەتمەندێ بورد ئەز یەک کەفەن بیش

نمونە 2:

دلێ دەیرم خەریداری موحیبەت
کەزۆ گەرم ئەست بازاری موحیبەت
لیباسێ بافتەم بەر قامەتی دل
ز پودی میحنەت و تاری موحیبەت

نمونە 3:

خوداوەندا بەفەریادی دلم رەس
کەسی بیکەس توئی من ماندە بیکەس
هەمە گویەند طاهیر کەس نەدارە
خودا یاری مەنە چە حاجەت بە کەس

باباتاهیر بەم روباعییانە ناسراوە. هەوڵی داوە چکاوەی بیروبۆچونەکانی و وێنە شیعریەکانی لە قاڵبی تەنیا روباعیەک دا دابڕێژێ. ژمارەیەکی کەم غەزەل و قەسیدەی دراوەتە پاڵ، بەڵام هەروەکو گومان لە هەندێ لە روباعیەکانی ئەکری، کە دوای ئەو بە ناوی ئەوەوە هەڵبەستراون، گومان لەو شیعرانەشی ئەکرێ.
کێشی روباعیەکانی بە تەرازوی سێلاب 11 برگەییە:

نمونە 1:
ئە- گەر - دەس - تم - رە - سەد - بەر - چەر - خ - گەر - دون
ئەز - ئان - پور - سەم - کە - ئین - چو- نە- ست و - ئان - چون
یە - کێ - را - دا - دە - ئی - سەد - نا - ز و - نیع - مەت
یە - کێ - را - قور - صی - جەو – ئا – لو - دە - دەر - خون
نمونە 2:
مە - کون - کا- رێ - کە - پا - بەر - سەن - گت - ئا - یۆ
جی - هان - با - ئین - فە - را - خی - تەن - گت - ئا - یۆ
چو - فەر - دا - نا - مە - خوا - نان - نا - مە - خو - نەن - د
تو - وی - نی - نا - مە - ی - خود - نەن - گت - ئا- یۆ
کێشی 11 برگەیی، هەندێ نمونەی لە شیعری عروزی مەدرەسەی بابان دا هەیە، بەڵام لە شیعری مەدرەسەی گۆران دا، کە لە زمانەکەی باباتاهیرەوە نزیکترە، بە هیچ جۆرێ پێڕەوی نەکراوە.
بە پێی هەڵسەنگاندنی تۆێژەرانی ئێرانی، کێشی روباعیەکانی باباتاهیر ئەچێتە خانەی عروزەوە، لە ناو کێشەکانی عروزیش دا دائەنرێ بە:
هزج مسدس محذوف (یا مقصور):
مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن (یا مفاعیل)

لە ئەدەبی کوردی دا تا ئێستا هیچ مەدرەسەیەک بە ناوی ئەدەبی کوردی لوڕی نیە کە دێژەی ڕێبازی بابە تایەر بێ. شیعری نوسراو لە ئەدەبی کوردی دا لە ناو سێ لەهجەدا سەری هەڵداوە:
مەدرەسەی گۆران یا هەورامی
مەدرەسەی بابان یا کرمانجی خوارو
مەدرەسەی کرمانجی سەرو
هەریەکێ لەم مەدرەسانە خاوەنی گەنجینەی ئەدەبی و سیمای تایبەتی خۆیەتی، کاریگەری باباتاهیر و شوێن پەنجەی ئەو بە هیچ کامیانەوە دیار نیە و، ناناسرێتەوە. لە بەر ئەوە ناشێ روباعیەکانی بابە تایەر بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دابنرێ.

کەلامەکانی یارسان

بە پێی لێکۆڵینەوەی شوێنی لە دایکبون و ژیانی ئەو شاعیرانەی بە لەهجەی گۆران شیعریان داناوە، ئەشێ جوگرافیای شیعری گۆران بە 3 گۆشەی کرماشان – سنە - کەرکوک دیاری بکرێ. لەم ناوچەیەدا چەند خێڵی گەورەی کورد لەوانە گۆران، هەورامی، زەنگنە، جاف، هەمەوەند... ژیاون و، ئەهلی هەقی پێڕەوی ئاینی یارسان، کە کەلامە دینیەکانیان بە گۆرانی وتراوە، دانیشتوی هەمان ناوچەن. هەر لەم ناوچەیەدا دو میرایەتی کوردی: ئەردەڵان و بابان بە درێژایی چەندین سەدە حوکمڕانیان کردوە.
هەندێ لەوانەی لە مێژوی ئەدەبی کوردی ئەکۆڵنەوە پێیان وایە کۆنترین تێکستی ئەدەبی کوردی بە لەهجەی گۆران نوسراوە کە ئەویش (کەلام) سرودە ئاینیەکانی یارسانە و، ئەوە بە سەرەتای دەسپێکردنی ئەدەبی کوردی دائەنێن.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دا مینۆرسکی و هەندێ رۆژهەلاتناسی تر هەندێ تێکستی یارسانیان بە گۆرانی بلاو کردۆتەوە و، لەم سالانەی دواییش دا هەندێ بەشی "سەرەنجام" چاپ کراوە. خوێندنەوەی ئەم تێکستانە دەری ئەخەن کە ئەو دەقانە دەماودەم گەیشتونەتە ئەم سەردەمە و، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی نوسراوی کۆن نەکەوتۆتە بەر دەس جێگەی باوەڕ بێ، بە تایبەتی ئەم سرودانە بۆ بلاوکردنەوەی گشتی نەبون، بەڵکو نهێنی بون و تەنیا لە ناو ئەهلی هەقدا بیستراوە و، لە خەڵکی تر شاردراوەتەوە.

ئەگەر سرودەکانی یارسان نهێنی بوبن و زارەکی بوبن و، هیچ کتێبیکی ئەوان لە مزگەوت و دیوەخان و کتێبخانەکان دا دەس نەکەوت بێ و، هیچ بابەتێکی ئەوان لە کۆڕە گشتیەکاندا نەخوێنرابێتەوە، ئەبێ چ کاریگەریەکی لە سەر شاعیرانی گۆران لەوانە: میرزا ئەڵماس خانی کەنولە، خانای قوبادی، میرزا شەفیعی کولیایی و جامرێزی، مەلا وەڵەد خان، بێسارانی، وەلی دێوانە، رەنجوری، مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی... هەبوبێ، لە کاتێکدا هەندێ بەشی شانامەی فیردەوسی و، خەمسەی نیزامی... لە لایەن هەندێ لەو شاعیرانە لە فارسیەوە کراون بە کوردی گۆرانی و ئاشنایەتیەکی ئاشکرایان لە گەڵ دیوانی حافز و، کتێبەکانی سەعدی و، مەسنەوی مەولەوی دا هەبوە.

سەرەتاکانی ئەدەبی نوسراوی کوردی: سەردەمی شەرەفخان

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی سالّی (1005 ک/ 1596) لە نوسینی "شەرەفنامە" بۆتەوە.
شەرەفخان لە باری سنوری کوردستانەوە ئەڵێ:
"وابتدای ولایت کردستان از هرمز است که بر ساحل دریای هند واقع شد وازانجا بر خط مستقیم کشیده می اید تا در ولایت ملاطیه و مرعش منتهی میکردد ودر جانب شمالی این خط ولایت فارس و عراق عجم و انربایجان وارمن است وبر طرف جنوبی دیاربکر وموصل و عراق عرب اما شعبات او از اقصای ولایت مشرق تا بنهایت دیار مغرب رسیده..." (شرفنامه، تاریخ مفصل کردستان، تالیف: شرف خان بن شمس الدین بدلیسی، به اهتمام: ولادیمیر ولیامینوف زرنوف، تهران 1377. ناشر اساطیر، ل 14)
.....
کوردیەکەی: "سنور و کەوشەنی ولاتی کوردان کە ناوی کوردستانە لە سەر لێواری دەریای هورمزەوە کە لە سەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتوە – دەست پێ دەکاو لەوێوە بە خەتێکی راست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعەش دەبڕێتەوە.
ولاتی فارس و عیراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمنستانی گەورە دەکەونە لای باکوری ئەو خەتەوە. عیراقی عارەب و موصل و دیاربەکر دەبنە باشوری ئەو سنورە." (شرفنامەی شرفخانی بدلیسی، هەژار کردویە بە کوردی، نەجەف 1972. ل 30)

لە باری دابەشبونی زمان و ئادابەوە ئەڵێ:
"... طایفه اکراد چهار قسم است وزبان و اداب ایشان مغایر یکدیکر است اول کرمانج دویم لر سیم کلهر چهارم کوران."(ل، 13)
.....

لە روی تایەفەوە بە کرمانج و گۆران و لوڕ و کەڵوڕ باسی ئەکا و،
کوردیەکەی: "هۆزە سەرەکیەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخافتن و هێندێک ئاکار و داب و دەستور و هەڵسوکەوتیان لێک جیاوازە.. دەکرێن بە چوار بەشەوە. یەکەم: کرمانج. دووەم: لوڕ. سێهەم: کەڵهوڕ. چوارەم: گۆران."(ل، 29)

لە باری دابەشبونی دینیی کوردەوە ئەڵێ:
"وبالتمام طوایف اکراد شافعی مذهبند ودر شرایع و سنن حضرت خیر الانام علیه الصلوه والسلام متابعت صحب و خلفای عظام کرام و ادای صلوه وزکوه وحج و صیام جد و جهد تمام و اقدام مالاکلام دارند مکر طایفه چند از الوسات که تابع موصل و شام مثل طاسنی و خالدی و بسیان وبعضی از بختی و محمودی ودنبلی که مذهب یزیدی دارند واز جمله مریدان شیخ عدی ابن المسافرند که یکی از تابعان خلفای مروانی بوده وخودرا بدو منسوب ساختهاند واعتقاد باطل ایشان آنست که شیخ عدی صوم و صلوه مارا در عهده خود گرفته در روز قیامت بی انکه مارا در معرض عتاب وخطاب دراورند ببهشت خواهند برد وباعلماء طاهر بغض و عداوت بلا نهایت دارند...." (ل، 14-15)
.....
کوردیەکەی: "زوربەی کوردەکان سوننی مەزهبن و لە سەر شۆپی ئیمامی شافیعی دەڕۆن و لەسەر بەجێهێنانی ڕێوشوێنی ئاینی خۆیان زۆر سورن و سەریان بچێ نوێژیان ناچێ و لە چونە حەج و زەکات داندا هیچ لام و جومیان نیە و بۆ پێکهێنانی هەمو ئەرکی سەرشانیان لەمەڕ ئاینەوە هەتا بڵێی چوست و چالاک و ئامادەن و لە روی فەرمانی مەلایان لارەملن و چیان پێ بسپێرن بە مو لێی لا نادەن. خزم و یارانی پێغەمبەریشیان زۆر خۆش گەرەکە.
هێندێک هۆز و تیرەی کورد کەوا کەوتونەتە ئالی موصڵ و شامەوە وەک: داسنی و خاڵتی و پەسیان و بڕێکیش لە مەحمودی و دونبوڵیەکان یەزیدین و لە دەستەوبەستەی شێخ عەدی کوڕی مسافرن کە ئەویش سەر بە پادشاکانی زنجیرەی مەروانی بوە.
ئەو ئێزەدیەکان لایان وایە: ئەو شێخ عەدی – ئادی – یەی کە لە گەلی لالەش نێژراوە ئەرکی نوێژ و ڕۆژوی یەزیدیەکانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و دەستەبەر بوە ڕۆژی هەستانەوەی ئەودنیا بە بێ چەندوچون و پرسیار و باس و خواس بیان باتە بەهەشت. ئێزەدیەکان لە مەلا ڕواڵەت بینەکانی موسوڵمانان زۆر دڕدۆنگن و رکیان لێیان دەبێتەوە."(ل، 31-32)
لە روی ئاینیەوە بە موسوڵمان و یەزیدی باسیان ئەکا. لە چەند جێگای تردا باسی مەسیحیەکانی کوردستان ئەکا، کەچی شەرەفخان باسی دینی ئەهلی هەق ناکا، لە کاتێک دا ئەو باسی ئەمارەتە کوردیەکانی ناوچەکانی ژیانی ئەوانی کردوە و، خۆی ئەو ماوەیەی لە دەرباری سەفەوی دا کاری کردوە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە ناسراوەکانی کورد تێکەڵاوی کردوە.

لە باری دابەشبونی سیاسی و کارگێڕیەوە ئەڵێ:
"در مابین حکام کردستان ان کسانی که عشایر وقبایل ایشان بکثرت وقوتست آن حاکمان را بنام عشیرت میخوانند مثل حکاری وسهران وبابان واردلان و حاکمانی که صاحب قلعه و قصبهاند موسوم بآن قلعه وقصبه شدهاند چون حاکم حصنکیفا وبدلیس و جزیره واکیل علی هذا القیاس وچون ولایت کردستان و لورستان کوهستان و جنگلستانست در انجا انمقدار چیزی حاصل نمیشود که بخرج سکنه و متوطنانش وفا کند لاجرم

نسبت بمردم ولایات دیکر طوایف اکراد اوقات بمشقت و ریاضت میکذرانند و بی شایبەی تکلف و غایلەی تصلف فی نفسه طایفەی قانعند چنانچه اکثر عوام الناس ایشان اوقات بنان جاورس و ارزن میکذرانند وبطلب نان کندم و بهم رسانیدن مال و جاه بدر خانەی ارباب دول و اصحاب امل نمیروند.. (ل، 18)
وسلاطین عظام و خاقین کرام طمع در الکا وولایت ایشان نکرده محضا به پیشکش واطاعت ومتابعت که بجار و سفر ایشان (حاضر باشند) راضی کشته مقید بتسخیر نشدەاند واکر بعضی از سلاطین در فتح و تسخیر کردستان جد و جهد تمام فرمودەاند ومحنت ومشقت مالاکلام کشیدەاند اخر نادم وپشیمان کشته باز بصاحبان دادەاند مثل ولایت کرجستان و شکی و شیروان و طوالش و کیلانات و رستمدار و استراباد که در شمال ایران و محانی کردستان واقع شده..."(ل، 19)
....
کوردیەکەی: "دەستەڵاتدارەکانی کوردستان ئەوانەی هۆزەکەیان گەورە و خاوەن زۆر و زۆر ناو بەدەرەوەن بە ناوی هۆزەکەیانەوە دەناسرێن. وەک: هەکاری، سۆران، بابان، ئەردەڵان. ئەو میر و مەزنانەش کە دژی سەخت و هەڵەموت، یان شاریان دە بەردەست دایە بە ناوی ئەو قەڵایە، یان ئەو شارەوە ناو دەبرێن. وەک فەرمانڕەوایانی: حەسەن کێف و بدلیس و جزیر و حەزۆ و ئەگێل و هی تریش.

خاکی کوردستان بە لوڕستانیشیەوە بەشی زۆری رەقەن و چڕ و لێرەوار و نەرمانی ئەوەندە نیە کە بەرهەم و دەرامەتی کشت و کاڵی دانیشتوانی هەمو بە تەسەلی تێر بکا. سەبارەت بە رژد و کراڵی زەوی و زارەکەیان کورد لە چاو دەرودراوسێکانیان هەژار و نەدارن. سەرەڕای ئەوەش هەمویان زۆر چاوتێر و کەم چاو نەزێرن و هەرگیز گازندە لە بەختی خۆیان ناکەن. زوربەی زۆری خێزان و ماڵ و منداڵی رەمەکی و بۆرەپیاوی کوردستان بەشی زۆری ساڵ بە نانی هەرزن و گارس و گاڵ رای دەبوێرن و لە سەر ئەو بەلەنگازیەشەوە شوکرانەبژێرن، لە رێی نانی گەنم و پێخۆری گەرم و رایەخی نەرم و ژیانی کامەرانی و پێکەوەنانی دراو و ساماندا رو ناکەنە دەرگای خونکاران و زۆرداران و هەرگیز دەستیان لە بەر نامەردان پان ناکەنەوە. پادشایانی زلیش چاویان نەبڕیوەتە ولاتەکەیانەوە و نیازی داگیرکردنیان دەدڵ نەگرتوە، تەنیا بە دیاری بۆبردن و پێشکەشکردنی چاویان لێ دەپۆشن و لێ یان گەڕاون، ئەگەر شەڕیش روبدا ئەوا کوردەکان دەبەن و بەگژ دوژمنی خۆیانی دادەکەن و خۆیانی پێ دەپارێزن، دەنا لەوە بەولاوە کاریان بە کاریان نەداوە و وازیان لێ هێناون.
خۆ ئەگەر جاروبارەش وا هەڵکەوتبێ پادشایەک لەو پادشازلانە لێ بڕا بێ کە کوردستان بخاتە ژێر چەنگی خۆیەوە زۆری خوێن و ماڵ لێ بەخت کردوە و زۆر بە گرانی لە سەر کەوتوە، داگیرکەری کوردستان هەرکێ بوبێ هەرگا دەستی بۆ ئەم ئاگرە بێ ئامانە درێژکردوە لە ئەنجامدا هەر پەشیمان بۆتەوە و لە دوای داگیرکردنیشی چاری ناچار بوە دیسان هەر بە خاوەنی پێشوی ئەسپاردۆتەوە.
نمونەش گورجستان و شەکی و شیروان و تاڵش و گەیلان و رۆستەمدار و مازەندەران و ئوستراباده که له باکوری ئێران و به سەر کوردستانەوەیە."(ل، 37-38)

له بارەی زانایانەوە ئەڵێ:
اما در ولایت کردستان علی الخصوص در دیار عمادیه علما و فضلا بسیار است در تحصیل علوم عقلیه و نقلیه بتخصیص حدیث و فقه و صرف و نحو و کلام و منطق ومعانی واکثر متداولات کمال اهتمام بجای می اورند

ویحتمل که در بعضی علوم تالیفات و تصنیفات هم داشته باشند اما شهرت ندارند و در مطالعه کد بسیار دارند..(ل، 15)

.....

کوردیەکەی: "لە کوردستاندا بە گشتی و لە ئامید دا بە تایبەتی مەلاچاک و زانای هۆزان گەلێک زۆرە و زوربەیان لە هەردوازدە زانستەکاندا زۆر زەبربەدەستن و گەلێکیان خوێندۆتەوە و فرەشیان لە بەرە. رەنگە لە دانانی کتێبانیشدا بەشدار بوبن بەڵام لەو بارەوە ناوبانگیان دەرنەکردوە."(ل، 32)

شەرەفخان ماوەیەک لە دەرباری سەفەوی دا بەرپرسی کاروباری میر و میرایەتیە کوردەکان بوە و، شارەزاییەکی زۆری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشبیری و جەنگیی میرەکانی کوردستان و عەشیرەتەکانیان و، تەنانەت وردەکاری ناوی بنەماڵە و نەوە و وەچەکانیان و، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان دا هەبوە. سەرەڕای ئەمانەش بنەماڵەکەیان کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوە. شەرەفخان خۆی لە کتێبەکەی دا ئاماژە بۆ دەیان سەرچاوەی دەگمەنی مێژو ئەکا کە سودی لێ وەرگرتون. ئەولیا چەلەبی کە لە کاتی داگیرکردنی بتلیس دا ئامادەی روداوەکە بوە باسی تاڵانکردنی کتێبخانە گەورەکەیان ئەکا.

لەو سەردەمەدا ئەدەبی نوسراوی کوردی، چ شیعر و هۆنراوە و چ پەخشان، ئەبێ هێشتا لە دایک نەبوبێ، یان هێشتا نەگەیشتبێتە ئاستێکی ئەوتۆ کە باس بکرێ، ئەگینا وەکو بە ستایشەوە ناوی هەندێ لە زاناکانی کوردی هێناوە، کە لە مزگەوتەکان دا دەرسیان وتۆتەوە، یان بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی کتێبیان داناوە، باسی ئەوانەشی ئەکرد کە بە کوردی شیعر و کتێبیان نوسی بێ.

شەرەفخان لە بارەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیەوە ئەڵێ:

"... و در مطالعه کد بسیار دارند واز فضایل وحیثیات رسمی و عرفی مثل شعر و انشا وحسن خط وطرز اختلاط که باعث تقرب حکام و سلاطین وسبب ازدیاد مناصب علیه نزد پادشاهان معدلت کزین میباشد چندان بهره ندارند..."(ل 15)

.....

کوردیەکەی: "مەلاکانی کورد لەمەڕ ئەو زانست و هونەرانەوە کە زانین و فێربونیان دەرگای بارەگای پادشایانی ئێران و توران بە روبا دەکاتەوە و لە سایەی ئەوانەوە دەبن بە خاوەنی پایە و مایە. رەنجێکیان نەداوە و هیچ بۆی تێ نەکۆشاون."(ل 33)

شەرەفنامە ساڵی 1005 ک/ 1596 ز کۆتایی بە نوسینی هاتوە.

مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی کە دو ئەدیبی هەڵکەوتوی کورد و، لە دانەرانی بناغەی مەدرەسەی ئەدەبیی کرمانجین، بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوە سەردەمی ژیانیان کەوتۆتە دوای نوسینی شەرەفنامەوە.

مەلای جزیری، لە ساڵانی (1000 – 1070 ک/ 1590 – 1660 ز) ژیاوە.

فەقێ تەیران، کە ئەویش شاعیرێکی هەمان مەدرەسەیە، ئەبێ ئەویش هاوزەمانی ئەم بوبێ.

ئەحمەدی خانی، لە ساڵانی (1061 – 1119 ک/ 1650 – 1707 ز) ژیاوە.

حارسی بتلیسی، ساڵی 1758 ز داستانی "لەیل و مەجنون" ی هۆنیوەتەوە.

نەک هەر شاعیرانی مەدرەسەی ئەدەبیی کرمانجی، بەڵکو سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شاعیرانی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆرانیش دیسان کەوتۆتە دوای نوسینی شەرەفنامە.

مەلا مستەفای بێسارانی، لە ساڵانی (1053- 1113 ک/ 1641- 1702 ز) ژیاوە

خانای قوبادی لە سالّانی (1083 – 1168 ک) ژیاوە.
میرزا شەفیعی کولیایی (هاوزەمانی خانا بوە).
میرزا ئەلّماس خانی کەنولەیی، هاوزەمانی نادر شا (1100 – 1160 ک) بوە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە خودی کتێبی شەرەفنامە دابنرێ بە وێستگەی جیاکردنەوەی قۆناغەکانی پێش و پاش سەرهەلّدانی ئەدەبی نوسراوی کوردی، بەلّکو:

یەکەم، شەرەفنامە بەشێکی زۆری تەرخان کراوە بۆ گێڕانەوەی ململانێی خوێناوی رۆم و عەجەم لە سەر ئەرزی کوردستان و، ململانێی ناوخۆی ئەمیرەکانی کورد لە گەلّ یەکتری. لە هەلومەرجێکی وەها شێواو و نائارام دا، کە شەرەفنامە بەشێکی لێ باس کردوە، نە "شار" گەورە ئەبێ و گەشە ئەکا و، نە ناوەندی بەهێزی فەرهەنگی دائەمەزرێ. بە تایبەتی کە لە سەرانسەری قەلّەمڕەوی میرایەتیە کوردەکان دا جگە لە "گوند" و "قەسەبە" باسی شاری گەورە نابینرێ.

دوەم، شەرەفنامە بەلّگەیەکی گرنگە بۆ نەبونی ئەدەبی نوسراو بە زمانی کوردی پێش سالّی 1000 ک، بە واتەیەکی تر ئەدەبی نوسراوی کوردی بە هەمو لەهجە جیاوازەکانیەوە دوای ئەو مێژوە سەری هەلّداوە و گەشاوەتەوە.

سێیەم، دەیان سالّ دوای ئەو روداوانەی کە شەرەفنامە تا سالّی 1005 ز گێڕاوێتیەوە، شەڕ لە نێوان رۆم و عەجەم دا هەر بەردەوام بوە. لەو ماوەیەدا دو جار ئاشتی تێکەوتوە: جاری یەکەم سالّی (1022 ک/ 1613 ز) و جاری دوەم سالّی 1049 ک. ئاشتی یەکەم ئەشێ بە رێککەوتنی جەنگیی– ئاگربڕی کاتی و راگرتنی کاتیی شەڕ دابنرێ. ماوەیەکی کورتی خایاندوە و دیسانەوە شەڕ هەلّگیرساوەتەوە. بەلّام ئاشتی دوەم، کە رێککەوتنی زەهاوی بە دوادا هاتوە، ئەشێ بە رێککەوتنێکی سیاسی - فرە بابەت دابنرێ کە ئیتر سنوری هەردو دەولّەتی تێدا دیاری کرا و، لە ئەنجامی ئەوەش دا کوردستان و ئەمارەتەکانی دابەش کران. ئەمارەتەکانی لوڕستان و ئەردەلّان و موکریان بە یەکجاری کەوتنە ژێر دەسەلّاتی ئێرانەوە، ئەمارەتەکانی بابان، سۆران، بادینان، هەکاری، جزیرەی بۆتان، بتلیس، کەوتنە ژێر دەسەلّاتی عوسمانیەوە.
ئەم رێککەوتنە ئاسایشی گشتی و ئارامی تەواوی نەهێنایە کوردستانەوە، چونکە ململانێی میرایەتیە کوردەکان لە ناو خۆیان دا بەردەوام بو. بەلّام جێگیربونی هەردو دەولّەت و دیاریکردنی سنوری بەینیان و تابعیەتی عەشیرەتەکان و قەلّاکان و ناوچەکان، تا سەردەمێکی درێژ کۆتایی هێنا بە لەشکرکێشیە گەورە وێرانکەرەکانی ئەو دو دەولّەتە لە کوردستان دا.
جێبەجێکردنی پەیماننامەی زەهاو، دامەزران و جێگیربونی هەردو دەولّەتی سەفەوی – ئێرانی و، دەولّەتی عوسمانی و، دابەش بونی کوردستان و میرایەتیە کوردەکان بە سەر ئەم دو دەولّەتەدا و، جێگیربونی میرایەتیە کوردیەکان هەر یەکەیان لە ناوچەی خۆی دا... چەندین ئەنجامی لێ کەوتۆتەوە، کە یەکێکیان سەرهەلّدانی ئەدەبی نوسراوی کوردیە وەکو یەکێ لە پێویستیەکانی بەردەوامیی ئەمارەتە کوردیەکان. لە ناوچەی ئەمارەتی ئەردەلّان و بابان دا لەهجەی گۆران و، لە ناوچەی ئەمارەتی بۆتان و بتلیس و هەکاری دا لەهجەی کرمانجی سەرو و، دوای ئەوانیش لە ناوچەی ئەمارەتی بابان دا لەهجەی کرمانجی خوارو بون بە زمانی نوسینی شیعری کوردی.

تا ئێستا تێکستی کوردی بە هیچ لەهجەیەک بە دەستەوە نیە بکرێتە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو و بەڵگەدار. ئەوسا مەدرەسەی ئەدەبیی بابان هێشتا دورست نەبوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەورامی و، لە باکوری کوردستان بە لەهجەی کرمانجی سەرو، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتری بێ، یا نوسینەکانیان بگاتە یەک، یا تەنانەت بگاتە یەکتری، یا ئەگەر گەیشتبێ لە یەکتری تێ گەیشتبن.

ئەدەبی کوردی بە شیعر دەستی پێ کردوە. هۆنینەوەی شیعری کوردی لە کەیەوە و لە چ رۆژگارێک و لە سەر دەستی کام شاعیردا دەستی پێ کردوە هێشتا دیاری نەکراوە. ئێستا بەرهەمی ئەدەبی بە 3 لەهجەی جیاواز لە بەر دەستدایە، کە ئەشێ بە 3 مەدرەسەی ئەدەبی ناو ببرێن:

مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران

مەدرەسەی ئەدەبیی کرمانجی

مەدرەسەی ئەدەبیی بابان

مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران

سەرەتاکانی شیعری گۆران
جوگرافیای شیعری گۆران
بابەتەکانی شیعری گۆران

ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی، کوردی بە سەر چوار بەش دا دابەش کردوە: کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران. دیارە لەو کاتەدا هێشتا کرمانجی خوارو نەبۆتە هێژێکی دیار و گەورە.
گۆران، بە تەنیا خێڵێک نەوتراوە، بەڵکو چەندین خێڵی گەورەی نیشتەجێی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بون و، زمانی دانیشتوانی ناوچەکەیشیان بە گۆرانی ناسراوە. هەورامان بەشێ بوە لەو ناوچەیە. لە ناو زاناکانی ئیسلام دا دەیان کەس هەڵکەوتون نوسەری بابەتی دینی و فیقهی، لێکدەرەوەی کتێبی دژوار، قازی و مامۆستا بون، کە نازناوی "گۆرانی" یان هەڵگرتوە.

سەرەتاکانی شیعری گۆران

رەنگە نەتوانرێ کۆنترین تێکستی شیعری نوسراو بە لەهجەی گۆران دیاری بکرێ.
هەندێ باباتاهیری عوریان بە سەرەتا دائەنێن
هەندێک مەلا پەرێشان
هەندێک سرودەکانی کاکەییەکان
ئەگەر هەر کام لەمانە بە سەرەتا دابنرێ هێشتا ئەشێ شیعری هەورامی، بە بەراورد لەگەڵ شیعری کرمانجی سەرو و کرمانجی خوارو، بە یەکێ لە کۆنترین تێکستی شیعری نوسراوی کوردی دابنرێ.

ئەگەر شیعرەکانی مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، عەلی حەریری، پرتەو بەگی هەکاری ..... دامەزرێنەرانی مەدرەسەی ئەدەبیی کرمانجی سەرو دابنرێن و، ئەگەر شیعرەکانی نالی، سالم، کوردی، دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیعری بابان و،
ئەگەر نوسینەکانی مەولانا خالید (1193– 1242 ز) و شێخ حسێنی قازی (1225– 1292 ز) بە سەرەتای نوسینی پەخشانی کرمانجی خوارو دابنرێ و، نوسینەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی بە سەرەتای نوسینی پەخشانی کرمانجی سەرو دابنرێ، هێشتا تێکستەکانی شیعری هەورامی لەوان کۆنترن.

جوگرافیای شیعری گۆران

ئەوانەی بە هەورامی شیعریان هۆنیوەتەوە لە ناوچەیەکی فراوان دا ئەبینرێن. کرماشان، هەورامان، سنە، سلێمانی، گەرمیان، کەرکوک و تیرەکانی جاف، زەنگنە، هەمەوەند، جەباری....

مەلا مستەفای بێسارانی
خانای قوبادی
ئەڵماس خانی کەنولە
میرزا شەفیعی کولیایی
میرزا شەفیعی جامرێزی
مەلا وەلەد خانی جاف
وەلی دێوانە
مەولانا خالیدی شارەزوری
مەولەوی تاوگۆزی
ئەحمەد بەگی کۆماسی
مەلا عومەری رەنجوری
حەمە ئاغای غەمناکی زەنگنە
حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە - تالعی
سەید یاقوی ماهیدەشت
سەید فەتاحی جەباری
فەقێ قادری هەمەوەند

لە شوێنی ژیانی ئەم شاعیرانەدا ئەشێ چەند ئەنجامێ دەربهێنرێ:

یەکەم، دانیشتوانی شوێنی ژیان و مانەوە و ناسینی هەندێ لەم شاعیرانە گۆران نەبون و بە هەورامی نادوێن.

دوەم، هەندێ لەم شاعیرانە لە سنوری ئەمارەتی ئەردەڵان یان لە ژێر سایەی والیەکانی ئەردەڵان دا نەبون.

سێیەم، ئەم زمانە ئەدەبیە گەیشتۆتە شوێنی دوری وەکو کەرکوک، کەچی نەگەیشتۆتە موکریان.

چوارەم، "کەلام" ی دینی ئەهلی هەق یان وەکو لە کوردستانی عیراق پێیان ئەڵێن "کاکەییەکان" و شیعری شاعیرەکانیان بەم زمانە هۆنیوەتەوە. کاکەیی پەرتن، لە خواروی موسڵ وخۆرئاوای هەولێر، خۆرئاوای کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، هەڵەبجە ... نیشتەجێن.

بابەتەکانی ئەدەبی گۆران

بابەتەکانی ئەدەبی گۆران جۆراوجۆر و فرەبابەتن. گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی، هەروەها گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی فیکر و فەلسەفە و عەقیدەی دینی گرتۆتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە هەموی بە شیعر هۆنراوەتەوە و تا ئێستا دیار نیە هیچ بابەتێ لەو سەردەمانەدا بە پەخشان نوسرابێ.

بابەتەکانی بە گشتی بریتین لە:

یەکەم، شیعری "غینائی"، بابەتەکانی:
- یەکەم. 1: جوانی سروشت
- یەکەم. 2: دڵداری ناکام
- یەکەم. 3: کڕوزانەوە، دڵداری یەکلایەنە، خۆپچوککردنەوە، خۆ سوککردن، پەیمانشکێنی، بە ئاوات نەگەیشتن، مردن.
- یەکەم. 4: دوبارەکردنەوەی رەمزە عەشقیەکانی ئەدەبی فارسی: شیرین و فەرهاد، مەجنون و لەیلا، یوسف و زلێخا و، شێخی سەنعان... کە هەمویان نیشانەن بۆ سەرەنجامی تراجیدی.
- یەکەم. 5: هەندێ دیاردەی باو: خەمینی، سکاڵا لە پیری، لاوانەوە، گۆڕینەوەی نامە.

دوەم، هۆنراوەی داستانی، بابەتەکانی:
- دوەم. 1: داستانی دڵداری
  - مەنیجە و بێژەن
- دوەم. 2: داستانی ئەخلاقی
  - یوسف و زلێخا
- دوەم. 3: داستانی جەنگی
  - نادرنامە

سێیەم، هۆنراوەی دینی، بابەتەکانی:
- سێیەم. 1: موناجات
  - نمونە 1: رەنجوری
    (دیوانی رەنجوری، ل: 56)
  - نمونە 2: خانای قوبادی
  - نمونە 3: مەولانا خالید
- سێیەم. 2: میعراجنامە
  - نمونە 1: رەنجوری
- سێیەم. 3: عەقیدەی ئیسلامی (ئەهلی تەسەننون)
  - نمونە 1: شێخ جەسیمی تەختەیی
  - نمونە 2: مەولەوی، بڕوانە:
    (العقيدة المرضية، هۆنینەوەی مەولەوی، 2452 بەیت شیعری کوردییە، بڵاوکردنەوەی محي الدين صبري النعيمي، قاهيرة – مصر، 1352)

نمونە 3: فەقێ قادری هەمەوەند، بڕوانە:
(کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بەغداد، 1980)

سێیەم. 4: عەقیدەی ئیسلامی (ئەهلی تەشەیوع)
نمونە 1: مەلا پەرێشان، بڕوانە:
دیوانی مەلا پەرێشان، چاپی کرماشان
هەروەها چەند بەشی بە زنجیرە لە رۆژنامەی "کوردستان" ی چاپی تاران دا بڵاوکراوەتەوە.

سێیەم. 5: ئەهلی حەق (کاکەیی)
سەرئەنجام: ئایینی یارسان، طیب طاهری، چاپی هەولێر، 2007.
سەرئەنجام: فەرهەنگی یارسان، طیب طاهری، چاپی هەولێر، 2009.

چوارەم، هۆنراوەی فێرکاری
نمونە 1: مەلا خزری رواری
نمونە 2: شێخ وەسیمی تەختەیی

ئایا لەهجەی گۆران زمانی ڕەسمی بوە؟

هەندێ لە نوسەرانی کورد ئەڵێن لەهجەی گۆران زمانی ڕەسمیی میرایەتی ئەردەڵان بوە. بۆ نمونە:
محەمەد ئەمین هەورامی لە ل 16 کتێبی "لەیلێ و مەجنون" بەغداد، 1985. هەمان بۆچون دەرئەبڕێ. لەم بارەیەوە نوسیوێتی:
"بە هەر حاڵ زاری کوردی هەورامانی (گۆران) کۆنترین زاری کوردیەیە کە شیعر و پەخشان و ڕێڕەوی دینی پێ ڕازێنراوەتەوە. ئەم شێوازە لە کۆنەوە ڕواڵەتی، یاخود ئەرکێکی دینی کەوتە سەر، دەوروبەری 800 کۆچی کاتی ئاشکرا بونی دینی کاکەیی (ئەهلی هەق) سروەدکان و ڕێڕەو پەخشان نەریتی دینیەکانیان بە گۆران وتراون لە بەر کراون و فەرمانیان پێ کرا.
"ئاشکراشە، کە سەرانسەری فەرمانڕەوایی بابا ئەردەڵانی شان بە شانی زمانی دینی (ئەهلی هەق) هەر زمانی ڕەسمی بوە"
هەروەها:
د مارف خەزنەدار، لە (ل197) ی بەرگی سێیەمی "مێژوی ئەدەبی کوردی" دا نوسیوێتی:
"بەڵام زمانی ڕەسمی خوێندن و نوسین و شیعروتن بە دیالێکتی گۆران بو، بە تایبەتی لە ئەردەڵانا. "
.....
زمانی ڕەسمی، واتە زمانی بەکارهێنراوی ناو داوودەزگا ڕەسمیەکانی حکومەت و نامەو نامەکاری نێوان فەرمانڕەواکان. ئەوەی زانراوە هیچ لەهجەیەکی زمانی کوردی لە هیچ میرایەتیەکی کوردی دا، لە سەرانسەری کوردستاندا، زمانی ڕەسمی نەبوە.

میرایەتی ئەردەڵان بەشێ بوە لە دەوڵەتی ئێران. زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئێران فارسی بوە. زمانی ڕەسمی میرایەتی ئەردەڵان فارسی بوە. هەمو ئەو نامانەی کە لە فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان بەجێ ماوە، چ ئەوانەی لە ناو خۆیاندا بۆ یەکترییان نوسیوە و چ ئەوانەی ناردویانە بۆ شا و کاربەدەستانی تری ئێران، بە فارسی بون.
زمانی مزگەوت و مەدرەسەکانی ئیسلام لەم ناوچەیەدا عەرەبی بوە. قورئان و حەدیس و شەریعەتی ئیسلام و زانستە دینیەکانی تێدا خوێنراوە. لە پاڵ ئەمەش دا فارسی خوێنراوە و فێری بون.
فارسی هەر ئەوە نەبوە زمانی ڕەسمی دەوڵەتی بوبێ بەڵکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و ئەدەب و زانست بوە.
مەلا ئەبو بەکری موصەنیف، کە یەکێکە لە بلیمەتە هەڵکەوتوەکانی ناوچەکە و هەر لە ناوچەکەشدا ژیاوە و مردوە چەندین کتێبی داناوە:
سەید ئەبوبەکر کوڕی هیدایەتوڵا حوسەینی گۆرانی ساڵی 1014 مردوە لە گوندی چۆری مەریوان نێژراوە. چور لە خواروی قەڵای مەریوانە گۆیا ئەم گوندە لە لایەن خان ئەحمەد خانەوە بەو دراوە ئەو زەمانە مەریوان بەشێ بوە لە شارەزور

"الوضوح في شرح المحرر"
"طبقات الشافعية" ساڵی 1356 لە بەغداد چاپ کراوە، دەربارەی ئەوانەی کە قسەکانی ئیمامی شافعیان وتۆتەوە
"سيراج الطريق" و"رياض الخلود"، کە دو کتێبن لە حیکمەت و فەلسەفە و ئامۆژگاری دا بە فارسی.
"سيراج الطريق" ی ساڵی 948 داناوە، عیرفان و ئەخلاق، چیرۆک و شیعری تیایە
"رياض الخلود" ی ساڵی 989 نوسیوە.

در آن دم کاین معانی روی بنمود — زهجرت نهصد و هشتاد و نه بود
زمانی پرفتن شهری پر آشوب — نه دانش مطلوب و نه علم مرغوب
تو گوئی هردم از چرخ مقوس — غم و اندوه باریدی بهرکس
خصوصا بندەرا در کوهساری — دهی بود از ولایت برکناری
گهی از ظالمان اهل اسلام — بغارت میشدی هر صبح و هر شام
....
دراین اشفتگی و زشت حالی — جهان را دیدم از تصنیف خالی
زبهر اخرت این چند اوراق — بهم بستم ز فضل حی خلاق...

"لەو کاتەدا کە ئەم مەعنایانە رویەک بنوێنن
ساڵی کۆچی نۆسەدو هەشتاونۆ بو
زەمانێ پڕ فیتنە، شارێ پڕ ئاشوب
نە دانش مەتلوب، نە عیلم مەرغوب
تۆ ئەڵێی هەردەم لە چەرخی مقوس
غەم و ئەندوە لە هەمو کەس باریوە
بە تایبەتی بەندە لە کۆساریێ
گوندێکی بو، لە ولایەت بەرکەنار بو
گاهێ لە لایەن زاڵمانی ئەهلی ئیسلامەوە بەیانی و ئێوارە تاڵان ئەکرا

لەم ئاشوفتەگی و حاڵخراپیەدا
جیهانم بینی لە تەصنیف خالی
لە پێناوی ئاخیرەتدا ئەم چەند پەڕانەم پێکەوە بەست بە فەزلی حی خلاق" (محمد مکری، مجلە یادگار، سال پنجم، شمارە ششم وهفتم، ص 38-48.)

ئەیتوانی چیرۆکەکانی، کە سادە و پێویستی بە زمانی ئاڵۆز نیە، ئەم دو کتێبە بە کوردی گۆرانی بنوسێ، بەڵام هەردوکیانی بە فارسی نوسیوە. لە بەر ئەوەی نەک زمانی فارسی تەنیا زمانی ڕەسمی دەوڵەتی بوە، بەڵکو زمانی ناو دیوەخان و مزگەوت و کۆڕە ئەدەبیەکانی چینی دەسەڵاتداریش بوە.
(تێبینی) د محمد مکری لە دو ژمارەی مجلە یادگاردا باسی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف ئەکا و، چیرۆکێ لە یەکێ کتێبەکانیەوە ئەگوێزێتەوە، کە لە سەر گۆلی زرێبار نوسیوێتی ئەوەندە سادەیە بلیمەتیکی وەکو ئەو ئەگەر بیویستایە ئەیتوانی بە زمانەکەی خۆی کە پێی دواوە بنوسێ.

هیچ نیشانەیەک نیە بۆ ئەوەی هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەردەڵان، بە تایبەتی ئەوانەی گەیشتونەتە پلەی "والی کوردستان" بایەخیان دابێ بە لەهجەی گۆران و، هانی کەسێکیان دابێ بەم لەهجەیە مێژوی بنەماڵەکەیان بنوسێتەوە، یان داستان و جەنگنامە و شیعریان پێ دابنێ، بەڵکو پێچەوانەکەی ئەبینرێ:

یەکەم، هەمو نامەکاریەکانی نێوان ئەردەڵان و ناوەندی دەسەڵاتی ئێرانی، لە هەر پایتەختێکی دەوڵەت بوبێ و، لە سەردەمی هەر شا و زنجیرەیەک دا بوبێ، سەفەوی، ئەفشاری، زەند، قاجاری بە فارسی بوە.

دوەم، هەمو ئەو مێژوانەی میرایەتی ئەردەڵان کە لە سەر داوای والیەکانی نوسراونەتەوە، یان نوسەرەکان بە دەسپێشخەری خۆیان نوسیویانەتەوە، بە فارسی بون:
زیاتر لە 10 مێژوی ئەردەڵان، کە مێژونوسەکانی ئەردەڵان نوسیویانە، لەوانە قازی مەلا محەمەد شەریف، خوسرەو بەگی ئەردەڵان، مەستورە، میرزا شوکرولا... هەمویان بە زمانی فارسی نوسراون.
حوزنی موکریانی کە یەکێکیانی بە خەتی دانەرەکەی لە بەر دەستدا بوە، چەند بەشێکی لە فارسیەوە کردوە بە کوردی و بە زنجیرە لە ژمارە 32 ی بەرگی شەشەمی دەنگی گێتیی تازە دا بڵاویکردۆتەوە.
.....

سێیەم، هەمو ئەو شاعیرانەی لەم بنەماڵەیەدا هەڵکەوتون، یا نزیک بون بەم بنەماڵەیە، شیعر و دیوانیان بە فارسی داناوە نەک بە لەهجەی گۆران:
خەسرەو بەگی موسەنیف جەوهەری
حەسەنعەلی خان
خەسرەو خانی ناکام
مەستورە، ماهشەرەف خانم
مەستورە سەرەڕای مێژوەکەی و کتێبی عەقیدەکەی سەراپای دیوانەکەی بە فارسیە. تەنیا شیعرێکی کوردی بابانی ئەدرێتە پاڵ مەستورە ئەویش تەرجومەی شیعرێکی فارسی مەستورەیە پیرەمێرد

کردویەتی بە کوردی و لە چلەکان دا لە گەڵ زنجیرەیەک شیعری تری مەستورە لە ژین دا بڵاوی کردونەتەوە.

میرزا عەبدوڵای مونشی متخلص بە رەونەق "حدیقە امان اللهی" کە: "تەزکەرە" یەکە بۆ باسی ژیانی شاعیرەکانی ئەردەڵان و نمونەی شیعرەکانیان هەموی بۆ ئەوانە تەرخان کردوە کە بە فارسی شیعریان داناوە، یەک ئاماژەی تێدا نیە بۆ هیچ شاعیرێ کە بە کوردی شیعری دانابێ. رەونەق خۆیشی شیعرەکانی بە فارسی هەڵبەستوە.

رەنگە هۆیەکی گرنگی پاشەکشەی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران، بەو دەوڵەمەندیە زۆرەیەوە، لە بەردەم مەدرەسەی بابان دا ئەوە بوبێ، والیەکانی ئەردەڵان نوسینیان بەم لەهجەیە فەرامۆش کردوە، لە بەرامبەردا میرەکانی بابان هانی شاعیرەکانی ئەمارەتەکەی خۆیان داوە بەم زمانە بنوسن.

بنەماڵەی ئەردەڵان تێکەڵاو بون لە گەڵ بنەماڵەی شاکانی ئێران، ژن و ژنخوازیان کەوتۆتە بەینەوە:

خان ئەحمەد خان، لە دەرباری سەفەوی دا بارمتە بوە و، لەوێ پەروەردە کراوە، ژنەکەی لە بنەماڵەی شاکانی سەفەوی بوە و، هەڵۆخانی باوکی لە سەر داوای شا بە گیراوی رەوانەی ئەسفەهان کردوە.

سوهرابی کوڕی خان ئەحمەد خان لە دەرباری سەفەوی دا پەروەردە کراوە

ئەمانوڵا خان، سەرو ناز خانمی لە فەتحەلی شاوە بۆ هاوسەری بە دیاری پێ گەیشتوە

خەسرەو خانی کوڕی ئەمانوڵاخان، توبا خانمی کچی فەتحەلی شا، بۆتە هاوسەری، کە ئەویش چەند کوڕێکی لێ کەوتۆتەوە نیوە ئەردەڵانی و نیوە قاجاری بون، هەر یەکەیان بۆ ماوەیەک والی سنە بون.

جگە لەم خزمایەتیە هاومەزهبی شیعەیەتی سەرانی بنەماڵەی ئەردەڵان و بنەماڵەی شای ئێران و مەزهبی رەسمی ئێران هۆیەکی تری نزیکی ئەم دو بنەماڵەیە بوە، کە کاریگەری هەبوە لە سەر باری رۆشنبیری و، فەرهەنگی بە گشتی.

زمانی عەرەبی بە هۆی ئایینی ئیسلام و ناوەندە فەرهەنگیە بەهێزەکانی قاهیرە، شام، بەغدا، مەکە و مەدینە

زمانی فارسی بە هۆی زیندوکردنەوەی میژوی ئێران و ناوەندە فەرهەنگیە بەهێزەکانی خوراسان و، دواتر تەورێز، شیراز، مەشهەد، ئەسفەهان، تاران...

زمانی تورکی لە دوای ئەوان بە هۆی دروستبونی دەوڵەتی عوسمانیەوە ...

ئەم زمانانە وەکو زمانی رەسمی کاروباری دەوڵەتداری و زمانی نوسینی ئەدەبی لە ناوچەکەدا بڵاوبونەوە.

کورد لەبەر ئەوەی نەیتوانی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ تا سەردەمێکی درەنگ زمانی کوردی نەبو بە زمانی نوسینی ئەدەبی و زمانی کوردی هەرگیز نەبو بە زمانێکی یەکگرتو، هیچ لەهجەیەکیشی هیچ کاتێک و لە هیچ سەردەمیک دا، نەبو بە زمانی رەسمی هیچ یەکێ لە میرایەتیەکانی کورد. جا ئەبێ ئەو زمانە رەسمیەی گۆران، کە ئەمان باسی ئەکەن، لە کوێی ئەردەڵان کاری پێ کرابێ؟

سەرچاوە:

دیوانی بێسارانی، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کیومرث نیک رفتار، بەغداد، 1982.
دیوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی حەکیم مەلا سالّح، سەنەندوج، 1375.
دیوانی رەنجوری، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداخی، بەغداد، 1983.

دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، بەغداد،
دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، لە گەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، حەکیم مەلا سالّح، ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2006.
دیوانی وەلی دێوانە، کۆکردنەوەی مەحمود خاکی، سلێمانی، 1970. چاپی دوەم، سلێمانی،...
دیوانی وەلی دێوانە، ژیان و بەسەرهات و هۆنراوە، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی، عوسمان هەورامی، بەغداد، 1976.
دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد حەلی سولّتانی، تاران، 1384.
کەشکۆڵی شێخ موئمینی مەردۆخی، ئەنوەری سولّتانی، چاپی لەندەن، هەروەها چاپی هەولێر
کەشکۆڵی شیعری کوردی، بەرگی 1 – 6، محەمەد عەلی قەرەداخی، چاپی بەغداد
حەدیقەی سولّتانی، محەمەد عەلی سولّتانی، چاپی تاران
رۆژنامەی کوردستان، چاپی تاران، ژمارەکانی ساڵانی 1959 – 1961.

داستانی هۆنراوە

یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی ئەدەبی مەدرەسەی گۆران هۆنینەوەی داستانە. داستانەکان هەموی بە کێشی دە برگەیی و بە قاڵبی مەسنەوی هۆنراونەتەوە. گەنجینەیەکی گەورەی زمان و فەرهەنگ و نەریتی کوردەوارین. لە مەدرەسەی ئەدەبی بابان دا ئەم بابەتە نەبوە، یا ئەوەندە دەگمەنە بە نەبو دائەنرێ. لە مەدرەسەی ئەدەبی کرمانجی سەروا هەمان تایبەتمەندی هەیە. بەم لەهجەیە چەندین داستان هۆنراونەتەوە، بەڵام ئەوەی بڵاو کراوەتەوە بە چەندایەتی کەمترە لە دانراوەکانی هەورامی. رەنگە شتێ کە ئەم دو مەدرەسەیە لە یەک جیا بکاتەوە ئەوەبێ لە مەدرەسەی کرمانجی دا، چیرۆکی زارەکی کوردی، کە لە ناو خەڵک دا، باو بون بۆتە کەرەسەتەی هۆنینەوەی داستانەکە لەوانە مەم و زینی خانی، کەچی لە داستانە هەورامیەکان دا سەرچاوەکانیان شاکارە ئەدەبیەکانی زمانی فارسین.

1. زانیاری دەربارەی داستانەکان
2. پۆلێنی داستانەکان
3. سەرچاوەی داستانەکان

زانیاری دەربارەی داستانەکان

سەرچاوەی ونبو

کورد لە کوردستانی عیراق دا کتێبخانەیەکی گشتی نەبوە بێتە ناوەندی کۆکردنەوەی دەسنوس. لە هەندێ لە شارەکانی دا هەندێ کتێبخانەی گشتی هەبون ئەوانەش حکومەتی عیراق وەکو دەزگای ناوچەیی دای مەزراندون تەنیا کتێبی چاپکراویان تێدا بوە.

هەندێ دەسنوس رەنگە لە مەکتەبەی تایبەتی هەندێ بنەماڵە و هەندێ مزگەوت و مەدرەسەدا هەبوبێ، بەڵام هیچ کات مەکتەبەیەک نەبوە ناوەندی کۆکردنەوەی دەسنوسە کوردی و ناکوردیەکانی ناو کوردستان بوبێ.
نائارامی هەلومەرجی سیاسی کوردستان هەروەکو چەند جار بۆتە هۆی وێرانبونی شار و دێهاتی کوردستان، بەوجۆرەش بۆتە هۆی فەوتانی هەرچی لە ناو ئەو خانو و ماڵانەدا بوە لە ناو ئەوانەدا بەڵگە و دەسنوس.
لە ناو گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکان دا هەندێ جار هەندێ لە نوسەران باسیان لە هەندێ سەرچاوەی بە نرخ کردوە، ئێستا کەس سەروسۆراخیان نازانێ، بۆ نمونە:

نمونە 1:

حسێن حوزنی موکریانی ئەو دەمەی سەرنوسەری گۆڤاری "دەنگی گیتیی تازە" بوە لە بەغداد لە وتارێک دا کە بە دو بەش لە ژێر سەردێڕی "نامە نوسراوەکانی کوردی" کە دەربارەی ئەم بابەتەی نوسیوە، لە باتی "داستان" وشەی "نامە" ی بە کار هێناوە. (دەنگی گێتیی تازە، ژ 12 سالّی سێیەم 21ی کانونی دوەمی 1946)
لە بەشی دوەمی وتارەکەی دا نوسیوێتی:
"بەڵام ناشوکری نەبێ گەلێک لەو نامانە ئەوانەیان تێدا نیە. هەروەک ئێستا لە لای خۆم چەند نامەییکی کەوا لەم وتارەدا ناویان دەبەم، وە یەک دو شیعری سەرەتایەکانیشیان نیشان دەدەم، دیار دەکرێت کە لە هیچ کامیان دا ناوونیشانی خاوەند و نویسەر و سالّی دانانی نیە. وە لە لای گەلێ کەسانی دیکەش هەمو جۆرە نامەییکی وا هەن کە موئەلیفیان نادیارە. وە لە نویسینەوەشیان دا گەلێک شێوە و تەرزی نەزمی لە لایەن نویسەرەکانەوە تێک دراوە." حوزنی بۆ نمونە ناوی شەش لەو نامانەی هێناوە کە لای خۆی هەبون: وەرەق و گوڵ. شاد نامە. درەخت نامە. برزو و فەلامرز نامە. بەوری بەیان نامە. جەنگ نامەی رۆستەم و زۆراب. مەنیج و بیژەن نامە. لەیلە و مەجروم. (ژ 13 سالّی سێیەم 28ی کانونی دوەمی 1946)

حوزنی لە ژمارەیەکی تری گۆڤارەکەدا باسی دەسنوسێکی "شیرین و فەرهاد" ئەکا کە محەمەد سادق ناوێک نوسیوێتیەوە 206 لاپەڕە بوە و هەر لاپەڕەیەکی 23 شیعری تێدابوە، و "بە 39 نیگاری رەنگاندراو رازاندویەتیەوە". حوزنی لەم بارەیەوە نوسیوێتی ئەڵێ: "خانای قوبادی هەر چەند لە تەڕ و ئاوداری و خۆش و رێکی و سواری شیعردا هونەری نواند بێ، بەڵام محەمەد سادق نویسەر لە نوسینی و نیگار و وێنەدا شاهکاری کوردێکی نێو شاخ و کێوەکانی لادێی نیشان داوە کە لەو سەدانەدا لە دێهاتەکانی کوردستانیشدا چی هونەر و زانینێک لە کاردا بوە..." (ژ 3ی بەرگی پێنجەم، سالّی سێیەم، 1945، دەنگی گێتیی تازە)

حوزنی لە ژێر سەرناوی "نامە و نوسراوێکی دێریکی بە نرخ: مێژوی فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان" نوسیوێتی:
"سالّی 1244ی هیجری میرزا ئیسماعیل کوڕی مەلا محەمەد حسەین لە شاری سنە لە سەر فەرمایشتی خوسرەو خان والی کوردستان لە تەمەنی 64 سالّی دا میژوی بنەماڵە و فەرمانڕەواکانی کوردی ئەردەڵانی لە سەرەتاوە تا سالّی بێژراوی تەئلیف کرد. ئەو کتێبە گرانبا و بە نرخی تاریخی کوردستانی ئەردەڵان کە موئەلیف بە جوانترین نوسینی نوسیوەتەوە و کەناری لاپەڕەکانی زێڕبافت کردوە کە ئێستا لە دەستمان دایە، وا دو لاپەڕەی ئەو کتێبە بە قیمەتە کە 4 و 5 ن وە ناوی موئەلیف و خوسرەو خانی تێدان ئەمەیە لەم لاپەڕەی کۆوارەکەمان دا پێشکەش بە خوێندەوارە خۆشەویستەکان دەکەین.... تاد" (دەنگی گێتیی تازە، سالّی سێیەم، بەرگی شەشەم، ژمارە 32)

حوزنی چەند بەشێکی ئەم مێژوەی کردۆتە کوردی بە زنجیرە لە گۆڤارەکەی دا بڵاویکردۆتەوە. لە گەڵ وەستانی گۆڤارەکەدا بەشەکانی تری بڵاو نەکردونەتەوە.

نمونە 2:

پیرەمێرد لە کۆتایی چلەکان دا ئاماژەی بۆ "یوسف و زلێخا" یەک کردوە کە رەنگە جیا بێ لەمەی بڵاو کراوەتەوە. پیرەمێرد بۆ حوزنی نوسیوە:

"استادی پر هونەری مەزن سید حزنی

تۆ لە کۆکردنەوەی یادداشتە کوردیەکاندا خدمەتێکی زۆرت کردوە شیرین و خسروی خانای قوبادیت وە چنگ کەوتوە کە لای منیش هەیە جگە لەوە یوسف و زلێخایەکی تەواوی کوردیم لایە سەرداستانەکەی ئەڵێ:

بە تۆفیقی حق دانای لەم یەزەل	بە فەضل ئیعجاز مستەفای مورسەل
خودای بانی سەر بدۆ هیدایەت	بکەرون بەیان شیرین حیکایەت
بە لەفزی کوردی و شێوەی گۆرانی	زاهیر بو تەمام مەعنای پنهانی

ئینجا بە تەواوی حیکایەتی یوسف و زلێخا ئەنوسێ بەڵام نالێ کێ وتویە. ئەڵێ مبارک... بو ئەی مەلا رۆستەم... ئێستا نازانم مؤلفەکەی کێیە. ئایا ئێوە یوسف و زلیخای واتان دیوە یان..." (ژین، ژ: 815. 2ی کانونی سانی 1946)

هەر لەم بارەیەوە جارێکی تر پیرەمێرد نوسیوێتی:

"استادی خۆم سید حزنی

داستانە چاپکراوەکەی شیرین و فەرهادم پێگەیشت! تۆیش رەنجی فەرهاد بۆ ئاساری کوردی ئەدەی جێی ئافەرینە یوسف و زلیخایەکی دەستخەتی تەواوم لە لایە خۆم پیری پەکی خستوم مەگەر بینێرم بۆ تۆ خوا پاداشی رەنج و ئەمەکت بداتەوە. پیرەمێردی شاگردی شاگردت" (دەنگی گێتیی تازە، بەرگ: 26/ ل:407)

هەر پیرەمێرد لە باسی دیوانی مەستورەی ئەردەڵانی دا لە ژێر سەرناوی "جەوهەری کوردی" دا نوسیوێتی:

.....

"هێشتا زۆری وامان هەیە بۆمان نەهاتۆتە نوسین، لە میانەی ئەوانەدا کچە کوردێکی وەک تیشکی ڕۆژ لە ئاسمانی کوردستاندا بدرەوشێتەوە بە شیعر و، لە شیعرەکانی زیاتر بە خەتی شکستەی فارسی، کە ئەتوانم بڵێم لە هەمو ئێراندا وێنەی ئەو خەتە جوانە نەبینراوە، گەوهەرێکی شەوچراغی کوردستانە، مەستورە ناوە. بە خەتی خۆی شیعرەکانی خۆی و دیوانی خوسرەو خانی والی نوسراوەتەوە لە لامە. من بەش بە حاڵی خۆم کە خەتی فارسی: تەعلیق و شکستە و خەتی دیوانی و سولس و تورکی و چی و چی ... باش ئەنوسم و، لە جوانیەکەی زیاتر شارەزای قاعیدە و سەبک و شێوەیان هەم، ناگەمە پایەی نوسینی مەستورە و شیعرەکانیشی زۆر بالایە. چەندێک بەرە بەرە لە ژین دا کردومە بە کوردی بۆ ئەمەی دوای من یەکێک لە ژین دا کۆیان بکاتەوە لە چاپی بدا.

.....

"لە بەیازەکەدا لە پێشەوە بیست و پێنج غەزەلی لە بەحری ئەلفەوە تا بەحری سین لە ئەشعاری خوسرەو خان نوسیوە. دوای ئەوە لە ژێر سەرلەوحەی (من افکار مذنبه الراقمه) دا دیوانی خۆی بەو خەتە جوانە نوسیوەتەوە. ئەگەر بمێنم ئەو خەتە بە فۆتۆگراف ئەکەم بە قڵێشە و چاپی ئەکەم بۆ ئەوەی مەشقی ئەو خەتە بین.

ئەو خەتە لە ئەوەل دێڕیەوە تا دوایی دێڕی یەک نەسەق و یەک ڕەنگ، کەلیمەیەک و حەرفێکی ناڕێک و غەڵەتی تیا نیە. .. تاد" (ژین، ژ 833، 1ی ئاغستۆسی 1946)

نمونە 3:

محەمەد ئەمین کاردۆخی لە باسی "ڕەونەق" دانەری "حەدیقەی خوسرەوی" دا نوسیوتی:

"شاعیری بە ناوبانگ ڕەونەق

"ڕەونەق لە شیعری هەر یەکێ لەمانە چەند غەزەل و قەسیدەیەک هەڵئەبژێرێت و ئەیکا بە کتێب بە ناوی (حدیقەی خسروی) یەوە ئەینوسێتەوە، ئێستا کە خەریکی نوسینی ئەم وتارەم عەینی ئەو کتێبەم (بە خەتی دانەری) لە بەردەسایە، ئەم کتێبە 342 لاپەڕەیە، 55 لاپەڕەی دوایی باسی ژیان و نمونەی شیعری ڕەونەق خۆیەتی. ئەمیش وەکو شاعیرەکانی پێش خۆی بۆ دەرخستنی هونەری خۆی هەمو شیعرەکانی بە زمانی فارسی وتوە." (گەلاوێژ، ژ 9 – 10 س 8ی ئەیلول و تشرینی یەکەمی 1947، ل 92 – 95.)

کاردۆخی ژیاننامەی چەند شاعیرێکی لەم کتێبە کردۆتە کوردی و لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەم کتێبە بریتیە لە ژیننامە و نمونەی شیعری کۆمەڵێ لە شاعیرانی فارسیبێژی ناوچەی ئەردەڵان. ڕەونەق سەرەتا کتێبەکەی بە ناوی خوسرەو خانی ناکامەوە ناو ناوە "حەدیقەی خوسرەوی" بەڵام کە خوسرەو خان مردوە ناوی کتێبەکەی گۆڕیوەو بە ناوی کوڕەکەیەوە ناوی ناوە "حەدیقەی ئامانوڵاهی".

ئەم کتێبە سالی 1344 هجری شمسی لە تەوریز "بتصحیح و تحشیە دکتر ع خیامپور" بە ناوی "تذکرە حدیقە امان اللهی" لە لایەن "مؤسسە تاریخ و فرهنگ ایران" هوە چاپ کراوە. لە بەر ئەوەی دەسنوسی نوسەریان دەس نەکەوتوە و دەسنوسەکانی دەگمەن بون دانەیەکی دەسنوسی برازایەکی ڕەونەقیان کردۆتە بنچینەی ساخکردنەوەی کتێبەکە.

لە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان دا چەندین باسی لەم بابەتە سەبارەت بە سەرچاوەی ئەدەبی و فەرهەنگی جۆراوجۆر هەیە، کە ئێستا چارەنوسیان دیار نیە، نازانرێ ماون یا نەماون، ئەگەر ماون لە کوێن و لای کێن.

سەرچاوەی دۆزراوە

سامانی فەرهەنگیی کورد لە کتێبخانەکانی دەرەوەی کوردستان دا باشتر هەڵگیراون تا ناوەوەی کوردستان. ڕەنگە نائارامی هەلومەرجی کوردستان و، بەرتەسکی بواری بڵاو کردنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی، ئەمە سەرەڕای بێ دەربایستی ڕۆشنبیرانی کورد خۆیان، کارێکی وای کردبێ بەشێکی گرنگێ ئەم سامانە نەتەوەییە فەوتابێ یان هێشتا لە گۆشەی فەرامۆشی دا بێ، بەڵام کتێبخانەکانی دەرەوەی کوردستان، بە تایبەتی کتێبخانەکانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و ڕوسیا و بەغداد هێشتا گەنجینەی شاردراوەی گەلێ بە نرخ و هێژایان تێدایە، کە سەرچاوەی ڕونن بۆ لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی گەلێ لەو بەرهەمانەی نە خۆیان و نە دانەرەکانیان بە خوێندەوارانی کورد ئاشنا نین.

نمونە 1: ئاگادارییەکانی کەمال فوئاد

د. کەمال فوئاد، لە کتێبەکەی دا بە زمانی ئەڵمانی:

Kurdische Handschriften, Wiesbaden, F. Steiner 1970

باس لە چەندین دەسنوسی کوردی ئەکا کە لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیادا پارێزراون. لە ناو ئەوانەدا چەندین داستان و کۆمەڵە شیعری تێ دایە کە بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە، لەوانە: "شیرین و فەرهاد"، "شیرین و خەسرەو"، "خورشید و خاوەر"، "لەیل و مەجنون"، "مەنیجە و بیژەن"، "بەهرام و گولئەندام"، "سەنعان و تەرسا"، "حەیدەر و سنەوبەر"، "حەوت خوانی رۆستەم"، "هەفت لەشکر"، "رۆستەم و زۆراب"، "بەوری بەیان"، "شەڕی ئیمام عەلی لە گەڵ کافران"، "شەڕی محەمەدی حەنیفە لە گەڵ کافران"، "ئیسماعیل نامە"، "نادرنامە"، "جەنگنامەی شازادە محەمەد عەلی میرزا لە گەڵ کەهیە پاشای بەغداد"، "گورگ و روباە"، "گوربە و موش"، "سولّتان جومجومە"... هتد.

نمونە 2: ئاگاداریەکانی ئەنوەری سولّتانی

ئەنوەری سولّتانی، لە کتێبەکەی دا بە زمانی کوردی:

"21 دەسنووسی کوردی (و فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بەریتانیادا"، چاپی کتێبی ئەرزان، سوید، 1997.

باس لە چەندین دەسنوسی کوردی ئەکا کە لە کتێبخانەکانی بەریتانیادا پارێزراون. لە ناو ئەوانەدا چەندین داستان و کۆمەڵە شیعری تێ دایە کە بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە، لەوانە: "خوسرەو و شیرین" ، "خورشیدی خاوەر"، "لەیلی و مەجنون"، "بارام و گولّەندام".

نمونە 3: ئاگاداریەکانی مەعروف خەزنەدار

دکتۆر مەعروف خەزنەدار، لە کتێبەکەی دا بە زمانی عەرەبی:

"مخطوطات فريدة و مطبوعات نادرة"، الجزء الاول، بغداد 1978.

باس لە چەندین دەسنوسی کوردی ئەکا کە لە کتێبخانەکانی روسیادا پارێزراون. لە ناو ئەوانەدا چەندین داستان و کۆمەڵە شیعری تێ دایە کە بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە، لەوانە: "شیرین و فەرهاد"، بەشێ لە داستانی "لەیلی و مەجنون"، "جنگ ملخ باتش ملوچ".

نمونە 4: ئاگاداریەکانی قەرەداخی

محەمەد عەلی قەرەداخی، لە زنجیرەی نوسراوەکانی دا بە زمانی کوردی:

"بووژاندنەوەی مێژوی زانایانی کورد"، بەرگی یەکەم، 1998 بەغداد. هەروەها بەرگەکانی تری.

باس لە چەندین دەسنوسی کوردی ئەکا کە لە کتێبخانەکانی بەغدادا پارێزراون. لە ناو ئەوانەدا چەندین داستان و کۆمەڵە شیعری تێ دایە کە بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە، لەوانە: "لەیل و مەجنون"، "زەنبیل فرۆش"، "شیرین و خوسرەو"، "یوسف و زلّێخا"، "شەڕی ئیمام عەلی"، "شەڕی محەمەدی حەنیفە"، "ئیسماعیلنامە"، "جەنگنامەی شازادە محەمەد عەلی"، "حەوت رەزم"، "برزو و فەرامورز"، "هەفت لەشکر" ...

پۆلێنی داستانەکان

1. داستانی دڵداری
2. داستانی ئەخلاقی
3. داستانی جەنگی

داستانی دڵداری

هەندێ لە داستانە بە ناوبانگەکانی رۆژهەڵات کە لە ئەدەبی فارسی و عەرەبی دا باو بون، لە لایەن شاعیرانی گۆرانەوە بە شیعر هۆنراونەتەوە. لە ئەدەبی فارسی وەرگیراون و هەندێکیان جلی کوردیان لە بەر کراوە. لەوانە: "شیرین و فەرهاد"، "لەیل و مەجنون"، "بارام و گوڵئەندام"، "خورشید و خاوەر"، "مەنیجە و بێژەن"، "شێخی سەنعان و تەرسا"....

نمونە 1:"شیرین و خەسرەو"

نیزامی گەنجەوی بە فارسی داستانی شیرین و خەسرەوی بە شیعری مەسنەوی هۆنیوەتەوە. دوای نیزامی زیاتر لە 30 شاعیر بە زمانی فارسی و چەند شاعیرێ بە زمانی تورکی هەمان داستانیان هۆنیوەتەوە، بەڵام هەمویان چاویان لە نیزامی کردوە و داستانەکەی ئەو لە چاو هەمویان دا سەرکەوتوترە.

هەروەها چەندین شاعیری کورد بە لەهجەی گۆران داستانی "شیرین و فەرهاد" و "شیرین و خوسرەو" یان هۆنیوەتەوە، لەوانە خانای قوبادی، میرزا شەفیع، مەلا وەلەد خان، سەرچاوەی هەمویان داستانەکەی نیزامی بوە.

ئەم داستانە چەند جارێ، بە ناوی خانای قوبادیەوە، چاپ کراوە:

جاری یەکەم، حوزنی موکریانی بە زنجیرە لە گۆڤاری "دەنگی گێتی‌ی تازە" دا بڵاوی کردۆتەوە، دواتر لە کتێبێک دا بە کۆکراوەیی لە بەغداد چاپی کردۆتەوە.

جاری دوەم، موراد ئەورەنگ سالّی 1969 لە تاران بڵاوی کردۆتەوە.

جاری سێیەم، محەمەدی مەلا کەریم، لە بەغداد سالّی 1975 بڵاوی کردۆتەوە. پێشەکیەکی شیکاری بۆ نوسیوە و، فەرهەنگێکی بۆ وشە نائاشناکانی داناوە.

جاری چوارەم، سدیق سەفی بۆرەکەیی، لە تاران بڵاوی کردۆتەوە، پێشەکیەکی شیکاری بۆ نوسیوە و، فەرهەنگێکی بۆ وشە نائاشناکانی داناوە.

ئەم داستانە چونکە چەند شاعیری بە توانا، هەر یەکە بە پێی زەوق و سەلیقەی خۆی، لە داستانەکەی نیزامی وەرگرتوە، رەنگە تێکەڵاویەک لە تێکستەکانیان دا دروست بوبێ. تا ئێستا کەسێ بەراوردی تێکستە جیاوازەکانی نەکردوە و، جیاوازی پلەی ئەدەبی لە گەڵ یەکتری هەڵ نەسەنگاندوە.

نمونە 2: "خورشیدی خاوەر"

هۆنینەوەی میرزا مستەفای دلێدلێ

ئەم داستانە مەریوانی سالّی 1933 لە بەغداد چاپی کردوە.

پێ ئەچێ داستانی "خورشیدی خاوەر" لە لایەن چەند شاعیرەوە بە لەهجەی گۆرانی لە سەردەمی جیاوازدا هۆنرا بێتەوە. چەند دەسنوسی جیاوازی لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیا پارێزراوە. سەرەتای یەکێ لەو دەسنوسانە بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

سڕپۆشی سەتار
یا یەدی قودرەت سڕپۆشی سەتار

دانای لەم یەزەل قەیومی جەبار شکافندەی گوڵ جە ماوای موغار

بەر لە بەیتێکی بەشی کۆتایی دا ئەڵێ:

وە لەفزی شیرین بشنەو حیکایەت پیرانی ماضی کەردەن ریوایەت

سەرەتای یەکێکی تر لەو دەسنوسانە بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

ئیبتیدا بەنام سەتاری سڕپۆش
بواچیم صفات شاهان لال پوش

پادشاهێ بی نەخاوەر دیار ساحیب صەفی سان سپاش صەدهەزار

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

عومری درازی و سەر بەردشان موراداں دڵ حاصڵ کەردشان

هەرشەب مەنۆشان بادەی ئەرغەوان گۆش مەدان وە دەنگ نالّەی تەزەروان

دەسنوسێکی تری ئەم داستانە لە کتێبخانەی بەریتانیادا هەیە. ئەنوەری سوڵتانی مەزەننەی کردوە بە دو هەزار بەیت. سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

دمای حەمدی زات جیهانئافەرین یاوام پەی تەعریف شای خاوەرزەمین

شنەفتم نە پیر دانای هونەروەر پادشاهێ بی نە مولّکی خاوەر

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

چل شەو و چل رۆژ عەروسی کەردەن کەس نەداشت وە یاد ئەو رۆژی مەردەن

هەزاران درود، هەزاران سەلام زوما بەر محمد علیه السلام

داستانی ئەخلاقی

لەم جۆرە داستانەدا بەها بەرزەکانی رەوشتی مرۆڤ وەکو راستگۆیی، پاکی، جوامێری، لە خۆبڕان و خۆنەویستی، بەرجەستە کراوە. بیرۆکەی چیرۆکەکانی هەندێ لەم داستانانە لە کتێبە دینییەکان و باوەڕ و ئەفسانە ئایینیەکانەوە وەرگیراون. تەنانەت هەندێ لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکان لە پێغەمەرانن. لەوانە: "یوسف و زڵێخا"، "ئیسماعیلنامە".

نمونە 1: "یوسف و زڵێخا"

هۆنینەوەی خانای قوبادی

ئەم داستانە بە زۆر لە زمانەکانی رۆژهەڵات هۆنراوەتەوە. جولەکە یوسف و باوکی بە پێغەمەری خۆیان ئەزانن و چیرۆکەکەش بە چیرۆکێکی تەوراتی دائەنێن. قورئان چیرۆکی یوسفی بە درێژی گێڕاوەتەوە.

ئەوڕەحمانی جامی، بە فارسی، وەکو کتێبی پێنجەمی داستانەکانی "حەفت ئەورەنگ" هۆنیوێتیەوە. دوای ئەویش چەند کەسی تر بە شیعر دایان رشتۆتەوە.

خانای قوبادی داستانی "یوسف و زڵێخا" ی بە شیعر هۆنیوەتەوە. داستانەکەی بریتیە لە 3519 بەیت. "حەکیم مەلا سالّح" سالّی 2006 لە هەولێر "بوژانەوە و لێکدانەوە" ی بۆ کردوە و، بڵاویکردۆتەوە.
جگە لەم "یوسف و زڵێخا" یە، محەمەد عەلی قەرەداخی، لە "بوژاندنەوەی زانایانی کورد" دا، لە ناو دەسنوسەکانی بەغدادا باسی دو داستانی تری "یوسف و زڵێخا" ئەکا:
یەکەم - بە لەهجەی گۆرانی کە دانەرەکەی نەناسراوە.
دوەم – بە لەهجەی کرمانجی وەکو ئەو ئەڵێ، دانەرەکەی ئەحمەدی خانیە.

نمونە 2: "ئیسماعیل نامە"

چیرۆکێکی قورئانیە. چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم و خەوبینین و ئامادەیی بۆ کردنی ئیسماعیلی کوڕی بە قوربانی گێڕاوەتەوە. رونوسی داستانەکە لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیا و بەغداد هەیە.
رونوسێکی ئەڵمانیا بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

بەنامی خودای کەریم و ئەعزەم — خالقی مەخلوق تەمامی عالەم
هەم بە نامی حەق جیهان ئافەرید — محەمەد ژ خەلق کەردش بەرگوزید

بەمجۆرەش کۆتایی دێ:

خولاصەی کەلام ئاخر سەرئەنجام — وە مەنزوم واتم دو کیتاب تەمام
پەرێ برادەر، هامسەران، قەومان — هەر وەقت موانان بەندە یادکەران

داستانی جەنگی

هەندێ جار بەم جۆرە داستانەیان وتوە "جەنگنامە". چەشنەکانی داستانی جەنگی جۆراوجۆرن:

1. جەنگی روداو
2. جەنگی هەڵبەستراو
3. جەنگی ئەفسانەیی
4. جەنگی خەیاڵی

جەنگی روداو

گێڕانەوەی ئەو شەڕانەیە کە لە نێوان دو هێزی چەکداردا بە ڕاستی رویان داوە. شاعیر بە هۆنراوە گێڕاوێتیەوە. مەبەستی گێڕانەوە ئەشێ جیاواز بێ. ئەشێ بۆ مەبەستی سیاسی، دینی، مەزهبی، نەتەوەیی، خێڵەکی بێ، ئەشێ بۆ لایەنگری لایەک بێ دژی لایەک، ئەشێ بۆ ستایشی کەسایەتیەک و شکاندنی کەسایەتیەکی تر بێ، ئەشێ بۆ چاپلوسی و دەسکەوتی مادی بێ. گەڵێ لەم جەنگنامانە بۆ ئەوە ناشێن وەکو سەرچاوەی مێژویی بکرێنە سەرچاوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە بۆ مەبەستی تایبەتی هۆنراونەتەوە. لەوانە:

نمونە 1: "نادرنامە"

هۆنینەوەی میرزا ئەڵماس خان.

محەمەد ئەمین زەکی لە خۆلاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان دا و، عەلادین سجادی لە "مێژوی ئەدەبی کوردی" دا ئاماژەیان بە داستانێ کردوە بە ناوی "نادر و تۆپاڵ" ەوە. پێ ئەچێ هەمان "نادرنامە" ی میرزا ئەڵماس خان بێ.

نمونە 2: "جەنگنامەی شازادەی کرماشان و کەهیای بەغداد"

هۆنینەوەی میرزای کرندی.

گێڕانەوەی شەڕێکە لە نێوان سپای ئێرانی بە سەرکردایەتی شازادە محەمەد عەلی میرزای قاجار و سپای عوسمانی و بابان بە سەرکردایەتی کەهیای بەغداد لە ساڵی 1821 دا.

لە سەرەتادا ئەڵێ:

یا دانای داوەر
یا حەی، یا قەیوم، یا دانای داوەر

جهان نا جهان لەنگەر وای لەنگەر — وە شوعلەی شەریف، شەوقی ماە، خور

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

روحش نەفیرقەی شای شەهیدان بۆ — موریدی ئیخلاس سای خانەدان بۆ
مەدەد تەڵەب کەی نە خولاصە کەونەین — عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین

جەنگی هەڵبەستراو

روداوی دینیە. بەڵام لە سەر ئەرز بە راستی روی نەداوە، بەڵکو شەڕێکە بە خەیاڵ هەڵبەستراوە. لە چوارچێوەیەکی هونەری دا لە بەرگێکی ئایینی دا بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی هەمیشەیی موسوڵمانان و شکستی بەردەوامی کافران هۆنراونەتەوە، لەوانە: "جەنگنامەی محەمەدی حەنیفە"، شەڕەکانی "ئیمام عەلی و سەیاف"، "ئیمام عەلی و جوڵندی"...

نمونە 1: "شەڕی عەلی و کافران"

عەلی لەم شەڕەدا شەش هەزار شەڕکەری کافری کوشتوە. سێ هەزاریان بە شمشێر و سێ هەزاریان بە مست.

هۆنەر ئەڵێ:

کێشا بەسەردا پەردەی زەرنیقاب — نشت وە پای ئالەم وینەی ئافتاب
جەو دما حەزرەت کێشا زولفەقار — رو کەرد نە میللەت تائیفەی کوفار
جە سپای گەوران شەش هەزار بکوشت — سێ بە زولفەقار، سێ بە زەربی مشت

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

تێدا نیشتە بی هەردو چون پەری — یەکێ زوهرە بی، یەکێ موشتەری

نمونە 2: "حاتەم نامە"

رۆژێک محەمەد (سەیدی سەروەر) بە یارانی ئەڵێ، حەزم لە گۆشتی راوە.

حاتەم ئەچێ بۆ راو. لە ڕێگا چاوی بە لەشکری کافران ئەکەوێ. حاتەم ئەکەوێتە شەڕ لە گەڵیان. زۆریان لێ ئەکوژێ. بەڵام خۆیشی لەو شەڕەدا بە دەستی کافرەکان ئەکوژرێ. ئەسپەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ مەدینە.

عەلی بڕیار ئەدا تۆڵەی حاتەم بسێنێتەوە. عەلی ئەچێ بۆ شاری شەهریار. لەو شارە زەماوەندی کچی پاشای کافران ئەبێ. پاش شەڕێکی زۆر عەلی بەسەر پاشای کافران دا زاڵ ئەبێ و داوای لێ ئەکا ببێتە موسوڵمان. بەڵام پاشا ئامادە نابێ موسوڵمان بێ. عەلی ئەیکوژێ.
ئەوسا عەلی لە گەڵ ئەسحابەکان بە سەرکەوتویی ئەگەڕێتەوە بۆ مەدینە.
لە سەرەتا دا ئەڵێ:

تەحقیقی بەحەق
الا لاشەریک تەحقیقی بەحەق

یا ئەبەد بە زات قەیومی موتڵەق یا نوربەخشی نور شوعلەی سوب شەفەق

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

قەومان مەردود سرشان کرت بەدەست رو کەردەن پەرێ قەوم بتپەرەست
.....

عەلی تورە ئەبێ ئەڵێ:

ساقی دەرونم تار و نمینەن مەجلیسی بەزمم خار و خەمینەن
بار ئەندۆهم یەکجار سەنگینەن سەرتاپای بەرگم جە هون رەنگینەن

دانەر لە کۆتایی دا ئەڵێ:

هەرکەس بوانو بە لەفزی رەوان نائومید نەبۆ جە دەرگای ئەوان
.....

دانەر دریژە بە داستانەکەی ئەدا بەوەی عەلی ئەچێ تۆڵەی حاتەم بسێنێ:

حەیدەر چون شنەفت کێشا زولفەقار یکا وە کەللەی کور نابەکار
کەردش بە دو لەت مەردودی باتڵ خەڵتان بی وە خاک شاهی موقاتل
.....
باقی ئەسحابان چەنی شای سەروەر هەم ئامان وە شار مەدینەی ئەنوەر

نمونە 3: "تاڵی مەغریبی"

تال، شای مەغریب، بۆ دوژمنایەتی ئیسلام لەشکر ئەباتە سەر مەدینە. حەسەن و حوسەین، کوڕانی عەلی، بە دیل ئەگرێ. بەڵام عەلی بە سواری ئەسپەکەی دولدوڵ دوایان ئەکەوێ. پاش شەڕێکی قورس بە یارمەتی جوبرەئیل بە سەر کافران دا زاڵ ئەبێ. عەلی، تال و هەمو سەربازەکانی سپاکەی کە 900 هەزار کەس بون ئەکوژێ. کوڕەکانی رزگار ئەکا. عەلی بە سەرکەوتویی ئەگەڕێتەوە بۆ مەدینە بۆ لای محەمەد و فاتیمە.
سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

مەعبودی بێ باک
پادشای شاهان، مەعبودی بێ باک
واحید و ئەحەد، فەردی تەنیای تاک بەخشندەی رەحمەت، جە کەرەم بێ باک

ئینجا ئەڵێ:

پادشاهێ بی جە مەغریب زەمین تاڵی گومڕاە بی مەلعونی بێ دین

لە کۆتایی دا ئەڵێ:
تاریخی ئین نەزم وێەردەی وەرین
الف اثنین مایە ثلاثە سبعین (1273)
ج ع ر چەنی حەرفی غین
تاریخ ئین نەزم ئاوردم بە زەمین
.....

جەنگی ئەفسانەیی

هەندێ لەم جەنگانە لە سەر ئەرز بە راستی رویان نەداوە، لەوانەیە ئەفسانەیەکی کۆن بێ، یا سەرگروشتەیەکی زارەکی بێ دەمادەم وترابێتەوە، یان بەندوباوێکی ناو خەڵک بێ سینە بە سینە هاتبێتە خوارەوە، یان شاعیر لە خەیاڵی خۆی دا خولقاندونی و روداوی لێ دروست کردون. هەندێ لەم جەنگانە بۆ مەبەستی خڵافاندنی وەرگر و بەسەربردنی کات دانراون، هەندێکی تری بۆ مەبەستی تایبەتی. هەندێ لەم جەنگانە لە نێوان دێو و درنج و هەژدیها و پاڵەوانی پیاوانە دایە. هەندێکی تری خولقاندنی قارەمانی مێژوییە بۆ دروستکردنی سەروەری نەتەوەیی. نمونەی ئەمانە:
بەشێ لەم هۆنراونە لە شانامەی فیردەوسیەوە وەرگیراون، لەوانە:
"هەفت رەزم"، "هەفت لەشکر"، "هەفت خوانی رۆستەم"، "رۆستەم و زۆراب"، "برزو و فەرامورز"، رەنگە هەندێ لەمانە یەک بابەت بن ناوەکانیان دەسکاری کرابێ، یان شاعیری جیاواز هەڵی بەستبن.

نمونە 1: "مەنزومەی جەواهیرپۆش"

هۆنینەوەی مستەفای کوڕی مەحمودی گۆرانی.
بریتیە لە 5080 بەیت.
بەشێ بوە لە شاهنامەی کوردی. باسی جەنگەکانی ئێران و توران ئەکا لە دەورانی شەهریاریی کەیخوسرەوی کەیانی دا. گومان ئەکرێ لە قەرنی 12 ی هیجری قەمەری دا دانرا بێ.
ساڵی 1383 ی هیجری خۆرشیدی لە تاران لە لایەن "ایرج بهرامی" بە "پیشگفتار، تصحیح، توضیح و واژەنامە" هوە لە گەڵ پێشەکیەکی فارسی بڵاو کراوەتەوە.
سەرەتاکەی بە ستایشی خوا دەس پێ ئەکا:

یا حەق تۆ موعین فریاد رەسەنی
پەرێ بێکەسان هەر تۆ کەسەنی
پەرێ زەلیلان هەر تۆنی موعین کەریم و رەحیم نەی دنیای موبین
یا رەب بە حەقی رەسولی سەروەر بدەری نەجات ئەی بەندەی کەمتەر
جە غەل و جە غەش ساف کەی سەوادم جە درک و جە هۆش زەین کەی زیادم
بدەریم تەوفیق حەیی بێ میسال
بواچۆم تاریف گرد تایفەی زاڵ (55)

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

وەسەن مستەفا دەستان وەرین — روکەر نە دەرگای دانای بیهتەرین
پەی سەودای مەجاز وێت کەردی زەبون — خاکت بۆ نە سەر ئەی بیڕای مەجنون
دەی مەکەر هەرگیز زوان درازی — بەلکم خوداوەند و لێت بۆ رازی
نەبادا شەیتان بدەرۆت بازی — روسیای خودا و رەسولی تازی
روکەر نە دەرگای کارساز بێچون — پەناە بەر بە ئەو نە راسی دەرون
توشە پەی عوقبات بکەر کارسازی — دیی نەشۆ نە پەی سەودای مەجازی

درود و سەلام هەزاران هەزار
پەرێ محەمەد سەیدی ئەطهار

جەنگی خەیاڵی

ململانێی نێوان خێر و شەڕ، چاکە و خراپە ... بە تێگەیشتنێکی سادە و بە زمانێکی سادە ئەگێڕێتەوە. لەوانە: "شەماڵ و زەلان"، "سەما و زەمین"، "کولە و عەینەمەل"، "گورگ و روباە"، "گوربە و موش"...

سەرچاوەی داستانەکان

ناوەندی فەرهەنگی

کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی کەم دەرامەت بوە. ناوچەیەکی نائارام بوە. سەرەڕێی هاتوچۆی لەشکرە گەورەکان بوە. شاری گەورەی تێدا نەبوە. خوێندنگەی گەورە و ناوەندی گەورەی فەرهەنگیی تێدا نەبوە.
لە کرماشانەوە تا موسڵ جگە لە چەند شارێکی بچوکی وەکو سلێمانی، سنە، کۆیە، هەولێر، شاری گەورەی تێدا نەبوە.
شاری سنە ساڵی 1046 ک ئاوا کراوەتەوە.
شاری سلێمانی ساڵی 1199 ک ئاوەدان کراوەتەوە.
کۆیە و هەولێر کە دو شاری دێرینن هەر بە بچوکی ماونەتەوە و گەورە نەبون.
کرماشان و کەرکوک تێکەڵاو بون لە کورد و نەتەوەی تر و، ناوەندی دەسەڵاتی بێگانەی داگیرکەر بون.
لەم بەشەی کوردستان دا مەرجەکانی گەشەکردنی فەرهەنگی و زانستی لە بار نەبوە. تەنیا کانگای زانست و خوێندەواری مزگەوتەکان بون. مزگەوتەکان یش بە وەقفی خێرۆمەند و کۆمەکی دەسەڵاتدارەکان ژیاون. ژمارەیەکی کەمی مەلایان تێدا بوە. ژمارەیەکی کەمی قوتابیان تێدا کۆبۆتەوە. دەرسەکانیان زۆرتر دینی بون. زانستە ئیسلامەکان: قورئان، تەفسیر، حەدیس، نەحو، سەرف، کەلام، شەریعەت .... بابەتی سەرەکی خوێندن بوە. لە پاڵ ئەمانەدا ئەدەب و فەرهەنگی فارسی، وەکو بەشێ لە رۆشنبیری گشتی، خوێنراوە.

شاهنامەی فیردەوسی

یەکێ لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران شاهنامەیە.
فیردەوسی (329 – 411 ک) ناوی ئەبولقاسمە. لە توس لە دایک بوە و لە توس نێژراوە. دانەری شاهنامەیە. هاوزەمان بوە لەگەڵ دوا ساڵەکانی حوکمی سامانیەکان و سەرکەوتنی غەزنەویەکان. لەو سەردەمەدا زمان و

ئەدەبی فارسیی دەری لە خوراسان لە بوژانەوە و گەشەکردن دا بوە. چەندین شاعیر و ئەدیب کەوتونەتە دانانی شیعر و کتێب بەو زمانە و، سەروەریەکانی رابوردوی ئێرانیان زیندو کردۆتەوە.
فیردەوسی نزیکەی 30 ساڵی تەمەنی بۆ هۆنینەوەی شاهنامە تەرخان کردوە کە، زیاتر لە 50 هەزار بەیتە. لە یەکەمین شای جیهانەوە، کە بە لای ئەوەوە کەیومورسی ئێرانی بوە، تا روخانی دەوڵەتی ساسانی بە دەستی عەرەبی ئیسلامی، مێژوی ئێرانی بە شیعر گێڕاوەتەوە. لە گێڕانەوەکەی دا سەرەڕای چیرۆکی دەماودەمی خەڵک، سەرچاوە ئەدەبیەکانی سەردەمی ساسانیەکان و کەلەپوری ئەدەبی پەهلەوی بەکارهێناوە.
فیردەوسی شاهنامەی شاکانی پێشدادی، کەیانی، ئەشکانی، ساسانی و ململانێی ئیرانیەکانی لە گەڵ توران، هیند، رۆم و عەرەب، بە جۆرێکی ئەفسانەیی کە قارەمانەتی ئێرانی دەرئەخا گێڕاوەتەوە. لە ناو ئەم گێڕانەوە مێژوییەدا چەندین داستانی تێهەڵکێش کردوە، لەوانە: داستانی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر، رۆستەم و زۆراب، مەنیجە و بیژەن، سیاوەش... کە ئێستاش لە ناو کوردا باس ئەکرێ.
شاهنامە، یەکێکە لە شاکارە ئەدەبیە نەمرەکان، کە نەک هەر لە ئێران بەڵکو لە ئەدەبی مرۆڤایەتی دا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە لە ئێران و دەرەوە بە سەدان جار چاپی جۆراوجۆر کراوە و، وەرگێڕاوەتە سەر زۆر لە زمانە زیندوەکانی گەلانی دنیا.
کوردیش یەکێ بوە لەو گەلانەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی جادوی ئەم شاکارەوە. لە ماڵی زۆر لە ئەمیر و گەورەپیاو و کتێبخانە تایبەتیەکان دا هەبوە و، لە کۆڕ و دانیشتنەکان دا و، لە مەیدانی شەڕدا خوێنراوەتەوە. چەندین بابەتی بە شیعر کراوەتە کوردی، بە تایبەتی لەهجەی گۆران. بە سەدان کەس، لە کوڕ و کچ، بە ناوی قارەمانەکانی شانامەوە ناو نراون.
شەرەف خان (شەرەفنامە: 15) بۆ سەلماندنی کورد بونی هەندێ لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی مێژو وەکو رۆستەمی زاڵ و بەهرامی چوبین ئاماژە بۆ شانامەی فیردەوسی ئەکا.
حاجی قادری کۆیی هەر لەو بابەتەوە ئەڵێ:

گوردی شاهنامە پاکیان کوردن کافی ئەم سافە، کافی ئەو وردن

ریچ کە دەربارەی مێژو پرسیاری لە مەحمود پاشای بابان کردوە، میر لە وەڵام دا وتویەتی: "جگە لە مێژوی پێغەمبەران و پیاوچاکان، ئەوەندەی بتوانم لە رۆژگار و گوزەرانیان بزانم، ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژو نیم و لە شانامە زیاتر، شتێکی لێ ناخوێنمەوە."(ریچ: 275)
حاجی قادری کۆیی لەو شیعرەی دا کە بۆ شاعیرانی کوردستانی داناوە گلەیی لە کورد ئەکا کە بەیتەکانی خۆیان وەکو شانامە نەنوسیوەتەوە:

وەک محەمەدی حەنیفە بەیتی مەتین نیە ئیللا حەساری قوستەنتین
بەیتی دمدم کە قەدری نازانن پاکی سیحری حەڵاڵی کوردانن
وەکو شەهنامە گەر بنوسرایە لێت موعەیەن دەبو چ وەستایە

خەمسەی نیزامی

یەکێ لە سەرچاوەکانی داستانەکانی خانا و هەندێ لە شاعیرانی تر کە هۆنیویانەتەوە "خەمسەی نیزامی" ە کە پێی ئەڵێن "پەنج گەنج".
نیزامی (530 – 600 ک) تخلصی ئەلیاسی کوڕی یوسفی کوڕی زەکیە. لە شاری گەنجە، کە ئێستا کەوتۆتە ئازەربایجانەوە، لە دایکێکی کورد لە دایک بوە. لە ریزی شاعیرە گەورەکانی ئەدەبی فارسی دا، لە پاڵ

فیردەوسی و سەعدی و حافز دا، ئەژمێردرێ. دیوانی شیعری هەیە بەڵام گرنگترینی بەرهەمەکانی بریتیە لە "پەنج گەنج" کە بە "خەمسەی نیزامی" ناسراوە کە پێک هاتوە لە پێنج دانراوی شیعری:
مخزن الاسرار، ساڵی 572 ک لە دانانی بۆتەوە، 2263 بەیتە. 20 مەقالەیە دەربارەی ئەخلاق، مەواعیز، حیکمەت.
خەسرەو و شیرین، ساڵی 576 ک لە دانانی بۆتەوە.6512 بەیتە.
لەیلا و مەجنون، ساڵی 588 ک لە دانانی بۆتەوە. 4718 بەیتە.
هەفت پەیکەر، 5136 بەیتە. سەرگروشتەی ئەفسانەیی دڵداری بەهرامی گور لە گەڵ حەوت شازادەی حەوت ئیقلیم گێڕاوەتەوە.
ئەسکەندەرنامە، بریتیە لە شەرەفنامە و ئیقبالنامە. ساڵی 599 ک لە دانانی بۆتەوە. 3684 بەیتە. لە زمانی حەکیمەکانی یۆنانەوە ئامۆژگاری و پەندی گێڕاوەتەوە.

سەبعەی جامی

مەولانا عەبدورەحمانی جامی (817 – 898 ک). یەکێک بوە لە سەرانی زنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی.
گەلێ دانراوی بە شیعر و پەخشان هەیە جگە لە دیوانێکی گەورەی شیعر، "حفت اورنگ" ی هەیە، کە حەوت مەسنەویە لە سەر شێوەی "پنج گنج" ی نیزامی داینناوە، بریتیە لە 7 بابەت: "سلسلة الذهب. سلامان وابسال. تحفة الاحرار. یوسف و زلیخا. لیلی و مجنون. خردنامه اسکندری".
جگە لەمانە: مەسنەوی مەولەوی جەلالەدینی رۆمی، گولستان و بوستانی شێخی سەعدی، دیوانی حافزی شیرازی و گەلێ شاعیری تری فارس، کاریگەرییان بە گشتی لە سەر ئەدەبی کوردی و، بە تایبەتی لە سەر مەدرەسەی گۆران، دیارە.

ئەنجامگیری

ئەمانە ئەوانەن کە ئاشکرا بون و ئەزانرێ کە هەن، ئەبێ چەندی تریش لە دواڕۆژدا دەربکەون. لەمەیش کە زانراوە کەمێکی بڵاوکراوەتەوە و، هەندێ لە داستانەکان یش کە بڵاوکراونەتەوە ناویان لە ریزی ئەمانەدا نیە.
رەنگە خانای قوبادی موناجاتەکانی بۆ خۆی نوسی بێ. لە خوا پاڕاوەتەوە لە گوناهەکانی ببورێ و لە ریزی پیاوچاکان دا بە بەهەشت شادی بکا، مەلاوەڵەد خان شیعرەکانی بۆ دەربڕین لە هەست و سۆزی تایبەتی خۆی بەرامبەر دڵبەرەکەی نوسی بێ، بەڵام بێگومان داستانەکانی شیرین و خەسرەو و لەیل و مەجنون و خورشید و خاوەریان.. بۆ خەڵک نوسیوە. بۆیە:

یەکەم، ئەبێ لەو سەردەمەدا لەهجەی گۆرانی زمانی کوردی لە ئاستێکی بەرزی گەشانەوەدا بوبێ تا بتوانێ داستانی وا درێژ و بەو هەمو بابەتە جیاوازەی پێ بنوسرێ؟ لە سەردەمێکی وەکو ئێستادا کەسێ بابەتێکی ئەندازیاری بنوسێ هێشتا ئەوەندە کەرەستەی زمانەوانی بە کوردی لە بەردەس دا نیە بتوانێ هەقی خۆی بداتێ.

دوەم، ئەبێ لەو سەردەمەدا ئەوەندە خوێنەر و گوێگری، لە حوجرە و مزگەوت و دیوەخان و ماڵان دا، هەبوبێ کە بهێنێ رەنجێکی وەهایان بۆ بدا؟

سێیەم، ئەبێ جۆرێ لە پەیوەندی ئەدەبی لە نێوان کوردستان و ناوەندە ئەدەبیەکانی ئێران دا هەبوبێ تا ئەم سەرچاوە گرنگانە بگاتە دەس شاعیری کورد لەو ناوچە شاخاوی و دابڕاوانەدا؟

گەشتێ لەگەڵ خانای قوبادی

خانا و هۆنراوەی داستانی
خانا و موناجات
خانا و شیعری ویجدانی

سەردەمی ژیانی خانا

خانا کەی ژیاوە، لە کوێ ژیاوە، چەند ژیاوە، چۆن ژیاوە، بەرهەمەکانی چین و چەندن؟
زۆری ئەم پرسیارانە هێشتا وەڵامی تەواو نەدراونەتەوە.
رەنگە نیشانەیەک کە یارمەتیمان بدات بۆ وەڵامی هەندێ لەم پرسیارانە شیعرەکانی خۆی بن. خانا خۆی لە هەندێ لە داستانەکانی و لە هەندێ لە شیعرەکانی دا ئاماژە بە سالّی هۆنینەوەیان ئەکا:
لە داستانی شیرین و خەسرەودا ئەڵێ:
غەین و قاف و نون جەم کەر بە حساب
لێش مبۆ رۆشن چون قورسی ئافتاب 1150
لە داستانی لەیل و مەجنون دا ئەڵێ:
غەین و قاف و نون، دالی ئەبجەدی 1154
حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزار و یەکسەد پەنجا و چوارەن
رۆشنتر جە سوی شوعلەی وەهارەن

ئەو سااڵنەی خانا داستانەکانی تێدا هۆنیوەتەوە هاوزەمانی قۆناغێکی نائارامی مێژوی ئێرانە. ئەفغان پەالماری ئێرانیان داوە و کۆتاییان بە زنجیرەی سەفەوی هێناوە. نادرشای ئەفشار (1100 – 1160 ک) کۆتایی بە دەسەاڵتی ئەفغان هێناوە. کەریم خانی زەند کۆتایی بە دەسەاڵتی ئەفشار هێناوە. جەنگی رۆم و عەجەم بەردەوام بوە. کوردستان بە گشتی، هەردو ئەمارەتی ئەردەاڵن و بابان بە تایبەتی، بەشێ بون لەم شەڕانە و، ناوچەکانیشیان مەیدانی هەندێ لە نەبەردە خوێناویەکانیان بوە.

لەو ماوەیەدا، والیەکانی ئەردەاڵن چەندین جار گۆڕاون، دانراون و البراون، کوژراون و لە کوردستان دورخراونەتەوە، براون بۆ شەڕی ئەفغان، بۆ شەڕی هیندستان و گورجستان و داغستان، بۆ شەڕی بابان و بەغداد و موسڵ و بەسرا. عەباسقولی خان، سوبحان ویردی خان، مستەفا خان، خان ئەحمەد خان، حەسەن عەلی خان، خەسرەو خان... چەند جار بە والی دانراون و لێخراون. لە ناو ئەوانەدا بۆ نمونە سوبحان ویردی خان (1143 – 1161 ک) هەشت جار دانراوە و البراوە.

شاری سنە و ناوچەکە، چەندین جار لە الیەن نادرشای ئەفشار، کەریم خانی زەند، خانە پاشای بابان، سەلیم پاشای بابان، سلێمان پاشای بابان، داگیر و وێران و تااڵن کراوە.

خانا ئەبێ لەم رۆژگارە نائارام و لەو هەلومەرجە نالەبارەدا لە کوێ نیشتەجێ بوبێ، سەرەڕای ئەو هەمو پەشێوانە توانیوێتی، سامانێکی ئەدەبی گەورە پێکەوە بنێ و کەڵەکە بکا و، بە میراتی بەجێبهێڵێ؟

خانا و والی

خانا لە دوتوێی یەکێ لە داستانەکانی دا باسی "والی ولایەت" ئەکا کە ئەگەر نیازی باش بێ زەوی لە جێگەی گوڵ گەوهەر بەرهەم ئەهێنێ و بەرد ئەبێ بە لەعل و خاک ئەبێ بە عەنبەر. لە سیستەمی سیاسی و کارگێڕی ئێران دا، شا هەبوە، کە گەورەی هەمو ولّات بوە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەاڵتی دا حاکم بە نازناوی جیاواز و، بە پلەی جیاواز هەبوە. تەنیا بە حاکمەکانی کوردستان و لوڕستان و گورجستان، پلەی والی بەخشراوە. بۆیە پیاوێکی شارەزای وەکو خانا، کاتێ وشەی والی بە کار هێناوە، ئەبێ لەوە مەبەستێکی دیاریکراوی هەبوبێ، ئەگینا ئەیتوانی وشەیەکی تر بە کار بهێنێ، ئەڵێ:

خانا بۆ وەسەن زبان درازی — کۆن ئەو ساحیب عەدل تۆ پێش بنازی
کۆتاکەر ئی حەرف بە دەوان دەو — ویر دەر بە فەرمان دڵگیر خەسرەو
بەڵێ جە خانای عوتارید خامە — مونشی وەسفی زوڵف عەنبەر شەمامە
بە سەمعی شەریف بشنەو حیکایەت:
ئەر قەسدش خێرەن والی ولایەت
بە جای گوڵ زەمین ماوەرۆ گەوهەر
سەنگ مەبۆ بە الڵ، خاکش بە عەنبەر
ئەر والی بێ عەدڵ، شەرارەت پیشەن
بەدجنس بەدکار، دور جە ئەندیشەن
وڵکەی مەملەکەت کەی مەعمور مەبۆ
ئەیمەنی و راحەت جە خەڵق دور مەبۆ

خانا و زمانی کوردی

ناوی تەواوی خانا و شوێنی ژیان و خوێندن و گەورە بون و مردنی تا ئێستا نازانرێ تا پەیوەندی نێوان ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری خانا و بەرهەمەکانی شی بکرێتەوە. تەنیا ئەوەندە ئەزانرێ وەکو خۆی لە داستانەکانی دا دانی پیدا ناوە "قوبادی" بوە. قوبادی تیرەیەک بون لە عەشیرەتی گەورەی جاف کە دابەش بون بە سەر هەردو دیوی سنوری رۆم و عەجەم دا. تیرەی قوبادی لە ناوچەی جوانڕۆ ژیاون.

خانا کۆڵەکەیەکی سەرەکی مەدرەسەی ئەدەبی گۆرانە. جگە لەوەی خۆی بە کوردی داستانەکانی هۆنیوەتەوە و، شیعری پێ داناوە، پێ ئەچێ بەم هۆیەوە لە سەردەمی خۆی دا سەرزەنشتی کرابێ، لە سەر ئەوەی بە کوردی نوسیوێتی، هەروەکو دوای ئەویش نالی و حاجی قادری کۆیی توشی هەمان لۆمە بون، بەڵام خانا داکۆکی لە بە کارهێنانی زمانی کوردی و برەو پێدانی کردوە. لە پێشەکی شیرین و خەسرەودا وتویەتی:

راستەن مەواچان فارسی شەکەرەن — کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن
پەی چێش نە دەوران ئی دنیای بەدکێش — مەعلومەن هەرکەس بە زبانی وێش
مەعلومەن هەرکەس بە هەر زبانێ — بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ
وێنەی عەروسان زێبای مولکی چین — مەکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
خاریج جە مەعنی نەبۆ مەزمونش — گۆیا بۆ چون شیعر جامی مەوزونش
جە لای خیرەدمەند دڵپەسەند مەبۆ — شیرینتەر جە شەهد شیرەی قەند مەبۆ
جە عەرسەی دنیای دونی بەدفەرجام — بە دەستوری نەزم نیزامی مەقام
بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام — پێش بوان مەحزوز! باقی والسلام

خانا، بەم هۆشە فەرهەنگیەوە، لە سەر ئەم رێبازە رۆیشتوە هەر بۆیە دوای ئەم داستانە چەندین داستانی تری بە هەمان زمان هۆنیوەتەوە و، دەیان شیعری داناوە و، سامانێکی ئەدەبی گەورەی بەرهەم هێناوە، کە تا ئیستەش نرخی ئەدەبیان بە گرانی ماوە. خانا ئەشێ تا ئێستا بە پڕ بەرهەمترین شاعیری کورد دابنرێ، وەکو حەکیمی مەلا سالّح لە پێشەکی "یوسف و زلێخا" دا وتویەتی، تا ئێستا 14445 بەیتی خانای کۆ کردۆتەوە. جا ئەگەر ئەو بە تەنـیا ئەوەنـدەی کۆ کردبێتەوە، ئەبێ لەملاوئەولا چەندی تری مابێ. ئەگەر رۆژێ "کلیات" ی خانا کۆ بکرێتەوە، ئەوسا پایەی ئەدەبی خانا لە مێژوی ئەدەبی کوردی دا چەند ئەوەندەی ئێستا بڵندتر ئەنوێنێ.

قالّبە شیعریەکانی

خانا لە هەمو شیعرەکانی و، لە هەمو داستانەکانیدا پێڕەوی هەمان قالّبی کردوە کە شاعیرانی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران پێڕەویان کردوە.

شیعرەکانی، مەسنەوی جوت قافیەی دەبڕگەیین.

سەرەتای شیعرەکانی، تەنانەت هەندێ لە بەشەکانی داستانەکانی، بە هەمان قالّب دارشتوە، کە نەریتی ئەم مەدرەسەیە بوە. سەرەتای داستانی لەیل و مەجنون بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

خانا هەم جەسەر!
نیگەهدارت بۆ خوداوەند جە سەر

پشت و پەنات بۆ دەهەندەی داوەر — لوتفش چەنی تۆ دایم بۆ یاوەر
تۆم سپەرد بە زات شای شاهان جە سەر — وە دەستگیرت بۆ دایم پەیغەممەر

تاج سولەیمانی هەم جە سەرت بۆ حەزرەتی خزر وە رەهبەرت بۆ
عەلی شای مەردان هەم جە پشتت بۆ قەبزەی زولفەقار شەب نە مشتت بۆ
سورەتی بەرات وە تیغبەندت بۆ دیدەی بەدکاران دور جە وەندت بۆ
ئەخی جوبرائیل باڵ کێشۆت وە سەر نیگەهدارت بۆ دەهەندەی داوەر
.....

بەرهەمەکانی خانا

ئەوەی تا ئێستا زانرابێ خانا 3 جۆر بەرهەمی هەیە:

یەکەم، خانا و هۆنراوەی داستانی

داستانی دڵداری:

شیرین و خوسرەو
شیرین و فەرهاد
لەیل و مەجنون

شیرین و خەسرەو

سەرو 5500 بەیتە. چەند جارێ چاپ کراوە:
جاری یەکەم، حسێن حوزنی موکریانی بە زنجیرە لە دەنگی گێتی تازەدا بڵاوی کردۆتەوە. دوای ئەوەش لە کتێبێکی سەربەخۆدا.
جاری دوەم، موراری ئەورەنگ و سدیق بۆرەکەیی لە تاران بڵاویان کردۆتەوە.
جاری سێیەم، سدیق بۆرەکەیی دیسان لە تاران بڵاوی کردۆتەوە.
جاری چوارەم، محەمەدی مەلا کەریم لە بەغداد بڵاوی کردۆتەوە.
چاپەکەی محەمەدی مەلا کەریم لە هەمویان زانستیتر و باشترە. وەکو حەکیمی مەلا سالّح نوسیوێتی، رونوسی ئەم داستانە لای ئەو 300 بەیتی زیاترە لەوەی کە محەمەدی مەلا کەریم بڵاوی کردۆتەوە.

شیرین و فەرهاد

هێشتا تێکستی ئەم داستانە بڵاونەکراوەتەوە. بە قسەی حەکیمی مەلا سالّح، خانا ئەمەیشی هۆنیوەتەوە. ئەو ساخی کردۆتەوە و ئامادەی کردوە بۆ بڵاوکردنەوە. وەکو ئەو نوسیوێتی: 2340 بەیتە. لە کۆتایی داستانەکەدا ئەڵێ:

ئەشعاری کیتاب بێ کەم و زیاد
خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد
هەشت هەزار چەنی پانسەد و بیسەن
ئەر تاریف نەبۆ خەیلێ نەفیسەن (یوسف و زلّێخا: 6)

خانا لە هۆنینەوەی داستانەکانی دا ئاماژە بە سەرچاوەکانی و نوسەرەکانی ئەدا و، لە سەرەتای هەندێ لە چیرۆکەکانی داستانەکانی دا باسی نیزامی ئەکا، بە شانازیەوە دان ئەنێ بەوەدا کە داستانەکانی لە نیزامی گەنجەوی وەرگرتوە و، هەندێ لە چیرۆکەکانی لە زمانی ئەوەوە ئەگێڕێتەوە.
لە بەشێکی شیرین و خەسرەو دا ئەڵێ:

ئومێدم بە زات بەخشندەی داوەر — خانای خەم خەیاڵ، زامی دڵ خەتەر
ببەخشۆ گوناش جە عەرسەی مەحشەر — بەو شەمع میحراب رەسول سەروەر
یا رەب بە فیراق فەرهاد کۆکەن — بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن
بە ئیستیلای عەشق خوسرەو پەرویز — بە خۆشخەرامی گوڵ گونی شەبدیز
بە خامەی موشکین شاپور چینی — بە نازی شیرین بەو نازەنینی
بە ساز، بە ئاواز شۆخی نەکیسا — مینبەری ئاهەنگ، موعجیزەی عیسا
بە توغیانی دەرد بێ دەرمانی عەشق — بە تۆفان سەردا سەر مەینەت مەشق
وێنەی نیزامی سەیقەل دەر زەینم — بە سورمەی دانش رەوشەن کەر عەینم
ناکاما جە رای شیرین و خەسرەو — سەنگ تەراش فەرهاد سەرگوزەشتەی ئەو
باوەرۆ وە نەزم خاستەر جە گەوهەر — بە رەشحەی خامەی شۆخی بۆ عەنبەر
بەی تەور کەردمان ئەی نامەی نامی — ئینشا بە دەستور نەزمی نیزامی
ئومێدەن بە زات دانای شیرین کار — مەزمونی ئەی نەزم جەواهیر نیگار
چون رازی شیرین نادرەی ئەیام — شیرین بو بە کام خاسەی خاس و عام
بە شیعر شیرین نەزم شەکەر ریزەی راز — شێخ نیزامی تەور، شەفیعا ئەنداز
بە رەشحەی خامەی موشکین چون جانی — بەی تەور کەرد ئەفشان لەوح مەعانی
(دەنگی گێتی: بەرگ 26. ل 354)

لە چەند شوێنی جیاجیادا دیسان ئاماژە بە ناوی نیزامی ئەکا:

با جەلای شیعرت شیرین رەونەق بۆ — چون دوعای خاسان مەقبولی حەق بۆ
عەزیزولقەدرێ ئەو چون نیزامی — بپرسۆ تاریخ ئەی نامەی نامی
عەین و قاف و نون جەم کەر وە حساب — لێش مەبۆ رەوشەن چون قورس ئافتاب (دەنگی گێتی: ب 26. ل 286)

گا چون نیزامی، گا چون مەولەوی گا وێنەی خوسرەو شوعەرای دەهلەوی
(د. گ. ب 26. ل 260)

نویسندەی نەزم ئەی نامەی نامی — بەی تەور کەرد تەسدیق گوفتەی نیزامی
شوعەرای شیرین نەزم شانایی نیزامی — بەی تەور کەرد رەقەم ئەی نامەی نامی
توتی خۆشتەقریر خامەی شەکەر ریز — شەمە جە شەرحی شیرین و پەرویز
وێنەی نیزامی شوعەرای دڵپەزیر — بەی دەستور ئاورد بە رشتەی تەحریر

جگە لە خانا چەند شاعیرێکی تر بە هەمان زاری گۆرانی هەمان داستانیان هۆنیوەتەوە. کامیان لە پێش کامیان دا دایان ناوە؟ خانا دانراوەکانی ئەوانی نەدیوە، یان دیونی و بە لای ئەوەوە لە ئاستی پێویست دا نەبون؟

جیاوازی چیرۆکەکانی ناو داستانەکەی ئەم لەگەڵ چیرۆکەکانی ناو داستانەکانی ئەوان چیە؟ ئەشێ دوای بڵاوکردنەوەی تێکستەکان و بەراورد کردنیان لە گەڵ یەکتری وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

لەیل و مەجنون

هێشتا تێکستی ئەم داستانە بڵاو نەکراوەتەوە. سەرو 1600 بەیتە. خانا سالّی 1154 ک هۆنیوێتیەوە. سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

بەنام ئەو کەس بە کن فیکن — عالەمش جە کەتم عەدەم کەرد بیرون
مەحزی خاتری ئان سید الکونین — محەمەد فاتیح خەیبەر و حونەین
حەمد و سەنا و شوکر پەی ئەو زاتی پاک — هەم سەلات لە سەر پادشای لەولاک
ئەر تەوفیق دەرۆ بینای بیهتەرین — جە دەمای مەکتوب خوسرەو و شیرین
عەجەب تەر جە سیرِ سیحری سامیری — واچوم وەسفی عەشق قەیسی عامیری
یانیهای مەجنون مەفتون لەیلی — دێری دێوانەی دەشت دوجەیلی
وێڵی و مەحرومی جە شادی و سرور — هامڕازش چەنی وحوش و تیور
عەشقی مەجازی، بەعدەن حەقیقی — واچوم جە تاریخ جە روی دەقیقی
بە واتەی حەکیم دانای نیزامی — گەنجەوی ئەلیاس بن یوسف نامی
شاعیری شەریف شەفیعی دەستور — ئەر پرسۆ تاریخ ئەی نامەی مەستور
غەین و قاف و نون، دالی ئەبجەدی — حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی
هەزار و یەکسەد پەنجا و چوارەن — رۆشنتەر جە سوی شوعلەی وەهارەن
جە هیجرەت خاس شای خیر الانام — وە رەوزەی ئەو بۆ سەلات و سەلام

عیبرەت بۆ پەرێ ئەبنای رۆزگار
واتەی قوبادی یش مانۆ یادگار

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

ئەوان شین نەشۆن راگەی رۆزگار — شێوەی عەشق لێشان مەند وە یادگار
ئەشعار خانایش پەی یادگاری — مانو پەی یاران چەند رۆزگاری
بە نام خودا و ئەحمەدی موختار — خامە بکەر خوشک، خەتم کەر گوفتار
حەمد و سەنا و شوکر پەی زاتی عەلام — پەرێ محەمەد سەلات و سەلام
تاریخی وەفات قەیسی عامیری — سالّی هەشتاوهەفت هیجری و قەمەری
هەفت سەد و دە سالّ میلادی مەسیح — واتەی مورخەی بەغدادی فەسیح
هەزار و شەش سەد چهل و چوار بەیتەن — پەی دۆستان نەبۆ خانە پەی کێتەن؟
سەد هەزار سەلات، خاتیمەی کەلام — بە رەوزەی رەسول، علیه السلام

کۆپیەکی دەسنوسی داستانەکە لە بنکەی ژین هەیە "عەبدورەحمان شێخ عەباسی" لە 12 ی فەروەردینی 1354 ی شەمسی/ 18 ی ربیع الاولی 1395 ی قەمەری لە نوسینەوەی بۆتەوە. هەرچەندە هەندێ تێبینی سەید تاهیری هاشمی پێوەیە، بەڵام ئەم تێکستە پێویستی بە پێداچونەوەیەکی وردی بەراوردکاری هەیە چونکە پێ ئەچێ دەسکاریەکی زۆر لە زمان و رێزمان و بەیتەکانی دا کرابێ.

لە داستانی "لەیل و مەجنون" یش دا چەندین جار ناوی نیزامی دوبارە ئەکاتەوە. لە پێشەکی داستانەکەدا ئەڵێ:

بە واتەی حەکیم دانای نیزامی گەنجەوی ئەلیاس بن یوسف نامی

لە سەرەتای هەندێ چیرۆکەکانی دا ئاماژە بە نیزامی ئەدا و، چیرۆکەکە بە ناوی ئەوەوە ئەگێڕێتەوە:

جەو پەی نیزامی دانای گەنجەوی کەردەنش بە نەزم نامەی مەعنەوی
نیزامی جە قەول دانای بەغدادی وەی تەورە رێژان تەرحی ئوستادی
نیزامی جە قەول بەغدادی سەلام وەی تەور تەنزیم کەرد ئەی شیرین کەلام
نیزامی پەی فەوت لەیلی عامیری بەی تەور دان دادی شیعر و شاعیری
نیزامی جە قەول بەغدادی سەلام وەی تەورە کەردەن ئیبتیدای کەلام

جگە لە خانا چەند شاعیرێکی تر بە هەمان زاری گۆرانی هەمان داستانیان هۆنیوەتەوە. کامیان لە پێش کامیان دا دایان ناوە؟ خانا دانراوەکانی ئەوانی نەدیوە، یان دیوێتی و بە باشی نەزانیون؟ ویستوویەتی بینبڕکێیان لە گەل بکا؟ ئەشێ دوای بڵاوکردنەوەی تێکستەکان و بەراورد کردنیان لە گەڵ یەکتری وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

داستانی ئەخلاقی:

یوسف و زلێخا

حەکیمی مەلا سالّح، سالّی 2006 لە هەولێر، بە "بوژانەوە و لێکدانەوە" بڵاوی کردۆتەوە.

"یوسف و زلێخا" بریتیە لە 3519 بەیت.

سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

سەڕافی لاڵ سەنج دەریای مەعانی
گۆش بدەر بە سونع دانای ڕەبانی

بە قەولی راوی تەواریخ بەستە بەی تەور وێەردەن بەستە و شکستە
جە صولبی ئادەم ئاما پشت بە پشت گوڵێ جە گوڵزار یەعقوب کەرد سروشت
نامش بە یوسف میسری موانان جەمالّش چۆن خۆر چوارەمی ئاسمان (25)

ئەم سەرەتایە وەکو سەرەتای داستانەکانی تری خانا نیە، چونکە خانا داستانەکانی هەمیشە بە ستایش خوا و پیغەمبەر دەس پێ ئەکا، بەڵام لێرەدا بە سەر ئەوانەدا تێپەڕیوە، راستەوخۆ دەستی کردوە بە گێڕانەوەی داستانەکە.

لە کۆتاییەکەی دا ئەڵی:

هەم بەحسی یوسف چەنی زلێخا یاوا بە ئیتمام جە راگەی سەفا
بەی تەور بەیان کەرد خانای خان قوباد پەرێ هامسەران بمانۆ وە یاد
گاگا جە روی حەمد باوەران بە یاد ڕۆحم بە دار الجنان بکەن شاد
یوسف و زلیخا یاوا بە ئیتمام واتەی قوبادیش ماوۆ جە ئەییام
یا غافر الذنب سڕپۆشی ستار احفظنی بالفضل من عذاب النار
جە زەلزەلەی حەشر یوم التنادی ببەخشێ گونای خانای قوبادی... (406)

داستانی یوسف و زلێخا ئەهێنێ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. بیرۆکەی داستانەکە بەها بەرزەکانی رەوشتی مرۆڤ دەرئەخەن. لە ناو گەلانی موسوڵمان دا بە زمانی جیا جیا هۆنراوەتەوە. جولەکە شانازی بە یوسف و باوکیەوە ئەکەن و بە پێغەمبەرانی خۆیانیان ئەزانن. یەکەم جار "تەورات" کتێبی پیرۆزی جوەکان باسی چیرۆکەکەی کردوە. دوای ئەویش "قورئان" چیرۆکەکەی گێڕاوەتەوە. سەرچاوەی هەمو داستانەکانی بە زمانەکانی گەلانی موسوڵمان هۆنراوەتەوە "سورەتی یوسف" ە، بەڵام هەر شاعیرە، هەوڵی داوە بە شێوەی خۆی، هونەر لە هۆنینەوەی دا بنوێنێ.

خانا لە هۆنینەوەی داستانی "یوسف و زلێخا" دا پشتی بە قورئان بەستوە، بەڵام کەرەستەی سەرەکی داستانەکەی داناوەکەی "مەولانا عەبدورەحمانی جامی" ە کە بەشێکە لە "هفت اورنگ".

جگە لە خانا، هەمان داستان چەند شاعیری تری کورد هۆنیویانەتەوە. لەوانە:

"یوسف و زلێخا" یەک کە بە زاری گۆرانی هۆنراوەتەوە. لای پیرەمێرد بوە و نەیزانیوە دانەرەکەی کێ بوە. سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

بە تەوفیقی حەق دانای لەم یەزەل	بە فەزلی ئیعجاز مستەفای مورسەل
خودای بانی سەر بدۆ هیدایەت	بکەرون بەیان شیرین حیکایەت
بە لەفزی کوردی و شێوەی گۆرانی	زاهیر بو تەمام مەعنای پەنهانی

"یوسف و زلێخا" یەک کە بە زاری کرمانجی سەرو هۆنراوەتەوە. رونوسێکی لە ناو دەسنوسەکانی بەغدادا پارێزراوە. وەکو محەمەد عەلی قەرەداخی نوسیوێتی، لە دانانی ئەحمەدی خانیە.(بوژانەوە: 300/3)

هەندێ لە بەدواداچوانی ئەدەبی گۆرانی ئەڵێن خانا جگە لەمانە چەند بەرهەمی تری هەیە. لەوانە "عەبدورەحمانی عەباسی" لە کۆتایی "لەیل و مەجنون" دا نوسیوێتی کە خانا هەمو "خەمسەی نیزامی گەنجەوی" کردوە بە کوردی.

هەڵسەنگاندن

یەکەم بیری داستانەکانی خۆمالّی نین. لە ئەدەبی بێگانە وەرگیراون.

دوەم، خانا هەندێ بەشی داستانەکانی نیزامی قرتاندوە. لەوانە بەشەکانی سەرەتای، کە ستایشی خوا و پێغەممەر و، باسی دایکی و خاڵۆی و ئامۆژگاری کورەکەی ئەکا.

سێیەم، داستانەکانی کورت کردۆتەوە.

چوارەم، ویستویەتی بەرگی کوردی، یان وردتر بەرگی "خانا" یی‌یان لە بەر بکا. بۆ ئەو مەبەستە دەسکاری هەندێ لە بابەتی چیرۆکەکانی کردوە.

پێنجەم، داستانەکانی خانا ئەگەر بە پەخشان و، بە شێوەیەکی ئەدەبی، بە زمانی ئەم سەردەمە سەرلەنوێ بنوسرێنەوە، رەنگە ئێستاش نرخێکی ئەدەبی و چێژێکی خۆشیان هەبێ.

دووەم، خانا و موناجات

خانا و شیعری ویجدانی

لە شیعرێکی دڵداری دا ئەڵێ:

زنارم بەستەن
جەو ساوە پەی تۆ زنارم بەستەن
شیشەی نام و نەنگ تەقوام شکستەن
ئەعزام جە بادەی مەیلی تۆ مەستەن

انانم سەدای سەودای بالاتەن — قد قامتم نکر خالی ئالاتەن
تا وە زوڵف و روی تۆ تەماشامەن — ئەدای نمای (سوبح) فەرز سوبح و عیشامەن
سوجادەم وە هون زامت رەنگ کەردەن — سوجدەم وە میحراب ئەبروی تۆ بەردەن
هونم چە حاکم چە قازی چە شێخ — واجب مەزانان بڕێزان وە تێخ
جارِ بدەن وە ناو کوچە و شاردا — وە عیبرەتم کەن جە بازارِدا
بواچان خانای قوبادی مەستەن — بەدعەهدی کەردەن، زنارش بەستەن
نزانان خانا وە مەیلت مەستەن — جانفیدای رۆژی یوم الست هن

"نازانم هی کێیە" بەم ناونیشانە لە رۆژنامەی (ژین، ژمارە: 991ی رۆژی 8ی 12ی 1949 ز) ئەم شیعرە بڵاو کراوەتەوە:

ئازیزم بەستەن
جەوساوە نەڕای تۆم زەننار بەستەن
شیشەی نام و نەنگ تەقوام شکستەن
گیانم جە بادەی مەیلی تۆ مەستەن

انانم سەدای سەودای بالاتەن — ئیمانم نکری خالی ئالاتەن
تا وە زوڵف و روی تۆ تەماشامەن — ئەدای نمازی سوبح و عیشامەن
فطرە و زەکاتم نیثاری روحەن — وە خاکپای تۆم هەزار فتوحەن
رۆزەم تەرکی زەوق کامگارییەن — افطارم وە زوخ زام کارییەن
تەپڵی ریسواییم نە هەر لا ژەنیا — نامەی بەدنامیم یاوا وە دنیا
پەردەی ئابڕوم سەد جار دڕیاوە — تاسم نە بازارِ عالەم زڕیاوە
هونم جە حاکم جە قازی جە شێخ — واجب مەزانان بڕێزان وە تیغ
ئازیز تۆ وە قەول واتەی خاس و عام — تانەم لێ مەدەر مەکەرۆم ناکام
شەرت بۆ کامین شەرت شەرت هەرجاران — شەرت عاشقان گیاندار یاران
تا زەڕێ جە تەن، مانۆ نەفەسێ — گۆش نەدەم وە حەرف تانەی هیچ کەسێ
تا رۆی رەستاخێز ساعەتم نەبۆ — غەیر جە دین تۆ تاعەتم نەبۆ
ئەی مەیل، ئەی مۆبەت، ئەی سۆزشی دڵ — هەر سات زیاد کەم تا سەر سەرای گڵ
ئەر عالەم تەمام وەنەم بیان جەم — بە بڕبەند ئەعزام جیا کەن جە هەم
جارِ بدەن وە ناو کوچەی شاران دا — وە عیبرەتم کەن جە بازاڕان دا
شەرت بۆ هەر ساعەت مەیلت زیاد کەم — خاتر هەر وە عەشق بالاکەت شاد کەم

تەرک دۆستی جومله بەشەر کەم — وە مەیلی تۆوە رو لە مەحشەر کەم
رۆحم حوریەکەی باغی بەهەشتم — ئازیزی دنیا قیامەت گەشتم
سا تۆیش وە عەشقی ئەوەل جارینت — بەو سۆز و عیشوەی سالّی پارینت
بزان جانفیدام ئیمتیحان تاکەی — وینەی من عاشق سەرگەردان تاکەی
عەشق جە رای دۆست عەشقی جانی بۆ — حەیفە دۆست مەیلش وە زبانی بۆ
نامەی زەلیلیم وە لات ئاوردەن — کێ جە حەکیمان دەرد پەنهان کەردەن
من وا ئیختیار چوە لە دەستم — عالەم ئەیزانێ دینم پەرستم
وە بادەی شەوقی دیدارت مەستم — وە حەلقەی زولفت ها زبان بەستم
سەرنویشتی خۆی کردمیە بت پەرست — مەستی ئەزەلیم بە بادەی ئەلەست

شیعرەکە خاوەنی ژین پیرەمێرد بڵاوی کردۆتەوە، دەسکاری پێوە دیارە، ئەگەر لە سەرچاوەکەدا وەها بێ یان پیرەمێرد کرد بێتی.
پیرەمێرد باسی ئەو سەرچاوەیەی نەکردوە کە ئەم شیعرەی لێ راگوێزراوە.
سەرەتای شیعرەکە و، هەندێ لە بەیتەکانی هەمان سەرەتا و بەیتەکانی خانایە. شیعرەکەی خانا کورتە و ناوی خۆی تێدا هێناوە، لێرەدا شیعرەکە درێژە و ناوی خانای تێدا نیە. خانا لە بنەڕەت دا وەهای هۆنیوەتەوە یان کەسێکی تر هەمان شیعری خانای درێژە پێداوە؟ ئەمە پێویستی بە ساخکردنەوەیە.

چەند دیاردەیەکی باو
لە مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران دا

1. خەمینی
2. پاڕانەوە- موناجات
3. لاوانەوە- مەرسیە
4. سکالاّ لە پیری
5. ئالّوگۆڕی شیعرنامە

یەکەم، خەمینی:

خەمگینی، یان وەکو شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران نوسیویانە "خەمینی"، بۆتە دیاردەیەکی باو لە ئەدەبی هەورامی دا. خەمباری و نائومێدی و گلەیی لە رۆژگار پانتاییەکی فراوانی لە شیعری هەورامی دا داگیر کردوە. بە دەگمەن رێکەوتی شیعرێ ئەکرێ کەمێ هیوا و تۆزێ گەشبینی تێدا بخوێنرێتەوە.

تەنانەت ناوەکانی کە بە نازناو "تخلص" ی شیعرەکانیان بۆ خۆیان هەلّبژاردوە نیشانەیەکە لە دەربڕینی "کەئابە" بە مەعنای فراونی سایکۆلۆجی، وەکو: مەلا- پەرێشان، مەولانا- دەردین، سەید عەبدوڕەحیمی- مەعدوم، ئەحمەد پریسی- مەجزوب، شێخ عەبدولّای- داخی، مەلا عومەری- رەنجوری، میرزا وەلی- دێوانە، فانی، حەمە ئاغای- غەمناکی... هتد هەروەکو هەندێ سەرچاوە ئەلّێن خودی بێسارانی یش "مەحزونی" ی کردۆتە "تخلص" ی خۆی.

هەروەها بە دەیان وشەیان لە شیعرەکانیان دا، دوبارە و چەند بارە بە کار هێناوە، کە هەمویان نیشانەی نائومێدی بەردەوام و دلّتەنگی بێ بڕانەوەن.

نمونە 1: بێسارانی

هیجران بارە وێم
دایم تەن زوخاڵ، هیجران بارە وێم
رەنگ زەرد و زەبون، دڵ ئازارە وێم　　چون زامەت داران، زەدەی مارە وێم
بە نێشی نەشتەر، دەرون ڕێشە وێم　　تا بە ڕوی مەردەن جەفاکێشە وێم
بە زوخی زامان، دەرون کەیلە وێم　　سۆزان چون مەجنون پەرێ لەیلە وێم
وێڵی ئەربەت گێڵ، مەنزڵ بەڕە وێم　　با سەر خەم، دایم دیدە تەڕە وێم (هێ: 6)

بێسارانی تەنیا لەم پێنج بەیتە دا ئەم هەمو وشانەی بە کار هێناوە، کە هەریەکێکیان بە جۆرێ لە جۆرەکان خەمگینی ئەگەیەنێ: "هیجران زەدە"، تەن زوخاڵ"، ڕەنگ زەرد"، زەبون"، دڵ ئازار"، "زامەت دار"، زەدەی مار"، دەرون ڕێش"، "جەفا کێش"، "زوخی زامان"، "سۆزان"، "وێڵ"، "مەنزڵ بەڕ"، "دایم دیدە تەڕ"...

هیجران زام کەردەن
هیجران وە گیانم، هەزار زام کەردەن
ڕەنگم چون خەزان، زایف و زەردەن
هەردەم جە نۆوە ڕۆم ڕۆی نەبەردەن
جە دودی ئاهم عالەم تەمینەن　　با سەرخەم دایم دیدەم نەمینەن
چون هیجرانیان خەمیدە بەژنم　　شادیم هەر شینەن بەتاڵەن جەژنم
چونکە بەی تەورەن جەفاکێشانم　　یا مەرگ، یا مەرهەم، پەرێ ئێشانم (هێ: 7)

هەر بێسارانی لەم پێنج بەیتەی تردا ئەم هەمو وشانەی بە کار هێناوە، کە هەریەکێکیان بە جۆرێ لە جۆرەکان نائارامی دەرون و نائومێدی ئەگەیەنێ: "هیجران"، "زام کەردە"، "ڕەنگ خەزان"، "زایف"، "زەبون"، "ڕۆی نەبەرد"، "دودی ئاە"، "عالەمی تەمین"، "دیدەی نەمین"، "خەمیدە بەژن"، "شینی شادی"، "بەتاڵ جەژن"، "جەفا کێش"، "مەرگ"، "مەرهەم"، "ئێشان"...

هیجران نێشش دا
هیجران وە گیانم، هەزار نێشش دا
نێشی زامەتش ئەوەند ئێشش دا
ئێش وەختی مەرگ جەفاکێشش دا
هیجرانش بەی تەور نە تەن جا گرتەن　　وەختەن کە گیانم بەر بشۆ جە تەن
من هەم پەی ڕازیم گیانم شۆ وە باد　　گیانی هیجرانکێش پێش مەبۆ شاد (هێ: 8)

بێسارانی، دیسان، لەم چوار بەیتەی تردا ئەم هەمو وشانەی بە کار هێناوە، کە هەریەکێکیان بە جۆرێ لە جۆرەکان نائارامی دەرون و بێزاری لە ژین ئەگەیەنێ: "هیجران"، "نێشی زامەت"، "ئێشی وەختی مەرگ"، "جەفاکێشان"، "گیان دەرچون"، "گیان بە با چون"... لێرەدا لە بێزاری دا گەیشتۆتە پلەیەک، ڕازیە بەوەی گیانی لە لەشی دەربچێ، تەنانەت ئەگەر بە باچونیش بێ، بەو مەرجەی گیانی هیجرانکێشەکەی بەوە شاد ببێ!
لە دیوانەکەی دا توشی دەیان شیعری لەم بابەتە ئەبێ.

نمونە 2: وەلی دێوانە

هەر من خەمبارم
هەر من خەمینم، هەر من خەمبارم
هەر من پەروانەی شەم نادیارم
هەر من سەرگەردان زوڵمات تارم
هەر من ستارەم جە نەحسی پەستەن
هەر من رای شەشدەر نەردم دەربەستەن
تا دوایی شیعرەکە...(د وەلی: 82)
هەر من ناشادم
گشت عالەم شادەن، هەر من ناشادم
هەر من نە یاوان وە لای حەق دادم
هەر من نامراد قاپی مرادم
تا دوایی شیعرەکە... (د وەلی: 79)

چین ئەو هۆیانەی هەمو شاعیرانی مەدرەسەی گۆرانیان وا لێ کردوە رۆشنایی لە ئاسۆی ژیان دا نەبینن و نائومێدی سەرانسەری ژیانی داگیر کردبن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەمەلایەنە هەیە.

دوەم، موناجات- پارانەوە:

سەرچاوەی فەرهەنگی زاڵی ناو کۆمەڵگای کورد، بیروباوەڕی دینی و، باوەڕە باوە کۆنەکانی کۆمەڵگا بوە، هەر لەو سەرچاوەیەوە لێکدانەوەی بۆ دیاردە سروشتی و، سیاسی و، کۆمەڵایەتیەکان کردوە، هۆی خوڵقان و رێگەی چارەسەریان لەو جۆرە لێکدانەوەیەدا دیوە.
تاکی کورد کە لە هەلومەرجێکی نائارام و دواکەوتوی پڕ چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و کارەسات دا ژیاوە، لە ئاستی دەسەڵات دا، چ بومی بوبێ یا بیانی، بێ دەسەڵات بوە، خۆی نەیتوانیوە وەکو ویستویەتی داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکا و، مافەکانی بە دەس بهێنێ، لە بەر ئەوە پەنای بۆ خوا بردوە: "هەقی بستێنێ".
بەو مەبەستەش کە وا بکا خوا بەزەیی پێدا بێتەوە، هەمیشە خۆی بە گوناهبار، نافەرمان، کەمتەرخەم داناوە لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوا و لە بەجێهێنانی رێنماییە دینیەکان دا، بۆیە لە هەمو لێقەومانێکی دا، لە هەمو کێشەیەکی ئاڵۆز و گرفتێکی سەخت دا، پەنای بۆ خوا بردوە، پەنای بۆ دوعا و پارانەوە بردوە، بەزەیی پێدا بێتەوە، باری سەرشانی سوک بکا، لە گوناە بیبەخشێ، بۆ دەربازبون لە چورتم کۆمەکی بکا، خواستەکانی بهێنێتە دی.

ئەمەش لای توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگای کورد بە شێوەی جیاواز رەنگی داوەتەوە:
بەشێ لەوانەی خاوەنی جۆرێ لە هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بون، بۆ ئەوەی خۆیان لابدەن لە کێشەی ململانێی دەسەڵات و گێچەڵەکانی، رویان کردۆتە گۆشەگیری و، هەڵبژاردنی "تەریقەتی تەسەوف".

کە رێگەی تەسەوفیشیان گرتوە، "خۆئەشکەنجەدان" یان کردۆتە پیشە. "خۆئەشکەنجەدان" یان لە ژیانی رۆژانەدا جێبەجێ کردوە، گۆیا بەوەی ئارەزوە تایبەتیەکانی مرۆڤ لە دڵ و دەرونی خۆیان دا ئەکوژن و، تەرکی دنیا ئەکەن، دەس هەڵئەگرن لە خۆشیەکانی ژیان، بە تایبەتی لە پۆشینی جلوبەرگ و خواردن و نوستن دا، لە بەشداری لە دەسەڵاتی دنیایی دا، بە تایبەتی لە دەسەڵاتی سیاسی دا. لە بەرامبەر "دەسکەوتی مادی" دا، "دەسکەوتی مەعنەوی" و، لە بەرامبەر "ئاسودەیی جیسمانی" دا "ئاسودەیی نەفسانی"، بە دەس ئەهێنن.
لەو خۆئەشکەنجەدانە لەزەتیان وەرگرتوە.
کەم شاعیری کورد هەیە کە بەشێ لە شیعرەکانی بۆ خواپەرستی تەرخان نەکردبێ. تەنانەت هەمو ئەوانەی داستانی دڵداری، جەنگی، ئەخلاقی – ئەفسانەیی، خەیاڵی، یا راستەقینەیان هۆنیوەتەوە سەرەتای داستانەکانیان بە پارانەوە لە پەروەردەگار دەس پێ کردوە و، داوای کۆمەکیان لێ کردوە. ئەوانەیان کە رێگەی "تەسەوف" یان گرتوە، بەشێکی شیعرەکانیان تەرخان کردوە بۆ بابەتی دینی، بە تایبەتی بابەتی تەسەوف، کە بە پارانەوە، لاڵانەوە، کڕوزانە، نوزانەوە... دەریان بڕیوە و یەکێ لە شێوەکانی ئەو دەربڕینە "موناجات" بوە.

موناجات دەربڕینی رازی دڵ و نیازی دەرونی مرۆڤە، بە زمانی پارانەوە لە خوای پەروەدگار، بۆئەوەی بەزەیی پێدا بێتەوەو داواکانی، تکاکانی، ئومێدەکانی، لەم دنیا و لەو دنیا، جێبەجێ بکا، کە رەنجوری بە روونی و راشکاوی لە بەیتێکی قەسیدە درێژەکەی دا دەری بڕیوە، ئەڵێ:
ئومێدم ئێدەن پێم دەی ئازادی:
"جە دنیا موراد، جە مەحشەر شادی"

ئەم دیاردەیە تایبەت نیە بە دینێکی دیاریکراو، بەڵکو بە درێژایی مێژو لە ناو پێڕەوانی هەمو دینە ئاسمانی و زەمینیەکان دا، بە شێوەی جیاواز، بە تایبەتی لە سەردەمێک دا، کە زوڵمی کۆمەڵایەتی و زوڵمی سیاسی توند بوە، دوبارە بۆتەوە.

لە ناو ئەدەبی مەدرەسەی گۆران دا چەندین شاعیر "موناجات" یان هۆنیوەتەوە. لە ناو ئەوانەدا سێ شاعیری هەڵکەوتو، بە پێی زەمانبەندی ژیانیان، لێرەدا بە نمونە ئەهێنرێنەوە:

نمونەی 1: خانای قوبادی

خانای قوبادی (1083 – 1168 ک) لە ناو خوێندەوارانی کوردا پێش ئەوەی بە داستاننوس بناسرێ، بە هۆی بڵاوکردنەوەی موناجاتێکەوە ناوی دەر کردوە، کە زیاتر بوە لە 100 بەیت و دابەشی کردوە بە سەر حەوت بەندا، لە کۆتایی بەندەکانی دا یەک تەرجیع دوبارە ئەکاتەوە، سەرەتای موناجاتەکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:

قەدیمی موتلەق
یا قائیم بە زات قەدیمی موتلەق
حەیی بێ زەوال، قەیومی بەرحەق
نیگارندەی نەقش نۆ تاقی ئەزرەق
..... تا دوایی شیعرەکە

لە بەندی چوارەم دا ئەڵێ:

یا حەق ئەر بەدخوم ئەر پاکیزە خوم — گونای من چێشەن ئافەریدەی توم
شەڵلا رۆی ئەزەل هەر نەبیام وەی جۆر — نەکێشایت تەسویر هەستی من وەی تەور
سا کە کێشانت بنای بالا دەست! — خۆ من سونعی تۆم، ئەر خاسم، ئەر کەست
تۆ هەم حاکمی وێت بەر بە قازی — کەس بە سونع وێش چۆن نیەن رازی
سونع وێت بە دەست تۆ ئافەریدەن! — ئەر نەبۆت پەسەند کێ پەسەندیدەن
بەڵێ، های عەلیم ئاگای سرِ غەیب، — موبەڕا جە شیرک، عاری جە هەر عەیب
ئەورۆ کە هەستی منت کەرد رەقەم — وەڵلا وە بیللا، بەزاتت قەسەم
ئەرمەبی وە دەس من ئیختیارێ — جە وەخت و وادە مەکەردم کارێ
دنیای بێ وەفای تۆ نەدیام وە چەم — وەی تەور نەکەفتام نە گێجاو غەم
ئیسە کە چون تۆ عەلیم و دانا — پەی تەعلیم عالم زانا و تەوانا
نارەزایەتی ئەعزا و تەرکیبم — ئاداب دنیات کەرد بە نەسیبم
بەو عیشق پاک پیر تەریقەت — نازری ئەحکام کوللی شەریعەت
بە قەییومی وێت یاقاییم بە زات — (خانا) جە دیوان عەرسەی عەرەسات
نەکەریش جە فەیز فەزل وێت مەحروم — نەنویسیش جە ئەهل مەخزولان شوم

کۆتایی هەر حەوت بەندەکەی بەم تەرجیعە ئەهێنێتەوە:

وەرنە بە زاتت جە لای زاتی تۆ
مەکەرون رۆی حەشر من شکاتی تۆ

خانا، جگە لە حەوت بەندەکەی، هەندێ "موناجات" ی تری هەیە. لە موناجاتێکی تری دا کە ئەویشی لە قاڵبی "تەرجیعبەند" ا دارِشتوە ئەڵێ:

دلّ بین شەرمسار
دلّ بین جە جام مەعصیەت شەرمسار
کە س نیەن چون من خاطی خەتاکار
عیبرەت لێم گرتەن تائیفەی کوفار
یا دائم الفضل کەرەم بێ شمار
احفظنی بالفضل من عذاب النار

من بەندەی موزنیب ساحیب تەقسیرم — بردەن هەوای نەفس نامت جە بیرم
هەرچەند شایستەی حەبسی تەقدیرم — بە ئابی سزای نار السعیرم
یا عظیم العفو تۆبە و ئیستیغفار
احفظنی بالفضل من عذاب النار
مەئیوسم کەردەن هەوای نەفسی شوم — بە غەیر جە زاتت کەس نیەن رجوم
فرە روزەردم جە فیعلی مەنموم — نەدارۆ تاقەت نایرەی سموم
یا کثیر اللطف قدیم الاخبار
احفظنی بالفضل من عذاب النار

مەلەرزون جە خەوف چون شاخ عەرعەر جە هەیهات هەیهات سەختی رۆی مەحشەر
جە نرکەی نیران نائیرەی سەقەر جە تەناف بازی سیراتی مەحشەر
یا غافر الذنب، نالجود جبار
احفظنی بالفضل من عذاب النار
سەفا بەخش بەزم سۆفیانی ساف گارندەی چەتر بەرز بێ تەناف
کثیر الاحسان خفی الالطاف ستار العیوب جە قاف تا بە قاف
خانا من جە خەوف زەمزەمەی حساب جە شکۆی دیوان شدید العقاب
چون مل بە ئایر جەرگمەن کەباب هەردەم مواچوم پەی پەردە و حیجاب
باجەتی رەسول سەیدی موختار
احفظنی بالفضل من عذاب النار

لە موناجاتێکی تری دا ئەڵێ:
گونەهکارە وێم
گرانتەر جە سەنگ گونەهکارە وێم
عەمەل نامەشروع شەرمەسارە وێم
فەردا شەرمەندەی بەدکردارە وێم
دڵ سیا و روزەرد خەجاڵات وێم متحیر مات مشکالات وێم
جە تاوی عەزاب گیان کەنشت وێم رۆی سەفەر موفلیس خاڵی مشت وێم
چە نی خاو مەرگ سەرین سەنگە وێم بێ ماوا و بێ دەر قەبری تەنگە وێم
چم وەبان فەرق دەربەدەرە وێم شەرمەندەی خواجەی بان سەرە وێم
سەرئەفگەندەی جورم بێ حسابە وێم بە ئاهیر دۆزەخ دڵ کەبابە وێم
بە کردەی شەیتان ماڵ وێرانە وێم چون تەیر بێ پەڕ دڵ بریانە وێم
بەندەی شەرمەندەی نافەرمان وێم گرفتار دەرد بێ دەرمان وێم
یاران دەوای دەرد ویم بەردم بە ئیخلاسی پاک تۆبەی وێم کەردم
وەرنە نافەرمان نائومێدە وێم
ئاخر خەجاڵەت دۆزەخ زێدە وێم

لە موناجاتێکی تری دا کە پیرەمێرد، بە دەسکاریەوە بڵاوی کردۆتەوە، بێ ئەوەی سەرچاوەکەی دیاری بکا یان ئەسڵەکەی بڵاوکردبێتەوە، ئەڵێ:
تەنگی نوێژی شام
سەروەختی بێ وەخت، تەنگی نوێژی شام
بە ئایەی شەریف سی جزمەی کەلام
بە ناوی یەزدان هەزارویەک نام
یا (محول الحال)، نەزاو و نەمر نۆ قوبەی سەما بێ ستون راگر
بە (کن فیکون) کارساز کەریم بە (بسم الله الرحمن الرحیم)
بە نوقتەی نوربەخش نەخشی (بسم الله) بە ئایەی فتوح (نصر من الله)

یا (مالک الملک)، شای ئاسمانان — یا نیگاداری ئەهلی ئیمانان
یا پەروەدگار تیپی زێبا و زشت — یا دەلیلی خێر دەرماندەگان گشت
یا رەهنمای چۆڵ لێوەی لۆنگپۆشان — یا پرشنگی نور دەرون پڕ جۆشان
یا نیگارندەی شەمسی زەڕین باڵ — یا ئیسمی ئەعزەم، دانای کولی حاڵ
یا (رسول الله ختم النبیین) — (یا نبی الله ختم المرسلین)
خەجاڵەتبار و بارکێشی گوناه — بە پەشیمانی (تبت الی الله)
من بەندەی زەلیل زەبونی زەحمەت — تۆ کانی کەرەم خاوەندی رەحمەت
بە کەرەم کاریت کبریای ئەقدەس — هیوام بە تۆیە فەردی فریادرەس
وەسوەسەی شەیتان لە ڕێی دەربردوم — هۆشی زیندەگیم نەماوە مردوم.
(ژین، ژ:942. 11ی تشرینی دوەمی 1948 ز)

تێوەردان

موناجاتەکانی خانا ناکۆکی "فکری" یان تێدا ئەخوێنرێتەوە:
لە حەوتبەندەکەی دا وەکو "جەبری" یەکی تەواو خۆی ئەنوێنێ کە ویست و بڕیاری بە دەس خۆی نیە. ئەو دروستکراوی خوایە و لە رۆژی لە دایکبونیەوە بڕیاری رەوشت و هەڵسوکەوتی باش و خراپی دراوە و ئەگەر باش بێ یان خراپ، ئەو بەرپرسی رەفتارەکانی خۆی نیە چونکە ئافەریدەی خوایە.

یا حەق ئەر بەدخوم، ئەر پاکیزەخوم — گونای من چێشەن ئافەریدەی توم؟
تەنانەت لە تەرجیعەکەی دا ئەڵێ:
وەرنە بە زاتت جە لای زاتی تۆ — مەکەرون رۆی حەشر من شکاتی تۆ
کەچی لە موناجاتەکانی تری دا لە خوا ئەپاڕێتەوە لە نافەرمانی و لە گوناهەکانی خۆش ببێ و، لە ئەشکەنجەی ئاگری جەهەننەم بیپارێزی.
"احفظنی بالفضل من عذاب النار"

ئەم ناکۆکیەی لەم موناجاتانەدا هەن ئەشێ بە دو بار دا لێکبدرێنەوە:
لێکدانەوەیەکیان، خانا موسوڵمانێکی خاوەن باوەڕێکی قوڵی وەها بوە، پێی وابێ لە ژیانی خۆی دا چەندە فەرزەکانی دینی بە جێهێنابێ و، گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی پەروەدگار بوبێ، هێشتا ئەرکەکانی خۆی بە جێنەهێناوە و، لە دیوانی خوایی دا بە کەمتەرخەم دائەنرێ، بۆیە لە خوا ئەپاڕێتەوە ببەخشێ.
لێکدانەوەکەی تر، خانا کابرایەکی سەرەڕۆ بوە، گوێی نەداوەتە ڕێنمایی‌یە دینیەکانی ئیسلام، بە بیانوی ئەوەی خوا وای دروست کردوە، هەرچی ئارەزو بوە کردویەتی و، هەرچی پێ خۆش بوە، ئەگەرچی نافەرمانی و، دەرچون بوبێ لە سەرەتاکانی دین، بەڵام لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا بیروباوەڕی گۆڕابێ، تۆبەی کرد بێ، گەڕابێتەوە بە لای "اختیار" دا، هەستی بە مەسئولیەتی خۆی کردبێ بەرامبەر نافەرمانی و هەڵسوکەوتە چەوتەکانی خۆی.

ئەگەر کەسێ، بە تایبەتی رۆشنبیرێکی وەکو خانا، لە ناخی دڵی خۆی دا بە راستی خۆی بە گوناهبار نەزانی بێ، ئەبێ بۆچی ئەوەندە بە کەساسی لە خوا بلاڵێتەوە لە ئاگری جەهەننەم بیپارێزێ؟

نمونە 2: رەنجوری

رەنجوری (1164 – 1225 ک) ناوی مەلا عومەری کوڕی خالید بەگی شاڵەبەگیە. لە دۆڵی خەلەکان یا ناوچەی قەڵاسێوکە لە دایک بوە. دەرسی مەلایەتی تەواو کردوە و بۆتە مەلا. مەلایەتی لە چەند جێگا کردوە لەوانە ناوچەی عەودالاّنی قەڵاسێوکە و ئاغجەلەر و، سەرەنجام لە کەرکوک گیرساوەتەوە و هەر لەوێش مردوە.

رەنجوری مەلایەکی رۆشنبیری سەردەمی خۆی بوە، حاجی قادری کۆیی لە باسی شاعیرانی کوردستان دا دەربارەی پایەی ئەدەبی رەنجوری ئەڵێ: "یەکێ رەنجوری ئەهلی کەرکوکە/ فیکری بیکری وەکو بوکە".

وەکو خۆی نوسیوێتی: "بە عەشیرەت شاڵەبەگی و بە مەزهەب شافیعی و بە تەریقەت عەلوانی و ئەبدالاّنی بوە".

بەم پێیە وەکو خۆی دانی پێدا ناوە ئەمیش "ئەهلی تەسەوف" بوە، بەڵام ئەو زەمانە هێشتا مەولانا خالید نەکەوت بوە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی.

رەنجوری چەندین بەرهەمی لە بواری جیاوازدا لە پاش بەجێ ماوە لەوانە: "دیوان" ی شیعر، تۆمارکردنی روداوەکانی ناوچەکە، هەندێ بابەتی ئەستێرەوانی.

دیوانی شیعرەکانی لە لایەن محەمەد عەلی قەرەداخیەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بابەتی دینی یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی دیوانەکەی.

یەکێ لە شیعرە دینیەکانی "میعراجنامە" یە. میعراجنامەکەی بۆ گێرانەوەی چیرۆکی میعراج تەرخان کردوە کە شەوێکی گرنگە لای موسوڵمانان و، لەو شەوەدا پێغەمەری ئیسلام بە سواری هەڵکشاوە بۆ ئاسمان و سەردانی قودسی کردوە و گەڕاوەتەوە بارەگاکەی خۆی ... ئەم جۆرە شیعرە لەو شەوەدا بە دەنگەوە خوێنراوەتەوە.

یەکێ لە شیعرەکانی تری باسی بڵاوبونەوەی پەتای تاعون ئەکا لە کەرکوک و، لە خوا ئەپارێتەوە بەزەیی بە بەندەکانی دا بێتەوە و، کۆتایی پێ بهێنێ.

یەکێ لە شیعرەکانی تری دەربارەی نەخۆشکەوتنی خۆیەتی.

یەکێ لە شیعرە دڕێژەکانی کە لێرەدا بۆ نمونە نوسراوەتەوە موناجاتەکەیەتی، ئەڵێ:

(کریم الذات) ی
یا حەی! تۆ حەکیم، (عظیم الذات) ی
فەرد بێ شەریک، ئەعلا سیفاتی
تەڕاحی نۆ ئەرز، نۆ سەماواتی

تاک بێ ئەندێش، پاک بێ بیمی — بەخشندەی عیسیان خەتای عەزیمی
رۆزی دەهندەی وحوش و تیور — خەبەردار جە حاڵ هەر مار و هەر مور
بینای بێ وەزیر روی پەردەی غەیبی — پەی گوناکاران پۆشندەی عەیبی
زات تۆ بەحرێن پڕ جە مەوج و مەد — موبەڕان جە میسل ئەزەل تا ئەبەد
وەسف زات تۆ نمەیۆ وە دەم — غەرقەن غەواسان جەو بەحر ئەعزەم
(ل: 56)
.....
ئیستە باجەتی زات قەدیمت — بە ئەسمائولاّی حوسنای عەزیمت
بە نور مەستور جە لامەکانت — بە پەردەی ئەسرار سیرِ پەنهانت
بەو پەیک مەخفی نامشەن رەفڕەف — بە دین مەحبوب وێت کەرد موشەڕەف
بە عەرش و کورسی، بە لەوح و قەڵەم — وە مەلائیکان زومرەی موکەڕەم

بەو فریشتەکان نە دەور عەرشت — بەو کەڕوبیان سەر نە پای فەرشت
بەو مەلائیکان جە خەڵق پەنهانەن — بەو زومرەی زهور جەو هەفت سەیانەن
وە جا موقیمان هەفت ئاسمان — ئیسم زات تۆ دائیم موانان
بە حەمل، بە سەور، جەوزا و سەرەتان — بە ئەسەد بە قەوس، سونبلە و میزان
.....
ئێدمەن نیاز پادشای غەفور — ببەخشی بە لوتف رەنجوری رەنجور
رەنجوری غەرقەن نە بەحر عیسیان — راگەی ئەمر تۆش خاس کەردەن نیسیان
جە خاسی موفلیس، جە عیسیان داران — بیەن وە سەرژان رۆی رۆزگاران
ئەوەند بەدفیعلیش جە حەد ویەردەن — یا ها ئیلتیجاش وە خاسان بەردەن
یا شا! ئەی خاسان نامشان بەردم — وە قاپی نیاز عەرزشان کەردم
تۆ خۆ جای ئومێد وایەدارانی — منەت نەهەندەی رجاکارانی
ئەوان رجاچی ئەمن خەتا کار — جە لای کەریمێ چون تۆ کەرەمدار
ئومێدم ئێدەن بە قاپی موراد — وە رجای خاسان بکەریم ئازاد
کەم ویریم کەردەن وێنەی کەم ویران — بەڵێ خۆ خاسان رجاشان گیران

ئومێدم ئێدەن پێم دەی ئازادی:
"جە دنیا موراد، جە مەحشەر شادی"
یا شا! رەنجوری دڵ هەراسانەن
ئەرجوش وە رجای رجا خاسانەن (ل: 62-63)

نمونە 3: مەولانا خالیدی شارەزوری

مەولانا خالید (1193 – 1242 ک) پاش خوێندنی مەلایەتی و دەسکردن بە وتنەوەی دەرس لە مزگەوتێکی سلێمانی دا چوە بۆ حەج و، دوای ئەوەش بە ناو ئێران و ئەفغانستان و خوراسان دا چوە بۆ هندستان، لە سەر دەستی یەکێ لە شێخە ناودارەکانی تەریقەت، ئیجازەی نوێکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتوە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ئیتر دەستی کردوە بە "ئیرشاد" ی سۆفیانە. ماوەیەک لە سلێمانی و ماوەیەک لە بەغداد و سەرەنجام لە دیمەشقی شام گیرساوەتەوە تا لەوێ بە نەخۆشی تاعون مردوە.

مەولانا بەرهەمی فکری زۆری، چ بە کتێب و چ بە نامە، لە پاش بەجێ ماوە، تا ئێستا هەمو بەرهەمەکانی پێکەوە کۆ نەکراونەتەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیان لە بارەوە نەکراوە. لە هەمو بەرهەمەکانی ناسراوتر "دیوان" ی شیعرەکانێتی. کە بە دەسخەت لە ناو خوێندەوارن دا دەستاودەستی کردوە و، دو جار لە ئەستەمووڵ و جارێک لە تاران و، جارێکیش لە بەغداد، لە ناو کتێبی "یادی مەردان" دا لە لایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مەولانا بە کوردی و فارسی و عەرەبی شیعری داناوە.

شیعرە کوردیەکانی لە چاو شیعرە فارسیەکانی دا کەم و کورت و لاوازن، هەندێکی بە لەهجەی کرمانجی خوارو و هەندێکی بە لەهجەی هەورامی هۆنیوەتەوە.

یەکێ لە شیعرە دریژەکانی کە بە لەهجەی هەورامی داینناوە، ئەم موناجاتەیە، کە لێرەدا بە نمونە هێنراوەتەوە. ئەم موناجاتە چەند جارێ بڵاوکراوەتەوە بەڵام هێشتا دەقێکی بەراوردکراوی شیکراوەی بۆ ئامادە نەکراوە. ئەمەی لێرەدایە لە بەرگی یەکەمی کتێبی "یادی مەردان" وەرگیراوە:

یا فەرد ئەعزەم! یا فەرد ئەعزەم
یا حەی، یا قەیوم، یا فەرد ئەعزەم!
یا شنەوەندەی نالّەی سوبحدەم!
نە پای بەندیان بەندیخانەی غەم

یا فەرازندەی چەرخ موعەللەق — یا نیگارندەی نۆ تاق ئەزرەق
یا بانی بونیان قوسور و ئەیوان — ریفعەتبەخش تەخت هەفت پایەی کەیوان
بێ زاد و نەمیر، بێ خواب و بێ خۆر — نە عەرەز، نە جیسم، نە رۆح، نە جەوهەر
بینای بێ دیدەی، شنەوای بێ گۆش — جە ئەسرار غەیب واقیف و خامۆش
بێ هەمتا و بێ میسل، بێ شەریک، بێ باک — جە عەیب موبەڕا، جە ئالّایش پاک
(ل: 625)

.....
.....

یا شا! جە دەرگات ئێدەمەن رجا — ببەخشی گونای بەندەی روسیا
من کە سەرحەلقەی گوناکارانم — سەرتۆق جەرگەی شەرمەسارانم
سەرتاپا غەریق لوججەی عیسیانم — سفتەی نائیرەی نار حیرمانم
شەرت ئەمر تۆم وە جا ناوەردەن — جە تەقسیراتم تەقسیر نەکەردەن
هەرچێوەم کەردەن جە نافەرمانی — نادانیم بیەن، تۆ وێت مزانی
ئەر مسۆچنیم، ئەر بەخشیم گوناە — رەزام رەزای تۆن (الحکم لله)
یەک ئەمجار بە لوتف ببەخشم گوناە — (استغفر الله .. استغفر الله)
جورمم بێ حەدەن، گونام بێ شومار — (رب نجنی من عذاب النار)
نەکەری مەحروم بەندەی روسیاە — (ولا تقنطوا من رحمة الله)
بار عیسیانم کۆکۆ بیەن جەم — (یا غافر الذنب فاغفر لی وأرحم)

نیازم ئێدەن یا حەی، یا قەییوم
خالید جە دەرگات نەکەری مەحروم (ل: 634-635)

تێوەردان

یەکەم،

بەراورد کردنی ناوەرۆکی موناجاتەکانی خانا لە گەڵ هەردو موناجاتی رەنجوری و مەولانادا جیاوازیەکی بنەڕەتی لە گوتارەکانیان دا هەیە. خانا راستەوخۆ، بە بێ "واسطە" و بە بێ "شەفیع" و "تکاکار"، رو لە خوا ئەکا و، لە گەڵی ئەدوێ، لە کاتێک دا رەنجوری و مەولانا سەرەڕای ئەوەی خۆیان راستەوخۆ رو لە خوا ئەکەن، سەدان پێغەممەر و ئەولیا و پیاوچاکیان کردوە بە "شەفیع" و "تکاکار".

دوەم،

زمانی دەربڕینی موناجاتەکان جیاوازن لە زمانی شیعری ئاسایی. هەر سێ شاعیر ژمارەیەک وشەیان بەکارهێناوە لە شیعری ئاسایی دا بە دەگمەن بە کارهێنراون، لەوانە: ژمارەیەکی زۆر زاراوەگەلی عەرەبی – قورئانی و عیرفانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر زاراوەگەلی فارسی – کوردێنراو، وەکو: نیگارندە، شەرمندە،

سەرئەفگەندە، بەخشندە، دەهندە، پشندە، نەهەندە، شنەوەندە، فەرازندە، کونەندە، نومایندە، فرۆزندە، رەهانندە، روبایندە، بەخشایندە، گیرندە، زەنندە...

سێیەم،
ستونی هۆنراوەیی هەردو موناجاتی رەنجوری و مەولانا تا رادەیەکی زۆر بە یەک شێوە داڕێژراون، هەریەکەیان لە سێ بەش پێکهاتوە:
بەشی یەکەم، سەرەتاکەیەتی، تەرخان کراوە بۆ ستایشی گەورەیی و توانایی پەروەردگار و بەزەیی بێ ئەندازەی.
بەشی دوەمی، کە درێژترین پارچەی ستونی هۆنراوەکەیە، تەرخان کراوە بۆ هانابردن بۆ پیرۆزیەکانی ئیسلام، شفاعەتکاران و سوێندانی یەزدان و، هاوار لە پیاوچاکانی خواپەرست ببنە تکاکار لە لای پەروەردگار وەڵامی داواکانیان بداتەوە و،
بەشی سێیەمی، کۆتاییەکەیەتی، تۆبە لە کردەوەی رابوردو. پاڕانەوەی شاعیرە کە خوا لە گوناحی و تاوانی بەدکرداری، بەدرەفتاری، بەدگۆیی، نافەرمانی... ببیەخشێ.

سێیەم، لاوانەوە – مەرسیە:

گەورەترین ترسی مرۆڤ لە مردن بوە.
رازی ژیان و مردن هەتا ئێستاش گەورەترین مەتەڵی هەڵنەهێنراوی مرۆڤە.
ئەگەرچی زۆرایەتی کورد موسوڵمانی باوەڕدارن و، ئیسلام باوەڕی بە مردن و زیندوبونەوە هەیە و، باوەڕی وایە دوای مردنی "ئەم دنیا" ژیانێکی جاویدان "لەو دنیا" چاوەڕێی ئەکا. تەنانەت ئەوانەش کە لە سەر "ئۆلی ئیزەدی" ن و یا لە سەر "ئایینی یارسان" ن باوەڕیان بەوەیە دوای مردن گیانی مردو ئەچێتە کەس یا شتێکی ترەوە، کەچی مردن لە لای کورد بە گشتی بە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە کارەساتێکە وەکو هیچ کارەساتێکی تر نیە، بۆنەیەکە وەکو هیچ بۆنەیەکی تر نیە. بۆیە مەراسیمی مردن و ناشتن و پرسە شتێکی تایبەتیە. لاوانەوەی ناو پرسە بەشێکە لەو مەراسیمە و، هۆنینەوەی شیعر چ بۆ سەر کێلی گۆڕی مردوەکە و چ بۆ زیندو راگرتنی یادەکەی، بەشێکە لە نەریتەکانی کوردەواری. "لاوانەوە – مەرسیە" ش ئەچێتە ئەم چوارچیوەیەوە.
لاوانەوە یا شیوەنی مردو کە یەکێک بوە لە بابەتەکانی ئەدەبی گۆران، ئەچێتە خانەی "شیعری موناسەبەت" ەوە، لاوانەوە بۆتە دیاردە لە مەدرەسەی ئەدەبی گۆران دا. کەم شاعیری گۆران هەیە شیوەنی بۆ یەکێ نەکردبێ، بەڵام ئەوەی ئێستا لە بەر دەس دایە رەنگە مەولەوی لە هەمویان زۆرتر شیوەنی گێڕا بێ.
شیعری لاوانەوە چەندین جۆرن:

جۆری یەکەم،

ئەوانەن لە دەرونی شاعیرەوە دەرچون، دەنگدانەوەی ناخی پڕ لە ئاخی دەرونی شاعیرە بەرامبەر مردوەکە، لەوەدا لە گەڵ هەست و سۆزی خۆی دا راستگۆ بوە، شیوەن بۆ خۆشەویستێکی ئەکا بە یەکجاری لە دەسی چوە. مەرج نیە ئەم خۆشەویستە هەمیشە هاوسەرەکەی بوبێ، بەڵکو ئەشێ هاوڕێیەکی نزیکی بوبێ.
هەمە ئاغای دەربەند فەقەرە (تالعی) بە قەسیدەی "گڵکۆی تازەی یار" و ئەحمەد بەگی کۆماسی بە قەسیدەی "گڵکۆی تازەی لەیل" شیوەنی بۆ مەرگی خۆشەویستەکەی کردوە.

نمونە 1: ئەحمەد بەگی کۆماسی

گڵکۆی تازەی لەیل
ئارۆ شیم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل
نە پایەی مەزار ئەو لەیلی پڕ مەیل
جە دیدەم واران ئەسرینان چون سەیل

شیم وە سەرینش وە دڵەی پڕ جۆش — سەنگی مەزارش گرتەم نە ئاغوش
واتم: ئەی دڵسۆز قەیسی لۆنگ وە کۆڵ — موبارەکت بۆ یانەی بیدی چۆڵ
سەر هوردا نە خاک سەوڵی خەرامان — من مەجنونی تۆم، وەی تەور پێم ئامان
کۆچی بێ وادەت کارێ پێم کەردەن — بێزارم جە گیان، رازیم وە مەردەن
وەختەن چون قەقنەس تەن بۆ وە زوخاڵ — شاد بۆ بە گەردم زەلان و شەماڵ

یاخو بە وێنەی قەیسی لۆنگ وە کۆڵ — تەن بوە خۆراک وەحشیانی چۆڵ
سەوگەند بەو خاڵان فەیرۆزەی خۆش رەنگ — بەو دەستە زوڵفان پەشێویای پای سەنگ
جەو ساوە گەردش چەرخی پڕ ستەم — من و تۆ وە جەور جیا کەرد جە هەم
تۆ بردەن وە خاک سیای تەنگی تار — من مام پەی ئازار جەفای رۆزگار
هەر رۆ چون مەجنون خاتر جە غەم کەیل — هەر لەیل لەیلمەن نە هەردەی دوجەیل
غەمان، پەژاران، رەفیقی رامەن — چەنیو جەفا و جەور دایم سەودامەن
سپای غەم بەی تەور هجوم ئاوردەن — قافڵەی فامم بە تاراج بردەن
زامتان سەخت ئەی دڵەی پڕ ئێش — چون جای مارانگاز زوخاو مەیۆ لێش
شەو کەیلەن زوخاو وە لای جێمەدا — کافر بەزەییش مەیۆ پێمەدا
یانەم وێرانەن، دەردم دێویان — چون ئاهوی تەنیا سەر لێم شێویان
شەوان زاری و شین، رۆوان رۆرۆمەن — یەکجار وەسواسەی تەنیایی تۆمەن
حاڵی تۆ چێشەن شای وەفاداران — کێن هامڕازت سوبح و ئێواران
نەو سەرای تاریک پڕ خەوف و خەتەر — مودارات چۆنەن لەیلی نازپەروەر
چ تەور موریای چۆنەن قەرارت — کێن هاو رەفیقی لەیل و نەهارت
ئەو ساردی هەوای سەردی سیاسەنگ — چ تەورەن خاڵان فیرۆزەی وەش رەنگ
جە باتی باهوی قەیسی غەمگینت — کام سەنگی سیا هان جە باڵینت
داخم ئەو داخەن لەیلی خاتر تەنگ
ئەو دەستەی زوڵفان پەشێویای پای سەنگ

وە چنگی چلچەنگ تۆ تاتات مەکەرد — ئێستا پەشێوان چون رەیحانەی هەرد
ئەو دیدەی مەخمور ئاهوبێزی تۆ — ئەو قەیسی قەتران شەڕئەنگێزی تۆ
ئێستا نە گەردش چەرخی نیلی رەنگ — بێ رەونەق بیەن چون نەقشی روی سەنگ
سایەی چێش سۆمای دیدەم تار نەبو — زیندەگی جە لام ژاری مار نەبو
تۆ خەریکی قەبر سیای سەردەنی — تەمام حەسرەتان وە دڵ بەردەنی
من تەنیا چون قەیس لێوەی غەم خەڵات — زیندە مەگێڵۆم نە روی سەر بسات

وەلحاسڵ هەرچەند شین و زاریم کەرد
نە پای قەبری لەیل بێ قەراریم کەرد

نە جواو دا پێم نە زەرە دەنگ کەرد　　یەکجار بڵێسەم جە گەردون وێەرد

دیسان هەم جە نۆ واتم:

ئەی دڵسۆز
حەکیمی دەرمان دەردی مەجنون دۆز

یانی چێش مەیلم جە لات کەم بیەن　　مەر عەهدی وەرین جە یادت شیەن
من وەی دڵەی خار بێ قەرارەوە　　وەی جامەی سیای یەخە پارەوە
هام نە سەرینت زار زار مەنانۆ　　خاکی یانەی نوێت وە چەم مەماڵۆ
تۆ هیچ نیت وە قەید بێ قەراری من　　جە ئالودەی سەخت شین و زاری من
نمەدی جواو خاڵ بوختەی بێ گەرد　　مەعلومەن جە لام مەیلت بیەن سەرد
دیم سەدایێ نەرم جە تۆێ خاکەوە　　جەو یانەی تازەی حەسرەتناکەوە

ئاما وە گۆشم چون هەردە جاران
واتش: ئەی مەجنون وێڵی کۆساران

سەوگەند بە واحید فەردی بێ هەمتا　　بێ وادە کەردەن من جە تۆ جیا
رای جواو نیەن دڵ بێ قەرارەن　　فرە سەنگ و خاک وە جەستەم بارەن
جە تەئسیری خاک، هەوای سەردی سەنگ　　رێی جواو نیەن چەنیت کەرۆ دەنگ
خانەی خاک وەی تەور مەحبوسم کەردەن　　نازارانی وێم جە یادم بەردەن
بەڵێ هەرچەن شین، زاری مەکەری　　هەرچەن سەر وە سەنگ سیا مەدەری
فایدەش نیەن سود نەدارۆ پێت　　بشۆ زاری کەر پەرێو بەختی وێت
پەی چێش ئەی دنیا خەیلێ بێ وەفان　　جە نەخوەی وەفاش دایم هەر جەفان
کەس جە قەیدی دام مەکرش نەڕەستەن　　یەک یەک وە زنجیر عەیارس بەستەن
جە ئەوەل دنیا تا وە رۆی مەحشەر　　هیچ کەس جە دامش بەرنەشی وە بەر
هەرکەس دڵشاد بۆ وەی دنیای بێ پۆ　　ئاخر سەرەنجام رەنجەڕۆ مەبۆ
هەرچەند پەرێو من تۆ ئەلوەداتەن　　ئاخر سەرەنجام ئەی جاگە جاتەن

(ل: 326-335: خەزنەدار)

سەرچاوە:

ئەم شیعرە چەند جارێ بڵاوکراوەتەوە، هەندێ جار بەشێکی و هەندێ جار هەموی، هێشتا دەقێکی بەراوردکاری بڵاونەکراوەتەوە، بڕوانە:

د. مارف خەزنەدار، مێژوی ئەدەبی کوردی، ل 317 – 336. ئەم دەقەیان لەو وەرگیراوە.

دیوان ئەحمەد بەگی کۆماسی، بااهتمام محمد علی سلطانی، تهران – 1384.

نمونە 2: مەولەوی

مەولەوی، مەرگی هاوسەرەکەی، کارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی رۆژانەی، دڵ و دەرونی هەژاندوە، بۆتە سەرچاوەی تەقینەوەی هەستی ناسک و سۆزی بە کوڵی، کە رەنگی داوەتەوە لە چەندین قەسیدەی بە سۆزدا، نە یەک و نە دوان و نە سێیان، کە ئەمەش نیشانەی کولانەوەی بەردەوامی ئەم کۆستە بە ئازارە بوە، لەگەڵ ئەوەی هەمو ئەم شیعرانەی بۆ یەک مەبەست و بۆ یەک بابەت هۆنیوەتەوە، کە ئەویش شیوەنە بۆ هاوسەرەکەی، کەچی نەک هەر دوبارەبونەوەی تێدا ناخوێنرێتەوە، بەڵکو هەمیشە تازەکردنەوەی تێدا ئەبینرێ، گەشتێ بە دیوانەکەی دا ئەمە دەر ئەخا، لەوانە:

ئەی رۆشنیی چەم! تاکەی تەشریف بەر
لێڵاوی سادەی! هوناوەی هون کەر
پەی چێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد
سێڵاو دوریش ریشەی هەستیم بەرد
بینایی وە راست دڵەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسەخت بیم لوای نەمردم... تادوایی (ئەلف: 19)

ئیمساڵ نەوەهار چون خەزان سەرد
بەرگ وەرد باغ مەعدوم بەرد پەی هەرد
مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەر نە کەی کێ دی وەهار گوڵڕێز بۆ؟... تا دوایی (ئەلف: 22)

ئەدای پەشێویی حاڵات جەستەم
دورەن جە تەحریر خامەی شکستەم... تا دوایی (ئەلف: 30)

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیلێ کەیل
مەحرەم وە رازان خەڵوەت خانەی لەیل
لانەی حەلقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ
هامدەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ... تادوایی (دال: 1)

دوریت دیارەن چەند ساحیب نێشەن
تۆی دەرون وە خار نێشێ و تەر ڕێشەن... تا دوایی (دال: 12)

شورای عاشوران دیسان بەزمش بەست
موحەڕەم ئاما، مەحرەم شی نە دەست... تادوایی (شین: 9)

گەرد ئالودەن دەور مەزار لەیلێ
ئاوپاشی و ماڵاش لازمەن خەیلێ

خادمیی توربەت نازک ئەندامان
پەی دیدە و موژگان مەعدومی ئامان... تا دوایی (گاف: 1)

مەرگت دێوەلول، خەمان دێونان
بونیاد خەرمان عیرفان شێونان
جە دیدە و دەماخ، جە گۆش و گەردەن
دوریت نماز کام زامدارتەر کەردەن... تا دوایی (میم: 4)

مەرگی کۆماسی

مەولەوی لە گەڵ کۆماسی هاوڕێی نزیک بون، چەندین نامەی شیعریان گۆڕیوەتەوە. بە شیعر هەواڵی یەکتریان پرسیوە. کە مردویشە دیارە کارێکی ناخۆشی تێ کردوە. مەولەوی بۆ مەرگی کۆماسی ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە:

یاران بەرشییەن جە زێد و زامەن
گرد تەفرەقە بین چون خەیاڵی مەن
گەرد کۆچشان ئانا دیارەن
دەک لێڵاویت بۆ چۆنت قەرارەن
سەنگی بار هۆش، پێش بار فامت
دەوار شاری، چیخ ئارامت
لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هامفەرمد
ئیستە بار وستەن نە هەوارگەی هەرد
تۆ چێش مەکەری کەم هۆش کەم فام
پەرێ عەیب و عار مەندەنی جە لام
ساچەنی ئەرواح یاوە وە یاران
با تەن بۆ وە سەنگ مەندەی هەواران (یێ: 3)

جۆری دووەم،

ئەوانەن کە شاعیر بۆ دڵدانەوە و کەمکردنەوەی خەمی دۆستێکی هۆنیوێتیەوە. سەرەخۆشی لێ ئەکا، هاودەردی لەگەڵ دەرئەبڕێ. لەمەدا هەمو جار شاعیر نەیتوانیوە سۆزی راستگۆیانەی تێدا دەربڕێ، بەڵکو وەکو بەشێ لە پیشەی شاعیری لە بەر خاتری کەسێکی نزیکی داینناوە.

مەحمودی یاروەیس دۆستێکی نزیکی مەولەوی بوە. کوڕێکی گەنجی ئەم دۆستەی بە گوللەی وێڵ لە راودا کوژراوە. مەولەوی چەند شیعری بە بۆنەی کوژرانی ئەو گەنجەوە داناوە. دیارە روداوێکی وا ناخۆش کار لە هەر کەس ئەکا، بە تایبەتی کە لە نزیکەوە ناسیبێتی، بەڵام زیاتر لەم کارتێکردنە، شیعرەکان بۆ دڵدانەوەی باوکێتی، کە دۆستی مەولەوی بوە.

لە یەکێ لەو قەسیدانەدا ئەڵێ:

پزیسکەی چەخماخ کافیی کارمەن چ وەخت وادەی ئەی گوفتارمەن
تا ئەڵێ:
پەردەی سەبوریم درپیا، رۆڵەرۆ ریشەی جەرگەکەم بڕیا، رۆڵەرۆ
وە ناکام هیجرەت کەردەم، رۆڵەڕۆ داخان گشت وە خاک بەردەم رۆڵەڕۆ
خان و مان خامۆش بێ تۆ، رۆڵەڕۆ ئەتفاڵان مەدەۆش بێ تۆ ، رۆڵەڕۆ
تەڵمیت سیاپۆش بێ تۆ، رۆڵەڕۆ خاتونان بێ هۆش بێ تۆ، رۆڵەڕۆ (پێ: 3)

بەمجۆرە بەردەوام ئەبێ، بەڵام هەر بەوەندە دانەکەوتوە چەندین قەسیدەی تری بە هەمان بۆنەوە هۆنیوەتەوە، ئەم پایەی دۆستایەتی کوڕکوژراو لە لای مەولەوی و پایەی خۆشەویستی کوژراو لە لای باوکی کە دۆستی مەولەوی بوە، دەرئەخا.

سەرەڕای ئەم شیعرە چەندین قەسیدەی بە هەمان بۆنەوە بۆ هەمان کەس داناوە. بڕوانە، شیعرەکانی: (ئەلف: 1)، (پێ: 3) ،(تا: 7)، (نون: 16).

مەولەوی لەگەڵ بەگزادەکانی جاف دۆست بوە. لەگەڵ مەحمود پاشا ئالۆگۆڕی نامەی کردوە. لەگەڵ بنەماڵە و هەندێ لە خێزانەکانیان تێکەڵاو بوە. بە بۆنەی مەرگی هەندێکیانەوە مەرسیەی نوسیوە. بۆ نمونە بڕوانە:
بۆ مەرگی هەندێ لە خانمەکانی جاف، شیعرەکانی: (پێ: 7)، (میم: 2)
بۆ مەرگی هەندێ لە پیاوەکانیان شیعری: (میم 1)
بۆ کەسێکیش کە بە گەستنی مار مردوە شیعری: (پێ: 2)
بۆ کەسێکی تر کە لە راودا هەڵدێراوە شیعری: (خێ: 3)

جۆری سێیەم،

ئەوانەن بۆ کەسایەتیەک وترابن کە شاعیر لە نزیکەوە هاوڕێیەتی یا ناسیاوی لەگەڵی نەبوە، بەڵام ناوبانگی بیستوە، چونکە کەسایەتیەکی هەڵکەوتو بوە لە بواڕێکی دیاریکراودا، لەوانە بوارەکانی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، بە مردنی ئەو کۆمەڵگا زەرەری لێ کەوتوە.

نمونە 1: میرزا شەفیع

میرزا شەفیع، هاوڕێی میرزا ئەڵماس خان بوە، نامەی شیعرییان لە گەڵ یەکتر گۆڕیوەتەوە. لە شیوەنی میرزا ئەڵماس خان دا وتویەتی:

میرزام خامۆشان
موبارەکت بۆ مەئوای خامۆشان
نۆشت بۆ بادەی بێهۆشی نۆشان
رەفیق مەجلیس جەرگەی مەی نۆشان

ئومێد وە ئیعجاز دوعای خاسان بۆ سزای گۆڕئەفشار وە لێت ئاسان بۆ
دمای ئەڵماس خان خان لاڵ شێوە کزەی تەمورە کەس نەیۆ پێوە
میرزام یە دەردم من کەردەن کاری تۆڵی دەس نیشان ژ وێت نەداری
فرزەند هەر خاسەن میوەی باغتەن هەم شادی و هەم زەوق، هەم چراغتەن
هەروەخت بمیری ئەو جا دارتەن کۆری دوژمنان، شادی یارتەن

وە شاد مەکەرۆ سەیر باخانت وە ناز مەگێڵۆ نە دیواخانت
وەختێ کە پیری مەکرۆ قەسدت فرزەند عەزیز مەگیرۆ دەستت
ئەر ئیمسالّ تەڵێ گوڵم کەندە بۆ رۆحم شەرمەندەی خودا و بەندە بۆ
پێی چێش گوڵ، میرزام ها نە سەرای گڵ گڵ وە دیدەم بۆ پەی چێشمەن گوڵ
باوەردێ یاران بەرگێ جە پەڵاس
تا پۆشۆ شەفیع جە دەمای ئەڵماس
(رۆژنامەی کوردستان، تاران، ژ 71، 22 رەبیعولئەوەل)

نمونە 2: رەنجوری

رەنجوری بە شیعر شیوەنی بۆ چەند کەسایەتیەک کردوە، کە رەنگە لە سەردەمی ئەودا ناسراو بوبن، بەڵام ئێستا رەنگە تەنیا لەو شیعرانەدا یادیان زیندو بێ، لەوانە: شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش، سڵێمان ئاغای زەنگنە (زەبونی)، وەلی دێوانە.
لەو شیعرەی دا کە بە بۆنەی مردنی وەلی دێوانەوە داینواوە، ئەڵێ:

هامسەران ماتم
یە خەیلێ وەختەن دڵ عەجەب ماتم
مات و پەشێو حاڵ رو نە زوڵماتم
بێزار جە شادی روی سەر بیساتم
....
پەی چێش؟ پەرێ مەرگ میرزای زەمانە
مەنشور نە عالەم وەلی دێوانە
.....(د وەلی: 94)

نمونە 3: مەولەوی بۆ زانایەکی ئاینی داناوە. (سین: 1)

جۆری چوارەم،

هەندێ لەم شیعرانە بۆ تۆمارکردنی ساڵی مردنی هەندێ لەمانە هۆنراوەتەوە. لە هەندێکیان دا ساڵی مردنەکەی بە ژمارە و هەندێکی تری بە "حسابی ئەبجەدی" دیاری کراوە.

نمونە 1: مەولەوی

ساڵی مردنی چەند کەسێکی بە حسابی ئەبجەدی دیاری کردوە، لەوانە:
دڵ پەی تەئریخ وات، وە دەم دەردەوە:
ئەی وای وەی دنیاش تاریک کەردەوە (دال: 18)
(ای وای وی دنیاش تاریک کردەوە: 1277)

بە ئامین جە شەڕ دۆزەخ ئازاد بی
وە سەیر رەحمەت ئەبەدی شاد بی (فێ: 5)
(بە امین جە شر دوزخ ازاد بی: 1258)

بنویس وە هوناو دڵ نە پەردەی جەرگ:
(نادر شیخ علی: 1275) پەی تەئریخ مەرگ

شاعیرانی ئەم مەدرەسەیە ئەوەندەی "شیعری شیوەن" یان لە پاش بە جێ ماوە، نیو ئەوەندە "شیعری شادی" ان لە دوای خۆیان بە جێ نەهێشتوە.

چوارەم، سکالاّ لە پیری

نمونە 1: بێسارانی

بێسارانی لە سالاّنی پیریی تەمەنی دا لە شیعرێکی دا پەشیمانی دەرئەبڕێ لەو کردەوانەی لە سەردەمی گەنجێتی دا کردویەتی و خۆی باس ئەکا چی کردوە، ئەڵێ:

تەرسا بەردەنم
راسەن سوجدەی دەیر، تەرسا بەردەنم
مەی نە پای مینبەر مەسجید وەردەنم
تەجدیدی مەزهەب عیسا کەردەنم

فتوای بەرەهمەن گێرتەنم نە گۆش — دینم دان جە لای دینی مەیفرۆش
کەردەنم نە دۆش خەرقەی رەهبانان — کێشانم جارِوی دەوری بتخانان... هتد
(تێ: 8)

بێسارانی لە سەردەمی گەورەبونی تەمەنی دا داخ بۆ سەردەمی منالّی ئەخوا، کە ئەوسا خەمی لە بیردا نەبوە، گوێی بە تانەی ئەم و ئەو و خۆشی و تالّی ژیان نەداوە، ژنی جوان و کچی گەنج خۆیان لێ نەپاراستوە و شەرمیان لێ نەکردوە، ئەمیش یاری لەگەڵ کردون، چۆتە باوەشیانەوە، نازداران روخساری خۆیان لێ نەشاردۆتەوە، بە ئارەزوی خۆی سەیری ئەگریجە بۆنخۆشەکانی کردون. بەڵام ئێستا بە هۆی سەرکەوتنی تەمەنیەوە سڵی لێ ئەکەنەوە، ئەڵێ:

ئاخ پەی منالّی
ئاخ وا درێغا پەرێ منالّی
گۆشەی خاترم جە خەم بی خالّی
لاقەید بیم جە تان، جە وەشی و تالّی

هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران — مەشیم وە باوەش نازک نازاران
نازاران جەمین لێم نمەپۆشان — مەکەردم سەیران زوڵفی وەش بۆشان
ئیسە جە شومی زەمانەی باتڵ — نازاران یەک یەک لێم مەکەران سڵ
(ئەلف: 1)

ئاخ هەڵکێشان بۆ سەردەمی منالّی، گەڕانەوەیە بۆ دواوە، جۆرێکە لە زیندوبونەوەی بیرەوەری، جۆرێکە لە "نۆستالّجیا" بۆ رابوردیەک کە ناگەڕیتەوە.

کەچی لە شیعرەکانی تری دا "نۆستالّجیا" کەی ئەگۆڕێ بە پەشیمانی لەوەی لە سەردەمی گەنجی دا کردویەتی و، رو وەرئەگێڕێ لە دنیا و خۆشیەکانی و، بەرەو خەمینی و نائومێدی و، دەس هەڵگرتن لە ژیان و، باسی مردن و گۆڕ ئەچێ و داوای تۆبە ئەکا، ئەڵێ:

.....

ئانە گشت جە وەخت نادانیم بیەن
فەسڵی سەرمەستی و جەوانیم بیەن
ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد فەسڵی پیریمەن، جەوانیم ویەرد
وادەی پیریمەن، یاوانم نۆبە نۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار تۆبە! (تێ: 8)

بە پێی ئەو گریمانەیەی دایان ناوە کە بێسارانی لە سالّانی (1053 – 1113 ک) ژیاوە، ئەبێ تەمەنی دەوری 60 سالّێ بوبێ، بەڵام وەکو بێسارانی لە شیعرەکانی دا دەری ئەبڕێ ئەبێ تەمەنی لەوە زیاتر بوبێ.
مەولەوی پیری خۆی و ئەم شیعرەی بێسارانی بە جۆرێ کاری تێ کردوە یەکێ لە بەیتە سەرەکیەکانی تێهەڵکێشی شیعرێکی خۆی کردوە، لە هەمان بابەت قەسیدەیەکی داناوە.

نمونە 2: خانای قوبادی

خانا چەند شیعرێکی هەیە سکالّا لە دەس پیری ئەکا. لە شیعرێکی دا کە تەمەنی گەیشتۆتە 54 سالّ بە دلّتەنگیەوە، ئەڵێ:

پەی سەنەی سالّم
دیام وە تاریخ پەی سەنەی سالّم
پەنجا و چوار بیم هەرەس بە مالّم
پیری وە بێدەنگ بی وە زەوالّم
ساقیت بیم نە جەمع جەرگەی جوانی کەساد بیم جە بەین جەمع ئینسانی
وەیشومەی پیریم هەوا سەندەوە وەڵگ جوانیم یەک یەک کەندەوە
ئەوسا جوان بیم جە پڕتاف دەو بازئاسا مەدام چنگ نەسینەی کەو
ساحیب ماردم بیم سەیادان دەستور جە یەکفرسەخی مەپێکام جە دور
چەرخ ئاسا و شاهێن شکارم پۆڕ بی سەررم (!) مەگرتم هەر کامی تۆڕ بی
بەو نیمنیگای عەین ئیشارە پێوار کەڵ رەم جە شاخان ماوەرم بە وار
تیژتەر جە شاهین شنقارِ نە تاودا
شەوان مەگرتم سەرسەوز نە ئاودا
شابازان لاقەید جە تانەی تالّم مەنشتن نە فەرق سەرپەنجەی بالّم
شیرین شابازان تەییار تیز ڕەو وە بی حەلقەی دام مەکێشام نە خەو
ئەندێشەم نەبی جە شاهی قەیسەر هەر پولێ سەخت بی مەکەردم گوزەر
بەو تەور جە شەوان مشیم وە پارێز ریزەی رەنج (!) جەپام نەمەکەر ئاخێز

نەفەس مەگرتم جە پایەریزدا — شون پام نەبی شیم وە ریزدا(!)
هەرتا جوان بیم وەی تەور پیر نەبیم — هامراز باز بیم سۆنەگیر نەبیم
ئیسە هاپیری سەرسامم کەردەن — وێنەی سکەی قەڵب بەدنامم کەردەن
ئیسە سەرگەردان رای نەدامەتم — شەرمەندەی عەرسەی رۆی قیامەتم
نائومێد جە فیعل عەمەل کەردەی وێم — ئیمان ئاوبردەی عسیان وەردەی وێم
مەگەر هەم بە فەزل کەرەم داری وێت — بە عەفوی عەزیم بێ شوماری وێت
بویری نەی جورم جە حەد زیادم — نەی بەحر عسیان عەزیم ئوفتادم
وەرنە روسیای قاپی رەحمەتم — ئەرامەندەی حەشر رۆی قیامەتم

هەرچەندی خانا پڕ گونەهکارەن
بە - لاتقنطوا - ئومیدەوارەن

نمونە 3: ئەحمەد بەگی کۆماسی

پیری ئاخ پیری، داد لە دەست پیری
لە گیان بێزاری و زویری و دڵگیری

گریمان وتیان میری و گزیری — مایەی حەسرەتە نیە تەدبیری
هێزی جوانی لە بەدەن بڕیم — کفنی موی سپی بە بەدەن بڕیم
دڵ بو بە یاتاغ نالّە و ئاهی سەرد — دەرون وەک جانتای کۆکە و پڕمە و دەرد
چاو چاوەڕوانی رۆینی رونی — لەش گرفتاری سستی و زەبونی

کوا ئەو دەماخەی ئەم روانیە جوانان — ئەکەوتە شوێنم بۆ پەنای باخان
لە گەڵ نازداران کە ئەچومە گەشت — کێو و شیو و دەشت لێم ئەبوە بەهەشت
من رائەکشام لە ناو گوڵان دا — کچان لە سەودای دەستەملان دا
شەوی مانگەشە چرپەی ناو گوڵان — باغ بەرەڵدا بو تاڵان هەی تاڵان
خۆ وردەرازی تەنیایی گوێ ئاو — نەشئەی دڵداری ئەهێنایە ناو
گا دەسکەگوڵم ئەبەست بۆم ئەبرد — ئەو باوەشێنی روی خۆی پێ ئەکرد
تایێ لەو دەسکەی ئەدایە دەستم — ئەی گوت بیخەرە سەرچاوی مەستم
ئینجا ئەتوانی بە بادەی مەستی — ماچ کەی بە بیانوی شێتی و سەربەستی
ئەوسا لە پەردەی گریشمە و نازا — دوگمەی سەرپەردەی بەیان ئەترازا
لەو بەیانەوە سفیدەی بەیان — وەک پێشخانەی نور ئەکەوتە مەیدان

ئێستا وا پیری کردیە شەوی تار — شەبەیخونی دا وەک سپای تاتار
لێلایی هێنا بە دڵ و چاوا — عەکسی خەیاڵیش نەما لە ناوا
ئەمەوێ یادیان بێنمەوە خەیاڵ — ئازاری بەدەن عەیشم ئەکا تاڵ
لە جێی قەهقەهە و دەنگی نازداران — چریکەی دەردە سوبح تا ئێواران
ئەمە ئەنجامی دنیاکەمانە — بەمە نازانن ئەبنای زەمانە
هەروا دەزانن تا سەر باقیە — شەونخونی یاری و باری باقیە. (ژین، ژ: 980)

کۆماسی لە دیوانەکەی دا دو شیعری درێژی سەبارەت بە سکالاّ لە دەس پیری هەیە جیاوازن لەم شیعرەی پیرەمێرد، هیچ کامیان بە بنجی ئەمە دانانرێن.

پیری هەزار داد
پیری جە دەستت سەد جار هەزار داد
واوەیلا جە دەست جەور و جەفا و داد
تەختی جەوانیم یەکسەر دای وە باد

کەم کەردی بینای سۆمایی چەمان — قامەت وێنەی خەم بی چون کەمان
ئەو شێوەی رەفتار چون کەبکی کۆسار — ئیستە ناتەوان وێنەی کەفتەکار
روخسار پڕ نور شەفافی ئابدار — چرچ و قرچ کەردی چون سیا دەوار
کوس شنەوام ئیسە بێ گۆشەن — عەقل و فام جە لام گرد فەرامۆشەن
نیشانەی پیرین تەمام خاڵخاسان — چون باد زەلان جە لام تەواسان
تا دوایی شیعرەکە...(د کۆماسی:14)

لەوی تریان دا ئەڵێ:

جەوانیت ویەرد وادەی پیریتەن
شێتە شادیت شی ها زویریتەن

دوربینەکەی چەم بیەن تەنگ و تار — یانی عادەت کەر وە تەنگی مەزار
پێشانیت لوان وە بان زانو — خواحافیزەن پەی هەواری نو
تا دوایی شیعرەکە...(د کۆماسی:15)

نمونە 4: رواری

مەلا خدری رواری ئەڵێ:

جە گردین بەتەر موحتاجی و پیری
پیر بی و موحتاج بی، پەی چی نەمیری (رواری: 102/2)

نمونە 5: مەولەوی

مەولەوی لە چەند شێعرێکی دا سکالاّ لە دەس پیری ئەکا لەوانە: (پێ: 5)، (تێ: 4)، (واو: 2)...

بەڵام لە "فەرد" یّک دا بە رونی ئەڵێ:

پیری و فەقیری و کەسیفی، هەر سێ
نەبۆ وە هیجران بار هیچ کەسێ (پێ: 11)

نمونە 6: فەخرولعولەمای سنەیی

فەخرولعولەمای سنەیی ئەڵێ:

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین
شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین

شکۆفەی باخچەم سکەی سفیدەن — مایەی میوەی عومر فانیی هەر ئیدەن

نە باغچەی سونبول تارموی تاردا — سپی شکۆفەی عومرم دیاردا
ماتیی و زویری و زاری و دڵگیریم — بەی پەی زیادکەرد پەژارەی پیریم
هەناسەم چون وای خەزان مەخێزۆ — پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزۆ(ژ.74)

ئاخر رۆی وەهار نەوجەوانیمە
سەرەتای پایز زیندەگانیمەن

خەدەنگ بااڵم چون کەمان خەم وەرد — راست وە نیشانەی فەنا رو ئاوەرد
کەم کەم پیری خەم وە قامەت مەدۆ — دەمدەم وادەی رۆی قیامەت مەدۆ
پیری یەکسەر زۆر جە قامەت سەندەن — سەر، وە لاشەوە هەر وە زۆر مەندەن(ژ.75)
ساقی پام بەستەی زنجیری پیرین — دەستم دامانت وادەی دەستگیرین
تۆ وێت مەزانی وەختم بێ وەختەن — پلەی رای سارای قیامەت سەختەن
ئوفتادە و خەستەم چارەی پیریم کەر! — وە جامێ جە مەی بۆ دەستگیریم کەر! (ژ.76)
زرینگەی گۆشم پێم ماچۆ وە تاو — گاهێ خەوەردار، گاهێ سەر حساو
من بە مەی غەفڵەت کەڕ کەردەن گۆشم — نیەن هیچ وە کەس نە گۆش هۆشم
نەی گوزەرگای تەنگ بازاڕ چەپگەرد — هەر کاتێ زانای ئەجەل سمکۆم کەرد(ژ.78)
موتریب بەو نەغمەی شانازیتەوە — یام بەو پەردەی پاک حیجازیتەوە
بڵندکەر وە سۆز سەدای وەش رەنگی — بەڵکەم بێدار بون نەی خاوسەنگی

با شۆر نەوات نە رۆی پەردە بۆ
تەنزیلەش مەزمون ئەی یەک فەردە بۆ:
"های غەفڵەت تاکەی؟ هامفەردان وێەرد
بێداربەر، بێدار! کاروان کۆچش کەرد!

(رۆژنامەی کوردستان، ژمارەکانی 74 تا 79، تاران، ئۆکتۆبەر تا نوامبری 1960)

تێچاندن

دیاردەی سکاڵا لە دەس پیری، لە ئەدەبی مەدرەسەی گۆران دا، وەکو لە شیعرەکانیان دا ئەخوێنرێتەوە، تەنیا یەک لایەنی نیە بەڵکو لایەنی جیاوازی سایکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، ئابوری... هەیە، لەوانە:

یەکەم، پەککەوتنی جەستەیی
لە ئەنجامی ئەوەش دا سپیبونی مو، چرچبونی روخسار، چەمینەوەی باڵ، کزبونی بینایی چاو، گرانبونی بیستنی گوێ، لاوازبونی هێزی ئەژنۆ...

دوەم، گۆڕانی باری دەرونی
لە ئەنجامی ئەوەش دا پیاوی پیر شتێکی نامێنێ سەرنجی ژنی گەنجی پێ رابکێشێ، ئەو پەیوەندیە سۆزداریەی کە جاران توانیوێتی لە گەڵ کەسێکی خۆشەویستی دا دروستی بکا ئیتر بۆی ناکرێ...

سێیەم، هەژاری و دەسکورتی
لە ئەنجامی ئەوەش دا سەختی باری گوزەران و چاولەبەری دەستی ئەموئەو.

چوارەم، پەشیمانی لە کردەوەی رابردو
لە ئەنجامی ئەوەش دا "تۆبەکردن" و، پاڕانەوە لە پەروەردگار تا لە گوناهەکانی ببەخشێ.

پێنجەم، ئاڵۆگۆڕی شیعرنامە

لە سەردەمێک دا کە داوودەزگای راگەیاندن نەبوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە نەبوە، لە وڵاتێک دا کە شایەک یان میرێکی گەورەی لێ نەبوە تا شاعیر و ئەدیبان لە دەربارەکەی یا لە کۆشکەکەی دا کۆ ببنەوە، یا رێکخراوێکی تایبەت بە وانی تێدا نەبوە کۆیان بکاتەوە، ئاخۆ شاعیر چۆن توانیوێتی بەرهەمەکانی خۆی بە خەڵک، یان بە خوێندەوار بگەیەنێ، ئەبێ یەکێ لە رێگەکانی گەیاندنی بەرهەمەکانی دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوبێ لە گەڵ هاوخەمەکانی خۆی، لە شاعیر و ئەدیب. نامە ئاڵۆگۆڕکراوەکانی نێوان شاعیرانی کوردیش ئەشێ لەم چوارچێوەیەدا بخوێنرێتەوە. شاعیرەکان لە بەینی خۆیان دا، شیعرەکانی خۆیان بۆ یەک ناردوە و بە شیعر، نامەیان ئاڵوگۆڕ کردوە.
هەڵسەنگاندنی ئەم شیعرنامانە چەند سەرنجێ دروست ئەکا:

یەکەم، لە نامەکان دا رێزی زۆریان لە یەکتری گرتوە، یەکترییان هەڵناوە، دڵسۆزی زۆریان بۆ یەکتری دەربڕیوە، پلەی یەکترییان بەرزکردۆتەوە، "موجامەلە" یان تا رادەی "موبالەغە" لە گەورەکردن و ستایش و بەرزکردنەوەی پلەی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی یەکتری دا کردوە.
رەنجوری، لە نامەکەی دا بۆ وەلی دێوانە، پلەی دێوانەی بەرز کردۆتەوە بۆ ئاستی سەعدی شیرازی.
دێوانەش، لە وەڵامەکەی دا بۆ رەنجوری، پلەی رەنجوری بەرز کردۆتەوە بۆ ئاستی شاعیرە هەرە گەورەکانی ئێران...

دوەم، نامەکان، نامەی ئاسایی هەواڵپرسین و چاکوچۆنی نین. نامەکان وەکو هەمو شیعرێکی ئاسایی پڕن لە وشەی جوان و وێنەی شیعری و هەستی پڕ سۆز هەڵقوڵاوی ناخی دەرون. ئەم شیعرانە ئەگەر سەرناوەکانی "نامە" بێ، یا هەر شتێکی تر، ئەشێ بە تابلویەکی قەشەنگی ئەدەبی دابنرێن.

نمونە 1: خانای قوبادی و میرزا شەفیع

میرزا شەفیع یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی مەدرەسەی گۆران. ئەمیش هەندێ داستانی هۆنیوەتەوە و، شیعری داناوە، بەڵام جگە لە هەندێ شیعری پەراگەندەی، کە ئەویش پڕن لە هەڵە و تێکەڵی، لە گۆڤار و رۆژنامەکان دا بڵاوبۆتەوە، تا ئێستا نە داستانێکی نە دیوانێکی بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام پێ ئەچێ ئەمیش یەکێ بوبێ لە کۆڵەکەکانی ئەم مەدرەسەیە. خانا لە چەند جێگەدا بە رێزەوە ناوی ئەبا و، نامەی لە گەڵ ئەو لە سەر بابەتی ویجدانی، لەوانە دەرویشی و پیری، بە شیعر ئاڵوگۆڕ کردوە. سەبارەت بە پیری لە وەڵامی میرزا شەفیع دا وتویەتی:

میرزام خواریەن
ئاخر سەرمایەی پیری خواریەن
پیشەش ئاهی سەرد، شین و زاریەن
مایەی بێ قەدری و کەفتەکاریەن

سەرمایەی سەودای بازاڕی پیری — هەر ئاخ و داخەن، ئەندۆ و زویری
هێما تۆ خاسی سیحری مەعانی — قەدری عافیەت ئەوسا مەزانی
... وە دەس دولا دولات بۆ — نە زۆری زانو، نە هازی پات بۆ
جە ناتەوانی، جە کۆری و چەفتی — تیفلان قاوکەران خاڵۆ هاکەفتی
مەرگت هەراسان نیزامی سانی — وەختی چاشتەنان وە بێ دندانی
عارەقت بیۆ وە چرچی رودا — چەناگەت بدۆ پشت وە کەپودا
لەزەتی دەوران حەرام ببۆ لێت — دۆست و بێگانە عیبرەت گەرۆ پێت
بێ قەدر و قیمەت وە بێ حاڵ کەفی — نە جای باش لیحاف وە گاجل خەفی
ریپۆقت بیۆ وە ژێر چاودا — هەردو پات بشۆ وە چل چەپاودا
وەختی هۆرێزی بشی وە راوە — چنگۆڵت گیران کشت جە دماوە
هەرکەسێ بیۆ پێتا بماڵۆ — قولەی منالان های مەچۆ خاڵۆ

پیرە کەیوانوت لێت کەرۆ حاشا
ئەوسا مەبۆ سەیر قولە و تەماشا
هەرکەس فامدارەن چون تۆ مەزانی
مردن خاستەرەن جەی زیندەگانی

... خاس و عام مردن جە ئەیام — مەخسوسەن ئەرباب عادی و کەم فام
هیچ نمەزانان قەدر جوانی — بدەرۆ پیری تا نەبون فانی
هەرچی مەرەز هەن جەم بۆ جە دنیا — حەکیمان ناویان وە پیری نیا
میرزای پڕ کەماڵ، هامدەردی دەردم! — شەمەی جە پیری ها بەیان کەردم
"شەفیع" زی قەدر مستەوفی دیوان — شوعەرای شیرین شیعر جە عەسر ئەوان
جوانیی لوان ئامانش نیەن — پیری دەردێوەن دەرمانش نیەن

پەی "میرزا شەفیع": برای خۆش کەلام!
خانا پەرێش وات. باقی والسلام

نمونە 2: رەنجوری و وەلی دێوانە

رەنجوری، بە پێی شیعرەکانی ناو دیوانەکەی، چەندین نامەی بە شیعر بۆ دۆستەکانی، بە تایبەتی بۆ هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، هۆنیوەتەوە، لەوانە: میرزا نەجەف عەلی، هیجرانی (شێخ حەسەنی کانی بی)، شێخ یوسف، شەوقی، حەمە ئاغای مەسرەف، زەبونی، ئێستا ئەم کەسانە ناوونابانگ و بەرهەمیان لە بەر دەست دا نین، تەنیا بەم شیعرانە بیر ئەکەونەوە.

رەنجوری بۆ وەلی دێوانەی نوسیوە:

میرزای خاس خەیاڵ
میرزای خولاسەی خاس خاس خەیاڵ
دانای دوڕشناس کان کۆی کەماڵ
سەراپ بێ لاف، با خەبەر جە حاڵ

شوعەرای سینەساف، گەنجینەی ئەبیات بەیت و فەرد شیرین "شێخ سەعدی" سیفات
جانشین نە جای "جامی" جەوهەربار جەواهیرفرۆش سەرچەشمەی ئەشعار
....
وەختێ فکری تۆ ئاوردەم وە هەم عەمرم یاوا بی وە پەنجا پەنج کەم
جە سەنەی هەزار دو سەد و نۆدا نامەت وەی تەورە لای بەندە رۆدا
رەنجوریم، رەنجور ماجەرای دنیام
پەی جواب نامەی فەردت چەمەڕام (د. وەلی: 92. د رەنجوری: 160)

وەلی دێوانە لە وەڵام دا وتویەتی:

مەولای لاڵ شناس
مەولای رەنجوری دانای لاڵ شناس
هەیاس دوڕناس، ئەسڵ و نەسەب خاس
نەژاد پاکان "نیزامی" قیاس

"فیردەوسی توسی"، "جامی" مەلەک جام "خاقانی" خەیاڵ، "ئەنوەری" ئەیام
"سەعدی" سوخەنخوان بەحری مەعانی "حافزی شیراز"، "سائیب" ی سانی
بە تای بێ هەمتای قەییومی بێ چون هامتای تۆ کەمەن نە روی دەوری دون
"شەوکەت" خۆشەچین بەحری مەعناتەن "عیسمەت" نە ئەوساف سیفاتت ماتەن
"مەولانا زەهیر"، "فاریابی" دەور فوزەلای فازیل نادرەی خۆش تەور
هەنی چەن شوعەرای "ئاسەف" نیشانان دەرس نە مەدرەسەی عیلمی تۆ وانان
غەواسی موحیت دەریای علومی شیعری مەسنەویت مەر "مەولای رومی"
تا دوایی....(د. وەلی: 69. د رەنجوری: 161)

نمونە 3: مەولەوی و کۆماسی

لە ناو شاعیرانی گۆران دا رەنگە نامەکانی مەولەوی لە هەمویان زیاتر دیار بێ، بە تایبەتی کە بەشی زۆری بەرهەمەکانی نە فەوتاون، بەڵکو کۆکراونەتەوە و هەندێکیان بڵاوکراونەتەوە.

مەولەوی چەندین نامەی لە پاش بەجێماوە. نامەکانی هەندێکیان بە پەخشان نوسیوە و، هەندێکیان بە شیعر. ئەوانەی بە پەخشان نوسیونی، ئەوەی تا ئێستا زانراوە، هەموی بە فارسین، بەڵام مامۆستایەتیەکی ئەوتۆی تێدا نواندوە، هەندێکیانی بە وشەی بێ نوقتە نوسیوە. بەڵام نامەکانی بە شیعر نوسیونی هەموی بە کوردین.

شیعرنامەکانی هەندێکی بۆ شێخانی نەقشبەندی هەورامان نوسیوە، کە پیری تەریقەتی بون، هەندێکیشی بۆ دۆستەکانی نوسیوە، لەوانە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی: وەکو ئەحمەد بەگی کۆماسی، داخی، بولبول... لە هەمویان دیارتر ئەو نامانەیەتی لەگەڵ کۆماسی، کە لە شیعرەکانی دا بە خاڵۆ ناوی ئەبا، ئاڵوگۆڕ کردوە.

سەرەتای قەسیدە - نامەکانی هەر جارەی بە جۆرێ دەس پێ ئەکا:

نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد
یاوا خاس وانام، موتالەعەم کەرد...تا دوایی (نون: 1)
یەکێکی تر:
پەشێو وێنەی وێم نیشتە بیم خەجڵ
دیم شادی دەس دا نە دەوازەی دڵ
واتم نامانی هەرگیز های چێشەن؟
لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن
نە تاریکیی خەت مەعناش مەجۆشا
چون ئاو حەیات دڵ خاس خاس نۆشا...تا دوایی (پێ: 1)
یەکێکی تر:
نامەی نەفتینت یەک رۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کورەم زیاد کەرد
دەڵاڵەت جۆشۆ چون رۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی...تا دوایی (نون: 3)

پەیوەندی دۆستانەی نێوان مەولەوی و کۆماسی بەهێز بوە. چەردەیەکی زۆری نامە شیعریەکانی مەولەوی بۆ کۆماسیە، ئەشێ کۆماسیش هەم شیعرنامەی بۆ ناردبێ، هەم وەڵامی شیعرەکانی دابێتەوە، بەڵام تا ئێستا شیعرەکانی کۆماسی و وەڵامەکانی، بە تەواوی، نەکەوتونەتە بەر دەست. لێرەدا نامەیەکی مەولەوی و نامەیەکی ناوازەی کۆماسی ئەنوسینەوە:

هەرچەنی ناکاو دەماخم تەی بی
سیاهەور دود نە کەللەم جەم بی

بەرق و بروسکە و تەم دا وە هەم دا — پلوسکەی سێڵاو ئامام وە چەم دا
خاشک هەستیم لافاو بەردەوە — دەرون پێچش دا و دڵ وێەردەوە
... تا دوایی (هێ: 6)

کۆماسی لە وەڵام دا ئەم شیعرەی نوسیوە:

نامەکەت یاوا هامفەردی فەردم
هەر حەرفێش دوعان پەی دەوای دەردم

دڵەی تاریکی رەوشەن کەردەوە — پەی خانەی سیاش خەفەت بەردەوە
ساکە دیارەن تۆ پڕ مەیلەنی — جە مەی سەرچەمەی وەفا کەیلەنی
ئینە چەن ماهەن غەم وەنەم بارەن — هیلالی شادیم لێم نادیارەن
عاجز و زگار، زیز و رەنجورم — رەقیبی زەوق و هەمدەمی مورم
ناگا بای شەماڵ ئاما وە سەروەخت — نامەی تۆش پێ بی، وەش مەزمون، وەش خەت
حروفی نامە قشونی زەوق بی — بیسمیللا سەردار، درەفشش شەوق بی
نەفەس هەر سەرباز بۆی عەبیر مەدۆ — دەوای هەزار دەرد وەزەمیر مەدۆ
خاست فەرماوان ئەربابەکەی وێم — ساکن نە گۆشەی باڵەخانەی چەم
ئینە چەند وەختەن هیجران بارەنان — تەنیا و بێ هەمدەم، دور نە یارەنان

جە چەم مەرێزون هوناو چون سێلاو دڵ بیەن وە نار، جگەر وە کەواو
وە لاکین دڵێ پڕ نە سەودا بۆ هیچ باکش نیەن مودام تەنها بۆ
دڵێ مەحمەلی حەزرەت لەیلا بۆ سەما تا زەمین با پڕ بەڵا بۆ
ئەحمەد تیشنە لەب چەمەڕای جامە تەنیای ئامای وێتەن، نەک نامە
چون چەرخی چەپگەرد وەنەم کەردەن قەست بازاڕی وە مس مەسانام جە دەست
وە هەر کەس گەوهەر شەوچرای ئەنوەر مەنمانۆ ماچۆ یە چەند موهرەخەر
سەڕاف ئی شارە خەرموهرە ناسە
نەی بازاڕەدا گەوهەر کەساسە (د مەولەوی: 569-570)

هۆنراوەی ویجدانی

گەشتێ لە گەڵ بێسارانی
1. قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی گۆران
(بێسارانی وەک نمونە)
2. بێسارانی و ژیان
3. بابەتی جۆراوجۆری بێسارانی (وشەوانی)

قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی گۆران
(بێسارانی وەک نمونە)

بێسارانی:
کێیە؟ کەی ژیاوە؟ لە کوێ ژیاوە؟ چۆن ژیاوە؟

ئەمانە چەند پرسیارێکن تا ئێستا هیچ کەسێ لەوانەی دەربارەی بێسارانییان نوسیوە، یا دیوانەکەیان کۆکردۆتەوە، نەیان توانیوە پشتئەستور بە بەڵگەی مێژویی سەلمێنراو، وەڵامی هیچ کام لەم پرسیارانە بە دروستی، بێ ئەوەی مشتومڕی لە سەر نەبێ، بدەنەوە.
حەکیمی مەلا سالّح، کە دیوانی بێسارانی کۆکردۆتەوە و بە لێکدانەوەوە بڵاویکردۆتەوە، ئەڵێ (ل 18):
بێسارانی (1053-1113 ک/ 1641-1702 ز)

"مەلا مستەفای کوڕی مەلا قوتبەدینی کوڕی مەلا شەمسەدین. لە دایکبوی گوندی بێسارانە کە یەکێکە لە گوندە گەورەکانی ناوچەی ژاوەرۆ – خۆرئاوای شاری سنە.
لە نۆدشە و پایگەڵان و سنە خوێندویە. جگە لەوەی کە سەرەتا لە خزمەت باوکیدا دەستی پێکردوە. زانستە ئیسلامیەکانی تەواو کردوە و بە مەلایەتی ژیانی بردۆتە سەر. تا لە تەمەنی 61 ساڵیدا مالئاوایی لە ژیان ئەکات و لە سەر وەصیەتی خۆی لە گۆڕستانی پیرە هەژار بە خاکی ئەسپێرن. کە ئەکەوێتە بەرامبەر سەوڵاوای نزیک مەریوان.

بێسارانی لەوە ئەچێ نەوەی لێ بە جێ نەمابێ – ئەوەندەی سۆراخم کرد بێ – بەڵام ژنی هێناوە هەروەکو لە شیعری قیبلەم دیم نەدیم دا دەرئەکەوێ... هتد"
پێش ئەم، عەلادین سجادی، د مارف خەزنەدار، سدیق بۆرەکەیی، هەندێ بابەتیان دەربارەی بێسارانی و سالانی ژیانی نوسیوە. بەڵام هیچ کام لەو نوسینانە پشتئەستور نین بە بەڵگەیەکی مێژویی یا نوسراوێکی باوەڕپێکراو. هەموی لە خانەی "تەخمین" دایە.
شیعرەکانی بێسارانی، ئەوەی تا ئێستا لە بەردەست دایە، هیچ نیشانەیەکی تێدا نیە بۆ روداوێکی سەردەمی خۆی، تا بکرێ بە کێلێ بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی.
میرزا عەبدوڵای رەونەق، لە "حەدیقەی ئەمانوڵاهی" دا کە ساڵی 1265 ک بە زمانی فارسی نوسیوێتی و، تەرخانی کردوە بۆ نوسینەوەی ژیاننامەی شاعیرانی ولایەتی کوردستان و نمونەی شیعرەکانیان، لە ناو ئەوانەدا باسی هەندێ لە شاعیرەکانی سنە و بانە و سەقزی کردوە، بەڵام هەروەک باسی بەرهەمی کوردیی هیچ کامێکیانی نەکردوە، هەروەها لە دور و نزیکەوە ناوی بێسارانی نەبردوە.
کۆنترینی بەڵگەیەک کە بە دەستەوە بێ، کەشکۆڵێکە، شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی (1152-1211 ک/ 1739-1797 ز) نوسیوێتی، بەشێکی زۆری شیعرەکانی بێسارانی تۆمار کردوە. ئەمەش دەری ئەخەن کە لەو سەردەمەدا بێسارانی شاعیرێکی ناسراو بوە.

بێسارانی یەکێکە لە شاعیرانی لەهجەی گۆران، کە تا ئێستا، ئەشێ بە یەکێ لە کۆنترینیان دابنرێ، کە بایی دیوانێکی دەوڵەمەن شیعری لە پاش بە جێ ماوە. بۆیە ئەشێ شیعرەکانی بکرێتە بابەتی چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەکو نمونەیەکی ئەدەبی گۆرانی و، وەکو یەکێ لە دانەرانی مەدرەسەی ئەدەبیی بە لەهجەی گۆران.

رەنجوری و بێسارانی

رەنجوری (1164 – 1225 ک/ 1740 – 1810 ز)، کە حاجی قادری کۆیی بە "کەرکوکی" ناوی بردوە، ئەوەندەی تا ئێستا لە بەردەست دایە، لە دو جێگادا لە شیعرەکانی دا باسی بێسارانی کردوە:

یەکەم،
لە ریزی ئەو شاعیرانەدا کە رەنجوری ناوی بردون ئەڵێ:
"شوعەرای کوردستان گۆیندان خاس
هەرچی مەشهورەن پەرێت کەرو باس
مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی
یەک مەلا سالح جەرگەی موړادی

مەلا مستەفای بێساران مەمەنزڵ
مەلا حاجی جاف، عومەر ئۆمەرمل"(70-71)

دووەم،
لە قەسیدەیەکی تردا کە بە بۆنەی عیرفانەوە داینـاوە و، شیعری بێسارانی کردۆتە بەڵگەی قسەکانی.
"واتای نازانا ناشیرین شێوەن
زانای بێ کردار دار بێ مێوەن
مەولای بێساران قەبرش پڕ نور بۆ
ئەرواحش بە زوەق لیقا مەسرور بۆ
بدیە جە عیرفان چ دورپڕێش سفتەن
پەی وانا و زانا و کەردە چێش گوفتەن
"وانا پەی زانا، زانا پەی کەردەن
کەردە مگیرۆ کەڵ دومای مەردەن"(219)
ناوهێنانی بێسارانی لە لایەن رەنجوریەوە ئەشێ چەند شتی لێ بخوێنرێتەوە:
یەکەم، گەیشتنی بەرهەمی شاعیرانی گۆران بە کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری نیشانەی پێشکەوتنی ئەدەبی ئەم مەرەسەیە و، بڵاوبونەوەی ناوبانگی شاعیرەکان و بەرهەمەکانیانە. ناوبانگی بێسارانی و، گەیشتنی بەرهەمەکانی لە شوێنێکی دوری وەکو مەریوانەوە، زێد و نشینگەی بێسارانی کە بە هەورامی دواون، بە شوێنێکی وەکو کەرکوک و دەوروبەری، کە بە کرمانجی خوارو دواون، نیشانەی ئەو پێوەندیە ئەدەبیەیە کە لەو سەردەمەدا لە نێوان ئەدیبەکانی کوردستان دا هەبوە.

دووەم، رەنجوری خۆی شاعیرێکی تەوانای ئاشنای ئەدەبی ئیرانی و ئاگادارێکی روداوەکانی زەمان و شارەزایەکی ئەستێرەوانی، لە کاتێک دا بەو رێزەوە لە بێسارانی ئەدوێ و، بەیتێ لە شیعرەکانی تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی ئەکا، لە لایەکەوە نیشانەیە بۆ شارەزایی رەنجوری لە شیعرەکانی بێسارانی دا، لە لایەکی ترەوە نیشانەی بەرزی پایەی ئەدەبی بێسارانیە.

سێیەم، وەکو دەرئەکەوێ کاتێ رەنجوری ئەم شیعرانەی داناوە، بێسارانی لە ژیان دا نەماوە.

مەولەوی و بێسارانی

مەولەوی (1806-1882 ز) کە لوتکەیەکی بڵندی ئەدەبی کوردیە، لە چەند شیعرێکی دا بەڕێزەوە ناوی بێسارانی هێناوە و، هەندێ بەیتی ئەوی تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بێسارانی، لە سەردەمی مەولەوی دا ناسراو بوە و، شیعرەکانی لە کەشکۆڵ و بەیازەکان دا نوسراونەتەوە و، لە لای مەولەوی پایەیەکی بەرزی هەبوە، بۆیە تێکەڵی شیعرەکانی خۆی کردون.
لە هەندێکیان دا ئاماژە بە ناوی بێسارانی ئەکا، وەکو ئەڵێ:
های رەحمەت ئەو قەبر سەوزایی کامڵ
سەرمەشق مەینەت بێساران مەنزڵ
"یانەوێرانی هەر وە من ئامان

مەتاووگێرتەی کەسێو تر دامان"
لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
موتریب بۆ وە داد دڵگیریمەوە
پیری ها ئاما وە پیریمەوە
نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا
"ئینە گرد جە وەخت نادانیم بیەن
فەسڵ سەرمەستی جوانیم بیەن
ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد
وادەی پیریمەن جوانیم وێەرد
کۆچ دواییمەن، یاوانم نۆبە
نۆبەی تۆبەمەن کەرەمدار تۆبە"(مەولەوی، پێ: 5)
لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
تەشریف باوەرە جەرگەمان جەم بۆ
بەڵ وەی جەم خەمێ جە لامان کەم بۆ
بێسارانیەن نە تۆی فەرد من
"خەم چەنی خەمان زو مبۆ ساکن" (مەولەوی، نون: 12)

لە هەندێ شیعری تری دا بێ ئەوەی ناوی بهێنێ بەیتێکی بێسارانی تێهەڵکێشی شیعرەکانی کردوە، وەکو ئەڵێ:
بەی نانّەی حەزین لێوێ بەرەوە
چون ئامای خەیاڵ مەحوم کەرەوە
"غەمەن رەفیقم، غەمەن هامدەمم
غەمەن هام مەجلیس عەزا و ماتەمم"(مەولەوی: 576)
مەولەوی بەیتێکی تری بێسارانی تێهەڵکێشی چوارینەیەکی خۆی کردوە، ئەڵێ:
شیرین نیاوە
پەی سفتەی دڵان دامش نیاوە
پەردەی سیاماڵ هۆردا و دیاوە
چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە (مەولەوی: 371)
لە شیعرێکی تری دا بەیتێکی تێهەڵکێش کردوە، ئەڵێ:
"گۆشەی سیاماڵ هۆر دا و دیاوە
چون مانگ نە گۆشەی هەور سیاوە" (مەولەوی: 553)

حاجی قادر و بێسارانی

حاجی قادری کۆیی (؟ - 1896) لەو شیعرەدا کە لە ئەستەمۆڵ بۆ باسی ناوی شاعیرەکانی کوردستانی داناوە، لە ناو شیعرەکەی دا هەندێکیانی هەڵسەنگاندوە، دەربارەی بێسارانی ئەڵێ:
خۆ مەلا مستەفای بێساران

بێ نەزیرە لە نەزمی کوردستان
ئەمە شایەتیەکی گرنگی شاعیرێکە، کە خۆی بە لەهجەی کرمانجی خوارو شیعری داناوە، سەبارەت بە بەرزیی پایەی ئەدەبیی بێسارانی لە ناو شاعیرەکانی کوردستان دا، کە بە لەهجەیەکی تری جیاواز لە لەهجەکەی ئەو، واتە بە لەهجەی گۆران شیعری هۆنیوەتەوە.
ئەمەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە ناوبانگ و بەرهەمی بێسارانی لە ناوچەکەی خۆی تێپەڕیوە گەیشتۆتە ناو کوردەکانی شاری ئەستەمبوڵ، کە ئەوسا پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و، گرنگترین ناوەندی فەرهەنگ و رۆشنبیری بوە، لە وڵاتانی ئیسلامی و لە رۆژهەڵات دا.

پیرەمێرد و بێسارانی

پێش ئەوەی دیوانەکەی بە کۆکراوەیی چاپ بکرێ، پیرەمێرد لە رۆژنامەی ژین دا چەند شیعرێکی بێسارانی بڵاوکردۆتەوە. هەندێ لە شیعرەکانی بە هەمان زمانی خۆی و هەندێکی تری بە دەسکاریەوە گۆڕیوەتە سەر لەهجەی سلێمانی. هەندێ جار بە بیانوی شیعری بێسارانیەوە هەڵوێستی سیاسی یا کۆمەڵایەتی لە روداوێکی سەردەمی خۆی دەر بڕیوە. ئەگەرچی ئەم کارەی پیرەمێرد تا ئەندازەیەکی باش بێسارانی بە خوێندەواری کورد بە ناسین داوە، بەڵام پیرەمێرد ئاماژەی بۆ ئەو سەرچاوانە نەکردوە کە شیعرەکانی لێ وەرگرتون، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو دەسکاریانەش نەکردوە کە لە شیعرەکان دا کردونی و، هەندێ جار ئەسڵی شیعرەکانی بڵاونەکردۆتەوە.

بۆ بەراوردی جۆری دەسکاریەکەی پیرەمێرد و بە کارهێنانی شیعرەکەی بێسارانی بۆ دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی لە جاسوسی و، بۆ پشتیونی لە کێشەی فەلەستین، لێرەدا چاک وایە هەردو شیعر بە هەردو لەهجەی جیاواز تۆمار بکرێن:

شیعرەکەی بێسارانی:
نەدارۆ تانە
نە دارۆ تاقەت، توانای تانە
بە وێنەی مەجنون وێڵی دێوانە
مەشون وە چۆڵدا، مەسازۆ یانە
بەرگ تەن جە وەڵگ درەختانی چۆڵ
پەی وێم مەورازون مەگیرۆ نە کۆڵ
یەک سیاسەنگێ مەنیۆ نە باڵین
تەک مدەو پێوە پەرێ شەو نالین
پەی وێم مەگێڵۆ سەر وەش نە کاوان
مەر مەلان مەردەن بێدشان ماوان
خاوم بە راحەت، گەشتم بە دڵواز
نە نەزان رەفیق، نە رەقیب هەمراز (نون: 2)

شیعرەکەی پیرەمێرد:
ئای تیری تانە
تاقەتم تاق بو لە تیری تانە
مەگەر وەک مەجنون وێڵ و دێوانە
رو بکەمە سەحرا دەرچم ئازانە
لە ئاوەدانی دەرچم بچمە چۆڵ
سەر روت، پێ خاوس، لۆنگ بگرمە کۆڵ
لە گەرد و خولی دەور بێ خەبەر بم
بێ خەم و خەیاڵ ئازادەسەر بم
شەو تەنیا سەنگێ بکەم بە باڵین
لە گەڵ مورغان دا دەس کەم بە نالین
کە رۆژم لێ هات رو بکەمە کێوان
رێم ئەکەوێتە گوزەرگای دێوان
لە تەک دێوان دا ببم بە هاوڕاز
نەک لە گەڵ پیاوی دوڕوی حیلەباز
ئێستا هاوردەرد و غەمخوار نەماوە
درۆ و دەلەسە و جاسوسی باوە
نازانم تاکەی ئەبن ئەمانە
وا دەردەکەوێ ئاخرزەمانە
یا هادی! مەهدی بنێرە زوکە
خویەکیش لە ناو کۆمەڵی جوکە (ژین، ژ 931. 19ی ئاغستۆسی 1948 ز)
هەروەها شیعرێکی تری بێسارانی گۆڕیوە، ئەڵێ:
ئای چیم بە سەر هات
خۆیشم نازانم بۆچ وام بە سەر هات
لە دوڕێیانی رێی هات و نەهات
رێپیشاندەرم لە تەکما نەهات
کەوتمە سەر رێگەی تەلیسمی ئەرژەنگ
گیرۆدەی سیحرم بی صەدا و بێ دەنگ
ئەبینم کایان داناوە بۆ شێر
گۆشتیش بۆ گوێدرێژ هیچیان نابن تێر
منیش لە داخی ناسازیی زەمان
لە جێ دا کەوتوم بێ دەست بێ زمان
رەنگزەرد و لاواز، بێ یار بێ غەمخوار
عەیشم لا تاڵە وێنەی ژار مار
بە جەستەی خەستەی پڕ دەرد و کەدەر
کۆنەی چەندساڵەم لێ کردۆتە بەر

چاوم نابینێ و مات و خەمگینم
ئەو چاکتر چارەی جاسوس نابینم
کاشکا گوێچکەشم وا نەبیستایە
هەر دەنگێ ئەبیەم، هەر نالّەی تیایە
لە لایە رۆژۆ، لە لایە رۆرۆ
لە لایە قومار، لە لایە تیاترۆ
ئەم قوڕە رەشە وا تێی چەقیوم
هێزی تەکان و جولّەی بڕیوم
هانام بە تۆیە خوای پەروەردگار
یا تاقەت، یا مەرگ، یا دیداری یار(بێسارانی، ژین، ژ: 884ی 28ی ئابی 1947 ز)

لە دیوانی بێسارانی دا ئەسلی ئەم شیعرە نەدۆزرایەوە، دوا بەیتی نەبێ، کە بێسارانی لە شیعرێکی دا بە سەرەتایەکی تر دەستی پێ کردوە، ئەڵێ:
خوداوەند جەستەم
مەعلوم بۆ جە لات پەشێوی جەستەم
ئی رەنگ زەردیە و زوانی بەستەم
ئی دورکەفتەی یار وە ئاوات وەستەم
لە کۆتاییەکەی دا ئەڵێ:
بە دوعای شەریف شەو سوب بێداران
یا تاقەت، یا مەرگ، یا وەسڵی یاران (خێ: 3)
ئەم نیوە بەیتە بە قافیەی جیاواز لای چەند شاعیری تر دوبارە بۆتەوە.
وەلی دێوانە لە شیعرێکی دا کە لە سەرەتاکەی دا ئەڵێ:
"وە خالّی تۆوەن.../ نوری لیقای حەق وە خالّی تۆوەن"
بەمجۆرە کۆتایی پێ هێناوە، ئەڵێ:
بەشقی خالّی وێت خاتر شادم کەر
یا روخسەت، یا مەرگ، یا ئازادم کەر
ئەحمەد بەگی کۆماسی لە کۆتایی شیعرێکی دا هەمان نزا دوبارە ئەکاتەوە، ئەڵێ:
ئەحمەد ئومێدش بە دانای داوەر
یا تاقەت، یا مەرگ، یا وەسڵی دڵبەر(دیوانی مەولەوی: 532)

مەولەوی یش بە هەمان هەناسە لە کۆتایی شیعرێکی دا هەمان نزا دوبارە ئەکاتەوە، ئەڵێ:
چەپگەرد نمازۆم دەمێ فەراقەت
سا خوا یا وەسڵ، یا مەرگ، یا تاقەت(مەولەوی: 532)
جا یان ئەو شیعرەی پیرەمێرد گۆڕیوێتی دەقەکەی دەس کۆکەرەوەی دیوانی بێسارانی نەکەوتوە، یان ئەبێ پیرەمێرد بە لاساییکردنەوە لە سەر قالّبی شیعری بێسارانی ئەم شیعرەی خۆی دانابێ.

حەکیم لە دیوانەکەی بێسارانی دا ئاماژەی بەم شیعرانە کردوە کە پیرەمێرد بە دەسکاریەوە گۆڕیونی بۆ زاراوی سلێمانی:

وەی من دەردەدار (واو: 8)

میرزام نەووەهار (میم: 11)

قیبلەم نەکێشۆ (قاف: 13)

چراغم نە دڵ (چیم: 73)

چراغ وەنەوشە چنور (چیم: 32)

چراغ وە رەزان (چیم: 30)

چراغ دا جارێ بۆ وە خاوم دا (چیم: 11)

جە بەیانەوە (جیم: 5)

جگە لەمانە پیرەمێرد بڕێکی تری لێ گۆڕیون، کە رەنگە بەردەستی حەکیم نەکەوتبن، لەوانەی لە رۆژنامەی ژین دا بڵاوی کردونەتەوە، بۆ نمونە:

ئای چیم بە سەر هات (ژین، ژ 884)

دوری پڕ دەردە (ژین، ژ 943)

دڵەی بێ تەدبیر (ژین، ژ 968)

چراخ حاڵی دەرد (چیم: 9) (ژین، ژ 990)

قاڵبی شیعرەکانی بێسارانی

قاڵبی شیعری بێسارانی، وەکو هەمو شاعیرە ناسراوەکانی تری گۆران، قاڵبێکی تایبەتیە، جیاوازە لە قاڵبی شیعری عەرەبی و فارسی، تایبەتە بە شاعیرانی گۆران. هەمو ئەوانەی شیعریان بە لەهجەی گۆرانی یان وەکو باوە بە هەورامی هۆنیوەتەوە شیعریان بەم قاڵبە داڕشتوە، تەنانەت بێژەرانی سروەد ئاینیەکانی یارسان یش پێڕەوی هەمان قاڵبیان کردوە. داهێنەری ئەم قاڵبە کێ بوە؟ کێ یەکەم جار بە کاری هێناوە؟ بۆچی جیا لە ئوسلوبی ئەدەبی هەمو شاعیرە گەورەکانی ئێران ئەمان ئەم قاڵبەیان داهێناوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەشێ لە دوارۆژدا بدرێتەوە.

قاڵبی دەسپێک و سەرەتای شیعر لای شاعیرانی هەورامان تا رادەیەکی زۆر لە یەک ئەچێ. بە گشتی پێڕەوی قاڵبێکیان کردوە کە تایبەتە بە خۆیان. بێسارانی یش لەم قاڵبە دەرنەچوە.

تایبەتمەندیەکانی

غەزەل:

شیعرەکانی بێسارانی "غەزەل" ن. درێژترین غەزەلی بێسارانی کە لە دیوانە بڵاوکراوەکانی دا هەیە ناگاتە 20 بەیت. زۆری شیعرەکانی لە چەند بەیتێ تێ ناپەڕن.

لە ئەدەبی کلاسیکی فارسی و عەرەبی دا وا باوە ژمارەی بەیتەکانی غەزەل لە 10 - 15 بەیت تێ ناپەڕێ لە کاتێک دا قەسیدە درێژە ئەکێشێ بۆ سەدان بەیت.

سەرەتای شیعرەکانی

سەرەتای شیعرەکان بە دو بەیت دەس پێ ئەکا، میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم نیو میسراعە و، میسراعی دوەمی بەیتی یەکەم نیوی یەکەمی تازە و نیوی دوەمی دوبارەکردنەوەی نیوە میسراعی یەکەمە. بەیتی دوەم دو میسراعە. هەر چوار میسراع هاوکێش و هاوقافیە و هاوئاوازن.

_ _ _ _ أ (5 برگە)

_ _ _ _ _ (5)برگە / _ _ _ _ أ (5 برگە)

_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە) / _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)

نمونەیەک لە دەسپێکی شیعرەکانی:

ئاخ پەی منالّی
ئاخ وا درێغا پەرێ منالّی
گۆشەی خاترم جە خەم بی خالّی
لاقەید بیم جە تان، جە وەشی و تالّی
... هتد (ئەلف: 1)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:

چراغ زاریمەن
زگاریم پەی تۆن، پەی تۆ زاریمەن
پەی تۆ جەفا و جەور دەردی کاریمەن
پەی تۆ زامی سەخت نادیاریمەن
... هتد (چیم: 13)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:

زەڕگون کەردەوە
نەووەهار زەمین زەڕگون کەردەوە
سۆزەی دار کێشا سەر جە پەردەوە
شەو بە شەونم خاو دیدەش بەردەوە
... هتد (زێ: 1)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:

وەڵگی گوڵ رێزەن
چەمەن بیەن ساف، وەڵگی گوڵ رێزەن
زوڵفان وەنەوشەی بۆی عەنبەر بێزەن
موژان مەی ئالود، مەرگی دڵ خێزەن
... هتد (واو: 3)

نمونەیەک لە خانای قوبادی:
تەنگی نوێژی شام
سەروەختی بێ وەخت، تەنگی نوێژی شام
بە ئایەی شەریف سی جزمەی کەلام
بە ناوی یەزدان هەزارویەک نام
- محول الحال - نەزاو و نەمر
نۆ قوبەی سەما بێ ستون راگر...هتد (ژین، ژ: 942)

نمونەیەک لە مەلا وەلەد خان:
بادی لەیلاخان
بادی عەنبەربۆی بورجی لەیلاخان
مەشاتەی چیهرەی بلند دەماخان
شانەزەن بە زوڵف بەڕەزای شاخان... هتد (ژین، ژ 864)

نمونەیەک لە قەمەر عەلی:
بێداری کردم
بای سەختی بەختم بێداری کردم
زەنگیی شەوەزەنگ وشیاری کردم
توشی خەیاڵی دڵداری کردم (ژین، ژ: 981)

نمونەیەک لە ئەحمەد بەگی کۆماسی:
چراغم جەی رۆ
من جە رۆی ئەزەل مەترسام جەی رۆ
مەزانام گەردش ئەی چەرخی بێ پۆ
مەکەروم مەحروم جە دیداری تۆ... هتد (مەولەوی: 532)
تەنانەت مەولەویش هەندێ جار هەمان رێبازی گرتوە.

نمونەیەک لە مەولەوی:
شەماڵ دارانەن
زەردی رەنگ نە روی وەڵگی دارانەن
تەمەن، گەردەلول، بادەن، بارانەن
بێزیای وارگەی سەرکۆسارانەن (مەولەوی، شین: 3)

نمونەیەکی تر لە مەولەوی:
قیبلەم کەردەنی
جە نامەت بەی تەور ئیزهار کەردەنی

نویسیا بێ لێش تۆ دڵ سەردەنی
دڵ هەر یەکێوەن تۆ وێت بەردەنی (مەولەوی، قاف: 3)
شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران، بە گشتی جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەمویان پێڕەوی هەمان قاڵبیان کردوە. ئەگەر پێڕەوی ئەم قاڵبەیان نەکردبێ، ئەچێتە خانەی "قیتعە" وە.
دیوانی شیعری عروزی قافیەکانی بە ئەلف تا یا پڕ کراونەتەوە.
دیوانی شاعیرانی مەدرەسەی گۆران بە پیتی یەکەمی وشەی یەکەمی بەیتی یەکەم لە ئەلفەوە تا یا ریز کراون.

قیتعەکانی

بریتیە لە غەزەل یا قەسیدە کە بە رێبازی عروز هۆنرابێتەوە، بەڵام قافیەی میسراعی یەکەم لە گەڵ قافیەی میسراعی دوەم و میسراعی بەیتەکانی تری دا جیاوازە.
شیعری گۆران هەندێکیان لە قاڵبی ئاسایی دەرچون. میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم و میسراعی دوەمی بەیتی یەکەم هاوکێش و هاوقافیەن، بەڵام بەیتەکانی دوای بەیتی یەکەم قافیەکانیان جیاوازە لە قافیەی بەیتی یەکەم.

نمونەیەک لە بێسارانی:
ئارۆ خەزانێ زەردبامم وینا
کەفتەبێ نە گۆل، تافی لاڵ مینا
عەکسش دیار بی، نە گۆلی ئەوتاف
چمان من مدیام نە روی جامی ساف
شیام هۆرم گرت دییام پێشدا
چمان چەمم دان وە سەری نێشدا (ئەلف: 5)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:
پەل پەل خەزانان مەڕێزان وە خاک
مەکەران بە نێش پەردەی دڵ چاک چاک
دڵ جە زامی گاز پەردەی جەستەی وێش
قەترە قەترە هون، جیا مەبۆ لێش
مەیۆ نە دەوران، دیدەی پڕ خومار
مەوارۆ روی زەرد خەزانی خەمبار
هەر خەزان وەڵگێ زار مەڕێزییۆ
دڵ دەرۆش بە دین ئەو مەخێزییۆ
مەر پەرواز مەبۆ مەر سینەم بۆ چاک
نەبا چون خەزان غەڵتان بۆ نە خاک
جە ئەزرەت رێزان بەرگان نە دەرون
ئەو رێزیای خاکەن، من غەڵتانی هون (پێ: 5)
مەولەوی یەکێکە لەوانەی لە زۆری شیعرەکانی دا پێڕەوی ئەم رێبازەی کردوە.

وشەی یەکەمی دەسپێک

زۆری شیعری غەزەلی مەدرەسەی گۆران کە راستەوخۆ لە گەڵ دڵدارەکەی، یا دڵخوازەکەی، یا کەسێکی دیاریکراو ئەدوێ، بە یەکێ لەم وشانە دەستی پێ کردوە:
قیبلەم، میرزام، چراغم، مەولام....

نمونەیەک لە بێسارانی بۆ چراغم:
چراغم ئامان
چون عەرەب دەخیل، ئامان سەد ئامان
ئەر چێوێم واتەن جە تاوی زامان
وەنەت سەخت نەبۆ، بەشقی ئیمامان... هتد (چیم: 35)
دەیان غەزەلی بەم وشەیە دەس پێ کردوە.

نمونەیەک لە بێسارانی بۆ قیبلەم:
قیبلەم بە جۆشەن
جە دوری باڵات، دەرون بە جۆشەن
دیدەم ئەلوەدای نەدییەن تۆشەن
سەرتاپام پەی خاڵ تۆ سیا پۆشەن ... هتد (قاف: 1)
دەیان غەزەلی بەم وشەیە دەس پێ کردوە.

نمونەیەک لە بێسارانی بۆ میرزام:
میرزام نەووەهار
هەنی نەیۆوە، ئیمساڵ نەووەهار
وەنەوشە شێوان، نە چەم نگونسار
بەر نەیان وە بەر سۆسەنان جەخار... هتد (میم: 11)
دەیان غەزەلی بەم وشەیە دەس پێ کردوە.

نمونەیەک لە بێسارانی بۆ مەولام:
مەولام بێ قەرار
سپی تافێ دیم، بێ حەد بێ قەرار
جە مای بەرزەوە، وێش مەوزۆ بە وار
تەن پارە پارە مەبۆ سەد هەزار... هتد (میم: 6)
دەیان غەزەلی بەم وشەیە دەس پێ کردوە.
شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران، بە گشتی جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەمویان بە یەکێ لەم وشانە یان هاوبابەتی ئەو دەستیان کردوە بە هۆنینەوەی شیعرەکانیان.

کێشی شیعرەکانی

شیعرەکانی بێسارانی هەموی دە بڕگەیین:

میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم بریتیە لە 5 بڕگە

میسراعی دوەمی بەیتی یەکەم بریتیە لە 10 بڕگە، نیوەی یەکەمی 5 و نیوەی دوەمی هەمان رستە 5 بڕگەیی میسراعی یەکەمە

میسراعی یەکەمی بەیتی دوەم بریتیە لە 10 بڕگە و هاوقافیەی بەیتی یەکەمە

میسراعی دوەمی بەیتی دوەم بریتیە لە 10 بڕگە و هاوقافیەی بەیتی یەکەمە

تا شیعرەکە تەواو ئەبێ، هەمو میسراعەکانی 10 بڕگەن:

قافیەی هەر چوار میسراع هاوئاواز و هاوحەرفن، وەکو:

_ _ _ _ _ ئەلف (5 بڕگە)

_ _ _ _ _ (5)بڕگە _ _ _ _ _ ئەلف (5 بڕگە)

_ _ _ _ _ / _ _ _ _ _ ئەلف (10 بڕگە)

_ _ _ _ _ / _ _ _ _ _ ئەلف (10 بڕگە)

نمونەیەک:

یا- ران – دیم – ما – هێ

ئا – رۆ – دیم – بە - چەم / مو – با – رەک – ما – هێ

د – یا – بە - لا – وە / بە - وێ – نەی – شا – هێ

دین – نە - دەس – تم - سەند / بە - نیم - نی – گا – هێ

من – سۆ - فی - مەز - هەب / تەر – کی – دڵ - کەر - دە

سۆ - فی – تۆ - بە - کار / جە - گش - ت – و - یەر - دە

مەشغوڵ بە تەسبیح حەیی تەوانا

ناگا ئەو جەمین پەنەم نمانا

تەسبیح لێم سەندش تۆبەم دا شکەست

دەرلاد کافر بیم روم کەرد نە کەنشت

قیبلەم چون تۆبەو تەسبیحت بەردا

سا نیم نیگایێ ئەگەر نەمەردا (یا: 3)

نمونەیەک لە تالعی:

من جە تۆ جیا

هەرکەس کەردە بۆ من جە تۆ جیا

هانام وە بارگەی بورجی ئەنبیا

کۆی غەم نە دۆش بۆ، سەرتاپا سیا... هتد (قەرەداخی: 84)

نمونەیەک لە کۆماسی:
قیبلەم باسشەن
دڵ دائیم جە باس دوریت باسشەن
گا فیکر، گا ویر، گا وەسواسشەن
گا بێ هۆش، گا هۆش، گاگا تاسشەن
هەر کۆ هەن هەر باس شەیدایی منەن
باسی بەدبەختی و ریسوایی منەن
باسی بەدنامیم جە شاران باسەن
جەی باسان رۆحم جە تەن هەراسەن
وە سەرگەردت بام ئاواتە واسم
بۆ وە یەک خەدەنگ کۆتاکەر باسم
هەم رۆحم جە رۆح دوریت خەلاس بۆ
هەم ساکنیی دڵ، هەم کۆتای باس بۆ
وەرنە تا زیندەن ئەحمەد هەراسەن
باس هەر باسی تۆن هەنی چ باسەن (قەرەداخی: 53)

شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران، بە گشتی جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەمویان پێڕەوی هەمان کێشی دە بڕگەییان کردوە.

ئەمەش تایبەتمەندیەکی تری شیعری هەورامیە، کە بێسارانی پێڕەوی کردوە، ئەم کێشە لە گەڵ ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ئەگونجێ. لە بەرامبەردا کێشی هەردو شێوە: کرمانجی و بابانی هەموی یاخود زۆری عروضیە و لە 10 بڕگەیی زیاترن.

قافیەی شیعرەکانی

جگە لە دوبەیتی یەکەم کە هەر چوار میسراعی هاوقافیەن بەیتەکانی تری تا دوایی هەر جوتێ میسراعی یەک بەیت هاو قافیەن:

_ _ _ _ أ
_ _ _ _ _ (5)بڕگە/ _ _ _ _ ئەلف (5 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 بڕگە)
.... هتد

نمونەیەک لە بێسارانی:
وەشیی ویەردەم
ئاخ پەی وەشیی وەخت، سالّی ویەردەم
کۆن دڵ؟ وە ئەسر ناوکان کەردەم
کۆن هوناوی دڵ، چون شەربەت وەردەم؟

کۆن ئەو ئەسر چەم وە سەیل مەمانا
دڵ زوخاو مەدا، موژگان مەستانا
کۆن ئەو سەودا و سەیر، ئەو ساڵ و ماهی
قنیاتم مەکەرد، وە نیم نیگاهی
بیەنان وە سەنگ کۆنە هەواران
بە تەمای سایەی وەسڵی نازداران (واو: 2)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:
یاران دیوانە
من خۆ ئاهیرناک، وێڵ و دیوانە
کەردەنم بە زێد، چۆڵ و وێرانە
سازانم چەنی بایەقوش لانە
ئەو بە نااڵەی وێش، من جە تاوی دەرد
بێداریش هەر شەو تا وە شەوەق زەرد
بەڵێ من هەر دەم، هەر سات جە نۆوە
جە دودی ئاهم، ئاهیر مەبۆوە
متەرسون ناکا بایەقوش باڵش
سوچێۆ بە ئاهم، پەشێو بۆ حاڵش
واچدێ بایەقوش، ئەر فامێ هەن پێش
ئەو جە هامسایەی، گڕ بە دەستش چێش؟
بشۆ وێش بدۆ بە ئاوای یانە
من بە ئەو چەنی، چۆڵ و وێرانە (یا: 4)

شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران، بە گشتی جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەمویان پێڕەوی هەمان قافیەئارایی‌یان کردوە.
ئەمەش تایبەتمەندیەکی تری شیعری هەورامیە، کە بێسارانی پێڕەوی کردوە، ئەم جۆرە قافیەئاراییە کە تازەبونەوەی تێدایە لە گەڵ ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ئەگونجێ. لە بەرامبەردا قافیەئارایی هەردو شێوە: کرمانجی و بابانی کە کۆتایی مەسرەعی دوەمی هەمو بەیتەکانی هاوقافیەن، زۆرتر لە گەڵ ئەو "مەقام" انە ئەسازێن، کە زادەی فەرهەنگی ئێرانین.

هاوقافیەیی مەسنەوی

شاعیر خۆی نەبەستۆتەوە بە هاوقافیەیی هەمو میسراعی بەیتەکان و خۆی نەبەستۆتەوە بە هاوقافیەیی میسراعی دوەمی هەمو بەیتەکان وەکو لە شیعری عروزی دا پێڕەوی کراوە، بەڵکو هەمو بەیتێکی قافیەی هەردو میسراعەکەی هاو قافیەن بەڵام جیاوازە لە قافیەی بەیتی پێشوی و بەیتی دوای ئەم.
بێسارانی لە شیعرەکانی دا پێڕەوی ئەم قاڵبەی کردوە.

شاعیرەکانی مەدرەسەی گۆران، بە گشتی جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن، هەمویان پێڕەوی هەمان قافیەئارایی‌یان کردوە.

نمونەیەک لە مەسنەویەکانی بێسارانی:
ڕێزنات جەرگم
ڕێزە ڕێزە بای، ڕێزنات جەرگم
دور نەدین دینت دێونا دەردم
وێەرد جە گەردون هەناسەی سەردم
پارە پارەی جەرگ چون شەرارەی نار
چەنی زوخ جە چەم ڕێزیا بە وار
هەر موژەم وێنەی کەلاغی کۆسار
پارەی جە جەرگم گێرتەن بە مینقار
ڕێزەی جەرگی وێم چنیم نە دامان
هەر دام بە سەردا هەرتا کە سامان(ڕێ: 8)

تەرجیعبەند

لە ئەدەبی فارسی دا چەندین قاڵبی تر هەیە لەوانە:
موسەمەت، مولەمەع، تەرکیبەند، تەرجیعبەند... وەکو پێنج خشتەکی، کە دوبەیت هەر چوار میسراعەکەی هاوقافیەن، دوای ئەوە بەیتێکی تر دێ قافیەی جیاوازە و پاش هەر دو بەیت هەمان بەیت بە هەمان قافیەی دو بەیتی سەرەتاکەی دوبارە ئەبێتەوە. هەر بەم پێیە شەش خستەکی و حەوت خشتەکی. نمونەی ئەمانە لە شیعری مەدرەسەی گۆران دا دەگمەنن.
لە ناو شیعرەکانی بێسارانی دا قاڵبەکانی موسەمەت، مولەمەع، تەرکیبەند، بەدی ناکرێ، تەنیا یەک شیعری ئەبینرێ "دڵە زامی نۆ" کە بە قاڵبی تەرجیعبەند هۆنیوێتیەوە، ئاخۆ لە بەر ئەوە بێ بێسارانی ئەم قاڵبانەی بە کار نەهێناوە یاخود هێشتا بەر دەس نەکەوتون ئەمە جارێ دیار نیە.
نمونەیەکی تەرجیعبەند لە بێسارانی:
دڵە زامی نۆ
زایف و زەبون، زەدەی زامی نۆ
چەند تیری کاریت نە دڵ گرتەن کۆ
ئاخ پەی بەختی من، دڵە داخ پەی تۆ
من زار و خەمناک، زەدەی تیری خار
پێکیای پەیکان، تایفەی کوفار
دەرون سیا داخ سۆچیای خەمان
بێ زەوق و کەم چاخ خاری ستەمان
کەردت وە سەرمەشق زەمانەی بێ شۆ
ئاخ پەی بەختی من، دڵە داخ پەی تۆ

فرەم وات دڵە، مروەتەن ئامان
بۆ، مەوزەم نە گێج، بەحری بێ سامان
هەر یەند تاوی عیشق نە دەرون خڕیای
تا وە شۆڵەی شەمع چراخان گڕیای
تەن بی وە زوخاڵ سیا سفتەی کۆ
ئاخ پەی بەختی من، دڵە داخ پەی تۆ

ئایری دوریت سەرکەردەن نە دڵ
جەرگم چون کەباب پێکییان وە چڵ
نازاران بە خەشم غەزەب گێرتەن لێم
بێ وەرمیی شەوان بیەن وە خدێم
جە تاوی زوڵفان سیای عەنبەر بۆ
ئاخ پەی بەختی من، دڵە داخ پەی تۆ

حەکیمان مەیان مەوینان سزام
شادەت ماوەران وە سفتەی سیام
دەیسە بگێرە دەست بە زامەوە
بە زامی خەدەنگ نەونەمامەوە
هەرچەند کێشە ئاە، شەوان تا بە رۆ
ئاخ پەی بەختی من، دڵە داخ پەی تۆ (دال: 14)

پیرەمێرد بە دەسکاریەکی زۆرەوە بەمجۆرە دایڕشتۆتەوە:

دڵە داخی تۆ...

چەند هاوارم کرد شەوان تا بە رۆ — بە رێی نارەفتە و چەوتیدا مەڕۆ
بریندی جەرگت هێنامەوە سۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
بە دەردی تۆوە زامداری خەمم — گیرۆدەی داوی جەور و ستەمم
چاو نەبیناوی تەمی ماتەمم — چاوەڕێی دەستی دۆست و مەڵهەمم
تۆ وای لە سەودای زوڵفی عەنبەربۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
چەندم وت دڵە هۆشت بێ ئامان — لادە لە بەڵای باڵا نەمامان
ژورنالّی درۆی فیتنە و نەمامان — هێند لە کارایە بێ حەد و سامان
تۆ توش ئەبی و من ئەکەومە رۆرۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
چارت ئەوەیە شەو هەستە لە خەو — خوا لە لای خۆشە نالّەی نیوەشەو
بە سۆزی دەرون هاوارکەرە ئەو — کەرەمکار ئەوە، هیوادار بە بەو

بەڵکو بێیتەوە حاڵی خۆت لە نۆ
ئاخ بۆ بەختی من، داخ دڵە بۆ تۆ
(ژین، ژ 958، 17ی مارتی 1949 ز)

شاعیرەکانی تری مەدرەسەی گۆران، بە تایبەتی ئەوانەی دوای سەردەمی بێسارانی ژیاون، هەندێ لەم قاڵبانەیان لە شیعرەکانیان دا بەکارهێناوە.

بێسارانی و ژیان

بێسارانی لە چەند شیعرێکی دا وێنەیەکی خۆشەویستی دنیایی خۆی و دڵدارەکەی ئەکێشێ، کە بە هیچ جۆرێ ناچێتە خانەی عەشقی مەجازی، یان بیری عیرفانیەوە، بەڵکو ئاواتی گەنجێ یا عاشقێکی راستەقینەیە، حەزی مرۆڤانەی پیاوە لە ژن، کە پێکەوە بچنە ناو جێگاوە، دەم بۆ لێو و مەمکی بەرێ، قسەی خۆش بۆ یەکتری بکەن، ماچوموچ و دەسبازی بکەن، باڵایان لە باڵای یەکتری بئاڵێنن، رازی دڵی خۆیان بۆ یەکتری بدرکێنن، ئەڵێ:

چراخم کەرەم
ئەگەر کەرەمدار بکەرۆ کەرەم
شەوێ من و تۆش بیاونا بە هەم
من چون پەروانە تۆ بە وێنەی شەم
تا سوب بنیامان سەر وە یەک سەرین
کەردامان رازان ویەردەی وەرین
ئەوسا جەو دما ئەگەر مەمردم
پەی مەردەنی وێم شادی مەکەردم (چیم: 68)

گیانە کەرەم!
ئەگەر کەرەمدار کەرەم بکا
شەوێ من و تۆ بە یەک بگەیەنێ
من وەکو پەروانە و تۆش وەکو شەم
تا بەیانی سەرمان بکردایەتە سەر یەک سەرین
رازی دێرینمان بۆ یەکتری بگێڕایەتەوە
ئەوسا لەو دەمەدا ئەگەر بشمردمایە
بۆ مردنی خۆم شاییم ئەکرد (چیم: 68)

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
چراخ جەی دنیا
ئەوەند ئاواتم مەندەن جەی دنیا
وەرتەر جە مەردەن بە دیدەم بدیا
لەب وە بانی لەب لاڵی تۆم بنیا

هەردو بنیامان سەر وە یەک سەرین
کەردامان رازی ویەردەی وەرین
بدیام دەستی تۆم شیەن نە گەردەن
دەرسات مەواستم ئاوات وە مەردەن
بۆ بنیام نە بۆی زوڵف مشکینت
بکەردام تەواف کەعبەی جەمینت
باڵای وێم پەشتان باڵات بکەردام
حەسرەت نمەبی ئەگەر بمەردام (چیم: 8)

گیانە لەم دنیایەدا ئەوەندە ئاواتەم ماوە
کە پێش مردنم بە چاوی خۆم بمدیایە
لێوم بنایەتە سەر لەعلی لێوی تۆ
هەردوکمان سەرمان بکردایەتە سەر یەک سەرین
رازی دێرینمان بۆ یەکتری بگێڕایەتەوە
بمدیایە دەستی تۆ لە گەردنمایە
دەسبەجێ ئاواتم بە مردن ئەخواست
بۆنی ئەگریجە بۆنخۆشەکانم بکردیتایە
بە دەوری کەعبەی روخسارتا تەوافم بکردایە
باڵام لە باڵات بئاڵانایە
ئەگەر بشمردمایە، داخم نەئەخوارد! (چیم: 8)

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
شەوێ شەریفتەر جە سوبحی نەورۆز
رەوشەنتەر جە زوڵف ماهی دڵ ئەفرۆز
ئاسمانان یەک یەک پرشنگ مەشانان
مەلەکان جە عەرش - لا حول - مەوانان
هەر جە وادەی شام تا وە سوب سەڵات
بولبول مەوانا بانگی – یا حی – وات
ستارە جە بورج بە جەولان کەری
زوهرە موقابیل بورجی موشتەری
دڵ وە مەیل یار شیرین تەدارەک
هەوا فەرەح بەخش، ساعەت موبارەک
دڵ بەندی زنجیر زوڵفی گرنج بی
دو لەب میوەچین نارنج نارنج بی
دریغا ئەو شەو تا وە سوب سەحەر
لەب وە بانی لەب تا – یوم المحشر - (شین: 7)

شەوێک،
شەریفتر لە بەیانیی نەورۆز
رۆشنتر لە زوڵفی مانگی دڵسوتێن
ئاسمانەکان، پرشنگیان ئەوەشان
فریشتەکان، لە عەرش - لا حول - یان ئەخوێند
بولبول، لە ئێوارەوە تا نوێژی بەیانی
بانگی - یا حەی - ی ئەدا
ئەستێرەکان، لە بورجەکان ئەجریوانەوە
زوهرە لە بەرامبەر موشتەری دا
دڵ،
بە ئارەزوی یاری رازاوەوە
لە هەوایەکی خۆشیهێن دا، لە کاتێکی پیرۆزدا
دیلی زنجیری زوڵفی لولی بو،
لێو،
میوەچنی مەمکەکانی بو،
درێخ بۆ ئەو شەوە، کە تا دەمی بەیانی
لێو لە سەر لێوی بو، بمایە تا رۆژی مەحشەر (شین: 7)

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
هوناو وەشتانەن
پەی تۆ جە دیدەم هوناو وەشتانەن
بالّام وە کالّای خەمان پەشتانەن
نە ئینە وادەی سەرگوزەشتانەن
ئەوەند نەمەردام حەسرەتا جارێ
گەردەنای گەردون بکەرداش کارێ
ئێمە و تۆ هەمراز، شەوێ تا بە رۆ
جە شەودا نەدیام، خاوێ غەیر جە تۆ
گاهێ سەرگوزەشت، گاهێ شیرین راز
گاگا جە تۆ گاز، گا جە من نیاز
ئەوسا ئەر مەرگم باما جەو دەم دا
بولّم مەشانا بە یانەی خەم دا(هێ: 3)

خوێناو بارانە!
بۆ تۆ خوێناو لە چاوەکانم ئەبارێ
بالّام لە خەم ئالّاوە
ئێستا کاتی گێڕانەوەی سەرگوزەشتە نیە

هەر ئەوەندە کە نەمردمایە
جارێ گەردون خولی بدایە و کارێکی بکردایە
من و تۆ، شەوێ تا بە رۆژ، هاوراز بوینایە
لەو شەوەدا خەوم هەر بە تۆوە بدیایە
جارێ سەرگوزەشتەمان بگێڕایەتەوە، جارێ قسەی خۆشمان بکردایە
جار جارێ تۆ گازت بگرتایە و، جارێکیش من نیازم بدرکانایە
ئەوسا، ئەگەر لەو دەمەدا بشمردمایە
خۆڵەمێشەکەم ئەدا بە ماڵی خەم دا (هێ: 3)

بێسارانی هەر بەم ئارەزوەوە لە ژیان ئەڕوانێ، گەرەکێتی ژیان خۆشتر بکا. ژیان بۆ ئەوەی رەونەقی زیاتری هەبێ و، خۆشتر بێ ئەبێ زیندویەتی و چالاکی رۆژانەی تێدا بەردەوام بێ. لە شیعرێکی دا ئاماژە بۆ "شەترنج" و "کش" و "مات" ی "شا" ئەکا کە دو جولاّنی یاری شەترنجن:
دەست و پا بەستە خەجاڵەتەنان
چون شاهی شەترەنج کش و ماتەنان (شین: 14)
هەروەها باسی یاری نەرد ئەکا:
هەردەم نەردی جەور جەفا مەشانی
بە یاران جەفای دوری مەنمانی (دال: 22)
شەترنج کە جۆرێکە لە یاری پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ و دانانی پلانە و، شارەزایی و زیرەکیەکی تایبەتی ئەوێ، بەڵام نەرد، کە هەندێ جێ پێی ئەڵێن تاوڵە، یاریەکە زۆرتر رێکەوت و بەخت لە بردنەوە و دۆڕاندن دا دەوری هەیە. بە هەر حاڵ هەردو یاری لەو سەردەمەدا هی چینی سەرەوەی کۆمەڵ و، کات بە سەربردنی ناو دیواخان و ماڵان بوە، دەستی کەسانی چینەکانی خوارەوەی نەگەیشتویەتێ.
مۆسیقا کاریگەریەکی گەورەی لە سەر دەرونی مرۆڤ و خۆشی ژیان و، پەیوەندی بە ئاستی گوزەرانەوە هەیە. بێسارانی لە هەندێ شیعری دا ئاماژە بە هەندێ ئامڕازی مۆسیقا ئەدا لەوانە "ئەرغەنون"، ئەڵێ:
سەرکۆوان تەمین، دەشتان گرد زەڕگون
بولبول مژنەوۆ، سازی ئەرغەنون (نون: 7)
ئەرغەنون ئامڕازێ نەبوە لە سەر ئاستی خەڵک ناسراو و باو بوبێ، بەڵکو تەنیا ئەوانە ناسیویانە کە لە کۆڕی گۆرانی و بەزمی هەڵبژاردە و دەسەڵاتدارانی کۆمەڵ دا بەشدار بون. بێسارانی لەمەش تێ ئەپەڕێ ئەچێتە کۆڕی "موتریب" و "ساقی" و "مەست" و "مەی" و "شەراب" و باسی "چەنگ" و "کەمانچە" و "نەی" و "قانون" ئەکا:
موتریب نەوای چەنگ
سەخت بێ، نەوانان، پەرێ نەوای چەنگ
ساقی مروەتەن شەرابی گوڵڕەنگ
دەوران دو رەنگەن مەکەرە درەنگ
موتریب بکێشە نالەی نەوای نەی
کەیکاوس، کۆ شی، دارا کەی بی کەی؟
کەمانچەی شادیی بگێرە بە دەست

مەست کەرە هۆشیار، هۆشیار کەرە مەست
با بە قانون بۆ نەغمەی سازانت
چون یەکشەو چەنی ساقی سازانت
تا ئەی مەجلیسە بویارمێ بە شاد
شادیی و ناشادیی مویەران چون باد (میم: 4)

لە باسی مەی دا چەندین ساقینامەی داناوە. لەوانە:
ساقی کەی بۆ کەی (سین: 1)
ساقی مەی داریم (سین: 2)
ساقی نالّەی نەی (سین: 3)
لەو شیعرانەدا جارێ ستایشی "مەی یاقوتی رەنگ" ئەکا و جارێکی تر پەسنی "مەی ئاقیق ئاسا" و "مەی گوڵخونچە رەنگ، حەمرا چون شەفەق" ئەدا و باسی "قەهقەهەی مینا" و "سوراحی" و "جام" و "پیالّە" و "جورعە" ئەکا کە وشەگەلی کۆڕی بەزمی "مەی و مەستی" ن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بە خەیالّی سەرخۆشی "تاوێ دنیا بە ئارەزوی ئەو بگەڕێ" و"دلّ لە باری خەم ئارام بێ".

بێسارانی و غەریبی:

بێسارانی لە شیعرەکانی دا وشەگەلێ بە کار ئەهێنی، ئاوارە بون و غەریبی لێ ئەخوێنرێتەوە، وەکو: "غەریب" و "دلّی غەریبان" و "مولّکی غەریبی" و "داخی غەریبی" و "غەریب ئازاری و غەریب نەوازی"... "مەهجوری" و "دەردی مەهجوری" و "کورەی هیجران و دوری"... "ئاوارە و ئاوارەی ولّات"، "دورکەفتەی وەتەن" و "دوروڵات" و "زامەن نە دور".
لە شیعرێکی دا ئەڵێ:
یا شای سەبوری
مەر تۆ بدەری سەبرێ، سەبوری
تۆ کەری عیلاج دەردی مەهجوری
وەرنە کێ دارۆ تاقەتی دوری
عەزاب کێشی دەرد زامەن نە دوریم
پەشێوحالّ پەی دین ئەو جەمین نوریم
دورکەفتەی وەتەن، دور ولّاتەنان
خەمکێش و خەمناک، خەم خەلّاتەنان (یا: 11)

یا شا – مەبەستی خوایە - سەبوری
مەگەر تۆ بوردەباری و سەبوریمان پێ بدەی
تۆ دەردی دابڕان چارەسەر بکەی
ئەگینا کێ توانای بەرگە گرتنی دوریی هەیە؟
بە دەس دەردی دوری زێدەوە ئازار ئەچێژم،

پەشێوحاڵم بۆ بینینی ئەو ڕوە ڕوناکە
دورکەوتەی نیشتمانم، دور وڵاتم
خەم ئەخۆم، خەمناکم، خەم بۆتە خەڵاتم (یا: 11)
لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
دڵ زەبونە وێم
ڕەنگ زەرد و زایف، دڵ زەبونە وێم
نە چای بێ ئامان سەرنگونە وێم
ئاوارەی وڵات تەنجە و تونە وێم
تەن خەمیدەی بار مەلامەتە وێم
شەرمەندەی ڕۆی حەشر قیامەتە وێم
یانەی دڵ سەیلات خەمان ڕەفتە وێم
کزەی جەرگ وە گۆش وێ شنەفتە وێم
بە کورەی هیجران دڵ جۆشیای وێم
بە باڵای کاڵای خەم پۆشیای وێم
گۆش کەڕ، زوان لاڵ، چەم بێ نورە وێم
چون مەجنون شەیدا جە لەیل دورە وێم
یە گشت جە نەدین دوروڵاتە وێم
دوریش، ڕەستاخێز عەرەساتە وێم (دال: 3)
دڵ زەبون خۆم
ڕەنگ زەرد و لاواز، دڵ زەبون خۆم
لە چاڵی بێ ئامان دا سەرنگون و،
ئاوارەی وڵاتی تەنجە و تون خۆم
باڵام چەماوەی قورسایی باری سەرزەنشت،
شەرمەزاری ڕۆژی حەشری قیامەت خۆم
بە لافاوی خەم ماڵی دڵ وێران و،
بە گوێی خۆم کزەی جەرگم ئەبیستم
دڵ، بۆتە کورەی هیجران و
کاڵای خەم لە باڵام ئاڵاوە
گوێ کەڕ، زمان لاڵ، چاو بێ ڕوناکی،
وەکو مەجنونی شەیدا لە لەیل دورم
ئەمە هەموی بە هۆی نەبینین و دوروڵاتیەوەیە
دوریەکەی، هەڵسانی مەیدانی عەرەساتی ڕۆژی قیامەتە (دال: 3)

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
چراغ نە دڵەن
هەر کەس غەریبەن هەر داخ نە دڵەن

دڵەی غەریبان چون پەڕەی گوڵەن
گوڵ خار تێش نێشۆ خەیلی موشکڵەن
....
غەریب ئەر پەنەش بواچان سەردێ
هەر سەردێ پەرێش مەبۆ وە دەردێ
دڵەی غەریبان میسلی گوڵ دارۆ
کافر ئەو کەسەن غەریب ئازارۆ
مووڵکی غەرییبم فراوان دیەن
داخی غەرییبم جە حەد بەرشیەن
هەرکەس مەکەرۆ غەریب نەوازی
بێ شک خوداوەند لێش مەبۆ رازی
هەر کەس مەگیرۆ غەریبان عیزەت
پەی وێش مەسازۆ جایێ جە جەنەت (دال: 28)

چراغ لە دڵ دایە
هەر کەس غەریبە هەر داخی لە دڵ دایە
دڵی غەریبان وەک پەڕەی گوڵ
دڕک لە گوڵ بچەقێ زۆر مەشکیلە
...
مووڵکی غەرییبم زۆر دیوە
داخی غەرییبم لە ئەندازە تێ پەڕیوە
ئەگەر قسەیەکی سارد بە غەریب بڵێن
هەر قسەیەکی لێ ئەبێ بە دەردێ
دڵی غەریبان وەکو گوڵ وایە
کافر ئەو کەسەیە ئازاری بدا
هەرکەس دڵنەوایی بکا
بێگومان خوا لێی رازی ئەبێ
هەرکەس رێزیان بگرێ
جێگەیەک لە بەهەشتا بۆ خۆی ساز ئەکا(دال: 28)

"غەریبی" دورکەوتنەوەیە لە ماڵ و منداڵ و کەسوکار و ناسیاو، لەو دیمەنە دەسکرد و سروشتییانەی تیا ژیاوە، دورکەوتنەوەیەکی جوگرافیە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری خۆی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.
ئەم دورکەوتنەوەیە کە "غەریبی" وەکو لەش و وەکو باری دەرونی لێ ئەکەوێتەوە:
ئەشێ ئارەزومەندانە بێ بۆ کار و بازرگانی، بۆ خوێندن، حەزی دیدەنی و گەشتوگوزار و سەردان.
ئەشێ ڕاکردن بێ لە هەلومەرجی داسەپاو، لە سۆنگەی نائارامی، نارەزایی، مەترسی لە سەر ژیان، یا لە ئەنجامی چەوسانەوەی دینی، مەزهبی، چینایەتی، نەتەوەیی... بێ.

ئەشێ راونانی زۆرەملێ بێ.
بێسارانی دەردی غەریبی چێشتوە. ئەبێ بۆچی توشی غەریبی بوبێ. بە فەقێیەتی بە دوای خوێندن و فێربون دا چوە، بە مەلایەتی بە دوای مزگەوتێکی شایستەی خۆی دا گەڕاوە، یان لە ئەنجامی ئەو شەڕە خوێناوی و نائارامیە کاولکەرەدا بوە کە توشی ناوچەکە، لەوانە ناوچەی ژیانی ئەویش، بوە؟

ئەبێ چ گۆڕانێکی بنەڕەتی، جگە لە تەمەن، لە باری دەرونی بێسارانی دا روی دابێ و چ روداوێک وەرچەرخانی لە ڕێبازی ژیانی لە خۆشیەوە بۆ خەم، لە هیواوە بۆ نائومێدی قەوماندوە.
بێسارانی کەوتۆتە گلەیی لە زەمانە و بەرەو خەمینی ڕۆیشتوە، نەک هیچ هیوا و ئومێدێکی بە ژیان نەماوە، بەڵکو لە تاریکستانی خەم دا وێڵ و، چاوی بڕیوەتە مردن چاوەڕوانی مەرگە. ئۆبالّی هەمو کەوتنەکانی ئەخاتە ملی زەمانە:

گلەیی لە زەمانە
بێسارانی ئەڵێ:
شەمالّ مداران
شەمالّ بێ مروەت، چۆنت مداران؟
بشۆ وە زامەن وە لای گشت یاران
واچە پەرێمان هیمەت بداران
هەردەم بکەران دوعای خێرمان
کۆتا نەکەران دڵ جە مێرمان
جە دەستی ڕەقیب، بەدانی بەدگەست
جەی زێد و زامەن دەستورێمان وەست
جە جەور و جەفای چەرخی بێ بونیاد
ڕومان کەرد بە چۆڵ هەرچی باباباد
چونکە نەگێڵا چەرخمان بە کام
شەرتەن بنێمی سەر وە موڵکی شام (شین: 4)
لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
دنیای پڕ خەتەر
پەرسام جە دنیای دایم پڕ خەتەر
واتم سفڵەی شوم بەد جە بەد بەدتەر
چێشەن چەنی کەس نمەدی وە سەر؟... هتد (دال: 22)
لە شیعریکی تری دا گلە لە فەلەک ئەکا، ئەڵێ:
دەردی مەجنون پێم
فەلەک داد دوچار دەردی مەجنون پێم
هیجران دو دەستە ئایر وەردان جێم
دیم بە عەرشەوە دودی ئاهی وێم
نالّەم نە ئالّەم ئایر خێزنا
ئەسرینم تۆفان نوح ئەنگێزنا

من وێنەی غەواس، سەرسەنگ رەسیدە
غەرق بیم نە گێجاو تۆفانی دیدە
چەنی ئاهی دەرد مەجنون جە خاودا
هەر گێجم مەوەرد شەو نە گێجاودا (دال: 25)

....
شەوقم تەوقی خەم شی نە گەردەنش
لادێ نین قیبلەم شادیی کەردەنش
چەپگەردی گەردون، بەدبەخت، بێ ئامان
من وست ئەو تۆڕ دام نە رای بێ سامان... هتد (قاف: 7)

لە ناو شیعرەکان دا وشەکانی "فەلەک"، "چەرخ"، "چەرخی گەردون"، "چەپگەردی گەردون"... دوبارە ئەبێتەوە و، بێسارانی و شاعیرەکانی هاومەرەسەی ئەم، هەمو نارەزاییەکانی خۆیان و، هەمو گلەییەکانیان لە نەهاتنەدی ئامانجەکانیان ئەدەنە پاڵ یەکێ لە مانە، کە هەمویان یەک جۆرە چەمکیان مەبەستە.

چین ئەو هۆیانەی وایان لەم شاعیرانە کردوە هەمیشە لە نائومێدی و شین و زاری و گلەیی دا بژین؟

بۆچی هیچ هیوایەکی گەش، هیچ خۆشیەکی ژیان، هیچ شادیەکی کە ئومێد و زیندویەتی بکات بە گیانی مرۆڤ دا لەو شیعرانەدا ناخوێنرێتەوە؟

ئاخۆ چەرخی گەردون، یان هەر وشەیەکی تری لەو بابەتە، هێزێکی وەهمیە، بەرپرسە لە هەمو نەهامەتیەکانی ئەمان، لە خەیاڵدانی شاعیر دا دروست بوە؟

یان فەلەک بریتیە لەو دۆخە مادی و مەعنەویە کە هەلومەرجی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری هێناویەتیەوە ژینگەی شاعیرەوە...

ئەگینا ئەبێ مەبەست لەو هێزە چی بێ: هێزێکی غەیبیە یان هێزێکی دنیایی – حکومەتیە؟

بێسارانی و خەم

خەمناکم خەمناک
جە جەوری گەردون، خەمناکم خەمناک
هەر یەندە کەردم جامەی تەن چاک چاک
پەی دوری یاران خاک وە سەرم خاک...هتد (خێ: 6)

کۆی خەمبار وێم
زەلیل و زەبون کۆی خەمبار وێم
ئەسیری خەستەی کەفتەکار وێم
بە دەرد هیجران گرفتار وێم... هتد (کاف: 1)

دارای خەمانم
سەرقەیتولەی خەم، دارای خەمانم
خەم بیەن بە مار پەی ریشەی گیانم
نێشی خەم شیەن نە ئیستیخوانم...هتد (دال: 1)

یاران کێ دیەن
سەر ڕشتەی خەمان، چون من کێ دیەن؟
قامەتم وە خەم، ڕێزەی خەم بیەن
ڕۆحم وە خەمناک، نە قاڵب شیەن
ئوستادم خەمەن جە مەدرەسەی خەم
دەرسی خەم وانان، جە لام بیەن جەم
دەرسم هەر خەمەن، هەر خەم مەوانو
غەیر جە خەم فێشتەر، هیچ نمەزانو
ئەسڵی من خەمەن، جە خەم بیەنان
بابۆی من خەمەن، خەمان دیەنان
هەر کەس خەمبارەن بەیۆ جە لای من
خەم چەنی خەمان زو مبۆ ساکن (یا: 8)

مەولەوی دوا میسراعی دوا بەیتی ئەم شیعرەی تێهەڵکێشی شیعرێکی خۆی کردوە (دیوانی مەولەوی: 419).

بێسارانی و مردن

بێسارانی لە قۆناغێکی تەمەنی دا چاوەڕوانی مردن بوە بەو بۆنەیەوە چەندین شیعری داناوە لە هەندێکیان دا وەسێت ئەکا و داوا ئەکا چۆن ڕەفتار لە گەڵ گۆڕەکەی بکەن و لە هەندێکیان دا تکا لە دڵدارەکەی ئەکا بێتە سەر گۆڕەکەی و بۆی بگری.

لە شیعرێکی دا ئەڵێ بەردی گۆڕەکەم بە گەڵای وەریوی پایز، کە ڕەنگی زەردە، وە نیشانەیە بۆ ڕەنگی زەردی من، دابپۆشن و، کەوانی کۆن، کامیان لە هەمویان چەماوەترە لە سەر گۆڕەکەم دابنێن، وەکو نیشانەی قەدی چەماوەی من، تا یاران بزانن بە دەردی خەم چەماومەتەوە و مردوم:

بەی گشت دەردەوە
بەی گشت زامەوە، بەی گشت دەردەوە
بەی جەستەی خەمین ڕەنگی زەردەوە
ها جە نەو قەبرم ئاوا کەردەوە
ئامانەن ئەو سا وە قەبرم بەران
نیشانەی جەستەی خەستەم بکەران
بە وەڵگی خەزان بپۆشان سەنگم
تا نیشانە بۆ جە زەردیی ڕەنگم
کۆنە کەمانان باوەران وە بەر
هەریۆ خەمتەڕەن بنیانیم وە سەر
بنیانیم وە سەر کۆنە کەمانێ
ئەو جە قامەتم دارۆ نیشانێ
تا وینان یاران چەفتی کەمانم
بزانان کوشتەی دەردی خەمانم (دیوان: بێ: 8)

لە شیعرێکی تری دا داوا ئەکا لە سەر رێگەی رەزان بینێژن بە هیوای ئەوەی دڵدارەکەی جارێ بە نەشارەزایی پێ بە گۆڕەکەی دا بنێ، بەوە ئارام ئەبێتەوە تا بەردی گڵکۆکەی بە ئاهی ساردی ئەم نەسوتێ:

چراغ رەزان بۆ
خاس ئیدەن گڵکۆم نە پای رەزان بۆ
نزیک وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ
ئامێتەی خاکم وەڵگی خەزان بۆ
بادا وە گڵکۆم خاکی نۆ نەبۆ
با یەکجار کۆنەی سەدسالّ کۆنە بۆ
بەڵکە قیبلەی وێم جە ناکا جارێ
بەیۆ وە سەیران عەزمی شکارێ
نابەڵەو بنیۆ پا وە گڵکۆم دا
وە قەبری تازەی تەنیایی نۆم دا
تا جە ژێری سەنگ ساکن بۆ دەردم
نەبا سەنگ سۆچۆ بە ئاهی سەردم (چیم: 12)

وەلی دێوانەش، دوای بێسارانی، داوایەکی وای کردوە و ئاواتێکی وەهای خواستوە، داوای کردوە گۆڕەکەی لە سەر رێی هاتوچۆی خێڵەکان دا بێ و، کێلیکی بۆ بکەن بە قەد باڵای شەم بێ و لە سەری بنوسن کە لە داخی شەم مردوە.(دیوان: 90)

چراغم ئامان
ئامەنەت فەرضەن ئامان سەد ئامان
وەسێتم ئیدەن دەستم بە دامان
بەی وە سەر گڵکۆم سەوڵی خەرامان
ئەسرین جە دیدەی خەرامانی تۆ
جە سەر بتکیۆ بگنۆ وە گڵکۆ
ئەر خەڵکان پەرسان لەیلێ چێش بیەن
واچە هەی مەردم زۆر وەنەم شیەن
ئینە غوڵامێن بە تازە مەردەن
داخی دیدەی من بە گڵکۆ بەردەن
ئیسە ها نە ژێر تەختەپۆشی سەنگ
نە قەبری تاریک بێ داوا و بێ دەنگ
بە دەرگای فەڵەک زار زار بنالّە
دو گێسوی سیات وە روی خاک مالّە
واچە خوداوەند بویەر جە گوناش
چونکە جەی دنیا فرەم دان سزاش(چیم: 36)

چراغم جە ویر
جە دمای مەردەن نمەشیم جە ویر
ئەگەر وە گڵکۆم رات گنۆ تەقدیر
سەنگی ئەلحەدم مەبۆت دامانگیر
زینهار نە گڵکۆم پا نەکەری کەم
رۆحی رەوانم مەدارۆت بە چەم
نەواچی مەردەن ها نە ژێری گڵ
هێمای داخی تۆم بەرنەشیەن جە دڵ
ئەورۆ جە ئەلحەد سەر مارۆ وە بەر
وە مەیلی تۆوە مەشون وە مەحشەر
جە بۆنەی تۆوە بەهەشت مەدان پێم
وەرنە چە کارەم، کێ زانۆ من کێم؟(چیم: 51)

بە هێواشی شیوەنم بۆ بکە
بە خۆشەویستەکەم بڵێ:
بە هیواشی بۆم بگری
بە رشتەی چاوان، بە فرمێسکی گەرم
لە سەرم، بێ پەروا و بێ شەرم، بانگ هەڵ بدە
زینهار با تەختەی تەرمەکەم با نەونەمام بێ
وێنەی باڵای ئەو نازکئەندامە بێ
بەڵای باڵای ئەو وای لێ کردوە
عەشقی بینینی ئەو بردویەتیە خاکەوە
ئەوسا دو تەختە تەرمم سوار کەن
بەو دەرنگە یارم ئاگادار بکەن
با نیونیگایەکی نازم بۆ بنێرێ
غەمزەیەکیش بۆ باڵای گۆڕەکەم بنێرێ(شین: 24)

شینم کەر وە نەرم
واچدێ بە قیبلەم شینم کەر وە نەرم
بە رشتەی چاوان، بە ئەسرینان گەرم
بانگ هۆردۆ وە سەرم بێ پەروا، بێ شەرم
زینهار چۆی تەرمم با نەونەمام بۆ
وێنەی باڵای ئەو نازک ئەندام بۆ
ئەی بەڵا باڵای ئەو پەی کەردەنان
عەشقی دینی ئەو بە خاک بەردەنان
ئەوسا دو چێوە تەرمم سوار کەن

جەو درەنگەدا یار خەبەردار کەن
نیم نیگایێ ناز چەنیم بکیانۆ
غەمزەش وە باڵای قەبرم بشانۆ (شین: 24)

سەردەمی ژیانی بێسارانی (1053-1113 ک/ 1641-1702 ز) بە پێی ئەم گریمانەیە هاوزەمان بوە لە گەڵ چەندین رۆداوی گرنگ، لە سەرو هەمویانەوە روخاندنی قەڵاکانی زەڵم، پاڵنگان، حەسەناوا و، گوێزانەوەی پایتەختی میرایەتی ئەردەڵان بۆ سنە.

ئەم سەردەمە هاوزەمانە لە گەڵ دانان و لابردن و گۆڕانی چەندین کەس لە والیەکانی ئەردەڵان

سالّی 1039 ک هێرشی گەورەی عوسمانی بۆ گرتنەوەی بەغداد دەستی پێ کرد. بەڵام سەرەتای هێرشەکەیان لە شارەزوورەوە دەس پێ کرد. لە خورماڵەوە لەشکرکێشییان کرد و قەڵای مەریوان، حەسەناوا، پاڵنگان، کە جێگە ستراتیجیەکانی میرایەتی ئەردەڵان بون، کەوتنە دەس عوسمانی و ناوچەکە و دانیشتوانی لە ژێر کاریگەری هێرشەکەدا پایەماڵ بون.

سالّی 1046 ک میری ئەردەڵان پایتەختی میرایەتیەکەی گوێزایەوە بۆ جێگایەک، کە خۆیان ئاوایان کردەوە بە ناوی سنەوە. سنە بو بە ناوەندێکی سیاسی، فەرهەنگی، ئابوری، جەنگی.

سالّی 1049 ک سەفەوی و عوسمانی پەیمانی زەهاویان بەست و، سنوری هەردو دەوڵەتیان دیاری کرد، سنوری ئەمارەتی ئەردەڵان کشایەوە ئەو دیو کێوەکانی هەورامان.

سالّی 1111 ک سلێمان بەبە هێرشی کردە سەر ئەردەڵان و زۆری داگیر کرد بەڵام گەلەکۆمەکێی ئێران و عوسمانی تێکی شکاند. دوای ئەم هێرشە عەجەم قەسابخانەیەکیان بۆ کوردەکانی مەریوان رێکخست.

بێسارانی ئەبێ لە سەردەمی ئەم رۆداوانەدا ژیا بێ. لە شیعرەکانی دا هیچ ئاماژەیەک لە دور و نزیکەوە بۆ هیچ کام لەم رۆداوانە ناخوێنرێتەوە، تەنیا شتی کە رەنگە لە شیعرەکانی دەربهێنرێ ئەو رەشبینی و نائومێدیەیە کە ناتوانرێ بە هیچ هۆیەک پاساو بدرێ جگە لەم نائارامی و مەینەتیە زۆرەی بە سەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هاتوە، کە ئەویش یەکێکیان بوە.

بابەتی جۆراوجۆری بێسارانی

وشەوانی:

بێسارانی لە هەڵبژاردنی وشەکانی دا بۆ رازاندنەوەی شیعرەکانی شارەزاییەکی زۆری لە زمان و وەستایەتیەکی تەواوی لە دارشتنیان دا نواندوە. وای کردوە ئاوازی وشەکانی، سۆزی وشەکانی، مەبەستەکانی خۆی، کاریگەریان لە سەر خوێنەرەکەی بە جێ بهێڵێ.

نمونە 1:

شەوبۆ، گوڵێکی جوانە، بۆنی خۆشە، رەنگی زەرد و سور و پەمەیی و مۆر و، کێوی و ماڵی... هەیە. شەوبۆ بە تایبەت لە شەودا بۆنەکەی بڵاو ئەبێتەوە. بێسارانی ئەڵێ بە شەو وەرە، تا بە شەو بۆنی خۆشی تۆ بکەم کە وەکو گوڵی شەوبۆ خۆشە... کۆکردنەوەی وشەکانی "شەو" و "بۆ" و بە کارهێنانی چەند جارێ بە مەعنای جیاواز ئاهەنگێکی تایبەتی داوە بە شیعرەکە:

قیبلەم وە شەو بۆ
مەیل کەر وە جەستەم شەوێ وە شەو بۆ
بدەم نە دەماخ شەوبۆت چون شەوبۆ
تا دڵم ساکن بە بۆی شەوبۆت بۆ
مەواچان شەوبۆ جە سەر نساران
شەوبۆش مەکیانۆ پەی دیدەی یاران
قیبلەم تۆیچ بە رەنگ شەوبۆ بنمانە
شەوێ بە شەماڵ شەوبۆت بکیانە
شەماڵ بۆی شەوبۆ بە دەوانی دەو
باوەرۆ پەرێ دەردەداری شەو (قاف: 15)

لەم شیعرەدا ئەم وشانەی کۆ کردۆتەوە:
شەوبۆ: گوڵی شەوبۆ
شەوبۆ: شەو وەرە، بێ بە شەو
شەوبۆ: بۆن لە شەودا

نمونەی 2:
لاڵ، کە بە رێنوسی کۆن بە پیتەکانی ل – ا – ل نوسراوە، چەندین وشەی هاوئاوازی کۆکردۆتەوە. بە دەنگ ساز و ئاوازێکی تایبەتی و بە نوسین شێوەیەکی جوانی پێ بەخشیون. ئەڵێ:
یاران لاڵێ دیم
ئارۆ جە لاڵان عەجەب لاڵێ دیم
وە لاڵان لاڵان هۆرێزام و شیم
جە پەی ئەو لاڵە چون لاڵان لاڵ بیم
کەندە بی ئەو لاڵ حەکاکان جە سەنگ
لاڵ جە ناوی لاڵ لەعل لاڵە رەنگ
هەرچەند کە نیشتم بە مەلاڵەوە
چون لاڵان لاڵ بیم وە لای لاڵەوە
وە لاڵان لاڵان لاڵییام لاڵام
روخسارم وە گەرد خاکپای مالام (یا: 16)

لەم شیعرەدا ئەم وشانەی کۆ کردۆتەوە:
لاڵ: کوردێنراوی وشەی لەعل، کە بەردێکی گرانبەهایە، ئافرەت بۆ ملوانکە و پیاو بۆ مۆری نقێمی مستیلە بە کاریان هێناوە.
لاڵ: کەسێ کە زمانی بەسترا بێ قسەی بۆ نەکرێ.
لاڵ – ان، لاڵ - یان: کڕوزانەوە، پاڕانەوە.
مە - لال: خەمباری.

لال - ە: گوڵی گوڵاڵە.
وشەی "لال" ی کە لەم شیعرەدا بێسارانی بە کاری هێناوە لە لایەکەوە یاری بە وشەکە کردوە و لە لایەکی ترەوە مەعنای شیعرەکەی نە کردوە بە قوربانی وشەوانی، وای کردوە سەرنجی خوێنەر رابکێشێ.

نمونەی 3:

بەی، کە بە رێنوسی کۆن بە پیتەکانی ب – ی نوسراوە، بێسارانی چەندین وشەی لێ رێکخستوە و لەم شیعرەدا بە کاری هێناوە:

جەو بەیانەوە
حاڵێ پێم یاوان جەو بەیانەوە
خاڵێ دیم نە بەین دو بەیانەوە
چون نەجم مەدرەوشۆ وە بەیانەوە
حەکاکانی دەور گشت بەیانەوە
کێ دیەن مەغریب وە بەیانەوە؟.. هتد (جیم: 5)

لەم شیعرەدا ئەم وشانەی کۆ کردۆتەوە:
بەی: بەهێ، بەری داری بەهێ کە شێوەی مەمکی هەیە.
بەیان: دو بەهێ
بەیان: بەیانی، شەبەقی پێش هەڵهاتنی خۆر.
بەیان: ع رونکردنەوە.
بەیان: بیان - بێن، وەرن.

نمونە 4:

بە کەم کەم کەردم
کۆکۆ کۆی خەمان، بە کەم کەم کەردم
پەی پەی مەنامەن، داخ وە گڵ بەردم
مەن مەن مەنامەن، داخ وە دڵ بەردم
سەد مەردەم مەردەن سەد کۆسم کەفتەن
هیچ کەس ئاخ و داخ جە من نەشنەفتەن
ئاخ ئاخ و داخ داخ، وەی وەی و رۆ رۆ
هەر هەشت بە غەزەب لێم بیەن بە کۆ
قیبلەم جە دوریت یەندە داخ وەردم
خەیاڵ بە داخی خەمان شاد کەردم (بێ: 7)
دوبارەکردنەی وشەکان زەمزەمەیەکی خۆشی داوە بە شیعرەکە.

نمونە 5:

قیبلەم دیم نەدیم
خاڵت خاوێ بی، جارێ دیم نەدیم
بە ئیخلاس نە رای عیشقت، شیم نەشیم
پەشتانی باڵات جارێ بیم نەبیم
شوکرانەی وەسڵت، وانام نەوانام
تۆم بە دۆستی وێم، زانام نەزانام
قیبلەم چون وەفات بێوەفایی بی
رەواییم جە لات نارەوایی بی
یا شا هەر کەسێ بێ وەفا و بەین بۆ
گیرۆدەی غەزەب ئیمام حسەین بۆ (قاف: 8)

بێسارانی سەرەڕای ئەوەی وردەکاری کردوە لە دوبارە بە کار هێنانی وشەکانی دا، بە جۆرێ کە خوێنەر رائەکێشێ بۆ بەدواداچونی، کەچی مۆسیقا و مەعنای شیعرەکەی نە دۆڕاندوە و، یەکێتی بابەتەکەی و مەبەستی شیعرەکەی نەفەوتاندوە.

گوڵچنین

چەند بابەتێکی تر کە بێسارانی بایەخی پێداون جوانی سروشت و دیاردەکانێتی:
باسی ئەستێرە، روبار، کانی، تافگە... ئەکا.
باسی وەرزەکانی ساڵ بەهار، هاوین، زستان، پایز ئەکا و، بەهار و گەشانەوە، پایز و وەرین پێکەوە ئەبەستێ.
باسی رەز و باخ و درەخت و گوڵی جۆراوجۆر ئەکا. بە ناوی گوڵ و گیای بەڕەزا (بێ: 5) سپی سەوڵ و سونبول (بێ: 9) زافەرانی زەرد (پێ: 1) سۆسەن خاڵ (پێ: 3) و(چیم: 2) وەنەوشە (واو: 4) (واو: 5) ڕێحان (ڕێ: 6) شیعرەکانی رازاندۆتەوە و، بە ناوی درەختەکانی چنار (چیم: 3) وەڵگ بید (تێ: 6) وەن دار (نون: 5) بەی (واو: 9) جوانیەکی تایبەتی داوە بە وێنە شیعریەکانی.

پەروەردەکردنی گوڵ لە باخچەی تایبەتی ماڵ و، لە باخچەی گشتی و، لە ڕێگاوبانەکان دا، یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و، دەرکەوتنی ئاستی شارستانی وڵات و، ئاستی گوزەرانی خەڵک.
بایەخدان بە گوڵ. لە ناو کەسانی دەسەڵاتدار و خێزانیدارادا ئەبێ، بە تایبەتی ئەگەر کۆشک و سەرا و خانوی خاوەن حەوشی گەورە و ئاوی زۆری هەبێ. ئەبێ هەمو میرەکان کە کۆشک و سەرایان دروست کردوە، باخیشی تێدا بوبێ.
هەندێ گوڵ بۆ مەبەستی پزیشکی، هەندێکی بۆ بازرگانی، هەندێکی بۆ خواردن ئەروێنرێ و، بە کار ئەهێنرێ، بەڵام هەندێ گوڵ تەنیا بۆ جوانی و رازاندنەوەی جێگەیەکی دیاریکراوە.
کوردستان گوڵی ماڵی و گوڵی کێوی جۆراوجۆری لێیە.
هەر وەرزێ گوڵی خۆی هەیە. بەهاران، هاوینان، پایزان، لە کەژ و کێوەکان ئەگەشێنەوە، مرۆڤ دەستی لە ڕواندندنی دا نیە.

هەورامان ناوچەیەکی شاخاویە، بەفروباران، کانی و ئاوی هەیە، هەزاران جۆر گوڵ و گیا و داری کێوی سروشتەکەی جوان و بۆنخۆش کردوە. هەر کۆمەڵێکیان لە وەرزێکی ساڵ دا سەر دەرئەهێنێن و ئەگەشێنەوە.
شاعیران زۆریان بە گوڵ و گژ و گیادا هەڵ داوە. زۆریان:
بەهاریان بە وەرزی گەشانەوەی گوڵ و گەڵا و چرۆ و پشکوتنی و، پایزیان بە وەرزی گەڵاڕێزان داناوە.
کورد ناوی مانگەکانی ساڵی بە گوڵان، میوەگەنان، هەرمێ پشکوان، گەڵاڕێزان... ناو ناوە.
نوسەرانی مێژوەکانی ئەردەڵان کە گلەیی لە بەدبەڕێوەبردنی محەمەد خان ئەکەن و بە "خانەزێڕینە" ی ناو ئەبەن و، تۆمەتی دەسبڵاوی و بە فیڕۆدانی ماڵی گشتی بە پاڵ ئەدەن، لە بەر ئەوە بوە ئەڵێن زۆری کات خەریکی راو بوە و، بایەخی زۆری بە گوڵ داوە.
زۆر لە شاعیرانی کوردستان سەرنجی وڵاتەکە و جوانی سروشت و گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ، سەرنجی راکێشاون. گەلێکیان باسی گوڵی جۆراوجۆر ئەکەن، بەڵام کەسیان وەکو بێسارانی لە گوڵ، گوڵی جۆراوجۆر، گژوگیای کێوی و درەختی هەمەچەشن، نەدواوە. گوڵەکانی بێسارانی بە زۆری ئەوانەن لە سروشت دا خۆڕسک ئەڕوێن. لە شیعرێکی دا چەپکێ گوڵی جوان ئەڕازێنێتەوە بۆ خۆشەویستەکەی، ئەڵێ:

چراغ! وەنەوشە، چنور، چەنی گوڵ
عەزم رای ویسالّ تۆشان ها نە دڵ

چنور جە سەر کۆ، وەنەوشە جە چەم، گوڵ جە گولستان، وە هەم بیەن جەم
واتشان بە من بەندەی فلّانی چون حالزانەنی بە حالّ مەزانی
بۆ نە رای ئەڵڵا بکەرە کارێ بیاومێ بە وەسڵ ئەو دڵبەر جارێ
چراغ ها هەر سێم بەستەن بە دەستە چ دەستە؟ دەستەی زگاران بەستە
هەر سێم ئاوەردەن چون خاکساران هەر یەک وایەی وی وە چەم مەداران
چنور پەی زوڵفت پەشێو حالّشەن وەنەوشە سەودای خاڵ خەیالّشەن
گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چون شەم جە دوریت نیشتەن نە پای خاری خەم
ساحێب پایەنی بڵند بۆ پایەت
با وایە گێران هەریۆ جەمایەت (چیم: 32)

پیرەمێرد کردویەتی بە کوردی سلێمانی:
گیانە وەنەوشە، چنور لە گەڵ گوڵ

گەشتێ لەگەڵ وەلی دێوانە

1. قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی گۆران
(وەلی دێوانە وەک نمونە)
2. وەلی دێوانەی شەم و قەیسی مەجنونی لەیلا
3. وەلی و وێنای کۆچەری: ئێلی جاف و رەوەندایەتی

قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی گۆران
(وەلی دێوانە وەک نمونە)

وەلی دێوانە کێیە؟

وەلی دێوانە شاعیرێکی کوردە بە لەهجەی گۆران شیعری داناوە. ئەگەرچی چەند جارێ دیوانەکەی چاپ کراوە بەڵام زانیاریەکی ئەوتۆ لە سەر سالّ و شوێنی لە دایکبون و مردنی لە بەر دەس دا نیە. زۆری ئەو بابەت و باسانەش کە لە سەری نوسراون زۆرتر لە ئەفسانە و گێڕانەوەی حیکایەتی چنراو ئەچن تا رووداوی راست و پشتئەستور نین بە بەڵگەی نوسراو.

سەردەمی ژیانی وەلی

بۆ زانینی رۆژگاری ژیانی وەلی دو نیشانە هەیە:

یەکەم،

شیعرێکی وەلیە کە بۆ کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی ئێلی جافی ناردوە و داوای لێ ئەکا:

یا وە گەنج و ماڵ، یا وە زۆر وێش　　شاد کەردا خاتر پەروانەی دڵڕێش
بکەردا هیمەت چون خان حاتەم　　شەم واسڵ وە من، من واسڵ وە شەم (دیوان: 41)

"یا بە گەنج و ماڵ، یان بە زۆری خۆی
بیری پەروانەی دڵبرینداری شاد و
وەکو حاتەمی تەی هیمەتی بکردایە
شەمی بگەیاندایە بە من و منی بگەیاندایە بە شەم."

وەلی لە شیعرێکی تریدا بە منەتەوە بە شەم ئەڵێ:
"شەمی شاپەسەندی هەمو رەشمااڵەکان!
من بوم، کە ناوی تۆم لە بەزمی خوسرەوەکان دا خوێندوە."
کەیخوسرەو بەگ لە ساڵی 1820 ز دا سەرۆکی ئێلی جاف بوە. ریچ لە گەشتەکەی دا بۆ سلێمانی لە ناوشاردا لە دانیشتنەکانی لە گەڵ میرەکانی بابان دا چەند جارێ بینیوێتی و، لە هەواریکی نێوان پێنجوین و مەریواندا سەردانی کردوە.
ئەمە نیشانەیە کە وەلی هاوزەمانی کەیخوسرەو بوە.

دوەم،
دو شیعری رەنجوری (1164 تادوای 1224 ک. ژیاوە) کە یەکێکیان رەنجوری بۆ وەلی ناردوە و ستایشی زۆری ئەکا و، داوای لێ ئەکا پەیوەندییان هەبێ. ئەوی تریانی شیوەنێکی بەسۆزە بە بۆنەی مردنی وەلیەوە هۆنیوێتیەوە. وەکو رێکخەری دیوانەکەی ئەڵێ ساڵی 1213 ک بوە کە ئەکاتە ساڵی 1798 زاینی. ئەگەر ئەم شیعرانە و ئەو ساڵەی دیاری کراوە راست بن، ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەوەی وەلی هاوزەمانی رەنجوری بوە.
بە هەر حاڵ وەلی لە کۆتایی سەدەی هەژدە یا سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژیاوە.

سەرچاوە:

نامەکەی مەلا عومەری رەنجوری بۆ وەلی دێوانە، ل 92-93. هەورامی. قەرەداخی ل 160.
شیوەنی رەنجوری بۆ وەلی دێوانە، ل 94-96. هەورامی. قەرەداخی ل 209.
(عوسمان هەورامی، ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی وەلی دێوانە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا، 1976.)
(محەمەد عەلی قەرەداخی، دیوانی رەنجوری، بەغداد – 1983.)

وەلی و شەم

وەلی هەمو شیعرەکانی بە شەم دا هەڵئەڵێ. هەندێ ئەڵێن خۆشەویستەکەی ناوی شەمسە بوە و، ئەم کورتی کردۆتەوە بۆ شەم. وشەی شەم کە ئەشێ کورتکراوەی شەمسە بێت، بەڵام وشەی شەم بە مەعنای مۆم پێشتر لە ئەدەبی گۆران دا بە کار هاتوە. بێسارانی، کە پێش وەلی ژیاوە، چەند جارێ وشەی "شەم" ی بەکارهێناوە:

پەنەش سەودای شەم
پەروانە کەمەن پەنەش سەودای شەم
تا نوینۆن شەوق شۆڵەی شەم بە چەم
نمەنیۆ نە رای سۆزانی قەدەم
دڵ سۆزان مەبۆ، بێ پەروا جە دور
بسۆچۆ نەبۆش، مایەی شەوقی نور
هێمای جە دور بۆ، نەژنەوۆ نامش
بە غەیر جە سۆزان هیچ نەبۆ کامش
کەی ئەو بە وێنەی منەن دەردەدار
سەد بار زوخاڵ کۆن پەی دیدەنی یار
پەروانە بە شەوق شەم مەبۆ واصل
ئەودی سۆزانیش، باطلەن باطل (دیوان: 80-81)

چراغم کەرەم
ئەگەر کەرەمدا بکەرۆ کەرەم
شەوێ من و تۆش بیاونا بە هەم
من چون پەروانە تۆ بە وێنەی شەم
تا سوب بنیامان سەر وە یەک سەرین
کەردامان رازان وێەردەی وەرین
ئەوسا جەو دما ئەگەر مەمردم
پەی مەردەنی وێم شادی مەکەردم. (دیوان: 211-212)
(حەکیم مەلا سالّح، دیوانی بێسارانی، کتاب مهرگان)

گریمانەیەکی تر ئەوەیە رەنگە وەلی ئەمە ناوێکی "وەهمی" بوبێ هەڵی بژاردبێ بۆ باسی خۆشەویستەکەی بێ ئەوەی لە راستی دا ناوی شەمسە بوبێ.

پیرەمێرد و وەلی

پیرەمێرد هەندێ لە شیعرەکانی وەلی، پاش ئەوەی گۆڕپوێتی بۆ لەهجەی سلێمانی و، لە گەڵ هەلومەرجی سەردەمەکەی خۆی دا و، هەندێ جار بۆ مەبەستی سیاسی یا کۆمەڵایەتی دەسکاری کردون، رستەی گۆڕیوە، بەیتی لێ قرتاندوە، بەیتی لێ کەم و زیاد کردوە، بێ ئەوەی خۆی هیچ ئیشارەتێکی بە مە دابێ، یان ئەسڵی شیعرەکەی وەکو خۆی بڵاوکردبێتەوە. ئەمەش سەری لە خوێندەوار بگرە لەوانەش شێواندوە کە دیوانەکەیان بڵاوکردۆتەوە. لەو شیعرانە:

- بارەکەڵا شەم
- هەی شەمی شەوان
- ئای نائومێدی
- یاران وەسێتم

بڵاوکردنەوەی شیعرەکان بە لەهجەی سلێمانی لە رۆژنامەی ژینی پیرەمێردا و سۆز و نالەی شیعرەکان و، دڵداری یەکلایەنە و ناکامی وەلی، تا ئەندازەیەکی زۆر، بەڵکو زۆرتر لە شاعیرانی تری گۆران، بە خوێندەوارنی سلێمانی ناساندوە، بە تایبەتی کە هەندێکی کراون بە گۆرانی.

دەسپێکی شیعر

وەلی لە دانانی شیعرەکانی دا پێڕەوی هەمان نەریتی باوی دەسپێکردنی کردوە، کە شاعیرانی گۆران بە گشتی لە سەری رۆیشتون. ئەویش وەکو ئەوان:

میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم 5 بڕگە

میسراعی دوەمی بەیتی یەکەم 10 بڕگە. 5 برگەی یەکەم وشەگەلی تازە و 5 بڕگەی دوەمی دوبارە کردنەوە 5 بڕگەی میسراعی بەیتی یەکەم

میسراعی یەکەمی بەیتی دوەم 10 بڕگە و وچان لە ناوەڕاست دا

میسراعی دوەمی بەیتی دوەم 10 بڕگە و وچان لە ناوەڕاست دا

قافیەی هەر چوار میسراع هاوئاواز و هاوحەرفن، وەکو:

_ _ _ _ _ أ (5 بڕگە)

_ _ _ _ _ (5)بڕگە/ _ _ _ _ _ أ (5 بڕگە)

_ _ _ _ _ / _ _ _ _ _ أ (10 بڕگە) / _ _ _ _ _ / _ _ _ _ _ أ (10 بڕگە)

نمونەیەک لە دەسپێکی شیعرەکانی وەلی بە رێنوسی ئاسایی:

قیبلەم خاوم بۆ

ئەگەر وە بێ تۆ یەک دەم خاوم بۆ

رۆ جەفا و مەینەت شەواراوم بۆ

وە چنگ گیانکێشان گلاراوم بۆ

..... هتد

دابەشکردنی میسراعەکانی شیعرەکە بە پێی قورسایی بڕگەکانی:

قیب - لەم - خا - وم – بۆ(دیوان: 63)

ئە - گەر - وە - بێ - تۆ - / یەک - دەم – خا – وم - بۆ

رۆ - جە - فاو - مەی - نەت - / شەوا – را – وم - بۆ

وە - چنگ – گیان – کێ – شان – / گ – لا – را – وم - بۆ

.....

نمونەیەکی تر لە وەلی:

هامسەران نامم (دیوان: 76)

من نامم گنۆ، دێوانە نامم

جەو ساوە ریسوای دەوری ئەیامم
رۆیێ نەگێڵا گەردون بە کامم
..... هتد
نمونەیەکی تر لە وەلی:
هەی نائومێدی (دیوان: 77)
هەی رەنجەڕۆیی، هەی نائومێدی
هەی یاران چون من بەدبەختێ کێ دی
پەی حاڵنەزانی روم کەرد نە بێدی
..... هتد
نمونەیەکی تر لە وەلی:
هەر من ناشادم (دیوان: 79)
گشت عالەم شادن، هەر من ناشادم
هەر من نە یاوان وە لای هەق دادم
هەر من نامووراد قاپی موڕادم
.... هتد
نمونەیەک لە بێسارانی:
دورنمای رەزان...
رەنگی سەوز و زەرد، دورنمای رەزان
قەترەی خوردەڕێز دوەری روی خەزان
پەردەی دڵ چون گاز مار مەگەزان
نمونەیەک لە مەلا وەلەد خان:
لەیل وە نازەوە...
نیم نیگای لەیلێ ها وە نازەوە
شێوەی ناز وە ناز عەقرەب گازەوە
ناز وە عەقرەب گاز بێ ئیجازەوە
نمونەیەک لە رەنجوری:
بای شەماڵ ئاوەرد....
ئەمشەو بای شەماڵ بۆیێ وەش ئاوەرد
چون مەڵهەم ماڵا نە روی زام دەرد
شیفا بی پەرێ هەناسان سەرد

نمونەیەک لە تالعی:
میرزام تەواڕێ....
شیروان بازێ، میرزام تەواڕێ
چوست تێژپەرواز، شیرین شکارێ
یاوا وە دەستم نە پای کۆهساڕێ

دەسپێکی هەمو شیعرەکانی وەلی بەم قاڵبە هۆنراونەتەوە. چەند غەزەلێکی نەبێ کە رەنگە ئەویش لە گواستنەوە و نوسینەوەدا گۆڕا بن.
جگە لەم تایبەتمەندیە، سەرەتای زۆری شیعرەکانی لەهجەی هەورامی، لەوانە شیعرەکانی وەلی، بە یەکێ لەم وشانە دەس پێ ئەکا، لەوانە:
قیبلە یا قیبلەم:
قیبلەم رێش نەبۆ (58)، قیبلەم مەلال بۆ (59)، قیبلەم نەخەودا (60)، قیبلەم شەم مەبۆ (60)، قیبلەم مەردەنم (62)، قیبلەم خاوم بۆ (63)، قیبلەم زوخاڵ بۆ (64)، قیبلەم مەماتم (65)
چراخ یا چراخم:
چراخم بێ رام (35)، چراخم ئاوان (36)، چراخم نە سەر (37)، چراخ عەبداڵ کەم (39)
هەروەها وشەکانی: یاران، هامسەران، میرزام، شیرین... کراون بە سەرەتای دەس پێ کردن.

لە دوای ئەم دەسپێکە بۆ دریژەپێدانی شیعرەکانی 3 جۆر قاڵبی تری بەکارهێناوە:
یەک – مەسنەوی هاوقافیەیی هەر بەیتە بە جیاواز. زۆری شیعرەکانی بەم شیوەیە هۆنیوەتەوە.

_ _ _ _ أ
_ _ _ _ _ (5)بڕگە/ _ _ _ _ أ (5 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 بڕگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 بڕگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 بڕگە)

نمونەیەکی دەسپێک و دریژەپێدان:

شای سیایانان
شۆخ شیرین شەوق، شای سیایانان

شەمی شیفابەخش شادی پەروانان — سەرکێش رەوێڵ(دەلیلەی قەتار) دیدە قەترانان
تەتاری تائیف، تائیفەی تەتار — سپی ماسی سڵ سوبح نەسەر قەتار
راز رێزەی نەبات رەندی رەوێڵان — ناز وە نەزاکەت نازدار خێڵان
جەیرانی چەردەی پەروەردەی(چەریدە وەردەیی) لەیلاخ — دڵگیران وە دەرد، صەیادان جە داخ
ئاهوی گەرمەسێر هەردەی هەڵەت دەیر — شاهێنی شەشدانگ شۆخی دیدە تەیر
داخێ تۆ نیات (نیای) وە ریشەی جەرگم — سارێش نمەبۆ تا وە رۆی مەرگم
من ناشی صەیاد، تۆ صەید قوچاخ — بەرشیت نە دەستم داخ وە بان داخ (سەدجار ئاخ و داخ)
مەر هەم خوداوەند کەرامات بی شۆ — رۆیێ (ئەمجار) شاد کەرۆ دیدەی من و تۆ
وەرنە من صەیاد سەرگەشتەی سارام — جە داخت تا مەرگ جە هیجران دارام

(دیوان 56. ژین ژ 991، 8 ی کانونی یەکەمی 1949 ز)

نمونەیەکی تری دەسپێک و دریژەپێدان:

بێزیای هۆزان
ها بیم وە مەجنون، بێزیای هۆزان

ئەگەر وە دۆزام، بەیان دڵسۆزان — مەگەر نە هەردەی نەجدم بدۆزان
ئەر یاران یەکێ ئەو یادم ئاران — یا هام جە هەردان یا جە کۆساران
هەر جایە مەقام ماوای مەجنون بۆ — مەنزڵگەی مەجنون مات و مەحزون بۆ
ئەو مەنزڵ مەقام، ئەو مەنزڵ جامەن — ئەو ماوا و مەکان یۆرت و ماوامەن
..... هتد (دیوان: 30)

پێش وەلی و پاش وەلی شاعیرانی گۆران بە گشتی پێڕەوی ئەم قاڵبەیان کردوە.
نمونەیەک لە بێسارانی:

نەووەهار غەمین
عەجەب نەوەهار دڵگیر و غەمین

هورمەگیرو ئاو بە دیدەی نەمین — مەوارۆ وە تاو نەروی سەرزەمین
شەتاوان چون مار پێچ مەدان وە هەم — نە پای وەفراوان پێشان مەبۆ کەم
سەرکێوان تەمین دەشتان گشت زەرگون — بولبول مەژنۆ ساز ئەرغەنون
مەژنۆ وە سۆز مەگریۆ وە زار — عاشقی شەیدا دەرون پڕ جەخار
گا شادەن وە سەیر شکۆفەی گوڵان — گاهێ زەلیلەن چون رەفتە دڵان
ئەوسا گوم مەبۆ شەوق شوعلەی گوڵ — وێنەی دەردەدار لەت لەت مەبۆ دڵ
دەردەدار مەشیۆ وێنەی بلبل بۆ — دایم چەمەڕای تەماشای گوڵ بۆ
ئاخ پەی حەکیمێ دانشمەند دڵ — ناستاش حەسرەتمەند داخ بەرو وە گڵ
(ژین، ژ 842، 10 تشرینی یەکەم 1946 ز)

نمونەیەکی تر لە بێسارانی:

دەوای دەرد دڵ
حەکیم تەرتیب دا دەوای دەردی دڵ

ڕێزەی قەندبوس غونچەی دەهەن گوڵ — سایەی پەروەردەی زولف بۆ سونبول
جورعەیی شەربەت مینای مەستی یار — قەترەیی عەرەق گوڵفامی روخسار
عەنابی لەبان، شەربەتی لیمۆش — بە شەمعی دیدار باوەرۆش بە جۆش
بە گەرمی روی شەمع بیان ئەو قەوام — هەم بۆ دەردی دڵ، هەم دەوای زوکام
نوسخەی ئەی دەوا پەرێ رۆزگار — نیگاش بداران هەم دڵ هەم دڵدار
(ژین، ژ 871، 15 ی ئایاری 1947 ز)

نمونەیەکی تر لە ئەحمەد بەگی کۆماسی:

چراغم شەوبۆ
شەوێ جە شەوان شیم پەرێ شەوبۆ
هەراس بیم جە داخ شەوبۆی زوڵفی تۆ
لاعیلاج چنیم دەستە شەوبۆی تۆ
شایەد بۆی زوڵفت کەمێ بەیۆ لێش
بەڵکە زامانم کەمتەر کەران ئێش
چەندی بۆ نیام بۆ وە بۆی شەوبۆ
بۆش مەدا، ئەمما نەچون زوڵفی تۆ

فیدای ئەو شا بام تۆش ئیجاد کەردەن
زولفانت گرەو جە شەوبۆ بەردەن
ئەر شەو بۆی زوڵفت بدەم بە شەوبۆ
دەیری بام نە جەمع دەیرییانی کۆ
ئەحمەد تا زیندەن هەر سەرگەردانەن
پەی شەوبۆی زوڵفت وێڵی هەردانەن (دیوانی بێسارانی: 402-403)

دو- هاوقافیەیی مەسنەوی هەمو بەیتەکانی تا کۆتایی شیعرەکە، شاعیر هەوڵی داوە وەستایەتی خۆی لە هێنانی قافیەی هاوچەشن و هاوئاوازدا بسەلمێنی. جۆرێکە لە یاریکردن بە وشە. بەمجۆرە:

_ _ _ _ أ
_ _ _ _ _ (5)برگە/ _ _ _ _ أ (5 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە) _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
..... هتد

نمونە:

شەو بێدارانم
رەفیق نالّەی شەو بێدارانم

جوغد جا نە سەنگ سەر موغارانم یاهوکێش جەور رۆزگارانم
پەروانەی پەشێو سفتەی نارانم چون قەقنەس زوخاڵ کۆی وەن دارانم
صەیاد بێ سود سەردیارانم سمکۆ سەنج عەشق ناز تەتارانم
گیرۆدەی سەرچنگ جەفای خارانم خار خەم نە جەرگ خاڵ خومارانم
پادشای گشت پۆل هیجران یارانم وێڵ وادی گەوهەر زەدەی مارانم
هەراسان نەدین دیدەی یارانم مەجنون بەڕگێڵ پای کۆسارانم
هیچ کەس نەمەندەن جە خەمخوارانم بپەرسۆ هەواڵ وێنەی جارانم
دەییار دیار نەی مەینەتبارانم بزانۆ وە شین ئاهیربارانم
دەردێ من گرتەن خەمگوسارانم مەر هەم جەی وەر قەیس رۆزگارانم
جەی دەردە ساکن سەر دیارانم مونتەزیر وە لوتف بنیای کارانم
(دیوان: 54)

بارەکەڵا شەم
بنازون بەو زات خوڵقناش چون شەم

نەقاش قودرەت کێشانیس رەقەم جەی سەرزەمینە وێنە و میسلت کەم
جەی شەوق پێشان نور سوبحدەم قەوس ئاسمان پێچ وەردەن چون خەم
ئەبرۆت چون کەمان خالق ئەعزەم خەدەنگ مەشانۆ نە دڵەی پڕ خەم
دڵت چون ئاهو مودبرماس رەم نیم نیگات ئەفسون جادوی هاروت کەم

خەدەنگ موژگان چنگ پێکان جەستەم بێ پەروا پێکۆ بە جەور و ستەم
زوڵفت پۆشنا ئافتاب چون تەم وێنەی زێبایی مەسیحای مریەم
روخسار بە وێنەی مانگ چاردەهەم دەهەن چون حوقە، سەرچەشمەی زەمزەم
سی و دو دوندانت مرواری سەرجەم لەب یاقوتت پیاڵەی عەجەم
خاڵت سولەیمان کەردش بە خاتەم دو قەندیل نور پێش مەواچان چەم
دو سیب سینەت نەورەس، گوڵبەدەم بیللا وێنەشان تا جە بەهەشت کەم
خوداوەند بەی تەورە تۆش ئاردی فەرهەم سا هە بەی تەرزە نامش نیای شەم
بە نامت دنیا رەوشەنەن سەرجەم نوتقت گیان بەخشەن، جە خواوە مەرهەم
(دیوان: 31)

پێش وەلی و پاش وەلی گەلێ لە شاعیرانی لەهجەی گۆران لە هەندێ لە شیعرەکانیان دا پێڕەوی هەمان قاڵبیان کردوە.

نمونەیەک لە غولام شا خان:

میرزام زام حەی
ئیفلاتون فامان، حەکیمان حەی

دانایان دەور دانش کەردەن طەی پەی ئازار دڵ نیشان دان دو بەی
بەی چ بەی سەمەر نەونەمام نەی خولاصە و خۆشبۆ خۆشمەزە چون مەی
نە فەوق بەی دا جفتێ سیا حەی مستحفظ مەدران نە دەوران بەی
هۆرێزام شیم شاران کەردم تەی ناگا دیم دو بەی نە سەرشاخەی نەی
توسیامەوە مەخفی بیم جە حەی ترسام نەوردم دەسپەی بتی بەی
هەم بادی شەماڵ بیاورد پەی پەی جە هەم جیا کا حەی و بەی و نەی
حەی و بەی و نەی جەرگم کەردەن پەی زیندەگیم پەی چی وەی وە یانەم وەی
قەومان و خوێشان کێ دیەن کەی کەی بەی میوەی نەی بۆ حەی نە دەور بەی
کەچەن چون عەقرەب، پێچ پێچەن چون حەی لولەن چون لاولاو، پای نەمام نەی
بە حوکم (قادر علی کل شی) وە بەیان بیان مەقصەد کەریم تەی
غولام بە عەشق ئەو شا لامکان کرد تەی بێ دەرس علوم حاصل مبیش پەی
وەس بشۆ نە فکر ئینتیزار بەی سەودایی رەنگت زەرد ئەکا وەک خوەی
(ژین، ژ 987، 10 تشرینی دوەمی 1949 ز)

لە ژمارەی 986 ژین دا پیرەمێرد بەمجۆرە بە دەسکاریەوە دای رشتۆتەوە:

میرزام زام حەی
کەس نیە وەک من گەستەی زامی حەی

تیپی حەی وەک تیپ حەوت لەشکری رەی ریشەی نەمامی عومری کردم تەی
حوکمی حەی بە حوکم سەرنویشتی حەی لە دوای مانگی سەور لە هەنگامەی دەی
دڵم زامار و وا کەوتە وەی وەی .... کەی بێ؟ بکرێ کەی
دڵەی کۆست کەوتوم بە ئاوازی نەی کەوتە خەیاڵی سەیری باخچەی بەی

دو بەی لە لقی عەرعەرئاسای نەی — پاسەوانیانە جوتێ سیا حەی
مەئمورن بە ئەمر کردگاری حەی — ..... بە شەویش دەرکەی
من بە تەفرەی دڵ دەستم برد بۆ بەی — بەی بەوەی وەی خۆی خستە پەنای حەی
حەی گەستی دەست و گەرمی هەناسەی — کۆڵەواری کرد، کۆڵی کرد پەنجەی
دەست لەرزی و دەستی بەردا لە یەخەی — کەوتمە کەلیمەی شادە بە حەی حەی
وا هەرچەند ئەکەم بۆم ناکرێ چارەی — هەر هاواریە بەرزە چریکەی
دەڵێم گۆڕت بێ، بگری ئاوا دەی — مەگەر بە شیری مەمان دەوای کەی.

سێ – تەرجیعبەند و تەرکیبەند:

_ _ _ _ أ
_ _ _ _ _ (5)برگە/ _ _ _ _ أ (5 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە) — _ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 برگە) — _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 برگە) — _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ب (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 برگە) — _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 برگە) — _ _ _ _ _ / _ _ _ _ ج (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)
_ _ _ _ _ / _ _ _ _ أ (10 برگە)

نمونە:

یاران سافێکم
لێویاو لێوەی لاڵ سافێکم
شەیدای شەوق شەم پەڕ شەفافێکم — کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

خار خەم نە جەرگ خاڵ خوماڕێکم — گیر وە گاز عەشق ناز تەتاڕێکم
پێکیای پەیکان موژان ژاڕێکم — سەرسام و سادار پەری تاڕێکم
لەرزیای لەرزان ئەحواڵ تافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

عەبداڵ بێ باڵ جام جەمینێکم — پەشێوحاڵ جەستە دڵ خەمینێکم
ئاشوفتەی دەستەی زوڵف پەڕچینێکم — موبتەلای قیبلەی دنیا و دینێکم
مایل وە مۆبەت بێ ئینسافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

زامدار و زەدەی دام شکەستێکم　　زەلیل زامەت زەدەی دەستێکم
رۆح جە تەن پەرواز موژەی مەستێکم　　ئاماج تانەی خاس و کەستێکم
قەیس مەیل لەیل بێ خیلافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

فەرهاد شیرین شەکەرڕازێکم　　نازار باوان نازئەدازێکم
صەیاد دڵگیر نەوپەروازێکم　　دڵ دام پارەی دەست بازێکم
پەروانەی پابەست کۆ کڵافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

سۆزان ئایر شەوق نوڕێکم　　شێویای شێوەی شەم دەستوڕێکم
هەراسان نە زێد زامەن دوڕێکم　　قەیس ناوینا دیدەکوڕێکم
دێوانەی مەنشور قاف تا قافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم

وێڵ مەینەت مەشق هەراسانێکم　　گرفتار دۆست خورشید سانێکم
لێوەی لۆنگ پۆس خوم نە شانێکم　　دەیری لال و لەنگ بێ زوانێکم
ئاوارەی ئاهوی موشکین نافێکم
کوشتەی نیگای ناز شەخس جافێکم (دیوان: 87)

قیبلەم شەم مەبۆ
مەر هەرکەس چون تۆ نامش شەم مەبۆ
جەمین چون بەدر دو هەفتەم مەبۆ　　پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ

مەر هەرکەس باڵاش سەوڵ ساف مەبۆ　　گێسوش پەڕ عەتر موشکاف نەبۆ
سەردار رەندان ئێل جاف مەبۆ　　چون تۆ بێ مروەت، بێ ئینساف مەبۆ
چون تۆ شەکەرلەب، خونچەدەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ

مەر هەرکەس ئەبرۆش چون کەمان مەبۆ　　زوڵف و خاڵ سێوەنگ، چەم قەتران مەبۆ
وێنەی تۆ فیتنەی روی زەمان مەبۆ　　وێنەی تۆ بێ ڕام، بێ ئامان مەبۆ
بێ شەرت و بێ بەین مۆبەت کەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ

هەرکەس پێشانیش پەڕ جە نور مەبۆ　　ساق و گەردنش چون بلور مەبۆ
مەلایک تەلعەت، نەسل حور مەبۆ　　بێ پەروا جە دور رای خودا دور مەبۆ

چون تۆ دەلیلەی نەوای رەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەرکەس چون تۆ لیمۆش کاڵ مەبۆ سینە سەدەف تار، بوم چون لاڵ مەبۆ
ناف ناف غەزال خوتەن ماڵ مەبۆ نازار باوان چاردە ساڵ مەبۆ
چون تۆ مۆبەتش هەردەم کەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ
مەر هەرکەس(وە) شێوەش سا چون لەیل مەبۆ موژانش نە گەرد سورمە کەیل مەبۆ
هەزارکەس نە راش سەر توفەیل مەبۆ ناشی و نەزان هاڵ، هەر بێ مەیل مەبۆ
شەوقش بە وێنەی سپی شەم مەبۆ
پەروانەش خەریک خار خەم مەبۆ (دیوان: 60)

ئەرێ تولّی نەی
ئەرێ نەونەمام، قامەت تولّ نەی
ئەرێ دیدە مەست، چەم پیاڵەی مەی سزای تۆ تا چەند؟ سەبری من تاکەی؟

ئەرێ شیرین تەرز، قامەت زەرستون رەژیدەی قودرەت کارساز بێچون
منت کەرد بە قەیس سەرگەشتەی مەحزون بێ خورد و بێ خاو، دەهان پڕ جە خون
هەردەم ئاهی سەرد کێشون پەیاپەی
سزای تۆ تا چەند؟ سەبری من تاکەی؟

ئەرێ حوری عەین حەق ئافەریدە سەر وە ناز (!) سونع سانع کەشیدە
جە دوری باڵات هەی بەرگوزیدە هەردەم مەوارۆم هوناو جە دیدە
بە وێنەی مەجنون هەردان کەردم تەی
سزای تۆ تا چەند؟ سەبری من تاکەی؟

قەسەم بە توغرای زولّف چینچینت بە سەفحەی روخسار جامی جەمینت
بەو خوردە خاڵان سیای موشکینت بەو دەستەی زولّفان بۆ عەنبەرینت
نالّان مەنالّۆن نەی ئاسا چون نەی
سزای تۆ تا چەند؟ سەبری من تاکەی؟

ئەر باوەڕ داری زلّیخای سانی بە ئایەی کەلام وەحیی رەبانی
کەشتی راحەتیم بیەن تۆفانی نەسیم جە داخت بی بە هیجرانی
رەنگ زەرد و زایف روخسار وێنەی بەی
سزای تۆ تا چەند؟ سەبری من تاکەی؟

(لە "دیوان: 27" دا هەندێ شێوان هەیە. لە بەر کۆپی دەسنوسێکی "بنکەی ژین" راست کراوەتەوە)

نمونەیەک لە مەلا وەلەد خان:
مەلا وەلەو خان و بانوی چەمچەماڵ
شای وەڵەد چاوان
غەزالەی شاکەل شای وەڵەد چاوان
شابازی لانەی بڵندی کاوان شۆخی سەرئەفراز نازداری باوان
شێوەی شیرینت خستە پێش چاوان
غەمزەت فەرهادی کوشت بە بێ تاوان
شەرت و مامەڵەی شیرینت یاد کرد شەودێزت لە بەند مەربەند ئازاد کرد
نازی دڵبەریت دانگێ زیاد کرد مەیلی دیدەنیت بۆ لای فەرهاد کرد
روت پۆشی بە تول رەنگی شەتاوان
غەمزەت فەرهادی کوشت بە بێ تاوان
شەودێزت زین کرد بە تفاقەوە بە رەخت و رەشوەی زەرقوزاقەوە
دەماخت لە بورج ژور ئافاقەوە سوار بوی بە دەعیە و تەمتەراقەوە
بوی تۆی گەیاندە بێستون پای کاوان
غەمزەت فەرهادی کوشت بە بێ تاوان
وەک شیرین لە بورج پەنجەرەی جامرێز دەرکەوت نیم نیگای دیدەی ئاهوبێز
هەرچی دیی بووە شێرۆی شەڕەنگێز تۆ بە کوشتت دا خوسرەوی پەرویز
شێرۆ بۆت بوە قاتیلی باوان
غەمزەت...
بە دیدەی مەست و زوڵف و خاڵەوە دنیات تەسخیر کرد لەم مەحاڵەوە
شەوقت لە قەڵای چەمچەماڵەوە شاهان ئەکێشێ دێنە ماڵەوە
چەمچەماڵت سەند لە شاهی شاهان
غەمزەت....
حەیفە بۆ جوانێ زوهرە جەبین بێ بە شێوە لەیلا و بە رەنگ شیرین بێ
لە کوردستاندا خاوەن نگین بێ لەگەڵ عاشقان بە خەشم و کین بێ
خۆت بردە ڕێزەی گشت کەچ حسابان
غەمزەت .....

(پیرەمێرد بە دەسکاریەوە بڵاوی کردۆتەوە: ژین، ژ 952، 27ی کانونی دوەمی 1949 ز)

نمونەیەک لە خانای قوبادی:
قەدیم موتڵەق
یا قایم بە زات قەدیم موتڵەق
حەیی بێ زەوال، قەیوم بەرحەق
نیگارندەی نەقش نۆتاق ئەزرەق

لاهوت بێ شەریک، بینای بێ مانەند
یەکتای بێ نەزیر، بێ میسل و پەیوەند
واجیب ئەل وجود، لا ئەحسا سەنا
مونەزەهـ جە عەیب، عاری جە مەنا
.....
وەرنە بە زاتت جە لای زاتی تۆ
مەکەرون رۆی حەشر من شکاتی تۆ
ئەم بەیتە لە هەر حەوت بەندەکەی دا دوبارە بۆتەوە.

ئاواز و قافیەی شیعرەکانی وەلی خۆش و رەوانە. زمانەکەی سادەیە. وشەگەلی لە شیعرەکانی دا بە کاری هێناون ژمارەیەکی دیاری کراون هەمو جار هەمان وشەگەلی وەکو کەرەستەی داڕشتنی شیعرەکانی بە دوبارەیی و چەند بارەیی بەکارهێناوەتەوە.
سۆزێکی بێ ئەندازە خرۆشاو لە شیعرەکانی وەلی دا هەیە. هەموی نائومێدی و کڕوزانەوە و دڵتەنگی، ناشادی، گلەیی و داد و سکاڵایە. ئەچێتە خانەی "خۆئەشکەنجەدان" ەوە. هەر کەس شیعرەکانی بخوێنێتەوە یا ببیستێ بەزەیی پێدا دێتەوە. هەستی گوێگر و خوێنەر ئەجوڵێنێ. بەڵام بابەتەکانی کەمە و لە دەوری خۆشەویستی شەم ئەسوڕێتەوە. هەمو دنیا و جوانیەکانی، ناشیرینیەکانی، خۆشیەکانی، ناخۆشیەکانی لە چاوی ئەوەوە ئەبێنێ.

مانەوەی شیعرەکانی وەلی بە رێکوپێکی و، رێکخستنی تەلاری هۆنراوەیی شیعرەکانی و، پێڕەوی قاڵبی باوی شیعروتنی هەورامی و، پاراستنی یەکێتی بابەت و، هەڵبژاردنی وشە و قافیەی بەیتەکانی، ئاڵوگۆڕی شیعرنامە لەگەڵ شاعیری تر، هیچ نیشانەیەک نادەن بە دەستەوە کە وەلی:
یەکەم، نەخوێندەوار بوبێ.
دوەم، وەلی لە چۆڵ و هەردەی دور لە ئاوەدانی، بە تەنیا و دور لە خەڵک ژیا بێ و، هاودەنگ و هاودەمی گیاندارانی کێوی بوبێ.
هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی دەیسەلمێنن کە شیعرەکانی بە نوسراوی، نەک بە لە بەرکردن، گەیشتۆتە نوسەرەوەی کەشکۆڵەکانی ئەو سەردەمە. ئەمەش خۆی نیشانەی مانەوەیەتی لە ناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ئاساییدا.

شیعرەکان هەموی لەم سەرچاوەیە وەرگیراون:
(عوسمان هەورامی، ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی وەلی دێوانە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا، 1976 ز)
حەکیم مەلا سالح، دیوانی بێسارانی.

وەلی دێوانەی شەم و قەیسی مەجنونی لەیلا

حیکایەتی لەیل و مەجنون
چکاوەی گێڕانەوەی نیزامی گەنجەوی

1– قەیس
گەورەی خێڵی عامیری دەسەڵات و دارایی هەبو، بەڵام فرزەندی نێرینەی نەبو. لە خودا پاڕایەوە کوڕێکی بداتێ. خودا کوڕێکی پێ بەخشی لە هەمو شتێک دا بێ وێنە بو. ناوی نا قەیس و کە گەورە بو لە گەڵ چەند کوڕ و کچی تری خێڵەکانی ناوچەکە ناردیانە بەر خوێندن. لە ناو ئەم تاقمەدا کچۆڵەیەکی تێدا بو ناوی لەیلا و، هاوتەمەنی قەیس بو. قەیس و لەیلا حەزیان لە یەکتری کرد. خۆشەویستیان بۆ یەکتری گەیشتە رادەی شەیدابون. ئەم رازە ئاشکرا بو کەوتە سەر زمانی خەڵک لە کۆڕ و کۆمەڵەکان دا باس ئەکرا. باوکی لەیلا کە بەمەی زانی لە قەیسی جیا کردەوە.

2– مەجنون
قەیس لە تاو جیاکردنەوەی لە لەیل شێتانە دایە کێوان. بە هۆنینەوەی شیعری پڕ سۆزی دڵداری رازی دەرونی بەرامبەر لەیلا دەرئەبڕی. لە ناو خەڵک دا ئیتر بە "مەجنون" ناوی دەرکرد.

3– خوازبێنی
باوک و گەورەپیاوانی بەنی عامیر بۆ خوازبێنی لەیلا بۆ قەیس بە کۆمەڵ چون بۆ مااڵی باوکی لەیلا. باوکی لەیلا و گەورەپیاوانی خێڵەکەی پێشوازی گەرمیان لێ کردن. بەڵام بە بیانوی ئەوەی قەیس دێوانەیە و شێتانە رەفتار ئەکا باوکی لەیلا رازی نەبو کچەکەی بدا بە قەیس. خوازبێنیکەران بە نائومێدی گەڕانەوە.

4– چۆڵنشینی
قەیس دیسان شێتانە بە تەنیا دایەوە کێوان. کەوتەوە شیعر دانان. کەسوکاری زۆریان ئامۆژگاری کرد، دەس لە چۆڵنشینی هەڵ بگرێ و بگەڕیتەوە ناویان. سودی نەبو.

5– قەیس و کەعبە
باوکی، قەیسی برد بۆ زیارەتی کەعبە بۆ ئەوەی لە یەزدان بپارێتەوە ئەڤینی لەیلای لە دڵ دەربهێنێ. بەڵام قەیس کە دەستی بە کەعبەوە گرت داوای لە خودا کرد خۆشەویستیەکەی زیاتر بکا. باوکی بە نائومێدی بردیەوە بۆ ماڵ. قەیس ئارامی نەگرت دیسان روی کردەوە چۆڵەوانی.

6– قەیس و نەجد
سەحرای نەجد بیابانێکی فراوانە. چۆڵەوانیە. قەیس کردویەتی بە مەنزڵگەی خۆی. لە گەڵ گیاندارانی کێوی بۆتە هاوڕێ و هاودەنگ.

7– قەیس و نەوفەڵ

نەوفەل، جوامێرێکی ئازای خێڵەکی بوە. رۆژێ چوە بۆ راو. باسی پەتیارەیی قەیس و جۆری ژیانی بۆ ئەکەن. بەزەیی بە قەیس دا دێتەوە. ماوەیەک لە دەشتودەر لە گەڵی ئەمێنێتەوە. قەیس دەردی دڵی بە شیعری بە سۆز بۆ ئەگێڕێتەوە. نەوفەل ئەبێتە هاوڕێی. بەڵێنی پێ ئەدا بە زۆری شەڕ یان بە مااڵی دنیا لەیلای بۆ لە باوکی بسێنێ. نەوفەڵ هێزی خێڵەکەی کۆ ئەکاتەوە ئەچێتە سەر مااڵی باوکی لەیلا. شەڕ ئەباتەوە. زاڵ ئەبێ بە سەریان دا. بەڵام باوکی لەیلا تکای لێ ئەکا کە دەستی لێ هەڵبگرێ چونکە ئەگەر کچەکەی لە ئەنجامی شکانی جەنگی دا بەو شێوەیە بدا بە کابرایەکی شێت لە بەر چاوی خەڵک ئابڕوی ئەچێ. لە بەر ئەوە ئامادەیە لەیلا بکوژێ و بیخاتە بەر دەمی سەگ بەڵام نایدا بە قەیس. نەوفەڵ لە داواکەی پەشیمان ئەبێتەوە.

8– قەیس و گیانداری کێوی

قەیس نەوفەل بە پەیمانشکێنی و بێ بەڵێنی تاوانبار ئەکا. لە جاران زیاتر شەیدا ئەبێ و شیعر ئەڵێ و ئەگەڕێ و ئەسورێتەوە. لەو گەڕانەدا:

تۆشی ئاسکێ ئەبێ لە داوی راوکەرێک دا گیری خواردوە لە راوکەرەکە ئەپاڕێتەوە بەرەڵای بکا.

تۆشی شورێ ئەبێ لە داوی راوکەرێکی تردا ئەویش ئازاد ئەکا.

لە گەڵ قەلە ڕەش گفتوگۆ ئەکا.

9– قەیس و ئیبن سەلام

باوکی لەیل کە بە خەمی کچەکەی ئەزانێ و، دڵنیا ئەبێ لەوەی لەیلا شەیدای قەیسە، لە ترسی ئەوەی نەبادا نەنگیەک بە سەر بنەماڵەکەیان دا بهێنێ، دوای قەیس بکەوێ یا ئەمیش بداتە کێو، بۆ ئەوەی لە کەڵکەڵەی خۆشەویستی قەیس دوری بخاتەوە کابرایەکی دەوڵەمەند کە لە پایەی کۆمەڵایەتیدا هاوشانی خۆیان بوە. ناوی ئیبن سەلام بوە کە چۆتە خوازبێنی لەیلا. باوکی لەیلا رازی بوە بیدا بە مێرد بە ئیبن سەلام.

10– گوێزانەوەی لەیلا

ئیبن سەلام بە دەبدەبە و ئاهەنگەوە لەیلای گواستۆتەوە.

لەیلا هۆش و بیری لە لای قەیس بوە. دڵی بەم بوکێنیە خۆش نەبوە. هەمیشە بە بێدەنگی گریاوە. ئامادە نەبوە خۆی بدا بە دەس ئیبن سەلامەوە. ئیبن سەلام رێزی لە ویستی لەیلا گرتوە و دەستی بۆ نەبردوە.

لەیل بە نهێنی بەردەوام پەیامی بۆ قەیس ناردوە. جارێک یەکترییان بینیوە، بەڵام بۆ ئەوەی خۆشەویستیەکەیان لەکەدار نەبێ، دە هەنگاو لە یەکەوە دور راوەستاون.

11– مردنی لەیلا

پاش ماوەیەک ئیبن سەلام نەخۆش کەوتوە و مردوە. لەیلا ئەمەی کردۆتە بیانوی شین و رەشپۆشین تا ئەمیش بە سەختی نەخۆش ئەکەوێ. بەر لە مردنی لە بەردەم دایکی دا وەسێت ئەکا کە دوای مردنی وەک بوک ئارایشی بکەن و بیڕازێننەوە ئینجا بینێژن و رێگە بدەن بە قەیس بێتە سەر گۆڕەکەی. لەیلا بە ناکامی سەرئەنێتەوە و ئەمرێ. وەکو وەسێتی کرد بو بە خاکی ئەسپێرن.

12- مردنی قەیس

قەیس چۆتە سەر گۆڕی لەیل گریاوە و بە کوڵ لاواندویەتیەوە. بە داخ و خەمەوە روی کردۆتەوە بیابان. ئەویش لە سوێی لەیلا مردوە.

لەیل و مەجنون هەردو بون بە رەمزی عەشقێکی پاک و ناکام.

بۆ دەقی تەواوی داستانی "لیلی و مجنون" بڕوانە: ل 403-570 (کلیات خمسه نظامی، جلد اول، با مقدمه س. وحیدنیا، انتشارات صفی علیشاه، تهران 1378)

حیکایەتەکە بە فارسی

داستانی لەیل و مەجنون بە یەکێ لە شاکارەکانی ئەدەبی فارسی دائەنرێ و، یەکێکە لە دانراوەکانی نیزامی گەنجەوی.

نیزامی گەنجەوی ناوی ئەلیاسی کوڕی یوسفە لە سالاّنی (537-608 ک/ 1141-1209 ز) ژیاوە. لە گەنجە، کە ئێستا کەوتۆتە جمهوریەتی ئازەربایجانەوە، لە دایک بوە.

ئەم داستانە یەکێکە لە "پەنج گەنج" ی نیزامی کە بە "خمسەی نیظامی" ناسراوە. خەمسە پێکهاتوە لە 5 بابەت: مخزن الاسرار، هفت پیکر، شیرین و خسرو، لیلی و مجنون، اسکندرنامه (اقبال نامه، شرفنامه)

داستانی "لەیلا و مەجنون" نیزامی گەنجەوی سالّی 584 ک بە 4450 بەیت هۆنیوێتیەوە. دوای نیزامی گەنجەوی زیاتر لە 30 شاعیر بە فارسی و زیاتر لە 10 شاعیر بە تورکی و چەند شاعیرێ بە زمانی ئوردو هەمان داستانیان هۆنیوەتەوە. دیهخدا لە لغت نامەدا فەهرستی درێژی دانەرانی ئەم داستانەی نوسیوە، لە ناو ئەوانەدا ئاماژە بە نوسخەیەکی کوردی گۆرانی ئەدا کە نوسەرەکەی نادیارە و دەسنوسەکەی لە مۆزەی بریتانیایە.

گەلانی تاجیک، ئەفغان، ئازەربایجان، ئێران هەریەکەیان بە جۆرێ نیزامی بە هی خۆیان ئەزانن. ئەگەر دایک و مالّی باپیر، لەو سەردەمەدا، دەوریان هەبوبێ لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منالّ دا، ئەوا دایکی نیزامی، وەکو خۆی لە داستانی مەجنون و لەیلادا نوسیوێتی، "رەئیسەی کورد" بوە و، کە باوکی مردوە خواجە عومەر، کە خالّۆی بوە، سەرپەرشتی پەروەردە کردنی کردوە.

حیکایەتەکە بە کوردی

داستانی لەیل و مەجنون لە رێگای ئەدەبی فارسیەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردیەوە. هەم وەکو بەیتی زارەکی و هەم وەکو داستانی هۆنراوە. تەنانەت دو ئەستێرەی ئاسمان کە بەرامبەر و نزیکی یەکن بەلاّم هەرگیز ناگەنە یەک ناو نراون لەیل و مەجنون.

ئەوانەی داستانەکەیان بە کوردی هۆنیوەتەوە ئەشێ لە نیزامی یان لە شاعیرێکی تریان وەرگرتبێ. هەندێ لەو دەقە دێرینانەی کە ئێستا ماون بریتیە لە چەند دەقێ بە لەهجەی گۆران و بە لەهجەی کرمانجی سەرو لەوانە:

خانای قوبادی سالّی (1154 ک/ 1741 ز) بە شیعر، بە لەهجەی گۆران هۆنیوێتیەوە.

مەلا وەلەد خان لە سەدەی 19 دا بە شیعر، بە لەهجەی گۆران هۆنیوێتیەوە.

میرزا شەفیعی کولیایی لە سەدەی 19 دا بە شیعر، بە لەهجەی گۆران هۆنیوێتیەوە.

مەلا محەمەدی کەندولەیی سالّی 1732 ز بە شیعر، بە لەهجەی گۆران هۆنیوێتیەوە.

حارسی بتلیسی سالّی 1758 ز بە شیعر، بە لەهجەی کرمانجی هۆنیوێتیەوە.

لە بەر ئەوەی تا ئێستا، ئەوەندەی من ئاگادار بم، هیچ کام لەم دەقانەی بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە باڵاونەکراوەتەوە و، لێکۆڵینەوەی بەرواردکاری لە نێوان هیچ دەقێکی کوردی و دەقە فارسیەکەی نیزامی یان هیچ دەقێکی تری فارسی دا نەکراوە، هەڵسەنگاندنی ئەم دەقە کوردییانە کە ئاخۆ لە کامیان وەرگیراوە ئاسان نیە.

وەلی و مەجنونی لەیلا

هەمو شاعیرانی کورد باسی مەجنون یا لەیلایان کردوە بەڵام کەسیان وەکو وەلی دێوانە نەیان کردۆتە سەرمەشقی کردەوەیی خۆیان. وەلی دێوانە داستانی لەیل و مەجنونی خوێندۆتەوە یان بیستویەتی، بەڵام کام دەقی فارسی یا گۆرانی خوێندۆتەوە یا بیستوە، کامیان کاریان تێ کردوە، دیار نیە. وەلی شیعرەکانی بە هەمان لەهجە هۆنیوەتەوە کە خانای قوبادی و مەلا وەلەد خان و میرزا شەفیع لەیل و مەجنونیان پێ داناوە.

1. وەلی جێنشینی مەجنون

وەلی خۆی بە جێگرەوەی قەیس داناوە. ئەویش وەکو قەیس لە تاو خۆشەویستی شەم داوێتیە کێوان. خۆی بەمجۆرە لە خۆی ئەدوێ:

"یاران مەجنونم
دێوانەم، میراتگری قەومی مەجنونم
ئاخکێش، زوخنۆش، دەرون بریندار، وەکو مەجنون وێڵ و ئاوارەی تونم.
ئەو رۆژەی مەجنون زوخاوی بریندەکەی خواردەوە، جورعەی ئەجەلی چێشت و مرد،
منی کرد بە واریسی چاک و خراپی خۆی، هەرچی بە سەر هات بو، بە منی سپارد:
خەم و دوری، پەژارە و خەیاڵ، ئاخوداخ و دەرد، دڵگیری و خەمباری،
وێڵی و چۆڵگەڕی و سەرگەردانی، سەودا و سیاسەت یەک لە یەک خراپتر
بێ خوردی رۆژان، بێ خەوی شەوان، هاوڕێیەتی کۆمەڵی دەیری سەر کێوەکان،
شین و واوەیلا، بریندی پڕ لە سوێ، هاوار، ئێشی کۆن و نوێ،
هەمویم کۆ کردەوە، ئەویش بە خوێنی دڵ لە دەفتەردا نوسی.
وتی:
"من مەجنونم، تۆ دێوانە بە، هاوڕازی کێوییانی بیابان بە!"
هەمو دنیا ئەزانن، کەس توانای ئەوەی نەبو جێگەی ئەو بگرێتەوە
من بوم خواردن و خەوم لە خۆم حەرام کرد، بوم بە واریسی، لە جێگەی ئەو دانیشتم
بەڵام خەمی ئەوەمە ئەم دنیا فانیە، مەجنونی دوەمیش لە ناو ببا
دەور بسوتێ، دنیا پامااڵ بی، بە بێ من جێگەی مەجنون بەتاڵ بێ" (دیوان: 88)

2. خۆشەویستیی یەکلایەنە

خۆشەویستیی لەیل و مەجنون دولایەنە بوە، هەردوکیان یەکتریان خۆش ویستوە و شەیدای یەکتری بون، بەڵام خۆشەویستی وەلی بۆ شەم یەکلایەنە بوە. خۆی دان بە یەکلایەنیی ئەم خۆشەویستیەدا ئەنێ. ئەم هەست و هۆش و، دار و نەداری خۆی داوە بەو، پێ ناچێ شەم هەمان هەستی بەرامبەر وەلی هەبوبێ، ئەمەش لە باتی ئەوەی وەلی بەرەو ئەوە ببا دەس لە شەم هەڵ بگرێ، بەرەو سوتانی زۆرتر و خۆئەشکەنجەدانی زۆرتری بردوە.

"دڵە ماتەم بێ
دەرونت بە دەردی کەسێ ماتەم بێ
تۆ مەینەتکێش بی، ئەویش بە خەم بێ
تۆ وەکو پەروانە و ئەو وەکو شەم بێ
بۆ کەسێ جەرگت پڕ بێ لە داخ، کە تۆ مەجنون بی ئەویش وێنەی لەیل بێ
داخ بۆ کەسێ بخۆی ئەویش داخی پێوە دیار بێ
خەمخۆر و دڵسۆزت بێ، تا سەر یارت بێ
دۆستیەک باشە لە دولاوە بێ:
نەک تۆ بۆ ئەو بسوتێی، ئەو لە تۆ بێ ئاگا بێ،
نەوەکو شەم بێ، نە ترسی لە خودا هەبێ نە لە پیر، لە کوێستان بێ یا لە گەرمیان، بە تەنگ جەفا و جەوری تۆوە نەبێ، جەفا یەردەی سەخت سزای دەور تۆ
دڵە ئەمانەت، دەستم بە داوێنت، بێ سود جەفای بێ سامان مەکێشە!" (دیوان: 42-43)

قەیس هەمو شیعرەکانی بۆ لەیلا وتوە. وەلی یش هەمو شیعرەکانی بۆ شەم وتوە. ستایشی بێ ئەندازەی کردوە. پایەی ئەوی لە پایەی هەمو دڵدارە ئەفسانەییەکان و، جوانی ئەوی لە جوانیی هەمو شاجوانەکانی چیرۆکەکان بەرزتر داناوە. کڕوزانەوە، پارانەوە، لاڵانەوەی کردۆتە بابەتی سەرەکی شیعرەکانی بۆ ئەوەی وەکو چۆن ئەم خۆی بوە بە جێگرەوەی قەیس، شەم یش ببێ بە جێگرەوەی لەیلا. هەوڵەکانی بێ ئەنجام بون. پێ ناچێ هیچ دەنگدانەوەیەکی لە لای شەم هەبوبێ. وەلی بە گلەییەوە هاوار ئەکا:

"هەی شەمی شەوان
شەمی پڕ شەوقی شەوچرای شەوان
هەی ژیانی من، هەی رۆحی رەوان
هەی گلێنەی چاوی بێ خەوان
هەی ئاسکەی رەوێڵی لە سێبەر سڵ کەر
هەی سەر پڕ لە ئارەزوی بەرزی کوێستانەکان
هەی عەنبەرین خاڵ، ئەگریجە سەوسەنی
هەی رۆشنایی رەشماڵەکانی جاف
هەی من پەروانەی پەڕ سوتاوی تۆ
هەی من گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆ

تۆ جارێ نەهاتی بە سەروەختی مندا
سەیری ئێشی زامی سەختی من بکەی و، لە هەواڵی من بپرسی ئاخۆ من بۆ تۆ چۆنم و، چۆن لە برینەکانی دەرونمەوە زوخاوی لێ ئەتکێ؟

ئەی شەم!
بی مروەتیت کرد دەربارەم
من بۆ تۆ قەیسی ئەستێرە رەشم
لە خۆشی ئارەزوی بەرزایی زۆزان

حەیفت کرد منت لە یاد چو!
وادەمان رۆژی دیوانی خودا بێ
مەگەر من لەو دیوانەدا دادم رەوا بێ
ئەگینا تۆ خۆش،
با ئەم هەقە بکەوێتە رۆژی قیامەت." 102 (دیوان: 83-84)

3. وەلی و چۆڵنشینی

وەلی لە لای خۆیەوە، لە ناخی دەرونی خۆی دا یەکلایەنە بڕیاری داوە، وەکو مەجنون رەفتار بکا، لە ئاوەدانی و لە خەڵک دور بکەوێتەوە. رو بکاتە دەشت و دەر، خۆی لە دۆست و ناسیاوەکانی و لە خەڵک دابڕێ، ئەگەرچی ئەزانێ لە ناو خێڵ و هۆز و تیرەکانی نزیک و ناسیاوی دا ناوی زڕاوە و بێزراوە، گوێ ناداتە سەرکۆنە و قسە و باسی ئەم و ئەو، پێڕەوی ڕێورەسمی ژیانی مەجنونی کردوە. ئەگەر نەیکرد بێ پێی وایە بێ بەڵێنی و پەیمانشکێنی کردوە، ئەڵێ:

"بێزیای هۆزان
ها بوم بە مەجنون، بێزراوی هۆزەکان
ئەگەر دڵسۆزێ بیەوێ بە دوامدا بگەڕێ
مەگەر لە هەردەی نەجد بمدۆزێتەوە
ئەگەر یەکێ لە یاران بمهێنێتەوە یادی
یا لە هەردەکان، یا لە کۆسارەکانم
هەر جێیەک شوێن و پەناگای مەجنونی مات و مەحزون بو،
ئەو مەنزڵە شوێنی منە
پەناگا و جێی نیشتمان و نوامە
هەر جێیەک خاکی زەمینەکەی تەڕ بو
هەر جێیەک کۆمەڵێ کێویەکانی لێ کۆ بوەوە
ئەو جێیە شوێنی لافاوی گریانی منە
ئەو جێیە دیوانی کۆبونەوەی منە
هەر بەردێکی کۆڵیت دەسی یاری بەر کەوت بو(!)
هەوالّی منی لێ بپرسن
ئەگەر بەم نیشانانە نەیناسیەوە
شوێنەواریێکی شوێنە وێرانەکەم نەبێ
بێگومان بزانن بێ گفت و بەڵێنم
سەودای مەجنونم بە جێ نەهێناوە!" (دیوان: 30)

وەلی چاو لە قەیس ئەکا گوێ ناداتە لۆمە و گلەیی کەس ئەداتە کێو، چۆڵنشینی هەڵئەبژێرێ. ئەزانێ چی بە سەر خۆی هێناوە. لە درێژە پێ دانی خۆئەشکەنجەدانی دەرونی دا ئەگاتە رادەی سوکایەتی کردن بە خودی خۆی:

"چۆڵنشین خۆم
وەکو قەیسی مەجنون چۆڵنشین خۆم

بەختڕەش و شوم، دڵ خەمگین،
بێبەش لە دیداری دنیا و دین،
چاوەڕوانی خولی زەمانە، بێ بیانو،
هاوڕێی درندەی کێوی، مااڵوێران خۆم
پێ بەستراوەی کۆتی مەکر،
شێت، سەرسام و فێداری دەس لێ وەشێنراوی دێو
دورکەوتەی نیشتمان، هەراسان،
بێبەش لە کۆڕی دانیشتنی گشت خاسان،
سەرتاپا سوتاوی گڕی ئاگر
دڵ پارچەی بریندی قولاپی یار
باڵا کۆماوەی خەم، ریسوای لای هەموان، شەیدای بێ هۆش و ئەقڵ و فام،
بە تیری تانەی ناکەسان، گیرۆدەی هەردەی کوردستان خۆم
بەندی خەیاڵەکانی خۆم،
هۆی بە تاڵانچونی بیر و هۆشم
روزەردی دیوانی هاوسەران،
گیرۆدەی مەینەت، دڵگران
بێ قەدر و قیمەتی ناو خەڵک خۆم
لەش روتوقوتی بێ کراس، دیلێکی تازە گیرۆدەی دەستی فەڕەنگ، لە کەشتی شکاوی ناو روباری نیل دا، مایە بردوی لافاو،
بێ هاوسێ، دڵ قەقنەسی رەش، کۆی زوخاڵ، شەرمەزاری بەردەمی عەشیرەت،
سەرشۆڕ و، روڕەشی دەرگای خودا و بەندە خۆم." (دیوان: 39)

4. وەلی و تونی تەبەس

وەلی لە چەند شیعردا ئاماژە ئەکا بۆ ئەوەی لە تونی تەبەسە. مانەوەی خۆی بە وێڵی لە تونی تەبەس دا ئەشوبهێنێ بە مانەوەی قەیس لە بیابانی نەجدا، ئەڵێ:

سزا و ستەم و خەم لە دەرونم دایە
وێڵی هەردەی تەبەس، ئاوارەی تونم (دیوان: 57)
رەشتر لە بەردی سوتاوی هەوارەکان منم
عەوداڵی دەشتانگەڕی دیارەکان منم
منم، مەنزڵم ماوای تونی تەبەسە
بێ هودە جەفا ئەکێشم و، بە خۆڕایی رەنج ئەدەم (دیوان: 71)
چۆڵەکان و هەمو کێوەکانم تەی کرد،
لە تونی تەبەس بوم گەیشتمە تەبەر (دیوان: 78)
یاران، هاوسەران، چۆن ئەبێ چۆن
من تەبەس جێگەمە، شەم لە کوێیە؟ (دیوان: 85)

بیابانی نەجد لە حیجازە سەرزەمێنێکی فراوانە بیابانە، ئاوەدانی تێدا نەبوە، بەدەوی تیا ژیاوە، بەڵام تونی تەبەس، ئەوەی ئەزانرێ، لە ناو سەحرای کەڤیری ئێران دایە. وەلی لەمە مەبەستی چیە:
ئاخۆ بە ڕاستی ماوەیەک ژیانی بە وێڵی لە تونی تەبەس بە سەر بردوە و لەوێوە چوە بۆ تەبەر؟
یان ئەمەی بە مەعنای مەجازی بەکارهێناوە بۆ شوبهاندنی ئەو شوێنەی چۆڵنشینی لێ کردوە بە تەبەس، کە لە سەختی و وشکایی دا لە سەحرای روبعی خالی حیجاز ناخۆشترە، ئەگینا تونی تەبەس ئەگەر هەبێ ئەبێ لە کوێی گەرمیان بێ. لە دەربەندیخانەوە بۆ کەلار چەند دۆڵێکی لێیە لە نیوان زنجیرە شاخەکانی ناوچەکەدا لە یەک ئەچن و، وەکو ئەڵێن زۆر جار ڕێبوار گیری تێدا ئەخوا و ڕێی تیا ون ئەکا. ئەویش ناوی تونی باباعەمرەیە.

5. وەلی و بایەقوش

قەیس لە بیابان دا سوڕاوەتەوە لە گەڵ قەلەڕەش دواوە. وەلی یش لە وێرانەدا ئەسوڕێتەوە. بە تەنیایە. مۆنۆلۆگی ناو دەرونی خۆی بە شێوەی گفتوگۆ لە گەڵ بایەقوش دەرئەبڕێ. لە کوردەواری دا بایەقوش نیشانەی شومیە. لە وێرانەدا ئەژی. وا باوە لە هەر جێیەک بخوێنێ ئەبێتە کەلاوە:

"بایەقوش نالّین!
تۆ هۆ ئەکەی و، منیش هەمو شەوێ ئەنالّێنم
من کەسێ خێڵی شادی بە تالّان بردوم،
بەڵام تۆ! هاودەردی سالّان، تۆ چیت لێ قەوماوە؟
من: پەروانەی شەوقی جوانی شەمێکم
کوژراوی نیگای نازی سۆسەن خالّێکم،
نالّەی من لە سۆنگەی سەودای ئەو یارەوەیە
دلّم لە دوری ئەو بێ ئارامە
تۆ: شەو تا ڕۆژ ئەبێتەوە بانگی هۆهۆتە،
دەردی کێتە و، بڕینەکە لە کوێتایە؟
من: سوتاوی بلّێسەی ئەو ڕوناکیەم،
بە ڕۆژ هەراسانم، بە شەو لە تاریکی دەیجوردام
تۆ: داخی دوری کێت لە دەرون دایە
وەکو من سەرگەردان و، لەش بە باری
من: گرفتاری دەردم، مەستم، شەیدام،
جێنشینی قەیسی مەجنونم
تۆ: لە خۆشەویستی کێ وێڵ و دێوانەی
شەوان بێداری لە وێرانەدا
سەد جار خۆزگەم بە تۆ ئەی دەردینی دلّبریندار
تۆش بە دەردی من جەور و جەفاکێش بی
تۆ هەر لە خەیالّی شوێنی وێران دای
بێباکی، گوێ نادەیتە تیر و تانە
دریغ! منیش بەم هەمو داخەوە،

بە داخی ئەو شەمەی کە چرای شەوانە
بە رۆژ خەریکی گەنجی حاتەم و،
بە شەویش لە بەزمی شادی شەم دا بومایە!" (دیوان: 29)

لە گفتوگۆیەکی تردا خۆی لە باتی بایەقوش وەڵامی نائومێدانەی خۆی ئەداتەوە:
"هەی نائومێدی
هەی رەنجەڕۆیی، هەی نائومێدی
کێ بەدبەختێکی وەکو منی دی
لە بەر حاڵنەزانێ روم کردە چۆڵەوانی
چۆڵەکانم پێوا، کێوەکان گەڕام
لە تەبەسەوە چوم بۆ تەبەر
هەمو هەردەکانی نەجدی مەنزڵی قەیسم پشکنی
وەکو پەروانە، بە سەری پڕ سەوداوە، سوڕامەوە
هاتمە ئەو شوێنەی جێگەی خۆشەویستەکەم بو
شوێن و گوزەرگای شەم بو
دیم: هەوارەکان چۆڵ بون، زامەن وێرانە بو
بایەقوش هێلانەی تیا کرد بون
نە نیشانەیەک لە ئاوەدانی و نە دەنگی یار
تەنیا دەنگی وێرانەی "وادی القهار" بو
پرسیم:
بایەقوش هاودەردی دەردم
هاوڕێ و هاوڕازی نالەم
من پەروانەی وێڵی مەڵبەندی بنارەکانم
جێنشینی قەیسی شای کەم فامەکانم
کۆچی خێڵی شای شەم روخسارم بۆ کوێ چوە
بۆ ئەوەی دڵی خەمبارم دڵنیابێ
بایەقوش وتی:
پەروانەی کەم فام
تازە هاتوی بۆ ئەم شوێنە
کۆچی خێری کرد، رۆیشت بۆ کوێستان
حەسرەت بۆ من مایەوە، بۆ تۆش ئاخوداخ
بە بەختی شومی خۆم دامام و نائومێد لە شەم گەڕامەوە
یاران! هاوسەران! نائومێد خۆم
ئای عەودالّی دەشتانگەڕ، دور لە نیشتمان خۆم."(دیوان: 79)

6. وەلی و نێچیروان

نێچیروانێ بۆ راوی گیانداری کێوی داوی ناوەتەوە. نێچیرێکی پێوە بوە گیری خواردە لە ناو داوەکەدا. وەلی رو لەو راوکەرە ئەکا و لێی ئەپاڕێتەوە نێچیرەکە ئازاد بکا. جوانی و ئازادی خۆشەویستەکەی لە جوانی و ئازادی نێچیرەکەدا ئەبینێ. دیلیی ئەم نێچیرە لە داوی راوکەرێک دا، وەکو دیلیی خۆشەویستەکەی ئەمە لە بەندی یەکێکی تردا. ئەڵێ:

"فیدای ناوەکەت بم
تۆ ناوت چیە؟
فیدای ناوەکەت بم
سەدجار بە سەرگەردی دەست و داوەکەت بم
بەزەییت بە من دا بێتەوە، تا منیش ببم بە خوڵامت
من پەپولەیەکی وێڵم لە دۆڵیکی وێرانەدا، مەجنونی چۆڵگەڕ، ریسوای زەمانەم
شەوان هەتا ڕۆژ لە خەم دا بێدارم
هاوڕێ و هاوڕازی دڕندەی ساراکانم
عەوداڵی دەشتانگەڕ، بیابانە جێگەم
جەفا و مەینەتکێشی لێدراوی هیجرانم
سزا و ستەمکێش خەم لە دەرونمدایە
هەردەی تەبەس گەڕ، ئاوارەی تونم
چەندێکە لە بینینی شای شەم دورکەوتومەوە
سوتاو و ئاگراوی، ساتێ نەسرەوتوم
هەر کێوێەک لە شێوەی دۆستەکەم دایە، هاوڕێ و هاوڕازی گۆچان و کەولپۆستەکەمە
من خۆشیم دەنگ و چڕینی ئەوان و، خۆراکم بینینی چاوەکانی ئەوانە
کە لە دیدەی دۆست دورم، بەوان شاد ئەبم
تا ئەو ڕۆژەی گەردون ئەمگەیەنێ بە ئاوات
ئەو بەچکە ئاسکە کێوێەی کەوتۆتە داوی تۆوە،
بە تەواوی لە شکل و شێوەی خۆشەویستەکەی من دایە
نیونیگاکەی تیر ئەدا لە دڵ
چاوی لە چاوی خۆشەویستەکەم ئەچێ
فیدات بم سەد جار، راوکەری سارا!
ببەخشە بەم بەندەی خەم لێ باریوە. ئازادی بکە لە داوەکەت
ئەگینا بۆ ناوەکەت نەنگیەکی گەورە ئەبێ
ئەگەر ئەو کارامزە کێویە لە داوەکەت ئازاد بکەی
ئینشەلا، لە دەوری دنیا، بە ئارەزوی دڵی خۆت ئەگەی!" (دیوان: 57)

7. وەلی و کەیخوسرەو بەگ

لە داستانی لەیل و مەجنون دا نەوفەل جوامێرێکی دەسرۆیشتوی خێڵەکیە، بۆ ئەوەی مەجنون لەو بارە دەرونیە خراپەی رزگار بکات بەڵێن بە قەیس ئەدا بە زۆر یا بە مااڵ بیگەیەنێ بە لەیل. وەلی بە دوای نەوفەڵێکدا ئەگەڕێ.

وەلی کەسایەتی نەوفەل لە کەیخوسرەبەگی جاف دا ئەبینێ. بە زمانێ کە پڕە لە پارانەوەی کەساسانە بۆ ئەوەی بەزەیی ئەو بە دەس بهێنێ و، سۆزی بوروژێنێ و، بە هاواریەوە بێ، هەمان داوا لە کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی ئێلی جاف ئەکا:

"خەسرەو خەیاڵێ
ئاخ بۆ گەورەیەکی باش، خەسرەو خەیاڵێ
خاوەن سپا و سان بێ، بەختی دارابێ
ئامادە بێ بە گەنجی خەزێنە و مااڵ
بەخشندەی بێباکی کۆی کەرەم، خاوەن شەوق و زەوق و دڵ بێ خەم بێ
بهاتایە بۆ راو بۆ سەر دیارەکان، بۆ ماوای مەجنونی رۆژگار
بیروانیایە:
بە جەستەی خەماویم و، بە کۆڕی دیوانی گیاندارە کێویەکانم و
بە الفاوی فرمێسکی چاوی تاریکم و، بە دەردی دەرونی خەمبارم دا
بە لەشی روتی تەنیام و، بە بەردی سەرینی ژێر سەرم دا
بە سەرگەردانی سارای چۆڵ و، عەسا و کەوڵپۆستەکەم دا
بە ئاهونااڵەی شەوان تا رۆژم و، بە زایەڵەی سەختی شینی بێ ئەندازەم دا
بە نامرادی بەختی رەشم و، بە بریندی بە سوێم دا
بە پەشێوی بەختی شومی چارەمدا، بە زوخاوی بریندی جەرگی بڕاوم دا
بە بڵێسەی بەرزی گڕ گرتومدا، بە جەستەی بیری دڕک تێ چەقیومدا
بەزەیی بهاتایەتەوە بە جەستە و حاڵم دا،
بیزانیایە:
کوژراوی کام نەونیهاڵم؟
بیری ماندوم لە خەمی کێ دایە و بۆ کێ سوتاوم وەکو پەروانەی شەم؟
کێ سەرمایەی ئەقڵی تااڵن کردوم؟
کام دڵبەر بە ئیشارەتێ بردویەتی؟
بەڵام ئەو خەیاڵەی کە نەوفەل کردی و، گیانی خۆی دوچاری ژەهری کوشندە کرد.
ئەم بیری وای نەکردایەتەوە، شتی وای بە دڵ دا نەهاتایە، نەکەوتایەتە خەیاڵی پوچەوە.
ئەم بە گەنج و مااڵ، یان بە زۆری خۆی، بیری پەروانەی دڵبریندارى شاد بکردایە
وەکو خانی حاتەم هیمەتی بنوانایە،
شەمی بە من و، منی بە شەم بگەیاندایە!
بەڵام لەم رۆژگارەدا چەندی ئەگەڕێم، کەسێ نیە دڵسۆزی ئەستێرە رەشەکان بێ

مەگەر هەر خودای بەختکەرەوە، بەختی من لەم بەندە سەختە رزگار بکا
ئەگینا ئەم کۆتەی لە پێی من دایە، ئەبێ تا مردن وەک قەیس وا حەسرەتم بێ!"
(دیوان: 41-42)

8. وەلی و نەوفەل

نەوفەل بێ ئەوەی بەڵێنی هێنانی لەیلا جێبەجێ بکا ئەگەڕێتەوە. ئەوسا قەیس نەوفەل بە پەیمانشکێنی و بێ بەڵێنی تاوانبار ئەکا. مەجنون لە جاران زیاتر شێت ئەبێ.
وەلی زانیوێتی نەوفەل بەڵێنەکەی بەرامبەر مەجنون بە جێ نەهێناوە، هەر ئەوەش لەم چاوەڕێ ئەکا. بە تەما نیە ئەم گرێی بەختی بکاتەوە و، بیگەیەنێ بە دڵخوازەکەی.

"ریسوای زەمانەم
قەیسی دێرینم، ریسوای زەمانەم
پەروانەی پەشێوی سارای وێرانەم
عەودالّی دەشتانگەڕی لە مالّ بێزارم
کوندئاسا چۆڵەوانی جێگەمە، شەوان بێ خەوم
تەنیا و کز، چاوم تاریکە
لە بینینی چاوی یاران هەراسان و دیدەوانی دەیری سەر دیارەکانم
لە نیشتمان بێزار و، لای دۆستەکانم بێزراوم
شەو و رۆژ لە بیری کولەکە و کەولّپۆستەکەم دام
گۆچانی خەمم داوە بە شانما و شەرابی خەم ئەخۆم
شێتی شەل و لاڵ، لۆنگی خەمم پۆشیوە
سزا و ستەمکێش، ئەستێرە رەشم
فەرهادی کێوکەنی جێ ئەشکەوتم
رێگەی شەشدەری بەختم بەستراوە
پەشیمان لە گشت پەشێوحاڵ خەستە
چەوت و چەماوەی چەرخی چەپگەڕم
نەخۆشێکی سەخت، دورم لە هاودەرد
لەش رەش چڵۆسکی سەر دیاران
سوتاوی بەر بای کۆمەڵێ ئاگر
دڵئازار لە زوڵمی زەمانەی پیس
چەرخی کەوان پشت، پشتی شکانم
شەو چاوم بێ خەوە، رۆژ بێ ئارامم
گرفتاری جەوری رۆژگارم
بێزارم لە ژین، رازیم بە مردنم، سەد جار نێشی درکی هیجران چزاوە بە جەرگم دا
لە چاوەڕێی خێڵان دا ریسوای هۆزان بوم،
بە ئاگری ئەشقی کەسێ سوتاوم
لە گەڵ کۆمەڵی کێویەکان دا بیابان ئەگەڕێم، قەیسی تانەلێدراو چاو لێڵم

دڵ پەروانەی شەوقی شەم روخسارێکم، پێکراوی پەیکانی تیری چاوی یارێکم
حاتەم خەیاڵێ، لە من قات بوە، حاڵی دەردی منی بێ چارە بزانێ
وەکو نەوفەل بێتە سەردانی شوێنەکەم لە هەردان، بمباتەوە بۆ لای هاودەردەکانم
بەڵام دور بێ لە وەسواسی شەیتانی، وەکو حاتەم خاتری خودا مەبەستی بێ
دڵی خەمناکی من بکاتەوە، شادم کا بە وەسڵی ئەوەی بە ئاواتم خواستوە
مەگەر مەولای خەمخۆر کارم ساز بکا، ئەگینا لە رۆژگاردا ئەبێ هەر بەرداوبەرد بکەم." (دیوان: 47-48)

9. وەلی و ئیبن سەلام

ئیبن سەلام داخوازی لەیلی کرد، باوکی بۆ ئەوەی لەیل دور بخاتەوە لە قەیس بەمی دا بە شو. وەلی ئەترسێ ئەمیش کابرایەکی لێ پەیدا ببێ، وەکو ئیبن سەلام، شەمی لێ بسێنێ. خۆشەویستیەکەی ناکام بێ. ئەڵێ:

"چراکەم بێ بەزەیی
فەلەک بێ مەیلە و، باوانت بێ بەزەیین
تۆ لەیلی دێرینە و منیش قەیسی رۆژگار
چۆن ئەگەم بە ئاوات؟
.....
لە جەوری چەرخی بێ بەزەیی ئەترسم
کە ئیبن سەلامێکت لێ پەیدا ببێ
دور لە باڵاکەت، ئەوسا برینەکەم کاریگەرتر بێ و ئەو داخەش بچێتە سەر داخەکانی تر" (دیوان: 35-36)

لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:

"داخ لە سەر داخ
دەرد لە سەر دەرد و داخ لە سەر داخ
لە داخی دوری شای لوتبەرز
من لە گەرمیان و ئەو چو بۆ کوێستان
بۆیە داخ ئەخۆم
چونکە مااڵی باوانی نەهاتونەتەوە بۆ داوێن
ئەمسااڵ نەوبەهار بۆ من دەیجور بو
لە بەر ئەوەی چاوم لە چاوی دور بو
ئەو چو بۆ کوێستان وەکو بێ بەڵێنەکان
منیش مامەوە بۆ دەردی سزا و مەینەت
ئەترسم لە گەمەی بازاڕی گەردون
لە گێژی نەردی چەرخی دنیای دون
مەجنونی هێشتەوە بە داخی سزا و دەردەوە
قاپی خەمی لە بەختی فەرهادا کردەوە
یەک یەک هاوسەرانی لە گیان بێزار کرد
رۆژی رۆشنی لە چاوی دەردەدارەکاندا تاریک کرد
ئەو مۆرەی لە روی قەیسی مەجنوندا هەڵدا

بەردی بنچینەی لە بن هەڵکەند
ئەترسم لە بەختی منیشا بیهاوێژێ
سزای ئەو یارانە بە من بنوێنێ
ئەویش بە قیسمەتی ئیین سەلام بێ
من بەم دەردەوە کۆتایی دنیام بێ
یا شا ئەو نەردە بۆ بەختی من هەڵمەدە
ئەگەر بۆ مەرگم بێ یا ئەگەر بۆ وادەی وەخت
مەرگم باشترە لەو ژیانە
لەم ژیانە پوچەی کە شادمانەکانیش لێی پەشیمانن." (دیوان: 44-45)

10. وەلی و گومان

وەلی چیرۆکی خۆی لە گەڵ چیرۆکی ئیین سەلام بەراورد ئەکا و مەترسی دوبارەبونەوەی ئەم چیرۆکە دەرئەبڕێ. پێ ئەچێ هێشتا نەییستبێ یا نەیزانیبێ شەم شوی کردوە یانە بۆیە ئەپرسێ:
"دەلیل شەمت نەدی؟
کە لە کوێستانەوە هاتی شەمی سپی،
ئاسکی پێشەنگی رەوەی ئاسکەکان،
روناکی بینایی هەردو چاوەکان،
نازداری باوان، نازهاوێژ، شۆخی دەنگخۆشی دەمودو شەکرت نەدی؟
کۆچی خێڵخانەی ئێلی جاف، سەرداری رەندانی سەوڵی ساف،
شەمی شادی پۆلی پەپولەکان، خانی رەشمالّی هەمو خانەکانت نەدی؟
ئاسکۆڵەی لەوەڕاوی پای هەردان، هاوڕێی هاودەردی گشت دەردەکان،
خاوێری خالّداری خوتەن، مایەی هەرزانی موشکی عەنبەرت نەدی؟
نەمامی تازەپێگەیشتوی سێبەری باخان، سۆسەنی سەر کەمەری پای زاخان
دەرمانی ئێشی برینی دڵ، بەچکەی ئاسکەکێوی سڵی جێگە لە سەر بەرزایی کوێستانەکان، نیشتەجێی نسرگەی سێبەری زاخانت نەدی؟
نەتدی جارێ لە پەناوە بێ ئەحوالّی خەستەی من بپرسێ
بزانێ ئەو سوێندەی خواردویەتی شکاوە
بناغەی پەیوەندی نوێی داناوە
ساردی کوێستان، مەیلی ئەویشی سارد کردۆتەوە،
لەو درکاندنەی کرد بوی ژیوانە،
پەیوەندی نوێی بەستوە، دنیای بە دڵە، مەیل و ئارەزوی لە ئیین سەلامە!
تو ئەشقی رێگای راستەکان، ئەی دەلیل ئەمە راستە؟
ئەگەر راستە لە سەرچی لە من بێزار بوە؟
راستم پێ بڵێ تا دڵنیا بم، منیش وەکو قەیس عەودالّی دەوری دنیا بم!" (دیوان: 44-45)

کابرایەکی لە بابەتی ئیبن سەلام بۆ خوازبێنی و گواستنەوەی شەم پەیدا بوبێ یا نە، گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە وەلی بە شەم نەگەیشتوە. خۆشەویستیەکەی بە ئەنجام نەگەیشتوە. باری دەرونی وەلی شێواوە. نائومێدی هەمو ژیانی داگرتوە. هەر بەو داخەوە سەری ناوەتەوە.

11. وەلی و وەسێتەکانی

لە داستانی لەیل و مەجنون دا مەرگی لەیلا پێش مەرگی مەجنون ئەکەوێ. کە لەیلا نەخۆش ئەکەوێ و دایکی لە سەرەمەرگ دا ئەچێ بۆ سەردانی لەیلا، لەیلا وەسێتی بۆ ئەکا کە مرد چۆنی بنێژن و، رێورەسمی بە خاک سپاردنی بە چی شێوەیەک جێبەجی بکەن.

بەڵام لای وەلی شەم نەمردوە. بەڵکو ئەم پێشبینی مەرگی خۆی ئەکا. پێی وایە مەرگی ئەم پێش مەرگی شەم ئەکەوێ لە بەر ئەوە دو جار وەسێت ئەکا: وەسێتکیان بۆ شەم و، وەسێتێکیان بۆ ئەوانەی بە خاکی ئەسپێرن.

لە وەسێتەکەی دا بۆ شەم ئەڵێ:

گیانە مردنم
گیانەکەم وا کاتی مردنم هاتوە!
لە کاتی گیانکێشاندا چاوم لە رێتە
رۆژی مردنم تەشریف بێنە
کاتێ گیانستێن، گیانی کێشام، گیانی شیرینی برد گوێی نەدایە
بە گریانی بە سۆز شیوەنم بۆ بکە
خۆت، کفنەکەم، بە تاڵی زوڵفەکانت بدرو
لەشم هەڵبگرە بیبە بۆ گۆڕستان
بەڵام دەخیلتم،
ئەی شای رەفتار شیرین، شۆخم، دلبەرم
تۆ بە دەستی خۆت، بەردی ئەلحەد بنێ سەر سەرم
گیانی نازدارم!
لەو دەمەدا خاکی گۆڕەکەم بکە بە سەرما
نازداری دیدەم، ئەگەر وەها بکەی
رەویەی دڵخوازەکانت بە جێ هێناوە
تا رۆژی ئەلەست، بەڵێندارەکان دوعاگۆت ئەبن!(دیوان: 65)

لە وەسێتەکەی تری دا کە بۆ ئەوانەی کردوە رەسمی بە خاک سپاردنی جێبەجێ ئەکەن ئەڵێ:

یاران لەجەرگم 90
تیری شەم ئەمشەو درا لە جەرگم
بەو تیرە گەیمە ئاکامی مەرگم
شەهیدم کفن مەکەن بە بەرگم
هەروا بە خوێنی زامی جەرگەوە
بمنێنە ناو خاک خوێن بە بەرگەوە
با بەو ئەندامی گوڵڕەنگیمەوە

پەروانە ئاسا بێ دەنگیمەوە
شتن نەیگۆڕێ خوێنی زامانم
بەوە پەسەند گشت شەهیدانم
بەڵام وەسێتم ئەمەیە لاتان
هەرچەند کەوتومە دورە وڵاتان
با گڵکۆم تەنیا لە ڕێی خێڵان بێ
نزیک هەوارگەی سەر ڕەوێڵان بێ
کێڵێ بە ئەندازەی بەژن و باڵای شەم
دابنێن لە ژور سەرم بە بێ زیاد و کەم
تاقێ بە وێنەی تاق برۆی ئەو
کە سوجدەگاهی گیانم بێ بە شەو
بنوسن بە خوێنی جەرگی سەر کردوم
کە من بە تیری دەستی شەم مردوم
بۆچی ئەو شەمەی تاتاری چینە
لە زێد بێزارە، جەبەڵ نشینە
بەڵکم ئەو قیبلەم لە ڕاگوزارێ
ڕێی بکەوێتە سەر گڵکۆم جارێ
بزانێ زەدەی تیری خۆیەتی
داخ بە گڵ بردوی حەسرەتکێشی ئەوە(دیوان: 90)

ئەم دو شیعرە کە بە وەسێت دانەنرێن. لە یەکێکیان دا باسی شەم ئەکا و لە وی تریاندا ناوی شەم نابا. ئەشێ یەکەمیان، ئەگەر هۆنراوەی وەلی بێ و لە باتی ئەو هەڵنەبەستراببێ، سەردەمێ داینابێ کە هێشتا بە تەمای شەم بوبێ و، ئەو شیعرەی بۆ بزواندنی هەستی بەزەیی و وروژاندنی سۆزی خۆشەویستی شەم هۆنیبێتەوە. دوەمیشیانی لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا هۆنیبێتەوە کە ئیتر نائومێد بوە لە شەم.

12. وەلی و نەخۆشیی دەرونی

وەلی، ئەگەر شیعرەکانی بکرێ بە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە دو بابەتی سەرەکی لێ ئەخوێنرێتەوە:

یەکەم، وەلی بەدوای ڕوداوەکانی ناو داستانی لەیل و مەجنون دا هەنگاو بە هەنگاو ڕۆیوە. چۆتە پێستی مەجنونەوە. لاسایی ئەوی کردۆتەوە. ئەمەش جۆرێکە لە شیزۆفرێنیا.

دوەم، وەلی، خۆشەویستی مەجنون بۆ لەیلا و، بە ئاوات نەگەیشتنی قەیسی کردوە بە بیانوی خۆئەشکەنجەدان. ئەمەش جۆرێکە لە ماسۆشیزم.

وەلی و وێنای کۆچەری

ئێلی جاف و رەوەندایەتی

رەوەند، کۆمەڵە خەڵکێکن کە خۆیان پێیان وایە بە رەچەڵەک ئەچنەوە سەر یەک باپیرە و، هەمویان لە نەوەی ئەون، بۆ دابینکردنی ژیان بە پێی گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ جێگۆڕکێ ئەکەن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.
رەوەند چەند جۆرێکن:

یەکەم، ئەوانەی جێگەی نەگۆڕیان نیە، بە درێژایی ساڵ ئەگەڕێن لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر.

دوەم، ئەوانەی دەوارنشینن، خانویان نیە، بەڵام هەواری دیاریکراویان هەیە. هەمو ساڵێ لە هەمان شوێنەوە بە رێ ئەکەون بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە هەواری داهاتو بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ و، هەر هەفتە یا مانگەی لە جێگەیەکدا بە سەر ئەبەن، بەڵام ئەگەڕێنەوە ئەو هەوارەی لێوەی هاتون.

سێیەم، ئەوانەی گوندنشینن، خانویان هەیە، بەڵام هاوینان ئەچن بۆ کوێستانی نزیک گوندەکەیان لە کەپر یا لە دەواردا هاوین بە سەر ئەبەن و، لە پایزدا ئەگەڕێنەوە ناو گوندەکانیان.

لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ئێلی جاف نمونەی پۆلی دوەم بوە.

جاف ئێلێکی گەورە بوە، کۆنفیدراسیۆنی چەندین تیرە و هۆز بوە. رێکخستنێکی خێڵەکیان هەبوە. کۆچەر بون. ئاژەڵدار بون. لە گەڵ مێگەلەکانیان زستانیان لە گەرمیان و هاوینیان لە کوێستان بە سەر بردوە. هەوارەکانیان و، لەوڕگاکانیان و، رێگای کۆچیان دیاریکراو بوە، هەمو ساڵ و هەمان خێڵ و هەمان تیرە و هەمان هۆز بە هەمان رێگادا رۆێشتون و، لە هەمان هەوارەکانی پێشویان دا بارگەیان خستوە و رەشماڵەکانیان هەڵ داوە. لە رەشماڵدا ژیاون و ئاژەڵداری پیشەیان بوە.

جاف پێک هاتوە لە کۆنفیدراسیۆنی چەندین خێڵ و تیرە و هۆز و بنەماڵە. خێڵە سەرەکیەکانیان بریتیە لە: هارونی، شاتری، رۆخزایی، تەرخانی، مکایەڵی، گەڵاڵی، نەورۆڵی... هەریەکێ لەم خێڵانەش دابەش ئەبن بۆ چەندین تیرە و هۆزی پچوکتری وەکو: وردە شاتری، یوسف جانی/ یۆسوجانی، میروەیسی، یاروەیسی، باشکی، عەمەڵە، کەماڵەیی، بداخی، سەدانی/ سەیانی،

لەگەڵ ئەمانەدا چەندین تیرەی تر بونەتە هاوپەیمانیان لەوانە: قەویلەیی، چوچانی، بێسەری، زەردویی.

هەمو ئەمانە لە لایەن بنەماڵەیەکەوە سەرۆکایەتی کراون کە بە بەگزادەی جاف ناسراون.

دوای دیاریکردنی سنوری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری جاف دابەش بون بە سەر هەردو دیوی سنوری عوسمانی و ئێرانی دا و، دوای دروستبونی دەوڵەتی عیراق کەوتونەتە هەردو دیوی سنوری عیراق و ئێرانەوە.

لە پەیمانی زەهاودا کە سنوری هەردو دەوڵەتی بە پێی سەرەتای ناوچە دابەش کردوە و، ناوی هەندێ لە خێڵەکانی هێناوە، باسی جافی وەکو یەکەیەکی خێڵەکی تێدا نیە، بەڵام ناوی هارونی و پیرە و زەردویی و زیادینی ئەبا. هارونی و زەردویی ئێستاش هەن. هەمو ئەو تیرە و هۆزانەی کەوتونەتە دیوی عوسمانی بە "جافی مرادی" ناو ئەبرێن، ئەوەش بۆ ئەوە بوە کە رەگەزنامەی ئەمان جیا بکرێتەوە لە رەگەزنامەی ئەو جافانەی هاولاتی ئێران بون.

جاف ئێستا لە پانتاییەکی فراون دا، تێکەڵاو لە گەڵ هەندێ خێڵ و تیرەی تری وەکو زەنگنە، دەلۆ، هەمەوەند، لەک، کەڵوڕ، نیشتەجێ بون لە: خانەقین، مەندەلی، کفری، کەلار، قەرەداخ، دەربەندیخان، هەڵەبجە، سەید سادق، پێنجوین، دوکان، چەمچەماڵ...
ریچ ساڵی 1820 ز نوسیوێتی: ئەم خیلە بە ئاسانی دەتوانێ چوار هەزار پیادەیان چەک هەڵبگرێ. چاکترین جەنگاوەری ناو سوپای کوردن... ئەمانە لە کاتی شەڕدا کە میری سلێمانی سەرۆکە دەرەبەگەکانیان بانگ دەکات دوهەزار سوارێک پێکدێنن....
ئیدمۆندز ساڵی 1922 ز خەملاندویەتی بە 10 هەزار خێزان. (ادموندز، ترجمة جرجيس فتح الله، كرد وترک وعرب، بغداد، 1971، 139)

جاف کۆچەری دەوارنشین بوە. کۆچەکەی لە جەبەل حەمرینەوە بۆ کێوەکانی مەریوان و بانە و سەقز و سنە کشاوە. بنەی زستانەیان هەردو دیوی جەبەل حەمرینی گرتۆتەوە لە قزرابات و قەرەتەپە و کفری و کەلار، دەشتی شیروانە، کەناری ئاوی سیروان و، هەواری هاوینەیان کوێستانەکانی پێنجوین، مەریوان، بانە، سەقز، سنە بوە. وەکو ئیدمۆندز خەملاندویەتی رێگەی کۆچەکەیان 140 میل درێژ بوە.

هۆرە، سۆزی تایبەتی جافە، گۆرانیەکە بە دەربڕینی دەنگەوە لە گەرو، بە شیعری دەبڕگەیی ئەوترێ. ئاوازی هۆرە ئەندازەیەکی زۆر "سوتانی دەرونی" لە کڕوزانەوە و لاڵانەوە و لاوانەوەی شێوە گریانی تێدایە، رەنگە هەر لە بەر ئەوە بێ خۆیان پێی ئەڵێن "سۆز" نەک "گۆرانی".

ریچ لە سەردانەکەی دا بۆ کوردستان هەندێ لە سەرانی خێڵەکانی دیوە. کەیخوسرەو بەگی یەکەم جار لە سلێمانی لە کۆڕی دانیشتنی پاشای بابان دا دیوە. ریچ لە یادداشتەکانی 18 ی ئایاری 1820 ز نوسیوێتی:
"ئێوارەش جگە لەو کۆمەڵە خەڵکەی تر کە دەهاتنە لام، کەیخوسرەو بەگ میوانم بو. خێڵی جاف کە کەیخوسرەو بەگ سەرۆکیانە، لە بەرزایی چیاکانی قەڵەمڕەوی سنەدا دەژین. پیاوگەلی ئەم خێڵە سەروسیمایان جوان و ئازان. تەنانەت لای کوردەکان خۆیشیان لە خیلە هەرە جەربەزە و دواکەوتوەکانن.
شێوە زمانیشیان جیاوازیەکی زۆری لە گەڵ شێوەزمانی کوردانی بابانی هەیە.
سیمایان ئەوەندە جیاوازە بە ئاسانی ئەتوانرێ بناسرێنەوە.
جافەکان هەمویان لە رەشماڵدا دەژین و هاوینان لە چیا بەرزەکانی حاجی ئەحمەدی سەر سنوری سنە هەڵدەدەن و بە ناوچەی شارەزوردا بڵاودەبنەوە، زستانانیش لەمبەروبەری ئاوی سیروان لە نزیک شیروانە هەڵدەدەن." ل 119-120.

لە یادداشتەکانی 13 ی ئابدا لە باسی کۆچ و کۆچباری جافەکاندا کە "بە ناو کاروانی کۆچی خێڵێکی جاف دا لە کاتی گەرانەوەیاندا بۆ شارەزور" دا تێپەڕیوە ئەڵێ دیمەنێکی "دڵگیر و گەش و خۆش بو، چونکە رەشماڵ و کەلوپەل و باروبنەیان زۆر بە رێکوپێکی پێچابوەوە و زۆر رێکیش لە سەر پشتی گا و مانگا، باریان کرد بون."
لە یادداشتەکانی 20 ی ئابی 1820 دا باس لە هەندێ لە سوارەکانی جاف ئەکا کە "هەمویان قۆز و سوارچاک بون، پەڕی شینەشاهۆیان بە سەروپێچەکانیانەوە کرد بو. فەرشیشیان بە ژێر سکی ئەسپەکانیانەوە دادوری بو، گوڵنکەی زەردی پیا شۆڕ ببوەوە." 180-181.

هەروەها ئەڵێ: "پیاوەکانیان کراسێ لە بەر دەکەن، لە ناو قەدا تووندی دەکەن، شەروالّی تەنکیش دەکەنە بەر، پێڵاوەکانیشیان لە خوری چنراوە. تەپڵەیەکی خڕ دەکەنە سەر لە لباد دروست کراوە، هەموشیان چەکدارن و شمشێر و زرێی بچوکیان پێیە، هەندێکیان دەمانچە دەبەستن، بەڵام سوارەکانیان هەمیشە نێزەیان پێیە" ل 171-172. (کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد حەمە باقی، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2002)

ئافرەتی جاف

بە هۆی جۆری بەشداری لە ژیانی خێزان و هۆز و خێڵەکەی دا، لە پەروەردە و ئامادەکردنی بەروبومی ئاژەڵ و بەشداری لە هەڵدان و کۆکردنەوەی رەشمالّ و لە هاوڕێیەتی پیاوەکان دا لە بارکردن و کاروانی هۆزەکەیان دا، جۆرێ لە ئازادی هەڵسوکەوتی هەبوە. روی خۆی دانەپۆشیوە، لە گەڵ کاروانەکەدا بە رێ کەوتوە، تێکەڵاوی پیاوانی خێڵەکەی بوە، لە شاییەکانیدا بەشدار بوە و خۆی رازاندۆتەوە.
لە ناو هەندێ خێڵی کورد و، لە هەندێ ناوچە کوردستان دا "ژن هەڵگرتن" و "رەدوکەوتن" رێگەیەکی باو بوە بۆ "هاوسەرگیری"، لە ناو جاف دا ئەمە کارێکی نەشیاو و رێگە پێ نەدراو بوە.

ریچ لە یادداشتەکانی رۆژی 13 ی ئاب دا، کە توشی کاروانێکیان بوە لە گەڕانەوەیاندا لە کوێستانەکانەوە بەرەو شارەزور، بەمجۆرە لە ئافرەتەکانی جاف ئەدوێ:
"... ژنان و پیاوانیان بە پێ رێیان ئەکرد. ئای کە خەڵکێکی لەش تۆکمەن. پڕن لە جوانی و شیرینی.
ئافرەتیشیان کراس و شەروالّی شین لەبەردەکەن سەربەستی بچوکیش دەبەستن و ئەگریجەی لولیان بەملاولای رویاندا دەخەن. چارۆکەش دەدەن بە کۆڵدا کە بە رەنگی شین و سپی دەچنرێ، بە شێوە لەو دەسمالّانە دەچێ کە چیانشینەکانی ئۆسکۆتلاند بە کاری دێنن. چارۆکەش بەشیکە لە جلوبەرگ. هەمو ئافرەتێکیش هەیەتی بەڵام چارۆکەی ئافرەتە دەوڵەمەندەکانیان، لە ئاوریشمی زەرد و سور دەچنرێ.
چاومان بە ئافرەتێکیان کەوت، لەوە دەچو پلەیەکی گەورەی لە ناویاندا هەبێ، بە سەر ئەسپێکەوە بو، سەرو کەلە و پشتی زۆر جوان بە گوڵونکەی خوری و مورو رازێنرا بوەوە، لبادێکیان بە سەر زینەکەیدا دابو، گوڵونکە بە پەراوێزەکانیەوە بون، لە دواوەش دو وڵاخ کەلوپەلەکانیان بۆ هەڵگرتبو، نۆکەرێک بە سەر یەکێکیانەوە بو، سواریکی چەکداریش لە تەنیشتیەوە لە خزمەتیا بو. هیچ ئافرەتێکیشمان نەدی خۆی داپۆشی بێ. نەخێر تەنانەت ئەو سەرپۆشەش کە ئافرەتی عەرەب لە خۆیەوە دەپێچێ" ل 171-172. (کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد حەمە باقی، هەولێر، دەزگای ئاراس، 2002)

وەلی و رەوەندایەتی

لە ناو شاعیرەکانی کوردا وەلی دیوانە هەندێ لە دیمەنەکانی رەوەندایەتی جافی وێنا کردوە. لە شیعرەکانی دا هەندێ وشەی بە کار هێناوە کە تایبەتن بە کۆچی جاف لەوانە: هەوار، لەیلاخ، هۆز، ئێلی مرادی، سیایانە، سیامالّ، ئێل، خێڵ، خێڵخانە، تەڵمیت... هتد

وەلی حەزی لە کچێکی جاف کردوە. ناوی بە شەم بردوە. شەم و خێڵەکەی کۆچەر بون. لە هەواریکەوە چون بۆ هەواریکی تر. لە رەشماڵ دا ژیاون. ئەمانە لە شیعرەکانی وەلی دا رەنگیان داوەتەوە.
وەلی مەبەستی لە شەم، شەمعی پەروانە بێ، یان کورتکراوەی شەمسە بێ، یاخود ناوێکی وەهمی بێ بۆ خۆشەویستەکەی، بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی هەمو شیعرەکانی. لە زۆری شیعرەکانی دا ناوی ئەبا و، هەندێ لە شیعرەکانی بە تەنیا بۆ ئەو تەرخان کردوە و، لە هەندێکیان دا وشەی شەمی کردوە بە قافیە.
وەلی بەو پەڕی بێباکیەوە باسی ئینتیمای خێڵەکی دڵدارەکەی ئەکا. لە تەرجیعبەندێک دا ئەم میسراعەی کردۆتە دوا بەیتی شیعرەکەی:
کوشتەی نیگای نازی شەخسی جافێکم (دیوان: 87)
لە شیعرێکی تری دا ئەڵێ:
"مەحبوبی جافان
خۆشەویستە بێ خەوشەکەی ناو ئێلی جاف
پێشەنگی رەوەی ناوک بۆنخۆشەکان
سەرکێشی رەوێڵی ئەگریجە موشکینەکان
ئاسکی سڵی هەردەنشین... هتد" (دیوان: 68)

ئاوات بە مەلانی تیژبال ئەخوازێ کە بە ئاسمانەوە ئەتوانن سەیری رەشماڵەکان بکەن ئەڵێ:
"مەلانی تیژباڵ
قازان، قولّنگان، مەلانی تیژباڵ
خۆزگەم بە خۆیان بۆ جێگە و شوێنیان
ئەچون بۆ کوێستانی ساراڵ
بەندی زۆزان کاوکاو ئەگەڕان
نیشتمان و لەوەڕگای لوتبەرزەکان
بە چاو رەشماڵی خێڵیان ئەبینی
ئەگریجە بۆنخۆش
پۆل پۆل رەوەی پەری تایەفەی جاف
نازک نازداری ناوک عەنبەربۆ
هەمو نازدارەکان چارۆکە بە کۆڵ و بە بەرگی ئاڵووالاوە
یەک یەک خاڵخاسانی خێلی مرادی
لە زۆزان لە گەڵ خۆشەویستەکەم
ئەگەڕان بە بان سەری رەشماڵەکاندا
ئەیان دا بە لای سۆسەن خاڵاندا
خەوتوان هەمو بەیانیەک، بەر لە هەڵاتنی خۆرەتاو، لە دەنگی ئەوان لە خەو هەڵ ئەستان
ئافتاوروەکان، ناوچەوانی شۆڵەی شەمیان لە گەڵ خۆشەویستەکەی من بە چاو ئەبینی
دڕێخ منیش مەلێکی باڵدار بومایە
بە نیشان لەو زێدە تاراییم بوایە
بە باڵ لەو زێدە بنیشتمایەتەوە

شاد بومایە بەو زێدە، بەو ماوا و مەحاڵە
تا دڵخوازەکەم لە گەڵ پۆلی رەوێڵان،
لە پێشەنگی رەوەی تەتاری خێڵان دا بدیایە!"(دیوان: 32)

گەرمیان و کوێستان

شەم کچی کابرایەکی جافە. کۆچەرە. هەمو ساڵێ لە نێوان گەرمیان و کوێستان دا هاتوچۆ ئەکەن. پێ ناچێ وەلی هاوڕێی کۆچی خێڵ بوبێ، لە کاتێک دا دا شەم و خێڵەکەیان چون بۆ کوێستان وەلی لە گەرمیان چاوەڕێی گەڕانەوەی کردون. لە چاوەڕوانی دا ئەڵێ:

"یاران نەوبەهار
ئەمساڵ لە بەختی منا نەوبەهار بێ فەڕ بو
کۆچی تەڵمیتبار هاتەوە داوێنەکان
هەرچەند سەیرم کرد کۆچی یارم نەدی
خێڵان گشت هاتن
بەریز بڵاوبونەوە بە داوێنی بارگەی ئیمامااندا
نە کۆچی یاری تێدا بو، نە دەنگی یاران
بەهار بۆ من بو بە ژەهری مار
هەر گوڵێ بە رەنگێ لە خاک دەرهاتوە
ئەوان گوڵخەندان، من چاو بە گریان
هەر خونچەیەکم لێ بو بە پەیکانێ
هەر گوڵێ بە نێشی دڕکی هیجرانێ
هەر لالەیەکی داخدار، بە سەد هەزار داخ
داخیان ئەنا بە سەر دڵی حەسرەتکێشی مندا
سونبول وەک نەشتەر ژانی ئەکردە دڵمەوە
تیژترە لە دڕکی لە پێما لە پەڕەی گوڵ
نێرگز ئەبینێ خەمم بەرز ئەبێتەوە
ئاگر لە لەشما وەکو قەقنەس بو
سۆسەن زمانی تانەی لێ کێشام
لە داخی دورولاتی خۆم
سەیری چیمەن لای من وەک ژەهری مارە
هەر کە ئەڵێن بەهارە
لە بەرچی؟
لە بەر دوری شای شەم جەمینم
خەریکە گیانی شیرینم دەرئەچێ
یارا، هامسەران، سا چۆن ئەبێ
من تەبەس جێگەمە، شەم لە کوێیە؟"(دیوان: 84)
....

چونە کوێستان
"دڵ بەداخەوە
ئەمشەو دڵ بە داخەوە خەریک بو
بە داخی شەمی شەوچراوە
تا بایەک لە زۆزانەوە هات
بایەک وەکو شەمالّی باخی بەهەشت
هێزی ئەبەخشی بە گیانی سەدسالّە مردو
شەمالّێ وەکو هەناسەی مەسیح
ئارامی دڵی بریندار
هەم شارەزای رێگەی شای شەم جەبین بێ
دۆستی پەروانە خەمبارەکان بێ
بۆنێ لە عەتری زوڵفی شەم ئەمشەو
لە لوتی پەروانەی بێ خەوی دا
پرسیم:
ئەی شەمالّی هەڵکردوی بەیانی
لوت پڕ لە بۆنی عەتری زوڵفی شەم
دەوەندەی تیژبالّی سارا
رێنمای رێگەی حەیرانی
چۆنت زانی ئەمشەو منی مات، پەپولەیەکی پەشێوی بەندی تاریکستان بوم
کێ بۆنی عەتری شەمی دایتێ
ئەم بۆنەت بۆ هێنا، شەمالّ کێ دایتێ؟
وتی:
ئەی پەپولەی پەڕسوتاوی زیز
تەن ماندوی رۆژگار، خوڕەمی ویسالّ
لەو جێیەی شەم ئەگریجەی شانە ئەکرد
ئەم بۆنەم هێنا بۆ پەپولە، بەڵکو ئازاری نەسرەوتوی بشکێ و،
سەودای داخی دورکەوتنەوەی لەیلەکەی دابمرکێتەوە
منیش بۆ ئیحسان، لەو کاتەدا پرچەکانیم دا بە یەکداو،
بە پەلە هێنام بۆ تۆ
زانیم سودی هەیە بۆ بێخەوی!

بە فیدای شەمالّ بم عەتری شەمی پێ بو
ئەمشەو برینەکانم یەک یەک ساڕێژ بو
ئەگەر شەمالّ دەرمانی دەردی نەهێنامایە،
بێگومان لە دوری ئەو ئەمشەو ئەمردم!"(دیوان: 46)

مالّی شەم دوا ئەکەوێ لە گەڕانەوەی بەرەو گەرمیان. وەلی داوا لە هەور ئەکا داکاتە باران و لافاو هەڵسێنێ بۆ ئەوەی ناچار بن زو بار و بنە بپێچنەوە و بگەڕێنەوە هەواری زستانە:

"هەوری نوێ!
تۆ خەمت پۆشیوە، منیش خەیاڵم خەماویە
بۆ تا هەردوکمان دەرونمان خەمگینە بە وێڵی
سەرانسەری ئەرز بگەڕێین
تۆ لە ئاسمان لاف، من لە سەر ئەرز ئاە
هەردوکمان روی گەردون رەش بکەین
تۆ لافاوی فرمێسکی چاوت بە گریان وەکو سێلاوی بەهار داڕێژە
منیش لە زەمین ئاهونالّەی لە دڵی هەناسە ساردم هەڵسێ
تا ببێ بە تۆفان تۆفی رستاخیز رەشمالّەکان ناچار بن لە بورجی لەیلاخ هەڵێن،
خێڵخانە لە تاو دوکەڵی ئاهی من و تۆ
سەرلەنوێ بگەڕێنەوە داوێنی گەرمەسێر
کۆچی خێڵی جافی مرادی
لە گەڵ خۆشەویستەکەم بە شادیی بگەڕێنەوە
ئەوسا گەرمیان فەڕی تێ ئەکەوێ لە خۆشی تەتارانی دەشت
هەوری نوێ!
ئەگەر لە گەڵ یەک رێک بکەوین، من لە سەر ئەرز و تۆ لە ئاسمان، هەردوکمان بە تاو بگرین تۆفی زمهەریر پەیدا بکەین
بە جۆرێ تۆفان هەڵ بسێنین
تا خێڵەکان لە بورجی زۆزانەکان هەڵدێن
هەمو رەشمالّەکان بگەڕێنەوە داوێنەکان
داوێنەکان بە خۆشی نەوتوڵ نەمامەکانەوە زەوق بکەن
شای شەم جەمین شاد بێ بەم شوێنە
خەیاڵی خەمباری منیش بکرێتەوە
تا منیش بە بینینی چاوی ئەو شاد بم
لە جەوری گەردون خاترم ئازاد بێ." (دیوان: 75-76)

رەشمالّ

شەم لە رەشمالّ دا ئەژی، نەک هەر لە رەشمالّ دایە بەڵکو شای ناو رەشمالّەکان و خانی خانانە. ئەڵێ:

"شای رەشمالّەکان
شۆخی شیرینشەوق، شای رەشمالّەکان
شەمی شفابەخش شادی پەروانە
پێشەنگی رەوەی ئاسکە چاورەشەکان
تەتاری تائیفی تایەفەی تەتار
کە لە سێبەر سڵ ئەکا

قسەکانی وردەشەکری جوانەکانی رەوێڵان
نازی بە نەزاکەتی نازداری خێڵان
مامزی پەروەردەی کوێستان
دڵگیران بە دەردەوە، راوکەرەکان بە داخەوە
ئاسکی ناو هەردە و هەڵەتی گەرمیان
شاهینی شۆخی چاوجوان
داخێ کە تۆ ناوتە بە جەرگما
تا رۆژی مردنم ساڕێژ نابێ
من راوکەرێکی نەزان بوم، تۆش نێچیرێکی سرک
بەداخەوە لە دەستم دەرچوی
مەگەر خواوەند
رۆژێ من و تۆ بە یەک شاد بکا
ئەگینا من راوکەرە سەرلێشێواوەکەی دەرودەشتم
تا مردن بە دەردی دوریەوە ئەتلێمەوە" (دیوان: 56)

کوچکی هەواران

رەشماڵ ئەگوێزرێتەوە لە هەوار هەڵئەدەن و چەند رۆژێ بە دیار مێگەلەوە ئەمێننەوە ئینجا ئەگوێزنەوە بۆ هەواریکی تر. هەمو جار لە دوای خۆیان هەندێ شوێنەوار بە جێ ئەهێڵن، لەوانە ئاگردان.
ئاگردانی کۆچەری کاتیە بۆ چەند رۆژێکە. بریتیە لە 3 بەرد کە بە 3 سوچ دائەنرێ بۆ ئەوەی مەنجەڵی دروستکردنی خواردن و ساجی نان کردنی لە سەر دابنرێ. وەلی لە بەردی یەکێ لەم ئاگردانە بەجێماوانە ئەپرسێ:
"بەردی هەواران!
بەردی رەشی سوتاوی هەواران
داماوی خەمگینی پاشماوەی یاران
هەی وەکو من هاوبەشی دەرد و پەژارە
تۆ بەردی کوێ و و هی کام هەواری،
لە تاو کێ رەنگت خەمبارەو
سوتاوی عەشقی کام نەوهاڵی
کەوا بێدەنگ و بەدرەنگ و مات و دڵتەنگی؟
تۆ لە داخی کێ سوتاوی
پاشماوەی هەواری کام هۆزی؟
راست بڵێ: داخی دوری کێت لە دڵدایە
لە دوری کێ بەرگت رەشە؟

بەرد وتی: بەختڕەشی ستەمکێشی خەم
پەروانەی پەشێوی دورکەوتنەوەی شەم

مەگەر نازانی و کوێراییت داهاتوە
کە ئەم جێیە شوێنی گوزەرگای خێڵە
نیشتمان و لەوەڕگای خێڵی جافە
جێگەی ژیان و جموجوڵی ناوکبۆنخۆشەکانە
هەوارگەی رەوێڵی خێڵی موراديە
جێگەی شەوق و زەوقی کۆمەڵی دڵشادەکانە
من هەواری شەمی شای پەروانەکان و
خانی خاڵخاسەکانی رەشماڵەکانم
پایز، کاتێ کۆچی خێڵ کە دێتەوە داوێنەکان
تەشریف ئەهێنن بۆ ئەم شوێنە
من سوتاوی شەوقی شوعلەی روی شەمم
داخداری روناکی ئەو ئەستێرەی بەیانەم
کە بەردی هەوارەکە وای پێ وتم
ئیتر من لەو خراپتر زمانم لاڵ بو
زانیم ئەویش سوتاوی شەوقی ئەو شەم روخسارەیە
داخی تامغەی دەستی ئەو یارەی پێوەیە
منیش لە دوری شای شەم روخسارەکان
بوم بە هاورەنگی بەردی هەوارەکان
لەشی منیش وەکو بەردی رەشی هەوارەکان
پاشای خەمکێش و خەمدارە" (دیوان: 53)

سەگ و میێگەل

مالّی باوکی شەم ئاژەڵدارن. ئاژەڵدار سەگ بۆ پاسی میێگەلەکەی و رەشماڵەکەی رائەگرێ. ئەوانیش وەکو خەڵکی تر سەگیان راگرتوە. سەیر لەم شیعرەدا ئەوەیە وشەی "کەلب" ی عەرەبی لە باتی وشەی "سەگ" بە کار ئەهێنێ، لە کاتێک دا لە ناو جاف دا ئەم وشەیە باو نەبوە. لەمەش سەیرتر ئەوەیە سەگ، بە پێی ئاینی ئیسلام، گیاندارێکی گلّاوە کەچی وەلی کە لە گەڵی ئەکەویتە گفتوگۆ، لە بەر خاتری شەم خۆی ئەکا بە فیدای، ئەمەش ئەوپەڕی سوکایەتی کردنە بە کەسایەتی خۆی.

"سەگی کۆی یارم!
پاسەوانی دەرگای یارم
هاوڕێ و هاوڕازی دۆستە دڵدارەکەم
خاکی پێت سەر هەردو چاوی تاریکم
خۆ تۆ لە تاقمی وەفادارەکانی
خەمخۆر و دڵسۆزی هەمو دڵبرێندارەکانی
سەگێکی لە مالّی باوکی دۆستدا لە دایک بوی
دلگوشای یارانی مەجنون پۆستی
ئەزانم بۆ ئەوەی زویر نەبی، دڵدارەکەم بە دەستی خۆی پەروەردەی کردی

ئەگەر خوانەخواستە قەستی سەری بکەی
هەمو رۆژێ لە رۆژەکەی تر سزا بکێشی
بە بیرما نە ئەهات وەفادارێکی وەکو تۆ دەس لە دەرگای ماڵی دۆست هەڵبگرێ.
ئەی هاودەردی دەردم!
لە جێگەی هەمو خزم و کەسوکارم!
هۆی چیە بەمجۆرە لە دەرگای دۆست دور کەوتویتەوە و
چۆنە ئارامت گرتوە و سرەوتوی و
وەکو من وێڵی دەشتەکانی،
هەر شەوەی لە جێگایەکی؟
سەگ وتی: ستەمکێشی زەمانە، هەی ناحاڵ، پەروانەی جوانی روی شەم
مەگەر کوێراییت داهاتوە کە نازانی ئارەزوی من نەبوە بەڵکو دەستی زۆر بوە
باوکی شەم ئارەزوی شاری بەغدای کرد، ئەویشیان بە زۆر، بە بێ ئارەزوی خۆی، هێناوە بۆ پاسی مێگەلەکەی
تا گورگ لە رانەکەی نەدا
ئەمە مەڕەکانی باوکی دۆستەکەتە..
ئەگینا لە کوێ بە بێ بیانو
بەرگەی جەوری ئەم بیابەنەی ئەگرت؟
ئازیز!
فیدای سەگە وەفادارەکەی راسپێردروای رێگەی شاری بەغدات بم." (دیوان: 67)

چاوەڕوانیی بێ هودە

پاش ئەوەی ماوەیەکی درێژ هەواڵی شەمی پێ ناگا. دەلیل رائەسپێرێ هەواڵێکی راستی بۆ بهێنێ کە ئاخۆ بە تەمای شەم بێ یان بێ ئومێد بێ چونکە دڵی بە یەکێکی تر داوە؟

"دەلیل شەمت نەدی
کە لە لەیلاخەوە هاتی سپی شەمت نەدی؟
...
کۆچی خێڵخانەی ئێلی جافت نەدی
سەرداری جوانەکانی سەولسافت،
شەمی شادی پۆلی پەروانەکان،
خانی رەشماڵی گشت خانەکانت نەدی؟
... هتد(دیوان: 44)

بە کۆی زوخاڵ بێ

ئەڤین ئەشێ خۆشەویستی بەرهەم بهێنێ بەڵام لە لای وەلی خەشم و قینی هێناوە. لەم شیعرەی دا ئەوپەڕی خۆپەرستی دەرئەبڕێ. دوعای شەڕی لە باوکی دڵدارەکەی کردوە توکی لێ ئەکا ماڵی باوکی شەم کوێر بێتەوە بۆ ئەوەی نەچن بۆ کوێستان:

"قیبلەم زوخاڵ بۆ

مالّی باوکت بە کۆی زوخالّ بێ
چاوی کوێر و زمانی لاڵ بێ
باوکمردو بی و شاییت لێ تێک بچێ
خوایە هاوار!
دور لە بالّای تۆ مالّەباوانت کوێر بێتەوە
بە جۆرێ بێکەس بیت کەست نەمێنێ
بایەقوش لە شوێنی باوانت بخوێنێ
بۆ ئەوەی ئارەزوی چونە بورجی کوێستان نەکەی
وەک من خەمبار و دڵپڕ لە خەم بی
ئەگینا تۆ بەو بورجی بەرزی زۆزانەوە،
کەی دەردەداریّکی دێوانەی ناشادی وەکو منی بیر ئەکەوێتەوە؟"(دیوان: 65)

گا مویەرد هون چەمەی چەم
تەکرار مەکەرد فەرد دێوانەکەی شەم
"سەیری سەربەردان لەیلاخان کەردی
ئەی شەم حەیفت کرد جە من ویەردی (دیوانی مەولەوی: 189)

گەشتێ لە گەڵ تالعی

تالعی

کێیە؟ کەی ژیاوە؟ لە کوێ ژیاوە؟ چۆن ژیاوە؟

پیرەمێرد لە وتارێکی ئەدەبی دا، کە لە ژێر سەرناوی "شاعیرە گوم بوەکانمان" دا نوسیوێتی ئەڵێ:
"ئەم خاکی ئێمەیە وەک دەشتی گەرمیان چۆن لە خۆیەوە دومەڵانی لێ هەڵدەتۆقێ ئەویش ... بێ خوێندن و فێرکردن هەروا لە خۆیانەوە شاعیر بون. ئەمما چۆن شاعیرێک؟ گرەویان لە دوازدە عیلمە داهیەکان بردۆتەوە. موفتی زەهاوی، کە داهی زەمان و ئافەتی جیهان بوە، لە شیعری رەوانا ناگاتە حەسەن کەنۆش. چاومار نابێ بە حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە. پێنجوینی نەیتوانیوە چوار شیعری وەک ئەولای حەسەن بڵێ. ئەمە بەهرەیەکە خوایی و هەوایی..."(ژین، ژ: 894)

حەمە ئاغا، لە شیعرەکانی دا هەندێ جار تالع (طالع) و هەندێ جار تالعی (طالعی) ی هەڵبژاردوە بە نازناو (تخلص) ی خۆی. لە کۆتایی شیعرەکانی دا ئاماژەی پێ کردوە. زۆر کەم لە سەر تالعی نوسراوە و تا ئێستا کەمێ لە شیعرەکانی کەوتۆتە بەر چاو. ئەوەی لە سەریشی نوسیوە هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەداوە، بەڵکو هەندێ لەو زانیاریە کەمانەی هەن جیاوازیان تێدایە.

ئەمین زەکی نوسیوێتی:
"خەڵکی دێی دەربەندفەقەرەی نزیک سلێمانی بوە. شاعیرێکی دێهاتی بوە. حەزی لە ئافرەتێ کردوە شەیدای بوە. ئەورەحمان پاشا خواستویەتی و مارەی بڕیوە. محەمەد ئاغا ئارامی لێ بڕاوە قەسیدەیەکی لە هەجوی ئەورەحمان پاشادا داناوە. داوای گێڕانەوەی خۆشەویستەکەی لێ کردوە. پاشا بەزەیی پیا هاتۆتەوە. دڵدارەکەی بە جل و جیازی و خشڵەکانیەوە پێشکەش بە محەمەد ئاغا کردوە.
ئەم "هەجو" ە مەشهورە 50 بەیتە لە سەرەتاکەی و کۆتاییەکەی دا ئەڵێ: میرزام تەوارێ...
ئەم قەسیدەیە لە دەوروبەری ساڵی 1210 ک دا نوسراوە." (355: مشاهیر الکرد و کردستان)

ئەمین زەکی لە جێگەیەکی تردا نوسیوێتی:
"حسێن نازم بەگ لە دەفتەرەکەی خۆی دا، دەرحەق بە فەزائیلی ئەورەحمان پاشا زۆری نوسیوە..
باسی کچێکی دەربەندفەقەرەییش ئەکا کە ئەورەحمان پاشا حەزی لێ کردوە و مارەی بڕیوە و گواستویەتیەوە. محەمەد ئاغا ناو عاشقێکی ئەو کچە چەند قەسیدەیەکی پڕ لە هاوار و شیوەنی بۆ پاشا ناردوە و لە سەر ئەوە ئەورەحمان پاشا بەزەیی پیا هاتۆتەوە و کچەکەی بە هەمو جل و تەداروکاتەوە پێشکەشی ئەو عاشقە دڵسۆزە کردوە.
ئەوەل و ئاخری ئەو مەنزومەیە ئەم دو شیعرەیە:
میرزام تەواری.....

بەعزێک بە خیلافی حسێن نازم بەگەوە ئەڵێن ئەم ماجەرای محەمەد ئاغای دەربەندفەقەرەیە لە دەوری ئەحمەد پاشای ئاخر ئەمیری بەبەدا بوە." (94-95: تاریخی سلێمانی وە ولاتی)
نەجمەدین مەلا نوسیوێتی:
"حەماغا شاعیرێکی زگماک و نەخوێندەوار بوە، نازناوی تالعیە، لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەهەمدا ژیاوە، وە هاودەوری ئەحمەد پاشای بابان بوە، حەماغا بێجگە لەوەی کە شاعیر بوە پیاوێکی دلێر و زەبردەست و بەخشندەش بوە، لە بەر ئەمە ئێلەکەی کردویەتی بە کوێخا و دەمڕاستی خۆیان. لەم هەڵبەستەی خوارەوەی دا دەسگیرانەکەی کردوە بە باز و ئەو مێملەش کە فڕاندویەتی بە شمقاڕ، ئەڵێ:
میرزام تەواری..." (ژین، ژمارە: 1350)
حەمە ئاغا لە سەردەمی حاجی قادری کۆیی دا (1816- 1897 ز) ناسراو بوە. ناوبانگ و بەرهەمی گەیشۆتە ناو کوردەکانی ئەستەمولّ. حاجی لەو شیعرەدا کە تەرخانی کردوە بۆ تۆمارکردنی ناوی شاعیرانی کوردستان، هەم ناوی ئەحمەد بەگی کۆماسی بردوە و هەم ناوی حەمە ئاغا و، ئەڵێ:
دو وەحیدن محەمەد و ئەحمەد
یەکێ کۆماسیە و یەکێ دەربەند

تالعی تا ئێستا دیوانێکی کۆکراوەی نیە. هەندێ لە شیعرەکانی بە پەرت و بڵاوی لە کتێبی جیاواز و گۆڤار و رۆژنامەکان دا بڵاوبونەتەوە. ژمارەشیان زۆر نیە. زۆرترین ژمارەی شیعرەکانی لە کەشکۆڵەکانی محەمەد عەلی قەرەداخی و بەرگی سێیەمی "بوژاندنەوەی مێژوی زانایانی کورد" دا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام پێ ئەچێ دەسنوسەکانی کە شیعرەکانی لێ گواستونەتەوە، بە باشی نەنوسرابنەوە، یا ئەو بە باشی بۆی نەخوێنرابنەوە، بۆیە جۆرێ لە هەڵە و تێکەڵی کەوتۆتە ناو شیعرەکانەوە کە هەندێ لە مەعناکانی شێواندون.

دەربارەی شیعرەکانی

قاڵبە شیعریەکانی تالعی، ئەوەندەی لە بەر دەستدایە دەری ئەخەن:
یەکەم،
پەیڕەوی هەمان قاڵبی مەدرەسەی گۆرانی کردوە لە دەسپێک و سەرەتای شیعرەکانی دا.

نمونە 1:
شیرین جەمالّش
شیرینتر جە ماە حوسن و جەمالّش
چون زەنگی زولّمات زولّفی زوخالّش
منمانۆ چون نەجم حەب دانەی لالّش
دو ئەبرۆ چون قەوس نیکی سەربەستە
هیلالەن نە بورج قەمەر پەیوەستە.... هتد (79)

دووەم،
کێشی هەر یەکێ لە سەدر و عیجزی بەیتەکانی (نیوە بەیتێ) لە شیعرەکانی 10 بڕگەیە و لە نێوان 5 بڕگەی یەکەمی و 5 بڕگەی دووەمی دا ئیستێک هەیە.
نمونە 1:
گەر – دن – می – نا - رەنگ / سو – را – حی - س - فەت
سا – فیش - وە - می - نا / چەند - دا - دەن - خە - فەت
کەیلەن جە بادەی شاهان پەسەندە
ئەقواتەر جە مەی ئەربەعین مەندە (81)
نمونە 2:
غە - زا – لی – غا – زی / غە - زا - کەر - دەی - دلّ
چە - ری - دەی - چو - زەی / سەن - گەر - چەی - سون - بولّ
تەواری تەرلان تەیری هومافەڕ
چنگت بە هوناو دلّەی عاشق تەڕ(87)
نمونە 3:
سەدای تەپلّی دلّ نە تۆی دەرون دا
دەنگ دا نە ئەفلاک، شی وە هامون دا (90)

سێیەم،
لە قافیەئارایی دا هەولّی داوە "سنعەتکاری" بنوێنێ بۆیە بە چەند جۆرێ قافیەئارایی کردوە:
ئەلف، هەندێ لە شیعرەکانی مەسنەویی جوت قافیەن.
نمونە 1:
نەوهالّی نەوخێز نەوڕەستەی چەمەن
نازکتر جە وەلّگ شکۆفەی سەمەن
شەمعی شەبوستان، جەمین جامی جەم
تۆپی گولّ سورەت، عەقدی خونچەدەم
عاریز جە مایەی ئیعجاز منەوەر
ماهتابی شەب، شوعاعی خاوەر(87)

نمونە 2:
ناری فیرقەتت جە فەرقم بەرزەن
شوعلەی شەم ئاسات شەراڕە تەرزەن
ڕەونەقم جە ڕەنگ زەعفەران تارەن
زەردی و زەبونیم گەوهەر وە بارەن
دیدەم بینایم نە ڕاگەی ڕاتەن
پەی نەدینی تۆ ڕەنگی زوڵماتەن (90)

بێ، هەندێکی تری سەدر و عیجزی بەیتەکانی هەمو شیعرەکەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی هاوقافیەن.
نمونە 1:

دڵ وە تۆن مایل
وە دیدەت سەوگەند دڵ وە تۆن مایل

نوری بینایم شیرین شەمایل — کێ وە باڵای تۆ مەبۆن حەمایل
زیندەگیم نەمەند، عومرم بی زایل — ڕۆێ وە ڕوی تۆ نەبیم موقابیل
بەشقی ڕای ئەڵا مەکەران سایل — حەق واچە پەرێم هیچ نەبۆت حایل
ئەر تۆ وە ئەرواح جێم مبی قایل — فیدای فەرقت بام وە بێ دەلایل
وەرنە سۆزانەن وە سۆزی هایل — سۆزی عیشقی تۆ من کەردەن زایل
بەرزەن بڵێسەم جە گشت حەوایل — تالیع بی وە پەند – بین القبائل – (93)

نمونە 2:
چراخم ماران
سەرسام بیم نە سام زەمزەمەی ماران
..... اران. تا کۆتایی (78)

نمونە 3:
قیبلەم ئیتیفاق
قیبلەم ئەر مەبۆت چەنیم ئیتیفاق
..... اق. تا کۆتایی (83)

نمونە 4:
پەیکی عەنبەر بۆ
فیدات بم شەمااڵ پەیکی عەنبەر بۆ
..... ۆ. تا کۆتایی (272)

جیم، یەکێ لە شیعرەکانیشی، لەوانەی لە بەر دەست دان، بە قاڵبی تەرجیعبەند هۆنیوەتەوە. تەرجیعەکەی ئەڵێ:
تا سەرم زیندەن هەر وە تەماتم

چوارەم،
لە کۆتایی شیعرەکانی دا ئاماژەی بە نازناوی ئەدەبی خۆی داوە:

نمونە 1:
فوغانم بەرز بی چون گەستەی ماران
"تالع" م نە بورج عەقرەب شوماران (79)

نمونە 2:
کۆتاکەر کەلام "تالعی" زەخمین
دڵزەدەی ناواک پەیکانی شیرین (82)

نمونە 3:
بنمانۆ نیهان نە پەردەی پێوار
نیگاکەر "تالع" وە کێ مەبۆ یار (83)

نمونە 4:
"تالع" تا زیندەی دەوری ئافاقەن
چون تەیری تاقتاق ویردش هەر تاقەن (84)

نمونە 5:
خەتمی سەوگەندم تولی بااڵتەن
"تالع" تا زیندەن سەرش نە راتەن (86)
ئەم نەریتە لە ناو شاعیرانی ئەدەبی فارسی دا باو بوە. شاعیرانی مەدرەسەی گۆران هەندێکیان پێڕەوی ئەم نەریتەیان نەکردوە و هەندێکیان کردویانە. تالعی یەکێکە لەوانەی کردویانە.

پێنجەم،
ئەم وەستایەتیە لە هۆنینەوەی شیعرەکانی دا دەری ئەخەن کە نەک هەر نەخوێندەوار نەبوە بەڵکو ئاگاداری ئەدەبی مەدرەسەی گۆران بوە و، تەلاری هۆنراوەکانی بە پێی هەمان ئەندازەگیری بنیات ناوە.

شەشەم،
جگە لەمانە، هەندێ وشە و تەعبیری عەرەبی بەکارهێناوە کە نەخوێندەوارێکی کورد، بە تایبەتی نەخوێندەواری ئەو سەردەمە، نەیتوانیوە بیانزانێ و تێهەڵکێشی هۆنراوەی رێکخراویان بکا. ئەمەش پێچەوانەکەی ئەسەلمێنێ. حەمە ئاغا، وەکو بە ناوەکەی دا دەرئەکەوێ، مەلا نەبوە، ئاغا بوە، بەڵام چەندی خوێندوە و لە کوێ خوێندویەتی ئەوە بابەتێکی تری. تەنانەت هەندێ جار باسی سورەتەکانی قورئانی کردوە. هەندێ جاریش یاری بە حەرفەکانی نوسین کردوە:

نمونە 1:
ئەفشان کەردەن موشک وە روی کافوردا
چون سورەی – والليل – وە سەفحەی نوردا (92)

نمونە 2:
خەطێ ئەلف وار کەشیدەن جە سیم
جە مابەینی عەین ساختەن دو میم (نیم!)(80)

نمونە 3:
بەو گێسوی موشکین سەودایی خەم خەم
چون میم حامیم (!) دەم گەرتەن نەدەم (86)

نمونە 4:
خاڵی روی بەدر یا فەرقی جیمەن
یا خەطی مەعکوس خامەی قەدیمەن(79)

هەڵسەنگاندن

پاشماوە ئەدەبیەکانی تالعی ئەوەندەی لە بەر دەست دان زۆر نین. ئەگەر لە هەندێ لایەنی رەخنەییەوە سەرنجی لێ بدرێ، چەند شتێکی لێ ئەخوێنرێتەوە:

یەکەم،
بیرۆکەی جوان و سۆزداری بە بیردا هاتوە. وەکو:
باسی ئەڤین ئەکا، کەسێ کە خۆشەویستی یار نیشتبێتە ناخی دڵی هەزار لوقمان ناتوانێ زامی دوریەکەی چارە بکات...
باسی ئەگریجە ئەکا، بە دوڕەشماریان ئەچوێنێ، لە پەڕی باڵی پلیسرک (پەڕەسێلکە) رەشترن و لە بیری ئەرەستو ناسکترن و، کە وەکو دو مارەکەی سەر شانی زوحاک بەسەر شانی ئەمیش دا شۆڕ بونەتەوە...
باسی گوڵ و دڕک ئەکا، یار ئەشوبهێنێ بە گوڵ و نەیارەکەی بە دڕک. بەڵام لە هەر جێیەک گوڵ هەبێ دڕکێکی تێ ئالاوە...
هەوڵی داوە ئەم بیرۆکانە لە چوارچێوەی شیعردا دابڕێژێ. داڕشتنەکانی ئاهەنگدار نین و زمانەکەی سادەن بەڵام رەوان نین. ئەڵێی زۆری لە خۆی کردوە بۆ ئەوەی شیعر بەم لەهجەیە دابڕێژێ.

نمونە1:
عەشق
عەشقی تۆ بەی تەور نە دڵ کەردەن کار — غەیر جە تۆ جە لام – لیس فی الدیار –
کەسێ عەشقی یار جە دڵ بۆ موقیم — عاجزەن جە دەست لوقمانی حەکیم
دەوای دەردی عەشق پەی وەسڵی دولبەر — نمەبۆ خەلاس تا وە رۆی مەحشەر

تالع ئەر کەسێ زەخمی نێش بار بۆ
چون مەبۆ خەلاس لوقمان هەزار بۆ(91)

نمونە 2:

گێسو

جفتێ سیا حەی چون توغرای مەنجوق — سەراوێز نە ئەوج مەکانی عەیوق
غەبرا، موزەییەن، میشکین، موسەلسەل — شکەن بەر توغرای ... موتەوەل
سیاتەر جە باڵ پەڕی پەرەستو — نازکتەر جە فیکر بیکر ئەرەستو
ئەفشان کەرد میشک وە روی کافوردا — چون سورەی – واللیل - وە سەفحەی نوردا
چەلیپا چەوگان بەندی زنجیرەن — خەم ئەندەر خەمەن مورغ دڵگیرەن
چەنبەری چەنبەر، سەرکەشەی سەرکەش — میشک چین چین ریشەی دڵان کەش
هیندوی سیاکار دەیجوری شەب رەنگ — رشتەی کافرکێش زوناری فەرەنگ
رایحەی رۆحەن تاتاش مدۆ سو — عارفان بەردەن نامش بە گێسو

تالع جەو سەبەب سینەش چاک چاکەن
ماران ئاوێزان دۆش زوحاکەن(93)

نمونە 3:

گوڵ و دڕک

دەورم دا دەوران دایرەی شەش تاق — گوڵێ وە بێ خار نەدیم جە ئافاق
ئەر جە باغستان ئەر جە گوڵزارەن — جە هەر کۆ گوڵێن ئالودەی خارەن
ئەلخسوس گوڵێ چون تۆ عەجەب رەنگ — بۆی عەترت مشۆ فەرسەنگ وە فەرسەنگ
مەگەر جە فیردەوس باقی پەیدا بۆ — یاخو جە گوڵزار رەوزەی ئەعلا بۆ
خارێ نە پادا دایم پەیوەستەن — جە داخی ئەو خار جەستەی من خەستەن
.....
فوغانم پەی وێم منالۆم پەی گوڵ — خار و گوڵ وە هەم کارێوەن موشکڵ
سا مەر بە ئەلتاف دانای بێ قیاس — بەرباد کەرۆ خار، گوڵ کەرۆ خەلاس

وەرنە تالعی زام زەدەی فەلەک
زامش هەزارەن، ئەو هەزار و یەک(89)

رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی قسەکردنی رۆژانەی تالعی خۆی هەورامی یان گۆرانی نەبوە و، دانیشتوانی ناوچەکەشی بە گۆرانی نەدواون. ئەو سەردەمە هێشتا دانانی شیعر بە لەهجەی بابان و قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی بابان نەبوە بە باو، بەڵکو شاعیرانی ناوچەی بابانیش بە لەهجەی گۆران شیعریان هۆنیوەتەوە، لەوانە رەنجوری و مەولانا خالید...

دووەم،

کاریگەری ئەدەبی فارسی بە شیعرەکانەوە دیار نیە، کەچی هەندێ جار وشەگەلی عەرەبی و تەعبیری ناقۆڵای هەڵبژاردوە و لە شوێنی نالەباردا بە کاری هێناون، کە ئەگەر بیویستایە ئەیتوانی وشەی جوانتری کوردیی خۆجێی لە جێگەیان دابنێ.

شاعیرانی مەدرەسەی گۆران لە بێسارانی و خانای قوبادیەوە تا مەولەوی کە رەفتاریان لەگەڵ زوربەی وشە عەرەبیەکان کردوە، بە جۆرێ لەگەڵ زمانی کوردی سازاندویانن کە بە ئەستەم ئەناسرێنەوە. وشەکان بونەتە بەشێ لە فەرهەنگی زمانی کوردی.

لەوانە: ئازیز: عزیز. ئاڵا: اعلی. ئەلوەدا: الوداع. مۆبەت: محبه. مۆلەق: معلق. وادە: وعده. زامەت: زحمه. عەزاو: عذاب. جواو: جواب. تاڵە: طالع. تاقی: تحقیق...

تالعی لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی دا ئەم رێبازەی نەگرتوە. وشەکانی وەکو خۆی هێشتۆتەوە. هەندێ جار لە ناو وشەگەلی کوردی دا ناساز ئەزرنگێنەوە.

لەوانە: بورجی بەیضا، تازە توفاح، دو عەینی شەهلا، دو عەینی مەخمور، عەینی عینایەت، صەحیحول نەسەب، صەفحەی سیم، شەمسی مونیر، سڕی میقراض، قاعیدەی ضەیقەتول نەفەس، لەیسە فیل دیار، مونقەطیع ئاثار، لەم یەزەل، تەحتەینی ثەور و سەمەک، ئەزراق، ئینحیراق، مینقار...

رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژینگەی تالعی، ناوچەی دەربەندفەقەرە و دەوروبەری، لە عەرەب و کۆمەڵگای عەرەبیەوە نزیکتر بوبێ تا فارس و کۆمەڵگای ئێرانی.

سێیەم،

لە کێشانی وێنە شیعریەکانی دا هەمو جار سەرکەوتو نەبوە.

لە گەڵ هەمو ئەمانەش دا چەندین شیعری شایانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بە زەوتکردنی یارەکەی لە لایەن کەسێکی دەسەڵاتدارەوە، هەروەها بە شیوەنێکی کە بۆ مەرگی "یار" دەکەی کردوە و هاوشێوەیە لە گەڵ شیوەنێکی کە ئەحمەد بەگی کۆماسی بۆ "لەیل" دەکەی کردوە.

تالعی لە شیعری "میرزام تەوارێ" دا سکالاّ ئەکا کە خۆشەویستەکەی لێ ڕفێنراوە. بە دیاریکراوی ئاماژە بە کەس ناکا. رەنگە پاشا بوبێ، رەنگە کەسێکی کە بوبێ. یارەکەی خۆی بە تەوار (بازی مێ) و ڕفێنەرەکەی بە شمقارِ (بازی نێر) ئەشوبهێنێ. باسی ئەوە ئەکا تەوارێکی لە پای کۆساریک دا راو کردوە و، پەروەردەی کردوە

لە چەرمی لەشی خۆی ئەسبابەکانی ساز کردوە
لە ناو کالانەی چاوی دا جێگەی کردۆتەوە
بە برژۆڵی چاوی پەرژینی نشینگەکەی کردوە
لە پێستی سەری کڵاوی بۆ دروست کردوە
لە چەرمی لەشی داوە بەنی قاچی ساز داوە
لە پارچەی جەرگی چەشەی بۆ داناوە

بەڵام لە پڕ شمقارێکی لێ پەیدا بوە پەلاماری داوە بازە نازدارەکەی بە هەمو کەلوپەلەکانیەوە لێ ڕفاندوە. ئیتر ژیانی تاڵ کردوە، بەڵام خۆی، بۆ هێنانەوەی، هیچی لە دەست نایە مەگەر دەستی بە توانای قودرەت موعجیزە بنوێنێ بازەکەی بۆ بگێڕێتەوە. ئەڵێ:

میرزام تەوارێ!
شیروانی بازێ، تەرلان تەوارێ
چوستی تێزپەرواز، شیرین شکارێ یاوا وە دەستم نە پای کۆهسارێ
دڵ بێ ئیختیار موبتەلای باز بی ئەقڵ و فکر و فام گشت نە پەرواز بی
وە سەد نەزاکەت تەرتیب باز دام ئەسبابش نە چەرم ئەعزای وێم ساز دام
جە سوب تا ئێوار، جە شام تە سەحەر وازام چەنی باز وێنەی بازی کەر
ئەوەڵ، نە عەینم عەیان کەردم جاش
مەقام عەینەین کەردم وە مەئواش
کڵاوش نە پۆست فەرقم قەرار دام تاکە فەرقەدان فەرق نەبۆ مودام(!)
بەندی ریشەی دڵ کەردم وە جلغوش سازدام توعمەی جەرگ پەی بانگی قوقوش
پارچەی ئیستیخوان گەردن کەردم واز کەردم بە وەتراق بازی تێزپەرواز
تایێ جە تۆمار هەستی جەستەم سەند وەستم نە پای باز نە جای پارچەی بەند
دەورانش پەی حیفز وە موژگان تەندم پەی نشینگەی باز شۆخی دڵبەندم

شاد بیم چەنی و باز شاهانە دەستور نە خەسرەو زانام، نە بەهرام گور
بێ خەبەر جە مەکر دەوری ئەفلاک بیم لاقەید جە شۆڕش دایەرەی خاک بیم

هجوم کەرد نە چەرخ بە یەک پرتابش رفانا بازم چەنی ئەسبابش
من لەو جاگە مام سەراسیمەوار غەڵتان بیم جە خاک وە بانگ و هاوار
لەو دوا خێزام وە زاری و مەلال رو کەردم ئەو شۆن شمقاڕی قەتال
هەرچەند قوقوم کەرد هیچ نەداشت ئەسەر عەدەم بی نە عەین باز ناز پەروەر
میرزام! جەو رۆژە بازم نایابەن زیندەگیم زاری، زەوقم عەزابەن
مەر یەدی قودرەت – مالک الاعجاز – بە ئیعجازی وێش باز ماوەرۆ باز
وەرنە تالعی چێش مەیۆ جە دەست
خەستە و غەم نە دۆش، زەعیف و دەستبەست (99)(ژین: 1350)

پەروەردە کردنی باز بۆ راو و، راوکردن بە باز، یەکێ بوە لە سەرگەرمیەکانی چینی سەرەوەی کۆمەڵی کوردەواری و وەرزشێکی گرانی ئاریستۆکراتیانە بوە.
لەم شیعرەدا، دەرئەکەوێ تالعی شارەزاییەکی باشی هەبوە لە چەشنەکانی باز و بازەوانی و راوی باز و راو بە باز. وشەگەلێکی بەکارهێناوە، پەیوەندیدارن تایبەت بە بازەوانیەوە لەوانە: باز، شمقار، تەوار، قوقو، جلغوش، توعمە، کڵاوی سەری باز و داوی پابەندی قاچی...
شارەزایی لەم وەرزشەدا نیشانەی پایەی کۆمەڵایەتی تالعیە.

داگیرکردنی خۆشەویستی یەکێ لە لایەن یەکێکی بە دەسەڵاتترەوە، رووداوێکی ناڕەباری کۆمەڵایەتیە، لە هەمان کات دا کارەساتێکی دەرونیە بۆ لێقەوماوەکە.

کەسێ لە خۆی بەهێزتر خۆشەویستەکەی بڕفێنێ دەسەڵاتی سەندنەوەی نەبێ، چی ئەکا جگە لە پاڕانەوە لە خوا و دوعای شەڕ لە دوژمی زەوتکەر. تالعی یش هەروای کردوە، لە چەند شیعرێکی دا ئەم بارە دەرونیە رەنگی داوەتەوە. لە شیعرێکیان دا ئەڵێ:

من جە تۆ جیا
هەرکەس کەردە بۆ من جە تۆ جیا
هانام وە بارگەی بورجی ئەنبیا
کۆی غەم نەدۆش بۆ، سەرتاپا سیا
بە شمشێری مەرگ جەستە زەخمین بۆ ....(!) غەرقی زەمین بۆ
مەئیوس جە ئەلتاف ئەنعامی حەق بۆ فەرقش چون میقراز کاتب وە شەق بۆ
کەللەش گەرم ئالود، جگەر پارە بۆ ئەعزاش چون خارپشت پڕ جە خارە بۆ
دایم چون مەعلول خەستە و مەلول بۆ شەرمەندەی دیوان بەزمی رەسول بۆ
مەقامش نە مولّک، کونجی دۆزەخ بۆ گاهێ ئاتەشناک، گاهێ چون یەخ بۆ
نە سالّش مانۆ، نە رۆژش، نە ماە عومرش چون یەکدەم بویەرۆ ناگاە
چونکە ئەی نەردە شانای جە بەیندا
تۆ بەرد ئەو حیجاب من دا وە تەندا... هتد (84)

لە شیعرێکی تری دا، کە بە هەمان نەفەس هۆنیوێتیەوە و، لە شیعرەکانی تری زیاتر بڵاو بۆتەوە، دوعای شەڕ لە سەبەبکارەکەی ئەکا. ئەڵێ:

سەبەبکاری یار!
یا حەی، یا قەیوم، سەبەبکاری یار!
فانی بۆ جە دەهر، مونقەتیع ئاسار
عومرش کۆتا بۆ، بسوچنۆ بە نار
فەوتی باریقەی بەرقی فەڵەک بۆ مەئواش جە تەحتەین سەور و سەمەک بۆ
شەفەق نە دیدەش وێنەی دەیجور بۆ کاسەی بینایی‌یش مەنزڵگەی مور بۆ
مەحبوسی ئازار، مەعلولی دەرد بۆ مودام چون (ئاهر!) سەرتاپا سەرد بۆ
بە ئاهی جەرگم لەت لەت جەستە بۆ یەک رۆ نیمەساغ، سەد رۆ خەستە بۆ
من بەدیم چێش بی ئید کەرد نەکارم
بەی تەور مەئیوس بیم جە دین یارم؟
چونکە ئەو بەدکار بەدی بەدشیعار غەداری خائین، خەیانەت رەفتار
کەفافەن پەی من جە سالّێ یەک بار بوینام جە دور تولّی بالّای یار
یاخو جە ماهێ یەک دەم دیدارش بدیام پەی ئارام شەوقی روخسارش
تا شەوقی شوعاع شەمسی خاوەر بۆ تا تالع جە دەهر وە زیندەی سەر بۆ
شەرت بۆ بێ دوعا نەکێشۆم نەفەس
تاکە سەبەبکار مەبۆ وە قەقنەس (97)

تالعی وەکو خۆی لە تەرجیعبەندێک دا ئەڵێ سەرەڕای هەمو ئەمانە: "تاسەری زیندو بێ هەر بە تەمای" یارەکەی ئەبێ:

قیبلەم فیداتم
هەرتاکەی مەردەن من وە فیداتم
غوڵامان دەستور نە خاکی پاتم
تا سەرم زیندەن هەر وە تەماتم
لەعل قیمەتی پارچەی ئەڵماسم خواجەی من تۆنی هەر تۆ مشناسم
غوڵامی زەڕسەند، عەبدی ئیخلاسم تۆ گەوهەر، ئەمن پەرێت غەواسم
ئەگەر نیم ساعەت نە روی بیساتم
تا سەرم زیندەن هەر وە تەماتم
کۆکەنم پەرێت چون فەرهادی چین چون سەنعان پەرێت بەر مشوم جە دین
چون مەجنون زوخاو وێم مەکەرۆن نۆش چون بەهرام پەرێت مبۆن نمەدپۆش
چون یوسف خەریک چاهی زوڵماتم
تا سەرم زیندەن هەر وە تەماتم (94)

بە پێی گێڕانەوەکەی حسێن نازم، ئەورەحمان پاشا "کچەکەی بە هەمو جل و تەداروکاتەوە پێشکەشی" حەمە ئاغا کردوە. حسێن نازم لە نوسەرانی بیستەکانی سەدەی بیستەم بوە، ئەویش لە دەفتەرەکەی دا بۆ باسی ئەم روداوە ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەک نەکردوە. رەنگە پشتی بەستبێ بە گێڕانەوەی دەماودەم. لە کاتێک دا تالعی لە چەند شیعر دا دوعا لە مێملّەکەی ئەکا و نەفرینی بۆ ئەنێرێ، لە هیچ کام لە شیعرەکانی دا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەم چیرۆکە نیە. بەڵکو شیعرێکی تراجیدی تری هەیە کە شیوەنە بە بۆنەی مردنی یارەکەیەوە و هاوشێوەی شیوەنەکەی ئەحمەد بەگی کۆماسیە. ئەڵێ:

گلکۆی تازەی یار
ئارۆ شیم وە سەر گڵکۆی تازەی یار
خەیلێ کە.. رۆئەم نە پای ئەو مەزار
واتم:
"زولەیخای شۆخی خاتردار
یە چ کۆچێ بی ناوەعدە کەردی من مەندەم پەی داخ هەناسە سەردی
یا تۆ خاترت هەر جە من ئێشان یا تۆرت کەردەن جە قەوم و خوێشان
یا تۆرت کەردەن جە یانەی یاران باوان رمیا بای مەزارت ئاوان
قەسەم بەو بااڵی شۆخی عەرعەرت بەو رێزەی رازان رێزەی شەکەرت
بەو قەوس قەتاران چون هیلال نۆت بەو دەستە زوڵفان سیای عەنبەربۆت
بەو ئەگریجە و خاڵ سیا زوخاڵت ئازیز جەو عەزاب چ تەورەن حاڵت؟"
دیم دەنگێ ئاما بە وەیلاوە
واوەیلا بەرز بی جە لای لەیلاوە
زاری و زایەڵەش کەرد تاکە تاوا
دودی هەناسەش جەرگ شکاوا

واتش:

"دێوانەی لێوەی لۆنگ بە پێڵ قەیسی باربەلێو بەندەی هەردان گێڵ
نەمەندەن رەونەق رەنگ نە جەمینم خەریکی سای فەرش خاکی زەمینم
جیۆتی لیباس کاڵای عەجەبڕەنگ سفیدەن بەرگم، باڵینم هەم سەنگ
ئەو دەستەی زوڵفان سیای عەنبەربۆم ئامێتەن چەنی خاکپای گڵکۆم
لولوی سەرحەلقەی گێسوی مشکینم مەندەن وە بێ ناز نە جای باڵینم
کڕکڕەی گەردن مینای بلورم نەرم و نازکی سینەی کافورم
سەنگی روی ئەلحەد پێش کەردەن کارێ قەترانەن نە تەرح سیادەوارێ

دەسەڵات نیەن دەستم بەسیان
هەر نە سای یاران من یانەم جیان"
جەو ساوە تالع پرسا جەو مەزار
دیدەش یەک بوەن ئەسرینان هەزار

تێبینی: ئەم شیعرە بۆ یەکەم جار بەندە لە کەشکۆڵێکی دەسنوسی مەلا عەبدوڵای گەڵاڵی وەرگرتوە و لە ژمارە... سالّی... گۆڤاری رۆژی نوێ، دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەحمەد بەگی کۆماسی شیوەنێکی بە سۆزی بۆ "لەیل" هکەی کردوە. نزیکەی 50 بەیتە. لەو شیعرەدا ئەڵێ: گڵکۆی تازەی لەیل

ئارۆ شیم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل
نە پایەی مەزار ئەو لەیلی پڕ مەیل
جە دیدەم واران ئەسرینان چون سەیل
شیم وە سەرینش وە دڵەی پڕ جۆش سەنگی مەزارش گرتەم نە ئاغوش

واتم:

ئەی دڵسۆز قەیسی لۆنگ وە کۆڵ موبارەکت بۆ یانەی بیدی چۆڵ
سەر هوردا نە خاک سەوڵی خەرامان من مەجنونی تۆم، وەی تەور پێم ئامان
کۆچی بێ وادەت کارێ پێم کەردەن بێزارم جە گیان، رازیم وە مەردەن
وەختەن چون قەقنەس تەن بۆ وە زوخاڵ شاد بۆ بە گەردم زەلان و شەماڵ
.....
دیم سەدایێ نەرم جە تۆێ خاکەوە جەو یانەی تازەی حەسرەتناکەوە
ئاما وە گۆشم چون هەردە جاران

واتش:

ئەی مەجنون وێڵی کۆساران
سەوگەند بە واحید فەردی بێ هەمتا
بێ وادە کەردەن من جە تۆ جیا
رای جواو نیەن دڵ بێ قەرارەن
فرە سەنگ و خاک وە جەستەم بارەن... هتد

تێبینی: ئەمە چەند بەیتێکی شیعرەکەیە. چەند جارێ دەقی ئەم قەسیدەیە بڵاوکراوەتەوە. لە نوسینەوە و گواستنەوەدا هەندێ جیاوازی تێ کەوتوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم تا ئێستا هیچ دەقێکی ڕەخنەیی و بەراوردکاری بڵاونەکراوەتەوە. (326-335: خەزنەدار)

ئەم دو قەسیدەیە لە دارشتنی "شێوە" و "ناوەرۆک" ی دەسپێک و کۆتاییەکەی دا لە یەک ئەچن. تەنانەت ڕستەی "من جە تۆ جیا" کە لە قەسیدەکەی ئەحمەد بەگ دا هاتوە، سەرەتای شیعرێکی تری تالعیە.

لێرەدا گرنگە بزانرێ:
ئەم شیوەنە بیرۆکەی کامیان بوە؟
کامیان لە پێش کامیان دا هۆنیوێتیەوە و کامیان لاسایی ئەوی تری کردۆتەوە؟
لە بەر ئەوەی سەردەمی ژیانی هیچ کامیان بە دیاریکراوی نازانرێ، ڕەنگە بێ مشتومڕ، نەکرێ ئەو بڕیارە بدرێ، بەڵام بەراوردکردنی سەردەمی هەردو شاعیر ئەتوانێ یارمەتی ساخکردنەوەی ئەمە بدا.
ناوچەی ژیانی حەمە ئاغا بەشێ بوە لە قەڵەمڕەوی میرایەتی بابان، لە ژێر دەسەڵاتی میرەکانی بابان دا بوە.
ناوچەی ژیانی ئەحمەد بەگ بەشێ بوە لە قەڵەمڕەوی ئەردەڵان، لە ژێر دەسەڵاتی والیەکانی ئەردەڵان دا بوە.
ئەگەر تالعی لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشا دا یان لە سەردەمی ئەحمەد پاشادا ژیابێ، بەوە ڕوناکیەک ئەکەوێتە تاریکایی سەردەمی تالعیەوە. بەڵام ئەوڕەحمان پاشا و ئەحمەد پاشا لە دو سەردەمی جیاوازدا ژیاون:
- ئەوڕەحمان پاشا لە 1204 ک/ 1789 ز دا بۆ یەکەم جار کاروباری میرایەتی بابانی گرتۆتە دەست و لە 1228 ک/ 1813 ز دا مردوە.
- ئەحمەد پاشا لە ساڵی 1254 ک/ 1838 ز دوای مردنی باوکی کاروباری گرتۆتە دەس و لە 1264 ک/ 1848 ز دا لە بەردەم لەشکری عوسمانی دا شکاوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی هاتوە.
ئەحمەد بەگی کۆماسی هاوزەمانی مەولەوی بوە. لەگەڵ مەولەوی دا شیعریان ئاڵوگۆڕ کردوە. مەولەوی لە شیعرەکانی دا بە خاڵۆی کۆماسی ناوی بردوە و، چەندین بەیتی ئەحمەد بەگی تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردوە. ئەمەش سەرەڕای پەیوەندی دۆستانەی هەردوکیان نیشانەی پایەی بەرزی شیعرەکانی ئەحمەد بەگە، ئەگینا شاعیرێکی گەورەی وەکو مەولەوی شیعری لێ نەئەخواست و تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی نەئەکرد.
ئەگەر کۆماسی هاوزەمانی مەولەوی (1806 – 1882 ز) بوبێ و، خۆیشی لە ساڵانی (1798 – 1878 ز) ژیابێ، کەواتە تالعی کۆنترە لە کۆماسی و، ڕەنگە تالعی ئەم بیرۆکەیەی بە شیعر هۆنیبێتەوە و، دوای ئەو کۆماسی قەسیدەکەی خۆی دانابێ. کە هەم درێژتر و هەم ڕەوانتر و هەم بەهێزترە.
محەمەد عەلی قەرەداخی، بووژاندنەوەی مێژوی زانایانی کورد، ب 3. بەغداد 2000. ل 274 – 280. لەم بابەتەدا ئاماژەی بۆ ئەو سەرچاوانە کردوە کە هەندێ لە شیعرەکانی تێدا بڵاوکردونەتەوە. 3 پارچەی تری بڵاوکردۆتەوە کە لە دەسنوسێکی وەرگرتوە، وەکو خۆی نوسیوێتی هەندێ بەشی ساڵی 1234 ک نوسراوەتەوە:
چراخ پەروانە
دڵ بێ تۆ تۆتۆن
... بۆشەن
لە بەر ئەوەی باش بۆی نەخوێنراوەتەوە ئەوەندەی هەڵە تێدایە کەڵکێکی ئەوتۆی لێ وەرناگیرێ.
یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی تالعی، شیعری درێژە.

هۆنراوەی داستانی

داستانی دڵداری:

(مەنیجە و بێژەن وەک نمونە)

جاری یەکەم ساڵی 1966 ز لە پاریس لە لایەن "د محەمەد موکری" پێشەکی و تەرجومەی بە فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە.

جاری دوەم ساڵی 1383 ی هیجری خۆرشیدی لە تاران لە لایەن "ایرج بهرامی" هوە بە "پیشگفتار، تصحیح، توضیح و واژەنامە" هوە لە گەڵ پێشەکیەکی فارسی بڵاوکراوەتەوە.

مەنزومەی "مەنیجە و بیژەن" کە پیکهاتوە لە 977 بەیت نوسەرەکەی نادیارە وەکو بەهرامی ئەڵێ رەنگە لە کۆتایی قەرنی 12 یا سەرەتای قەرنی 13ی کۆچی دا هۆنرابێتەوە. لە بنەڕەت دا بەشێ بوە لە "شاهنامەی کوردی".

هۆنەر داستانی "مەنیجە و بێژەن" ی لە "شاهنامەی فیردەوسی" هوە وەرگرتوە و، بە دەسکاریەکی کەمەوە کردویەتی بە کوردی. تێکستەکەی لە بەر دەس دایە، بەڵام نە دانەرەکەی و، نە سەردەمی دانانەکەی هێشتا ساغ نەبۆتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوەی داستانەکە دابڕاو ئەبێ، لە لێکۆڵینەوەی ژیانی دانەرەکەی و، لەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و سیاسیەی کە ئەم بەرهەمەی تێدا خولقاوە.

کورتەی داستان

بێژەن لە باوکەوە کوڕی گیوی گودەرز و، لە دایکەوە کوڕی رۆستەمی زاڵە.

مەنیجە کچی ئەفراسیاوی شای تورانە.

لە وڵاتی ئەرمەن، کە بەشێ بوە لە سەرزەمینی ئێران، بەراز زۆر ئەبێ زەرەری زۆر لە کشتوکاڵ و ماڵ و دارایی دانیشتوانی ناوچەکە ئەدەن. خەڵک ئەچن بۆ شکات بۆ لای کەیخەسرەو شای ئێران.

کەیخەسرەو سێ هەزار سواری جەنگی ئامادە ئەکا و، لە دانیشتنێکی تایبەتی دا داوا لە پاڵەوانەکانی ئەکات بچن بۆ قەلاچۆکردنی بەرازەکان. پاڵەوانەکان سەریان دائەخەن. شا بۆ ئەوەی هانیان بدا گەنج و گەوهەر

ئەخاتە بەر دەمیان. لە ناو هەمویان دا بێژەن دانەیەک یاقوت هەڵئەگرێ و ئامادەیی دەرئەبڕێ بچێ بۆ ئەم جەنگە. هەرچەندە باوکی لێی تورە ئەبێ بەڵام لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان نابێتەوە. داوا لە شا ئەکا یەکێ لە مەردانی جیهاندیدەی لە گەڵ بنێرێ چاوساغی بکا بۆ دیاری ئەرمەن. شا داوا لە گورگین، یەکێکی تر لە پاڵەوانەکانی ئێران، ئەکا لە گەڵی بچێ، ئەویش روگیر ئەبێ بە نابەدڵی لە گەڵ بێژەن ئەڕوا.

بێژەن لە گەڵ گورگین بە ڕێ ئەکەوێ. پاش چەندین رۆژ ڕێ پیوان ئەگەنە جێگەی مەبەست. سەد خەیمەی رەنگینی زەرنیگاریان هەڵدا. بێژەن داوای لە گورگین کرد بچن بۆ بەراز کوشتن، بەڵام گورگین بێژەنی داوەتە بەر تانە و تەشەر، خۆی گەوهەری لە شا وەرگرتوە با خۆی بچێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی.

بێژەن تەنیا سوار کەوتە ڕێ. لە دەربەندێک دا کە بێشەی کۆبونەوەی بەرازەکان بوە، ئەکەوێتە کوشتنیان. هەزارانیان ئەکوژێ و کەڵبەکانیان ئەشکێنێ تا لە گەڵ خۆی بیباتەوە و لە پاداشتی ئەوەدا زێڕ و گەوهەری پێ وەربگرێ لە شا.

گورگین دوای گەڕانەوەیان ئەترسێ ببێ بە پەندی خاس و عام و لای کەیخەسرەو شەرمەزار بێ ئەیەوێ بێژەن توشی داوی بەڵایەک بکا. باسی مەنیجەی کچی ئەفراسیاو و، جوانی و بەزمی گەڕان و سەیرانی ئەوی بۆ ئەکا. بێژەن تەفرە ئەدا بچێ بۆ سەیری مەنیجە.
بێژەن ئەگاتە سەیرانگاکەی مەنیجە. سەری لە باخ و کۆشک و کۆڕی رابواردنی سوڕ ئەمێنێ. لە ماندویەتی دا لە بن داریک دا خەوی لێ ئەکەوێ. کە نیزەکەکانی مەنیجە بێژەن ئەبینن و مەنیجەی لێ ئاگادار ئەکەن. مەنیجە دێ بۆ سەیری کە ئەیبینێ شەیدای ئەبێ. هەڵی ئەسێنێ و لە گەڵ خۆی ئەیباتەوە بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکانی دا. بێژەنیش شەیدای مەنیجە ئەبێ. ماوەیەک پێکەوە ئەبن خەریکی رابواردن ئەبن. دەرمانی بێهۆشی ئەدا بە بێژەن و بە بێهۆشی ئەیباتەوە بۆ ناو کۆشکەکەی.
بێژەن دێتەوە هۆش خۆی بەڵام بە خۆشی رابواردن دا ئەکەوێ. بە خواردن و خواردنەوە و بەزم و ئاهەنگ ماوەیەک بە سەر ئەبەن. باوکی مەنیجە بەم ریسواییە ئەزانێ. ئەنێرێ بێژەن بگرن و مەنیجەش سزا بدەن. نێردراوەکەی ئەفراسیاو ناتوانێ بە زۆر بێژەن بگرێ فێڵی لێ ئەکا پەلەستی ئەکا و ئەیباتە بازاڕ هەڵی ئەواسێ، بۆ ئەوەی بیکا بە پەند. مەنیجەش روت ئەکەنەوە بە روتی فرێی ئەدەنە دەرەوەی شار.

پیران، یەکێ لە دانایانی توران، کە هاودەمی ئەفراسیاو بو، کوشتنی بێژەنی بە خراپ زانی، داوای لە شا کرد لە باتی ئەوەی بیکوژێ بیخاتە زیندانەوە. شا بێژەنی هاویشتە قوڵایی زیندانێکەوە کە ئەکوانی دێو دروستی کرد بو، کورەکەی ئەکوان بەردی زلی نا بو بە دەرگاکەیەوە و پاسەوانی لێ ئەکرد. ئەکوان دێوێکی گەورە بو ڕۆستەم کوشت بوی. کورەکەی ئەکوان ئەو داخەی لە دڵ دا بو.

مەنیجە کە بە روتی لە شار دەر کرابو بە گەڵا خۆی داپۆشی بو. منالێکی دی پرسیاری زیندانەکەی شای لێ کرد. منالەکە شارەزا بو مەنیجەی بردە سەری. لە سەر گابەردی سەربانی زیندانەکە دانیشت. درزێکی دی لە درزەکەوە گوێی لە ئاهونالەی بێژەن بو. لە گەڵی کەوتە قسە. هەمو رۆژ سوالی ئەکرد هەندێ خۆراکی پەیدا ئەکرد و ئەیبرد بە گوریس شۆڕی ئەکردەوە بۆ بێژەن.

گورگین، بە تەنیا گەڕایەوە ئێران. کەڵبەی بەرازەکانی لە گەڵ خۆی بردەوە. وتی بێژەن ویستی کەڵێ بگرێ، کەمەندی بۆ هاویشت، کەڵەکە جادو بو، لە باتی ئەوەی بێژەن ئەو رابکێشێ، ئەو بێژەنی راکێشا و، ئیتر دیار نەما و ون بو.

گیو، باوکی بێژەن، ئەم چیرۆکەی نەسەلمان، پێی وابو گورگین پیلانی لە کوڕەکەی گێڕاوە بیفەوتێنێ. پەنای برد بۆ شا، کوڕەکەی مرد بێ یان زیندو، بۆی بدۆزێتەوە. گورگین هەمان چیرۆکی بۆ شا گێڕایەوە. شا باوەڕی پێ نەکرد. گورگینی زیندانی کرد. شا چەندی سۆراخی کرد، هیچ نیشانەیەکی دەس نەکەوت. سەرەنجام لە رۆژی نەورۆز دا، کە تەمومژ لە ئاسمان رەویەوە و، دنیا رۆشنی تێکەوت، ناردی، جامی جەمیان هێنا. سەرنجی هەمو دنیایان دا، دەرکەوت بێژەن ماوە بەڵام، لە وڵاتی توران، لە ناو زیندان دایە.

رۆستەم لە زابول ئەژیا. شا نامەی بۆ نوسی بێژەن رزگار بکا. گیو نامەکەی بۆ برد. رۆستەم بەڵێنی رزگارکردنی دا. بیری کردەوە دو رێگەی لە بەردەم دایە: لەشکرکێشی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی کوشتنی، یان تەگبیر بۆ رفاندنی لە زیندان. رێگەی دوەمی پەسەند کرد.

رۆستەم چو بۆ لای شا. تەگبیری کرد کە خۆی و کۆمەڵێ لە هاوڕێکانی، لەوانە گورگین، خۆیان بگۆڕن بە جلی بازرگانی گەوهەرفرۆشەوە بچن بۆ خاکی توران و هەوڵی رزگارکردنی بدەن. شا نەخشەکەی پەسەند کرد. گەوهەری زۆری بۆ ئامادە کردن.

رۆستەم رەخشی ئامادە کرد. لە گەڵ هاوڕێکانی بە خشڵ و گەوهەرەوە بە رێ کەوتن. بە کەشتی لە ئاو پەڕینەوە. رێگای دوریان بڕی گەیشتنە کەناری پایتەختی توران. توشی پیران بون. کە یەکێ بو لە گەورە کاربەدەستانی وڵات. رۆستەم خۆی دەرخست کە ئەوان بازرگانی نەشارەزان ئەترسێ کالاکانیان لێ بسێنن داوای لێ کرد شوێنێکی ئەمینی بۆ بدۆزێتەوە تیا نیشتەجێ بن. پیران پێشنیاری بۆ کردن لە کۆشکەکەی ئەودا بمێننەوە تا کالاکانیان ساغ ئەکەنەوە.

رۆستەم مالّی پیرانی کردە بارەگا کەوتە ئاشکراکردنی کالا بە نرخەکانی. لە هەمو لا دەنگی دایەوە. مەنیجە بیستی چەند بازرگانی ئێرانی هاتونەتە خاکی توران. چو بۆ سەردانیان هەواڵی رۆستەمیان لێ بپرسێ. خۆیان لێ نەبان کرد. باسی بێژەنی بۆ کردن. بە ناوی بەزمییەوە مریشکێکی برژاویان دایە بیبا بۆ بێژەن. مەنیجە مریشکەکەی بۆ بێژەن برد. لە ناو خواردنەکەدا موستیلەیەکی تێدا بو. بێژەن موستیلەکەی ناسیەوە. نهێنیەکەی درکاند. مەنیجەی تێ گەیاند کە ئەوە رۆستەمە هاتوە بۆ رزگارکردنی ئەو.

رۆستەم نەخشەی رزگاری دانا. داوای لە مەنیجە کرد بۆ ئەوەی شوێنی زیندانەکە بدۆزنەوە ئاگرێکی گەورە لە سەربانەکەی بکاتەوە. رۆستەم چوە سەر زیندانەکە. کوڕەکەی ئەکوان کەوتە شەڕ لە گەڵ رۆستەم تۆڵەی خوێنی باوکی لە رۆستەم بکاتەوە. بەڵام رۆستەم ئەویشی کوشت. کەوتنە هەڵکەندی دیوار و لابردنی بەردەکان. بەڵام بێژەن لە قوڵایی زیندانەکەدا نەیتوانی سەر بکەوێ. ئەبو بە کەمەند هەڵبکێشرێ.

رۆستەم داوای لێ کرد کە گورگین ببەخشێ. بێژەن لە پێس دا ئامادە نەبو لێی ببورێ. رۆستەم هەڕەشەی لێ کرد کە ئەگەر لێی نەبورێ ئەمیش لە زیندان دەری ناهێنێ. بێژەن بە ناچاری بە رۆستەمی بەخشی. بێژەن لە زیندان دەرهێنرا.
سپای توران بە کارەکەیان زانی. پەلاماری رۆستەم و هاوڕێکانیان دا. شەڕ قەوما. نەیانتوانی چاری رۆستەم بکەن. هەندێ لە کەلوپەلە بەنرخەکانی کۆشکی ئەفراسیاو شا تاڵان کرا. رۆستەم بە سواری رەخش و، هاوڕێکانی بە سواریی بێژەنیان دەرباز کرد، مەنیجەشیان لە گەڵ خۆیان "هەڵگرت".

رۆستەم بە سەرکەوتویی گەڕایەوە ئێران. پێشوازی قارەمانانە کران. ئاهەنگ و زەماوەند رێک خرا. مەنیجە و بێژەن بە یەک شاد بون. رۆستەم گەڕایەوە زابول.

تێبینی:

1. تێکستەکەی ئاغای بەهرامی: بە رێنوسی فارسی نوسراوە، لە هەندێ بەیتی دا وشەکان بە هۆی چاپەوە پارچە بون، لە هەندێکیشیان دا لەنگی هەیە.
2. ئەمە کورتەی وەرگێڕدراوە کوردیەکەیە نەک فارسیەکەی فیردەوسی.
3. ئەو ژمارانەی خراونەتە سەر سەرەتای هۆنراوەکان، ژمارەی زنجیرەی بەیتەکانی داستانەکەن.

چەند سەرنجێ

لەم داستانەدا چەند دیاردەیەک، کە پەیوەندی نزیکیان هەیە بە تێگەیشتنی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و سنوری رێکخراوەی بەها رەوشتیەکانی کۆمەڵەوە، لە زۆری چیرۆکەکانی دا دوبارە بونەتەوە و، بە زەقی بەرجەستە کراون، بۆیە ئەشێ ئیستیان لە ئاست دا بکرێ، لەوانە: پیلانگێڕی و، رابواردنی دنیایی و، خۆشەویستی جەستەیی:

پیلانگێڕان

لە "مەنیجە و بێژەن" دا پیلانگێڕان، بە شێوەی جۆراوجۆر وەکو دانەر ناوی ناون: "مەکر"، "فەند"، "ئەفسون"... کارێکی ئاسایی رەوایە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامانجەکە هەرچۆنێ بێ، سپی بێ یان رەش، باش بێ یان بەد، پاک بێ یان پیس. لە چەند قۆناغی داستانەکەدا تەفرەدان، بێهۆش کردن بە دەرمان، خاپاندن و فێڵکردن، خۆگۆڕین بۆ چەواشەکردن، وەکو رەوشتێکی ئاسایی دوبارە بۆتەوە. نمونەکانی:

نمونە 1: تەفرەدان
بۆ ئەوەی ناحەز بهاوێژیتە داوی بەڵاوە. گورگین بۆ ئەوەی بێژەنی لە کۆڵ بێتەوە تەفرەی ئەدا بیبا بۆ سەیری مەنیجە و سەیران و کەنیزەکەکانی:

ترسا، نە بێژەن، شوم ناپەسەند — سازناش "ئەفسون" خاوەن "مەکر" و "فەند"
واتش مەر "مەکرێ" باوەرۆم نە کار — سا مبۆم سەرژان واتەی رۆزگار
بپێچۆم نە "دام بەڵای ناگەهان" — وەرنە بەدنامیم نمەبۆ پەنهان(105)

(109)جەو تەرەف جە مولّک شای ئەفراسیاب حەساریّ کێشان، باغچەی بۆ گولّاب

سەراوش جە تەرح بەهەشت منمانۆ — نە دەورش دوڕاج و قومری موانۆ
زەمینش نە تەرح زەعفەران کالّان — خاکش وە شاخەی یاسەمەن مالّان
حەوزیّ بە سەد ناز ئاراستەن جە سەنگ — وەستەن چەند ئوتاق توحفەی عەجەب رەنگ
هەر سالّ کناچەی شای ئەفراسیاب — مشۆ وە سەیران باغچەی بۆ گولّاب
زولّفان عەنبەرەن، مەنیج نامشەن — چەند هەزار شاهان گرفتارشەن
منیشۆ وە بان کورسی زەڕنیگار — گۆش کەرۆ بە دەنگ ساز مۆسیقار
گاه و چەند کەنیز بالّا نەونەمام — مەکەرۆ سەیران باغچەی عەمبەر فام
ئەگەر بوینی بەژن و بالّاشان — شاد مەبی وە دین خالّ ئالّاشان
گاه مەیلی گولّگەشت دلّنەوازیشەن — گاه عەزم سەیران چەوگان بازیشەن
گاه مشۆ نە سەحن چناران بەرز — گاه تەرتیب مدی زولّفان شەوتەرز
هەر رۆ تا شەوان منیشۆ بە ناز — جەو دما تەرتیب مدۆلوا باز
شاهان حەسرەتمەند هەر یەک نیگاشەن — سەران سەر توفەیل زولّف سیاشەن
خاستەر من و تۆ وە تەنیا سوار — بشیم بەو مەکان سەراو میرغوزار
بکەریم سەیران بانوی بی نەزیر — سیّ چوار کەس لێشان باوەریم ئەسیر
جە ئەو کەنیزان زولّفان بۆ عەمبەر — پۆسە بە تورکان بنمانیم زەرەر
بێژەن چون شنەفت جە گورگین حەوالّ — کەردش ئیرادەی هەوای زولّف و خالّ
نزاناش یەقین گورگین بەدبەخت — مەپێچۆش نە دام چای زیندانی سەخت
جەو دما بە شاد پیالّەی شەراو — بێژەن بنۆشا و شی نە جامەی خواو(127)

نمونه 2: خەواندن

به دەرمانی بێهۆشی بۆ ئەوەی دلّدار به دیل بگری. مەنیجه پاش رابواردن بێژەن به دەرمان بیّ هۆش ئەکا و له ناو سنوقی تایبەتی دا ئەیگوێزیتەوه بۆ ناو کۆشکەکەی خۆی:

(198) شی وه لای بێژەن تورکی جادوکار — دییش که شی نه خواو دلێر نامدار
زەڕیّ جه "داڕوی بێهۆشی" کەم فام — مالّاش نەبینی بێهۆش بی تەمام
نیاش نه سندوق ساختەی چوب عود — جەو دما نه جاش هۆرێزا به زود
فەرما سارەبان کێشاشان قەتار — بار کەرد کەژاوان توحفەی زەڕنیگار
بەرشین جه مابەین باغچەی بۆعەمبەر — به تەعتیل و جەخت تا وادەی ئەکبەر
شی وه قەسر وێش خالّان لاجیوەرد — تەک دا وه پشتی سەرخۆش و بیّ دەرد
رەونەق دا خالّان جەمین پڕ جه نور — شاد بین وه دینش نازاران تور
فەرما تا سنوق ئاوردەن پەرێش — لادیّ عەیان کەرد حالّ خەستەی وێش
واتش: "کەنیزان! بالّا زەڕستون — دەرونم جه عەشق، سەر پڕەن جه هون
ئەورۆ که بالّای بێژەن دیم به چەم — سۆچیام وێنەی پەروانەی لای شەم
حەرفیّ مەواچۆم یاران پەرێتان — مەبادا رەقیب بشنەویّ لیتان"
جەو دما ئید وات شۆخ نازەنین — مالّا به بینیش مایەی موشکی چین
بەو گرد عەمبەر، داڕوی فراوان — بێژەن بێدار کەرد جه شیرین خواوان

بێدار بی جە خواو سەرسام و بێدەنگ وێش دی نە مابەین حوجرەی عەجەب رەنگ
گێلاوە جە رەنگ کێشا ئاهی سەرد خەیاڵان ئاما عەقڵ و فامش بەرد
ئاما بە گوفتار شای سۆسەن خاڵان
واتش: "ئەی جەوان! وەس کەر خەیاڵان
سەرت هۆر گیرۆ چە وەختی خواوەن یە قەسری جامرێز ئەفراسیاوەن
داڕوی بێهۆشی مایەی عەتاران ماڵام نە بینیت چەنی نازاران
هەنی مەکەر ویر سەودای خەیاڵان شاد ببۆ وە بەژن سۆسەنی خاڵان
بنۆشیم بە شەوق جورعەی جامی مەی پشتان بە وە بەژن باڵای تۆڵ بەی"
بێژەن وات: "ئەی شۆخ! بێ خەوەر جە کار نەترسای جە نەنگ نە روی رۆزگار؟
ئیسە مەزانۆم سا کە سەرەنجام مەبیم وە سەرژان واتەی خاس و عام
ئیران و توران گرد کینە کێشەن شەوان تا بە رۆ عەداوەت پیشەن
من کەردی نە دام بەڵا گرفتار بە قەولی شەیتان شومی بەدکردار"
"ئەر سەد کە بابۆم حوکمش عەزیمەن
ئیسە پەهلەوان چە وەختی بیمەن؟
جە سەودای عەشقت جەرگم کەبابەن چە پەروام جە تیغ ئەفراسیابەن؟"
سا کە ئید شنەفت سەرسام کەم زەین گرد شی نە ویرش تانە و مناو مین(!)
گاه بۆسەی لەبان زولالی بێ گەرد گاه دەس نە مابەین شەمامانی زەرد
گاه شاد بی بە تار زوڵفانی شەویز گاه سەیر خاڵان مەنیجەی عەزیز
چل شەوانەڕۆ گرتشان مەقام مەنۆشان بە شاد بادەی عەمبەر فام....(227)

نمونه 3: خاپاندن

بۆ ئەوەی بە فێل بە سەر یەکێکی لە خۆت بەهێزتردا زاڵ بی. گرسیۆز کە ئەچێ بۆ گرتنی بێژەن، بێژەن لێی رائەپەڕێ و بە خەنجەر روبەڕوی ئەبێتەوە، گرسیوز لە ترسی ئەوەی چاری بۆ نەکرێ، بە قسەی خۆش بێژەن ئەخاپێنێ و پەلبەستی ئەکا:

(239) دییش بێژەن چەنی و سەوڵ سایەدار پشتانش نە روی کورسی زەرنیگار
کێشا بانگ سەخت گرسیوز بە قار روش کەرد بە بێژەن پەهلەوان کار:
"نەترسای جە تیغ شای ئەفراسیاب
جە قارش جەرگی شێران هەن کەباب؟
هۆرێزە جە بان کورسی دانەبەند
بو تا دو دەست بنینۆم نە بەند!
سا کە ئەی فەرمان ئەفراسیابەن نیەن جای درەنگ جەختت بە تابەن"
بێژەن چون شنەفت سیاه بی جە قار سەڵا دا بە عەزم عەرسەی کارزار
نە تیغ و نە گورز، ئەساسەی نەبەرد هیچ نەبی جە لاش کێشا ئاهی سەرد
دەس بەرد پەی خەنجەر پەهلەوانکار پەنا بەرد بە زات بینای کردگار
واتش: "گرسیوز خەیاڵت چێشەن؟
قەسەم بە یەزدان بێ هەمتای وێشەن

هەرکەس جە ترکان بکەرۆ قەسم ئەسڵەن خەلاسیش نیەن جە دەسم
سا چەند کەس بە تیغ نەسپارۆم بە خاک کێ دارۆ تاوشت من کەرۆ هەلاک"
تەرسا گرسیوز شوم هەرزەکار بە مەکر و ئەفسون ئاما بە گوفتار
واتش: "پەهلەوان تۆ چێش مەزانی بواچۆم پەنەت راز نیهانی
سا من نە پەی شەڕ، داوام نەوەستەن پشتم پەرێ جەنگ شێران نەبەستەن
ئیسە بە فەرمان شای ئەفراسیاب هەرچی مەپرسی من مدۆم جەواب
جەو دما بکەر هەرچی رەزاتەن عوزرت موازۆم ئەر سەد گوناتەن"
بێژەن چون شنەفت گوشاد کەرد جەمین خەنجەر هەو دا کەفت نە روی زەمین
دەس دا بە مەلعون شوم ناپەسەند بەستش بە فەتراک سەرحەلقەی کەمەند
کێشاش جە روی خاک دەرون پڕ جە دەرد رەنگ زەرد و خایف بە سەد ئاهی سەرد
سا بێژەن بەو تەور خەستە و دڵ کەباب بردش بە دیوان شای ئەفراسیاب
مدرا نە جای وێش سەرسام و بێ دەنگ گەردن گیر روەق وە حەلقەی پالەنگ(259)

نمونە 4: خۆگۆڕین

بۆ ئەوەی سەر لە دوژمن و نەیار بشێوێنی تا مەبەستەکەی خۆت بە دی بهێنی. رۆستەم جلوبەرگی خۆی ئەگۆڕێ و، نەخشەی نهێنی دائەنێ بۆ رزگارکردنی بێژەن لە زیندان:

(562) سەحەر کە خەسرەو ئاما بە گوفتار واتش بە رۆسەم نیەن جای مەدار
بێژەن نە زیندان ئەفراسیابەن گیو پەرێ فەرزەند جەرگش کەبابەن
شۆ نە پەی بێژەن بە تەعجیل و تاب رەهاش کەر جە بەند شای ئەفراسیاب
بکەرۆت نەوەر جامەی کارزار گوزین کەر پەی وێت سپای بێ شمار
رۆسەم چون شنەفت ئاما بە گوفتار کەردش ئافەرین سەنای بێ شمار
جەو دما رۆسەم جە روی عەقل و فام وات ئەی سەرفراز شەهنشای بە نام
سا من پەی نەبەرد سپای سەهمناک هەر ئیسە بشۆم هیچ نەدارۆم باک
مەتەرسوم تورکان شای ئەفراسیاب ببۆن خەوەردار بە تەعجیل و تاب
بشان بە زیندان بێژەن دەر زەمان بووڕن سەرش بە تیغ بێ ئەمان
ئەگەر بو بەیتەور باتڵ مەبۆ کار مبیم وە سەرژان واتەی رۆزگار
ئیسە مەوینۆم جە روی عەقل و فام ئەی کار خاستەرەن بەی تەور بۆ تەمام
مەر چون خواجەگان قەدیم رۆزگار قەتارێ بە رەسم توجار کەرۆم بار
جەو دما بە حەول تاک تەنیای فەرد وە هەمڕای چەند مەرد گوزیدەی نەبەرد
بشۆم بەو مەکان شای ئەفراسیاب پەرێ عەرزەی دوڕ و دانەی بێ حساب
ئیسە بە تەوفیق گەردانای گەردون بشۆم بەو مەکان تا چون مەبۆ چون(576)
کەیخەسرەو شنەفت شادی نمانا گەوهەر ئەفشان کەر ئافەرین وانا
سەحەر چون خورشید سەر کەرد نە بەرزان سپای شەو دەردەم بی وە گورێزان
رۆسەم نە گەنج خاسەی شەهریار ئاوردش کاڵا و گەوهەر بە خەروار
سەد سنوق تەمام توحفەی دڵ پەسەند جیا کەرد نەو گەنج دانای هونەرمەند
سەد سنوق حەریر و دێبای زەڕنیگار هەم چەنی و گەوهەر دانەی مایەدار

بیجادەی زەڕباف چینی کەرد تەیار　　کۆ کەرد نە سنوق نیهانی قەتار
قەتارێ بە ڕەسم توجارانی چین　　تەیار کەرد نەو گەنج خاسەی بێ قەرین
چەند پەهلەوانان خاوەن عەقڵ و فام　　گوزین کەرد بە وێش پور زاڵ سام
زەنگە شاوران و چەند تەن خاوەن نام　　بە وێنەی گستهم و بهرام و روهام(585)

نمونە 5: خۆگۆڕین
ڕۆستەم بە ناوی بازرگانی گەوهەرەوە ئەچێتە وڵاتی توران و، هەر واش خۆی بە خەڵک ئەناسێنێ. مەنیجەش کە ئەچێ بۆ سەردانی ڕۆستەم، هەواڵی بێژەنی بۆ باس ئەکا و، هەواڵی ڕۆستەم و پاڵەوانەکانی ئێرانی لێ ئەپرسێ کە بۆچی لە بێژەن ناپرسنەوە، ڕۆستەم سەرەتا خۆی لێ ئەگۆڕێ و ئەڵێ:

(670) بەرشو نە مابەین دەروازەی حەسار　　نام تۆ گوم بو نە روی ڕۆزگار
نام من بەهرام گەوهەرفرۆشەن　　کەسێ چە پەروای فریایی تۆشەن
پەرێ تیجارەت ئاما بە توران　　چەنی و بێ خەوەر جە شاری ئێران
نە ڕۆسەم، نە زاڵ، کەس نەدیم وە چەم　　نە توس، نە گودەرز، چەنی و گستەهەم
من گەوهەرفرۆش مەردی بێ تاوان　　بێزارم جە نام ڕۆسەم فراوان

ڕابواردنی دنیایی

لەم داستانەدا ڕابواردنی دنیایی بەشێکی ئاسایی ژیانی چینی سەردەمی کۆمەڵ: شا، شازادەکان، سەرکردە جەنگیەکان، پاڵەوانەکان... بوە. لە کۆڕی دانیشتنەکانیان دا، بەشینەوەی گەوهەر و گەنج، گێڕانی ئاهەنگ و زەماوەن، گۆرانی و ژەندنی ساز و ئاوازی مۆسیقا، خواردنەوەی شەراب و سەرخۆشی، نۆشینی بادە و مەی و مەستی، جموجوڵی کەنیزەک و بەزمی شەوانە، بەشێ بوە لە ڕابواردنەکانیان.

نمونە 1: زەماوەندی سەرکەوتن
بێژەن لە دوای ئەنجامدانی کارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ لای گورگین و لەشکر و، بە بۆنەی گەڕانەوەی سەرکەوتوانەیەوە بەزمێکی شەوانە ساز ئەکەن:

(95) یاوا بە گورگین و لەشکر بێ مدار　　ئامان وە پێشواز پەهلەوان کار
پیا بی جە پشت دەونده سەمەند　　لادێ نیشت وە بان کورسی دانەبەند
سیلاحی ڕۆی جەنگ کەردەوە جە وێش　　گۆش دا وە ئاواز، سازانی دڵکێش
بەزمێ بە سەد ناز ئەو شەو نیاشان　　لادێ کەم نەبی بادە جە لاشان(97)

(113) هەر ساڵ کناچەی شای ئەفراسیاب　　مشۆ وە سەیران باغچەی بۆ گوڵاب
زوڵفان عەمبەرەن، مەنیج نامشەن　　چەند هەزار شاهان گرفتارشەن
منیشۆ وە بان کورسی زەڕنیگار　　گۆش کەڕۆ بە دەنگ ساز مۆسیقار
گاه وە چەند کەنیز باڵا نەونەمام　　مەکەڕۆ سەیران باغچەی عەمبەر فام
ئەگەر بوینی بەژن و باڵاشان　　شاد مەبی وە دین خاڵی ئاڵاشان
گاه مەیلی گوڵگەشت دڵنەوازیشەن　　گاه عەزمی سەیران چەوگان بازیشەن
گاه مشۆ نە سەحن چناران بەرز　　گاه تەرتیب مدی زوڵفان شەوتەرز

هەر رۆ تا شەوان منیشۆ بە ناز جەو دما تەرتیب مدۆ لوا باز(!)

(135) شنەفتەن بە گۆش سەدای ساز تەرز مەخێزا نە سەحن چناران بەرز
ئاما بە گوفتار گورگین بێ شەرم واتش وە بێژەن بە ئاوازی نەرم
ئیسە وەختی بەزم ساقی و شەرابەن شادی کناچەی ئەفراسیابەن
سا تۆ خاستەرەن ئیسە وە پێوار راهی بیت وە عەزم باغچەی عەمبەربار
ئەوسا مەوینی بەژن و بالّاشان سەر مدی وە دین خالّی ئالّاشان

نمونە 2: بەزمی شەوانە

پالّەوانەکانی ئێران سەرەڕای بە سالّاچون و پیری لە بەزمی خواردنەوەی بادە و رابواردن لە گەلّ کەنیزەکە جوانەکانی دەربار و دیوانەکانیان بە جێ نەماون:

(543) داخلّ بی وە بەزم بادە بە زەرور ساقی گرت بە دەس پیالّەی بلور
چەند جە کەنیزان گێسو نە سەر دۆش نەرگس جەمینان، دانەی دوڕ نە گۆش
مەژەندەن بە سۆز سازان دلّگیر تا گیو پەی فەرزەند نەنیشۆ زویر

نمونە 3: شا و پالّەوانەکانی

رۆستەم لە زابولەوە، بە دەم پەیامەکەی شاوە لە گەلّ گیو بە رێ کەوتوە بۆ دەرباری شای ئێران. شا پێشوازیان ئەکا، پاش کرنوش بردن و دەربڕینی ملکەچی، شا بە خۆشی ئەوانەوە بەزمی شەوانە ساز ئەکا:

(549) گیو و پیلەتەن، پا نیان نە رکاو ئامان بە ئێران بە تەعجیل و تاو
هەردوشان بە رەسم زەمانەی وەرین رومالّان نە خاک پای شای بێ قەرین
سوجدە و سەلام کەرد شێری هونەرمەند شاه سەلامش سەند شیرینتەر جە قەند
کەیخەسرەو چون دا بە رۆسەم جواو ئاخێز کەرد جە بان کورسی بۆ گولّاو

واتش: "پەهلەوان وەش ئامای بەی جا
ساکن بە جە رەنج کۆهساران و را"
پرسا جە رۆسەم شای رۆشەن زەمیر:
"چۆنەن، چ تەورەن خەستە زالّ پیر؟"

رۆسەم جە گوفتار شای ئەختەر جەناب کەردش ئافەرین، سەنای بێ حساب:
"هەرتاکە دەوری عالەم بو بە فەڕ بمانی وە شاد نە روی تەختی زەڕ"
جە تایفەی دەستان شاه پەرسا حەوالّ فلامەرز شێر هەم زوارەی زالّ
دەسش گرت بە دەس نشاناش بە ناز مەجلیس بەرپا کەرد نیاش بەزم ساز
بانگ نۆشانۆش جورعەی جام مەی خێزا سەدای ساز نالّەی دەف و نەی
پشت دان وە پشتی، گۆش دان وە سرود سوچاشان بە شاد چەند مەجمەرەی عود
ئەو شەو بە شادی دلێران تەمام فاریغ بین جە دین پور زالّ سام(561)

نمونە 4: بەزمی شەوانە

بە بۆنەی گەڕانەوەیان لە تورانەوە بە سەرکەوتویی بەزمێکی شەوانەیان ساز کردوە:

(944) یەک یەک دڵێران کەمەربەستەی جەنگ تەک دان وە پشتی دێبای عەجەب ڕەنگ
زەمزەمەی سازان ئەو شەو نیاشان کەم نەبی شەراو، کەواو جە لاشان

خۆشەویستیی جەستەیی

پەیوەندی مەنیجە لەگەڵ بێژەن خۆشەویستییەکی جەستەییە، کە یەکتری ئەبینن حەز لە یەکتری ئەکەن. مەنیجە حەز لە بێژەن ئەکا، بێژەن حەز لە مەنیجە ئەکا، ماچوموچ ئەکەن، باڵایان لە یەکتری ئەئاڵێنن، پێکەوە شەراب ئەخۆنەوە، پێکەوە ئەنون:

(160) شی وە لای بێژەن نە ڕوی نازەوە سەر نیاش وە بەرگ دڵان وازەوە
چون ئاوات وازان نیشت نە سەرینش بماڵا بە شاد خاک نە جەمینش
لادێ بە دڵواز ساکن بی وە لاش بە پەنجەی ڕەنگین دەس دا نە گۆناش
بێدار بی نە خواو شێری نامدار چەنی و نیگاش کەرد سەراسیمەوار
دییش کە کەنیزان خاڵان لاجیوەرد سەف بەستەن جە لاش چون شەمامەی زەرد
وە جامەی ڕەنگین دێبای زەرئەفشان دەس وە بان دەس نەو بەر نەمامان

(178) شەرح حاڵ وێم سا پەرێت واتم ئا مەن کە میمان یانە و دەرگاتم
سا کە ئید شنەفت خاڵان لاجیوەرد پەرێ ئەو جە دڵ کێشا ئاهی سەرد
دەسش گرت واتش نور دیدەی من هۆرێزە جە خاک بەرگوزیدەی من
بۆ وە بان فەرش لادێ بە دڵواز گۆش بدەر وە دەنگ جگەرسۆز ساز
جامێ جە بادەی سافی بۆ عەمبەر بنۆشیم نە دەس ساقی سیمین بەر
جەو دما بکەر هەرچی ڕەزاتەن ئەر شەو مەمانی وەر عەزمی ڕاتەن
هۆرێزاش نە جا سەوڵ خەرامان بەر شی نە مابەین نەوبەر نەمامان
بردش نە کەنار حەوزی مەڕمەڕ کار نیاش نە بان کورسی زەرنیگار
جە ڕوی خەمزە و ناز نیشت وە لاشەوە وێش مەدا بە گرد خاک پاشەوە
فەرما کەنیزان باڵا نەونەمام باوەرۆن پەرێش بادەی عەمبەرفام
لادێ بەی دەستور سازان مەژەندەن کەنیزام مەقام تورکی مەوەندەن
جە دمای بادە چون بی وەختی شام کەردشان نە دڵ ئاواتی تەعام
دەس کێشان بە خوان تەعام بی مدار وەردشان تەعام، میوەی خۆشگەوار
بەڵێ مەنیجەی شای ئەفراسیاب نهانی جە عەشق ئەو بی دڵ کەباب
دڵ بداش نە ری سەودای خەیاڵان خەم ئاما شادیش گشت دا بە تاڵان
فەرما بە ساقی بادەی ئەرغەوان باوەر بە تەعجیل پەرێ پەهلەوان
ساقی ماوەردش، بێژەن مەنۆشا جە مەسی شەراو گەهگاه مەجۆشا
سەر نیاش وە بان کورسی بۆ گوڵاو پەی قەزای تەقدیر دیدەش شی نە خواو(195)

(225) گاه بۆسەی لەبان زولالی بێ گەرد گاه دەس نە مابەین شەمامانی زەرد

هەڵسەنگاندن

یەکەم،

داستانەکە هەموی گێڕانەوەی روداوەکانە بە جۆرێکی سادە و بە زمانێکی سادە، کە رەنگە لە تێگەیشتنی گوێگری سادەوە نزیکتر بێ تا ئەدیب و خوێندەواری ئەدەبدۆست. وشەکانی لە زمانی گفتوگۆی ناوچەی ژیانی شاعیر نزیکترە تا زمانی بەرزی ئەدەبی.

دەیان وشەی بێگانە، بە تایبەتی عەرەبی، بەکارهێناوە و، کە هاوتایان لە زمانەکەی خۆی دا باوترە لەوان، هەندێکیانی دەسکاری کردوە بۆ ئەوەی لە گەڵ زمانەکەی خۆی، یان لە گەڵ قافیەی شیعرەکەی دا، بیانگونجێنی.

هەندێ جار پیتی بائی کردوە بە واو، یان بە پێچەوانەوە، لەوانە: رکاو: رکاب. خبر: خەوەر. صبر: سەور. مەتڵەو: مطلب. ئەفراسیاو: ئەفراسیاب. کەباب: کەواو. جواب: جواو. گلاب: گوڵاو.

هەندێ جاری تر پیتی تائی لە هەندێ وشە قرتاندوە، وەکو: مەست: مەس. دەست: دەس. شەست: شەس. قەست (قەصد): قەس...

دانەر ناوی هەندێ لە چەکی جەنگی سەردەمی زو ئەهێنێ کە بێژەن لە کوشتنی بەرازەکان دا و، گرسێوز لە گرتنی بێژەن دا و، رۆستەم لە رزگارکردنی دا، بە کاریان هێناون، وەکو: خەفتان، کەمان، تیر، شەست، پەیکان، شمشێر، گورز، مەودا، خەنجەر، کەمەند، چوماخ... لای خوێندەواری ئەم سەردەمە نەناسراون، ئەم داستانە بە زیندویەتی ئەیانهێڵێتەوە.

دووەم،

سەرمایەی زمانەوانی دانەر دەوڵەمەن نیە، هەندێ وشەی دەیان جار دوبارە کردۆتەوە. هەرچەندە بۆ بابەتەکانی ئەو ئەشیا وشە و زاراوەگەلی زۆرتری بۆ رازاندنەوەی بەکاربهێنایە، چونکە لە هەمان لەهجەکەی ئەودا فەرهەنگی زمانەکەی لەو بوارانەدا نەک هەژار نیە بەڵکو دەوڵەمەندە، بە تایبەتی وەسفی بینا و کۆشکەکان و، وەسفی ئاهەنگەکان و، راوەبەراز... بۆ نمونە:

جەنگی خوگان

جێمان پڕ جە باغ، بێشە و سەراوەن — جەو لامان وڵات ئەفراسیاوەن
ئیسە جەو مەکان پڕ جە کشتکار — چەند هەزار خوگان مەلعون مردار
چەند باغ و بوستان مەزرەعەی سالّان — هۆرکەندن جە بێخ گشت دان بە تالّان
چەند سالّەن بە دەس خوگان زەبونیم — بێزار جەو مەکان ئاوارەی تونیم
ئومێد هەن جە لات، خاوەن تەخت و تاج — چێشەن دەوامان؟ بنانە عیلاج(30)

گورگین بەدزات شوم ناپەسەند — واتش بەو فرزەند گیوی هونەرمەند
تۆ دانەی یاقوت شاهی بەردەنی — تۆ ئاواتی جەنگ خوگان کەردەنی
ئا من چەنی و پیر ئوفتادەی هەژار — بێزار جە رەزم و عەرسەی کارزار
بێژەن پور گیو ئید ئەژنی بە گۆش — نە دەرون جۆشا و بەرئاورد خرۆش(78)

پا نیاش رکاو جەهەندەی تەیار — لوا بە دەربەند بە تەنیا سوار
یاوا بە وارگەی ناهەمواره و چۆڵ — ئەو بێشەی عەزیم ماوای دێو و غول

چەند هەزار خوگان درندەی لەعین — نەو بێشەی عەزیم گرتە بین کەمین
کێشا بانگی سەخت پور گیوی پیر — تاو دا بە خوگان درندەی دلێر
تەمامی خوگان خرۆشان جە بیم — خێزا جە دەربەند زایلەی عەزیم
جە نەعرە و جە زەرب ئەو باهو و شمشێر — جەو جەرگەی خوگان درندەی دلێر
وەرازێ بە توند رو نیا پەی جەنگ — تاو دا وە بێژەن زشتێ سیاە رەنگ
دو کەڵوەی هونرێز خوگی خەتەرناک — هۆردڕی خەفتان بەوری سینەچاک
بێژەن نە غیلاف کێشا تیغی کین — بداش نە کەلەی خوگی سەهمگین
وە زەربی شمشێر سەرش جیا کەرد — ئەندامش بەو تیغ چون تۆتیا کەرد
دەس برد پەی کەمان بێژەن بێ مەدار — رەها کەرد نە شەس پەیکان بێ شمار
چەند لاشەی وەراز چون کوهی خارا — نە واران تیر کەفت نە روی سارا
گاە بە زەربی گورز جەنگی بێ سامان — گاهێ هەم بە زەرب مەودای بێ ئامان
ئەو رۆ وێنەی شێر نە وەخت شکار — غەڵتان کەرد نە خاک وەرازان هەزار
یەکایەک کەڵوەی خوگان بێ درەنگ — دلێر بێ باک بشکاناش بە سەنگ
بەستشان بە تەرک بارەی سیاوە — سوار بی و دەر لاد شی وە دماوە(93)

دانەر ئەیتوانی سیناریۆی راوەبەراز، کە دەروازەی داستانەکەیە، لە روی هونەری راو و شکار و لە روی فەرهەنگی زمانەوە زۆر لەمە جوانتر برازێنێتەوە و، سەرنجی وەرگر رابکێشێ. لە کوردەواری دا راوەبەراز وەکو سەرگەرمی چینی سەرەوەی دانیشتوانی لادێ و، بەرازکوشتن وەکو خەمی جوتیار بۆ پاراستنی کێڵگە و باخەکانی لە زەرەر و زیانەکانی، لە کۆنەوە نەریتێکی باو بوە، هەر لە بەر ئەوە بە چەندین جۆر راو ئەکرێ و ئەکوژرێ و، چەندین وشەی تایبەت بەم گیاندارە هەیە. "یەکانە" بۆ بەرازی نێر و "مالۆس" بۆ مێکەی و، "پەڵخ" و "بزەڵە" و "کودەڵە" بۆ بەچکەکانی و، "شفرە" ی سەر لوتی کە بۆ هەڵکەندی زەوی و بۆ شەڕ بە کاری ئەهێنێ، لە ناوە زۆر بڵاوەکانێتی، کەچی ئەم تەنیا وشەکانی "وەراز" و "خوگ" و "کەڵوە" ی چەندین جار لە هەڵبەستەکانی دا دوبارە کردۆتەوە.

سێیەم،

داڕشتنی داستانەکە قۆناغ بە دوای قۆناغ دا دێ. پاش و پێش و، رووداوی ناکاو و کتوپڕی تێدا نیە. وەرگر ناچار نیە بیر بکاتەوە، بۆ ئەوەی رووداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە، لە خۆیەوە هۆکاریان بۆ بدۆزێتەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکا. سۆزی بە کوڵ و خرۆشانی دەرونی و، وێنەی شیعری کەم تێدایە.

چوارەم،

داستانەکە لە داهێنانی دانەر نیە، هەروەها گێڕانەوەی سەرگروشتەیەکی فۆلکلۆری کوردەواری نیە، بەڵکو وەرگێڕانی بابەتێکی شانامەی فیردەوسیە. هۆنەر هونەرێکی گەورەی نواندوە لە وەرگێڕانی داستانەکەدا، بەڵام فیردەوسی لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا ئەم داستانەی هۆنیوەتەوە و، ئەمیش لە سەدەی دوانزەهەمی کۆچی دا وەری گێڕاوە بۆ کوردی، کەچی لە دوای هەشت سەدە، وەرگێڕی کوردی، لە سازکردنی شانۆی رووداوەکان و، لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی دا، نەیتوانیوە نوێکردنەوەیەکی ئەوتۆیان تێدا بخولقێنێ، وەرگر سەرسام بکات. هۆنینەوەی داستانەکە بەکوردی گۆرانی ناگاتە ئاستی هۆنینەوە فارسیەکەی.

پێنجەم،

تایبەتمەندی سەرەکی داستانی "مەنیجە و بێژەن" کۆتاییە خۆشەکەیەتی کە جیای ئەکاتەوە لە هەمو داستانە ناسراوەکانی تر. داستانەکانی "شیرین و فەرهاد" و "لەیل و مەجنون" و "مەم و زین" کۆتاییەکەیان کارەساتی تراجیدی خەماوەرە، داخ و خەم و بەزەیی لە دەرونی وەرگردا دروست ئەکا، لە کاتێک دا داستانی "مەنیجە و بێژەن" بە شادی و خۆشی و بە یەک گەیشتنی دڵدار و دڵخواز کۆتایی دێ. ئەمەش خۆشی و گەشبینی و ئومێد لە دەرونی وەرگردا ئەخولقێنێ. لەم داستانەدا ژیان هەمیشە زیندان و، دنیا هەمیشە دۆزەخ نیە، بەڵکو ئەشێ بەشێ لە ژیان ئازادی و بەشێ لە دنیا بەهەشت بێ.

داستانی جەنگی
(نادرنامە وەک نمونە)

ژیانی میرزا ئەڵماس خان
دەربارەی ژیانی ئەڵماس خان و نازناوەکانی هەندێ بۆچونی جیاواز هەیە:

ئەمین گوجەری "شاهۆ" لە پێشەکی "حیکایەتی شیرین و فەرهاد" ا ژیانی ئەڵماس خان ئەکا بە دو قۆناغەوە:
قۆناغی یەکەمی ژیانی سالانێک بوە کە ئەفسەر بوە لە سپای نادرشادا، بەیداخداری تیپی سنە بوە. لە شەڕی نادر و تۆپاڵ دا، لە بەر هەر هۆیەک بو بێ، ئالاکەی کەوتوە لە ئەنجامی ئەوەش دا هێزەکەی نادر دەسیان لە شەڕ هەڵگرتوە و شەڕەکەیان دۆڕاندوە لە سەر ئەوە نادر سزای داوە، خەساندویەتی و لە گەڵ کچەکانی دوری خستونەتەوە بۆ کوێستانی کەندولە.
قۆناغی دوەم دوای ئەوەی لە سپای نادر دەرکراوە لە گوندی کەندولە کە نزیکی کرماشانە نیشتەجێ بوە. پاشماوەی ژیانی بە هۆنینەوەی شیعر و لێدانی تەنبورەوە بە سەر بردوە.
بە پێی بەدواداچونی گوجەری بۆیە ئەڵماس خان بە وەجاخ کوێر دانراوە چونکە کوڕی نەبوە، ئەگینا 3 کچی هەبوە و، نەوەیان لێ کەوتۆتەوە.

شوکور مستەفا لە پێشەکی "نادرنامە" دا هەندێ زانیاری بە دەستەوە ئەدا کە:
"سەرهەنگ ئەلماس خان خەڵکی کەنوولەی سەر بە گوندەکانی کرماشانە. لە سەروبەندی نادرشای ئەفشاردا (1148-1160) دا ژیاوە و یەکێ لە ئەفسەرانی لێهاتو، کارزان، دەست و دڵپاک و دلێری دەستگای والیی ئەردەڵان بوە. لە شەڕێک دا، کە دە نێوان سپای نادر شا، بۆ بەغداد داگیرکردن و سپای عوسمانی دا لە گوێی چۆمی دیجلە و نزیک شاری سامەڕا، روی داوە. هێزی پێشەوەی بەرەی لەشکری نادری، جەنگاوەرانی ئۆردوی والیی ئەردەڵان بون و لە ژێر فەرمادەیی ئەڵماس خان دا جەنگیون. سەرهەنگ ئەڵماس خان و سەربازانی لەم شەڕانەدا مەردانە و مێرخاسانە شەڕیان کردوە و مێرخاسانە بۆ لەشکری نادری رێگای پێشکەوتنیان

کردۆتەوە. بەڵام پاش گرتنی بەغدایێ و دوایی هاتنی شەڕ. لە سۆنگەی دڵشکانی لە خانی ئەردەڵان، بۆ کەنولە دەگەڕێتەوە و تا دوا هەناسەی تەمەنی خانەنشین دەکرێ."

بە وەجاخ کوێری مردوە، منالّی لە پاش بە جێ نەماوە (شوکور مستەفا:8-9)

شوکور مستەفا: نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە: 33، هەولێر، 2000.

سدیق بۆرەکەیی لە بەرگی دوەمی "مێژوی ئەدەبی کوردی" دا باسی چوار کەس ئەکا بە ناوەکانی:

ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی (1118-1191) ب 2/ 28-33.

ئەڵماس خانی کوردستانی (1165-1227) ب 2/ 34-42.

خان ئەڵماسی لوڕستانی (1072-1138) ب 2/ 19-25.

خەلیفە ئەڵماسی گەزەردەرەیی (1220-1305) ب 2/ 91-95.

بۆرەکەیی هەندێ زانیاری لە سەر نوسەری "نادرنامە" بە دەستەوە ئەدا، بە پێی نوسینەکەی ئەو:

ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی لە ساڵانی 1118 – 1191 ژیاوە. لە تەمەنی 73 ساڵی دا مردوە. لە گوندی کەندۆڵەی سەر بە کرماشان لە دایک بوە، هەر لەوێش مردوە و نێژراوە.

بۆ خوێندن چۆتە کرماشان و ئەسفەهان و شیراز، ئەوسا چۆتە ناو لەشکرەکەی نادر شاوە (1148-1160 ک) بۆتە سەرۆکی هەنگێک و پاشان لە شەڕی نادر و تۆپاڵ دا هاوبەشی کردوە. لەو شەڕەدا شکاوە. نادر لە سەر ئەوە لێی توڕە بوە و تەمێی کردوە گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی. پاشماوەی ژیانی بە کشتوکاڵ و هۆنینەوەی هۆنراوە بردۆتە سەر.

گوجەری و بۆرەکەیی بە میرزا ئەلماس خانی کەندولەیی و شوکور مستەفا بە میرزا ئەلماس خانی کەڵهوڕ ناوی ئەبەن. هیچ کام لەم نوسەرانە، بۆ سەلماندنی زانیاریەکانیان، ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەکی پشتپێبەستراو نادەن و، ناوی هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نابەن.

لە سەردەمی نادر و دوای خۆی دەیان کتێبی گرنگ سەبارەت بە ژیان و لەشکرکێشی و حوکمڕانی و، گفتوگۆ دیپلۆماسیەکانی لە گەڵ روسیا و عوسمانی، نوسراوە، بەڵام لە هیچ کام لەو سەرچاوانەدا، تا ئێستا نەبیستراوە، باسی ئەڵماس خان وەکو سەرکردەیەکی جەنگی کرا بێ، کە پێشەنگی هێزەکانی نادر بوبێ بۆ گرتنی بەغداد.

چەندین مێژوی ئەردەڵان لە لایەن چەندین نوسەرەوە نوسراوە، هەمویان باسی نادر شا و، چونی بۆ سنە و، گۆڕینی والیەکانی و، بەشداری هێزەکانی ئەردەڵانیان کردوە لە لەشکرکێشیەکانی نادر دا، بەڵام کەسیان ناوی کەسێکیان بە ناوی ئەڵماس خان نەهێناوە.

ئەلماس خان خۆی لە "نادرنامە" دا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکا:

لە سپاکەی نادردا سەرهەنگ یا فەرماندەی هێزی ئەردەڵان بوبێ، بگرە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکا بەشداری لەشکرکێشی و شەڕەکانی نادر بوبێ.

هەروەها هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکا بە دڵشکاوی سپای بە جێ هێشت بێ و گەڕابێتەوە زێدەکەی خۆی و، هیچ ئاماژەیەک ناکا بۆ ئەوەی لە لایەن نادرەوە سزا، چ جای سزای قورس، درا بێ.

بەرهەمەکانی

ئەمین گوجەری "شاهۆ" لە پێشەکی "شیرین و فەرهاد" ا کە باس لە بەرهەمەکانی ئەڵماس خان ئەکا ئەڵێ نزیکەی 25 دانراوی هەیە کە زوربەیان داستانەکانی شانامەن بە شیعری دەهیجایی کردونی بە کوردی لەوانە: لەیلا و مەجنون، خورشید و خەرامان، بیژەن و مەنیژە، یازدە رەزم، برزونامە، سیاوەش نامە، نادر و تۆپاڵ، خاوەران، رۆستەم و زۆراب، رۆستەم و ئەسفەندیار، زوحاک و کاوەی ئاسنگەر، هەفت لەشکر، جەنگی هەفت ساڵەی رۆستەم لەگەڵ بەوری بەیان، شیرین و فەرهاد، رۆستەم و ئەشکەپوس، فەرامورز و میهراب شا، برزو فولادوەند، رۆستەم و نەهەنگ جەمجەم.

بۆرەکەیی جگە لە "نادرنامە" کە ئەڵێ نزیکەی پێنج هەزار بەیتە، ناوی چەند داستانێکی تر ئەهێنێ، لەوانە: کەنیزەک و یازدە رەزم، خورشید و خاوەر، شەماڵ و زەلان.

شوکور مستەفا جگە لە "نادرنامە" ناوی هەندێ دانراوی تری ئەڵماس ئەبا، لەوانە: خورشید و خەرامان و هەفت پەیکەر.

د کەمال فوئاد لە باسی دەسنوسەکانی کتێبخانەی ئەڵمانیا ئاماژە بە چەند دەسنوسی دانراوەکانی ئەڵماس خان ئەکا لەوانە: نادرنامە، شیرین و فەرهاد، گوربە و موش، هەروەها چەندین قەسیدە و غەزەل.

لە ناو ئەو هەمو بەرهەمە زۆرەی ئەڵماس خان دا، ئەوەی من ئاگاداری بم، تا ئێستا تەنیا دو لە دانراوەکانی بڵاوکراونەتەوە، کە ئەمانەن:

امین گجری "شاهو": حکایت شیرین و فرهاد اثر میرزا الماس خان کندولەای، تصحیح، مقابلە، شرح احوال شاعر، انتشارات سینا، قم، (1373)

شوکور مستەفا، نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ: بە رێنووسی کوردیی باوی ئەمڕۆ نووسینەوە و فەرهەنگۆک بۆ دانانی شوکور مستەفا. هەولێر، 2000.

باسەکەی ئێرە لە سەر ئەم بەرهەمەیانە.

نادرنامە

سەرەتاکەی بەم جۆرە دەس پێ ئەکا:

قەییوم قادر! قەییوم قادر
قادر قودرەت قەییوم قادر!
حەکیم رازق حەکوم حەیدەر
سەڕاف سکەی سەد سکەندەر
بەمجۆرەش کۆتایی پێ هێناوە:

یا حەق تۆ حقوق حەق ناسەنی — کارساز کارەی کەم کاسەنی
رەهنمای رەهبەر راگەی راسەنی — بێزار جە بەدان خاس شوناسەنی
قادر قودرەت بێ قیاسەنی — ئاگاه جە وەسواس ئەلخەناسەنی
حاڵ زان رازی بەین باسەنی — عەدڵ عەدالەت بێ هەراسەنی
بینای بێ بەدەل بێ هەراسەنی — حەق سان حەق جە قەساسەنی
خالیق مەخلوق یانەی ناسەنی — خەبەردار خاک خوب خاسەنی
مەعبود مەوجود وە ئیخلاسەنی — خەبەردار حاڵ خان ئەلماسەنی

یا حەق وە حاجەت ئیسم عەزیمت وە چەهار کەلام ئایەی کەلیمت
ئەوەل مەخلوقات نەجات دەی جە نار دەویدم خان ئەڵماس دایم عیصیانبار
یا رەب وە حاجەت ئەحمەد موختار یا رەب وە حاجەت شای دوڵدوڵ سوار
یا رەب وە حاجەت دو دیدەی نمین وە ئاب دیدەی زەینەلعابدین(276-277)
هەزاران درود، هەزاران سەلام
زو ما بەر محەمەد علیه السلام

خۆی وەڵام ئەداتەوە کە دنیا، جگە لە خوا خۆی، بۆ کەس نامێنێ. ئینجا ئەپارێتەوە کە خوا زەینی رون بکا بۆ ئەوەی باسی نادر بهۆنێتەوە.

بەڵێ ئەی بەندەی کەمتەر جە بەندەت عاسی عەیان بار شومی شەرمەندەت
ئومێدی ئێدەن دەرگای پڕ کەرەم نە دەرگای داوەر، دێبای پڕ درەم
خاترم خاڵی خار خەیاڵ کەی!
ئایینەی عەینم دایم زوڵاڵ کەی!
جە دەرد دەوران دنیام بێ غەم کەی!
دەرونم وە شەوق شەفافی شەم کەی
شەهدم جە شەربەت سەبری سابیر کەی
رێزانی رازام وە جەواهیر کەی!
بواچون سەنای سان سەرمەستان
بمانۆ جە یام پەرێ داستان
نەزمێ جە نەبەرد نادر یاد کەریم
رۆحش جە لارەی لەحەد شاد کەریم
واچون شەرحی حاڵ شکەستەی نایافت
پەرێ بەزمی رەزم نادرەی نایافت(!)
سەنای جە سفەت سانی سینە چاک
چون گەنجی گەوهەر نمانۆ نە خاک
بزانان ماندەی خەیاڵان خام
چەند سەردار سەخت ویەردەن جە ئەیام(16)

ئەڵماس خان ئەچێ بۆ سەیران. رێی ئەکەوێتە کەناری قەڵای قەندەهار. ئەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی. سەرەتای داستانەکەی دەس پێ ئەکا:

سەیرانی سارا
رۆژێ وە عەزمی سەیرانی سارا
وە ئەمر ئومور دارەندەی دارا
رۆحم جە رەوەند راگەی ویارا
دیم قەدرێ قەلعەی قەڵای قەڕنی قاڵ
ماندەی زەمانەی کۆهنەی کۆهنە ساڵ(17)

قەڵا دیدەنیەکانی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە و، باس ئەکا چەند گەورە و سەرداری دیوە تا دێتە سەر نادر شا. ئینجا بە زمانی قەڵاکەوە ئەکەوێتە گێڕانەوەی بیۆگرافی نادر لە شێوەی داستان دا.

لە کۆتایی داستانەکەدا بە زمانی قەڵاوە ئەڵێ:

وێردەی ئەیام ئیدەن حەوالّم
دەای نادر شا وەی تەورەن حالّم
ها واتم پەرێت حەوالّان تەمام
حالّاتم ئیدەن، باقی وە سسەلام
شنەفتم حەوالّ ژە قەڵای بن زول
دود سۆی سینەم بەرشی ژە کابول(270)

چەند سەرنجێ لە تێکستە چاپکراوەکەی "نادرنامە"

"نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ"

شوکور مستەفا سالّی 2000 لە هەولێر "بە رێنوسی باوی ئەمڕۆ" نوسیوێتیەوە و "فەرهەنگۆک" ی بۆ داناوە و، بڵاوی کردۆتەوە.

شوکور مستەفا بە بڵاوکردنەوەی "نادر نامە" کارێکی گەورەی کردوە. داستانەکەی لە کونجی فەرامۆشی دەرهێناوە و زیندوی کردۆتەوە، بەمەش گەنجینەیەکی ئەدەبی پڕ لە گەنج و گەوهەری لە تاریکیەوە هێناوەتە بەر روناکی و، بۆتە سەرچاوەیەکی بە کەڵک، بۆ مێژونوسی ئەدەبی کوردی، بۆ لێکۆڵیاری زمانەوانی، جوگرافی، تەنانەت بۆ کارکەرانی بواری سۆسیۆلۆجی و ئەتنۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆجی. بەڵام ئەگەر بە چاوی رەخنەییەوە سەیری ئەم رونوسە چاپکراوە بکرێ:

یەکەم، لە بەر ئەوەی شوکور مستەفا زمانی ئەڵماس خانی باش نەزانیوە، رەنگە رونوسەکەی بەردەستیشی باش نەنوسرابێتەوە، ئەگەرچی خۆی نوسیوێتی کە داستانەکەی هێناوەتە سەر "رێنوسی باوی کوردی ئەمڕۆ" بەڵام لە زۆر جێگە وشەکان شێواون، یان وا نوسراونەوە مەعنایەکی تر ئەبەخشن، یان هەر مەعنایان نیە. هەڵەی چاپ یش بۆتە سەربار. هەندێ وشە پارچە بون. جگە لەمەش دەیان بەیت لەتێکی نوسراوە، لەتەکەی تری تەواو نەکراوە، یان بە هەمان قافیە زیاتر لە دەیان جار دوبارە بۆتەوە.

دوەم، شوکور مستەفا، لە نوسینەکانی دا چ وەرگێڕانەکانی و چ نوسینەکانی خۆی، تەنانەت لە پێشەکی ئەم کتێبەش دا، بۆچون و شێوەیەکی تایبەتی هەبوە لە دروستکردنی زمانی یەکگرتوی کوردی دا، لەمەش دا هەوڵی داوە، لە نوسینەوەی دا بە رێنوسەکەی خۆی، هەندێ وشە و رستە لە گەڵ کوردیەکەی خۆی دا بسازێنێ.

سێیەم، ئەم تێکستە پێویستی بەوەیە، لەگەڵ رونوسی تری نادرنامەدا بەراورد بکرێ، وشەکانی، رستەکانی، بەیتە ناتەواوەکانی، قافیە دوبارەکانی، راست بکرێنەوە. دەستی دەستکاری و گۆڕین، بەم تێکستەوە دیارە. لە روی زمان و، رێزمان و، رێنوس و، لێکدانەوەی وشەکانی پێویستی بە راستکردنەوەیەکی زۆر هەیە. میرزا ئەڵماس خان بەم داستانەدا دەرئەکەوێ، شاعیرێکی بە توانا و، رۆشنبیرێکی جوگرافی و مێژویی و جەنگی، خاوەن سەرمایەی زمانەوانی دەوڵەمەن بوە، هەندێ لە خەوش و لاوازیەکانی تێکستەکەی لە هی ئەو ناچێ، بەڵکو لە هی دەسکاری نوسەرەوەی رونوسەکانی دوای خۆی ئەچێ.

چوارەم، وەکو ئەمین گوجەری لە دوا لاپەڕەی چاپی "حیکایەتی شیرین و فەرهاد" ا ئاماژەی پێ کردوە، ئەویش "نادر نامە" ی ساغ کردۆتەوە و ئامادەی کردوە بۆ چاپ. بە پێی لێکۆڵینەوەکەی د کەمال فوئاد دو نوسخەی دەسنوسی "نادرنامە" لە کتێبخانەی ئەڵمانیادا هەیە و، نوسخەیەکی تریش لە کتێبخانەی نادرشادا لە شاری مەشهەد هەیە.

لە یەکێ لە نوسخەکانی ئەڵمانیا بەیتێکی تێدایە ئاماژە بە ساڵی دانانی نادرنامە ئەکا، ئەڵێ:

سنە هزار و سە پنجا و سە نە نبرد نادر آوردیم و سو

ساڵی هەزار و سێ جار پەنجا و سێ جار نۆ ئەکاتە ساڵی 1177 کۆچی.

بەراوردکردنی ئەم نوسخە جیاوازانە لەگەڵ یەکتری، لە چاپکردنەوەی داستانەکەدا، کارێکی زانستی باش ئەبێ.

پێنجەم، ئەمین زەکی لە "تاریخی کورد و کوردستان" دا و، عەلادین سجادی لە "مێژوی ئەدەبی کوردی" دا ناوی "نادر و تۆپاڵ" ئەبەن. وەکو دەرئەکەوێ "نادر و تۆپاڵ" و "نادرنامە" دو سەرناون بۆ هەمان داستانی دانراوی میرزا ئەڵماس خان.

کورتەی داستان

باسی هاتنی ئەفغان ئەکا و، باسی گەمارۆدانی ئەسفەهان و گرتنی شا سوڵتان حسەینی سەفەوی و کوشتنی و تاڵانکردنی دەربار و سەروسامانەکەی و ژن و کەنیزەکەکانی ئەکا. لە گێڕانەوەکەی دا هەوڵی داوە ئەفغان بە دڕندە و ستەمکار و، دەرباریانی شا و ئێرانیان بە گوناە و ستەملێکراو وێنا بکا.

شاە سوڵتان حوسەین نەوەی سەرفراز سەراسیمە سەر نە سوجدەی نماز
نەعرە کەردەن لێش ئەفغانی بێ دین دەورش دان حەسار دەس وە تیغی کین
ناسقەن باوەر و شهادەت ئیمان وارانن پێش دا حەربەی بێ سامان
گەردن جە ئەلماس کەردەن سەد پارە خێزیا جە گەردون نەزرەی نەزارە(24)
وە ئەلماس تیغ بڕندەی بڕان جودا کەردەن سەر سەرهەنگ دەوران
ئەفغان سکەی سەر شاحوسێن نە کەف نیان نە پای تەخت دیوان ئەشرەف
دەلنگ داوازان دلێران نوی دەستەڵات دەست بەگلەران نوی(!)
.....
جەو دما ئەفغان پەی دێبا و درەم سپای بێ سفەت رژیانە حەرەم
رۆز رەستاخێز، مەحشەر بی وە پا زایەڵەی زاری حەرەمخانەی شا
سەراپەردەی شا کەردەن سەرنگون زەلزەلەی زوڵمات یاوا وە گەردون
واوەیلا و رۆڕۆی تفڵانی ساوا سەداش وە سەمای هەفتەمین یاوا
زاریی زەلیلان، مەحبوبی دارا چەمەرەش جە چەرخ هەفتەم ویارا
کڵاوزەڕینان جامی جەم جەمین سەرپەنجەش نە دەست ئەفغانی بێ دین
بانوی بانوان پەروەردەی پەردە کێشان وە کێشان بەردەن وە بەردە
خاسە کەنیزان کۆی کڵاف زنجیر سپای ستەمکار بەردەن وە ئەسیر
سادە ساقییان سوراحی هەجەوەر شێران وە شمشێر جودا کەردەن سەر
مەحبوبان خاس حامیلەی زگپڕ شکەم شکاوان وە تیغی سەنگبڕ
گەنجی خەزێنە، تەڵا و تەخت و تاج قاپ و فەرش و مەرش بەردە وە تاراج

نەسڵی شا سەفی تەمامی جە تیخ بەردی بونیادش ئاوەردەن جە بیخ(26)

داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەفغانەوە هەلی بۆ عوسمانی ڕەخساندوە خۆیان بە میراتگری ئێران و شاکانی دابنێن و، بە دەرفەتی بزانن تۆڵەی رابوردو لە رافزیانی ئێرانی بکەنەوە. هێز ساز ئەکەن پەلاماری ئێران ئەدەن، لە ئەفغانیەکان خراپتر بە سەر ئێرانیان ئەهێنن. هێزەکانی عوسمانی و هێزەکانی ئەفغان بەرامبەر بە یەکتری رائەوەستن، ئەبێ بە شەڕیان. عوسمانی ئەشکێن.

هەندێ سەرنجی گشتی

یەکەم: وێناکردنی کەسایەتی نادر

داستانەکە بیۆگرافی نادرە، بە پێی گێڕانەوەی دانەر نادر کەسایەتیەکی جەنگاوەرە، لە پێناوی پاراستنی ئیران دا هەمیشە لە شەڕدا بوە، لە شوانێکی سوانکەرەوە بۆتە شایەکی مەزن و، بەرامبەر بەوانەی ئەم سەروەریەیان بۆ پێکەوە ناوە سپڵە بوە، لە سەر پچوکترین سەرپێچی بێ بەزەییانە چاوی دەرهێناون، خەساندونی، دەست و پێی بڕیون، کوشتونی. بەڵام داستانەکە لە هیچ کوێیەکی دا توخنی لایەنە تایبەتیەکانی کەسایەتی و دیوی ناوەوەی ژیانی نادر نەکەوتوە، بۆ نمونە سەرچاوە میژوییەکان ئەڵێن:

نادر، لە پۆشینی جلوبەرگ دا سادە بوە.

لە خواردن دا چڵێس و زۆرخۆر نەبوە، بە زۆری بریشکەی نۆکی برژاو لە گیرفانی دا بوە.

شەوانە چەند پیاڵەیەک شەرابی خواردۆتەوە.

تا رادەی چاوچنۆکی حەزی لە زێڕ و زیو و خشڵ و کۆکردنەوەی پول و پارە کردوە.

زۆری حەز لە ئافرەت بوە. وەکو ئەڵێن تا چەند سالێ پێش مردنی هەر شەوەی کچێکیان بۆ بردوە، هەرچەند ئەمە لەوانەیە هەوالێکی دروستکراو بێ، بەڵام لە کۆتایی ژیانی دا 33 ژنی هەبوە.

لە نادرنامەدا باسێ لەمانە نیە.

بڕوانە: مریـم نژاد اکبری مهربان، نادر شـاه و سلسله افشار، تهران، کتاب پارسه، 1386. ل 106.

دوەم: وێناکردنی کەسایەتی ئێرانی

بەشێکی زۆری شاهنامەی فیردەوسی ناکۆکی ئێران و توران ئەگێڕێتەوە. ئەیەوێ سەروەری و گرنگی ئێران و دەبدەبەی شاهەکانی و، قارەمانێتی پاڵەوان و لەشکرەکانی زل بکا.

ئەڵماس خان نادرنامەی لە شانامەوە وەرنەگرتوە، ئەگەرچی لە داڕشتن و زمان دا، لە ستایلی هۆنینەوەی بابەتەکەی دا، نەگەیشتۆتە ئاستی فیردەوسی، بەڵام بە هەمان گیانی ئێرانیانەی فیردەوسی داستانەکەی خۆی هۆنیوەتەوە:

وروژاندنی سۆزی ئێرانی بون، گیانبازی لە پێناوی سەروەری ئێران دا، پەسنی ئازایەتی جەنگاوەرەکانی و خۆبەزلزانی ئێرانی. لە بەرامبەردا خولقاندنی رق و کینە لە دەرونی ئێرانی دا دژی رەگەزە نەئێرانیەکانی ئەفغان، ئوزبەگ، بلوچ، داغستانی و، توران، کەمەبەستی عوسمانی و تورک بوە، سوکایەتی پێ کردن و، بە چاوی سوک سەیرکردنیان.

سێیەم: سیناریۆی شەڕەکانی

ئەڵماس خان هەندێ لە نەبەردە گەورەکانی پێش نادر و سەردەمی نادری گێڕاوەتەوە. ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕەکانی هەموی لە یەک ئەچن و، لاپەڕەکانی شەڕەکانی بە هەمان شێوەی لە یەکچو دووبارە بونەتەوە، بەمجۆرە:

سازدانی هێز: لە هەمو لایەکەوە هیز هاتون، بۆ پیشاندانی گەورەیی سپاکە و، بەشداری هەمەلایەنەی گەلەکانی ئێران، ناوی ژمارەیەکی زۆر قەوم و قەبیلە، تیرە و هۆز، گەل و نەتەوەی ریز کردوە، تیپەکانی بە ناو ژماردون
باسی دابەشکردنی پارە، جلوبەرگی شەڕ، چەک و تفاقی جەنگی کردوە

پێکادان : دابەزینی لەشکری هەردولا بۆ مەیدانی جەنگ و ریزبەستنی هەردولای شەڕەکە بەرامبەر بە یەکتری. لێدانی شەیپوری دەسپێکردنی شەڕ. کوشتار تا یەکلاییکردنەوە شەڕ بە سەرکەوتنی لایەک و شکانی لایەکەی تر.

ئەنجام : تاڵانکردنی کامپەکانی لایەنی شکاو و، تاڵانکردنی شارە داگیرکراوەکان
بڕینی سەری دوژمنەکان و دروستکردنی کەلەمنار
کۆکردنەوەی دیلەکانی دوژمن
زەوتکردنی ژن و منداڵ و کەنیزەکەکانی لایەنی شکاو، دابەشکردنیان بە سەر سپاییانی هێزی سەرکەوتودا
پێ ناچێ ئەڵماس خان شارەزاییەکی زۆری لە نەخشەی جەنگی و تاکتیک و هونەرەکانی دا هەبوبێ، لەم شەڕانەدا چەندین جۆر تاکتیکی جۆراوجۆر بە کار هاتوە، بەڵام هیچیانی بە جۆرێ نەگێڕاوەتەوە، کە سەرنجی وەرگر بە تایبەتی رابکێشێ، یان شارەزایی ئەو دەربخا لە هونەری جەنگین دا.

چوارەم: کوردستان و نادر

نادر لە لەشکرکێشیەکانی دا بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی بە خۆی و هێزە گەورەکەیەوە چەند جارێ بە کوردستان دا تێپەڕیوە. قەڵەمڕەوەکانی ئەردەڵان و بابان و سۆرانی شێلاوە. بەڵام نادرنامە هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕووداوانە ناکات. وەکو مێژونوسەکانی ئەردەڵان باسیان کردوە نادر چەند جارێ چۆتە سنە:
جاری یەکەم، ساڵی 1142 ک دوای شکاندنی لەشکری عوسمانی لەشکری نادرشا چۆتە ناو سنەوە. لە بنەماڵەی ئەردەڵان سوبحانویردی خانی کردوە بە فەرمانڕەوای کوردستان و ئەیالەتەکەی پێ سپاردوە.
جاری دوەم، ساڵی 1147 ک لە کاتی لەشکرکێشیدا بۆ سەر شیروان چوتە سنە. سوبحانویردی خان و ئەعیانی سنە بەپیریەوە چون و، سوبحانویردی لەکۆشکەکەی خۆیدا جێگەی حەسانەوەی بۆ نادر ئامادە کردوە. نوسەری (تحفە: 137) گفتوگۆیەکی نادر و سوبحانویردی ئەگێڕێتەوە کە گێڕانەوەی لێرەدا ڕەنگە بێ جێ نەبێ:
"بۆ ڕێز لێ نانی لەدەمی تەلارەکەدا بەپێوە ڕاوەستابو. لەبەر ئەوەی سوبحانویردی خان پیاوێکی ریش سپی و کامڵ بوە، نادر شا دوای دەربڕینی مەکاریم و میهرەبانی پێی ئەڵێ:

"مامە! ئێمە نەهاتوین جێگەی تۆ زەوت بکەین. تەلارەکەتان ئەوەندە فراوانە جێگەی سەڵتەنەتی من و حکومەتی تۆی تێدا ئەبێتەوە وەرە سەرەوە (مسکن وسیع است ای عمو ما گوشەی تو گوشەی) "
بەم شێوە جوانە ڕێگەی دانیشتنی ئەداو پاشان ئەڵێ:
"والی! نامانەوێ ببینە هۆی زەرەرو زەحمەتی ئێوەو ڕەعییەت. بەئەندازەی پێویست نان و دۆیەکمان بەرێ"
سوبحانویردی خان لەوەڵام دا 14 هەزار مەن ڕۆن کە لەو ڕۆژانەدا بایی نزیکەی 5 هەزار تمەن بو لەگەڵ 10 هەزار تمەن زێڕی نەختینەی پێشکەش کردو هەمو پێویستیەکانی تریشی جێبەجێ کرد.. ئەمە بو بەهۆی خۆشنودی و ڕەزایەتی نادرشا. لە کاتی نانی نیوەڕۆدا ڕێگە بە والی ئەدا نانی لەگەڵ بخواو لە سەر سفرەکە نەختێ لەگەڵی ئەدوێ، فەرمویەتی:
"بۆ فراوان کردنی تیۆل و ئیدارە و پایە و ئیمتیاز هەر تەمەننایەکت هەیە بیڵێ!"
سوبحانویردی لە وەڵام دا ئەڵێ:
"جگە لە سەلامەتی حەزرەتی نادری داوایەکی ترم نیە. بیستومە ترشیاتی عەنبە لە کارگەی پیرۆز دا دەس ئەکەوێ و ترشیاتێکی خۆشمەزە و بەتامە. ئەگەر یەکدو گۆزە مەرحەمەت بکەی بۆ من لە هەمو شتێ چاکترە."
نادرشا زەردەخەنە ئەیگرێ و فەرمانی داوە چەند گۆزەیەک ترشیاتی عەنبە بنێرن بۆ ماڵی والی. میژونوسەکانی ئەردەڵان ئەمە بەوە لە قەڵەم ئەدەن کە گوایە سوبحانویردی "تەبیعەتی قانع و کەم تەماع و زۆر زاهید و سادە لەوح بوە"، بەڵام نادر شا ئەم وەڵامەی بە نیشانەی بودەڵەیی و لێ نەهاتویی سوبحانویردی خان دائەنێ. (تحفە: 137-138).

نادرشا، لەسەریەک چەند جارێ سوبحانویردی خانی داناوەو لابردوە:
جاری یەکەم، مستەفا خانی برای لەجێگەی دانا (1149 ک). بەڵام مستەفا خەڵکی ئازار ئەداو زوڵم و زۆرداری لێ ئەکردن، پاش چەند مانگێ خەڵک لێی هەڵگەڕانەوەو هاواریان بۆ نادرشا برد. نادر مستەفای لێ خست و بۆ جاری دوەم، سوبحانویردی خانی دانایەوە (1149 ک). (تحفە: 139).
دەربارەی هەلومەرجی ئەردەڵان لەو ڕۆژگارەدا (مستورە: 94) ئەنوسێ: "بەبۆنەی ئاژاوەو ئاشوبەوە وڵات وا وێران ببو، بەجارێ داری بەسەر بەردیەوە نەمابو. بوجەی دەوڵەت بەجارێ کز ببو بەشی هیچی نەدەکرد. بەم جۆرە وڵات بەجارێ وێران ببو.."
جاری دوەم، کە لەسەفەری هیندستان گەڕایەوە خان ئەحمەدخانی کوڕی لەجێگەی دانا (1153 ک). لەو کاتەدا ژنی سوبحانویردی بەبارمتە لەئەسفەهان بو، داوای لەخۆیشی کرد بچێتە ئەسفەهانو چو. خان ئەحمەدی لەجێگەی دانا. (مستورە: 95) بەڵام نادر پێویستی بەلەشکری ئەردەڵانو خان ئەحمەد بو بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر داغستان، بۆیە خان ئەحمەدی بانگ کردەوەو دیسان سوبحانویردی بۆ جاری سێیەم دانایەوە (1154ک).
جاری سێیەم، کە لەسەفەری داغستان گەڕایەوە نادر شا سەرلەنوێ سوبحانویردی خانی لاداو، خان ئەحمەدخانی کوڕی لەجێگەی دانا (1155 ک). بەڵام خان ئەحمەدخان لەبەر ئەوەی عەماری دانەوێڵەی نادرشای شکاندبو، لەترسی سزای شا هەڵات بۆ ناو عوسمانی. نادر کە بەهەڵاتنی خان ئەحمەدی زانی، سوبحانویردی دور خستەوە بۆ تاران (1156 ک) و، کابرایەکی بەناوی حاجی مەولاویردی خانی قاجارەوە کرد بەوالی ئەردەڵان (1157 ک). مەولاویردی شیعەیەکی تونڕەوبو. زوڵمی زۆری لەخەڵک ئەکرد. خەڵک هاواریان لێ هەڵساو سکالایان بردە بەر نادر. نادر مەولاویردی لێخست و سوبحانویردی خانی بۆ جاری چوارەم دانایەوە (1158 ک).

وەکو (مستورە: 99) نوسیوێتی: "خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان کە لەترسی شۆڕشێکی لە پاش رۆیشتنی خان ئەحمەدخان کەوتبۆوەو ولاتی بەجارێ گرتبۆوەو لەدەست زۆرداریو ستەمکاریی نادرشا کەهەریەکە بەلایەکدا بڵاوەی لێ کردبو لەولات هەڵات بون، هەمو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان...".

نادرشا ئەمجارەیان هێزێکی چەند هەزار کەسی لەئەفغانی و خۆراسانی لەگەڵ چەند کاربەدەستی باوەڕپێکراوی خۆی لەگەڵ نارد بۆ کوردستان. پاشتر نادرشا، میرزا تەقی خانی گولستانە، مامی نوسەری "مجمل التواریخ" یشی نارد. میرزا تەقی "مستەوفی" واتە بەرپرسی کاروباری کۆکردنەوەی باج و سەرانە بو.

ئەم هێزە تاکوژرانی نادرشا (1160 ک) لەکوردستان بون. لەو ماوەیەدا زوڵم و زۆرێکی زۆریان لەخەڵک کردوە. لەترسی نادرشا، نە والی وێراوێتی بەرهەڵستییان بکاو نە کەسی تر. بەڵام کە هەواڵی کوژرانی نادر گەیشتۆتە سوبحانویردی، پێش ئەوەی هەواڵەکە لەناو خەڵکدا بڵاوببێتەوەو، ببێتە هۆی وروژانی خەڵکو پەلاماردانی هێزی بێگانە، سوبحانویردی سەرکردەی هێزەکەی بانگ کردوە و داوای لێ کردوە تا خەڵک بەهەواڵەکەیان نەزانیوە، بۆ ئەوەی توشی هیچ بەڵایەک نەبن، خۆیان دەرباز بکەن. هێزەکە بەشەو شاریان بەجێهێشتوە و رۆیشتون. (تحفه: 143-144).

بەڵام (گلستانه: 137)، سوبحانویردی، لەمەدا بەوە تاوانبار ئەکا، کاتێ کەمیرزا تەقی گولستانە لەسنەوە بەڕێ ئەکەوێ بۆ کرماشان، ئەم بەنهێنی هەواڵی بۆ هەندێ لەسەرانی ئێلەکانی زەندی کەڵەشێرە ناردبێ، رێگەی پێ بگرن دەسکەوت بەنیوەیی روتی بکەنەوەو بیکوژن. لەرێگە روت ئەکرێتەوە، بەڵام ناکوژرێ.

پێنجەم: تێوەگلانی فرەلایەن

دانەر لە قۆناغە جیاوازەکانی داستانەکەی دا سەدان ناوی جۆراوجۆری، بە دوای یەک دا، ریز کردوە، لەوانە:

ناوی سەدان شا، سوڵتان، پاڵەوان، گەورەپیاوی مێژو

ناوی سەدان تیرە، تایەفە، قەوم، میلەت... ئەبا:

ئەفغان و، ئوزبەک، شمشێر کەردجان	لولو لەڵڵارەی کوردان قوچان
تەکە و تورکمان، یەموت و قەمچاخ	بلوچ، کۆکەلان، قەڵماخ، قازاخ
تا جە هند و سند، کابول، کابولی	سانی سیستان، زاڵی زابولی
گورجی میلەتان، ئاتەشپەرستان	ئەرمەن ئەرمانی، لەزگی و داغستان
فارسی، عیراقی، قەجەر، ئەفشاری	هەفتلەنگ، چهارلەنگ، کۆی بەختیاری

.... هتد(119)

ناوی سەدان تیپی لاکانی بەشداری شەڕەکان ئەبا:

تیپێ جە رۆمی، تیپێ جە تەتەر	تیپێ جە عەرەب، شوری شەڕ ئەسەر
تیپێ جە میسری، تیپێ جە شامی	تیپێ جە مەکە، مەردانی نامی

بە دوای یەک دا ناوی دەیان تیپی تری تیرە و هۆز و خێڵ و نەتەوە و شار و ناوچە ریز ئەکا.... هتد(135)

ناوی دەیان شاعیری ئێرانی ئەبا:

ئەوەڵ بار پەی شیعر شاعیران پێش	ئاخر پەی بەندەی زاری خاتر رێش
فەردی فیردەوسی، نەزمی نیزامی	کەلیمەی کەلیم، جەوابی جامی
دەهری دەهلەوی، لەعلی لەبڕێزی	حیفزی حافزی، شەمسی تەبرێزی

..... هتد(276)

نادرنامە سەدان وشەی جەنگی و ناوی تیرە و نەتەوە و شوێنی مەیدانی شەڕەکانی تێدایە. ئەمێنێ هەوڵی زۆرتر بدرێ بۆ پیداچونەوە و راستکردنەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ رونوسی تردا و، لێکۆڵینەوەی مێژویی و ئەدەبی و زمانەوانی لە سەر بکرێ.
ئەو هەمو ناوە ئەگەر نیشانە بێ بۆ فراوانی رۆشنبیریی و ئاگاداری و، بەرزیی ئاستی زانیاری دانەرەکەی و، نیشانە بێ بۆ هەمەگیری نەتەوەیی و ناوچەیی شەڕ و لەشکرکێشیەکانی نادر، ئەوا بۆ وەرگر جگە لە سەرەگێژی سودێکی تری پێ ناگەیەنێ، بە تایبەتی کە زۆری ناوەکان بۆ وەرگرێکی ئاسایی نەزانراو و نەناسراو و نەبیستراون.

شەشەم،
زەمانی شەڕەکانی بە نادیاری هێشتۆتەوە، رۆژ و ساڵی رووداوەکانی دیاری نەکردوە.

گوڵچنینێ لە نادرنامە

دنیا دەمێوەن!
ئەڵماس خان سەرەتای داستانەکەی بە سپاسگوزاری یەزدان دەس پێ ئەکا. گلەیی لە زەمانە ئەکا. بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دنیا بۆ کەس نامێنی، ناوی سەدان گەورەپیاوی چاک و خراپی مێژو، بە تایبەتی کەسایەتیە ئەفسانەیی و راستەقینەکانی شانامە، ئەمێنێ و ئەپرسێ ئەمانە لە کوێن و چییان لێ هات:

کۆ شی فەرەیدون ئەو تاج و کڵاو؟
تەنتەنەی دەوران شای ئەفراسیاو؟
نرکەی نەریمان پەشەنگ بن پەشەنگ؟
قەهری قەهرەمان، هجومی هۆشەنگ؟
...
مەردیی مەنوچەهر، رەزمی رۆبیتەن تەوری تەبەردار، تاوی تەهمەتەن
...
بەدیی بەختەنەسر، قەزای قەیتوس
کۆ گەردنکەشان کەشافی کاموس؟
یەهودی یەزید شەمعون سەشەق دەوری دەقیانوس ئەیامی ئەزرەق
کەریم! کاری تۆن کەرامەتان گشت تۆ مدەی زینەت، زێبای زیب و زشت
کۆ تاج تۆمار تەختی کەیانان؟
بەور و پەهلەوان خان و سولّتانان؟
وەنەم زاهیرەن چەرخی نیلی رەنگ!
شیشەی شادیشان تۆ دای نە روی سەنگ
حەقەن تۆ غەنیم خانەدانانی
خاپوری خانەی کەی کەیانانی
قومش چون کەردی، گەردون نە ئەفلاک
سان سەرداران سپەردی بە خاک
مەعلومەن مەوجود سڕی سوبحانی

دنیا دەمێوەن هەر وێت مەمانی!
کەس نە سای چەرخت شادی نەکەردەن
سەران سەرداری ئەو سەر نەوەردەن

گێجی گەردونت هەر ها نە گەردشت — چەرخت چەمەرەن گاه زێبا، گاه زشت
گاه شاهان نە خەشم، گاه شاه نە شایی — گاه مونعیم مەمنون، گاه نەگەبایی
گاه پەهلەوانان داوەی دارگیر — گاه خامۆشی خاک نە توربەت ئەسیر
پادشای شاهی کەرەم ئەرزانی — ساحێب سەر بیسات تۆ خاس مەزانی(15)

لە شوێنێکی تردا ئەڵێ:
بازاڕی دەوران ئینە خدێشەن — هەر ساتێ سەودای سامانی وێشەن
جە قالو بەلا باوەریم ئەو یاد — کەس تا سەر نە سای چەرخش نەوی شاد
دەوران دەورانەن، دەس بالا دەس — تا سەر نەدارۆ بەقایە وە کەس(151)

لە جێگایەکی تردا ئەڵێ:
چەرخ چەپی گەرد گێجش نەیارەن — هەردەم وە رەنگێ تاسش نە کارەن
نە تالع هەرکەس مەنویسۆ نەخشێ — نەبەخت هەرکەس ماوەرۆ نەخشێ
گاه سەران سەردار، گاهێ سەرنگون — گاه شاهان نە تەخت، گاه نە غەرقی خون
گاه مونعیم موفلیس، گاه گەدا مەمنون — گاه نامەرد وە مەرد، گاه مەردان مەحزون
هەر پۆسەن بازاڕ مامەڵەی گەردشت — گاه شاه، گاه گەدا، زێبا گاهێ زشت
باوەر وە خاتر شاهانی کەی کەی — کێ غەرقاب نەوی نە بەحری بێ پەی؟
تۆ بالاتەر نیت جە شاهانی شاد — نە جە کەیومەرس، نە جە کەیقوباد
...
گەردش گەردون ئینە کارشەن — هەر سات سەودایە نە بازاڕشەن(161)

نمونە بە چارەنوسی نادر ئەهێنێتەوە:
هەر پۆسەن کارش چەرخ چەپگەرد — بازیچەی بازاڕ ساحیب نەقش بەرد
ئاشوب ئەفلاک پڕ مەکر ئەفسون — مامەڵەی میزاج گەردشت گەردون
گاه شا، گاه گەدا، گاه سوڵح و گاه جەنگ — گاه خەریک خاک سەر نە سەرای سەنگ
گاه وە فەڕ و ناز، گاهێ وە دڵواز — گاه سەر نە سەران، بێ قورب و بێ ناز
گاه وە عەیش و نۆش بادەی گوڵناری — گاه لەب خوشک خون نە خاک خواری
گاه وە جۆش کین، هەی هجوم جەنگ! — گاه نگون خاک خونین لالەڕەنگ
گێج گەردونەن ساڵێ جە سەد تار — دەمێ شادمان، دەمێ دڵ ئازار
چەرخ دەورانەن گەردشت گەردون — گاهێ سەرئەفراز، گاهێ سەرنگون
ئەل قیصە نادر سەرنگون کەردەن — سامانش ساماڵ خاک و خون کەردەن
هونی قەنیمان جە هونش وەردەن — ماڵ و خەزێنەش وە غارەت بەردەن(262)

سەرانسەری داستانەکە ئەوەی لێ ئەخوێنرێتەوە کە مرۆڤ چەندە دەسەڵاتدار بوبێ و، ژیانی چەندە خۆش رابوارد بێ، "دنیا دەمێوەن" سەرەنجام کۆتایی دێ. دانەر گەرەکێتی بەمە "پوچی ژیان" بسەلمێنێ.

کوشتنی نادر

هەمو سەرچاوە مێژوییەکان پێداگری لەوە ئەکەن کە نادرشا لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا رەفتار و هەڵسوکەوتی گۆڕاوە. بۆتە کابرایەکی پولەکیی چاوچنۆک، لە خەمی کۆکردنەوەی پارەدا بوە و، بۆتە کابرایەکی خوێنڕێژ، بەو پەڕی دڵڕەقیەوە، سزای سەردار و هاوکارەکانی داوە: چاوی دەرهێناون، خەساندونی، ماڵ و دارایی زەوت کردون، ژن و کچ و کەنیزەکەکانی داگیر کردون، کوشتونی. سزای کوڕەکەی خۆی داوە، بڕیاری داوە کوێری بکەن، بە بەرچاوی خۆیەوە هەردوچاویان بە کێرد دەرهێناوە. دوای ئەوە سزای پەنجا کەس لەوانەشی داوە، کە لەو کۆڕەدا ئامادە بون، چاوی ئەوانیشی دەرهێناوە، چونکە کەسیان تکای بەخشینیان لێ نەکردوە و، فەرمانەکەی ئەویان بە جێهێناوە.

لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا، بە هۆی شەڕی بەردەوام و، کۆکردنەوەی باجی زۆر و، دەسبەسەراگرتنی خۆراک و ئالیک و، زوڵم و زۆری بێ ئەندازەوە، لە زۆر شوێنی ئێران شۆڕش و یاخی بون و هەڵگەڕانەوە روی داوە، نادر هەروەک لە جەنگەکانی دەرەوەی دا ئەوپەڕی دڵڕەقی و توندوتیژی نواندوە، لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکان و لە دامرکاندەوەی یاخیبونەکانی ناوخۆیش دا، بە هەمان دڵڕەقی و توندوتیژی جەنگیەوە رەفتاری کردوە.

لە فارس یاخیبونێ روی داوە. محەمەد تەقی خان، والی فارسی، گرتوە، چاوێکی کوێر کردوە. پشتاوپشت سواری کەری کردوە و، بە ناو شاری ئەسفەهان دا گێڕاوێتی، بەمە وازی لێ نەهێناوە بە بەرچاوی خۆیەوە کوڕەکەی سەر بڕیوە و، ژن و کچەکانی دابەشکردوە بە سەر سپاییەکانی دا.(ل106)

داغستان یاخی بون، هێزێکی گەورەی ناردونەتە سەر، بێ ئەوەی سەرکەوتنیان بە دەس هێنابێ، ژمارەیەکی زۆری هێزەکەی لە سەرمان و لە برسان فەوتاون.

جەلایەریەکانی سیستان و، کوردانی قوچان (خەبوشان) یاخی بون، خۆی چوە بۆ سەرکوتکردنیان، بەڵام پێش ئەوەی فریای سەرکوتیان بکەوێ خۆی ئەکوژرێ.

هێزەکەی نادر لەگەڵ خۆی بردویەتی بۆ دامرکاندنەوەی کوردانی قوچان لە کامپی جەنگی لە فەتحئاباد دایمەزراندون. هێزەکە تێکەڵاو بوە لە تیرە و هۆز و نەتەوەی جیاواز. لە ناو ئەوانەدا ئێرانی – قزلباش و هی تر، ئەفغانی، ئوزبەگی تێدا بوە. ئەم پێکهاتە تێکەڵاوە رکابەری و ناکۆکی لە ناودا دروست کردون.

نادر گومانی لە پاسەوانە ئێرانیەکانی کردوە. ئەفغانیەکانی ناو هێزەکەی کە دڵسۆزیی بێ چەنوچونیان بۆ نادر هەبوە، راسپاردوە سەر لە بەیان، سەردارە ئێرانیەکانی ناو پاسەوانەکانی بکوژن. ئەم هەواڵە گەیشتۆتەوە بە سەرکردەی پاسەوانەکانی. ئەویش لەگەڵ هاوڕێ باوەڕپێکراوەکانی گفتوگۆی کردوە بۆ ئەوەی بەر لەوەی نادر ئەوان بکوژێ، ئەمان نادر بکوژن. کەوتۆتە تەگبیر. ویستویەتی زاتیان بخاتە بەر و ئازایەتییان تێدا ببزوێنێ، هەندێ لە هاوڕێکانی بە بیستنی ئەو داوایە ترساون و هەڵاتون. بەڵام چەند کەسێکی کەمیان بون بە هاودەنگی، بڕیاریان داوە پیکەوە پەلاماری نادر بدەن و بیکوژن:

(1)

جە جەهد غیرەت بەور پڕ هونەر — دود سوسەنیش خێزیا جە سەر
جۆشا، خرۆشا، شێر بێ ئەندێش — بازاڕی مەردەن، مەرگ ئاوەرد نە پێش
واتش: سەرداران نەدارون خەبەر — ئەمر موشکڵێ کەفتمان نەوەر

نادر چەنیمان ها نە کەچبازی
پەی قەتڵی ئێران ها نە کارسازی

ئێمە بەستەنیم وە خدمەت کەمەر
وێمان وە ئیخلاس مدێم وە دەفتەر

ئەو ها نە خەیاڵ سەر و ماڵمان
میوش برێزون پەڕ و باڵمان

دەنگ سەردارش بڕی جە ئێران
جە زوڵم و ستەم، ئێران کەرد وێران

وەیە سێر نەوی ئێران کەرد داغان
ئیمجار قەتڵمان فەرما وە ئەفغان

ئیمشەب وەردەنش سەوگەند چەنیشان
قەلار ئێران سپەردەن پێشان

چێشەن سەڵاتان نامی دلێران
سەحەر نمازون زیندە جە ئێران

سەحەر رەستاخێز ئەهلی ئێرانەن
قەتڵ قزڵباش شور شێرانەن

ئێمە کوشتەنیم مەردەن ها نەوەر
میو کوشتە بیم خواە شام خواە سەحەر

با ئێمە ئیمشەب یەزدان کەیم ئەو یاد
نادر فەنا دەیم هەرچی باباباد

ئیمشەب کوشتە بیم خاس قۆزاخان
نە سەحەر وە دەست ئوزبەگ و ئەفغان

(2)

یە زوینکە نادر سیرەن جە شێران
نەزاناش وە قەدر مەردانی ئێران

یەک شوانێ بی گەدا دەستوران
کەردش وە شاهی ئێران و توران

چەندین سەرداران سالار سەرمەست
چەند مولّک مەملوک ئاوەردیم وە دەست

چەندین موخالیف ئاوەردیم نە گیر
تایەف تایەفان ولّاتان میر

چەند کەردیم شۆرشت ئیران و توران
چەندین دام وە کوشت داوەی دلێران

چەند سەردار سەخت ئاوەردیم پەرێش
گیان دام نە راگەش، سەر نیام نە رێش

چەند شاهانشاهان کەردیم سەرنگون
چەندین میلەتان کەردیم تۆناوتون

یە چونکە نادر بەقاش وەی رەنگەن
نە قەتڵ ئێران دڵ بێ درەنگەن

فەرماش وە ئەفغان قەتڵ ئێرانی
قەتڵ قزلباش داو وێرانی

ئەر وێش بکەرۆ هەم منەت وە گیان
نە کە قەتڵمان بدەی وە ئەفغان

زەشەن سەڵاتان شور ئەکبەرەن
سەحەر رۆژێوە رۆژ مەحشەرەن

کێتان چەنی من میۆن وە یاوەر
بجۆشیم وە خەشم وە عەونی داوەر

هجوم خەیمەی چەتر شاە بەریم
نادر چون زوحاک وە فەنا دەریم

من مکەم خرۆش کاوەی سینە چاک
مەووم وە زەوال زوحاکی ناپاک

نادر سەرنگون وە ئەلماس کەریم
ئیران و توران گشت خەلاس کەریم

ئیران وە ئەفغان مەکەرۆ زەبون
جە قین ئەفغان کەرویش سەرنگون

شەرتەن من جە قین قەوم قەرنداش
سەحەر ئەفغانان بقوران نە جاش

ئەر مەکەم ئیمداد بکەن بێ ئەندێش
وەرنە وە تەنها ها مەشۆم پەرێش

(3)

یاران شنەفتەن جە نادر هەواڵ
بێ هۆش بین جە هۆش، جە فیکر و خەیاڵ

جە سەهمی نادر لەرزان، ستێزان
یەک یەک بێ ئەرواح خێزان گورێزان

نیگاش کەرد نە جایی قزلباش
مەردان دە نەفەر ماندە بی جە لاش

چەند دا وە مەردان ئیران فەحش و فاش
لەعنەت کەرد وە قەوم قەید قزلباش

جۆشیا وە خەشم، جەهدش جۆشیا
نە جەهد جامەی جەوشەن پۆشیا

سەرتاپا یەرەق پۆشا جە پۆلاد دەست پێکا وە سەیف یەزدان کەرد ئەو یاد
دامان جەوشەن پێکا نە کەمەر نام حەیدەر بەرد کێشا کەفت نەوەر
چەنی هەفت نەفەر هەم تفاق وێش پەی قەست نادر جۆشیا وە جۆش
تا وە پای نەخچیر بەور شێر شکار سێ نەفەر هەنی مەردان کەرد فیرار
نیگای دماش کەرد سەرهەنگ سەفدەر یەزدان کەرد ئەو یاد پا نیا نەوەر
وە خەشم خەنجەر چەتر شاه بڕی تەبجیر وە تەناف جە یەک هۆر دڕی
پا نیا وە ناو چەنی هەفت نەفەر کێشا ساو سەیف سپەر دا نە سەر

(4)

عیازەن بیللا هجوم بەردشان چەند خواجە وە گێژ قەدقەد کەردشان
شێران خونخوار چادر وە چادر گێڵان شەتابان نە شۆن نادر
چون جەلاد جەڵد خونی خەشم خون سەراپەردەی شاه کەردش سەرنگون

هەرکەس هۆرمداشت سەر نە خەفت خاو
مەردان وە شمشێر تێزی تازەساو
داوەی دلێران هجوم مەبەردەن
سەرش وە شمشێر جودا مەکەردەن

سەدای ئەلئەمان زاری بی وە پا جۆشا واوەیلای حەرەم خانەی شا
زایەڵەی زوڵمات زەڵەی زەلالەت خێزیا جە خەیمەی شاهی ولایەت
بانگی داد! بێداد! خرۆشا وە تاو نادر هەراسان بێدار بی جە خاو
دی نە حەرەم دا شورشت شێرەن دەنگ داووازان داوەی دلێرەن
خرۆشا وە خەشم بەور شور شەڕ تا سەڵای نەبەرد وێش کەردش نەوەر
شێران یاونان وێشان وە نادر دیشان بەورکین وە ئەمر قادر(251)

(5)

چەند شەمع کافور ها نە سەر و پاش زاغ زراغان نە دەوران جاش
باڵ باهوبەند حەمایل نە مل مدرا وە هەیبەت چون زاڵی زابول
شەوق جوقەی تاج دانەی دیاری شوعلە دانە چاک خەیمەی مرواری
رەخت خواب حەریر وارا وە دڵواز موتەکای مەخمەڵ توحفەی توکی قاز
نە روی تەختی زەڕ جۆشیان وە تاو جە سەهمش زەهرەی شێر مەویا وە ئاو
نادر مەدران دەست وە تیغ کین ئامان بێ ئامان قەهر قەسد قین
خرۆشا وە خەشم بەور بێ سامان جە تەختی تاوس ئامان وە دامان
جە سەهم نادر بەوری سەهمناک شێران شین نە هۆش نگون بین نە خاک
محەمەد قولی خان ماند وە تەنیا و تاک پەناە بەرد وە زات گەردون ئەفلاک

واتش: یە کێیەن وەی تەورە قەدەم
پای بێ ئەندازەش نیا حەرەم؟

شێران جەی هەندە نەکەردەن گوزار نەهەنگ جە دەریا نەدارون قەرار
نەزم نالّداران بەر مەشۆ جە نالّ باڵ باڵداران مڕیزون نە باڵ
سەحەر وە حەلقەی تەناف ئابدار بکیشون حەلقش نە قەواخ دار

وە زەربی شمشێر جەلاد خونرێز کەردەن وە قەلار رۆژ رەستاخێز
واچون وە ئەفغان وە شور شێران ناوزون وە زینده یەکێ جە ئیران
ئیناس و زکور باوەران دیار بسازون جە سەر چەند کەلەمنار
هەم جە ئەو ئەسیر ئیران کەم داغان کەرون وە ئەسیر ئوزبەک و ئەفغان

(6)

محەمەد قولی خان بەوری بێ ئەندێش خرۆشا وە خەشم پا نیا وە پێش
غورا وە نادر: ئەوەن مدەر لاف
وادەی مەرگتەن نیەن جای گەزاف
نامەرد مەردود شوم بەدکردار
هەنی گیز گاف مەیو وە کار

بویت وە بەختەنەسر وەرگێڵای جە دین چون زوحاک زوڵم شی کفر کین
ئیمجار وە تاقی مەرگت تاقیەن پەیمانەت کەیلەن عومرت باقیەن
مەنازی وە تیپ ئەفغان و ئوزبەگ بەرشیت نە ئایین قەوم دین دو رەگ
سەوگەندت وەردەن زەنی دلێران فەتوا دای وە قەتل شێران ئێران
بوازین یەنەت سەردار ئەفغان سەرکێشکباشیم محەمەد قولی خان
ئامانم وە قەست تۆ شەیدا کەروین قەبزت وە قابیز وە تەسلیم دەروین
کارێ پێت کەروین پەی رۆزگاران تۆبە بۆ پەرێ گشت بەدکاران
سەحەر بکەر وای وە حاڵ وێت دا ئەفغان بقوران چون سەگ نە جێت دا
تەخت و تاج تۆ وە تاراج بەرون نامت جە نامەی نامان گوم کەرون

(7)

نادر یە شنەفت خرۆشا وە قین حەمله کەرد پەرێش دەست وە تیغ کین
ئەڵماس ئابدار میسری بێ مدار شانا پەی قەنیم نەهەنگ خونخوار
محەمەد قولی خان بەور بێ ئەندێش ستێزا وە تاو سپەر دا نە رێش
دا نە سەر سپەر شێر جگەرخون چەقماقەی ئاگر یاوا وە گەردون
سپەر پارە کەرد تاس سەربڕی قەدرێ جە کابول پۆست سەربڕی
سەردار سەرهەنگ خرۆشا وە قار دەست پێکا وە تیغ تێز بێ مدار
شانا وە نادر سەیف بێ ئامان یەک شان نادر ئاوەرد ئەو دامان
تاریا وە یار شێر سەهمناک .....
پێزیا نە تەناف شێر شکاری نسکناش وە سۆز زاری و زگاری
محەمەد قولی خان جۆشا وە کینەش چون شێر خونخوار نیشت نە روی سینەش

(8)

نادر وات: ئامان بەور بێ سامان
ئامان موازون شێر مدەی ئامان
من بەدی کەردم تۆ نیکی بکەر
نەزم نادری وە زایع مەدەر

نە جای بەدکاری با بەدی نەیۆ — نە رای بەدکاران هەر خاسی مەیۆ
باوەر وە خاتر نمەک نادر — نمەک حەرامی مەدەر وە زاهر
چون من هۆر نەکەفت نە مولّک ئێران — دمای من ئیران مەدۆ وە وێران(255)
جە بەعد نادر خێزیا خەیالّان — مبۆن وە واتەی وات واتی سالّان
من بەد نەکەردم نە حەق ئیران — ستانام قەساس شێران ئیران
حەق سەد سالّەی دەرد دلێران — سەندم جە ئەفغان نە تەخت توران
مەردان جە چەنگالّ شێر کەندمەوە — ئینتیقام حەق گشت سەندمەوە
سەندم دام وە دەست ساحیبان وێش — ئەسیر بردەیی ئەیام پێش پێش
کارێ کەردەنم تا هەزار هەند — زەربێ دام وە رۆم تا ئەیام چەند
بۆ وە پیر پەند درِنده شێران — نەویران جە هند شێران ئێران
شاهان ئێران خان خاتر بۆ — نان شاهانش نان نادر بۆ
ئەگەر خراوی بکەن وە توران — رو نەکەن نە سەمت ولّاتی ئێران
ئەفغان و ئوزبەگ داوەی دلێران — کەردم وە ئەسیر شێران ئێران
حەق شاه حوسەین نەسلی شاه سەفی — سەندم جە ئەفغان ئەهلی ئەشرەفی
قەلّای قەندەهار کەردم یەختەسار — وێرانش کەردم وە قەتل و کوشتار
باقی سەرحەدان هند سند یەکسان — بەلّخ و بوخارا لەزگی و داغستان
خاک خوراسان قازاخ و قەلّماخ — فارس و عیراق قۆزان قەمزاخ
ئاوردم وە دەست یەک یەک وە ئەسیر — وە دیل ئیران کەردم دەستگیر
ئیسا حەق من بدەی وە ئیران — مەکەرون قەلار جە قەتل شێران
من پەرێ ئیران هام نە قەتل جەنگ — حەقش بستانون جە خاریج وە تەنگ
ئەوسا مزانای یە کێ ئیرانی — خێزیا، خرۆش کەرد پەرێ وێرانی
جەو بۆ وە و تەور هام نە کفر کین — وە قەتلّ ئیران هام نە قەهر قین
بەرشون سەرئازاد جە دەست شێران — هەنی تۆبە بو بدەی بە ئیران
ئامانەن ئیمجار بدەر ئامانم — سا مەگەر جەفای سان سامانم
تا قەڕن ئەیام چاق زەمەردا — پەی نەزم نادر مدەن وە سەردا
ئیرانی مدەن وە لاف وێدا — هەنی چون نادر نەبو پەیدا

(9)

محەمەد قولی خان واتش: ئەی نادر!
نازلّ بو پەرێت قەزا جە قادر
ئەر جەهد و جەنگ بو، ئیمە مکەردیم
نام نادر بو، ئیمە موەردیم
تۆ شوانێ بوی وێلّگەردی سارا
نیایمەت نە جای جەمشید و دارا

بویت وە سلّێمان سان سکەندەر — ئامات نە پابوس خاقان قەیسەر
وە شور شمشێر شێران ئیران — ئاوەردی وە جەنگ ئیران توران
چەند مولّکی مەملوک خانان سەرمەست — یەک یەک پەرێ تۆ ئاوەردیم وە دەست

هێمان چۆی چەوگان چۆپانیت حازر
نەدەر ئیمە تۆ کەردیم وە نادر

دەنگ دلێرت بڕی جە ئیران
هەم تۆ ناڕازیت جە دەست شێران

توخم دینارت بڕی جە وڵات
کەردی خەزێنە نە قەلعەی کەڵات

تەمام کەدخودا سەرهەنگ سەردار
یەکسانش کەردی وە کەلەمنار

سان سەروماڵ سەرداران سەندی
بەعزی وە جەلاد، بەعزێ چەشم کەندی

زەڵەی زەلالەت، واوەیلای وڵات
زەڵەی زوڵم زۆر جە گەردون هەڵات

عیسمەتپەروەران نەزاکەت داران
لوا نە فرۆخت دەڵاڵ شاران

خێزانی غارەت ئیرانی وە تەنگ
فیرارش یاوا نە مووڵک فەڕەنگ

خەرید ئەسیر جەور بێ سامان
دوبارە یاوا نە سەمت ئەفغان

نااڵەی ئەسیران تۆف ئاە سەرد
چەمەری چەمەر جە گەردون وێەرد

جە زوروزەبەرد قاترچی ساروان
حەواڵەی عەلەف جەریمەی تاوان

بی وە سێ نەوبەت ئیران بی داغان
ئیمجار قەتڵمان فەرمای وە ئیران

نادر مەلاڵە، نیەن جای نااڵن
مکەرون وە پەند وات وات ساڵان

هەنی نیەن جای زوخاو وەردەنت
ڕەزاییم نادر پەرێ مەردەنت

ئیمشەو ئیمە و تۆ دیوانمانەن
سەحەر پای بڕیان سیوانمانەن

نەجات دا جە سەر قەیوم قادر
بێزارم جە زوڵم دیوان نادر

نەداریم تاوشت جەور بێ سامان
مەلاڵە نادر نیەن جای لاڵن

مەکر و ئەفسونت ماوەرە نە کار
کێ ڕەها کەردەن مار وە زەخمدار

دەرونم پڕەن نادر وە خودا
مسازون سەرت وە شمشێر جودا

(10)

محەمەد قولی خان دێویا جە دەرد
سەرش وە ئەڵماس خەنجەر جودا کەرد

جودا کەرد کەلەی شێر شکاری
وە نزای ستەم زاری و زگاری

لاشەی تەن بێ سەر سەدر سەهمناک
چون مورغ بەسمەل غەڵتان بی نە خاک

جەمشید و دارا کەیکاوس کەی
نەزم نەوشیروان هجوم هەی هەی

رکاو چون ڕۆستەم سەدر سەهمناک
خوسرەو لاڵ پۆش غەڵتان بی نە خاک(259)

فاریغ بی جە جۆش هاووهەی نەبەرد
قەبزش وە قابیز قوبوز تەسلیم کەرد

بێ هۆش بی جە هۆش زەمانی حازر
فەڵەک مکەرۆ داد وە حاڵ نادر

تەخت جوقەی تاج خەزێنەی درەم
خواجە غوڵامان کەنیز حەرەم

ئەسلەحە و ئەسباب دانە دیاری
سەراپەردەی چەتر خەیمەی مرواری

تیپ سپاوسان زوحاک ماردۆش
قاوان قاچاخ جە فەرش و فرۆش

تۆپ و تۆپخانە کەی کەیان کەی
جارچی چاوەشان هەی ئەتڵان هەی

ماند وە بێ ساحێب سلسڵەی دارا
سان سەلم و تور سپای نە سارا

نادر تەسلیم کەرد گیان وە عەلامەت
بێ شک بی وە ڕۆژ قەڕن قیامەت

(11)

جە مەرگ نادر سەرهەنگ سالار
دنیا دا دەیجور وە لەیل و نەهار

سەما و زەمین پۆشا پەردەی تار
سەمەک سیاهپۆش سەما خەم تار

گیریا خورشید، قەمەر ستێزا سەما و ستاران سەما گورێزا
سور ئیسرافیل قیامەت ژەنیا کۆی زوین نادر جە ریشە کەنیا
سان سڵسلەی دارات دارا یەکسان بی وە سان نە خاک سارا
نگون بی نە خاک سەرش شی وە باد مواتی هەرکەس جە مادەر نەزاد
سەرئێوار نیاش سەر نە تەخت و تاج نیمە شەب نە سەر، نە تەخت و، نە تاج
سەرئێوار نە خاو سەردار سەرمەست سەحەر سەر نە چەنگ قەنیمان وە قەست
وە یەک گێج گەرد قەهر قادری نە نادر مەندەن نە هەم نادری
هەر پۆسەن کارش چەرخ چەپگەرد بازیچەی بازاڕ ساحیب نەقش بەرد
ئاشوب ئەفلاک پڕ مەکر و ئەفسون مامەڵەی میزاج گەردشت گەردون
گاه شاه، گاه گەدا، گاه سوڵح و گاه جەنگ گاه خەریک خاک سەر نەسەرای سەنگ
گاه وە فەڕ و ناز، گاهێ وە دڵواز گاه سەر نەسەران بێ قورب و بێ ناز
گاه وە عەیش و نۆش بادەی گوڵناری گاه لەب خوشک خون نە خاک خواری
گاه وە جۆش کین هەی هجوم جەنگ گاه نگون خاک خونین لاله رەنگ
گێج گەردونەن سالّی جە سەد تار دەمێ شادمان، دەمێ دڵ ئازار(261)
چەرخ دەورانەن گەردشت گەردون گاهێ سەرئەفراز، گاهێ سەرنگون
ئەل قیسە نادر سەرنگون کەردەن سامانش ساماڵ خاک خون کەردەن
خون قەنیمان جە هونش وەردەن ماڵ و خەزانەش وە غارەت بەردەن

(12)

سپاه خەبەردار کار نادر بین
عازم وە تاڵان چەتر چادر بین
قاو کەفت نە قۆشەن سپاه خرۆشا
رشیان نە حەرەم سەراپەردەی شا

جە چەهار جانیب هجوم کەردشان یورشت خەیمەی نادر بەردشان
ئەو شەو، شەوێ بی بەتەرتەر جە هوت بی وە زەلالەت زەڵەی شەهر لوت
بی وە زەلالەت زاری زوڵ و زور نادر بی وە سان سپای سەلم و تور
عیازەن بیلا چە تەور شەوێ بی چەنی رەستاخێز های و هەوێ بی
رشیان نە حەرەم سپای پڕ جە کین سەراپەردەی شاه کەردەن قەتڵ کین
وە قەتل و غارەت وە تەخت و تاڵان سلسلەی سامان نادری ماڵان
زیڕەی کەنیزان تەڵا تاقیان زاری غوڵامان سادە ساقیان(262)
زایەڵەی زوڵمات خواجە و غوڵامان وەویلای کەنیز گۆی زوڵف نە دامان
داد مەحبوبان تاجتەڵا نە سەر خاسەکی خاسان مورەسەع کەمەر
زاری زەریفان سیم زەڕەنگۆش بانوی بانوان زەڕبافت زەڕپۆس
دارا و دلێران سالار سەروەر نازک نازکان سای سەهەندپەروەر
دارای داران زەڕین زەروەران کێشان وە ئەسیر شێران ئێران
نازاران شاه وە نازپەروەدە میلەت میلەتان بەردەن وە بەردە
ملّک مەحبوبان حامیلەی زگپڕ شکەم شکاوان وە تیغ سەنگبڕ

میرزای میرزایان نوتفەی نادری ئاوەردەن یەک یەک جەبر جابری
ئاوەردەن میران تاج کەمەر زەڕ یەک یەک وە شمشێڕ جودا کەردەن سەر
سەدای ئەلئەمان تۆف ئاە سەرد زایەڵەی زاری جە گەردون وییەرد
نەویش دەسەڵات بەور سینەچاک سەرنگون خون غەڵتان بی نە خاک
نالّەی فەرزەندان نماناش نە گۆش بێ دەنگ بی دلێر نە خاو خامۆش(263)
وە زیڕەی زاری نادر مەلاوان سان سەنگ سەخت سپاە مەتاوان
مواتن کوانێ سەردار ئیران بەور بێ منەت سەرکێش شێران
لوا وە غارەت تاج سەریرت ئەسیران وێت بەردن ئەسیرت
دڵبەند فەرزەندان وە ئەڵماس تێخ بنیاد شێران ئاوەردەن جە بێخ
بانو بانوان پەردە پەروەردە جە لادان تۆ بەردەن وە بەردە
قۆشەن قەسد قین ئاوەردەن ئەو یاد یەکسان تەخت بەخت ئیران دا وە باد
چەتر چاتران سەرنگون کەردەن فەرش و فروشان وە غارەت بەردەن
قاو و قاجاخان ئەسباب چادر خەزینەی خەرگاە نادرەی نادر
تەخت تاوسی سەرداران بەردن خەیمەی مرواریش سەد پارە کەردن
گەنج خەزینە بەردەن وە تالّان کەردشان وە پەن پەی وات سالّان
بانوان شاە فەیرۆزە خالّان خاسە کەنیزان نازک نە هالّان
وە یەک (کن فکن) کفرەکون سلسلەی نادر نە نادر مەندەن، نە چەتر چادر.(264)

شەرحی بڕگە شیعریەکانی سەرەوە:

(1) محەمەد قولی وتی:

سەرداران ئاگاتان لێ نیە، کارێکی دژوارمان هاتۆتە پێش
نادر لەگەڵ ئێمە کەوتۆتە کەچبازی، لە سازکردنی کوشتنی ئێرانیەکان دایە
ئێمە پشتێنی خزمەتمان بەستوە
خۆمان بە دڵسۆز لە قەڵەم ئەدەین
کەچی ئەو لە خەیاڵی سەروماڵی ئێمەدایە، گەرەکێتی پەڕوبااڵمان بکا
دەنگی سەرداری لە ئێران بڕی، بە زوڵم و ستەم ئێرانی وێران کرد، بە کاولکردنی تێری نەخواردوە، ئەمجارە فەرمانی داوە بە ئەفغان بمانکوژێ
قەلاچۆی ئێرانییانی پێ سپاردون
ئەمشەو ئەو سوێندی داون و ئەوانیش سوێندیان بۆ خواردوە، ئێوەش ئەی دلێرانی ناوداری ئێران تەگبیرتان چیە؟
سبەی کەسی زیندوتان ناهێڵێ
سبەی قیامەتی ئێرانیانە
کوشتاری شێرانی قزلباشە
کوشتنمان لە بەردەم دایە، بەیانی بێ یا ئێوارە
با ئێمەش ئەمشەو ناوی خوای لێ بهێنین نادر لە ناو بەرین، چی ئەبێ با ببێ!
ئەمشەو قازاخ بمانکوژێ سەربەرزانەترە لەوەی بە دەستی ئوزبەگ و ئەفغان بکوژرێین!

(2)

نادر قەدری مەردانی ئێرانی نەزانی
شوانێ بو گەدا دەستور
کرا بە شای ئێران و توران
چەند سەرداری گەورە، چەند ولاتمان هێنایە ژێر دەستی، چەند نەیارمان گرت و چەند تایەفەمان هێنایە ژێر بار
چەند سەرداری لاسارمان هینایە بەردەمی
چەند گیانمان لە رێگەدا بەخت کرد و چەند سەرمان لە ریگەی دا دانا
چەند شاهانشامان لە پێناوی دا سەرنگون کرد، چەند میلەتمان تەفروتونا کرد، چونکە نادر بەقای بۆ کەس نەبو، سڵی لە کوشتنی ئیرانییان نەکردەوە، فەرمانی کوشتنی ئیرانی و قزلباشی داوە، ئەگەر منەتی ئەوەشی بە سەردا بکردینایە خۆی بیکوشتینایە هەر نەیسە، بەڵام بە ئەفغانیمان ئەکوژێ
سبەی رۆژی مەحشەرە کێتان لە گەڵ من دێ، بە یارمەتی خودا، پەلاماری خێوەتەکەی شا بدەین؟ نادر وەک زوحاک لە ناو ببەین. من وەکو کاوە هاوار ئەکەم، ئەبم بە زەوالّی زوحاک. نادر بە تیغی ئەڵماس بکوژین، ئیران و توران رزگار بکەین
ئیران بە ئەفغانی زەبون ئەکا
شەرتە لە داخی قەومی قەرنداش
ئەفغانیەکان سبەی لە جێگەی ئەوان بقۆڕێنن
ئەگەر ئێوە هاوکاریم ئەکەن، ئەگینا من خۆم بە تەنیا ئەچمە سەری

(3)

یاران کە ئەم هەوالّەی نادریان بیست، هۆشیان پێ نەما
لە ترسی نادر لەرزیان لێ هات، گیانیان تێدا نەما، یەکە یەکە، هەڵسان و هەڵاتن
خان، سەیری شوێنی قزلباشی کرد تەنیا دە کەسیان مابونەوە
لە تورەییدا کەوتە جنێو دان، بە مەردانی ئیران و قەومی قزلباش
لە داخان دا جۆشا، کراسی جەوشەنی پۆشی، سەرتاپای لە پۆلا گرت، دەستی دایە شیر، ناوی حەیدەری هێنا
بۆ راوی نێچیر، بەوری شێرشکار، بە رێ کەوتن، لە رێگا سێ کەسی تریان خۆیان دزیەوە، هەڵاتن
_ _
بۆ کوشتنی نادر گەیشتنە ناو خێوەتگاکەوە
سەرهەنگ ئاورِی دایەوە حەوت کەسی لە گەڵ ما بو
بە خەنجەر چەترەکەی درِی، هەڵیان کێشایە شمشێر، سپەریان کردە سەریان

(4)

پەنا بە خوا هێرشیان برد
چەند خواجەیان پارچە پارچە کرد
خێوەتگاکە چەندین چادری تێدایە، نازانرێ نادر لە کامیان دایە. شێرەکان بە پرتاو بە شوێن نادردا چادر بە چادر کەوتنە گەڕان. سەراپەردەی شایان سەرنگون کرد. هەر کەس لە خەو هەڵئەسا و سەری هەڵئەبڕی، سەریان بە شمشێری تازەساو ئەپەڕاند

لە حەرەمخانەی شاوە دەنگی ئەلئەمان، گریان و زاری، واوەیلا، بانگی هەی داد هەی بێداد، بەرز بوەوە
لەم دەنگەدەنگ و هەرایە نادر لە خەو راچڵەکی
دی لە حەرەم دا هێرشی شێران و نەڕەی نلێرانە
نادر، بەوری شەڕانی، خرۆشا جلی شەڕی لە بەر کرد
بەڵام شێران خۆیان گەیاندێ
(5)
چەند مۆمی کافور هەڵکرا بو، زاغی زراغان لە دەوری جێگاکەی، بازوبەند لە باڵی دا و حەمایل لە ملی دا، شکۆی دا بویە. شەوقی جوقەی تاجەکەی، خەیمەکەی روناک کرد بوەوە، تەختی نوستنەکەی لە ئاوریشم و سەرینەکەی مەخمەڵی پڕ لە توکی قاز
بە تاو رویان کردە تەختی زێڕین، لە سامی نادردا زراوی شێر ئەبو بە ئاو
نادر لە تەختی تاوس دابەزی، بە توڕەییەوە راپەڕی پڕی دایە چەک،
ئەوان، لە سامی نادر، بەوری سامناک، حەپەسان، گەڕانەوە دواوە، محەمەد قولی خان بە تەنیا مایەوە، نادر تێی خوڕی:
"ئەوە کێیە، بەمجۆرە زاتی کردوە، پێی ناوەتە ناو حەرەمی شاهیەوە؟
شێر نەیوێراوە لێرەوە تێ بپەڕی و، نەهەنگ لە دەریادا ئارامی نەگرتوە، نالّدار نالّی شکاوە و باڵدار باڵی وەریوە
سبەی،
ئەبێ ئەوە ملی بکرێ بە پەت دا و، لە دار بدرێ!
جەللادی خوێنڕێژ بە شیر بیکا بە رۆژی حەشر!
بە ئەفغان ئەڵێم ئێرانیەک بە زیندویەتی نەهێڵێ، نێر و مێیان سەربڕن، منارە لە کەللەیان دروست بکەن، ئەفغان و ئوزبەگ هەرچی ئێرانیە ئەسیری بکەن!"
(6)
قولی خان لەم هەڕەشەیە خرۆشا، توڕە بو، چوە پێشەوە بە سەر نادردا نەڕاندی:
"ئەوەندە لاف لێ مەدە!
وادەی مەرگتە کاتی گەزاف نیە
نامەردی مەردود، شومی بەدکردار، ئەم قسانە سودی نیە
بوی بە بەختەنەسر، لە دین وەرگەڕای
وەکو زوحاک زوڵمت لە حەد تێپەڕی
ئەمجارە بە دڵنیاییەوە مەرگت راستە
کاسە پڕ بوە
بە تیپەکانی ئەفغان و ئوزبەگەوە مەنازێ، لە ڕێوشوێنی ئاینی دەرچوی، سوێندت داون، فتوای کوشتنی شێرانی ئیرانت داوە، سەردارەکانی ئەفغان بانگ بکە، منم سەرکێشکباشی، محەمەد قولی خان، هاتوم بە نیازی کوشتنت، گیانت تەسلیمی قابیز بکەم
کارێکت پێ بکەین، بە دڕێژایی ڕۆژگار، تۆبە بێ بۆ هەمو بەدکاران، بەیانی بۆ حاڵی خۆت بنالێنی، ئەفغان لە شوێنەکەی تۆدا وەکو سەگ بقورێنن، تەخت و تاجت بە تاراج ببەن، ناوت لە تۆماری ناوداران دا بسڕنەوە."

(7)

نادر کە گوێی لەم قسانە بو، لە قین دا خرۆشا، دەستی دایە چەک و هەڵی کوتایە سەری. شیری میسری ئاوداری بۆ داوەشان
خان خێرا سپەرەکەی دایەبەری
شیرەکەی لە سپەرەکەی دا پریشکی لێ بەرز کردەوە و دو کەرتی کرد
بەڵام خان خرۆشا بە رق و قینەوە شمشێرێکی لە نادر سرەواند شانی تا دامانی دادڕی
نادر تەکانی دا پێی لە تەناف گیرا و کەوت، خان وەکو شێری خوێنخۆر سواری سنگی بو.

(8)

نادر وتی:
"ئامان!
بەوری بێ سامان!
شێر ئامان لە شێر داوا ئەکا
من خراپەم کرد، تۆ چاکە بکە!
نەزمی نادری بە فیڕۆ مەدە
لە جێی بەدکاری با بەدی نەکرێ
لە رێی بەدکاران دا هەر چاکە دێ
نمەکی نادر بێنەرەوە بیر، نمەک حەرامی مەکە
لە خاکی ئیران دا کەسێکی تری وەکو من هەڵ نەکەوتوە، لە دوای من ئیران وێران مەکەن
....
من دەرهەقی ئیران خراپەم نەکردوە
تۆڵەی شێرانی ئیرانم سەندۆتەوە
حەقی سەد ساڵەی دەردی دڵێرانم لە ئەفغان و لە توران کردەوە
مەردانم لە چنگاڵی شێر دەرهێنا
تۆڵەی هەموانم وەرگرتەوە و دامەوە بە خاوەنەکانیان
.....
.....

(9)

محەمەد قولی خان وتی:
هەی نادر!
قەزات لە یەزدانەوە بۆ دابەزیوە
ئەگەر هەوڵ و جەنگ بو ئێمە کردمان
ئەگەر ناوی نادر بو ئێمە هێنامان
تۆ شوانێکی وێڵگەردی دەشتەکان بوی!
ئێمە تۆمان خستە جێگەی جەمشید و دارا، بوی بە سولەیمان، بوی بە سانی سکەندەر، خاقان و قەیسەر بۆ پابۆسی ئەهاتن، بە زەبری شمشێر شێرانی ئێرانمان، بە شەڕ توران، بوی بە خاوەنی چەند مولکی خانان، یەک یەک هەمویمان هێنایە ژێردەستی تۆ

تۆ هێشتا گاڵۆکی شوانیەکەت ماوە
ئێمە بوین تۆمان لە نەدرەوە کرد بە نادر
کەچی دەنگی دلێرت لە ئێران بڕی، هێشتا تۆ نارازیت
پارەت لە ئێران دا نەهێشت هەمویت برد لە قەڵای کەڵات دا کەڵەکەت کرد
کوێخا و سەرهەنگ و سەردارەکانت سەربڕی منارەت لە کەلەیان دروست کرد، سەروماڵت زەوت کردن،
هەندێکیانت بە جەللاد سپارد و چاوی هەندێکیانت دەرهێنا
زیڕەی زەلالەت و واوەیلای خەڵکی وڵات، لە دەس زوڵمی تۆ، لە گەردون تێپەڕی
ئافرەتانی نازدار بۆ فرۆشتن دران بە دەڵاڵی شاران
ماڵە ئێرانی دنیای لێ تەنگ بو هەڵاتن بۆ وڵاتی فەرەنگ
دیلەکانی، کە بە زۆر گیراون، رەوانەی ئەفغان کران
نالەی ئەسیران، ئاخ و ئۆفی هەناسەساردان، چەمەرەی شیوەن، بە زۆر سەندنی سێ جار باج لە خەڵک و
سێ جار سزای ئالیک لە سارەوان، ئێرانی داغان کرد، ئەمجار کوشتنمان ئەسپێری بە ئەفغانی
نادر!
مەپارێرەوە، کاتی کرۆزانەوە نەماوە. ئەتکەین بە پەندی واتەواتی سالان
زۆرت زوخاو دەرخوارد داین، ئیتر وەختی مردنتە، ئەمشەو ئێمە و تۆ دیوانمانە، سبەی پێ ناخەیتەوە
ناو چادرەکەت!
بێزارین لە زوڵمی تۆ
ئەگەر خوای توانا یاریدەدەر بێ تاوی بەرگەی جەوری تۆمان نەماوە. هەلی لاڵانەوە تێپەڕیوە، فرۆفێڵ
مەخەرە کار، کێ مار بە بریندارى بە جێ ئەهێڵێ؟
دەرونم لە داخی تۆ پڕە، ئەبێ سەرت بپەڕێنم!

(10)

محەمەد قولی خان لە داخان دا شێوا
بە خەنجەر سەری لە لەشی جیا کردەوە. لاشەی بێ سەر، وەک مەلی سەربڕاو، لە خاک دا کەوتە
لنگەفرتێ.
جەمشید، دارا، کەیکاوس، نەوشیروان، رۆستەم، خوسرەو
ئەمیش هۆشی تێدا نەما، گیانی سپارد بە قابیز
ئاگای لەم دنیایەی ئێستا نەما.
گەردون بۆ حاڵی نادر دادی ئەکرد
تەخت، جقەی تاج، خەزێنەی پارە، خواجە، غوڵام، کەنیزەکی حەرەم، سەراپەردەی چەتر، خەیمەی مرواری،
قاپ و قاچاخ، فەرش و فروش، چەک و تفاقی شەڕ، تیپی سپا، تۆپ و تۆپخانە، جارچی، چاوەشی هەی
ئەتلان... ئەمانە هەمو بێ خاوەن مانەوە.
نادر گیانی بە دەستەوە دا.

(11)

بە مەرگی نادر: بو بە رۆژی قیامەت، دنیا بو بە دەیجور، ئاسمان و زەمین پەردەی تاریکیان پۆشی،
ماسی سیاپۆش، ئاسمان خەمبار، رۆژ گیرا، مانگ ستێزا، ئەستێرەکان لە ئاسمان رایان کرد، سوری

ئیسرافیل لێ درا، نادر لە ریشە دەرهێنرا، زنجیرەی داراتی دارا لە گەڵ خاک یەکسان بو، ئەتوت کەس لە دایک نەبوە.
سەرلە ئێوارە سەری نایە سەر تەخت و تاج، نیوەشەو نە سەر ما، نە تەخت و نە تاج
سەرلە ئێوارە بە سەرمەستی نوست، بەیانی بە دەست دوژمنەکانیەوە بو
بە سوڕێکی زەمان، قەهری قادر، نە نادری هێشت و نە نادریی
کاری چەرخی چەپگەرد وەهایە: بازیچەی بازاڕ
ئاشوبی فەلەکی پڕ مەکر و ئەفسون و سوڕانی گەردون
گا شا، گا گەدا، گا سوڵح و گا جەنگ، گا سەر لە سەر سەنگی گۆڕ
گا بە فەڕ و ناز، گا بە دڵخواز، گا سەر بێ نزیک و ناز
گا بە عەیش و نۆش بادەی گوڵناری، گا لێوی وشک
گا بە جۆشی کینە و هەی هێرشبردن، گا نگونی خاکی خوێناوی لالەرەنگ
گێژی گەردونە، سالّی سەد جار، دەمێ شادمان، دەمێ دڵئازار
چەرخی دەورانە گەردشی گەردون، گاهێ سەرفراز و گاهێ سەرنگون
سەرەنجام، نادریان سەرنگون کرد
سامانەکەیان تێکەڵاوی خاک و خوێن کرد
خوێنی دوژمنانیان لە خوێناوی خواردەوە
مالّ و خەزێنەیان بە تالّان برد.
(12)
کە سپا ئاگاداری کاری نادر بون و، قاو کەوتە ناو لەشکرەوە، خرۆشان، رژانە حەرەمی سەراپەردەی شاوە
لە چوار لاوە پەلاماریان دا، بۆ تالّانی بە ناو چادرگاکە کەوتن. هێرشیان کردە سەر خێوەتەکەی نادر
.....
نالّەی فەرزەندەکانی ئەهاتە گوێی، بەڵام دلێر لە خەوی خامۆشی دا بو، بە زیڕەی زاری بە جۆری نادریان ئەلاوانەوە بەردی رەقیان ئەتوانەوە، ئەیان وت: "کوانی سەرداری ئیران؟ بەوری بێ منەت لە سەرکێشیی شێران؟ تاج و تەختت بە تالّان برا، هەمو دیلەکانیان بە ئەسیر برد.
منالّە دڵبەندەکانیان بە تیغی ئەڵماس لە بنجوبێخ دەرهێنا
بانوی بانوانی پەروەردەی پەردە هەمویان بە دیلی بران
قۆشەن کۆنەقینیان بیر هاتەوە تەختی بەختی ئیرانیان بە بادا
چەتروچاتریان تێکوپێک دا، فەرش و فروشیان تالّان کرد
قاپ و قاچاخ و کەلوپەلی چادر، خەزێنەی خەرگای نادرەی نادر، تەختی تاوسیان برد. خەیمەی مرواریان پارچەپارچە کرد!
گەنج و خەزێنەیان بە تالّان برد، کردیان بە پەندی واتەی سالّان
بانوانی فەیرۆزە خالّانی شا، کەنیزەکە نازک نیهالّەکان
بە یەک "کن فیکن" زنجیرەی نادر فەوتا، نە نادر ما و نە چەتری چادر(265)
.....

گێڕانەوەی چیرۆکی کوشتنی نادر(247)

دانەر لەم بەشەی داستانەکەی دا چیرۆکی کوشتنی نادرشای گێڕاوەتەوە. خەیاڵ و واقیعی تێکەڵاو کردوە. چەند دیمەنێکی بە شیعر هۆنیوەتەوە، ئەگەرچی شیعرەکان لاوازن، وشەی دوبارە و، قافیەی دوبارە و، رستەی دوبارەی زۆر تێدایە، بەڵام هەندێ لە دیمەنەکانی روداوەکەی بە سەرکەوتویی بەرجەستە کردوە:

دیمەنی 1: پیلانی کوشتنی نادر

نادر هێزێکی زۆری ساز داوە بچێ بۆ سەرکوتکردنی یاخیبونی کوردەکانی قوچان. لە کامپێکی جەنگی دا کۆی کردونەتەوە. پێشتر چەند جارێ هەوڵی کوشتنی دراوە، بەڵام هەوڵەکان ناکام بون. لە ئەنجامی ئەوانەدا نادر توشی "پارانۆی" بوە. هەمو جار زۆر بە توندی سزای ئەوانەی داوە گومانی لێ کردون، گومانەکەی ئەگەر راست بوبێ یان وەهم. ئەمجارە گومانی لە پاسەوانە ئێرانیەکانی کردوە، ترساوە بیکوژن. لەشکرەکەی تێکەڵاو بوە لە نەتەوە و تیرە و تایەفەی جیاواز. یەکێ لەو هێزانەی لەگەڵی بون ئەفغانی بون. لەگەڵ ئەفغانیەکان پیلانی داناوە بۆ کوشتنی سەردارە ئێرانیەکانی ناو هێزە تایبەتیەکەی خۆی، ئەفغانیەکانی راسپاردوە پیلانەکەی جێبەجێ بکەن، هەمویان بکوژن. کەسێ هەوالّەکەی بە سەرداری ئێرانی گەیاندوە. سەرداری ئێرانی، ویستویەتی دەسپێشکەری بکا، لە ترسی ئەوەی بەیانی بیکوژن ئەو کەوتۆتە داڕشتنی پیلانی کوشتنی نادر.

"فۆبیای کوژران" لە دەرونی هەردوکیان دا، هەم نادرشا و هەم محەمەد قولی خان، پاڵپێوەنەری سەرەکی بوە بۆ داڕشتنی پیلانی کوشتن لە دژی یەکتری، پیلان و پیلانی بەرامبەر. دانەر وەسفێکی وردی باری سایکۆلۆجی سەرداری ئێرانی و هاوڕێکانی بە وتارەکەی قولی خان و کاردانەوەی هاوڕێکانی دەربڕیوە. سپلّەیی نادر بەرامبەر سەردارەکانی، خۆبەزلزانینی ئێرانی لە بەرامبەر نائێرانیەکان دا، ترسان لە کوژرانی ناڕەوا، ئەمانە بیانوەکانی خان بون بۆ رەواییدان بە کوشتنی نادر.

دیمەنی 2: دادگایی پێش کوشتن

روبەڕوبونەوەی نادر و بکوژەکانی ماوەیەکی کورتی خایاندوە، گەلێ سەرچاوەی مێژویی، کە هەندێکیان نزیکی بون، گێڕاویانەتەوە، بەڵام ئەمەی ئەڵماس خان ئەگەرچی بایەخی بە داڕشتنی پلان و ئامادەکاری تیمی جێبەجێکردن و جۆری کوشتنەکەی داوە، بەڵام گفتوگۆی نادر و بکوژەکەی بە جۆرێ داڕشتوە زۆرتر لە دادگا و دادگایی ئەچێ نەک لە شەڕەشیرێکی کورتخایەن. دانەر، هونەرێکی جوانی نواندوە لە دەرخستنی ناخی دەرون و لایەنی سایکۆلۆجی بکوژ و کوژراودا لە ساتی روداوەکەدا.

بواری بە نادر داوە داکۆکی لە خۆی بکات، چاکەی خۆی بە سەر خەڵکی ئێرانەوە باس بکات، سەروەریەکانی خۆی بە شانازیەوە بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی هەستی ئێرانێتی لە دەورنی بکوژەکەی دا ببزوێنێ و، هەتا بکوژ لە بڕیارەکەی پەشیمان بکاتەوە جارێ هەڕەشە و ترس و جارێ پاڕانەوە و بەزەیی پیشان ئەدا.

لە هەمان کات دا، بواری بە بکوژ داوە کە تاوانەکانی نادر رون بکاتەوە و بیانوەکانی خۆی بۆ کوشتنی ئەو بسەلمێنێ.

دیمەنی 3: دانیشتوانی حەریم

دانەر، بە درێژایی داستانەکەی توخنی ژیانی تایبەتی نادر نەکەوتوە، بەڵام کە باسی گێڕانەوەی تاڵانکردنی سەراپەردەی ناو خێوەتگای شاهانەی نادر ئەکا، ئینجا هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتی ئەبینرێ، کە لەم

سەراپەردەیەدا، کە لە خێوەتی شا و چەند خێوەتێکی تر پێکهاتوە و، لە ناو کامپێکی جەنگی دا بوە، چ جەنجاڵیەکی مرۆڤیی لە ژن و کەنیزەک و خواجە و غولامی تێدا بوە:

ژن و دۆستە تایبەتیەکانی:

بانوی بانوانی زەڕباڤتی زەڕپۆش، بانوی بانوانی پەردەپەروەردە، بانوانی شا فیرۆزە خاڵان، نازکانی سەهەندپەروەر، نازدارانی شای نازپەروەردە، مەحبوبانی حامیلە، مەحبوبانی تاج تەڵا، خاسەکی مورەسەع کەمەر، زەریفانی زێڕ لە گوێ...

کەنیزەکەکانی:

کەنیزانی تەڵاتاقی، کەنیزانی زوڵف تا دامان، خاسە کەنیزان، نازک نیهاڵان.

لە رەگەزی نێرینەش:

میرزای میرزایانی نوتفەی نادر، میرانی تاج و کەمەرزێڕ.

بۆ خزمەتی ناومااڵ و کۆڕی مەینۆشی:

غولاڵمانی سادە، ساقی، خواجە..

"خۆش رابواردن" کە نیشانەیەک بوە لە "دەبدەبەی شاهێتی" بەشێ بوە لە ژیانی رۆژانەی شاکانی ئێران، لە مەش دا نادر چاوی لەوانەی پێش خۆی کردوە.

دیمەنی 4: تاڵانی سەر و ماڵ

دانەر لە چەند بۆنەیەک دا باسی تاڵانی گێڕاوەتەوە، بە تایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکان. رەنگە یەکێ لە گەورەترینی هەمو تاڵانیەکانی کە نادر لە شەڕەکانی دا کردویەتی، تاڵانکردنی هندستان بێ.

دانەر، لەم بەشەی داستانەکەی دا، باس ئەکا کە هەواڵی کوشتنی نادر گەیشتۆتە ناو لەشکرەکەی، پشێوی کەوتۆتە ناو سپاکەیەوە، لە هەمو لایەکەوە بە نارێکوپێکی رژاونەتە ناو خێوەتگاکەی و، لە کەلوپەل و گیاندار هەرچییان بەر دەس کەوتبێ تاڵانیان کردوە.

سەری منااڵ و نەوەکانی نادریان بڕیوە.

ساقی و خواجە و غولامەکانیان کوشتوە.

ورگی ژنە ئاوسەکانیان درێوە.

ژنە جوان و نازدارەکان و کەنیزەکەکانیان بە ئەسیر بردوە.

تەختی تاوس، تەختی نوستن، تەختی شایەتی، خەیمەی مرواری، تاجی شایەتی، گەنجی خەزێنە، خەزێنەی خەرگای نادرە، چەتری چادر، ئەسبابی چادر، فەرش و فروش، قاپ و قاچاخ، ئەسپ و زین، چەک و تفاقی شەڕ... هەر کەس و تاقمێ شتێ لەمانەی بەر دەس کەوتبێ تاڵانی کردوە.

ئەمە شێوەیەکی ئاسایی تاڵانی سەروماڵی کەسایەتی و هێزی شکاوی ئەو سەردەمە بوە.

ئەڵماس خان، لە هۆنینەوەی هەمو ئەو دیمەنە جۆراوجۆرانە، ویستویەتی مەبەستە سەرەکیەکەی خۆی بسەلمێنێ، کە ئەویش "پوچی ژیان" بوە.

هۆنراوەی فێرکاری: گەشتێ لەگەڵ رواری

هۆنراوەی فێرکاری: (رواری وەک نمونە)
گوڵچنینێ لە بەرهەمەکانی

هۆنراوەی فێرکاری: (رواری وەک نمونە)

شیعری خۆیی ئەو هەڵبەستەیە کە لە ناخی دەرونی شاعیرەوە دەرئەچێ و، هەست و سۆزی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە شتێ دەرئەبڕی کە بزواندویەتی. بەڵام شیعری بابەتی بریتیە لەو شیعرەی کە شاعیر شتێ ئەڵێ لە دەرەوەی هەست و سۆزی خۆیەوە. ئەگەرچی هەردو جۆرەکە لەوەدا هاوبەشن کە هەردوکیان کێش و قافیەیان هەیە و هەردوکیان ئاهەنگی مۆسیقا لە وشە و رستەکانیان دا هەیە، بەڵام بەویان ئەڵێن شیعر و بەمیان ئەڵێن هۆنراوە (نظم).

هۆنراوەش چەند چەشنی هەیە، چەشنێکیان هۆنراوەی فێرکاریە.
هۆنراوەی فێرکاری بابەتێکی تازە داهێنراو نیە. یۆنانیەکان، رۆمانیەکان، هیندیەکان، فارسەکان، عەرەبەکان، لە کۆنەوە دایان هێناوە. سەردەمێ کە خوێندەواری کەم بوە و نوسین و خوێندنەوە دژوار بوە، لە بەرکردنی پەخشان ستەم و لە بەرکردنی هۆنراوە ئاسانتر بوە. بە تایبەتی بۆ فێرکردنی بابەتێکی دیاری کراو.
هۆنراوەی فێرکاری راستەوخۆ رو لە وەرگر ئەکا، هەوڵ ئەدا وەرگر مەبەستەکەی وەکو راستیەکی بێگومان بسەلمێنێ و، بابەتەکەی لەبەر بکا و لە بیری بمێنێ. بابەتەکانی هۆنراوەی فێرکاری لە ئەدەبی گەلان دا، بە تایبەتی هی عەرەبی چەند جۆرێ بون:

جۆرێکی، ئامۆژگاری و رێنماییە بۆ خواپەرستی، باوەڕی دینی، رەوشت و خوی باش، جیاکردنەوەی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە، مرۆڤ ئەبێ چی بکا و خۆی لە چی لابدا، بۆ ئەوەش بابەتەکەی ئاخنیوە بە گەفی سزای دۆزەخ بۆ ترساندن و بە گفتی پاداشی بەهەشتی بۆ هاندان.
جۆریکی تری، هۆنینەوەی دەختی بنەماڵە و، ژیاننامەی گەورەپیاوان و کارە ئەفسانەییەکانیان بوە.
جۆرێکی تری، فێرکردن و تێگەیاندن و ڕاهێنانی پیشە و هونەر و زانست بوە. نمونەی ئەمە لای یۆنانیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ 8 سەدە پێش زاین، "هزیود" لە پاڵ مێژوی خواکان دا، هۆنراوەیەکی داناوە، بۆ باسی جۆرەکانی کشتوکاڵ. ڕێنمایی جوتیارانی کردوە دەربارەی وەرزەکانی ساڵ و لە هەر وەرزێک دا چی ئەچێنرێ و چی کەرەستە و تفاقێکیان پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.
عەرەب، بە هۆنراوەی فێرکاریان وتوە ئورجوزە "ارجوزه" چونکە بە زۆری لە سەر بەحری "رەجەز" ی عروز دانراوە. ئەلفیەی ئیبن مالیک "الفیه ابن مالک" کە هەزار بەیتە بۆ فێرکردنی ڕێزمانی عەرەبی یەکێکە لە بڵاوترین ئورجوزەکانی زمانی عەرەبی، تەنانەت لە ناو مەلا و فەقێکانی کوردیش دا ناسراو بوە.

ئەم شێوە هۆنراوەیە، هۆنراوەی فێرکاری، لە هەر 3 مەدرەسەی ئەدەبیی کوردی دا هەبوە. بۆ نمونە:
بە کرمانجی سەرو، ساڵی 1094 ک ئەحمەدی خانی (1061 – 1119 ک) "نۆباری پچوکان" ی داناوە.
بە کرمانجی خوارو، ساڵی 1210 ک شێخ مارفی نۆدێ (1157 – 1254 ک) "ئەحمەدی" ی داناوە.
بە گۆرانی، شێخ محەمەد وەسیمی تەختەیی (1118 – 1171 ک) و مەلا خضری رواری (؟ -) چەندین بابەتیان هۆنیوەتەوە.

مەلا خضری رواری لە "رۆڵە بزانی" دا بە ڕێزێکی زۆرەوە ئاماژە بۆ کەسێکی تر ئەکا کە پێش ئەو بابەتی دینیی ئیسلامی بۆ مەبەستی فێرکاری بە هەمان زمان هۆنیوەتەوە، ئەڵێ:
کەردێنیش بە نەزم، یاگێو گرد کەسیم
ئوستادی، شێخی، محەمەد وەسیم(8)
لە "دەوڵەتنامە" ش دا دیسان باسی هەمان مامۆستا ئەکا:
تەعریف و سەوتی شێخی: شێخ وەسیم
پێ دوە شیعرە کەردەنش تەعلیم(38)
مەبەستی ئەویش شێخ محەمەد وەسیمی تەختەیی بوە کە چەند کتێبی بە هۆنراوەی گۆرانی لە بواری جیاوازدا داناوە. ئەگەر رواری ساڵانی 1170 - 1171 ک وەکو خۆی لە کۆتایی کتێبەکان دا نوسیوێتی، لە قەڵاچوالان خەریکی نوسینەوەی "تحفه المحتاج" بوبێ و بە شێخ وەسیم بڵێ "مامۆستام و شێخم و لە جێگەی گشت کەسم" ئەبێ هەردوکیان لەو ساڵەدا لەوێ بوبن و، ئەم هونەرەی لە ئوستاد و شێخەکەیەوە بۆ بە جێ مابێ.

بنەماڵەی شێخانی مەردۆخەیی سنە چەندین زانایان تێدا هەڵکەوتوە، کە هەندێکیان جگە لەوەی مەلای باش و مامۆستای شارەزای زانستە دینییەکان بون، دانەری کتێب و شیعر و هۆنراوە بون. یەکێ لەوانە شێخ محەمەد وەسیمی تەختەییە (1118 – 1171 ک).

شێخ وەسیم ساڵی 1163 ک لە شاری سنە بوە.
لەو سەردەمەدا حەسەنعەلی خان والی ئەردەڵان بوە. ململانێی دەسەڵات لە ئێران لە نێوان کەریم خانی زەند و ئەڵاقولی خانی زەنگەنە و ئازاد خانی ئەفغان و ئاغا محەمەد خانی قاجاردا لەوپەڕی تووندوتیژی دا بوە. لە هەمان زەمان دا ناکۆکی نێوان سەلیم پاشا و سلێمان پاشای بابان تەقیوەتەوە. حەسەنعەلی خان بۆتە بەشێ لەو ململانێ و ناکۆکییانە. بەو هۆیەوە هەلومەرجی سەرانسەری ناوچەی ئەردەڵان بە خراپی تێک چوە و بۆتە مەیدانی شەڕوشۆڕ. شاری سنە چەند جارێ داگیر کراوە و وێران بوە و، زۆری دانیشتوانی چۆڵیان کردوە.
شێخ وەسیم کە لەو سەردەمەدا، قاضی محمد شریف، نوسەری "زبده التواریخ" ی مێژوی ئەردەڵان، بە "قطب العارفین" ناوی بردوە لە ئەنجامی ئەو نائارامیەدا سنەی بە جێهێشتوە روی کردۆتە هەورامان. پێ ئەچێ هەر لەو ساڵانەدا بە یەکجاری چوبێتە قەڵاچوالان.
شێخ وەسیم ساڵی 1171 ک لە قەڵاچوالان مامۆستا بوە، بە پەتای تاعون (چاوەقوڵە) کە لەو ساڵەدا بڵاوبۆتەوە، مردوە. شێخ وەسیم، وەکو دانەری "مشاهیر کرد" (روحانی: 238/1) ئەڵێ چەندین کتێبی فێرکاری لە بواری جیا جیادا، هەر لە باوەڕی دینیەوە تا سەر ئوستەرلاب و باسی ساڵی کەبیسە، بە زمانەکانی کوردی - گۆرانی، فارسی، عەرەبی داناوە.

دانراوە هۆنراوەییەکانی شێخ وەسیم، هێشتا بڵاونەکراونەتەوە. ئەوەی بە لەهجەی گۆران بڵاوکرابێتەوە، چەند پارچەیەکە دانەری "بوژاندنەوەی زانایانی کورد" (قەرەداخی: 168/2 و 353/6) لە کتێبێ بە ناوی "ئەخلاق" هوە بڵاوی کردۆتەوە. ئەویش لە دەسنوسێکی سالی 1184 ک گواستویەتیەوە. لە سەرەتاکەی دا ئەڵێ:
حیکمەت و عیفەت، شەجاعەت و عەدل
- اصل الاخلاق - مەن یەک تا چەهارەم
فەرعیشان هەنی فرە بشنەوە
لە یەک تاکو چل - والله یعلم -
ئەوەل عیبادەت، ئیخلاسەن دوەم
سێیەمین دوعا، شوکرەن چەهارەم
ئینجا یەکە یەکە ئەم چوار ئەخلاقە ورد ئەکاتەوە بەڵام ناوە عەرەبیەکانی وەکو خۆی بەکارئەهێنێ بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی کوردیەیان لە جێگە دابنێ. (362/6)
دانراوەکانی شێخ وەسیم ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێ، نرخێکی مێژویی گرنگیان ئەبێ بۆ ئەدەب و فەرهەنگ و زمان و بیری کوردی.

وەکو رواری خۆی نوسیوێتی ناوی (خدر) خضری کوڕی مەولانا ئەحمەد بوە، واتە باوکیشی زانای ئاینی بوە، لە گوندی روار (رودبار) ی ناوچەی هەورامانی سەر بە ولایەتی ئەردەڵان لە دایک بوە، روار کەوتۆتە خواروی رۆژهەڵاتی رێژاو لە نزیک روباری سیروان. ناوچەیەکی شاخاویە. زمانی خەڵکەکەی هەورامیە.
بۆ زانینی ساڵەکانی ژیانی هەندێ نیشانەی دیار لە بەرچاون.
ساڵی 1170 ک لە قەڵاچوالان بوە. ئەو سەردەمە قەڵاچوالان پایتەختی میرایەتی بابان بوە. لەو سەردەمەدا ناوەندێکی فەرهەنگی گرنگ بوە. چەند مەدرەسە و مزگەوت و چەندین مەلای زانای لێ کۆبۆتەوە. لە قەڵاچوالان سەدان مەلای باش خوێندنیان تەواو کردوە و، سەدان کتێبی باشی لێ بوە و، سەدان کتێبی باشی تێدا نوسراوەتەوە و تێدا دانراوە.

لەو ساڵەدا سلێمان پاشای خالید پاشا میری بابان بوە. قەڵاچوالان شارۆچکەیەکی بچوکی نائارام بوە. میرەکانی بابان لە ناوخۆیان دا ناکۆک بون و، پیلانیان لە یەکتری گێراوە. دەسەڵاتی رۆم لە بەغدادەوە و دەسەڵاتی عەجەم لە کرماشانەوە بەردەوام دەستیان تێ وەرداوە و چاویان لە سەری بوە بیخەنە ژێر حوکمی خۆیانەوە.

روارى روبعى يەكەمى كتێبى "تحفه المحتاج" ى دانراوى "ابن حجر" ى بە خەتى خۆى لە قەڵاچوالان نوسیوەتەوە. هەر لەو دەوروبەرەدا "روبعى دوەم" يشى هەر لەوێ نوسیوەتەوە.

لە کۆتایی روبعی یەکەمی دا نوسیوێتی: "بيد الحقير ابن ملا احمد خضر الرودباري الاوراماني معتكفا في الجامع السليمانية ببلدة قلعة جوالان يوم الثلاثاء 1170."

لە کۆتایی روبعی دوەمی دا نوسیوێتی: "الحمد لله على اتمام الربع الثاني بتوفيق هداية الرباني، من الشرح المسمى بتحفة المحتاج في شرح المنهاج للعالم الفاضل الكامل المشتهر بابن حجر بن محمد الهيثمي الانصاري المتبحر المعتبر، بيد الفقير الى رحمة الباري، خضر بن مولانا احمد الرودباري سنة 1170 مع عدم السكون فى الاربعين، جزء في الخلوات، وجزء في الملوات، صفحة في الفلاة، وصفحة في الغرفات، اوراق بالليل واوراق بالنهار، شطر في الحجرة، وشطر في الدار، راقما للكتاب و متكلما مع الاحباب، خاطبا لخطاب المخاطبين، وكاتبا كتاب المكاتبين، يوما بالحزن ويوما بالسرور، مع تكرار الايام والاسبوع والشهور، رحم الله امرءآ ينظر الى مقالتي و يتدبر في حالتي ولا يجعلني هدفا للطعن والملام، في زلة الاقدام وانا راجي منه ذكر الخير والسلام."(350/7)

ساڵی 1197 ک کتێبی "دەوڵەتنامە" ی داناوە.

ساڵی 1202 ک دەستی کردوە بە نوسینەوەی "قاموس المحيط" ی فەیروزئابادی. ماوەی ساڵێ خەریکی "كتابة و مقابلة" ی بوە. بەڵام لەگەڵ خەڵکی روار کێشەی هەبوە، بە "زاڵم" ناویان ئەبا، لە بەر ئەوە رواری بە جێهێشتوە. ماوەی چوار مانگ لە هاتوچۆدا بوە تا سەرەنجام لە گوندی "ئارمان" گیرساوەتەوە.

ساڵی 1203 ک لە گوندی ئارمانی سەر بە ولایەتی ئەردەڵان بوە. لەم بارەیەوە لە کۆتایی نوسینەوەکەی دا ئەڵێ:

"احمد الله الذي اعدنا لاستكتاب مفاتيح كلامه بتحرير القاموس وامدنا لاكتساب تصحيح تمامه بتاييد الناموس. وشكرا له في مقابلة تجديد نعمه تصحيحا، وحمدا له على مناولة كلامه ترقيما وترجيحا، وصلى الله على من سبح في كفه الحصاة بدل الخط تسبيحا، وعلى آله واصحابه الذين حاولوا للدين تنقيحا.

فيقول الفقير المرتجى الى رحمة الباري، ابن ملا احمد، خضر الرودباري، من ناحية ارمان من توابع اردلان: فرغت من كتابة هذه النسخة الشريفة ثانيا من النسخة الاولى بخطي –ايضا- التي قابلتها بنسختين صحيحتين احداهما قوبلت بنسخة المصنف بلا واسطة، وهذه بواسطتين ظهر يوم الجمعة لثمانية عشر من شهر صفر المبارک بتوفيق الله تعالى وتبارک 1203 متحريا لمسطره على الوضوء تماما، ولكتابته ايضا غالبا، اكراما لما فيه من لغة الله القديم السرمدي، ولسان الرسول المكي العربي، مكتسبا لنيل (ال)ثواب السنة النبوية، وتيمنا لدوام دولة من بيمن همته عمر ولاية الاردلان بعدما دارت خواء هاوية، ونضر ايالة الكردستان بعدما صارت هواء خاوية، وقد اصبح قبل سماءها ارضا وطولها عرضا، لان في ايامه ارخى عذبة الدعة والسعة اهل العمامة، ونال الانام فى المنام بالامن والسلامة، الذي شوكته اخذ بالاقدام والنواصي، وحملته شبكة النوافر والقواصي، المقدم بالحسب على الاكفاء والاقران، والمتقدم بالنسب والاجداد الفخام العظام في (ال)ايران، الخان بن الخان، العالي الوالي خسرو خان، بن الخان احمد خان، لازال موفقا بعناية المعز المنان، وانيقا حظه وجده ببهجته وبسطته كالجنان، وكل نلک بحمد الله فقد لا اقول نلک سمعة ومداهنة، لان الخبر ليس كالمعاينة، بل شكرا لانعامه، ونكرا

لاکرامه، فمن لم یشکر الناس لم یشکر الله، بلغه الله الی اقصی مناه، ورزقنا الخاتمة الحسنی وایاه، یا الله یا الله یا رباه، وعلی محمد النبي صلعم وعلی آله واصحابه الذین اهتدوا بهداه.
آمین یا اکرم الاکرمین ویا غیاث المستغیثین. واحمد لله رب العالمین. تم الختام والسلام." (قەرەداخی: 346/7)

لە بەشێکی تری دا نوسیوێتی:
"....
"وقد حصلت فترة اربعة اشهر بالاسفار العائقة، ختم الله لنا بالافعال الفائقة، وهدانا الی الاعمال اللائقة، وابدلنا من هذه القریة الظالم اهلها، ببقعة یذهب الحزن سهلها، وبدلنا بجوار الاشرار برودبار، بجوار الاخیار، بحق السید المختار، واله الابرار، یاکریم، یا غفار، آمین، آمین، آمین، یا رب العالمین، بادئا به منتصف جمادي الاخر یوم الاربعاء 1202." (قەرەداخی: 346/7)
لەوێ لە نوسینەوەی "قاموس المحیط" ی فەیروزئابادی بۆتەوە، کە یەکێ بوە لە فەرهەنگە گرنگ و درێژەکانی زمانی عەرەبی. لە چەند دێڕیک دا کە بە عەرەبی بە بۆنەی تەواوکردنی نوسینەوەی قاموسەکەوە نوسیوێتی ئەشێ چەند زانیاریەکی لێ دەربهێنرێ:
یەکەم، ئەمەیان دوەمین نوسخەی قاموسی "المحیط" ە کە نوسیوێتیەوە و، بە هاوکاری مستەفای، کوڕی چوارەمی، لە گەڵ نوسخەی یەکەمی دا بەراوردی کردوە. واتە هەم خۆی هێشتا لە تەمەنێک دا بوە توانایەکی باشی کاری سەخت و بەرهەمداری لەو بابەتەی هەبوە، هەم لە تەمەنێک دا بوە کە کوڕی گەورەی زانا و پێگەیشتوی هەبوە.
دوەم، لە هاوگوندیەکانی خۆی ناڕازی بوە لە بەر ئەوە لەوێ گوێزاوێتیەوە بۆ جێگایەکی تر.
سێیەم، بە بۆنەی تەواوبونی نوسینەوەی قاموسەکەوە ستایشی خوسرەو خانی کوڕی خان ئەحمەد خان ئەکا، لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی لەوەتی ئەو حوکمی ولایەتی گرتۆتە دەست ئەردەڵانی لە وێرانەوە کردۆتەوە ئاوەدانی و، لە لایەکی ترەوە لە بەر ئەوەی بایەخی بە زانایان داوە و ژیانی بۆ دابین کردون. (قەرەداخی: 346/7)

حاجی قادر و رواری

ناوبانگی رواری و بەرهەمەکانی لە ناو فەقێ مەلای مزگەوتەکانی کوردستان بڵاوبۆتەوە. ئەوسا چاپ دەگمەن بوە، لە بەر ئەوە ئەم بە دەس نوسراوەتەوە و بڵاوبۆتەوە. هەندێکیان لە بەریان کردوە. دیارە هەوالّی دانراوەکانی رواری گەیشتۆتە ئەستەمولّ. حاجی قادری کۆیی (1816 - 1897 ز) لەو شیعرەدا کە بۆ شاعیرانی کوردستانی تەرخان کردوە، ئەڵێ:
وەک مەلا خدری رودباری نیە
شیعری ئاوی حەیاتە تاری (تاڵی) نیە

مەلا خدری رواری مەلا بوە، جگە لەوەی لە مزگەوت دا فەرزەکانی دین و فرمانەکانی مەلایەتی ئەنجام داوە، دیارە مامۆستاش بوە دەرسی وتۆتەوە، هەندێ لە بابەتەکانی دەرسەکانی بۆ ئاسانکردنی فێربون و بۆ لەبەرکردن بە شیعر هۆنیوەتەوە. رواری بۆ ئەو مەبەستە چەند کتێبی داناوە، ئەوەی تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە بریتیە لە:

رۆڵە بزانی، دەوڵەتنامە، زەمانەی ئەندەن، عەقیدەی کوردی: چوار دانراوی هۆنراوەیین، هۆنراوەی فێرکارین، جەمیل فاروقی ساغی کردونەتەوە. ساڵی 2007 هەر چواری، بە زنجیرە لە 1 تا 4 لە تاران چاپ کراون.

قاڵبە شیعریەکانی

رواری لە هۆنینەوەی نامەکانی دا پێڕەوی هەمان قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆرانی کردوە: سەرەتاکەی بە دو بەیتی هاو قافیە دەس پێ کردوە، وتویەتی:

رۆڵە بزانی
فەرزەن وەر جە گشت، مەبۆ بزانی
ئەسڵ و فەرعی دین، چەنی ئەرکانی — چەنی ئەحکامان، پەی موسڵمانی
مەبۆ بزانی: هەریۆ پەنجەنێ — ئەرچی پەنجەنێ، ئەمما گەنجەنێ
ئەسڵ و دینیمان: "زاتەن" و "سیفات" — "مەبدەئو" و "مەعاد"، پەنجەم "نوبووات"(8/1)

هۆنراوەکان مەسنەوی جوت قافیەن و، کێشی سەدر و عەجزی هەمو بەیتەکانی دە بڕگەیین.
لە نامەیەکی تری دا کە ناوی "زەمانەی ئەندەن" ی لێ نراوە پێڕەوی هەمان شێوازی کردوە، لە سەرەتاکەی دا وتویەتی:
زەمانەی ئەندەن
ئەی موسڵمانان یە دەورەی ئەندەن
قاپی شەڕ گوشاد، دەری خەیر بەندەن
عامیان فەتتان، کارشان فەندەن(13/3)

بەرهەمەکانی رواری

1. رۆڵە بزانی

"رۆڵە بزانی" زیاتر لە 140 بەیتە.
لە نامەی "رۆڵە بزانی" دا، رواری ئامۆژگاری وەرگر ئەکا: زانین و کردەوە، زانست و کار، پێکەوە گرێ بدرێ و، کەڵک لە تەمەن وەربگیرێ بۆ بەدەسهێنانی زانست و، بەدەستهێنانی زانستیش بۆ ئەوە بێ لە بوارەکانی ژیان دا جێبەجێ بکرێ. زانای بێ کردەوە وەکو داری بێ بەرە:
هەر چیوێت وانا چیوتەر بوانە — بابێوەت زانا یۆتەر بزانە
وانات و زانات، وەرش بکەرە — زانات وەرت کەرد، عەمەل باوەرە
عیلمەن چون درەخت، عەمەل سەمەرەن — عیلمی بێ عەمەل، باخی بێ بەرەن
هەرچی زایع بۆ، پەرێش هەن بەدەل — ئیللا بێ بەدەل عومرەن و عەمەل
حەیفەن عومری وێت بدەی بە زایە — جەی دونیا بەرشی بێ وایە و مایە
عیلم و عەمەل و عومرت بۆ زیاد — عیلمی بێ عەمەل، مەدەرە وە باد(12/1)

لە بەشێکی "رۆڵە بزانی" دا باسی "ئەسڵ و فەرع" ی دینی ئیسلام و ئەرکان و ئەحکامەکانی ئەکا و، لە بەشێکی تری دا باسی محەمەد و باوک و باپیری و دایکی و پێغمەبەرێتی و سفەتەکانی و تەمەنی ئەکا و لە بەشێکی تری دا باسی ئەرکانی نوێژ ئەکا.

لەو بەشەدا کە بۆ باسی سیفاتی پێغەممەری تەرخان کردوە وتویەتی:

نیمێ سیفەتێش مەبۆ بزانی
نەک کافر بینە، ئەگەر نەزانی
حەزرەت عەرەبەن، مەکی، قورەیشی
رەسولی ئوممی، جای شادی وەشی
تا ئەڵێ؛
پوز و ساق باریک چون بلوری ساف
قوڵکە و پایش نەبێ راست بێ و شەفاف
سایە، یانێ سەی، نەبێش چون مەلەک
جیسمی شەریفش جە نور بی، بێ شەک
خولاسەی کەلام نور سروشتە بێ
جە سەر تا وە پاش چون فریشتە بێ(18/1)

لە باسی ئەرکانی نوێژدا وتویەتی:

ئەرکانو نمای مەبۆ بزانی
نەک بە جەهالەت، چەنەش بمانی
ئەوەل: باوەرە نیەت بە تاقی
دوەم: تەکبیرەن، نامی حەق باقی
سێهەم: قیامەن، جە قیبلەی یەقین
چوار: الحمد لله رب العالمین
پەنجەم: رکوعەن، بە بێ ریا بۆ
شەشەم: ئیعتیدال، رو نە دەرگا بۆ
حەوتەم: سوجودەن، سوجدەی روی زەمین
هەشتەم: جلوسەن، پەی دروسی دین
نۆهەم: قوعودەن، قەرارگای تاعەت
دەهەم: تەحیاتەن، کەلیمەی شادەت
یانزەهەم: سەڵوات بە روی رەسول بۆ
دوانزەهەم: سەلام یا خوا قەبول بۆ
سیانزەهەم: تەرتیب، وەر نەدەی جە دەس
تا جە رۆی مەحشەر نەبی زوان بەس
مەزهەب شافیعی، ئیمام مەشهورەن
دینمان سەحیح، هەم بێ قسورەن(22/1)

2. دەوڵەتنامە

دەوڵەتنامە یەکێکی ترە لە دانراوە فێرکاریەکانی رواری. رواری خۆی مێژوی دانانی دیاری کردوە:

تاریخی نەزمش مەبۆ شنەفتەن
هەزار و یەکسەد نەوەد و هەفتەن (1197)

هۆی دانانی کتێبەکەی بە شێوەی گۆران و بۆ خەڵکی کوردستان لە بەشی "سبب نظم کتاب" دا روون کردۆتەوە:

لازم بی وەنەم لەفزی گۆرانی
نەزمێ بواچون پەی کوردستانی
پەی لەفزئارایی ساف و خۆش کەلام
فائیدەش عام بۆ پەرێ خاس و عام
تا نەسیحەت بۆ پەرێ بەندەگان
هەم وەصییەت بۆ پەی وامەندەگان(32/2)

دەوڵەتنامە زیاتر لە 900 بەیتە. دانەر دابەشی کردوە بە سەر سەرەتا و موقەدیمە و دوانزە باب و خاتیمەدا:

بابی یەکەم دەربارەی رونکردنەوەی ئەوەی نەگبەتی ئەهێنێ
دوەمی ئەوەی فەرامۆشی ئەهێنێ
سێیەمی ئەوەی بیر تیژ ئەکا
چوارەم و پێنجەمی رونکردنەوەی ئەوەی تەمەن درێژ ئەکا و ئەوەی تەمەن کورت ئەکا
شەشەمی لە بارەی رونکردنەوەی ئەوەی دڵ رۆشن ئەکا
حەوتەم و هەشتەمی لە بارەی ئەوەی ئابروی مرۆڤ ئەبا و ئابڕوی زیاد ئەکا
نۆیەمی لە بارەی ئەوەی روناکی چاو زیاد ئەکا و کەمی ئەکا
دەیەمی لە بارەی ئەوەی دەرگای رزق ئەکاتەوە و هەژاری ناهێڵێ
یانزەهەمی ئادابی دوعا و کاتی گیرا بونی و دوانزەهەمی هەندێ دوعا
ئینجا کۆتایی کتێبەکە

رواری لە "مقدمە" دا رو ئەکاتە وەرگر ئەڵێ:

ئەگەر کودەکی رۆڵە بوانە!
ئەر کاملەنی برا بزانە!
ئەر ناخواندەنی بژنەوە بە گۆش!
ئەر شنەفتەنی باوەرە وە هۆش!
ئەر عالمەنی بوزە ئەو ویرت!
چە رەنگش فەرمان ئوستاد و پیرت
نەک چون قوتابی بە میم واتش بیم واتش: واچە میم، وات: ئوستا من نیم(36/2)

لە کۆتایی دا ئەڵێ:

خودایا بە حەق چاردە مەعسوم ئەی چواردە فەسڵ چونکە بی مەنزوم
ئەگەر مالّدارن مواچان قارون ئەگەر بێ مالّەن سوک و سفلە و دون

ئەر ساحیب مالّەن، مامەن یا خالّەن ئەگەر بێ مالّەن ئەو بەیتولمالّەن
سەید شەریفی وات جە ئاخر حالّ عیز و مەردی عیلم، عیز و عیلمی مالّ(167/2)

شکستە و بەستە جە لات بۆ قبول پەرێ خاص و عام نەفعش بو مەحسول
ئیمەیچ توفەیلی بیاومی بە فەیز ئەجری ناتەمام نەبۆ وێنەی غەیز
- کلم الناس قدر العقول - پەی رەکیکی لەفز عوزرم هەن قوبول
بە مەعنی نامش بی دەولّەتنامە خامە وەش کەلام ئامە یا نامە

یە واتەی خضر ئیبن ئەحمەدەن
موحتاجی رەحمەت خودای ئەحەدەن
بە نەزمش ئاورد پەرێ ئەتفالان
پەی مەکتەبیان، ساحیب ئیقبالان
بۆ بە نمونە پەی کەمالشان
نشانیوە بو جە ئیقبالشان(169/2)

رواری بە وتەی خۆی دەولّەتنامەی بۆ فێرکردنی منالّان و مەکتەبییان داناوە، بەلّام سەرنجدانی ورد لە ناوەرۆکی کتێبەکە دەر ئەکەوێ کە دانەر نەیتوانیوە مەبەستەکەی، وەکو ویستویەتی، بهێنێتە دی چونکە:
یەکەم، ژمارەیەکی زۆر ناوی زانا و فەقیە و دەسەلّاتدار و کەسایەتی ئەفسانەیی هێناوە، جەنجالّیەکی ئەوتۆی دروست کردوە مەگەر خوێندەوارێکی رۆشنبیر سەری لێ دەربکا.
دوەم، ژمارەیەکی زۆر ناوی ئایەتی قورئان و ئایەت و حەدیسی پێغەمەر و پەندی عەرەبی و فارسی تێهەلّکێشی بەیتەکانی کردوە، ئەگەر یەکێ زمانەکانی عەرەبی و فارسی بە باشی نەزانێ ناتوانێ تێی بگا.

رواری لە دەولّەتنامەدا چەند بابەتێکی تێکەلّاو کردوە و هەولّی داوە بە یەکیانەوە ببەستێتەوە، لەوانە:
یەکەم، هەندێ ئەحکامی دینی.
زۆری بابەتەکانی پەیوەندیان بە بیروباوەڕی دینیەوە هەیە ئەشێ زانایەکی ئایینی هەلّیان بسەنگێنێ و، لێکدانەوەی ئاینیان بۆ بکا.

دوەم، پەند و ئامۆژگاری و رێنمایی.
گەلێ ئامۆژگاری وەرگری کردوە بۆ هەلّسوکەوتی رۆژانە لە ژیانی کۆمەلّایەتی دا، تەنانەت هەندێ لە ئامۆژگاریەکانی پەیوەندی بە رەفتاری تایبەتی مێردەوە هەیە لە گەلّ هاوسەرەکەی.

سێیەم، چارەکردن یا دەرمانی هەندێ نەخۆشی.

3. زەمانەی ئەندەن

یەکێکی تڕە لە دانراوەکانی رواری. زیاتر لە 670 بەیتە.
مەبەستی لەم نامەیە پەیامێک بوە بۆ خەلّک که هەرکەسێ لە هەر پلە و پایەیەک دا بێ هەر ئەمرێ. دنیاش ئەوەندە "ئەند" ی نەماوە تێک بچێ و کۆتایی بێ، ئەوسا هەمو کەس ئەکەوێتە بەر لێپرسینەوە. ئەو

موسوڵمانانەی کرداری باشیان هەبوبێ ئەچنە بەهەشت و، ئەوانەش بەدکردار بون ئەخرێنە دۆزەخەوە. رواری باسی پردی سیرات و ناو بەهەشت و ناو جەهەنەم ئەکا و، وردەکاریەکانی خۆشیەکانی بەهەشت و ئازارەکانی جەهەنەم وێنا ئەکات.

لە بەشێکی ئەو بەشەدا کە بۆ باسی بەهەشتی داناوە ئەڵێ:

بەهەشتش هەشتەن، هەر یەک بە تامێ — هەر یەک بە ڕەنگێ، هەر یەک مەقامێ
نە بەند، نە بوهتان، نە قورب و نە فەند — نە گیر، نە گرفت، نە دوستاخ، نە بەند
نە تەوق، نە زنجیر، نە زەلیل، نە زار — نە خەوف، نە خەتەر، نە مور و نە مار
نە تیغ، نە تفەنگ، نە سوهام، نە سەیف — نە قاتڵ، نە قەتڵ، نە حەریف، نە حەیف
نە زاریع، نە زەرع، نە کاسب، نە کشت — نە دەردی سەرەن، نە شکەم، نە پشت
نە ئێشی گۆش و نە ئێشی چەمەن — نە ئێشی کۆڵنج، نە یاگەی خەمەن
نە عەیب، نە عیللەت، نە هۆ نوقسانی — نە مات، نە پەشێو، نە پەشیمانی
نە خەم، نە غوسسە، نە زەعفی پیری — نە بیمی مردن، نە خەوفی سێری
نە گەرم و نە سەرد، نە حەڕ و نە بەرد — هەوا موعتەدیل، چون مینای بێ گەرد
بێ خەوف و خەیاڵ، جە سەیری گوڵگەشت — حاسڵەن سابیت، بەهەشتەن بەهەشت!(60/3)

لە باسی جەهەنەم دا ئەڵێ:

دۆزەخ بەحرێوەن جە ئاهیر جۆشان — خودا بە کەرەم سەری ئەو پۆشان
جە نرکەی نیران، نائیرەی سەعیر — جە لوشەی نەبەرد تۆفی زمهەریر
"اعاذنا الله" یا فەردی قەدیم — "اجرنا من نار، عذاب الیم"
دۆزەخ پڕ ئاهیر، هەم پوڵی سیڕات — مەویەڕاش بە سەر تەمام مەخلوقات
جە ئەڵماس تیزتەر، جە مو باریکتەر — ڕای سێ هەزار ساڵ، چی سەر تا ئەو سەر
هەزار ساڵ پایین، هەزار بەرفەراز — هەزار لابەلا، باریک و دراز
بە ئەمری قادر، بە فەرمودەی حەق — نە سەرچای بێدەر، کریان موعلەق
بە حوکمی حاکم، پادشای خەبیر — مەویەڕاش بە سەر، سەغیر و کەبیر
گرد حازر مەبان نەڕاگەی سیڕات — گوزەرگای سەرپرد، ڕای هات و نەهات
پا منیان سەر پرد، باریکی مو تەرز — بە سەد شۆکەشۆک، بەدەن پڕ جە لەرز
مەویەران ناچار نە ڕوی سیاتار — بەعزێ گرفتار، بەعزێ ڕستگار
موئمینان مەیان چون بریقەی بەرق — چون شۆڵەی خورشید، بەربیۆ نە شەرق
مەویەران چون تیر، یاخۆ چون بای وەشت — ئەهلی نەجاتەن، مەشان پەی بەهەشت
نیمێ مەویەران، چون ویەردەی تیر — نیم دو ساغ مەبۆ وە بەندی زنجیر
پا منیان وە سەر سیڕات چون شمشێر — پاشان دو نیم بۆ و دەست مەبان گیر
دەسشان دو نیم بۆ، گرد مەگنا بەوار — گشت خەجاڵەتبار، ڕوشان چون دەوار
سیڕات چون درەخت، بەندەگان خەزان — نیمێ مەویاران، نیمێ مەڕێزان
نیم نەجات یافتە، نەو ترس و لەرزە — نیم ڕێزان بە وار، بە وێنەی تەرزە...(66/3)

گوڵچنینێ لە بەرهەمەکانی

دەرمانی چاو

لە سەردەمی رابوردودا چاوئێشان، چاوخێڵ بون، چاوکزبون، چاو کوێربون... لە دەردە بڵاوەکان و لە کێشە دژوارەکان بوە. لە کوردستان نە پزیشکی پسپۆڕی چاو هەبوە، نە کۆلێجی پزیشکی. نە زانیویانە چاویلکە چیە. رەنگە لە هەندێ شوێن "حەکیم" هەبوبێ، ئەویش لە هیچ دامەزراوەیەکی زانستی دا نەیخوێندوە، بەڵکو لە باوکیەوە یا لە کەسێکی ترەوە پیشەکە فێر بوە. خەڵک زیاتر لەوەی روی کردبێتە "حەکیم" روی کردۆتە "مەلای مزگەوت". مەلای مزگەوت، کە بە دوانزە عیلم ناویان دەرکردوە، تەنیا توێژی زانا و رۆشنبیری کۆمەڵ بون، خەڵک پێیان وابوە ئەوان هەمو شت ئەزانن. بۆ زۆری کێشەکانی خۆیان، لەوانە بۆ چارەی نەخۆشی، رویان تێ کردون. مەلاش هەندێ جار بە یارمەتی نوسراوە کۆنەکان هەندێ دەرمانیان بۆ دیاری کردون، یان بە دوعا و "نوشتە" هەوڵی چارەسەری نەخۆشیەکانیان داون. رواری یش هەمان کاری کردوە. بۆ چارەسەری چاوئێشە و هێزی بینایی هەندێ رێنمایی و چارەی داناوە، لەوانە:

پەرێ بینایی، نافیعەن عەسەل — بکێشە نە چەم بە ماء البصل
واردەی هیچ دەوا نیەن چون شەڵغەم — بڕێشە و گریا، کاڵ پەی نوری چەم
هەم ئاوە و هەڵچێ یا خوا ریواوی — پەرێ چەم خاسەن هەتا مەتاوی
ئاوە و هەناری موز، یانی مەیوەش — بدەش ئەو وەرو هامنی وەش وەش
هەتا ببۆ وشک، نیم جە تاڵیشار — مسقاڵێو فلفل، کەمێو عەسەل بار
بکەرەش سۆرمە، بکێشەش نە چەم — دەوای بینایین، نەزانیش بە کەم
هەرچێو بۆوەش بۆ، بە بۆش بدارە — جە مانگەو رۆچێ، مەکەرە کارە
مرارە الطیر نە چەم بکێشە — سۆڵ و ترش واردەی، مەکەرە پیشە
ژەنگی قورقوشم، چەنی و ئاوی دەم — بساوەش نەکەف، بمالەش نە چەم
پەرێ دەردی چەم، پەی مەبۆ ساکن — تەسکینش مەدۆ مەبۆ بە زامن
یاخۆ پارچێوە گۆشتی گۆسفەند — پێچەش وە تەوێڵ مەبۆ سودمەند(130/2)

ریش و شانە

پێ ئەچی لەو سەردەمەدا پیاوان بە گشتی ریشیان بەردابێتەوە. ریشی زۆر و درێژ ئاڵۆزکاوە و شێواوە و دیمەنی روخساری ناشیرین کردوە، سەرەڕای ئەوەش بۆتە هێلانەی رشک و ئەسپێ، بۆیە شانە و ئاوێنە یەکێ لە پێویستیەکانی پیاو بوە بۆ خاوێنی ریشی و رێکخستنی. رواری رێنمایی پیاو ئەکا شانەی ژنان، شانەی شکاو، شانەی هاوبەش لە گەڵ کەسێکی کە، بە کار نەهێنێ، ئەگینا نەگبەتی بە سەر دێ، رونی نەکردۆتەوە ئەمانە بۆچی نەگبەتی ئەهێنن. ئەشێ ئەم جۆرە قسانە رەنگدانەوەی باوەڕەکانی خۆی و کۆمەڵگا بن:

جە دلێوە ژەنان بەدەن مەویەرە — ریشت بە شانەی ژەنان مەکەرە
شانە و شەریکی مەدەر وە ریشت — شانەت مەدە کەس تانە بۆ ئیشت
شانەی شکەستە ریشت بە شانە — نەکەری هەرگیز، نەگبەتەن ئانە
مەکەر بە شانە ریشت بە وشکی — لاو زەخمداری، ماوەرە مشکی(53/2)

جۆرەکانی مرۆڤ

رواری راوێژ و پرسوڕای بە لاوە ئەوەندە گرنگ بوە، کردونی بە پێوەر بۆ دابەشکردنی مرۆڤ بە سەر سێ جۆردا، "شەئ: شت" و "نیسفی شەئ: نیوەشت" و "لاشەئ: هیچ".
شت، ئەو کەسەیە کە ئیشێ ئەکا ئەقڵی خۆی و ئەقڵی خەڵکی تر بەکارئەهێنێ.
نیوەشت، ئەو کەسەیە کە یان ئەقڵی خۆی بە تەنیا بەکارئەهێنی، یان ئەقڵی خۆی بەکارناهێنی بەڵام ئەقڵی خەڵکی تر بەکارئەهێنێ.
هیچ، ئەو کەسەیە کە نە خۆی ئەقڵی هەیە و نە ئەقڵی خەڵکی تر بەکارئەهێنێ.

لەم بارەیەوە وتویەتی:

مەشوەرەت خاسەن، سەلاح بێ گەڕەن
شاپەڕ قوەتش بە خوردەی پەڕەن
ئینسان سێ نەوعەن: شەئ و نیسفی شەئ یاخو لاشەیئەن، وەش بزانە دەی
شەیئەن: ئەو کەسە وەختێ کەرۆ کار عەقڵو یوتەری بە عەقڵی وێش یار
نیمە شەئ کەسێن: هەر بە عەقڵی وێش یا عەقڵی یۆتەر عەمەل کەرۆ پێش
لاشەئ ئەوکەسەن: وێش عەقڵ نیەن جە پەرسای عاقڵ هەم غافڵ بیەن(90/2)

غەم و هەم

لە "بابی دوعا" دا لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆجی کردوە بۆ ناساندنی "غەم" و "هەم" لە دەرونی مرۆڤ دا و، چارەسەرێکی سایکۆلۆجی، کە ئەویش "دوعا" یە، بۆ دیاری کردوە:

وەرتەر واتمان غەم و قەساوەت مەبۆ پەرێ دڵ ژەنگ و رەخاوەت
دەوای هەم و غەم مەبۆ بزانی تا دڵ فارغ بۆ، دەرون نورانی
تا ئەگەر کەسبەن یا عیلم و تاعەت پەی تەحسیلش بۆت توانا و تاقەت
ئەوەل بواچون فەرقی هەم و غەم
غەم: حاڵەتێوەن نەفس پێش ماتەم
کەیفیەتێو نەفس ئەلەم یاوۆ پێش رۆح موزتەریب بۆ، خەوفش بۆ جە وێش
هەم: کەیفیەتێو نەفسی نەفسانی جە خەوف و رجا پەرێ ئینسانی
ئەمرێوەن عادەت چێش موتەسەویر یا وقوعی خەیر یا شەڕ مونتەزیر
پەرێ دەفعیشان هیچ نیەن دەوا
بە روی دنیاوە بە غەیر جە دوعا(144/2)

داربڕین و راو

ئامۆژگاری وەرگر ئەکا دارنەبڕێ چونکە تەمەن کورت ئەکاتەوە و، راو نەکا چونکە هەژاری ئەهێنێ:

مەکەر بە عادەت بڕیە و دڕەختان تا بە زو نەنیات ئەو سەرو تەختان
دڕەختبڕ مەبۆ کەم زیندەگانی هەژاری مارۆ نەخچیرەوانی
هەرکەس سەیادەن دایم هەژارەن نەچیرەوانی روش نە ئیدبارەن(70/2)

زوڵم درێژە ناکێشێ و زاڵم تەمەنی کورت ئەبێ، بەڵام کەسی دابپەروەر ناوی زیندو ئەمێنێ:

پەی کۆتایی عومر زوڵمی زیادە سەبەبەن زاڵم مەشۆ بێ وادە
دەورەی زاڵمان کۆتا مەنزڵەن نامش مەمانۆ هەر کەس عادڵەن(108/2)

پیری و موحتاجی

تەمەنی مرۆڤ قۆناغی هەیە، لە دایک ئەبێ و پیر ئەبێ و ئەمرێ. لە سەردەمێکی تەمەن دا مرۆڤ بە کارە و کاری پێ ئەکرێ. ئەتوانی خۆی بژێنێ، خۆی بپارێزێ، بەڵام رەنگە لە تەمەنێک دا ئیتر توانای کارکردن و خۆپاراستنی نەمێنێ. لەو سەردەمەدا قانونەکانی پەیوەندیدارن بە خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیەوە نەبوە، هەر کەس خۆی بەرپرسی دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانی و دوارۆژی بوە، لە بەر ئەوە هەر کەس هەوڵی داوە چەندی ئەتوانێ مااڵ و دارایی پێکەوە بنێ بۆ رۆژی لێقەومان و بۆ کاتی پیری. ئەوەی خۆی بە ئەندازەی پێویستیەکانی ژیانی مااڵ و دارایی نەبوبێ، یان منااڵ و نەوەی باشی نەبوبێ بە خێوی بکا، توشی هەژاری و سەرگەردانی بوە. رواری ئەڵێ لە هەمو شت بەدتر موحتاجیە لە سەردەمی پیری دا و، ئەگەر پیری و هەژاری هەردوکی پێکەوە بە سەر هات ئەو کەسە بۆچی نەمرێ؟

جە گردین بەتەر موحتاجی و پیری پیر بی و موحتاج بی، پەی چی نەمیری؟(102/2)

ئادەم و ئاسک

ئادەم کە لە بەهەشت دەرکرا لە هیند گیرساوەتەوە. ئاسک کە بەوەیان زانیوە بۆ موبارەکی چونەتە سەردانی. ئەویش دوعای بۆ کردون و دەستی هێناوە بە پشتیان دا. خوا لە پاداشتی ئەوەدا بۆنی خۆشی میسکی لە ناوکی ئەوان دا خوڵقاند:

وەختێو کە ئادەم، علیه السلام جە بەهەشت بەرشی، جە هیند گرت مەقام
ئاهوان شنەفت جە موڵکی خوتەن پەرێ تەبەڕوک لوان بەو وەتەن
بە سیدق و ئیخلاس گرد لوای وە الش گرد بە تەزەڕوع کەفتێ خاک و پاش
ئادەم پەرێشان دوعا کەرد بە عام دەست ئاوەرد بە پشت ئاهوان تەمام
جە شەرافەتی دەستی موبارەک خوداوەند میشکش پەی دان تەدارەک
ئیدەشان شنەفت باقی ئاهوان بە تەمای نافە بە خدمەت لوان
چون بە تەما بین، نەبی نافەی ناف ئەوان بە ئیخلاس چون شین بە تەواف
تا مەحشەر نافەی ئاهوی تەبەتی جەو دما مەیۆ چێش بۆی جەننەتی(84/2)

قەڵاچوالان و جێگەی تەنگ

خانوی تەنگ ئەشوبهێنێ بە گۆڕ و، نمونە بە سێ کەس ئەهێنێتەوە کە لە قەڵاچوالان لە مااڵی مەلا حسێن چونەتە ناو بیرێکەوە بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە بەڵام هەرسێکیان لە ناو بیرەکەدا خنکاون:

یانەی تەنگ، ئینسان مەکەرۆ خەفە بە زیندەی چون قەبر تێدا مەخەفە
قەڵاچوالان چەن ساڵ جەی وەرتەر سێ کەس شین وە بیر، بدانیش وەبەر
هەر یەرێ مەردی، نەفەسشان چنیا یارای کەس نەبی، تەماشان کنیا
ئەو بیرە جە حەوش مەڵا حوسەین بی ئەلحەق عالمێ و بە عیلم و زەین بی
ئەو بیرەش پەڕ کەرد جە سرکە و جە بەرف ئاوردێشان بەر بە بێ سەوت و حەرف(100/2)

هەڵسەنگاندن

رواری لە دانراوەکانی دا بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە باوەڕی ئیسلام هەوڵی داوە سەرەتای دینیی"الامر بالمعروف والنهي عن المنكر" بۆ پەروەردەکردنی تاک و چاکسازی کۆمەڵ، ورد بکاتەوە و بە وەرگری کوردی بڵێ: وا بکە و وا مەکە! یان وەکو پێشینان وتویانە: "خاس بکە و خراو مەکە".

لە روی ناوەرۆکەوە ناشێ دانراوەکانی رواری بە پێوەرەکانی ئەم زەمانە هەڵبسەنگێنرێن. بەڵکو ئەبێ ببرێنەوە "زەمان و زەمین" ی دانان و هۆنینەوەیان، ئەبێ ببرێنەوە بۆ ناو ئەو ژینگە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیەی ئەم جۆرە بابەتانەی تێدا نوسراوە. لە دو لاوە سەیری بکرێ:

یەکێکیان، پلەی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردی، لە ژێر سایەی حوکمی دوانەیی میرایەتی خۆجێیی ئەردەڵان و حوکمی ناوەندی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حوکمی دوانەیی خۆجێی بابان و حوکمی ناوەندی عوسمانی لە لاکەی تری کوردستان دا و، هەمو ئەو بەڵایانەی لە شەڕی بەردەوام و، نائارامیی سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا هاتوە.

ئەوی تریان، تێکەڵ بونی هەمو ئەو باوەڕە دینییانەی لە بنەما سەرەتاییەکانی ئیسلامەوە داکەوتون (وەکو باوەڕهێنانی بێ دودڵی بە ئیسلام و قورئان و پێغەممەر، بە مردن و زیندوبونەوە و، حەشر و نەشر و، بەهەشت و جەهەنەم...)، لە گەڵ هەمو ئەو باوەڕە ئەفسانەییانەی لە ناو خەیاڵدانی کۆمەڵگای کوردی دا، لە کۆنەوە، بە درێژایی زەمان دەربارەی ژیان و دیاردەکانی کۆمەڵ و سروشت بونەتە باوی جێگیر.

ئەگەرچی رواری لە ناو هۆنراوەکانی دا ناوی دەیان سەرچاوە و، ناوی دەیان بیرمەندی گەورەی فارسی و عەرەبی ئەهێنێ، بە تایبەتی مەولانا جەلالەدینی رۆمی، دانەری مەسنەوی مەعنەوی و پەندی لێ وەرئەگرێ:

مەولانا جەلال رۆمی مەعنەوی/ پێسەش فەرماوان ئەو جە مەسنەوی(60/2)

مەولانای رومی پەرسا جە مەتبەخ/ چێشمان هەن یاران؟ واچێنی بەخ بەخ (166/2)

هەروەها دەیان کتێبی گرنگی ئەو سەردەمەی بە خەتی خۆی نوسیوەتەوە، کەچی بەراوردی نامەکانی ئەو لە گەڵ کتێبە فارسیەکانی کە بۆ پەروەردەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و رونکردنەوەی بیری فەلسەفی و عیرفانی دانراون، وەکو گولستانی سەعدی، مەسنەوی مەعنەوی جەلالەدینی رۆمی، عەبدورەحمانی جامی، فەریدەدینی عەتار... دەری ئەخەن کە دانراوەکانی رواری لە روی "شێوە و ناوەرۆک" ەوە ناگەنە ئاستی هیچ کام لەوانە.

رەنگە ئەو بابەتانەی رواری کردونی بە بابەتی هۆنراوەکانی، بۆ ئەم زەمانە نرخێکی زانستیان نەمابێ، بگرە جێبەجێکردنی هەندێکی ناڕاست و زیان بەخش بن، بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەی جۆری بیرکردنەوەی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە و، هەندێ لایەنی سۆسیۆلۆجی (کۆمەڵناسی) کۆمەڵگای کوردی لەو زەمانەدا کەڵکی لێ وەرئەگیرێ. گرنگی دانراوەکانی لە ناوەرۆکەکانی دا نیە بەڵکو لە زمانەکەی دایە، کە رواری لەو سەردەمەدا هەوڵی بە کوردی کردنی نوسینەوەی بابەتی جۆراوجۆری داوە بە زمانی کوردی و، سەرەڕای ئەمەش رەنگە بۆ کەسی زمانەوان، بۆ بەروارەدی گەشەکردنی مێژویی زمانی کوردی و، دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی کوردی کەڵکی هەبێ.

مەدرەسەی ئەدەبیی بابان

1. قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی بابان
   (سالم وەک نمونە)
2. جیاوازی قاڵبە شیعریەکانی هەردو مەدرەسەی بابان و گۆران
3. تایبەتمەندیەکانی مەدرەسەی بابان
4. بابەتەکانی شیعری سالم
5. هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی

قاڵبە شیعریەکانی مەدرەسەی بابان

(سالم وەک نمونە)

ڕیچ لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، ساڵی 1820 چەند حەفتەیەک لە سلێمانی ماوەتەوە لەو ماوەیەدا میرەکانی بابان و گەورەپیاوەکانی دیون. لە دانیشتن و کۆڕەکانیاندا بەشدار بوە، لە بەر خاتری ئەم بەزمی شەڕەکەو و شەڕەبەران و شەڕەسەگ و تیرئەندازیان ڕێکخستوە. ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانییان بۆ ساز کردوە.
بە وردی لە هەلومەرجی سیاسی، باری کۆمەڵایەتی و ئابوری، تەنانەت ژێرخان و ڕێگاوبانەکانی کوردستانی کۆڵیوەتەوە. هەواڵی شەرەفنامە و مێژوی بابانی پرسیوە. دەنگوباسی مەولانا خالید و ناکۆکیەکانی و، پایەی شیخ مارفی نۆدێی تۆمار کردوە. کەچی لەم ڕوانینە گشتگیرەی ڕیچ دا لە دورونزیکەوە باسی شاعیر و ئەدیب ناکا. ئەمەش تەنیا ئەوەی لێ ئەفامرێ کە لەو ڕۆژگارەدا ئەبێ هێشتا شیعر و شاعیری لە سلێمانی نەگەیشتبنە پلەیەکی گەشانەوەی ئەوتۆ کە شاعیر لەو کۆڕانەدا ئامادە بێ و، شیعر لەو دانیشتنانەدا بوبێ بە بابەتی باس.
ئەو تێکستانەی بە زاراوی بابان هۆنراونەتەوە و تا ئێستا دۆزراونەتەوە، کە هێشتا ڕاستی و دروستییان بە چاکی ساخ نەبۆتەوە، چەند تێکستێکن، لەوانە:

موناجاتی شێخ سادق (1156 ک)
مەهدی نامەی ئیبنولحاج (1189 ک)
تەزکەرەتولعوامی مەلا محەمەدی سێوچی (1192 ک)
هەر 3 تێکست سەردەمێ هۆنراونەتەوە کە هێشتا سلێمانی ئاوەدان نەکراوەتەوە (1199 ک)
ئەم 3 تێکستە هەر سێکیان دینین و هەر یەکەیان بۆ مەبەستێکی دینی دانراون. یەکەمیان پارانەوەیە لە خودا کە شیفای خالید پاشا بدات و، لە نەخۆشیە کوشندەکەی چاک بێتەوە. دوەمیان باسی نیشانەکانی دەرکەوتنی قیامەتە. سێیەمیان باسی هەندێ باوەڕی دینی ئەکا. هەرسێکیان لە زمانی فۆلکلۆرەوە نزیکن. دانەرەکانیشیان تا ئێستا پاشماوەیەکی تریان لە بەر چاو نیە تا بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن.

ئەحمەدی کۆر، کە ئەشێ بە موکریانی دابنرێ، ئەویش تا ئێستا رۆژگاری ژیانی دیاری نیە و، شیعرەکانیشی بە رێکوپێکی لە سەرچاوەی نوسراوی باوەڕپێکراوەوە ساخ نە کراونەتەوە، بەڵکو دەماودەم کۆ کراونەتەوە.
ئەوی کە لە بەر دەستدا بێ شیعرەکانی نالی (1800 – 1856 ز)، سالم (1805 – 1869 ز)، کوردی (1812 – 1850 ز) و نەوەکانی دوای ئەوانن. ئەوانیش رۆژگاری ژیانی خۆیان و سالّی لە دایک بون و مردنیان مشتومڕی لە سەرە. بەڵام ئەشێ هەندێ لە شیعرەکانی خۆیان بکرێ بە نیشانەی سەردەمەکانیان.
سالّی (1254 ک/ 1838 ز) نالی بە بۆنەی مردنی سلێمان پاشا و دانیشتنی ئەحمەد پاشای کوڕیەوە شیعرێکی داناوە.
سالّی (1850 ز) سالم بە بۆنەی شەڕی کورد و عوسمانیەوە کە عەزیز بەگی بابان سەرکردایەتی کردوە، شیعرێکی داناوە.
سالّی (1853 ز) بەهائولّا لە سەرگەلّو و سلێمانی گیرساوەتەوە، کوردی تەرجیعبەندێکی بە فارسی لە ستایشیدا داناوە.
ئەم سالّانە، کە ئەکاتە دوەم چارەکی سەدەی نۆزدە، ئەگونجێ بە سەرەتای سەرهەڵدانی شێوەی بابانی، لە روی زمان و فۆرم و ناوەرۆکەوە، دابنرێ و، دوای ئەم قۆناغە ئیتر لە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان دا، پێرەوی کراوە کە لە سابڵاخی موکریانەوە تا سلێمانی و کەرکوک و کۆیە و رەواندزی گرتۆتەوە.

لە موکریان، وەفایی (1844 – 1902 ز)، حەریق (1856 – 1909 ز)، ئەدەب (1859 – 1916 ز)
لە سلێمانی، مەحوی (1831 – 1906 ز)، فایەق (1806 – 1889 ز)، ئاهی، فکری، خەستە، خاکی.
لە کەرکوک، شێخ رەزا (1837 – 1910 ز)
لە کۆیە، حاجی قادر (1816 – 1897 ز)، کەیفی (1814 – 1883 ز)، ئەختەر (1839 – 1888 ز)
لە رەواندز رەمزی
ئەمانە و هاوزەمانی ئەوان و دوای ئەوان پێرەوی هەمان شێوەی بابانیان کردوە.

سەرچاوەی فەرهەنگی

شوێنی جوگرافی میرایەتی بابان لە لای رۆژهەڵاتیەوە هاو سنور بوە لە گەڵ دەوڵەتی ئێران و لە لای خوارویەوە هاوسنور بوە لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی. پەیوەندی بازرگانی سلێمانی – کرماشان و سلێمانی – بەغداد و، پەیوەندی میرەکانی بابان لە گەڵ فەرمانڕەوایانی ئێرانی لە کرماشان و تەوریز و دەرباری شا لە تاران و لە لایەکی ترەوە لە گەڵ وەزیری بەغدا و بابی عالی لە ئەستەمولّ، رێگەی پەیوەندی فەرهەنگی لە هەردولاوە بە روی ناوچەکەدا کردۆتەوە.

مزگەوت و مەدرەسەکان، بە زمانی عەرەبی قورئان و حەدیس و شەریعەت و زانستیە ئاینیەکانی تێدا خوێنراوە. بەڵام لەو سەردەمەدا زمان و ئەدەبی عەرەبی وەکو مێژونوسانی عەرەب خۆیان لە نوسینەوەی مێژوی ئەو قۆناغەدا ناویان ناوە ماوەی "انحطاط" بوە. بۆیە ئەدەبی عەرەبی جگە لە هەندێ شیعری کۆن و دینی کاریگەریەکی ئەوتۆیان لە سەر فەرهەنگی ناوچەکە نەبوە، بە تایبەتی کە زمانی ڕەسمی والی و کاروباری حکومەتی تورکی بوە و، هێشتا تورکی نەبۆتە زمانی خوێندن و نوسین لە سلێمانی.
هەر لە مزگەوت و مەدرەسەکان دا بە زمانی فارسی هەندێ کتێب خوێنراوە. زانینی زمانی فارسی ئەرکێکی پێویست بوە بۆ هەمو خوێندەوار و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە چونکە زمانی فارسی هەروەک زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئێران بوە، زمانی ڕەسمی میرایەتی بابان و ئەردەڵان و، زمانی نامە و نامەکاریان بوە. ئەدەبی فارسی، لەوانە شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی، گولستان و بوستانی سەعدی، دیوانی حافزی شیرازی، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی بابان بوە.
جگە لە دەسنوس، لەو سەردەمەدا چاپ پەیدا بوە. هەندێ کتێبی عەرەبی، فارسی، تورکی لە ئێران و لە هندستان و لە تورکیا و لە ئەوروپا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەبێ لەوانەش گەیشتبێتە کوردستان.
شاعیرانی ئەم مەدرەسەیە جگە لەوەی فێری فارسی بون بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە ئەدەبیەکانی زمانی فارسی، خۆیشیان بە زمانی فارسی شیعریان داناوە و، هەوڵیان داوە بەشیک لە دیوانەکانیان بە فارسی بێ.
مەولانا خالید، ئەگەرچی موناجات و هەندێ شیعری لاوازی بە هەورامی داناوە و چەند شیعرێکی کەمی بە لەهجەی بابان نوسیوە بەڵام هەمو دیوانەکەی بە فارسی هۆنیوەتەوە.
سالم دەیان شیعری کوردی خۆی تێهەڵکێشی شیعری فارسیی حافز کردوە. لە شیعرەکانی دا ئاماژە بە سەعدی و حافز و حەکیمی ڕۆمی ئەدا.
کوردی دریژترین شیعری کە تەرجیعبەندە بە زمانی فارسی داناوە. ئەویش لە شیعرێکی دا ناوی شاعیرە گەورەکانی ئێران ئەبا، ئەڵێ:

حافز و سەعدی و نیزامی، قەیس و جامی و دەهلەوی
فەیزخواە و مەعریفەتجو بون لە شاگردانی عەشق
...
شەمس و مەولانا و مەنسور کەی بە سیرِ مەحرەم دەبون
تا نەیانخواردایە ڕێزەی نانی سفرەی خوانی عەشق
(دیوانی کوردی: 19، هەولێر)

نالی بۆ خوێندن چۆتە سنە، سەردانی شام و مەکە و مەدینەی کردوە، ئەگەرچی سەرەنجام لە ئەستەمۆڵ گیرساوەتەوە، بەڵام لە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی فارسی ڕزگاری نەبوە.
مەحوی، وەفایی، فایەق، شێخ ڕەزا، ئەدەب.... بەشێکی دیوانەکانیان بە فارسی داناوە.
کاک ئەحمەدی شێخ "مکتوبات" ەکەی بە فارسی نوسیوە.
بۆیە شتێکی ئاساییە ئەدەبی بابان لە ژێر کاریگەری ئەدەبی بەهێزی فارسی دا بوبێ و، هەرچی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە مێژوی ئەدەبی کوردی دا بکرێ بە دابڕاوی لە مێژوی ئەدەبی فارسی، ناتەواو ئەبێ.

لاساییکردنەوەی ئەدەبی فارسی

قالّبی شیعری بابان لاساییکردنەوەی قالّبی شیعری فارسیە و، بە چاولێکەری ئەوان قالّبی عروزی بۆتە باو. ئیتر شیعری هەورامی و قالّبی خۆمالّی لەم ناوچەیەدا بەرەو پاشەکشە و پوکانەوە چوە و قالّبی بابانی جێگەی

گرتۆتەوە. تەنانەت بەندوباوی نەخوێندەواری دوای زۆر لەو شاعیرانە خراوە، کە لەم سەردەمەدا بە هەورامی شیعریان هۆنییەتەوە.
شیعری فارسی لە گۆڕان و گەشەکردنی دا تا گەیشتۆتە قۆناغی ئەدەبی نوێ سێ سەبکی دیار ڕەنگی تێدا داوەتەوە: سەبکی خوراسانی، سەبکی عیراقی، سەبکی هیندی، سەبکی بازگەشتی ئەدەبی.
لە ناو ئەو شاعیرانەدا کە سەر بەم سەبکانەن و، لە ڕوی فۆرم و ناوەرۆکەوە، کاریگەرییان لە سەر شاعیرانی مەدرەسەی بابان هەبوە لە سەبکی خوراسانی فیردەوسی توسی و نیزامی گەنجەوی و لە سەبکی عیراقی سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی و عەبدورەحمانی جامی و، لە سەبکی بازگەشتی ئەدەبی هاتفی ئەسفەهانی بون.
بە کارهێنانی وشەی زۆری عەرەبی و رستەی ئاڵۆز و سەخت، لاساییکردنەوەی سەبکی عیراقی بوە و، لە قاڵبی شیعردا هەمان قاڵبە شیعریەکانی شاعیرانی فارسیان بەکارهێناوە: غەزەل، قەسیدە، قیتعە، تەرجیعبەند، تەرکیبەند، ڕوباعی، موسەمەط، موخەمەس، موسەدەس، مولەمەع، تەخمین و، لە کێشی شیعرەکانیشیان دا زۆری کێشە عروزیەکانی ئەوانیان پێڕەوی کردوە.

سالم و ئەدەبی فارسی

سالم وەکو لە شیعرەکانی دا دەرئەکەوێ سەردانی ئێرانی کردوە، ئەڵێ:

ئیبتیدا بۆ ڕەی کە هاتم فیکری عەقڵیم لێ نەکرد
حەپسی تارانم گوناهی کاری بێ تەدبیرمە (دیوان: 128)

....

بە عەقڵ ئەمڕۆژە پێم زانی دەفەوتێ
کە سالم عازمی مولکی عەجەم بو (دیوان: 110)

.....

لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بێ لە تارانا
بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ڕەی بە ئێرانا گوزەر ناکەم (دیوان: 85)

.....

ئەی قیبلەی مورادان ئاخۆ بە ڕۆژگاران
جارێ لە کەس پرسیوتە حاڵی غەریبی تاران؟

....

چ بڵێم حاڵەتی دڵ چۆنە لە هیجرا سالم
سەحنی گوڵزاری سەنەندوج وەکو زیندانی منە (دیوان: 131)

...

بە بێ ڕوی تۆ فەزای باغی سەنەندوج
لە ناو دڵما وەکو ناری سەقەر بو (دیوان: 110)

سنە و تاران دو ناوەندی فەرهەنگی گرنگی ئەو زەمانە بون.
سالم لە شیعرەکانی دا ئاماژە بە سەعدی و حافز و شەوکەت و شەمسی تەبریزی و جەلالەدینی ڕۆمی ئەدا:
سەد مەولەوی بە فتوەی دڵ دەبنە عیسەوی

گاهێ ئەگەر لە گێسویی تەرسا بەدەرکەوی (دیوان: 151)

....

سالم کەلامی کوردی و بێوەزن و لەنگ و سست
بێ مەعنایە بگاتە ئەلای شێخی مەعنەوی (دیوان: 152)

....

حەیرانی رەهی عەشقن گەر شەمسە وە گەر مەنسور
سالم نبود پیدا زین باده به پیمانی (دیوان: 150)

لە شیعرێکی تری دا کە "ملمع" ە لە سەر شیعرێکی سەعدی ئەڵێ:
ئەی بە تەلعەت ماهی تابان، وەی بە عیزەت ب ت
زلف داری هم چو عنبر لب چو ش ک ر
س ا ل م ئاگاهە بۆ کیزب و خیلاف
این غزل گفتەاست مسکین س ع د ی

...

ملمع لە سەر شیعری شوکت:
بە سالم شەوکەتە زنجیری مجنونی لە کۆی لەیلا
اسیر خال او گردم ز تیر چشم جادویی

.....

سالم زیاتر لە 10 شیعری مولەمەع (ملمع) ی هەیە کە میسراعی یەکەمی بە کوردی شیعری خۆیەتی و میسراعی دوەمی بە فارسی شیعری حافزی شیرازیە.
ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتە جێ ماهی جیهان ارا
بە خال هندوش بخشم سمرقند و بوخارارا (دیوان: 24)

....

سوبحی نەورۆزە وەختی بەزمی شەراب
الصبوح الصبوح یا اصحاب (دیوان: 43)

...

بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دنیا
الا یا ایها الساقی ادر کاسا وناولها(دیوان: 36)

...

دڵە خەڵوەت سەرای حەزرەتی دۆست
دیدە ایینەداری طلعت اوست (دیوان: 47)

....

بێنە سا بادی سەبا لەم وەختەدا پەیغامی دۆست
تا کنم جان از سر رغبت فدای نام دوست (دیوان: 48)

....

غەیری فیکری (72)
گوارەت (74)
لیلی وشان (77)
سەهی قەدان (83)

دەسپێک

هەمو شیعرەکانی بە دو میسراعی هاو قافیە دەس پێ ئەکا و، ئیتر قافیەکانی تا کۆتایی شیعرەکە چ غەزەل بێ یا قەسیدە لە سەر یەک ئاواز ئەمێنێ. قافیەی میسراعی دوەمی بەیتەکانی لە بەیتی دوەمیەوە تا کۆتایی یەک جۆر قافیە ئەبێ.

..... ئەلف ..... ئەلف
..... ب ..... ئەلف
..... ج ..... ئەلف

کۆتایی

سالم کۆتایی شیعرەکانیشی بە درکاندنی "تخلص" ی خۆی، واتە بەو ناوە ئەدەبیە هێناوە کە بۆ خۆی هەڵی بژاردوە. بە دەگمەن شیعری هەیە لە دوا بەیتیدا ناوی خۆی تێدا نەهێنابێ، رەنگە ئەویش ئەنقەست بوبێ.
شاعیرانی کورد بە گشتی "تخلص" یکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە چەشنە دەربڕینێ بوە لە زەلیلی و داماوی و بەدبەختی: نالی، هیجری، مەشوی، مەحوی، خەستە، ئاهی، حەریق، خاکی، غەریب... "سالم" یش سەرەتا "بیمار" ی کردوە بە "تخلص" ی خۆی، دوایی گۆڕیوێتی بە "سالم".

چەشنەکانی

سالم بە چەندین قاڵب شیعری هۆنیوەتەوە:

1. غەزەل

غەزەل، پێکدێ لە 5 تا 10 بەیت. دو میسراعی بەیتی یەکەم و میسراعی دوەمی هەمو بەیتەکانی تر هاوجۆر ئەبن. گرنگ نیە کێشەکەی چەند بڕگە بێ.
غەزەل وشەیەکی عەرەبیە بۆ باسی دڵداری بە کار ئەهێنرێ، بەڵام ئەشێ لە هەمان قاڵب دا بابەتی جۆراوجۆری پێ بهۆنریتەوە.
تەلاری هۆنراوەیی غەزەل بەمجۆرەیە:

.....الف ..... الف
..... ب .....الف
.....ج .....الف
..... د .....الف

..... بە هەمان شێوە تا دوایی

2. قەسیدە

شیعرێکە دو میسراعی بەیتی یەکەم و میسراعی دوەمی هەمو بەیتەکانی تری هاوقافیەن.
درێژی قەسیدە ئەشێ لە 15 بەیتەوە تا 60 بەیت بێ. بابەتەکەی لە ئەدەبی فارسی دا بۆ مەدح و خۆهەڵکێشان و هەجو تەرخان کراوە و، بابەتی ئەخلاقی و دینی و باسی سروشت شت لاوەکی بون. هەندێ لە رەخنەگرانی فارسی قەسیدەیان بە "حماسە دروغین" ناوە، چونکە هەندێ جار بە ستایشی درۆینە کەسایەتیەکیان کردۆتە قارەمانێکی ئەفسانەیی هیچ کام لەو سفەتانەی تێدا نەبوە کە کابرایان پێوە هەڵکێشاوە.

سالم چەندین قەسیدەی ناوە بابەتی جیاوازی تیا هۆنیونەتەوە، هەندێکیان سەرەڕای نرخی ئەدەبی، نرخی سیاسی و نرخی مێژوییان هەیە، لەوانە قەسیدەیەکی کە بەم ناونیشانە هۆنیوێتیەوە:
"ذکر محاربەی بندگان، میر جلیل الشان عزیز بگ بابان، با طائفە رومیان" سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:
لێم گەڕێن با گۆشگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەف زەنان
گێژەڵوکەی بای نەامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

لە باسی بارودۆخی سلێمانی دوای داگیرکرانی لە لایەن هێزی عوسمانیەوە، سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:
بەدە ئەحوالّی ئەشخاسێ کە خاسی مولّکی بابانن
لە بێداری فەلەک هەر یەک سەراسیمە و هەراسانن (دیوان: 102)

لە ستایشی عەزیز بەگی بابان دا ئەڵێ:
دەکا دونیایە پڕ شۆڕش بە دایم فیتنەها پەیدا
بە نەیڕەنگ و فسون هەردەم لە هەر مویە وەغا پەیدا(دیوان: 18)

لە دورکەوتنەوەیەکی دا بۆ شاری حلە لە عەرەبستانی عیراق دا باسی مانەوەی خۆی و ئەسپەکەی ئەکا، سەرەتاکەی بەمجۆرە دەس پێ ئەکا:
ئاخ و داخ دلّ غافلّە نازانێ قیسمەت چی دەکا
ئەمڕۆ وا لیرەم بەلّام ئاخۆ بەیانی کوێم دەبا (دیوان: 41)
.....

جگە لە سالم، شاعیرانی تری هەمان مەدرەسە قەسیدەسازیان کردوە.
نالی چەندین قەسیدەی ناوە. ناسراوترینیان قەسیدە رائیەکەیەتی کە پرسیارە لە ئەحوالّی سلێمانی دوای نەمانی دەسەلاّتی میرایەتی بابان:
قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆشمرور
وەی پەیکی شارەزا بە هەمو شاری شارەزور

سالم یش بە قەسیدەیەکی رائی وەلاّمی داوەتەوە:
جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

وەی پەیکی شارەزا لە هەمو راهی پڕ خەتەر

نالی دو قەسیدەی هائی هەیە هەردوکیانی لە رێگەی حەج داناوە. تەرخانی کردون بۆ بابەتی دینی:
ئەی ساکینی ریازی مەدینەی منەوەرە
لوتفێ بکە بفەرمو: مەدینەی منەو وەرە

ئەوی تر:
ئەلا ئەی نەفسی بومئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە برۆ ئازانە بازانە

مەحوی "قەسیدەی بەحری نور" ی داناوە کە 123 بەیتە ئەڵێ:
وصلی الله علی ئەو بەحری نوری عیلم و عیرفانە
کە دەرکی غەوری ناکا غەیری "علم الله – سبحانە"

3. تەرجیعبەند

لە چەند غەزەلێکی چەند بەیتی هاوکێش پێک دێ، بۆ پێکەوەبەستنی غەزەلەکان بەیتێک هەمو جار بە هەمان کێشی بەیتەکان و قافیەی جیاواز دوبارە ئەبێتەوە.

.....الف	..... الف
.....ب	.....الف
.....ج	.....الف
.....د	.....الف
.....ه	.....الف

..... ب

.....ب

.....الف	..... الف
.....ب	.....الف
.....ج	.....الف
.....د	.....الف
.....ه	.....الف

..... ب

.....ب

بە هەمان شێوە ئەتوانێ تا 7 بەند دریژەی هەبێ.
بەناوبانگترین تەرجیعبەند لە ئەدەبی فارسی داتەرجیعبەندەکانی سەعدی شیرازی و هاتیفی ئەسفەهانی یە.
سالم تەرجیعبەندێکی بە کوردی داناوە، لاسایی تەرجیعبەندە فارسیەکەی هاتیفی ئەسفەهانی کردۆتەوە و هەمان تەرجیعەکەی ئەوی کردۆتە پاش بەندی تەرجیعەکانی. تەرجیعبەندەکەی سالم هێز و پێزی تەرجیعبەندەکەی هاتیفی نیە. شیعرەکانی هاتیفی لە ریزی شاکارە ئەدەبیەکانی زمانی فارسی دا دائەنرێن:

بەشێ لە بەندی یەکەمی تەرجیعبەندی هاتیف:

ای فـدای تـو هم دل و هم جـــان　　وی نثار رهت هـم این و هـم آن
دل فـدای تو چـــون تویی دلبر　　جان نثار تو چون تویی جانـان
دل رهـانـدن ز دست تو مشکـل　　جـان فشانـدن به پـای تو آسان
ساقی آتش پرست و آتش دست　　ریخت در ساغر آتش سوزان
چون کشیدم نه عقل ماند و نه هوش　　سوخت هم کفر از آن و هم ایمان
مست افتادم و در آن مستی　　به زبانی که شرح آن نتوان
این سخـــن می‌شنیـدم از اعضا　　همـه حتـی الوریـد و الشـریان
ای فدای تو هم دل و هم جان　　وی نثار رهت هم این هم ان

که یکی هست و هیـچ نیست جـز او
وحـــده لا الـــه الا هـــو

.....

یاری ساحیر نەژادی سیلسیلە مو　　دڵی بردم بە نێرگسی جادو
دڵی رەوشەن مەکانی لەیلایە　　مونعەکیس بو میانی ئایینەڕو
بەعدەزین کاری من بە زیناڕە　　دینی بردم نیگاهی تەرسا خو
هەڵسە ئەی دڵ بچینە لای مەجنون　　ڕشتەی عاقڵی لە دەس دەرچو
دڵی پێکام بە عیشوە تیری موژەی　　تەرکی ئەندێشەی کەمان ئەبرو
کەرەمی کرد سیاهی و مەستی　　نێرگسی ئەو بە دیدەی جادو
باز ئەگەر ڕێی نیە بە تووڕەی یار　　بۆ دەماغم بە بۆ موعەتەر بو
مەستی من وەرای یارانە　　ساقیا خوم بدە بە جام و سەبو
گڕی بەست دڵ بە شەو لە نەشئەی　　ڕام هاتوجۆ بو لە مەستیا هەر سو
شاپەڕی دا لە دڵ خەروسی سەحەر　　وای غوباری کەدورەتم جادو

هەر یەکێکە خودای حەق نەک دو
وحده لا اله الا هو (دیوان:115)

بازی دڵ بێ قەرار و شەیدایە　　شێفتەی زولف و خاڵی لەیلایە
بێ ڕەوانم ئەگەر نەدا بۆسە　　وەصلی دولبەر دڕەختی توبایە
ئەی سەبا لابە مو لە سەر چیهرە　　مەرگی عاشق شەوانی یەلدایە
سااڵ و مەە بۆ صبوحی ڕەندان　　دەری مەیخانە سوبحدەم وایە
حەسرەتا دڵ لە فیکری گێسودا　　وەکو سەنعان بە دینی تەرسایە
چومە مەیخانە سوبحدەم بۆ سەیر　　دیم لە وێشا خرۆش و غەوغایە
هاتە گوێم کافرێ بە گریە وتی:　　کاری هەرکەس بە فەردی یەکتایە

هەر یەکێکە خودایی حەق نەک دو
وحده لا اله الا هو (دیوان: 134)

زولفی تۆ مو بە مو خەریکی خەمە　　دڵی من نەو بە نەو غەریقی غەمە
ساغیری تۆ لە بادە دائیم پڕ　　خاتری من هەمیشە پڕ ئەلەمە
قەت بە ئومێدی مەرحەمەت نابم　　لە تەرەف تۆوە قیسمەتم ستەمە

بە خوێنی جەرگ و دڵ لە فیرقەت دا　　رەنگی ئەشکم بە راستی وەک بەقەمە
بێکەسانە مەچۆ دڵا میحنەت　　نیە رێگەت ئەگەرچی بۆ حەرەمە
کەسی بێکەس کەسێکە بۆ هەر کەس　　مەنبەعی جود و چەشمەیی کەرەمە
هەریەکێکە خودایی حەق نەک دو
وحدە لا الە الا هو (دیوان: 123)

غەم وەکو کۆە تەن زەعیف و زار　　دڵ یەکێ غائیلەی زەمانە هەزار
لە بی بەستم لە گفتوگۆ دولبەر　　تا نەکەم دەردی دڵ بە کەس ئیزهار
غەیری دولبەر کە مەحرەمی رازە　　ناکەسم گەر بە کەس بڵێم ئەسرار
رشتەی مەعریفەت لە دەس دەرچو　　عارە بۆ من رەفاقەتی ئەغیار
ئە خیرەد تو خوا لە دڵ دەرچۆ　　دڵ نەماوە لە فیرقەتی دڵدار
بە حەقیقەت جیهانی بێ بونیاد　　نیەتی بۆ کەس سوبات و قەرار
مەکە زاهید منی لە شەوقی زەمیر　　هەر ئەتۆنی بە سیڕی حەق ئیزهار
وا لە سەربانی مەیکەدە راهیب　　ئەم کەلامە دەڵێ بە نالەی زار
هەریەکێکە خوای حەق نەک دو
وحدە لا الە الا هو (دیوان: 59)

(تێبینی: 1. ئەم شیعرانە لە گوێزانەوەدا بەر هەندێ دەستکاری کەوتون. هەروەها ئەبێ چەند خانەیەکی تەرجیعبەندەکە ناتەواو بێ. 2. هەمو شێعرەکان لە چاپی هەولێر و ژمارەکان ژمارەی لاپەڕەکانین و چەند دانەیەکی لە رۆژنامەی ژینی پیرەمێرد وەرگیراون)

تێهەڵکێش

خضروارم ئەگەر ماچێ کەرەم کەی
بە اب زندگانی بردام پی (دیوان: 154)
ئەی بە تەلعەت ماهی تابان وەی بە عیزەت ب ت
زلف داری هم چو عنبر لب چو ش ک ر (دیوان: 154)
ئەسیرم باز لە دوای قەیدی تورڕەیی مشک بۆ مویی
فرنگی زادەئی خو کافری زنار گیسویی (دیوان: 155)
ئەگەر ئومێدی دڵ...
بە خاک هندوش 24

پێنج خشتەکی

شاعیر سێ میسراعی هاوکێش و هاوقافیە ئەخاتە سەر میسراعی یەکەمی بەیتەکانی شیعری شاعیرێکی تر تا ئەبێتە 5 میسراع پێی ئەوترێ پێنج خشتەکی "مخمس". لە هەمان کات دا ئەشێ بە "تضمین" ناو ببرێ.
سالم دو پێنج خشتەکی داناوە یەکێکیان لە سەر چەند بەیتی شیعرێکی نالیە ئەڵێ:
3 میسراعی سالم:
ئەی حاریس ئەگەر دەوڵەت و جاە و حەشەمت بو
دوڕ و سەدەف و لوئلوئو لەعل و گوهەرت بو

خوبانی سیەهمو، پەری رو، خەدەمت بو
بەیتەکەی نالی:
هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بو
چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بو
.... هتد (دیوان: 109)
پێنج خشتەکیەکی تری سالم لە سەر شیعرێکی مەولانا خالیدی شارەزوری. مەولانا خالید شیعرەکەی لە دەربەدەریدا وتوە، رەنگە لەو کاتەدا سالم یش دەربەدەر بوبێ، بە سۆزی هاودەردی ئاوارەییەوە دایناببێ:
3 میسراعی سالم:
دڵ لە میحنەت کەیلە رێم کەن بەڵکو زو دەرچم لە شار
ئیمڕۆ رۆژێکە لە جەمعی مەردومان بگرم کەنار
دەستەوئەژنۆ دانیشم بێ چارە و زار و نزار
بەیتەکەی مەولانا:
موسم عید است ما نومید از دیدار یار
عالمی در عیش و نوش ما دو چشم اشکبار
..... هتد (دیوان: 61)
پێنج خشتەکی یەکێکە لەو قاڵبە شیعرییانەی کە گەلێ لە شاعیرانی ئەم مەدرەسەیە پێڕەویان کردوە.

ئەمانە بە گشتی ئەو قاڵبانەن کەلەم رێبازەدا بون بە باو و پێڕەوی کراون، لە گەڵ ئەمانەدا هەندێ قاڵب هەن کە جاروبار بەکارهاتون وەکو "موستەزاد" کە نالی تاقی کردۆتەوە. هەروەها قیتعە و روباعی و فەرد کە زۆر لە شاعیرەکان دایان ناوە.

قافیەئارایی

سالم ئەگەرچی دو جار دیوانەکەی چاپ کراوە:
جاری یەکەم، ساڵی 1933 کوردی - مەریوانی لە بەغدا چاپی کردوە.
جاری دوەم، ساڵی ؟ گیوی موکریانی لە هەولێر چاپی کردوە.
بەڵام هیچکام لەم دو چاپە بە کەڵکی ئەوە نایەن بکرێنە سەرچاوەی سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی سالم لە بەر ئەوەی: هەمو شیعرەکانی نەگرتۆتە خۆی، هەڵەی نوسینەوەی زۆریان تێدایە، جیاوازی نوسخە جیاوازەکانی شیعرەکان بەراورد کاری نەکراون....
دیوان ئێستا بە کۆمەڵێ شیعری شاعیرێ ئەوترێ کە لە دوتوێی کتێبێکدا کۆکراوەتەوە. بەڵام دیوان لای شاعیرانی نەریتەوان کە هۆنینەوەی شیعریان کردۆتە پیشە و نواندنی هونەری وشەسازی بریتی بوە لە پڕکردنەوەی دیوانەکە بە ریزێ شیعر کە قافیەکانی لە "ئەلف" هوە تا "یاء" بگرێتە خۆی.
سالم، شاعیرێکی نەریتەوان بوە، داڕشتنی شیعری وەکو "سنعەت" سەیر کردوە نەک تەنیا وەک دەربڕینی خرۆشانی سۆز و عاتیفە. هەوڵی داوە قافیەی شیعرەکانی لە ئەلفەوە هەتا یا بگرێتە خۆی بۆ ئەوەی دیوانەکەی ئاوەدان بێ. لەمەدا لاسایی شاعیرە ناسراوەکانی ئێرانی کردۆتەوە.
سالم هەوڵی داوە هەمو قافیەکانی ئەلفبای عەرەبی هەبێ، لەبەر ئەوە چەند جۆرێ قافیەئارایی کردوە:

جۆری یەکەم،

کۆتایی بەیتەکانی بە وشەیەکی هاوئاواز و هاوقافیە هێناوە. بە تایبەتی لە غەزەلەکانی دا کە بە زۆری کورتن.

نمونە:

"ربنا" دڵ کونکونن سا چ غولام و چ ئەمیر
وەکو یەک ئەهلی نیازن چ غەنی و چ فەقیر
بە ئومێدی کەرەمت شام و سەحەر گریەکونان
دەکەن ئیزهاری حەقارەت چ گەدا و چ ئەمیر
..... هتد (دیوان: 66)

جۆری دووەم،

بۆ ئەوەی ریزی حەرفەکانی ئەلف بای عەرەبی پڕ بکاتەوە هەندێ جار زۆری لە خۆی کردوە بۆ دانانی شیعرێ بە زنجیرەیەک قافیە لە حەرفێکی دیاری کراودا. سەرەنجام شیعرێکی لاوازی لێ پەیدا بوە.

نمونە:

گەر (چەنی!) مەحشەر شەفیعم لا عیلاج — شادمانم پێت وەکو راهیب بە خاج
ئاهوی دڵ گەر ببینێ گەردنت — دەرزەمان دێنێ لە گەردنیا خەراج
دەوری پوستانت لە زولفت جەدوەلە — وەک لە حەلقەی ئابەنوسا گۆیی عاج
عومری عاشق وەک وەفا نابوت ئەبێ — گەر بدەی بۆ نەقدی جان ئەمری رەواج
عەکسی روت دایم لە نو دیدەی پڕ ئاو — زاهیرە وەک مەی لە توێی پەردەی زوجاج
توشی راداری ئەجەل سالم کە بوی — رەسمی ئەو بۆ باری عومرت جانە باج

کوردی لە بۆنەیەکی وەهادا لە شیعرێکی خۆی دا، پاکانەی بۆ خۆی و هاوپیشەکانی کردوە، دانی بەمەدا ناوە ئەڵێ:

وەنیە کوردی مائیلی ئەو نەوعە ئەتوارانە بێ لازمە شاعیر لە هەر نەوعێ بڵێ بۆ ئیمتیاز
گەلێ لە شاعیرەکانی تری ئەم مەدرەسەیە هەمان هەوڵیان داوە بۆیە هەندێ جار پەنایان بردۆتە بەر بە کار هێنانی وشەی ناقۆڵا و ناساز.

جۆری سێیەم،

لە هەندێ لە شیعرەکانی دا لە "قافیەئارایی" هکانیدا هونەرمەندیەیەکی زۆر و وەستایەتیەیەکی وردەکارانەی نواندوە و، وشەی جوانی سۆزدار و هەندێ جار رستەی وروژێنەری داڕشتوە و لە قافیەکانی دا دوبارەی کردۆتەوە کە جۆرێ لە هێز و پێزی داوە بە شیعرەکە.

نمونە:

رۆژی دڵ شەوی تارە،
چ لە مێ بێ چ لەوێ
مەنزڵی گێسویی یارە،
چ لە مێ بێ چ لەوێ
....

گاهی بوعدت دەرژێ لوئلوئی ئەشکم وەکو قورب
دیدە مەشغولّی نیثارە،
چ لە مێ بێ چ لەوێ
..... هتد
شۆری شەهرم گەر وەها بێ جێمە هامون
عاقیبەت
یاری لەیلا خەسلّەتم دەمکاتە مەجنون
عاقیبەت
....
سەرچناری چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەلّقولّێ
مەوجی گەردابی دەگاتە کۆهی گودرون
عاقیبەت
.....
تەنگدەستی دەولّەتی لە دوایە سالم مژدە بێ
شادمانی دێ لە پاش ئەحوالّی مەحزون
عاقیبەت
..... هتد (دیوان: 53)
بە نەقدی جان دەدا یەک بۆسە دلّدارم
وەلێ زەحمەت
دەگاتە حەدی وابون عوقدەی کارم
وەلێ زەحمەت
..... هتد (دیوان: 52)
گوشادی عوقدەی خاتر نیگارێ بو
ئەویش رابورد
دلّی پڕ میحنەتم شادی بە یارێ بو
ئەویش رابورد
... هتد (دیوان: 55)
رەها ناکا دلّم توڕڕەی خەمی یار
سەری نەبڕن هەتا وەک پەرچەمی یار
.... هتد (دیوان: 57)
بۆ خالّی لەبت زولفی سیەە دامە
هەمو دەم
کونجشک سفەت لەم رەهە ناکامە
هەمو دەم
.... هتد (دیوان: 86)
هونەرمەندی نیە بۆ دام ئەگەر یەک دەفعە

ماهی گرت
خەمی زولفی پەرێشانت بە مو سەد دەفعە
ماهی گرت
..... هتد (دیوان: 52)

جۆری چوارەم،

قافیەی قەسیدە دڕێژەکانێتی کە هەندێ جار لە پێناوی گەیاندنی مەعنای مەبەستەکەیدا یا لە پێناوی دڕێژەپێدانی شیعرەکەیدا چاوپۆشی لە جوانی وشەکە و جوانی قافیەکەی کردوە.

جۆری پێنجەم،

تێهەڵکێشەکانێتی کە میسراعی یەکەمی بەیتەکانی شیعرەکە هۆنینەوەی خۆیەتی بە کوردی و، میسراعی دوەمی هەمو بەیتەکان میسراعی دوەمی غەزەلی شاعیرێکی تڕە بە فارسی. تەنیا قافیەی میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم لە گەڵ قافیەکانی تردا هاوجۆر ئەبن:

نمونە:
هەر دیدەنی تۆیە دڵ بکا شاد
رویت همه سال لاله‌گون باد (دیوان: 54)
....
مەشقی مەردی بە کەرەم سیدق و سەلاحەست و سجود
هرکه این هردو ندارد عدمش به ز وجود (دیوان: 56)
.....
روت نازک و لەتیفە وەکو نەوگوڵی بەهار
قدت براستی چو سهی سروی جوبار (دیوان: 60)

کێشی شیعرەکان

شیعرەکانی سالم کێشەکانیان ئەشێ بە تەفعیلەکانی عروز بکێشرێن. لە هەمان کات دا ئەشێ بە رێنوسی عروزی بنوسرێن و شی بکرێنەوە قورسایی بڕگەکانی دیاری بکرێن.
لە کاتێک دا شیعری شاعیرانی گۆران هەموی 10 بڕگەییە و، لە دوای هەر 5 بڕگە وچانێکی تێدایە و هەمو شیعرەکانیان مەسنەوین و، هەر بەیتێک قافیەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم کێشە مەسنەویە هاوقافیەیە بە ئاسانی لە گەڵ ئاوازی گۆرانی کوردی ئەسازێ و، هەمو شیعرێکی ئەشێ گۆرانیەکی لێ ساز بکرێ. بەڵام شاعیرانی بابان وازیان لە قاڵبی شیعری 10 بڕگەیی و مەسنەوی و جوت قافیەیە هێناوە. رویان کردۆتە داهێنانی قاڵبی شیعری جیاواز لەمە.
سالم شیعرەکانی خستۆتە سەر کێشی 11 بڕگەیی و 14 بڕگەیی و 15 بڕگەیی و 16 بڕگەیی.
.....

نمونەی 11 بڕگەیی:
زول – فی – جا – نا – نە - / لە - دەو – ری – کە - مە - را
وەک – س – یەە – ما – رە – / بە - قەد- نەی – شە - کە - را(دیوان: 22)
فەلەک زەحمەت لە دڵ مەیلت بە دەر کا(دیوان: 30)
شەتی ئەشکم دەبێ هەر بێ بە روما(دیوان: 33)
.....
نمونەی 14 بڕگەیی:
پڕ/ چی/ نە/ زول/ فی/ پڕ/ خەم/ نەق/ شە/ لە/ رو/ یی/ یا/ را
وەک/ میل/ لەتی/ مە/ جو/ سی/ هەر/ دێ/ ن/ بە/ دەو/ ری/ نا/ را
....
ئەی/ ئەو/ کە/ سەی/ کە/ شەو/ هات/ یا/ دت/ ئە/ نی/ سی/ دڵ/ مە
یەک/ لەح/ زە/ دێ/ مە/ یا/ دت/ دا/ خۆ/ لە/ رۆ/ ژ/ گا/ را
....
نمونەی 15 بڕگەیی:
رۆ/ ژی/ دڵ/ هەر/ شە/ وی/ تا/ رە/ چ/ لە/ مێ/ بێ/ چ/ لە/ وێ
مەنزڵی گێسویی یارە چ لە مێ بێ چ لەوێ
.....
جەو/ ری/ وەس/ لّت/ شە/ رە/ ر و/ حا/ لّی/ فی/ را/ قت/ سە/ قە/ رە
مەنزڵم هەردو لە نارە چ لە مێ بێ چ لەوێ
....
مەعنیانن وەکو یەک شەرحی من و دلبەری من
قەت/ لی/ من/ سی/ حە/ تی/ ئەو/ شەک/ وە/ یی/ ئەو/ دەف/ تە/ ری/ من
.....
نمونەی 16 بڕگەیی:
زول/ فی/ شەب/ ڕەن/ گت/ وە/ کو/ رۆ/ ژە/ پە/ رێ/ شا/ ن/ با/ نە/ بێ
وا/ سە/ حا/ ب/ ئا/ سا/ لە/ رو/ تا/ قەس/ دی/ مەە/پۆ/ شی/ دە/ کا
وەکو فوارە خوێن دەکوڵێ دەمی ئاهم لە حەلقوما
.....

مۆسیقای شیعر

سالم لە هەندێ لە شیعرەکانیدا، ئەوانەی 14 بڕگەیین، بۆ ئەوەی جۆرێ لە ئاوازی جوڵان و هەڵپەڕینیان تێدا بخوڵقێنێ، جگە لە قافیەی دەرەکی و ئاوازی گشتی، هەوڵی داوە لە ڕێی دونیمەکردنی بەیتەکانەوە، لە ئاوازی فۆلکلۆریی گۆرانی ناوچەییەوە نزیک ببێتەوە:

بێ تۆ نەهیب و گریەم
وەک ڕەعدی نەوبەهاران
پەیوەستە دێ بە روما

ئەشکم بە میسلی باران
نابێ بکەم بە جوز تۆ
سوحبەت لەگەڵ چ دڵبەر
ئارێ مەقامی وەرعە
پەرهێزی تۆبە کاران
.... هتد(دیوان: 93)
ئەی قیبلەی موورادان
ئاخۆ بە رۆژگاران
پرسیوتە لە هیچ کەسێ
حاڵی غەریبی تاران
...
شەو تا سەحەر لە هیجرت
بۆ من حەرامە خۆ خەو
هەردێ سەدای گریەم
وەک رەعدی نەوبەهاران
..... هتد (دیوان: 89)
وێڵ و فیراری عەشقی تۆم
شەهر بە شەهر و سو بە سو
پشتە بە پشتە تەل بە تەل
دەشت بە دەشت و کو بە کو
....
چەرخی زەمانە کەی دەدا
بەزمی ویسالّی یار و من
بۆسە بە بۆسە لەب بە لەب
دیدە بە دیدە رو بە رو
..... هتد (دیوان: 112)
لازمی عەرزوحاڵمە
کاغەزی زەڕ، تەبەق تەبەق
شەرحی میحەن بە خوێنی دڵ
سەبتی دەکەم وەرەق وەرەق
تیری نیگاهی دڵبەرم
یەکیەکی نیشتە ناو جگەر
سینە لە ترسی پێلکێ
موتەسیلە شەبەق شەبەق
.... هتد (دیوان: 76)
ساقی لە پەردە دەرهات

جامی شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت
مەە ئافتابی هێنا
..... هتد (دیوان: 35)

شاعیرەکانی تری هەمان مەدرەسە لە هەندێ لە شیعرەکانیاندا هەمان تەرازویان بۆ کێشی شیعرەکانیان داناوە:

نالی ئەڵێ:

سەر بەردەبازی رێتە
تەن تەختەبەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە
رۆح مااڵی خۆتە بیبە
تۆ نەوشکۆفە وەردی
من مایلم بە زەردی
تۆ هەمسەرت نەسیمە
من هەمدەمم لەهیبە
.....

فایەق ئەڵێ:

شادم لە غەمی هیجران
مەیخانە کە مەئوام بێ
مەستم کە مەزەی بادە
ماچی لەبی ساوام بێ
بولبول بە خەیاڵی گوڵ
سەرچڵ کە دەکا مەنزڵ
تا پێ بکەنێ غونچە
ئەو واڵە و سەرسام بێ

گەر شاهی لە سەر تەختم
وەک بەندەی بەدبەختم
مەعشوقەی دڵ سەختم
مەیلی نیە بۆم رام بێ (ژین، ژ 937)

ئەم جۆرە کێشە، کە قافیەی ناوخۆیی تێدایە، لە کێشی بەیتی فۆلکلۆری و ئاوازی گۆرانی ناوچەییەوە نزیکترن تا شیعری عروزی. پێش ئەوان ئەحمەدی کۆر زۆری شیعرەکانی خۆی لەم قاڵبەدا داڕشتوە.
.....

جیاوازی قاڵبە شیعریەکانی هەردو مەدرەسەی بابان و گۆران

قاڵبی شیعری بابان لە چەند روەوە جیاوازە لە هی گۆران:

یەکەم،

سەرەتای دەسپێکردنی شیعرەکە و تەلاری هۆنراوەیی بە تەواوی جیاوازە.

شیعری گۆران سەرەتاکەی بە چوار میسراعی هاوقافیە دەس پێ ئەکا. میسراعی یەکەمی بەیتی یەکەم 5 برگە و، میسراعی دوەمی بەیتی یەکەم پێکدێ لە دو کەرت، کەرتی یەکەم 5 برگە و کەرتی دوەم دوبارەکردنەوەی میسراعی یەکەمە.

شیعری بابان سەرەتاکەی بە دو میسراعی هاوکێش و هاوقافیە دەس پێ ئەکا و، میسراعی دوەمی هەمو بەیتەکانی تری هاوقافیەی بەیتی یەکەمن.

دوەم،

شیعری گۆران هەموی مەسنەویە هەر بەیتە و قافیەی جیاوازە لە گەڵ قافیەی بەیتەکانی تردا.

شیعری بابان قافیەی میسراعی بەیتی یەکەم و قافیەی میسراعی دوەم و هەمو قافیەکانی تری شیعرەکە هاوجۆرن.

سێیەم،

شیعری گۆران هەموی 10 برگەییە لە گەڵ ئاوازی گۆرانی ئەسازێ.

شیعری بابان هیچی 10 برگەیی نیە، هەموی 11 و سەروی 11 برگەییە لە گەڵ بەحرەکانی عروز ئەسازێن.

تایبەتمەندیەکانی مەدرەسەی بابان

جگە لەم جیاوازیانە، مەدرەسەی بابان چەندین تایبەتمەندی تری هەیە:

یەکەم،

بە گشتی شاعیرانی مەدرەسەی بابان بەرامبەر ژیان رەشبین بون، لە زۆری شیعرەکانیاندا گلەیی لە چەرخ و گەردون و، لە فەلەک و زەمانە ئەکەن. گلەیی لە بەختی خۆیان ئەکەن و نائومێدی دەرئەبڕن. تەنانەت زۆریان چەشنێ لە "تخلص" یان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە بێهیوایی و زەبونی و کەساسی لێ ئەخوێنرێتەوە، وەکو: نالی، هیجری، بیمار، مەحوی، مەشوی، خەستە، ئاهی، حەریق...

دوەم،

لە کاتێک دا لە ئەدەبی گۆران دا دەیان داستانی دڵداری وەکو: شیرین و فەرهاد، شیرین و خەسرەو، لەیل و مەجنون، یوسف و زلێخا، بارام و گوڵئەندام... و گێڕانەوەی شەڕ وەکو نادرنامە، جەنگنامەی شازادەی کرماشان و کەهیای بەغداد... بە شیعری مەسنەوی هۆنراونەتەوە، لە مەدرەسەی ئەدەبی بابان دا ئیتر هونەری هۆنینەوەی داستان بە تەواوی کوێر بۆتەوە.

سێیەم،
شاعیرانی مەدرەسەی بابان، بە تایبەتی سالم، بۆ ئەوەی بەرزی ئاستی رۆشنبیری و بەرزی پلەی شاعیرێتی خۆیان دەر بخەن، بە دوای وشەی فارسی و عەرەبی دەگمەن و نەناسراو و ناقۆڵادا گەڕاون تا تێکەڵاوی شیعرەکانیانی بکەن، لە کاتێکدا زۆر لەو وشانە هاوتای کوردی باویان هەبوە و، لە سەر زمانی ئاسایی خەڵک هەبون.

بابەتەکانی شیعری سالم

سالم لە دەرگای زۆر بابەتی داوە.

نیشتمانپەروەری

سالم چەندین قەسیدە و غەزەلی هۆنیوەتەوە خۆشەویستی نیشتمانی تێدا دەربڕیوە. ئەو شیعرانە هەروەکو لە روی ئەدەبیەوە گرنگیان هەیە، لە روی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لە مێژوی کوردا گرنگیان هەیە، تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە لایەنێکی بیری سیاسی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی بایەخی تایبەتیان هەیە، لە مێژوی بیری سیاسی کورد دا. لە کتێبی: "میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم" دا بەشێکم بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردوە بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەدا هەمان بابەت دوبارە بکەمەوە.

دڵداری

سالم لە غەزەلەکانی دا بە ئافرەتدا هەڵئەڵێ. ستایشی جوانی و گلەیی لە بێ میهری ئەکا. باسی روخسار، قەد و باڵا، کولّم و رومەت، چاو و لوت، دەم و چەناگە و غەبغەب، سنگ و مەمک و ناوقەد، تەنانەت باسی ناوک ئەکا، کەچی لە شیعرەکانی دا "زوڵف" هەمیشە بابەتی ناوەندیە. بە دەگمەن شیعرێکی هەیە باسی: زوڵف، گێسو، پەرچەم، ئەگریجە، مو.. ی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێدا نەبێ. دەیان وێنەی شاعیرانەی بۆ زوڵف خوڵقاندوە. پێ ئەچێ لە پەیکەرەی ئافرەتدا لە ناو هەمو ئەندامەکانی لەشی ژن دا قژ لە هەموی زیاتر سەرنجی ئەمی راکێشا بێ. سەیری هەر ژنێکی کردبێ لە پیش دا چاوی بڕیوەتە قژی.

هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی

سالم وەکو دانیشتویەکی کۆمەڵگای ناوچەی سلێمانی هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی وێنا کردوە، هەندێکی لە قاڵبی "هەجو" و سوکایەتی پێ کردندا و هەندێکی تری لە قاڵبی "مەدح" و گەورەیی کردندا.

مەراسیمی ژنهێنانی ئاغایەک (دیوان: 146)

لە هەمو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا ژنهێنان و شوکردن، هاوسەرگیری، کە سەرەتای بنیاتنانی خێزانە مەراسیمی تایبەتی هەیە. لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە بەر ئەوەی دەستێکەڵاوکردنی نێر و مێ، پێش مارەکردن، لە روی دینیەوە حەرام و لە روی کۆمەڵایەتیەوە نەشیاوە، هاوسەرگیری گرنگیەکی زۆرتری هەیە، بۆیە مەراسیمەکەیشی ڕێوشوێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە تایبەت کە ئەمە ڕوداوێکە تەنیا یەکجار یا چەند جارێکی دەگمەن لە ژیاندا هەڵئەکەوێ بۆیە کراوەتە بۆنەیەکی تایبەتی.

هاوسەر گیری بە چەند قۆناغێکدا ئەڕوا:
دۆزینەوەی کچ، خوازبێنی، دیاریکردن، مارەکردن، شایی و ئاهەنگ گێڕان، گواستنەوە، چونە پەردە، بە زاوابون... سالم بەشێ لەم مەراسیمەی بە شێوەیەکی کاریکاتێری گاڵتەئامێز وێنا کردوە و، هەندێ لە نەریتە باوەکانی کوردەواری تۆمار کردوە.

تایەر ئاغا بڕیار ئەدا ژن بهێنێ. ئەگەڕێ دراوسێیەکی خۆی ئەدۆزێتەوە. دراوسێکەی هەم بێوەیە، واتە پێشتر شوی کردوە، هەم پیرە، بەڵام پارەی هەیە. تایەر ئاغا ئەیخوازێ:
ئاغا مەیلی هامسەری بو زو هەوای دا عاقیبەت
چارەنوس ئەنگوشت نما بو پەردەی شەرمی دڕی
بێوەیی فەرتوت جواری بو لە نزیک خانوەکەی
تایەر ئاغا .....
نیەتی وا بو بینای عەیش و نەشات ئامادە کا
پیرەژن مردوی مرێ هات گێچەڵی بۆ خۆی کڕی
ئافرەتی تالب بە پول بو ئاغا هیچی شک نەبرد
ڕێوی ئاسا فریبی دا و، بە بێ هیچ گوێی بڕی
بە پەلە مارەی ئەکا:
هەروەکو تەڵقینی کوردی ئاغا کورت و کردەکار
بێ مەلا و قازی لە وێدا زو بۆ خۆی مارەی بڕی
شایی ئەکا و کۆمەڵی بانگ ئەکا بۆ بەشداری لە شاییەکەی دا:
مەجمەعێ جەمعئاوەر بون بۆ شەو بۆ ئاهەنگ و زەفاف
تونشین و تورفرۆش و تەپلە چوارگوێ کەرکوڕی
لەق دەنێرێ چراچی بون و دۆمە چەپڵەچی
بەستەک و باڵایی بۆ روحمە و مقامات چڕی
تارای سور ئەدرێ بە سەری بوکا و ئەیگوێزنەوە بۆ مااڵی زاوا:
سورنشینان چادری سوریان بە سەر بوکا کێشا
پیرێژن، پیری نیهانی، کەوتە رەوتی کوڕکوڕی

بە پێی نەریتی کوردەواری بۆ ئەوەی پیاو دەسەاڵتی خۆی بە سەر ژنەکەیدا بنوێنێ. لە سەربانی ماڵەکەیانەوە لە کاتی گوێزانەوەی دا پێش ئەوەی بچێتە خانوی نشینگەی تازەیەوە زاوا قامیشێ ئەدا بە سەری بوکەکەی دا:
بێوە بوک هاتە بەری بان، ئاغا تێاڵی گرتە مست
باتەقای قامیش لە سەر دانی بە سەریا لێی خوڕی

ژن ئەچێتە نشینگەی تازە دائەنیشێ تا وەختی ئەوە دێ لە گەڵ زاوا بچنە پەردەوە:
بوک چو دانیشت و ئاغا لە سەربان هاتە خوار
لنگی بوکی وەک چەلیپای لام ئەلف لا هەڵبڕی

بەربوک لە گەڵ بوک ئەمێنێتەوە بۆ ئەوەی فێری بکا چۆن رەفتار لە گەڵ زاوا بکا:
ئاغا سەیری کرد لەوێدا داخۆ بوکێ چی ئەکا
بەربوکی بەدبەخت سەدای دا: ئاشەوان ئاشت گەرێ!

مەراسیمی شینی ئاغایەک (دیوان: 90)

لە دایکبون و مردن دو بۆنەن مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەیە. هەرچەندە زۆرایەتی کورد، چ موسوڵمان و چ ئاینەکانی تر، ئاینپەروەرن و باوەڕیان بە ویستی یەزدان هەیە باوەڕیان وایە هەرچی خوا بیەوێ ئەبێ و هەرچی خوا نەیەوێ نابێ، هەر خوا ئەتوانێ ژیان ببەخشێ و ژیان بسێنێ، بەڵام مردن بە کارەساتێکی گەورە دائەنێن. لە مردنی ئازیزدا شین و شەپۆڕ ئەکەن و، ماتەم بۆ ماوەیەکی درێژ دایان ئەگرێ.

سالم خۆشەویستێکی مردوە. بەو بۆنەیەوە بە یەکێ لە قەسیدە درێژەکانی، بە هەمان کێش و قافیەی قەسیدە درێژەکەی کە بۆ شەڕی نێوان کورد و رۆمی داناوە، شینی بۆ ئەمیش گێڕاوە، لە هەمان کات دا وێنای مەراسیمی مردنەکەی کردوە.
سەرەتا بە ستایشی بنەماڵەکەیان و، چۆن مەحمود ئاغا لە دوای مردنی سەلیم ئاغای باوکی وەجاخی بنەماڵەکەی رۆشن کردۆتەوە و لە سەردەمی ئەم دا گەیشتۆتە لوتکەی گەورەیی:

لێم گەڕێن با گریە کەم، دیدەم بە دیدەی خون فشان
نایەڵێ یەک دەم بە راحەت رابوێرم ئاسمان
(چنکە سێوی!) قەدیمن حەق لە پاش عەهدی سەلیم
دایە دەس مەحمودی حاتەمدڵ چراغی دودمان
شەمعی دەستگاهی ملوکانەی گەیانە مەرکەزی
بەرقی قەندیلی فرۆزانی دەچو بۆ کەهکەشان
وەهچ خورەم دەوڵەتێکە با بە شەرتێ تولی بێ
دەستی حەق بەم نەوعە رۆشن کا چراغی خانەدان
شیوەکەڵ بو بو بە بەندەن خۆ بە سەر نەقشی بەدیع
لالە و نەسرین گەیی بو جام بلورین شەمعدان

شیوەکەڵ گوندێکی گەورە و بە هۆی دەسەڵات و هێزی مەحمود ئاغای رەسول ئاغاوە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سیوەیل بوە. ناوچەی سیوەیل لە سەر سنوری ئێرانە. ژمارەیەک لە گوندەکانی ناوچەکە سەر بەم ناوەندە بون. سالم باسی دەبدەبەی دیواخانی ئاغا ئەکا. ئەم ئاغایە نمونەیەکە بۆ چینی ئەریستۆکراتی دێهات و، نمونەیەکە بۆ ناوەندێکی دەسەڵاتی دەرەبەگی لە ناو کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی گوندنشیندا:
نانبدەیی لە دیوەخاندا یەکێ بوە لە نیشانەکانی دەسەڵاتداریتی و جوامێری. ئاغا سفرە و خوانی ئاوەدانی هەبوە بە درێژایی رۆژ خواردنی جۆراوجۆری سارد و گەرمی لێ بوە بۆ میوان:

شیوەکەڵ بوبو بە خانەی پادشا وەختی نەهار
دیم لە هەر سو سفرەی ئەیوانی حاتەم گردی خوان
واقیعا لەو خوانەدا خام و پوختە رۆژ و شەو
هەر تەعامێکی کە نەفسی ئارەزو کا میهمان

دیواخانەکە هەمیشە میوانی عەرەبی لە خێڵەکانی عەنەزە و مونتەفیک بە خۆیان و ئەسپ و ماینی عەرەبی رەسەنەوە لێ میوان بوە و، ماڵەکەی ئاغا لە ژورە تایبەتیەکانی دا پڕی بوە لە تفەنگی زەڕنیشان، خەنجەر و شمشێر، بوخچەی پڕ لە کاڵای نایابی جلوبەرگ:

شیوەکەڵ بو بە عەرەبانی عەنەزە و مونتەفیک
سەد کەمەند پڕ بو لە سەرجی تازی ئەسپ و مادیان
چوم نیگاهم کرد لە هەر لادا لە حوجرەی خاصی ئەو
دیم بە قەد بازاڕی قوستەنتینی تفەنگی زەڕنیشان
زێوەری تاقی عیمارەت بو سەراسەر رەنگڕەنگ
رەختی قرتاسەی حەمایل خەنجەر و شیری دەبان
دیم وەکو دوکانی بەزازی لە سەر یەک بوخچەها
شاڵی تورمە و کەوڵی خەز، دێبای هیندو پەرنیان

ئاسمان چاوی بەم دەبدەبە و گەورەیی و خۆشگوزەرانیە هەڵنەهات بۆیە بە چاوەوە بوە. چاوی پیس کاری تێ کردوە کتوپڕ مەحمود ئاغا نەخۆش ئەکەوێ تایەکی لە ناکاوی لێ دی. کاتێ پزیشکی بەناوبانگی بابان باباجان ئەگاتە سەری و نەبزی ئەگرێ و ئەی پشکنێ دەر ئەکەوێ مردوە:

ئاسمان زانی سەری سەوزە نیهالی بەختی ئەو
کاری لێ کرد چاوی بەد وەک ئافەتی بادی خەزان
خانەوێرانە بە یەک تەب عالەمێکی کرد تەباە
رەنگی بێ رەنگی لە سەر رەنگی پەریدی بو عەیان
دای بە سەریا هەر کە گرتی نەبزی مەوج ئاسایی ئەو
یەک نەزەر شێوا بە جارێکی حەواسی بابەجان
تەن فسردەی بێ زمانی تەن بە تەن عالەم مەلول
تائیری رۆحی رەوانی بەرزە چو بۆ ناو جینان

گوڵ بە وەیشومەی حەوادیس گەر قەزا پەژموردی کا
فائیدەی کوانێ بە حەسرەت قوڕ بپێوی باغەبان
کەی خەیاڵی بو کتوپڕ خاسە بۆ هەر خەرمەنێ
ئاسمان نازل بکا بەرقی غەزەب وا ناگەهان
گریە دەرژێنێ بە سەر روما دەمادەم ئەشکی خوێن
بێن تەماشا کەن لە یەک سەفحەی عەقیق و زەعفەران
نائیرەی سەبرم بە حەسرەت وا لە گریانا بڕا
دێ بە خورڕ فرمێسکی خوێنینم لە چاو وەک ئاودان
سا قەڵەم بێ دادی ئەم ئەندوهی کوبرایە بدە
من لە تاو ئەم تەعزیەی عوزمایە ماوم بێ زمان

نەخۆشین و مردنی ئاغا کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو بوە لە بەر ئەوە کوڕ و برا و خزم و کەسوکارەکانی پەشۆکاون و خرۆشاون و تاساون:

تا خەدەنگی قامەتی تۆی گرتە باوەش مالّی قەبر
پشتی تاقانەت لە خەم خەم بو وەکو مالّی کەمان
پشتی ئەحمەد بەگ شکا لەم ریحلەتەی ناوەختەدا
کاشکی مەوقوف دەبو کۆچت لە رەغمی دوژمنان

مردوی ئاسایی دوای شۆرین و کفن کردنی خراوەتە دارەمەیتەوە. زۆری مزگەوتەکان دارەمەیتی تێدا بوە بۆ گوێزانەوەی لاشەی مردو لە شوێنی شتنەوە بۆ سەر گۆڕەکەی دوای ناشتنی دارەمەیتەکە براوەتەوە مزگەوت بۆ ئەوەی لە ناشتنی مردویەکی تردا کەڵکی لێ وەر بگرن. پێ ئەچێ مەحمود ئاغا لە باتی دارەمەیت خرا بێتە تابوتەوە و، تابوتەکەش خرابێتە سەر پشتی وڵاخ، کە ئەمە شتێکی دەگمەن بوە لە ئەوسای کوردەواری دا. نیشانەی دەسەڵات و دەوڵەمەندی مردوەکەیە:

پشتی ناو تابوتی رەختت پشتی سیوەیلی شکاند
پشتیوانی بانە و تاژان و قەومی تازەمان

کۆتەڵ یەکێ بوە لەو نەریتانەی بۆ گەورە پیاوان کراوە. جلوبەرگ و هەندێ لە کەلوپەلی گرنگی مردوەکە خراوەتە سەر ئەسپێک و بە ناو ماتەمگێڕەکان دا گێڕاویانە بۆ ئەوەی شینەکە گەرمتر بکری و، دەنگی گریان زیاتر بەرز بێتەوە:

بو بە زێبی کۆتەڵت ساتیرەکەی پادشای رۆم
بۆ نەبەم لەم حەسرەتە ئەنگوشتی حیرەت بۆ دەهان

قورپێوان وشەیەکە لە بۆنەیەکی وەهادا باس ئەکرێ. بۆ دەربڕینی خەم و نواندنی ئەوپەڕی پەژارە و دڵتەنگی لە کاتی مردنی گەورەیەکی وەکو ئەم ئاغایەدا قوڕ گیراوەتەوە و، هەرکەس بەشداری ماتەمەکەی کردبێ، ویستبێتی یا نەیویستبێ، تۆپەڵێ قوڕ دراوە بە سەر یا بە شانی دا:

تۆ وەکو سەر بوی، ئەقاریب تەن، کە سەر چو تەن چیە
تەن بە تەن بێ سەر هەمو کەوتن لە خاکا بێ رەوان
چاو بچەرخێنە لە تابوتا بە لای کاک ئەحمەدا
هەر لە سەر تا دامەنی بۆ تۆ لە قوڕ دایە نیهان
خۆ بە سێلابی خەفەتخانە رەسولت کرد خراپ
تۆ بە ئیمان خانەی قەبرت کە بوبو ئاوەدان
ئەمڕۆ بۆ تۆ حاڵی ئەم خەڵکە نمونەی مەحشەرە
کاشکی دەتدی لە تابوتا جەمیعی مەردومان
کاشکی دەتدی لە تابوتا پەرێشانی کەریم
رەنگ پەریدەی خوشک لەب، بێ دەنگ و مات و بێ زمان
رۆژەکەی قەتلی حوسەینە حەیفە مارە بێ خەبەر
کاشکی دەتبیست لە تابوتا سەدای گریە و فوغان
خۆت لە جیاتی من دەگریای گەر بە چاو دەتدیت رەشید

قوڕبەسەر، دڵ پڕ کەدەر، شینی پدەر ئەفغان کونان
خۆ نەفیری مەرد و زەن لەم شیوەنە چو بۆ فەلەک
سەر بڵند ناکەی وەها دایگرتوی خوابی گران
گەە لە بەر تابوتی ئەودا گریە و شین دەکا
پێی بڵێن تو خوا بلا مەحشەر چیە داد و فوغان
حاڵی وا پەسماندەگان با ئیبتیدا بێتە یاد
سانیەن بۆ باسی ئەو ئەم بێت کا شیوەن بەیان
بەختی بەد مەیدانی کەوتە خانە تێکچو تیرەرۆژ
مەتلەبی زۆر، عومری کەم، ناکام رەفت و نەوجەوان

ئافرەتی کورد بە گشتی بەشداری کار و بەرهەمهێنانی پێویستیەکانی ژیانی خێزان بون لە بەر ئەوە لە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا ئازادیەکی زۆریان هەبوە، بە تایبەتی لە دانەپۆشینی رودا. لە کوردستان جگە لە چینی هەرە سەرەوەی کۆمەڵ، کە ژمارەیەکی کەم بون، لە ناو خێزان و بنەماڵەکانی باقی کۆمەڵدا، نە "حەریم" هەبوە نە "حیجاب". حەریم و حیجاب لاساییکردنەوەی نەریتی دەسەڵاتدارانی رۆم و عەجەم بوە. ئافرەتەکانی ئەم بنەماڵەیە لە حەریم دا بون و "حیجاب" یان پۆشیوە:

سەنگ دەتاوێنێ سەدای پۆشیدەرویانی حەرەم
ئەلئەمان ئەی چەرخی سەنگین دڵ لە جەورت ئەلئەمان
دێ بە سەر رویا بە سەر روخساری زەردا ئەشکی سور
هەر بە سەر پێدا لە پا دامانی دەرژێ نارەوان

گۆڕستانی ئەم بنەماڵەیە لە جێگایەک بوە لە دەرەوەی شیوەکەڵ بۆیە تەرمەکەیان بە گردەشین دا تێ پەڕاندوە و، بەوەش ئیتر رێگای کاروانی لە ئالان دا بردۆتە بەست:

هیمەتی پاکان دەبو لەم رێگە وا یاری بکا
یاوەری رێگەی خەتەر بو، عەدلی بو بۆ رەهرەوان
مەعبەری تابوتی تۆ وەختێ کە کەوتە گردەشین
کەی دەبێ ئیتر بە ئالانا عبوری کاروان

سالم ئینجا ئەکەوێتە ستایشی ئاغا و، بە شان و باڵی دا هەڵئەدا. جگە لەوەی پیاوێکی داپەروەر بوە، ئاسایشی خەڵکی لە دز و جەردە پاراستوە، قارەمانێکی بابان و، پارێزەری سنوری ناوچەکەش بوە لە دەسدرێژی بێگانە:

سەدی سەرحەدی عەجەم، هەم پاسەبانی مەملەکەت
شێری بێشەی مولکی بابان، ژێردەستی رۆمیان
حوکمی تۆ حوصنی ولایەت، عەزمی تۆ پەرژینی باغ
عەزمی تۆ پابەندی ساریق، عەدلی تۆ ئەمنی مەکان
تەرزەکوبی ئافەتی دەستی رەزانن باغ و ناک
واقیعا ئەم قەزیە ناوەختە خەزان بو بۆ رەزان
پیشەوەر دوزدانی سابیق تۆبەکاری سەهمی تۆن
هەر لە ئێستاوە لە دڵدا موستەعیدن بۆ زیان

نۆکەر و سوارەی تفەنگدارت سەراسیمەن هەمو
نەزمی تێکچو مانەوە وەک گۆسفەندی بێ شوان
زائیقەی سالم هەوای شەکراوی سایی بو بە خێر
ئاسمان ریتی بە شەڕ ژەهری بە دەم دا ناگەهان(دیوان: 90-92)

ئەم شیعرەی سالم ئەچێتە خانەی لاواندنەوە "مەرسیە" وە. ئەگەر بەراورد بکرێ لە گەڵ دو مەرسیەی تری شاعیرانی ئەم مەرەسەیە کە یەکێکیان نالی بۆ مردنی سلێمان پاشای بابان داینناوە و، ئەوی تریان مەحوی بە بۆنەی مردنی مەولەویەوە هۆنیوێتیەوە، ئاستێکی ئەدەبی نزمتری هەیە. بە هەر حاڵ مردو خۆشەویستی سالم بوە، لە نزیکەوە ناسیوێتی، تێکەڵاو بوە لە گەڵ خێزانەکەیاندا، بۆیە ئەمیش وەکو ئەوانی تر، کە خۆیان لە قوڕ ناوە، بە جۆرێ "انفعال" ی کردوە زۆرتر هەست و سۆزی دەربڕیوە، نەک سنعەتکاریی شاعیرانەی بەکارهێنابێ.

کاریکاتێر بە شیعر

سالم ئەگەرچی لە شیعرەکانی دا هەمیشە ناڕەزایی و بێزاری دەربڕیوە و، ناڕازی بوە لە هەلومەرجی ژیانی خۆی، لە سەردەمەکەی، لە زەمانە و، لە دەزگای حوکمڕانی، بەڵام هەڵبژاردنی ناوی سالم، بە پێچەوانەی زۆر لەو شاعیرانەوە کە ناوی نائومیدانەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، بۆ خۆی نیشانەی گەشبینی هیوا و ئومێد و نوقڵانەی خۆشی ژیانە. خۆیشی لە شیعرێکی دا ئەمە ئەڵێ:

تەنگدەستی دەوڵەتی لە دوایە سالم مژدە بێ
شادمانی دێ لە پاش ئەحوالّی مەحزون عاقیبەت

سالم ئەگەرچی لە زۆری شیعرەکانی دا وەکو کابرایەکی ئازا و جوامێری جدی و وشک دەرئەکەوێ، کەچی لایەنی روناکی ژیانی فەرامۆش نەکردوە، کە یەکێکیان گاڵتە و گەپ و پیکەنین و قسەی خۆش و، وێناکردنی ژیان و روداوەکانێتی بە شێوەیەکی کاریکاتێری.

بۆزەی دامەن سیا

سالم بەشێکی ژیانی لە سەفەر و هاتوچۆدا بە سەر بردوە. بە شیعرەکانی دا دەر ئەکەوێ سەفەری زۆری کەوتۆتە رێ بەرەو ئێران و بەرەو عیراق. لەو سەردەمەدا ولاّخ، بە تایبەتی ئەسپ و ماین، هۆی گواستنەوە بوە. ئەسپ جگە لەوەی بۆ سواری لە سەفەردا بە کار هێنراوە، راگرتنی ئەسپی رەسەن و باش نیشانەی خانەدانی و دەوڵەمەندی و دەسەلاّت بوە. سواریی یەکێ بوە لە هونەرەکانی پیاو. سوارچاکی و شاسواری و شۆڕەسواری لە وشە جوانەکان بون کە ستایشی پیاویان پێ کردوە. سالم بەشێکی ژیانی لە گەڵ ئەسپ و ماین بە سەر بردوە بۆیە لە هەندێ لە شیعرەکانی دا باسی ئەکا و هەندێ لە شیعرەکانی بۆ تەرخان کردوە. پێ ناچێ هەمیشە لە هەڵبژاردنی ئەسپ یا ماینەکەی دا بەختی باش بوبێ.

چەندین شیعری دریژی بۆ باسی ئەسپ و ماینەکانی تەرخان کردوە.

لە یەکێکیاندا کە ئەسپەکەی بە بۆزەی دامەن سیا ناو ئەبا، شیعرەکەی بە پێشەکیەک دەس پێ ئەکا، گلەییە لە زەمانە، هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ باسی ئەسپەکەی نیە. غەم وەکو دەریایەکی پڕ لە گەردەلول و ئەم لە ناو کەشتیەکدایە میحنەت وەکو بای شەرجی خەریکە نوقمی ئەکا. بە جۆرێ هەڕەشەی لێ ئەکا کەوتۆتە وتنی: "لا

حول ولا قوة الا بالله" کە نیشانەی خۆبەدەستەوەدانە بە چارەنوسێکی نادیار. چاوەڕوانی مژدەی بای ئومێدە کەشتیەکەی لە گێژاوی ترسناک رزگار بکا:

غەم وەکو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا
ئاوی هائیل زایە کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوەلا
شەتی میحنەت هات لە سەردا سەدی (کەشتی) هۆشی ڕاڕفاند
بای مورادلێم بو بە شەرجی جیسری شادیم تێکشکا (کەوتە لا)
گەمیە کەوتە گێژی نەمرود (مریەم) تەن وەکو ئاش (کەوتە خول) هاتە گەڕ
بای مراد کەی دێ خەبەر دا تو خودا ئەی ناخودا

واز لە باسی خەم و مەینەت ئەهێنێ داوا لە هاوڕێکانی ئەکا دەوری بدەن باسی ئەسپە بۆزەکەی خۆیان بۆ بکا:

دادی دەریای میحنەت و تۆفانی غەم با بەس بدەم
بێمە شەرحی بەدفیعالی بۆزەی دامەن سیا
ئەی ڕەفیقی کۆن لە کوێن سا وەک حەسار دوەرم بدەن،
بێ جڵەو سوارم، وەرن سەیر کەن لە بارگیری قەزا!

ئینجا بە شان و باڵی ئەسپەکەی دا دێتە خوارێ:

ئەسپەکەی بۆز، ترسنۆک و سەرکەش و توند، شیرەتە
وا سڵە گەر خشپە بێ جوتە لە کلکی خۆی ئەدا
سپیە سەرپاک موی شەبڕەنگ ژێر قەپۆز و یاڵ و دوی
گەندە باخەڵ، جوتە پێشانی، چەپ و ڕاست چەوتە پا
گەر زرنگەی پڵپڵەی زەنگ و جەرەس بێتە گوێی
جوت لە سەر پاشو دەوەستێ میسلی ورچ دێتە سەما
گەر لە لایەک دابەزم باز نیەتم بێ سواری بم
ئاوزەنگی نادا، بە دەورما دێتە خول وەک ئاشی با
گەر لە گوێ جۆگا بگیرێ و بێم بە تۆندی لێی خورم
تاق و جوت جوتە وەشێنە تاکو پاڵو هەڵئەکا
گوایە ئیزهاری غروری خۆی دەکا دێم زینی کەم
هەڵدەتورپێنێ وەکو گای بارنەبەر خۆی شێت ئەکا
دەست ئەبەم زینی بکەم چونکە لە سواری عاجزە
بۆ لەقە خۆی خۆش ئەکا و مۆڕ ئەبێ لێم لابەلا
کا و جۆی گەر بێنیە پێش وەک کەر دەلوشکێنێ بە تاو
گەر لغاوی بۆ بەرم بۆ جوتە پاشوم تێ دەکا
وەک کەری دێز فەوتی خۆی و میحنەتی خەڵکی دەوێ
هەر لە ناکاوا بە عەمدەن خۆی لە خەو خوردا دادەخا
وەک سەگێکی پەت پسێنی بێ سەنەک ببری بە فێڵ
دەم دەبا کەڵبەی لە پێچکەی لالغاوەی گیر دەکا

وەختی ئالیک رو بە مالّ وەک بای شەمالّ شیرین رەوە
بۆ رێگەی تەعجیل ئەوەند سستە دەڵێی وا داوەشا
گەر حەمەی ئەحمەد بڵێ بۆز خۆشڕەوە باوەڕ مەکە
ئیمتیحانم کرد لە مەرگە واقیعەن قۆڕ رادەکا
گەر لە بازاڕ بیفرۆشی دۆم نەبێ کەس نایکڕێ
بۆ بنی هێڵەک لە کن من کلک و یاڵی دەس دەدا
دو قرۆش بۆ نالّی شایی کلکی چەرمی دو ریاڵ
پێنج قرۆش و شایی نرخی بۆزەی کەم بەها
وەک خدر قوشچی چەقەڵ فێر بون لە سەر تەقویمی فورس
چاوەڕێن چەند رۆژی ماوە لاکی بۆزیان بێتە لا
(ئەم شیعرە لە ژین، ژ 907 و لە دیوانەکەی دا ل 37 – 39، بڵاوکراوەتەوە. هەندێ جیاوازیان تێدایە)

لە شیعریکی تری دا، وێنەیەکی کاریکاتێری ئەسپێک و ماینێک ئەکێشێ لە ماوەیەک دا کە هەردوکیان بە "تەڵەب" بون. خۆیشی شیعرەکەی وەکو لە سەرەتاکەی دا رونی کردۆتەوە بۆ گاڵتە و خۆشی داناوە:
بۆ منی سوختەدڵ شەمعی نەدامەت دەگڕێ (دیوان: 145)
کۆمەڵی بەختی سەگە بۆیە هەمو دەم دەوڕێ
واعیزان! گوێ بگرن لەم قسەیە زۆر خۆشە
سەیری وا نابێتەوە گەر بە دواشی بگەڕێ
باسی رەوشتی ئەسپەکە ئەکا:
ئەسپەکەی چەوت و سیەە عەینە وەکو تالعی خۆم
سەقەت و ساتمەزەن و لاجڵەو و لۆقەبەرێ
شیڕەت و بەدعەمەل و کەم رەوش و بەدسیرەت
سەرکەش و دوم قەوی، ئەستۆ... پۆزەخڕێ

ئەسپەکە ئەباتە تەویلە ئەیبەستێتەوە:
زینم لێ کرد و لە سەر ئاخورەکەی بەستمەوە
تورەکە دەس نەکەوت نامە بەری سەویە شڕێ

لە هەمان تەویلەدا ماینێکی لێیە:
ماینە بۆز دەبێ شوڵی قەفەسی هەڵکێشم
کەبکی جەنگیە بۆ هجومی .. ئەو هەڵدەفڕێ
گەر لە بن داری بەڕو کیسەڵی رەق خشپە بکا
بێ هەوەس وەسڵی ئەویش بێ لە قوڕ هەڵدەپەڕێ
بۆزە بەو عیسمەتەوە هەر کە ئەو تەقریر بو
ساحیبی بەستیەوە جوت لە تەنیشت ئەسپە خڕێ
ئەسپە خڕ توند و بە جۆش ماینە کوێت باز بە خرۆش

لە تەویلەی دریژا سەربەرەوژور دایە بەری
ماین گرد و دەرکی نزم و سیازین پێوە
زین و قەڵتاغی بە جارێ دو کەرت کرد دەرپەڕی
پێی دەڵێم شای ئالچاخ ماین بۆ زینی شکاند
پێم دەڵێ چاکی دەکەم گەر تەڵێ هەنجیر بکڕێ
هەی خودا داد لە دەس زوڵمی حسەینی سور رەنگ
زینیشم دەشکێنێت و هەنجیریشم پێ دەکڕێ

لە شیعرێکی تری دا کە رێی کەوتۆتە ماڵە عەرەبێ لە شاری حلە لە خواروی عیراق چیرۆکی شەوێکی خۆی و ئەسپەکەی، بە شێوەیەکی کۆمێدی، بەڵام بەزەیی جوڵێن، ئەگێڕێتەوە:

حوجرەیەکم کەوتە دەست و کەوتمە ناوی وەک قەفەز
وەک کەوی تۆڕ دڵ لە برسانا لە سینەم سەر دەدا
من چەپۆکم دا بە سەرما، ئەسپەکەم سمکۆڵی کرد
تازەمان کرد هەردولا شینی شەهیدی کەربەلا
ئەهلی کوفە ئاوبڕیان کردوە لە میوانی عەزیز
خانە خوێی من مەنعی نان و ئاو و، رێ و جێم لێ دەکا
خانە خوێم میوان نەوازە وەرنە سەیری پیاوەتی
دۆشەکی خۆم خاک و خۆڵ، سەراخەری ئەسپم سەما
شیشی سور بێنن وەرن خالیگەمان داخ کەن بە جوت
چونکە ژانمان کرد، من و ئەسپم، لە بەر سەردی هەوا
ئەمن و بارگیری کوێت هەردو بنوین بەشکم بە خەو
من ببینم روی خۆراک و ئەو ببینێ روی کا
.... هتد (دیوان: 41)

زیافەت

لە کوردەواری دا زیافەت نەریتێکی کۆمەڵایەتی گرنگە. یەکێ دۆست و ناسیاوەکانی بۆ جەژن یا بە بۆنەیەکی دیاریکراو، یان هەر بۆ خۆشی و کات بە سەر بردن کۆمەڵێ لە دۆست و ناسیاوەکانی "دەعوەت" ئەکا بۆ نان خواردن. لەم دەعوەتەدا ئەبێ خواردنەکان لە گەڵ رۆژانی ئاسایی دا جیاواز بێ، بە چۆنایەتی خۆشتر و باشتر و بە چەندایەتی زۆرتر و زیاتر بێ لە وەی میوانەکان پێیان ئەخورێ و، بە تێچونیش ئەبێ گرانتر بێ. سالم یەکێ لەو زیافەتانە ئەگێڕێتەوە:

چومە سەر زیافەتی مەلا بەکری عالیجەناب (دیوان: 43)
چ بڵێم خەڵکینە بۆم نایەتە بەر مەدی حساب

سالم چوە بۆ میوانداریەکە. میوانەکان گەیشتون و بە ریز لە کۆڕەکەدا دانیشتون. سفرە راخراوە. میوانەکان دو دو دابەش کراون. هەردوکەس و سینیەکیان بۆ دانراوە. سالم لەگەڵ کەسێکی کە بۆتە هاوسێنی زۆرخۆر بوە.

خولاسە جێبەجێ بوین ریز بەریز لە خواروژور
هێنایان هەر بە دو کەس سینی یاپراخ و کەباب
ئەوی مەقبول بێ لە لای خەڵکی قسەی موختەسەرە
بە هاوسینی من زۆرخۆرەکەی خانەخەراب

هاوسینیەکەی سالم جگە لەوەی زۆرخۆر بوە هەڵمەتە کاسەش بوە. وەکو کولارەی ئاسمان پەلاماری مەلی بچوک ئەدا ئەمیش پەلاماری خواردنەکەی داوە:
کۆلارەی لیوی کە (زنی) سەر سینی بو
لە تاوان جوچکی ژێر دەوریەکە بو بە کەباب
هەمو جار چواردە یاپراخ و دو جوت نانی قەوی
بای دەدا، لولی دەدا، قوتی دەدا، میسلی دەواب
چنگی گورگی کە بە یەک حەملە لە گۆشت رامالّی
هاتە یادم ساعەتی زەحمەتی مەڕ جەوری قەساب

خواردنەکەیان هەر یاپراخ و کەباب نەبوە. خورش و بارۆکەشی لە گەڵ بوە. کابرا ئەوەندەی خواردوە دەرونی هاتۆتە جۆش. داوای دۆی ترشی کردوە کە لە بۆنەی وەهادا لە گەڵ خواردن ئامادە کراوە و خوراوەتەوە:
دەرونی هاتە جۆش و تەڵەبی دۆی ترشی کرد
کاسە دۆی نایە سەر و دو قومی لێ دا بە شیتاب
ئەلقیصە ئەو شەوە بەدبەختە وەهای کرد بە خورش
وەختەبو قیر تەبەق و نان لە مەلا بێتە جەواب

کەوبازی

یەکێ لە سەرگەرمیەکانی ئەو سەردەمەی بەشێ لە خەڵکی سلێمانی شەڕەکەو بوە. گەلێ کەس کەویان لە ناو ماڵەکانی خۆیاندا راگرتوە. لە قەفەزدا بەخێویان کردوە. کەو بە ئاسانی کەوی ئەبێ و دەستەمۆ ئەکرێ. کەو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر راگیراوە:
هەندێک لە بەر جوانی مەلەکە و خۆشیی دەنگی.
هەندێک بۆ راو لە کەژ و کێو.
هەندێک بۆ بە شەڕدانی لەگەڵ کەوی تر.

یەکێ لەو نمایشانەی لە سلێمانی بۆ رێچیان ساز کردوە شەڕەکەو بوە. ریچ لە یادداشتەکانی رۆژی 11ی ئایار 1820 دا، بە درێژی وردەکاری ئەم نمایشە ئەگێڕێتەوە: مەحمودی مەسرەف، کە یەکێ لە گەورە کاربەدەستانی میرایەتی بابان بوە، نمایشی شەڕەکەوی بۆ ساز کردوە. خۆی چەند کەوێکی نایابی هەبوە. چەند کەسێکی تریش هاتون 32 قەفەزیان پێ بوە. پێکەوە ئەڵقەیەکی بازنەییان دروست کردوە و، قەفەزەکانیان لە ناو ئەڵقەکەدا لە بەردەمی خۆیان دا داناوە و، یەکێ دەرگای قەفەزەکەی خۆی کردۆتەوە کەوەکەی لێ هاتۆتە دەرێ

و، پاش کەمێ یەکێکی تریش بە هەمان شێوە دەرگای قەفەزەکەی لە کەوەکەی خۆی کردۆتەوە. هەردو کەو کردویانە بە شەڕ تا یەکێکیان بەزیوە و شەڕەکە بە گرتنەوەی کەوەکان کۆتایی هاتوە.

ریچ ئەڵێ:

"لای کوردەکان ئەمە جۆرە رابواردنێکی خۆشە...

"کوردەکان بە تاسە و گەشکەیەکی زۆرەوە سەیری شەڕەکەویان دەکرد...

"کورد نەتەوەیەکی وەرزشکار و سەرگەرمی سواری و شەڕەکەو، شەڕەبەران و شەڕەسەگن... 102

سالم، بە پێچەوانەی بۆچونەکەی ریچ، خوێندن و چینەکردنی کەو، حەسانەوەیان لێ تێک داوە. لە جۆرەجۆرێ سوێسکە و قاسپەی کەو ئەوەندە بێزار بوە، بە تورەبونێکی زۆرەوە وێنەیەکی کۆمیدی "هەجو" ئامێزی کەوبازێکی پیشەیی کێشاوە:

فەڕەنگ و داسنی و ئەرمەنی و جو — نەسیری و دەیلەمی و گەبری بەدخو
بە حاڵی من نەبن هەرگیز ئەمانە — هەزار جار ئۆف برایم ئاغا لە دەس تۆ
قورمساغە ئەوەندە بەدسروشتە — بە دایم خوێرپیە وەک شبری سەرکو

کەوەکانی برایم ئاغا بۆ ئەوەی بناسرێنەوە هەر یەکەیان ناوێکی تایبەتی هەبوە: کەوەلاڵ، کەوەشین، کەوەدۆم، شەپۆل، قەجەر...

لە دەنگی جورەجورێ سوێسکەکانی — دوگوێی سوکم بە جارێ هەردو کەڕ بو
وەرن سەیر کەن لە بەر چینەی کەوی شین — کە عاڵەم گەردە هەروەک تۆزی ئۆردو
قەجەر ناوت بە چاوی خۆم ببینم — کە قوشچی بازی تێ بەردا بە قو قو
کەوە دۆمت شەڕانی و کەوبەزێنە — ئیلاهی دۆمەژن لێی نێ بە کاردو
شەپۆلت شەڕکەر و چاک و پەسندە — شەپۆل دا سا لە خوێنا یا خوا زو
کەوە لاڵت مەزەندە زۆر عەزیز بو — شوکر بۆیە لە بەر بینی دەراتبو
کەو و سوێسکە و قەفەس دانێن لە هەر لا — دڵی زەرد و برایم ئاغاش بە مردو
بە غەیرەز ئەم کەوانە، باڕەکانیش — سەری ئاغا بە ..... چو

سالم لە دەنگی کەوەکانی برایم ئاغا ئەوەندە بێزار بوە بەڵێن ئەدا بە خۆی کە ئەگەر دوعاکەی گیرا بێ و کەوەکانی برایم ئاغا لە ناو بچن: یەکێکیان ژنە دۆم لەگەل گیای کاردو لێی بنێ و، یەکێکیان بازەوان بازی تێبەردا راوی بکا و یەکێکیشیان چەقەڵ بیخوا.. برایم ئاغا لە تاو فەوتانی کەوەکانی وەکو باوکمردو لە قوڕ بنیشێ و بکەوێتە هاواری "خوا رۆ" ئەوسا سالم لە خۆشی دا چاوی بە کلێ ئەڕێژێ کە رەنگی لە پەڕی پەڕەسێلکە رەشتر بێ!:

لە سەر من قەرز و فەرز و شەرت و عەهد بێ — ئەگەر حاڵم برایم ئاغا وەها بو
لە سورمەی شامانی هەردو چاوم — وەها رەش کەم وەکو پەڕی پەرەستو
کەوی لۆتی بە کەیفی خۆت بخوێنە — خوا وای کرد کە حاڵی من وەها بو
ئیلاهی قاڕەکەرتان قەت نەمێنێ — چەقەڵ بیخوا سەر و سینگ و پەلوپۆ

برایم ئاغا لە قوڕ نیشێ سەراپا
وەکو بابمردوان بۆی کا خوا رۆ (دیوان: 116)

هەجو

سالم هەجوی چەند کەسێکی کردوە. هەروەک لە "مەدح" ەکانی دا "موبالەغە" ی زۆری کردوە، لە "هەجو" ەکانیشیدا دیسان "موبالەغە" زۆری کردوە. لە ئەدەبی فارسی دا وتویانە: "احسن" ی شیعر "اکذب" یانە. پێ ئەچێ سالم پێڕەوی ئەم پەندەی کردبێ.

لە شیعرێکی دا کە هەجوی میرزا سلێمان ئەکا، خۆی بە شاهێن، هەڵۆ، شێر و بەرامبەرەکەی بە قاز، چۆلەکە، گا، ئەشوبهێنێ:

تۆ قاز و ئەمن شاهێن، مەقڕێنە بە دەورم دا — نەک حەملە بەرم، گیر کەم چنگێ لە چیقەڵدانت
من توغرول و تۆ صەعوە، قەسدم ئەمەتە ناگا — میخلەب لە بەزت گیر کەم دەرچێ لە عەقەب گیانت
من شێرم و تۆ گاوی شەڕاڕی و ناترسی — جوستەن کەم و بشکێنم وەک نەی هەمو ئێسقانت

قەڵەمەکەی خۆی و کەرەستەکانی ئەو بەراورد ئەکا:

بۆ من قەڵەمە نێزە، بۆ تۆ سوپەرە دەزگا — بۆ تەجروبە با لێدەم یەک زەربە لە قەڵغانت
نوکی قەڵەمم تیژە وەک نوکی درەوشی تۆ — سوهان زەدەیە فیکرم وەک گازنی بوڕڕانت
رەنگینە هەمو شیعرم وەک نەقشی تەکەڵتوی زین — مەزمون کەشە فیکرم وەک قولاپی دروانت

(دیوان:51)

لەم شیعرەدا چەند وشەیەکی بەکارهێناوە کە تایبەتن بە پیشەی زیندروون، لەوانە: دەزگا، درەوش، گازن، سوهان، تەکەڵتو، کشتەک، مشتە، تەقەڵ، نەخ، دەرزی، ئاوزەنگی...
پێ ئەچێ میرزا سلێمان شاعیر بوبێ، چونکە سالم روی تێ ئەکا و ئەڵێ: "سەڕاجی و هەم شاعیر..." بەڵام هیچ شیعرێکی ئەم لە بەر دەس دا نیە تا بەراورد بکرێ چی بەم وتوە.

کوڕی عوج

لە شیعرێکی تری دا کە هەجوی میرزا عەبدوڵا ئەکا، بە "شتورمورغ" ناوی ئەبا کۆمەڵێ وشە بەکارئەهێنێ کە تایبەتن بە گیانداری جۆراوجۆر و، دیارە ئەم بااڵبەرز یان وەکو ئەو باسی کردوە زۆر درێژ بوە. جا سالم درێژیەکەی لێ کردوە بە عەیبێکی گەورە:

مو لە لەشما، وا لە داخا بو بە نوکی نەشتەر
دڵ لە سینەم دا دەسوتێ هەروەکو مۆمی فەنەر
وا بە شیتی، پەشم و ریشی خۆت لە ئاگر بۆچ ئەخەی
وش بە هۆش بە دورکەوە سوتاوی برۆ هەی بێ خەبەر

شاهۆ تەن، لەق لەق خەرام، گەردن سەقاقوش، سەرزەغەن
سابرێن ریش، نافە ئەژنۆ، پێ شتورمورغ، گوێچکە کەر
مور خەسڵەت، شێر هەیبەت، پەششە قوەت، فیلە تەن
سەر خەڕەک، بەردوخ مو، نینۆک و لالە، سەر سوپەر
گوربە خو، ژیژک بەدەن، سوچڕ مەکان، لوت کەمتیار

چنگ چەکوش، مو پڕ شەپش، پاپاخ چوپوش،رەنگ جانەوەر
نیل مل، خوراک عوامل، سینە تیسکن، شان چەوێڵ
قاچ چڵاک، دیرەک بەدەن، بەرچیخ بازوی بێ هونەر

خەڵکی ئەم ئەیامە نیت دیارە بە قوچی قامەتت
گەر بە تەرکیبت حساب کەم، باوکت عوجە و تۆ پسەر
فەرع تۆ ئەسڵەن حقیقت معلب و رحمی کەس نیە
راستی وایە کە تۆ جنسی منارێ نەک بەشەر
ئیمتیحانت چۆن بکەم گەر ناگری ئەندازەی قەدت
سەر لە خایەت ناسوێ پۆپەی چناری ماسیدەر
خۆ لە بەر ماوەی درێژی زۆر زەرەرتە گەر بنوی
سواری سمتت بن لە بەغدا لێرە نابی باخەبەر
"بەسیەسی میرزا بوەخشە نائێژم ئیتر هەجو"
نەقدی لەهوم دا بە جنسی سەهو و زیلەت سەر بە سەر
(وەرگیراوە لە ژین، ژ. 931. 19 ئاغستۆسی 1948.)

وەزعی قوماریبان

قومار بە واتای جۆرێ لە یاری بۆ بردنەوە و دۆڕاندنی پارە و شتومەک. هەندێ کەس "ئالودە" ی ئەبێ و لێی ئەبێ بە خویەک ناتوانێ وازی لێ بهێنێ. هەندێ جار ئەم خوە ئەبێتە هۆی نابوتی دارایی و دۆڕاندنی سامان و سەرمایە و، ریسوایی کۆمەڵایەتی کەسەکە و ماڵوێرانی خێزانەکەی.
قومار لە روی کۆمەڵایەتیەوە بە کارێکی ناشیرین و، لە روی شەرعیەوە دەزگای دینی حەرام و، لە روی قانونیەوە دەزگای حوکمرانی قەدەغەی کردوە. لە بەر ئەوە قومار بە ئاشکرا نەکراوە، بەڵکو بە نهێنی لە ماڵان یان لە هەندێ جێگەی تایبەتی دا کراوە.
لە رۆژگاری سالم دا ئەبێ قومارکردن لە ناو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ دا بە نهێنی کرا بێ. باسی 3 جۆر قومار ئەکا: نەرد، ئاس و گەنجەفە.
نەرد یاری تاوڵەیە کە تا ئێستاش ماوە و بە ئاشکرا لە زۆر جێگە ئەکرێ.
گەنجەفە یاریەکی ئێرانی بوە بە وەرەق کراوە لە سەردەمی سەفەویەکان دا داهاتوە ئێستا نە لە ئێران و نە لە کوردستان نەماوە.
ئاس، بەو جۆرەی سالم باسی کردوە ئێستا نەماوە.
سالم شیعرەکەی بە پێشەکیەکی ئەدیبانە دەست پێ ئەکا، وەکو هەمو جار گلەیی لە زەمانە ئەکا:
لە دەست رەنگرێژی دەوران رەنگی چیهرەم زەعفرانێکە
حەدیقەی دڵ لە بەر بارانی غەم وەزعی خەزانێکە
لە تەبعی ماهی گەردون و بوخاری بەحری ئەندوهم
مەتاعی سینەی چاکم وەکو خامی کەتانێکە
کەمانداری فەلەک بۆ بەختی من صەیادی خوێنرێژە
لە دڵما خاری میحنەت سەربەسەر وێنەی سینانێکە

باسی قومار درکاندنی بابەتێکی نهێنیە. کەسانی بەشدار توشی کێشە و دەردەسەری و هەندێ جار ناوزڕان ئەکا. سالم خۆی ناکاتە بەرپرسی ئەم درکاندنە، بەڵکو ئەیخاتە ئەستۆی قەڵەمەکەی. وێنەیەکی جوانی قەڵەمی ئەو سەردەمە ئەکێشێ کە نوکەکەی دو لەت بوە، ئەو بە دوزمان ناوی ئەبا کە نیشانەی "فیتنەیی" ە:

بە دڵسۆزی فەلەک ئیتر ئەرەستویی دەوام ناکا
قبوڵی مەرهەمی چۆن بێ، کە زەخمی من نیهانێکە؟
دڵ ئازارم نەما یان بەهانەم وەزعی گەردونە
فوغانی خۆم و دڵ یاران لە دەست پیر و جوانێکە
قەڵەم بێ کلکی کاتب، خۆ بە خۆ، مەشغوڵی نوسینە
لە کەشفی سیرِی پەنهانا عەجایب دو زبانێکە
جوان بوم گەر لە غەم پیر و، جوان پیریم چ نەزدیکە
لە دەست وەزعی قوماریَیان داد و شەکوام داستانێکە

قومارکەرەکان لە باتی ئەوەی کاری بە سود بکەن، یا خەریکی خواپەرستی بن، شەو تا رۆژ ئەبیتەوە خەریکی قومار و باسی قومارن:

لە باتی شوغڵ و تەسبیح و نماز و هاتوچۆی مەسجید
لە بەحسی نەرد و ئاس و گەنجەفە هەردەم بەیانێکە

قومارکەرەکان یاری تاوڵە ئەکەن. یەکێ ئەیباتەوە و یەکێ ئەیدۆڕێنێ. دۆڕاو پارەی پێ نیە، یان پێی نەماوە، بۆ ئەوەی دریژە بە یاریەکە بدا موستیلە و پێڵاوەکانی و شانە و خەنجەرەکەی لە بارمتەی هەندێ پارەدا دائەنێ و پارەکەش ئەدۆڕێنێ. ئەوەی لێرەدا سەرنج رائەکێشێ:

یەکەم، شانەیە کە ئەو سەردەمە پیاوانیش وەکو ژنان لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتوە بۆ داهێنانی ریش و قژی سەریان چونکە زۆری پیاوان ریشیان بەرداوەتەوە و، کاکۆڵ و پرچی درێژیان هەبوە.

دوەم، قرانە، کە دراوێکی ئێرانی بوە و، لەو کاتەدا لە سلێمانی، وەکو ئەم نوسیوێتی، بە دراوی ئێرانی سەودا کراوە:

لە نەرِەی "بێنە دوشەش" یان لە چوار لا شەش جیهەت پڕ بو
لە دەنگی "مۆرە دەها دەی زوکە ها"، ئاخر زەمانێکە
گوشادی دا فلان مۆرە، مەبینە، با بدۆڕێنێ
حەریف تۆ بێنە دەی داشێ بە تەنیا هەر لە خانێکە
قرانی بەستە کەو، بەرنو، بڵێ سادەی حەریف زوکە
چ خۆشە مۆرە گەر بێنی لە رێی پێنج و سیانێکە
حەریفی نەوجەوان ئەسبابی پیری چەندە هەرزان کرد
نگین و کەوش و شانە و خەنجەری رەهنی قرانێکە

گەنجەفە یاریەکی ئێرانی بوە. لە سەردەمی سەفەویەکان دا داهاتوە. بە وەرەق کراوە. وەرەقەکان لە تەختەی داری تەنک دروست کراوە. لە سەر هەر وەرەقێ نیگاری لە سەر بوە. نیگارەکان بریتی بون لە هی شا، وەزیر، غوڵام...

سالم وێنەیەکی کۆمێدی و ناکۆکی کۆڕی قومارچیەکان ئەکێشێ. حاجی حسەین، کە باوەڕدارە ئەبێ کاری حەرام نەکا، کەچی ئەو چاودێری کۆڵانەکە ئەکا نەوەکو پیاوەکانی دەزگای حوکمڕانی بێنە سەریان، یاریەکەیان لێ تێک بدەن و سزایان بدەن.

حەکیمیش وا لە خزمەت لۆتیا جۆیایە بۆ بی بی
لە سەفحەی گەنجەفە و ئاسا حەکیمی لەوح خوانێکە
لە ترسی هەیبەتی رۆستەم وەکو تورانییان پڕ بیم
تەڵایەداری ڕێ حاجی حسەینیش دیدەبانێکە
فلانیش لەوح خوانە وا لە پەهلویان تەماشا کەن
لە بەر تەصویری ئاسا نەقشی لۆتی تیرەشانێکە
وەرەق چەند رەونەقی سافە کە عەکسی چیهرە ئەنوێنێ
لە قیتعەی قۆقزی لۆتی ئەڵێی پۆزەی بەرانێکە

لەمیش دا دۆڕاو و براوە هەبوە سالم بە گاڵتە پێ کردنەوە باسی دۆڕانی جلوبەرگ: کەوا و کڵاو و فێست و، چەکی شەڕ: قەمە و قامچی... ئەکا، ئەمانە کە نیشانەی پیاوەتی بون.

یەکی خست وا حەکیم ئەوراق و، لۆتی غافڵە یاران
سێ ئاسی وا لە مستایە و دو شاهی پشتیوانێکە
کەوا و ئارەقچن و فێستی کەچەڵ قەبڵا بە نۆ شایی
قەمە و قەمچی و ئەسلیحەی حەربی کوللەن تۆپی ئانێکە
(ئەم شیعرە لە دیوانەکەی دا نیە، لە ژین، ژ 893. وەرگیراوە)

بڵاوبونەوەی قومار بە نهێنی، ئەگەرچی لە سنورێکی تەسکیش دا بوبێ، لە شارێکی بچوکی دواکەوتوی کۆنەپارێزی ئاینپەروەری وەکو ئەو سەردەمەی سلێمانی دا نیشانەیە بۆ هەڵوەشانی رێکخراوەی بەها بەرزەکانی کۆمەڵ و، پەیدابونی تۆڕێکی پارەداری بێ بەندوباری کۆمەڵایەتی و دینی. هاتوچۆی کاروانی بازرگانی لە نێوان سلێمانی و بەغداد لە لایەک و، لە نێوان سلێمانی و کرماشان و تەورێز و تاران لە لایەکی ترەوە هەروەکو کاڵای بازرگانی، نەریتی شاری و رۆشنبیری ئەهێنێ، هەندێ رەوشتی ناڕەباریش لەگەڵ خۆی ئەهێنێ، کە ئەشێ قومار یەکێکیان بوبێ.

هەندێ تۆڕی کۆمەڵ، لە هەندێ هەلومەرجی نائاسایی دا، لە شوێنێکی وەکو ئەوسای سلێمانی دا، کە بە هۆی ململانێی بەردەوامی میرەکانی بابان و، شەڕی چەند بارەی رۆم و عەجەم لە ناوچەکەدا و، داگیرکران و دەستاودەستی دەسەڵاتی شارەکە لە نێوان دو هێزی دوژمندا، کە نائارامی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، لێ ئەکەوێتەوە، پەنا ئەبەنە بەر خۆدزینەوە لە گیروگرفتەکانی ژیان، هەندێک لە رێگەی دەرویشیەوە و هەندێکی تر لە رێگەی یاری بە هەمو جۆرەکانیەوە لەوانە قومار، مەینۆشی، تلیاک کێشان.

شارێکی نائارامی وەکو سلێمانی کە سالم لە وەسفی دا ئەڵێ:

شارێکی پڕ لە زوڵم و مەکانێکی پڕ لە شین
جاییکی پڕ لە شۆر و وڵاتێکی پڕ لە شەڕ
شتێکی ئاسایی بوە، قوماریشی تێدا بڵاو بوبێتەوە، ئەگەرچی حەرام و قەدەغە و عەیبیش بوبێ.

لەم جۆرە شیعرانەی سالم دا دو شتی دیار سەرنج رائەکێشێ:

یەکەم، هەندێ لەم شیعرانە لە روی دارشتنی هونەری و لە روی زمانەوانیەوە ناگەنە ئاستی هونەریی شیعرەکانی تری، ئاخۆ ئەم شیعرانە لە بنەڕەت دا وەها داڕێژراون یان لە نوسینەوەیاندا دەسکاری کراون و لە وشە و رستە و بەیتەکان دا ئالۆگۆڕ کراوە؟ ئەوە مەگەر ساخکردنەوەی دیوانەکەی و بەراوردی چەند رونوسی جیاوازی شیعرەکان وەڵامی بداتەوە.

دوەم، سالم لە دوا بەیتی هەمو شیعرەکانی دا ناوی ئەدەبیی خۆی هێناوە، بەڵام لەم جۆرە شیعرانەدا ناوی خۆی نەبردوە. ئاخۆ ویستویەتی ناوی خۆی لەوانە بشارێتەوە کە بریندار کردون، یان پێی وا بوە ئەم جۆرە شیعرانە لە ئاستی پایەی ئەو و ناوی ئەدەبی ئەودا نین. ئەمەیان مەگەر خۆی وەڵامی بداتەوە.

لە شیعرێکی تردا کە دراوەتە پاڵ ئەو و لە هی ئەو ناچێ ئەڵێ:

لە دەس ئەم ئەسپە بۆزە بێ قەرارم — هەمیشە دڵ غەمین و داغدارم
لە بەر بێنی برینی لاشەویلەی — وەها گێژم، نەماوە ئیختیارم
وەرن کاروانی توجاریم ببینن — مەتاعم مشکیە، هەمبانە بارم
....
لە تاو کێم هێندە دەست و پەل دەشۆرم — دەڵێی نەو سۆفیەکانی تۆبەکارم
ئەوەندە راست و چەپ فکریم لە زامی — بە بێ عیللەت ئەمیستاش خێل و خوارم
دەنوم جار جار لە ژێر سایەی چنارا — لە شڵپەی دەنگی گوێچکەی گەشکەدارم
بۆ خۆم سەرگەشتە و ئەسپیش وەهایە — هەمیشە بۆیە من زویر و زگارم 81

Picking Flowers Along the Way

Nawshirwan Mustafa Amin

Volume 1

ISBN 978-614-01-0519-5



جميع كتبنا متوفرة على الإنترنت
في مكتبة نيل وفرات.كوم
www.nwf.com

الدار العربية للعلوم ناشرون
Arab Scientific Publishers, Inc.
www.asp.com.lb - www.aspbooks.com